محەمەد فاتح

# پەرەسەندنی ژیانی
# حزبایەتی
# لە کوردستانی باشوردا

هەولێر- 2014

# پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لەکوردستانی باشووردا

(2515)

هەردەکتێب

نووسینی

محەمەد فاتح

هەولێر

٢٠١٤

هەواڵنامەی کتێب

★ ناوی کتێب: پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا

★ نووسنی: محەمەد فاتح

★ تیراژ: ٥٠٠ دانە

★ ساڵی دەرچوون: ٢٠١٤

★ چاپ: چاپی یەکەم - چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر

★ تایپ و نەخشەساز: کۆسرەت جەمیل

★ ژمارەی سپاردن: ژمارە (٧٨٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری پێ دراوە.

| ز | بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | پێشەکی | ٩ |
| ٢- | بەشی یەکەم:<br>وڵاتانی جیهانی سێیەم (بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری)<br>(لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم) | ١٣ |
| ٣- | بەشی دووەم:<br>کوردستانی باشوور: بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری. | ٤٥ |
| ٤- | بەشی سێیەم:<br>سەرەتاکانی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا: | ٦١ |
| | أ- ئەرك و ڕۆڵی توێژی ڕۆشنبیران. | ٦٢ |
| | ب- کۆمەڵە و ڕێکخراو و یانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان.<br>(کۆمەڵەی بەلشەفیك - کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان - کۆمەڵەکانی بەرزی وڵات، کوردستان، گزنگ، فیداکاری کورد، وەتەن پەروەران، ڕێکخراوی ئازادی کوردستان، کۆمەڵەی کوردستان، کۆمەڵەی بەرگریکردن لە نیشتمان، کۆمەڵەی ئیستقلالی کورد، کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان، کۆمەڵەی زانستی سلیمانی، کۆمەڵەی زانستی کەرکوك، کۆمەڵەی زەردەشت، کۆمەڵەی خۆیبوون، کۆمەڵەی نهێنی کوردی، کۆمەڵەی لاوانی کورد، کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان، یانەی سەرکەوتنی کوردان، کۆمەڵەی یاریدەدەران، کۆمەڵەی | ٦٤ |


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| | دۆزینەوە و گەردانی قسەی کوردانی، یانەی سەرکەوتنی کوردان، کۆمەڵەی یاریدەدەران، کۆمەڵەی منەوەران، کۆمەڵەی ئازادی کورد، کۆمەڵەی هیدایەتی ئیسلامی، کۆمەڵەی یەکێتی، حزبی نیشتمانی کوردی، حزبی ئیسلامی، کۆمەڵەی ئەستێرەکانی ئازی، کۆمەڵەی برایەتی، کۆمەڵەی دارکەر. | |
| | ج- خشتەیەکی زانیاری دەربارەی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە. | ١١٨ |
| | د- کۆتایی و هەڵسەنگاندن. | ١٢٣ |
| ٥- | بەشی چوارەم: قۆناغی دامەزراندنی حزبە سیاسییەکان (سەردەمی تاک حزبی): | ١٢٩ |
| | أ- حزبی هیوا. | ١٣٦ |
| | ب- حزبی شیوعی کوردستان (شۆرش). | ١٥٩ |
| | ج- حزبی رزگاری کورد. | ١٦٧ |
| | د- پارتی دیموکراتی کورد. | ١٨١ |
| | و- کۆتایی | ٢٢٣ |
| ٦- | بەشی پێنجەم: سەردەمی فرە حزبی لە کوردستانی باشووردا: | ٢٣٧ |
| | أ- یەکێتی نیشتمانی کوردستان. | ٢٤١ |
| | ب- حزبی شیوعی کوردستان. | ٣٠٠ |
| | ج- ئیسلامی سیاسی کوردستان. | ٣١٤ |
| | ١- شیکردنەوەیەکی گشتی. | ٣١٤ |
| | ٢- بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان. | ٣٢٢ |
| | ٣- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان. | ٣٢٧ |


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| | ٤- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان. | ٣٣٠ |
| | ٥- کۆتایی و دەرئەنجامەکان. | ٣٣٤ |
| -٧ | بەشی شەشەم:<br>کەسایەتیەکان: | ٣٣٩ |
| | ئازاد هەورامی – ئەبوبەکر خۆشناو، ئیبراهیم حەیدەری – ئیبراهیم ئەحمەد – ئەحمەد خواجە – شێخ ئەحمەد شاکەلی – ئەحمەد تەوفیق بەگ – ئەحمەد ئاغا کەرکوکی – (مەلا) ئەسعەدی مەحوی – ئەسیری شاعیر – ئەمین رەواندوزی – ئەنوەر زوراب – ئیحسان نوری پاشا – ئیدریس بارزانی – ئیسماعیل حەقی شاوەیس – بەشیر موشیر – تەها محیدین – تاهیر ئەحمەد حەویزی – جەبار فەرمان – جەعفەر محەمەد کەریم – جەلال ئەمین مەحمود – جەمال عیرفان – جەمال حەیدەری – جەمال بابان – حەبیب محەمەد کەریم – حەسەن کوێستانی – (مەلا) حەسەنی قازی – (مەلا سەید) حەکیمی خانەقینی – حیکمەت محەمەد کەریم – حیلمی عەلی شەریف – حەمدی بەگ – خەلەف شەوقی داودی – خەیروڵلا عەبدولکەریم – رەسول مامەند – رەشید باجەلان – رەشید عەبدولقادر – رەفیق حلمی – رەمزی فەتاح – سەعدی عەزیز – سەید سەلیم – شێروان شێروەندی –شاسوار جەلال – شاخەوان عەباس – شاکر فەتاح – (مەلا) شەریف عوسمان – سادق بەهائەددین – سالح حەیدەری – سالح یوسفی – مەلا صبغە الله مزوری – سەلاحەددین بەهائەددین – عەبدوڵلا عەزیز – عەبدوڵلا لوتفی – عەبدولعەزیز | ٣٤١ |

| | | |
|---|---|---|
| | یامولکی – عەبدولکەریم تەوفیق – عەزیز پشتیوان – (سەید) عەزیز شەمزینی – عیزەت عەبدولعەزیز – عیزەدین فەیزی – عەلی مەحمود کاکە خان دزەیی – عەلی باپیر – عەلی عەسکەری – عەلی هەژار – عومەر مستەفا – عەونی یوسف – فەلەکەددین کاکەیی – کەریم ئەحمەد – کاردۆ گەلاّلی – کاکە زیاد غەفوری – کامل حەسەن – (شێخ) لەتیف شێخ مەحمود – (شێخ) لەتیف دانساز – محەمەد نەجیب بەرزنجی – (شێخ) محەمەد (شێخە شەل) – محەمەد سەعید جاف – محەمەد شاکەلی – (سەید) محەمەد جەباری – محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان – محەمەد قودسی – مەحمود جەودەت – مەحمود خانی دزلی – مەعروف چیاورك – مستەفا شەوقی – مستەفا عوزێری – مستەفا سائیب – مستەفا نەریمان – مستەفا خۆشناو – موسا سەمەد – موحسن بایز – موکەرەم تالەبانی – میرحاج ئەحمەد – نافع یونس – نەجیبە خانی جەلیل زادە – نامیدە شێخ سەلام – نوری شاوەیس – هەمزە عەبدوڵلاّ – وەهاب ئاغای رەواندوزی – وەسفیە بەنی وەیس – یونس دڵدار – یوسف حەنا یوسف – ئەحمەد فەخری – نوری ئەحمەد تەها – (مەلا) عوسمان عەبدولعەزیز. | |
| ٨– | پاشکۆکان: | ٤٤٣ |
| | ١– بەڵگە نامەیەکی بەریتانیا دەربارەی کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان لە مێژووی شوباتی ١٩٣٠. | ٤٤٤ |
| | ٢– بەڵگەنامەیەکی فەرەنساوی دەربارەی کۆمەڵە و رێکخراوە کوردییەکان لە مێژووی حوزەیرانی ١٩٣٢. | ٤٥٠ |

| | | |
|---|---|---|
| | ٣- ڕۆژنامەی - بانگی کوردستان لە تەمموزی ١٩٢٢ باس لە دامەزراندنی جەمعیەتی کوردستان دەکات. | ٤٥٨ |
| | ٤- چەند بەڵگەنامەیەک دەربارەی کۆمەڵەی زانستی لە سلێمانی، لە ڕۆژنامەی (ژیان) بڵاوکراوەتەوە لە مێژووی نیسانی ١٩٢٦. | ٤٦٠ |
| | ٥- پەیڕەوی ناوخۆی یانەی سەرکەوتنی کوردان، لە شاری بەغدا. | ٤٦٤ |
| | ٦- بەیاننامەی حزبی (شۆڕش) دەربارەی دامەزراندنی حزبی ڕزگاری کورد. | ٤٦٥ |
| | ٧- بەیاننامەی دەستەی دامەزرێنەری حزبی ڕزگاری کورد. | ٤٦٧ |
| | ٨- ڕاپۆرتێکی پۆلیسی سلێمانی ساڵی (١٩٤٦) دەربارەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی (ژ . ک). | ٤٦٩ |
| | ٩- نامەیەک لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە (عیزەت عەبدولعەزیز - مستەفا خۆشناو - خەیروڵڵا عەبدولکەریم - محەمەد قودسی). | ٤٧٠ |
| | ١٠- نامەیەکی جەلال تاڵەبانی بۆ مستەفا بارزانی لە تشرینی یەکەمی (١٩٥٥) دەربارەی کاروباری ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان. | ٤٧٢ |
| | ١١- دەقی بڕیاری کۆنفرانسی ماوەت، لە نیسانی ١٩٦٤، دەربارەی ڕووتکردنەوەی مستەفا بارزانی لە دەسەڵاتەکانی. | ٥٠٠ |
| | ١٢- بەیانی خۆ هەڵوەشاندنەوەی (باڵی مەکتەبی سیاسی) پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠. | ٥٠١ |

| | | |
|---|---|---|
| | ١٣- پرۆگــرام و پــەیڕەوی نــاوخۆی پــارتی دیمــوکراتی کوردستان، کۆنگرەی (١٣). | ٥٠٣ |
| | ١٤- یەکــەم بــەیانی دامەزرانــدنی (ی. ن. ک.) لــە ســاڵی ١٩٧٥. | ٥٨٨ |
| | ١٥- یەکـــــەم بـــــەیانی دامەزرانـــــدنی بزووتنـــــەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦. | ٥٩٤ |
| | ١٦- پرۆگــرام و پــەیڕەوی نــاوخۆی (ی.ن.ک) کــۆنگرەی سێیەم. | ٥٩٩ |
| | ١٧- پرۆگـــرام و پـــەیڕەوی نـــاوخۆی یـــەکگرتووی ئیسلامی کوردستان - کۆنگرەی شەشەم. | ٦٦٢ |
| | ١٨- پــەیڕەوی نــاوخۆی کۆمــەڵی ئیــسلامی کوردســتان - کۆنگرەی دووەم. | ٦٩١ |
| | ١٩- پـــەیڕەوی نـــاوخۆ و بەرنامـــەی حزبـــی شـــیوعی کوردستان - عیراق - کۆنگرەی پێنجەم. | ٧٠٣ |
| -٩ | پەراوێزەکان | ٧٢٩ |
| -١٠ | سەرچاوەکان | ٧٦٧ |

# پێشەکی

بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە، ئەگەر چی لەم بارەوە بیروباوەڕی جیاواز هەیە، بەڵام دەکرێ قۆناغی سەرەتایی بۆ سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری (کوردستان) لە ساڵی (١٨٩٨ زایینی) دا بنێین، ئەم قۆناغەش درێژە دەکێشێت تاکو کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤–١٩١٨).

بەڵام بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد ساڵی (١٨٨١) بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لەوە کۆنترە، ئەو بزووتنەوەیە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بوو.

هەر لەو ساڵانەوە، بابەت و هزری (کوردایەتی)، جێگای بایەخ پێدان بووە، بەڵام بە دیدێکی هۆشیارانەتر.

دوای کودەتا دەستوورییەکەی ناو دەوڵەتی عوسمانی، ساڵی (١٩٠٨) لەسەر دەستی تورکە لاوەکان، توێژی ڕۆشنبیری کورد، بە شێوەیەکی گەرمتر چالاکیەکانی دەستی پێکردووە.

ئەو کەش و هەوایەی لەو ساتە وەختانەوە دروست بوو، درێژەی کێشا و پەرەی سەند، بووە ڕێگا خۆشکەر بۆ دەربڕینی بیرو ڕاو بۆچوونەکان بە ئازادی، هەروەها هەنگاونان بەرەو دروست بوونی کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری، لەگەڵ دەرچوونی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، وەک ڕۆژی کورد و هەتاو، بەڵام هەموو ئەو چالاکیانە لە چوارچێوەی سیستەم و یاساکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕوویانداوە.

قۆناغێکی پێشکەوتووتری بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی (تعالی و تەرەقی کوردستان) دەست پێ دەکات، ئەو کۆمەڵەیە ئامانجی بڕیاردان بووە لەسەر ماف چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد، ئەگەر لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بێت یان جیابوونەوە بێت لەو دەوڵەتە، ئاڵای

ئەم قۆناغەش لەلایەن کەمایەتیەکی بچووکی چالاکەوە بەرز کرایەوە، کە خاوەن (هۆشیاری نەتەوایەتی) بوون بەڵام بنەکەی جەماوەریان فراوان نەبوو.
لەلایەکی دیکەوە ئەو سیاسەتە شۆڤینیە و ئەو ڕێبازە توندڕەوەی (دەسەڵاتدارانی تورك) هەڵیان گرت لە ساڵی ١٩١٣ ەوە، کە ئاکامەکانی وێرانکاری بوون، بوون بە هۆی ڕوخاندنی دەوڵەتی عوسمانی، قڕ کردنی ئەرمەن، وێرانکردنی کوردستان، ئینکاریکردنی بوونی هەر نەتەوەیەك لەو سنوورەی کە دەوڵەتی تورکی نوێی تیادا دامەزراوە، دوای جەنگی جیهانی یەکەم.
ئەو هەل و مەرجانە لای توێژی پێشڕەوی کورد، هاندەر بوون بۆ ڕابوونێکی نەتەوایەتی، ئەگەرچی هۆکارەکانی ئەو ڕابوونە ماوەیەك بوو پێك دەهاتن و روویان زیاتر لە گەشە کردنی دەکرد. لە پایزی ساڵی (١٩١٨) ڕێکخراوێکی کوردی گرینگ دامەزرا بەناوی (کۆمەڵەی ڕابوونی کوردستان). ئەم ڕێکخراوە هەر زوو گۆڤارێکی بەناوی (ژین) دەرکرد، کە بابەتەکانی مێژووی کورد و مافە نەتەوایەتییەکان بوو، سەرەڕای باسکردنی بابەتەکانی ئەدەبی کوردی.
دانیشتوانی کوردستان، لەگەڵ سەرەتاکانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە، هەر بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیرو باوەڕی سیاسی و ناسیۆنالیستی و دروست بوون کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە، هەروەها دەرکەوتنی توێژێکی ڕۆشنبیری چالاك، پابەند بوون و ملکەچیان بە سیستەی عوسمانی جێگای پرسیار بووە؟ وەرچەرخانێك ڕوویدا لە بیروبۆچوونیان، هەستی نەتەوایەتیان رووی لە گەشە کردن و پەرەسەندن کرد، هەر لەو سەردەمەوە، زاراوە نەتەوەییەکان کەوتنە ناو باس و بەکارهێنان لە نووسین و لەبیرکردنەوەشدا.
لەگەڵ دابەش بوونی نوێی کوردستان، لە ئاکامی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و بەپێی نەخشە و پلانەکانی دەوڵەتە زلهێزەکانی سەردەم، کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی (سایکس – بیکۆ)ی ١٩١٦ ڕەنگی داوەتەوە، کوردستانی باشوور بەستراوە بە بەشە عەربییەکەی عێراق، پێشڕەوانی کورد لەم بەشە، لە ڕۆشنبیران و نیشتمان پەروەران، بەردەوام بوون لە سەر هەمان ڕێبازی

ئایدۆلۆژی، مافە نەتەوایەتییەکانیان دەخستە ڕوو، هەر لە سەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم باشتر دەست کرا بە خۆ ڕێکخستنی سیاسی بەهۆی توێژێکی گەورەی ڕۆشنبیری و خوێندکار و ئەفسەر و تێکۆشەرە نیشتمان پەروەرەکان، دەرئەنجامی ئەو هەوڵە و تێکۆشانانەش، دامەزراندنی چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، دروست بوون و پەرە سەندنیان بە چەند قۆناغێکی سیاسی ڕێکخراوەیی تێپەڕ بووە، رووی لە هەڵکشان و بەهێز بوون کردووە، تا ساڵی (١٩٣٩) حزبی هیوا دروست بوو، هەر بە هۆی گەشەکردنی هزری و سیاسی و گۆڕانی بارودۆخی کوردستان، بەهێز بوونی کاری ڕێکخراوەییش رووی لە توندو تۆڵی دەکرد.

ئەم نووسینەی لەبەر دەستدایە، هەوڵێکە بۆ خستنە رووی ڕێڕەوی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشوور، هەروەها ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکاریانەی روویانداوە لە ژیانی ناوخۆی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراو حزبانە، لە ماوەی سەد ساڵ زیاتر لە خەبات و خۆ ڕێکخستنی سیاسی لەم بەشەی کوردستان.

**نووسینەکە لە چەند بەشێك پێك دێت:**

**بەشی یەکەم:** باس لە بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی جیهانی سێیەم دەکات، هەروەها سەرهەڵدانی بزووتنە نەتەوایەتییەکان و دامەزراندنی حزبە سیاسییەکان.

**لە بەشی دووەمدا:** باس لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان دەکات، وەك ناوچەیەك لە جیهانی سێیەمدا، سەرەڕای ئاماژە کردن بۆ ڕۆڵی توێژی ڕۆشنبیران و بورژوازیەتی ناو شارەکان لە بزاڤی سیاسی و دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکان.

**بەشی سێیەمی کتێبەکە:** لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردستانیانەی لەنێوان هەردوو دەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا دامەزران، سەرکردەکانیان، ئامانجەکانیان، ڕۆڵ و چالاکیان.

**بەشی چوارەمی کتێبەکە:** باس لە قۆناغی تاك حزبی دەکات، ئەو حزبە سیاسییانەی لەم قۆناغەدا دروست بوون، کە هیواو رزگاری و شۆرش و دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

**بەشی پێنجەمی کتێبەکە:** لەژێر ناوی سەردەمی فرە حزبییە، لە ناوەڕاستی هەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێ دەکات، لەو ساڵانەوە تا ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر حزب و ڕێکخراوی سیاسی جۆراو جۆر دروست بوونە، بە ئایدۆلۆژیا و بوونیادی حزبی جیاوازەوە.

**لە بەشی پێنجەمی لێکۆڵینەوەکە:** کورتەیەك لە ژیانی زیاتر لە سەد سەرکردە و ئەندامی ئەو ڕێکخراو و حزبانە بە کورتی خراونەتە ڕوو، ئەوان ڕۆڵی دیاریان هەبووە لە ژیانی ئەو حزبانە.

لە کۆتایی هەر بەشێکیش، دەرئەنجام و سەرنجەکان دەربارەی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو حزبانە خراونەتە ڕوو.

لە کۆتایی بەشەکان، ژمارەیەکی گەورەی بەڵگەنامەی مێژوویی و ڕێکخراوەیی گرینگ هاوپێچ کراون وەك پاشکۆی کتێبەکە.

ئاشکرایە کە ڕۆڵی ئەو ڕێکخراو و حزبانەی باسیان هاتووە، ڕۆڵێکی کاریگەر و گەورەیە لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد، لەو بەشەی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی زیاتر بایەخی پێدراوە لە میانەی لێکۆڵینەوەکە، لایەنی ڕێکخراوەیی حزبەکانە، بوونیادی ڕێکخراوەیی، ئایدۆلۆژیا، ململانێیە ناوخۆییەکان.

هیوادارین جێگای سوود و ڕەزامەندی بێت، ئەگەرچی بێ کەم و کورتیش هەر نابێ.

**نووسەر**

# بەشی یەکەم:

## وڵاتانی جیهانی سێیەم

## بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری

## لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم

١- چەمکی دواکەوتن و دواکەوتنی سیاسی.

٢- بارودۆخی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی.

٣- پێکهاتەی چینایەتی لە وڵاتانی گەشەسەندوو.

٤- دروست بوون و پەرەسەندنی رێکخستنی سیاسی.

٥- خەسڵەت و تایبە تمەندییەکانی حزبە سیاسییەکان.

٦- رۆشنبیری و بزووتنەوە سیاسییەکان.

٧- سەرهەڵدانی پرسی نەتەوایەتی.

**یەکەم: چەمکی دواکەوتن و دواکەوتنی سیاسی، پێناسەیەك بۆ جیهانی سێیەم:**
دەکرێ تەماشای چەمکی دواکەوتن بکرێت وەك دیاردەیەکی پەیوەست بە جیهانی سێیەمەوە، (واتە ولآتانی کیشوەرەکانی، ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمەریکای لاتینی)، لە سێ گۆشە نیگاوە[1]:
رەهەندەکانی دواکەوتن، هۆیەکانی دواکەوتن، خەسڵەتەکانی دواکەوتن.
دەربارەی رەهەندەکانی دواکەوتن، دەکرێ لەسەر دوو ئاستی جیاواز تەماشای دواکەوتن بکرێت:
لەسەر ئاستی گشتی، کە پەیوەستە بە دیاریکردنی خەسڵەتە گشتییەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، بێ دیاریکردنی بوارێکی تایبەت، وەك ئەوەی دواکەوتن ئەم خەسڵەتانە بگرێتە خۆی:
لاوازی لە بواری پیشەسازی، جیاوازی چینایەتی، پاشکۆیەتی ئابووری، پەرش و بلآوکردنەوەی دەرامەت و سامانەکان، لاوازی ملکەچی سیاسی، تێکەڵاوی دۆخی ئابووری و رۆشنبیری لەنێوان باری نەریتگەری نوێکاریدا...هتد.
لەسەر ئاستی تایبەت، دەکرێ باس لەو خەسڵەتانە بکەین کە پەیوەندی بەچەند بوارێکی سنور دارەوە هەیە، بۆ نموونە، لەبواری ئابووری، وەك نەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ بەرهەم هێنان، دواکەوتنی شێوازەکانی بەرهەم هێنان، بلآوبوونەوەی بێ کاری، پاشکۆیەتی ئابووری دەرەکی.
لە بواری کۆمەڵایەتیدا، چەند خەسڵەتێکی دیکە باس دەکرێت، کە کۆمەڵگە، دواکەوتووەکان پێی ناسراون، لە رووی دیموگرافی و ئیکۆلۆژییەوە، یان لە رووی فێربوونەوە، یاخود لە رووی بونیادی چینایەتیەوە، هەروەها تێکڕای گەشەکردنی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی رێژەی لەدایك بوون، بوونی جیاوازییەکی گەورەی نێوان شار و لادێ و خراپی باری تەندروستی و بلآوبوونەوەی نەخوێندەواری و جیاوازی لەنێوان ژن و پیاو..هتد. لەبواری

سیاسییەوە، زانایان و توێژەران هەوڵیانداوە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سیستەمی سیاسی لە وڵاتانی دواکەوتوو روون بکەنەوە، لەگەڵ رووە جیاوازەکانی لە سیستەمی سیاسییە پێشکەوتووەکان، وەك نەبوونی سەقامگیری کۆمەڵایەتی، ناتەواوی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بزربوونی ئەقڵانییەت لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسی.

ئەو خەسڵەتانەش بەرۆڵی خۆیان، چەند رەگەزێك دەگرنە خۆیان، وەك جیابوونەوە لەنێوان دەسەڵات و جەماوەر، نەبوونی بەشداری سیاسی، پشت بەستن بە بنەما نەریتگەرییەکانی دەسەڵات وەك سەرچاوەیەك بۆ شەرعیەت، نەبوونی یان لاوازی دامەزراوە سیاسییەکان و لەدەستدانی رێککەوتن و سازدانی گشتی، سەرەڕای لاوازی ملکەچی بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگە.

**هۆیەکانی دواکەوتن:**

لێرەدا چەندین تیۆری خراوەتە ڕوو، دەربارەی روونکردنەوەی هۆیەکانی دواکەوتن، وەك:

١- تیۆرییە جوگرافییەکان، ئەم تیۆرییە دواکەوتن بە کەش و هەوای گەرم، یان (نیستیوائی) دەبەستێتەوە، یاخود بەستنەوەی دواکەوتن بە دەرامەت و سامانەکان.

٢- تیۆرییە رەگەزییەکان، ئاماژە بۆ جیاوازی نێوان رەگەزی سپی و رەگەزە رەنگاوییەکان دەکات.

٣- چەند بیرو بۆچوونێك، دەربارەی خەسڵەتە سایکۆلۆژییەکان و گەندەڵی و زۆرداری و نەریتگەری.

ئەم روونکردنەوەیە لەم چەند دێرە، ناوەڕۆکی زاراوەیەکی باوە کە پێی دەوترێت جیهانی سێیەم، یان وڵاتانی گەشەسەندوو.

جیهانی سێیەم (یان گەشەسەندوو) زاراوەیێکە، بەو وڵاتانە دەوترێت کە لە رووی[٢] ئابووری و تەکنۆلۆژییەوە دواکەوتوون و کەوتونەتە کیشوەرەکانی، ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینی.

ئەم زاراوەیە لە بنچینەدا بەکارهێنراوە بە جیاکردنەوەی ئەو وڵاتانەی پێیان دەوترێت سەرمایەداری پێشکەوتوو، لەگەڵ ئەوانی لەبەرەی رۆژهەڵات بوون (دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان)، بەرامبەر بەو وڵاتانەی دیکە کە لە دەرەوەی ئەو دوو بەشن.

ئەم زاراوەیە لە راستیدا لەلایەن (ئەلفرید سونیە)ی فەرەنسی، ساڵی ١٩٥٦ بەکارهێنراوە، هەروەها لەلایەن کۆمەڵناسی ئەمەریکی (ئەرمنگ هورو فیتن).

ئەگەرچی لە پۆلێن کردنیان بۆ پلەی پێشکەوتن یان دواکەوتن، جیاوازی لەو پێوەرانە هەیە کە دایان هێناوە.

## دووەم: بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم:

### ا- بارودۆخی ئابووری:[٣]

دواکەوتنی ئابووری یەک لە کۆسپە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، ئەو دواکەوتنەش رێگر دەبێ لەبەردەم هەر گەشەکردنێك و نەهاتنەدیی سیستەمێکی دیموکراسیانە لەو وڵاتانە، دیارە تەنها چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسییە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی یان نەهێشتنی ئاسەواری دواکەوتن بە هەموو جۆرەکانی و رێگا خۆشکردن بەرەو بارودۆخێکی چاکتر.

دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی[*] بەسەر هەندێ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەری زۆر خراپی هەبووە لەسەر باری ئابووری ئەو وڵاتانە، لەبەر ئەوەی بایەخپێدانی ئەو دەسەڵاتە، تەنها ئامانجی خولقاندنی دۆخێك بووە، رێگا بدات بە سوود وەرگرتنی تەواو لە سەروەت و سامانی ئەو وڵاتانە.

ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەسەلاتی عوسمانییەکان بەرەو رووی چەوساندنەوەیەکی ئابووری فراوان بوونەتەوە ئەو جۆرە چەوساندنانەوەش لەگەڵ هەموو شکستییەکی سەربازی کە تووشی ئەو دەوڵەتە هاتووە فراوانتر بووە.

ئەو شکستیە سەربازیانە، سەرەڕای گەندەڵی کارگێڕی و نقووم بوونی سوڵتانەکانی عوسمانی لە ژیانی خۆش و رابواردن، هەروەها کاریگەری سیستەمی دەرەبەگایەتی و بەهۆی چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی دیکەوە، کۆمەڵە کێشەیەکی سیاسی و ئابووریان خوڵقاندووە، دەوڵەتی بەرەو رووی داڕمان بردووە، دیارە کارێکی ئاساییە کە کاریگەری ئەو بارودۆخە نەرێنیانە، رەنگدانەوەی بەسەر میللەت و ئەو ناوچانەی ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا هەبووبێت.

ناوەندە دەسەلاتدارەکانی دەوڵەتی عوسمانی هەستیان بە گەورەیی و مەترسی ئەو قەیرانانە دەکرد کە بەرەو روویان بۆتەوە، هەروەها هەستیان بە پێویستی بۆ چاکسازی دەکرد، بەلام ئەو چاکسازییەی کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە دەستیان پێ کرد، تەنها ئامانجی رێگرتن بووە لەبەردەم داڕمانی دەوڵەت، بەبێ ئەوەی دەستکاری بنچینەکانی سیستەمی کۆمەلایەتی و سیاسی دەوڵەت بکەن.

بەم جۆرە کارەکانی رێکخستن لەپێناو چاکسازیدا لەناو دەوڵەت، بەرەو رووی پێگەی دەسەلاتداران و چینی دەرەبەگایەتی و دەسەلاتی رەهای سوڵتان نەبۆتەوە، بۆیە هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لێ پەیدا نەبووە کە چاوەڕوان دەکرا.

بەم جۆرە، ولاتانی ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکان، ولاتی کشتوکاڵ دواکەوتوو مانەوە، جیاواز لە یەکتر، هیچ پەیوەستییەکی ئابووری بەیەکیانی نەدەبەستەوە، ئەوەندەی بە ولاتانی ئەوروپایانی بەستبوونەوە (نمونەی میسر و لوبنان و فەلەستین و هەروەها ولاتانی باکووری ئەفریقیا).

## ب- بارودۆخی کۆمەڵایەتی:

خەسڵەتی هاوبەشی نێوان کۆمەڵگەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، جیاوازی و ناکۆکی و نەبوونی یەکگرتوویی بووە، ئەم دیاردەیەش بووە بە هۆی کشانەوەی ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییە خێلەکیەکان، بۆ ئەوەی بەهای نوێ جێگایان بگرێتەوە لە ئاکامی گۆڕانکارییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایانە، ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەش ڕەنگدانەوەیان بەسەر ژیانی خێڵدا هەبووە، هەروەها ڕەنگدانەوەیان بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لە دێ و شارەکاندا هەبووە.

ئەو ململانێ کۆنەی هەبووە لەنێوان سیستەمی کۆن بە هەموو خەسڵەتەکانیەوە، لەگەڵ ئەو بەها و بیرو باوەڕە نوێیانەی کە دەرئەنجامی پەرەسەندن و گۆڕانکاریەکانن، کارتێکردنیان رووی لە زۆر بوون بووە، لەگەڵ زۆربوونی پەیوەندی و کاریگەری ڕۆژئاواو کلتورەکەی.

ئەو ئەرکە بنچینەییەی کە بەرەو رووی گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بۆتەوە، بریتییە لە چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر ژیانی دواکەوتوویی و دەرەبەگایەتی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نەتەوایەتی.

لە ڕاستیدا ئەو پەیوەندی و بەیەکگەیشتنەی لەگەڵ ڕۆژئاوادا دروست بوو، هەروەها ئەو کاریگەرییەی کلتوری ڕۆژئاوا هەیبووە، توانای توانەوەی ئەو خەسڵەت و بەها کۆمەڵایەتیانەی نەبووە لەو سەردەمە، کە کۆمەڵگەکانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی هەڵگری بوونە و پێی دەناسرێن تا ئەمڕۆ.

ئەو دابونەریتە خێڵەکیە کۆنەی تایبەت بووە بە خاك، ڕۆڵ و کاریگەری بەردەوام بووە، لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات، ئەوانە کاریگەریان ئاشکرا بووە لەسەر تێکڕای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەو وڵاتانە، لەگەڵ جیاوازی تایبەتمەندییەکانی نێوانیشیان.

شارەکانیش کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەیان بەسەردا هەبووە، کە لە ژیانی ئابووریدا روویداوە، لە ولآتانی ژێر دەسەلآتی عوسمانییەکان، ئەویش بەهۆی رووکردنی ئابووری ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی عوسمانییەکان بەرەو ئابووری سەرمایەداری جیهانی، لەگەڵ زۆربوونی بایەخدان بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و بەرهەم هێنان، بە مەبەستی فرۆشتنیان، ئەم بارە بوو بە هۆی گەشەکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپا و دەرئەنجامەکانیشی کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی هەست پێکراو پەیدا بوونە، وەك کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی بەکاری پیشەیی نەریتگەری هەڵدەستن، لەگەڵ گەشەکردنی خێرا لە ژمارەی ئەوانی بەکاری بازرگانی دەرەکی، یان بەکاری ئاڵ و گۆڕ کردنی کەلوپەلی هەڵدەستن لەنێوان شار و گوندەکان، لەلایەکی دیکەوە.

لە هەمان کاتدا دیمەنی شارەکان رووی لە گۆڕانکاری کردووە، شەقامەکان بەرەو فراوانی و رێك و پێکی دەچوون، توێژی کرێکاران ئەوانی بە موچەی رۆژانە کاردەکەن، دەرکەوتن، گواستنەوەی جوتیاران لە گوندەوە بۆ شار لە زۆر بووندا بوو.

لە شارەکانیش، چینی کۆمەڵایەتی باڵآ، بریتی بوو لە گەورە موڵکدار و دەرەبەگەکان، هەروەها لە هەندێ ناوچە و چەند شارێکیشدا، زانایانی ئایینی تەنها سەرچاوەی دادوەری بوونە.

بەڵآم بورژوازییەتی نیشتمانی لە شارەکانی ئەو ولآتانە، تا ئەو سەردەمەش زۆر لاواز بووە و پاشکۆی بورژوازییەتی بیانی بووە، بەهۆی پەیوەندییە ئابوورییەکەی، سەرەڕای ئەوانەش توانای نەبووە پێگەی بەرچاو بگرێتە دەست لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

**ج- بارودۆخی سیاسی:**

زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، بۆ ماوەی جیاواز، کەوتونەتە ژێر دەسەڵات و داگیرکردنی° دەوڵەتی ئیستیعمارییەکان، ئەو وڵاتانە لە ماوەی ملکەچیان بۆ دەسەڵاتی ئیستعماری، رووبەڕووی شێوازی حوکمرانی جۆراو جۆر بوونەتەوە، ئەگەر بە شێوازی حوکمرانی راستەوخۆ بێت، یان نا راستەوخۆ.

دیارە نامانجی سەرەکیش لەو داگیرکارییە، سوود وەرگرتنی ئابووری و سیاسی بووە، دەوڵەتی عوسمانی، یەك لەو دەوڵەتانە بووە، کە ژمارەیەکی زۆری وڵات و ناوچەی جیاوازی داگیرکردووە لە هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا، بۆ ماوەی دوورو درێژ حوکمرانی کردوون بە شێوەیەکی راستەوخۆ.

ئەو دەوڵەتە لەبەر زۆر هۆکاری سەربازی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەکی، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بەرەو رووی لاوازی و هەڵوەشاندنەوە هاتووە، بە ڕادەیەك ناوی لێنرابوو (پیاوە نەخۆشەکە).

ئەو ناوچە و وڵاتانەی لەژێر دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە بوون، جێگای چاو تێبڕینی دەوڵەتە ئەورووپییە ئیستعمارییەکان بوون، ئەو دەوڵەتانە نەخشە و بەرنامەیان داڕشتبوو بۆ داگیرکردنی ئەو وڵات و ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، هەریەکە بەپێی بەرژەوەندی خۆی، ئەو هەوڵانە ببونە هۆی ململانێیەکی توندیش لەنێوانیاندا.

نمونەی ئەو داگیرکاریانەش، فەرەنسا دەستی بەسەر وڵاتانی مەغریبی عەرەبی گرت، سەرەڕای سوریا و لوبنان، بەریتانیا، وڵاتانی میسر و عێراق و ئوردن و فەلەستین و کەنداوی عەرەبی و نیمچە دورگەی عەرەب، ئیتاڵیا وڵاتی لیبیا و ئەثیوبیای داگیر کرد، بەشی زۆری وڵات و ناوچە جیاوازەکان لە کیشوەری ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتین، لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەلجیکا و ئیتاڵیا داگیر کرابوون.

سەرەڕای چەوساندنەوە و بەتالآن بردنی سامانی ئەو ولآتانە، سەرەڕای چەوساندنەوەی رەگەزی و سیاسی و زەبرو زەنگی زۆر ئیستعماری، بەلآم پەیوەندییەکان لەنێوان ولآتی ئیستعماری پێشکەوتوو لە رووی ئابووری و زانستەوە، لەگەڵ ولآتانی دواکەوتووی داگیرکراو، کاریگەری هەبووە. دەرگای فراوان لەبەردەم گەلانی ولآتانی دواکەوتوو کرایەوە بۆ فێربوون و وەرگرتنی رۆشنبیری و هزری سیاسی نوێی، سەرەڕای دەسکەوتەکانی تەکنۆلۆژی و پێشکەوتنی زانستی، کە ئەنجامەکانی کاریگەرییان بەسەر دوارۆژ و شێوەی ژیانی ئەو کۆمەڵگە دواکەوتووانە هەبووە.

لەم بوارەدا، د.محەمەد عبدالشفیع، ئاماژە بۆ سێ قۆناغی بنچینەیی دەکات، کە پەیوەست بووە، بە پەرەسەندن لەم ولآتانەدا، ئەو سێ قۆناغەش بریتیە لە:

**١- قۆناغی یەکەم:**

ئەم قۆناغە سالآنی دوای چلەکان و تا پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە، ناوەڕۆکی ئەم قۆناغە، بریتییە لە بانگەشە بۆ گەشەپێدان. ئەوی لێرەدا جێگای سەرنجدانە، ئەوەیە کە کێشەی گەشەپێدانی ئابووری دوای جەنگی جیهانی دووەم، وەلآمدانەوەیەك بوو بۆ ئەو بزاڤە سیاسییەی ولآتانی جیهانی سێیەم، لە کیشوەرەکانی (ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینی).

**٢- قۆناغی دووەم:**

ئەم قۆناغە سالآنی شەستەکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە، ئەم قۆناغە قورساییەکی راستی بەخۆوە گرت لە خەباتی ولآتانی جیهانی سێیەم.

**٣- قۆناغی سێیەم:**

سالآنی حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە، لێرەدا کێشەی گەشەپێدان رەهەندێکی نوێی گرتە خۆی ئامانجی گۆڕان بوو بۆ پەیوەندییە ئابوورییە نێو دەوڵەتییەکان، هەروەها خستنە رووی دامەزراندنی سیستەمێکی ئابووری نێو دەوڵەتی نوێ.

## سێیەم: پێکهاتەی چینایەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم:

ئەو وڵاتانە کۆمەڵگاکانیان بە چەند خەسڵەتێك دەناسرێن، وەك جۆراوجۆری شێوازەکانی چالاکی[٦] ئابووری و فرەیی لە سیستەم و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان، دیارە ئەم حاڵەتانەش دەبنە هۆی جیاوازییەکی گەورە لە پێکهاتنی بوونیادی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگەیەك، ئەم جیاوازییانە توندتر دەردەکەون لەکاتی بەراورد کردنیان لەگەڵ پێکهاتەیەکی چینایەتی لە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان.

بوونیادی چینایەتی لە وڵاتانی گەشەسەندوو، چەند چین و توێژێکی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخ دەگرێتە خۆی (بورژوازییەت و پرۆلیتاریای پیشەسازی)، لەگەڵ چەند توێژێك کە بەهۆی پەرەسەندنی سەرمایەداریدا دەدەکەون (فەرمانبەران و ڕۆشنبیران و ئەفسەرانی سوپا)، سەرەڕای چین و توێژێك کە بۆ سەردەمی پێش قۆناغی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە (خاوەن موڵکەکان، دەرەبەگ، جوتیار)، هەروەها چەند پێکهاتەیەکی خێڵەکی کە بۆ سەردەمی بەرهەم هێنانی سەرەتایی دەگەڕێتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو چین و توێژانە، وڵاتانی جیهانی سێیەم، چەند چین و توێژێکی تیادا بەدی دەکرێ کە پەیوەست دەبن بە قۆناغی گواستنەوەی چالاکی ئابووری پێش سەرمایەداری بەرەو قۆناغی سەرمایەداری.

هەر لە خەسڵەتەکانی وڵاتانی گەشە سەندوو، بوونی شێوەیەك لە هاوسەنگی لەنێوان شێوازە جیاوازەکانی بەرهەم هێنان، کە لەلایەکەوە دەبێتە هۆی دژواری لە دیاریکردنی چینە سەرەکییەکان و چینە لاوەکییەکان، وەك ئەو بارەی لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەیە، لە ئاکامیشدا دەبێتە کارێکی زەحمەت بۆ گواستنەوەی ئەو بنەما گشتیانەی کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کاری پێ دەکرێ دەربارەی چینەکان، بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم.

لەلایەکی دیکەوە، وا پێویست دەکات کە کار بە تەنها لەسەر هەڵسەنگاندنی چینەکان نەوەستێ، بەڵکو لەگەڵ هەڵسەنگاندن بۆ ئەو چینانە، توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش، هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، چونکە ئەو توێژانە رۆڵێکی جیاواز دەگێڕن لەو رۆڵەی کە لە دۆخی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان گێڕاویانە لە رووی شارستانیەتەوە.

## رۆڵی چینی ناوەڕاست لە وڵاتانی جیهانی سێیەم:

مەبەست لە زاراوەی (چینی کۆمەڵایەتی)، گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیە لەلایەن چەند توێژێکی[٧] ناو کۆمەڵگە، کە یەکسانن تاڕاددەیەك لە رووی داهات و پێگەی کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها هاوشێوەن لە شێوازی ژیان و دیدیان بۆ ئەو ژیانە.

چینی کۆمەڵایەتی ناوەڕاست، بریتییە لەو کۆمەڵە کەسەی کە دەکەونە نێوان چینی ئەریستۆکرات و گەورە موڵکدارەکان لەلایەکەوە، لەگەڵ چینی خواروو لە زەحمەتکێشان و رەنجبەران، لەلایەکی دیکەوە.

دیارە توێژەکانی ئەم چینە ئاستێکی نزیکیان هەیە لەگەڵ یەکتر، لە بواری داهات و پێکهاتەی هزری و دەروونییەوە.

ئەم چینە کەمتر پابەندن بە دابونەریتەکانی چینی باڵا، هەروەها لە رووی داهاتیشەوە بەرزترن لە چینی زەحمەتکێش.

تاکەکانی ئەم چینە زیاتر ئامادەن بۆ گۆڕان و نوێکاری، روو لە خوێندن و پیشەگەری دەکەن لەم بوارەدا ئەوەی جێگای بایەخ پێدانە، ئەو توێژانەن، یان ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەن[٨] کە چینی ناوەڕاست پێکدێنن لە جیهانی سێیەمدا، ئەوانە بە رۆڵێکی بنچینەیی و یەکلاکەرەوە هەڵدەستن، لەسەر ئاستێکی فراوانی ژیانی سیاسی ئەو وڵاتانە، هەروەها بژاردەی دەسەڵاتیش پێکدەهێنن.

بە دوور لە چەند جیاوازییەکی ورد کە هەیە لەنێوان ئەو توێژانە، هەموو لایەك کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم چینە، چینێکی کۆمەڵایەتی تازەیە، پشتی بەو شارەزایی و کارامەییانە دەبەستێ کە بە دەستیانهێناوە، زیاتر لەوەی پشت بە سامان و داهات ببەستێ، یان پەیوەندییە کەسایەتییەکانی. ئەو چینە، چینێکی بورژوازی ناوەڕاست نییە، لەبەر ئەوەی بژێوی تاکەکانی لەسەر ئەو رۆژانەیە، یان ئەو موچەیەی دەکەوێتە دەستی دەوەستێ، بەرامبەر بەرەنج و ماندوو بوونی، یان لەکاری پیشەییدا، ئەو چینەش دەکرێ ناوی لێ بنرێت (بژاردەی رۆشنبیر).

نووسەری ئەمەریکی (شیلز) بۆچوونی وایە، کە رۆشنبیران، گرینگترین دەستەی بژاردەن، کاریگەری زیاتریان دەبێ لە وڵاتانی گەشەسەندوو، پێناسەکردنیشیان لەم بوارەدا، فراوانتر و گشتگیرتر دەبێ، لەو پێناسەی کە لە وڵاتانی پێشکەووو بۆیان دەکرێ.

لە توێژینەوەیەکی (شیلز)، لستێکی بەناوی ئەو جۆرە رۆشنبیرانە خستۆتە روو، ئەوانی ئەم لیستە دەیانگرێتەوە، دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگەکان کە لە دامو دەزگاکانی حکومەت کار دەکەن، رۆژنامەوان و پارێزەر و پزیشك و مامۆستا و خوێندکاران.

هەروەها لە گرینگترین توێژەکانی ئەو چینە، ئەوانی لەناو سوپادا کار دەکەن لە ئەفسەر و پلەداران، ئەوانە پەیوەندی توند و تۆڵیان لەگەڵ یەکتر دەبێ تا توێژەکانی دیکە.

ئەم چینە (چینی ناوەڕاست) وەك هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وڵاتانی گەشە سەندوو، تووشی پچڕ پچڕی و گرژی ناوخۆیی دەبنەوە، لەبەر زۆر هۆ، لەوانە: خزمایەتی، رەگەز، ئاین، پلە پایە، بنەچەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی، هەروەها ئاستی رۆشنبیری.

**چوارەم: دیاردەی نەتەوایەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم:**

ئەم بابەتە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی، شارەزا و نووسەران بیروڕای جیاوازیانە هەیە[٩] بەرامبەری، بۆ باسکردن و پێناسکردنی و توێژینەوە دەربارەی پێکهێنەرەکانی.

چەمکی نەتەوایەتی، بۆ یەکەم جار لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانیەوە (یوهان گولفراید هیردەر) و بیرمەندی فەرەنسی (ئۆگستین دی بادیل) بەکارهاتووە، لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا.

دەربارەی زاراوەی نەتەوایەتی (ناسیۆنالیزم) بە شێوەیەکی گشتی، دەکرێ بڵێین کە بە مەبەستی دوو چەمکی جیاواز بەکاردەهێنرێت:

ا- وەك بیروباوەڕێکی سیاسی، یان وەك ئایدۆلۆژیایەك، بە مانای کۆمەڵێك بنەمای سیاسی، کە کەسێك یان گروپێك یاخود بزاڤێك باوەڕی پێ دێنن و پشتیوانی لێ دەکەن.

ب- وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی، بە مانای ئاراستەیەك لەناو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، کە لە ئاستی جیهاندا و لە دوو دەسەی رابردوو کاریگەری خۆی هەبووە و بەشێك لە چەمکە سیاسییە باوەکانیشی گۆڕیوە.

دەربارەی سەرەتاکانی هزری نەتەوایەتی و مێژووی سەرهەڵدانی، دوو بیروڕای جیاواز لە یەکتر هەیە، ئەوانەش:

١- هەستی نەتەوایەتی وەك دیاردەیەکی سروشتی پەیوەست بە مرۆڤەوە، دادەنرێت، هەندێ لە خەسڵەتەکانی کۆنن، دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دروست بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

٢- دیاردەی نەتەوایەتی، بە دیاردەیەکی تازە (مۆدێرن) دادەنرێت، تا رادەیەك، کۆمەڵگە مرۆڤایەتییە کۆنەکان نەیانزانیوە، رەنگە لەگەڵ جەنگی سەد ساڵەی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا، سەری هەڵدابێ، یان لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسا و (١٧٩٨) وە بێت.

فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیەش، بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبنە سەر دوو بەشی سەرەکی:
فاکتەرە بابەتییەکان (مادی) وەك: زمان، رەگەزی هاوبەش، ئایین، خاك[١٠]، مێژووی هاوبەش، کلتوری هاوبەش، بەرژەوەندییە ئابورییەکان.
فاکتەری خودییەکان (مەعنەوی)، کە توانای سەلماندنیان تەنها لە رێگای خودی مرۆڤەوە دەبێت.
بابەتی نەتەوایەتی هەر لەسەرەتای مێژووی سەرهەڵدانیەوە، کە بۆ نیوەی دووەمی[١١] سەدەی هەژدەدا دەگەرێتەوە، بە زنجیرەیەك گۆڕانی گرینگ و کاریگەردا تێپەڕ بووە، لە هەر کۆمەڵگەیەکیش دۆخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە، جیاواز لە کۆمەڵگەیەکی دیکە، جیاوازییەکی قوڵ، لە رووی جۆر و ناوەڕۆکەوە.
هەروەها کاتێ مرۆڤ بۆ شیکردنەوەی کێشەیەکی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، وەك کێشەی نەتەوایەتی، ئەوا پێویست دەکات لە چوار چێوە مێژووییەکەی خۆی باس بکرێت، هەروەها پێویست دەکات کە خەسڵەتە تایبەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەك یان وڵاتێك، کە بە هۆیەوە دەناسرێت، لە کۆمەڵگە و وڵاتێکی دیکەدا جیاواز بکرێتەوە، کە لە ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا روویداوە.
چونکە ناکرێت باس لە بابەتی نەتەوایەتی یان پێناسەی زاراوەکە بکرێت، بێ ئەوەی چوارچێوە مێژووییەکەی دیاری نەکرێت، سەرەڕای زانینی خەسڵەت و فاکتەرە هەست پێکراوەکانی، کە جیاوازی دەبێ لەنێوان کۆمەڵگەیەك یان وڵاتێك بۆ کۆمەڵگە و وڵاتێکی دیکە.
بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، لە خەبات و تێکۆشانیان بەردەوام بوونە[١٢]، لەپێناو ئازادی و رزگاربوون لەداگیرکاری بیانی و پاشکۆیەتی بۆ ئیستعمار، لە هەمان کاتدا پاڵپشت و هاوشانی شۆڕشی کۆمەلایەتیش بوونە، واتە ئامانجەکانیان تەنها سیاسی نەتەوایەتی نەبووە،

بەڵکو ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی دیموکراتی ئابووریشی گرتۆتە خۆی، کە بوارەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادییە گشتییەکان و چاکسازی کشتوکاڵ و بایەخدان بە چین و توێژە چەوساوەکان، ئەرکی سەرەکیان بووە.

ئەو بزووتنەوانە لەو ولأتانە رابەر و رێکخراوی سیاسی جەماوەریان هەبووە، لەپێش و لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، توانای خۆ رێکخستن و پێگەیشتنیان هەبووە، بەشێکی زۆریان سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێناوە، دوای خەباتێکی دوورو درێژ و سەخت، هەریەکەشیان بەپێی بارودۆخ و تایبەتمەندی کۆمەڵگەکانیان.

ئەو تێکۆشانە شۆڕشگێڕییە، دژی دەوڵەتە ئیستعمارییە ئەورووپییەکان بووە لە بەشێکی سەرەکی و گەورەیدا، ئەگەر چی لە هەندێ ناوچەی دیکەشدا، نموونەی خەڵکی کوریا، دژی داگیرکاری یابان بۆ ولأتەکەیان خەباتیان کردووە.

بەو جۆرە ژمارەیەکی گەورە لەو ولأتە داگیرکراوانەی جیهانی سێیەم، سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، بڕیاریان لە مافی چارەنووسی خۆیانداوە، وەك مافێکی سروشتی، کاروباری دەوڵەت و ناوخۆیان داڕشتووە، لەگەڵ سەختی قۆناغەکەیان و زۆری کۆسپ و بەرەنگارییەکان.

### لە خەسلەتەکانی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی جیهانی سێیەم:

١- دروست بوونی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە جیهانی سێیەمدا لەسەردەمی هاوچەرخدا، یەك لە رووەکانی وەك بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی و دژایەتی بووە بۆ بوونی ئیستعمار و داگیرکردنی ولأت.

٢- دروست بوونی چەند دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی لە جیهانی سێیەم، بە پاڵپشتی هێزە ئیستعمارییەکان، رۆڵی کاریگەری هەبووە لە دەرخستن و بزواندنی هەستە نەتەوایەتییەکان لە ولأتانی ناوچەکەدا.

٣- هۆشیاری نەتەوایەتی و بوژاندنەوەی بەهاو کەلەپوری نەتەوایەتی لای گەلانی جیهانی سێیەم، شێواز و جۆری زۆری بەخۆیەوە بینیوە، وەك هۆشیاری و درك کردن بە بارودۆخی دواکەوتن، کە ولآت و کۆمەڵگەی تیایدا دەژی و هاندانیان بۆ خۆ دەرباز کردن لەو بارودۆخە.

٤- تێروانینێکی گشتی بۆ تێکڕای پەرەسەندنی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ولآتانی جیهانی سێیەم، ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە ئەو بزووتنەوانە بە شێوەیەکی گشتی بە دوو قۆناغدا تێپەڕ بوونە:

أ- قۆناغی سەرەتایی، بیرۆکەی نەتەوایەتی لەناو کۆمەڵێکی کەمی خوێنەوار و رۆشنبیر نەش و نما دەکات.

ب- لە قۆناغی دووەمدا، بزووتنەوەکە گۆڕانکاری بنچینەیی فراوان بە خۆیەوە دەبینێ، لەناو چینێکی جەماوەری فراوان بلآو دەبێتەوە، سەرەڕای هەوڵدانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی.

٥- بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە پێگەیشتن و ئاستی کاریگەیان، جیاواز دەبن لە ولآتێکەوە بۆ ولآتێکی دیکە، لەبەر چەند هۆیەکی مێژوویی، سیاسی.

**پێنجەم: دروست بوونی حزبی* سیاسی لە جیهانی سێیەمدا:**

حزبە سیاسییەکان بە کۆڵەگە بنچینەییەکانی سیستەمی سیاسی هاوچەرخ دادەنرێن، هەروەها[١٢] بوونی و فرەیی، وەك پێوەرێکە بۆ سیستەمی دیموکراسی لەهەر ولآتێکدا، حزبە سیاسییەکان ئامرازێکی پەیوەندین لەنێوان حکومەت و کۆمەڵ، ئەرکی پێکهێنانی حکومەت و کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان دەگرێتە ئەستۆ.

لە گرینگترین ئەنجامەکانی چالاکی حزبە سیاسییەکان، بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی و بوژاندنەوە و پێشکەوتنی کۆمەلآیەتی و رۆشنبیرییە.

لەم رووەوە حزبی سیاسی بە بەشێك لە بونیادی کۆمەڵایەتی تازە دادەنرێت، واتە بە یەکێك لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیە هاوچەرخەکان دەستنیشان دەکرێت.
سەرەتاکانی دروست بوونی حزبە سیاسییەکان، بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، لە ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەوروپی.
لە تێکڕای مێژووی ولاَتانی جیهانی سێیەمدا، جۆراوجۆرییەکی زۆر توند بەدی دەکرێت، دەربارەی دیاردەی حزبایەتی لەو ولاَتانەدا، بۆیە بە زۆری سیستەمی حزبایەتیان، لەو شێوازە کلاسیکیە باوە دەردەچن کە لەسەری راهاتووین، کە هەردوو جۆری بینچینەیین:
سیستەمی حزبایەتی فرەیی و سیستەمی تاك حزبی. بەڵکو جۆرو شێوازی نوێ دەخەنە ڕوو. دیارە ئەو دیاردەیەش لە ژیانی حزبایەتی ئەو ولاَتانە، پەیوەستە بە بارودۆخە مێژوییەکەیان، لەگەڵ هۆکارەکانی دروست بوونی حزبەکان کە پەیوندی بە دۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ولاَتانە هەیە، لەپێش و پاش قۆناغی سەربەخۆیی.
لە ولاَتانی کیشوەری ئاسیا، جۆراوجۆرییەکی زۆر توند بەدی دەکرێ، لە ژیانی حزبایەتی، هۆیەکانی بۆ فرەیی شارستانی و قوڵی رەگ و ریشەی مێژووی بەشێك لە نەتەوەکانی ئەو ولاَتانە دەگەڕێتەوە، سەرەڕای چەند فاکتەرێکی دیکەی وەك (هۆکاری ئیستعماری و هەرەشەی دەرەکی، هۆکارە ناوخۆییەکان، هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵایەتی) یان.
لە خەسڵەتەکانی دیاردەی حزبایەتی کیشوەری ئاسیا، ئەو پێکهاتە فراوانەیە لە جۆراو جۆری حزبەکان و فرەیی ئایدۆلۆژییان، سەرەڕای فاکتەرە ئەتنیکی و ڕێبازە ئایینییەکان کە کاریگەری خۆیان لەسەر نەخشەی سیاسی و حزبایەتی زۆر لەو ولاَتانە بەجێ هێشتووە.
لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ شێوەکانی سیستەمی حزبایەتی دەکەین کە لەولاَتانی جیهانی سێیەم باو بوونە:

١- شێوازی فرە حزبی، لە وڵاتانی وەك (تورکیا، میسر، کۆریای باشوور).
٢- دەسەڵاتی حزبێك بەسەر کاروباری وڵات بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، سەرەڕای بوونی حزبی دیکەش، وەك (هندستان، مەکسیك).
٣- سیستەمی تاك حزبی کە لە وڵاتانی ئەفریقیا زیاتر باو بووە، هەروەها لە کۆریای باکوور.
٤- سیستەمی دوو حزبی لە چەند وڵاتێکی وەك: ئۆرۆگوای، کۆلۆمبیا، فلیپین.
٥- لەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتداری دکتاتۆری هەبووە، حزبەکان هیچ رۆڵێکیان نەبووە.
٦- هەندێ وڵات کە رێگا بە ژیانی حزبایەتی نادات، وەك وڵاتی عەرەبستانی سعودی.

پەرەسەندنی حزبە سیاسیەکان و جۆراو جۆری شێوازەکانی پێکهاتنیان و رێبازی خەباتیان، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، رەنگدانەوەیە بۆ پەرەسەندنی (گەشەپێدانی سیاسی) لەناوچەکە، بەکاریگەری زۆر هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی، ئەو حزبانە بە زۆری لە خاڵە گرینگەکانی وەرچەرخان و یەکلاکەرەوە دەرکەوتوون لە مێژووی وڵاتەکە یان وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هیچ جۆرە سیستەمێکی سیاسی[١٤]، یان دابونەریتێکی پەرلەمانیان نەگرتبووە خۆ کە ژیانی حزبایەتی تیادا خولقابێ، وەك ئەوەی لە وڵاتانی ئەوروپا بەدی کراوە.

ئەو کەلەپورە رۆشنبیرییەی لە ناوچەکەدا بڵاو بووە، کەلەپوری ئیسلامی بوو، بە بۆچوونی زۆربەی توێژەران، لایەنە سیاسییەکەی ئەو کەلەپورە، هیچی وای نەخستۆتە ڕوو کە بیرۆکەی - شورا -ی بەدیدێکی دیاریکراوی نوێنەرایەتی پەرلەمانی، یان دەسەڵاتی زۆرینە بەستبێتەوە.

ناوەڕۆکی تیۆری سیاسی ئیسلامی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا جەختی لەسەر ئەو مەرج و ئاکارانە کردۆتەوە کە دەبێ لە کەسی دەسەڵاتداردا هەبێ، لەگەڵ

ئەو بنەمایانەی کە دەبێ دەسەلأتدار پەیڕەوی بکات، بەپێی شەریعەتی ئیسلامی.

بۆیە لە سێبەری دەسەلأتداری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەسەر ولأتانی ناوچەکەدا، دەسەلأتی ڕەهای سوڵتانە عوسمانیەکان زۆر بەهێز بووە، هیچ سەرچاوەیەك یان دامەزراوەیەکی تەشریعی نەیتوانیوە بەرەنگاری بکات.

دوای ئەوەش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، دەسەلأتی ئیستعماری ئەوروپی بە شێوازی جۆراو جۆر گەیشتۆتە ناوچەکە.

بۆیە حزبی سیاسی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی ئارەزوومەندانە، دەکرێ بوترێ دیاردەیەکی نوێ بووە لە ناوچەکە، کە پێشتر تەنها جۆرێك لە گردبوونەوەی کەسەکان بەدی کراوە، لەسەر بنەمای خزمایەتی بێت، یان ئایینی، یاخود بەرژەوەندییە ئابووری و کەسایەتیەکان.

ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی ڕوویاندا ساڵی (١٩٠٨) جێگای پێ خۆشحاڵی گەرمی[١٥] گەلانی ناوچەکە بووە، ئەوانە هەستیان کرد کە ئەو گۆڕانە و زاڵبوونە بەسەر دەسەلأتەکانی سوڵتان (عەبدولحەمید)ی دووەم، ڕێگا بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە خۆش دەکات کە خەباتیان بۆی دەکرد، وایان پێش بینی کرد کە سەردەمێك لە ئازادی و برایەتی و یەکسانی (دروشمەکانی یەکگرتووە تورکەکان بوو) دەست پێ دەکات.

بەم جۆرە قۆناغی یەکەمی دوای هەڵگەڕانەوەکەی بزووتنەوەی (تورکیا الفتاة)* و ڕاگەیاندنی دەستووری نوێ، کەش و هەوایەکی پڕ لە هیوا و جۆش و خرۆشێکی دروست کرد، بارودۆخێك خوڵقا، کە گەلان وا تێ بگەن سەردەمێکی نوێ پەیدا بووە لە ژیانی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە زۆربەی کەسایەتی و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی گەلانی ژێر دەستەی عوسمانیەکان، هاوکاری و پشتگیریی خۆیان بۆ (یەکگرتووە تورکەکان) دەربڕی.

ئەو دەستورەی کە لە ٢٤/تەمموزی/١٩٠٨ بڵاوکرایەوە، رادەیەکی دیاریکراوی لە ئازادی بیروڕا دەربڕین و پێکهێنانی ڕێکخستنی سیاسی دەستەبەر کرد بۆ دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها بیرۆکەی (برایەتی عوسمانی) زاڵبوو بەسەر بیرو هەستی بەشی زۆری سیاسەتمەدارانی گەلانی ناوچەکە.

بەڵام زۆری پێ نەچوو (تورکە یەکگرتووەکان) کە گەلانی ناوچەکە پشتیان بەقسە و دروشمەکانیان بەستبوو، رووی راستیان دەرکەوت دوای سالی (١٩٠٩)، خەڵکانیشی بێ هیوا و مایە پوچ کرد، پشتیان لەو بەڵێن و دروشمانە کرد کە بە گەلانیان دابوو، بەڵکو رێگایەکی ناسیۆنالیستانەی توندیان گرتەبەر، دژ بە گەلانی ناوچەکە. هەموو ئەو هەلومەرجانە بوون بەهۆی گۆڕانکارییەکان لەناو دەوڵەتی عوسمانی، سەرەڕای چەندین هۆکاری دیکە وەك:[١٦]

١- پەیوەندیکردنی رۆشنبیری، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا.

٢- ناردنی خوێندکاران بۆ زانکۆکانی ئەوروپا.

٣- بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی و رۆژنامەکان.

٤- بەدەست هێنانی سەربەخۆیی لەلایەن چەند وڵاتێکی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا.

٥- راپەڕین و شۆڕشە جەماوەرییە نەتەوایەتییەکان.

هەموو ئەو هۆکارانە، کاریگەربوون بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەتەوایەتی، لەئاکامدا، پەیدابوونی خۆ رێکخستنی سیاسی لەناو گەلانی ناوچەکە، کە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە.

لە ڕاستیدا ژیانی سیاسی و حزبایەتی لەناو گەلانی ژێر دەستەی عوسمانیەکان، سەرەتا وەك نارەزاییەك بووە بەرامبەر بە دەسەڵاتی رەهای فەرمانڕەوا، بۆیە لەسەرەتادا نارەزاییەکان دژی دەسەڵات بووە، زیاتر لەوەی بایەخدان بێت بە پێناسەی نەتەوایەتی.

توێژەرانی رۆژئاوا، دەربارەی حزبە سیاسیەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە تورکیا تەنها وڵاتی ناوچەکە بووە، لەسەردەمێکی زووەوە ژیانی حزبایەتی تیادا باو بووە و بۆتە ئامرازێکی ململانێ لەسەر دەسەڵات، بەڵام لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، کە بەرەو رووی کێشەی زۆر دژوار بوونەتەوە ئەو رووداو و کێشانە رەنگدانەوەی بەسەر دروست بوونی حزبەکان هەبووە.

لە کاتێکدا کە کۆماری تورکیا دروست بوو (١٩٢٣) بە دوای روخاندنی دەوڵەتی عوسمانی، دیارە ئەو وڵاتە سەدان ساڵ بوو دابونەریتی حوکمرانی تیادا باو بووە، سەرەڕای بەردەوام بوونی لە پارێزگاریکردنی سەربەخۆیی خۆی.

بەڵام وڵاتانی دیکەی ناوچەکە (بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی) ئەو کلتورەی تیادا نەخولقابوو (وەك پێویست) هەروەها سەربەخۆیی خۆشیان لەدەست دابوو، کاتێ عوسمانییەکان، دواتر دەوڵەتانی ئەوروپا ئەو وڵاتانەیان داگیر کرد، بۆیە دروست بوونی کۆمەڵە و حزبە سیاسییەکان لەو وڵاتانە بەرەو رووی کۆسپ و رێگری زۆر بوونەتەوە، ئەگەر سیاسی بو بێت یان پێنەگەیشتنی ئاستی هۆشیاری سیاسی و کۆمەلأیەتی بێت.

**شەشەم: شیکردنەوەی چینایەتی بۆ حزبە سیاسییەکان:**

چینی ناوەڕاست (یان توێژەکانی) رۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لە پێکهێنانی ئەو حزبانەی کە بە ئەرکی نوێکاری هەڵدەستن، یان ئەرکی گەشەپێدانی کۆمەڵگەیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، هەروەها حزبەکانیش مۆرکی ئەو چین و توێژانەیان هەڵگرتووە بە هەردوو باری ئەرێنی و نەرێنییەوە.

چەند سیستەمێکی سیاسی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە رێکخستنی[١٧] حزبی شۆڕشگێڕ دروست بکەن، بەمەبەستی ئەنجامدانی

گۆڕانی ریشەیی لەناو کۆمەڵگەدا، بێگومان لایەکی بنچینەیی لە هۆیەکانی شکست هێنانی ئەو هەوڵانە بۆ پەیوەندییە چینایەتییەکان دەگەڕێتەوە و لە کۆتاییدا کۆسپ بوونە لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

مەبەست لە شیکردنەوەی چینایەتی حزبەکان لەگەڵ زانینی پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ناسینی ئەو چین و هێزە کۆمەڵایەتیانەن، یان ئەو لایەنانەی بەرژەوەندیان هەیە لە پێکهێنانی ئەو ڕێکخستنە حزبیە، هەروەها ڕادەی واقیعی و قوڵی ئەو بەشدارییە.

لە کاتێکدا ئەو جۆرە شیکردنەوەیە بە کارێکی ئاسان دێتەدی تاڕادەیەکی گەورە لەناو کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان، لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان پێکهاتوون، بەڵام ئەو کارە زۆر ئاڵۆز و زەحمەت دەبێ لەو کۆمەڵگە دواکەوتووانەی کە بەنا تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان دەناسرێن، سەرەڕای فرەیی و جۆراو جۆری پێکەوە ژیانی تاکەکانی.

بۆیە لامان نامۆ نەبێ، ئەگەر هەندێ کۆمەڵگە چەندین ڕێکخراوی حزبیان هەبێ، کە ڕەنگە تەنها لە توێژێکی بچووکی ئەندامان پێکهاتبن و چەند پەیوەندییەکی سنووورداری کاتی بەیەکیان ببەستێتەوە. هەرچەندە ئەو ڕێکخراوانە، هەندێ جار وا ئەری دەبڕن کە نوێنەرایەتی تەواوی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، یان هەموو گەل دەکەن.

هەروەها شیکردنەوەی چینایەتی بۆ دیاردەی حزبی وا دەگەیەنێت، کە لێکۆڵینەوە لەو بارە بکرێت، کە تاچەند ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی حزبەکان، ڕەنگدانەوەیان لەسەر بونیادی ڕێکخراوەیی و ئایدۆلۆژی و توانا ماددییەکانی حزب دەبێت، سەرەڕای بوارەکانی کار بەڕێوەبردن و شێوازە حزبییەکان.

دیاره کارێکی بەڵگە نەویستە کە ئەو حزبانەی لە بژاردەی ئەریستۆکراتی پێکهاتوون، جیاواز دەبن لەو دیاردانە و لەو حزبانەی کە لە بنچینەدا نوێنەرایەتی چینەکانی ناوەڕاست دەکەن، هەروەها هەردوو جۆرەکە جیاواز دەبن لەو حزبانەی کە لە بنچینەدا نوێنەرایەتی کرێکار و جوتیاران دەکەن، یان توێژەکانی خوارووی کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی.
جارێکی دیکەش دەڵێین کارەکە زۆر ئاڵۆز دێتە بەرچاو لە وڵاتانی دواکەوتوو، کاتێ دەبینین کە ئەو هەموو هێزانە لەگەڵ یەک تێکەڵاو دەبن، جیاوازییە کۆمەڵایەتییە توندەکان باو دەبن لە نێوانیان و ناکۆکییە ئایینی و تائیفی و ناوچەییەکان بەیەکدا دەچن، بەجۆرێك ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکەنە سەر خەسڵەت و هۆکارەکانی دیاردەی حزبایەتی، بۆیە توانای ڕێکخراوە حزبییە جیاوازەکان، لەسەر خۆ ڕزگارکردن لەو کاریگەریانە، یاخود ملکەچیان بۆی... دەبێتە پێوەرێکی بنچینەیی بۆ بڕیاردان لەسەر چالاکی و سوود وەرگرتنی سیستەمی حزبایەتی لەو بارودۆخە.
بەڵام لەگەڵ ئەو هەل و مەرجە ئاڵۆزەش، شیکردنەوەی چینایەتی بۆ دیاردەی حزبایەتی، بەشداری دەکات لە تێگەیشتنی ئەو ئامانجانەی حزب دەری دەبڕێ، سەرەڕای ئەو ئەرکە واقیعیانەی کە پێی هەڵدەستێ.
لە کاتێکدا شیکردنەوەی کلاسیکی بۆ حزبە سیاسییەکان، لە وڵاتانی پێشکەوتوو (وڵاتانی سەرمایەداری بێت یان سۆسیالست) دەربارەی ئەرکە دیاریکراوەکان، جێگیر بووە، ئەوا ئاڵۆزی و کێشە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان، لەگەڵ بارودۆخی پەرەسەندنی مێژوویی لەناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، چەندین ئامانج و ئەرکی نوێی بۆ حزبەکان دیاریکردووە، هەروەها ئامانج و ئەرکە باو و کۆنەکان، زۆر جیاواز دەبن لەگەڵ یەکتر، ئەو ئەرک و ئامانجانەش، لە پارێزگاریکردنی سیستەمی دامەزراوەکانەوە، تا دەگاتە هەوڵدان بۆ گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە (ڕادیکاڵیانە) دەگرێتە خۆی، لەم

بارەوەش هەموو بنچینە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی سیستەمی سیاسی وڵات دەگرێتەوە، بەمەبەستی ئەوەی دەسەڵاتی چین و هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، جێگای دەسەڵاتی چین و هێزێکی کۆمەڵایەتی تر بگرێتەوە.

**حەوتەم/ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی حزبە سیاسییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم:**

حزبی سیاسی، ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتووە، لە چوارچێوەیدا کۆمەڵە کەسانێك کۆ دەبنەوە[١٨] بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، کە بە ئامانجی چەند چین و توێژێکی کۆمەڵگە دادەنرێت، دیارە ئەو ئامانجانەش ڕەنگدانەوەی بیرو باوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوە.

دروست بوونی حزبەکان، ئەنجامێکی حەتمیە بۆ پەرسەندنێکی کۆمەڵایەتی و شارستانی، دیارە ئەو پەرە سەندنەش ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە گواستنەوەی گروپ و کۆمەڵە پیشەیی و سیاسی و هزرییەکان، لە ئاستێکی عەفەوی تەسکدا، کە چەند ئەرکێکی نزیك و ئامانجێکی ڕاستەوخۆی هەبووە، بەرەو ئاستێکی هەمە لایەنە و ڕێکخستن و پەیوەندییە بابەتیەکان، هەروەها هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی گەورە و دوورخایەن.

مێژووی دروست بوونی حزبە سیاسیەکان، بەپێی پێناسە زانستیەکەی بۆ ساڵی (١٨٠٥)ز دەگەڕێتەوە، بەر لە دامەزراندنی حزبی سیاسی، کۆمەڵە و یانەی پیشەیی و هزری و گروپەکانی ڕای گشتی، ڕۆڵی بزاوتی کۆمەڵایەتیان گێڕاوە.

## أ-٧ قەیرانەکانی حزبی سیاسی لە وڵاتانی گەشەسەندوو[١٩]:

حزبە سیاسییەکان بە هۆی ئەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتیەی کە تیایاندا سەری هەڵداوە، لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و هەروەك پێشتر بە کورتی باسمان کرد، بەرەو رووی چەندین کێشە و قەیرانی گرینگ و هەستیار بوونەتەوە، وەك:

### ١- قەیرانی سەرکردایەتی:

مانەوەی سەرکردەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەتایبەتی: سەرۆك، سکرتێری گشتی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، لە پێگەی دەسەڵات، دیاردەیەکی نەرێنی و نیشانەی لاوازییە لە ژیانی ناوخۆی هەر حزبێکی سیاسی. ئەو مانەوەیە لەگەڵ تەمەن گەورەیی، کاریگەری بەسەر تواناکانی سەرکردە دەبێت، چ لە رووی فیکرییەوە بێت یان جەستەیی، سەرەرای ئەوەی دەبێتە هۆکارێك بۆ رێگرتن لەبەردەم سەرکەوتنی کەسانی دیکە و بەشداریان لە سەرکردایەتی کردنی حزبەکە.

ئەو دیاردەیە زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب دەگرێتەوە، کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە پلە و پێگەی خۆیان دەمێننەوە، لادانیشیان لەو جێگایانە پەیوەست دەبێ بە ناکۆکی و ململانێی ناوخۆی حزبەوە.

### ٢- دیاردەی حزبی بنەماڵە:

ئەگەرچی لەناو زۆرینەی حزبە سیاسییەکان لە جیهاندا دیاردەی پەیوەندی خێزانی بەدی دەکرێ، بەتایبەتی لە وڵاتانی گەشەسەندوو، بەڵام لێرەدا مەبەست لە دیاردەی حزبی بنەماڵە هەر ئەوە نییە کە ئامارەی بۆ کرا.

حزبی بنەماڵە ئەو حزبانەن کە رۆڵی پەیوەندییە خێزانییەکان لە دامەزراندن و لە پێکهاتنی هەیکەلی حزبدا رەنگی داوەتەوە، سەرەڕای رۆڵی لە دروست کردنی بڕیار.

میکانیزمی دابەشکردن و پاوانکردنی پلەکانی بەرپرسیاریێتی، لەو رێگەیەشەوە بەرژەوندییە تایبەتییەکان دێنەدی، هەروەها بریتییە لە دەسەڵاتی کەسی یەکەمی بنەماڵەی باڵا دەست و بەدەستەوە گرتنی جومگە سەرەکییەکان لەلایەن ئەندامانی دیکەی بنەماڵەوە، هاوشان لەگەڵ رۆڵ پێدانی چەند بنەماڵەیەکی دیکەی پلە یەك و پلە دوو... هتد بە هەمان میکانیزم.

٣- ململانێ و ناکۆکییە ناوخۆییەکان:

ململانێ دیاردەیەکی سروشتییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لەناو کۆمەڵگەی جێگیر رووی پێشکەوتن و ئەقڵانییەتە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی پەرش و بڵاو و دواکەوتوو، رۆڵی تێکدەرانە دەبینێ، لەپێناو بەرژەوەندی (کەسێك، بنەماڵەیەك، دەستەیەك).

هۆکارەکانی ململانێ لەناو حزبە سیاسییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، زیاتر بۆ نەگونجاندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، سەرەڕای سنوور تەسکی لە پیادەکردنی دیموکراسییەت، لە ژیانی ناوخۆدا، هەروەها کاریگەری کلتوری کاری حزبی بە نهێنی و پێگەیاندنی سیاسی لای ئەندامان، لەگەڵ نەگونجاندنی سیستەم و بنەماکانی رێکخراوەیی و سیاسی حزب لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناو کۆمەڵگە.

### ٤- قەیرانی ئایدۆلۆژیا (هزر):

دیارە ئایدۆلۆژیا، ئەو بنەما هزرییەیە کە حزبی سیاسی پشتی پێ دەبەستێ بۆ دانانی نەخشە و بەرنامە و پلانەکانی. هەر لەبەر رۆشنایی ئەو ئایدۆلۆژیایە ئامانج و شێوازی جۆراو جۆری چالاکی و پەیوەندییەکانی دیاری دەکات.

نەبوونی ئایدۆلۆژیایەکی ئاشکرا و پێگەیشتووی تەواو، کە گوزارشت لەباری داهاتووی کۆمەڵگە بکات، هەروەها لەلایەن ئەندام و کادیران باش وەرنەگیرابێت و تێگەیشتنی بۆ نەکرابێت ئەوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەندین دیاردەی نەرێنی و کێشەی کاریگەر لە ژیانی ناوخۆی حزبدا، وەك:

أ- نەبوونی دیدێکی یەکگرتوو بۆ رووداو و کێشەکان.

ب- نەبوونی بارێك لە سەقامگیری سیاسی و رێکخراوەیی لە ژیانی ناوخۆی حزبدا.

ج- بڕیار و هەڵوێستەکان بە زۆری تاکڕەوانە وەردەگیرێت، لەلایەن کەمایەتیەك.

د- پەرەسەندنی حاڵەتی ململانێ و پشێوی و توندوتیژی ناوخۆیی.

### ٥- کێشە رێکخراوەییە ناوخۆییەکانی حزب:

زۆربەی حزبە سیاسییەکان، ئەگەر هەمووی نەبێت، لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەرەو رووی چەندین کێشە و دیاردەی نەرێنی دەبنەوە لەکار و چالاکییە رێکخراوەییەکانیان، کە بەماوەی رۆژگار و لەگەڵ مانەوەیان بێ چارەسەرکردن، زیاتر ئاڵۆز و تەشەنە دەکەن و دەبنە قەیران لە ژیانی ناوخۆی ئەو حزبانە، بۆیە ئاسان نییە خۆ رزگارکردن لێیان و چارەسەرکردنیان.

هۆیەکانی ئەو کێشە و دیاردە نەرێنیانە زۆرن و پەیوەستن بە بارودۆخی پێکهاتەی ناوخۆی حزب و لێهاتوویی و شارەزایی سەرکردایەتی حزب، سەرەڕای ئاستی توندو تۆڵی رێکخراوەیی و پەیڕەوکردنی بنەما هزری و رێکخراوەییە ناوۆخییەکانی حزب.

**ب- شێوازی سیستەمە حزبییەکان و لایەنە نەرێنییەکانی:**

شارەزا و توێژەرانی حزبە سیاسییەکان، لە میانەی نووسینەکانیان بیروڕای زۆر و جیاوازیان[٢٠] دەربڕیوە، دەربارەی شێواز و دابەشکردنی سیتەمە حزبییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم.

(د.اسامة الغزالي حرب) لە کتێبەکەی، دوای ئاماژەکردنی بۆ بیرو بۆچوونی زۆربەی ئەو نووسەرانە، حزبە سیاسیەکانی جیهانی سێیەم، دابەش دەکاتە سەر دوو بەش:

**١- حزبەکانی شێوازی رکابەری:**

لەم بوارەدا، ئەو وڵاتانەی سیستەمی فرە حزبی و سیستەمی دوو حزبی تیادا باوە، دەگرێتە خۆی.

**٢- حزبەکانی شێوازی تاک حزبی:**

ئەم جۆرە شێوازە حزبییەش لەو وڵاتانە باوە کە سیستەمی تاک حزبی تیادا پەیڕەو دەکرێت. ئەم جۆرەشیان دەکرێ دابەش بکرێتە سەر چەند بەشێك:

١- تاك حزبی هەمە لایەن (شمولی).

٢- تاك حزبی دەسەڵاتداری (سلطوي).

٣- تاك حزبی کردەیی (براگماتیکی).

دیاردەی حزبایەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، بەرەو ڕووی چەندین رەخنەی گرینگ بۆتەوە، ئەو رەخنانەش بەسەر سێ تەوەردا پۆلین دەکرێن کە بریتین لە:

ا- ئەو حزبانە حزبی شێواون، بە شێوەیەك لە شێوەکان دوورن لە حزبی سیاسی راستەقینە.

ب- ئەو حزبانە کاتین، تەمەنیان کورتە.

ج- ئــەو حزبانـــە، لاوازن لـــە رووی ئایدۆلۆژییـــەوە، هـــەروەها لـــە رووی رێکخستنەوە توند و تۆڵ نین.

زۆرێـك لـەو حزبانـەی ناویـان لێنـراوە حزبـی سیاسـی لـە وڵاتـانی جیهـانی سێیەمدا، بەپێی مانا زانستیەکەی زاراوەکە، حزب نین، کۆبوونەوەی گروپێکی بچووك و ناونووس کردنی کۆمەڵە کەسانێکن لە لیستێکدا، ئەوە وا ناگەیەنێ کـە ئـەوان ئەنـدامن و ئـەو رێکخـستنەش، حزبـی سیاسییە، بـەڵکو شـتێکی جیـاوازە، چـەند بێـت گرینگـی یـان لاوازی لـە ئاسـت گەشـەکردنی سیستەمی سیاسییەوە. بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، دوای بەدەست هێنانیان بۆ سەربەخۆیی، ژمارەیەکی زۆری رێکخستنی تیادا دەردەکەوێت و خۆی وەکو حزبـی سیاسـی دەناسێنێ، بەڵام زۆری پـێ ناچێ، ئەو رێکخستنانە بوونیـان نامێنێ.

حزبی سیاسی راستەقینە ئەگەر بەرەو رووی فشار و رێگرتنیش هات، دەتوانێ چالاکییەکانی خۆی بە نهێنی ئەنجام بدات و خۆڕاگر بێت بەرامبەر دۆخەکە.

هەر لەم بوارەدا، رەخنـەی توند ئاراستـەی هەنـدێ حـزب کـراوە، لەبەرە ئـەوەی ناویـان لـە خۆیـان نـاوە حزبـی ئایـدۆلۆژی و... حزبـی جـەماوەری... حزبـی گـشتگیر، دەکـرێ بـوترێ کـە دەربـڕینی ئـەم زاراوانـە جۆرێکـە لـە خـۆ تـێ هەڵقوتاندنی ژیانی حزبایـەتی لـە ئـەوروپا، یـاخود شێوەیەك لـە چەواشـەکاری هـەڵگرتوو، لـە کاتێکدا بەڵگـەی زۆر کـەم بەدەستەوەیە کە فاکتـەری ئایـدۆلۆژیا قورساییەکی دیاری هەبێ لە مێژووی بەشێك لەو حزبانـە، زۆربـەی ئـەوەی پێی دەوترێت ئایدۆلۆژیا، لەوە تێپەڕ نابێت کە چەند دروشمێکی سیاسی بن.

ج- لەو دیاردانەی کە پێویست بە سەرنجدان و لێکۆڵینـەوە دەکەن، بەشێك لـە حزبـــە[٢١] سیاســـیەکانی جیهـــانی ســـێیەم، رابەرایـــەتی بزووتنـــەوە

ناسیۆنالیستەکانی کردووە، لە ئێستا و لە رابردوودا، یان بەیەکەوە سەریانهەڵداوە.

لەم بارەوە بۆچوونێك هەیە، کە بوونی یەك حزب، یان حزبێکی دەسەڵاتدار، بە چاکتر دەزانرێت، لە چەند وڵاتێکیش ئەم حاڵەتە بە کردار پەیڕەو کراوە (بە درێژایی سەدەی بیستەم). بیروڕای سەرکردەی بزووتنەوە سیاسییەکان لە وڵاتانی گەشەسەندوو، دەربارەی بوونی یەك ڕێکخراوی سیاسی (لەگەڵ جیاوازی جۆر و ئەرکەکانیان)، ئەم شێوەیە خوارەوە دەخەینە روو:

هەندێ لە سەرکردە و شارەزایان، بوونی یەك حزب لە قۆناغی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوایەتی (کە بە قۆناغی راگوازراوی دابنرێت) بە باش دەزانن. لەو ماوەیەدا بوونی یەك ڕێکخراوی سیاسی حاڵەتێکی ئەرێنییە، ئەویش بەهۆی ئاست نزمی جەماوەر لە بواری هۆشیاری سیاسی، هەروەها بە مەبەستی ئامادەکردن و شارەزاکردنی جەماوەر لەو ماوەیەدا، بۆ بەڕێوەبردنی شێوازی حوکمرانی دیموکراسی پەرلەمانی و فرەیی سیاسیش (نموونەی وڵاتانی هیندستان و میسر).

لە روویەکی دیکەوە، شارەزایانی دیکە کە باوەڕیان بە تیۆری (مارکسی — لینینی) و بوونی حزبی پێشڕەو هەیە، هەوڵدەدەن بە کۆکردنەوەی هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکانی ناو وڵات، یان هەندێکیان، لە چوارچێوەی یەك ڕێکخستن و لەژێر رابەرایەتی چینی پرۆلیتاریا (نمونەی وڵاتی چین).

هەروەها شێوازێکی دیکەی ڕێکخستنی سیاسی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و دروست کردنی ڕێکخراوێکی نوێی تەواو جیاواز (نموونەی ساڵی ١٩٥٨ لەکاتی

یەکگرتنی میسر و سوریا و دروست کردنی حزبی – الاتحاد الاشتراکي العربي).

ئەو بیرۆکانەی بڵاوبوونەتەوە لە زۆربەی وڵاتانی گەشەسەندوو، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، دەربارەی بوونی یەك شێوازی رێکخستن، جیاوازن لە چەمکی (تاك حزبی یان حزبی پێشڕەو) کە لە هزری مارکسی – لینینی وسیستەمی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا هەیە.

جیاوازییەکەی لەوەدایە کە بیرۆکەی بوونی یەك رێکخستن لە وڵاتانی گەشەسەندوو، دەرگای بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کردۆتەوە، هەوڵدەدات هەمووان یان بەشی گەورەی هێزە کۆمەڵایەتیەکان کۆ بکاتەوە لە رێکخراوێکی نیشتمانیدا، بەڵام لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەك کە رێگای دەرچوونی لێ نادات، ئەو ئایدۆلۆژیایەش، ئایدۆلۆژیای توێژی بژاردەیە، رابەرایەتی ململانێی دژ بە ئیستعمار دەکات، هەروەها سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و نیشتمانی لە وڵاتەکەی.

بەڵام حزبی (مارکسی – لینینی) لەسەر بنەمای تیۆرییەکەی (شمولی) دروست دەبێت و کار بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دەکات، ناوەڕۆکەکەی ململانێی چینایەتیەو ئامانجیش سەپاندنی دیکتاتۆرییەتی چینێکە (پرۆلتاریا) بەسەر کۆمەڵگە.

بەپێی ئەم بنەمایە رێکخستن (مارکسی – لینینی) رێگا نادات بە هەموو کەسێك ببن بە ئەندامی، تەنها بەپێی ئەو مەرجانەی دیاریکراوە لە پەیڕەوی ناوخۆی.

ئەم ئاراستەیە لە کاری حزبایەتی درێژەی کێشا لە زۆربەی وڵاتانی گەشەسەندوو، تا کاتەکانی داروخانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی

زۆربەی وڵاتە سۆسیالیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و کۆتایی هاتن بە دوو جەمسەری و جەنگی سارد.

دوا بەدوای ئەو ڕووداوانە فرەیی حزبی لە زۆربەی وڵاتە گەشەسەندووەکان، بە شێوەیەکی خێرا ڕووی لە گەشەکردن کرد، بەڵام ململانێی حزبایەتی توندتر بووە و درێژەی کێشاوە، ئەگەرچی ئاستی ئەو ململانێیە جیاوازە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە.

## بەشی دووەم

## کوردستانی باشوور

## بارودۆخی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی

١- بارودۆخی کوردستانی دوای شەڕی چاڵدێران.

٢- سەرەتای سەدەی بیستەم و گۆڕانکارییە سیاسییە گەورەکان لە کوردستان.

٣- بارودۆخی ئابووری کۆمەڵایەتی کوردستان.

٤- دەرکەوتنی چینی نوێی سەرکردایەتی و ئایدیا سەردەمیەکان لە کوردستان.

**یەکەم: بارودۆخی سیاسی کوردستان دوای شەڕی چالدێران:**

سروشتی کوردستان هۆکارێکی هاوکار بووە بۆ دەرکەوتنی چەندین میرنشینی ناکۆک لەنێوان خۆیاندا[٢٢]، لە ماوەی سەدەی نۆزدە و پێشتریش، هەریەکەیان لە هەوڵی ئەوەدابووە سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکاتەوە.

سەرکردەکانی ئەو میرنشینانەی وەك (بابان، سۆران، بۆتان، بادینان) بە زۆری لە دەرەبەگە کوردەکان بوونە، ئەوان ڕۆڵی گەورەشیان گێڕاوە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە لەو سەردەمەدا هەڵگیرساوە.

کوردەکان مۆرکی خێڵایەتیان بەسەردا زاڵبووە، بەگشتی دوور بوونە لە یەکگرتن، پێکهاتوون لە ژمارەیەکی زۆری عەشیرەت و تیرەی گەورە و بچووك، لەناویاندا ماوە ماوە هاوپەیمانیەتی دەبەسترا دژ بە مەترسییە دەرەکیەکان.

ئەو عەشیرەت و تیرانە بەرەو ڕووی زۆرداری و چەوساندنەوە هاتوون لەلایەن دەسەڵاتداری عوسمانی و فارسەکانەوە، بۆیە تێکۆشاون دژی ئەو چەوساندنەوەیە، هەوڵی سەربخۆیی و ڕزگاریانداوە، هێزی سەرەکی و سووتەمەنی ئەو خەباتەشیان، چینی جوتیاران و توێژی زەحمەتکێشان بوونە.

زۆرن ئەو مێژوونووسانەی، سەرهەڵدانی کێشەی سیاسی کورد بۆ سەردەمی داگیرکاری عوسمانیەکان دەگەڕێننەوە، دوای سەرکەوتنیان لە شەڕی چاڵدێران* (١٥١٤ز)، لەم مێژووەوە کوردستان بووە بە دوو بەشی سەرەکی، هەرچەندە پەیمانی زەهاوی ساڵی (١٦٣٩ز)، بە شێوەیەکی کردەیی سنووری کوردستانی دابەشکرد بۆ دوو بەشی لێك جیابۆوە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی گەورەی ئەو سەردەمەی ناوچەکە، عوسمانی و سەرەفەوی[٢٣].

بەشێك لە نووسەرانی مێژوو، کورد بە هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی عوسمانیەکان دەزانن، لەبەر ئەوەی بە فەتواکەی (ئیدریسی بەدلیسی) کورد بوونە پاڵپشت بۆ عوسمانیەکان، دوای بەستنی پەیمانێك لەنێوانیاندا، بەپێی

ئەو پەیمانە دەبوایە میرنیشینە کوردەکان سەربەخۆ بن لە بەڕێوەبردنی کاروباریان، سەربە خەلافەتی عوسمانیش بن لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیان[٢٤].
(عەبدولرەحمان قاسملو)* لەم بارەوە، باوەڕی وایە، کە ساڵی (١٥١٤ز) و پەیمانەکەی، بە خاڵی وەرچەرخانی تەواو دادەنرێت و لە هەموو ڕووداوەکانی مێژووی کورد رەنگی داوەتەوە[٢٥].
کورد لە ئەنجامی ئەو رەوشە و سیاسەتە چەوتەکانی هەردوو زلهێزی ناوچەکە لەو سەردەمە، کە دژی بەکاردەهێنرا، دۆخەکە، ناسەقامگیری پێوە دیار بوو، زۆرێک لە ڕاپەڕین و بزاڤی چەکداری ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، ئەو بزووتنەوانەش بە زۆری کاردانەوە بوون بەرامبەر بە رەفتاری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، سەرەڕای داواکاری بۆ چاکسازی و باشکردنی گوزەران و ژیانی ناوچەکە.
جێگای ئاماژە بۆ کردنە، دەسەڵاتی میرنشینە کوردەکان، لە دەیەی سێیەمی سەدەی نزدەهەمەوە، بەهۆی سیاسەتی چەوتی عوسمانییەکان، ڕووی لە لاوازی دەکرد، هەروەها ئێرانیەکانیش هەمان رێبازی عوسمانییەکانیان گرتە بەر، بە پێچەوانەی ئەو رێککەوتنانەی کە پێشتر لە نێوانیان ساز درابوو[٢٦].
میرو سەرکردە کوردەکان، لەم بارودۆخە نالەبارەدا، لە هەوڵی جۆرێک نزیکبوونەوە و هاوپەیمانیەتی بوون لەنێوان خۆیاندا، بۆیە پێکهاتن لەسەر شێوازێکی هاوکاری کردن، لە ژێر سەرکردایەتی میر بەدرخان و ئەندامیەتی چەند میر و کەسایەتیەکی دیکەی کوردستان لە هەردوو بەشی رۆژهەڵات و باکووردا، هەروەها بە هاوکاریکردنی چەند زانایەکی ئایینی کورد لە دەورەبەری موسڵ دا.
بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە بێ ئاکام بوون، دوای ئەوەی عوسمانیەکان لە سەردەمی سوڵتان (عەبدولحەمید)ی دووەم (١٨٤٢–١٩١٨)، توانیان کۆتایی بە

دەسەلاَتی میرەکان بهێنن و هەموو هەوڵەکانی بنەماڵەی بەردخانیش بێ سوود کۆتایی هات.

هەر لە ساڵی (١٨٧٦) و لە سەردەمی سوڵتان (عەبدولحەمید)ی دووەم و لە ئەنجامی هەوڵەکانی *(مەدحەت پاشا)[٢٧] (١٨٢٢ – ١٨٨٤)، کە ماوەیەك والی ناوچەی بەغدا بووە، دەستوری عوسمانی بڕیاری کارپێکردنی لەسەر درا، ئەو دەستووره تاڕاددەیەك دەرفەتی بە ئازادییە گشتییەکان دابوو، هەروەها ڕێگای خۆشکرد بۆ هەندێ کاری چاکسازی کۆمەلاَیەتی، بەلاَم کارکردن بەو دەستووره درێژەی نەکێشاو لە دوای یەك ساڵ، بڕیاری ڕاگرتنی دەرچوو، دووبارە دەسەلاَتە ڕەهاکانی سوڵتان و دامەزراوەکەی گەڕایەوە، ئەو هیوایەی کە خەڵکێکی زۆر لایان دروست بوو، پوکایەوە.

بۆیە بەشێك لە ڕۆشنبیران و کەسایەتییە نیشتمان پەروەرەکان، بە ناچاری پەنایان بۆ شێوازی ڕێکخستن و پێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی نهێنی برد، بەمەبەستی، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەسەلاَتێکی دیموکراسی و دەستووری لە ولاَتدا.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، هۆشیاری لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی، تا دەهات زیاتر گەلاَڵەی دەکرد، ئەم دیاردەیەش ئەگەرچی هەموو ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستی گرتبۆوە، بەلاَم لە کوردستان چەند هۆکاری کاریگەریان هەبووە، وەك[٢٨]:

١- بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی کورد، کە زیاتر لە ناوچەیەك بەرپا بوون.

٢- دروست بوون و گەشەکردنی قوتابخانەی ئایینی.

٣- گەشەکردن و ڕابوونی ئەدەبی کوردی و بلاَوبوونەوەی نووسین و شیعری کوردی.

٤- دروست بوونی توێژێکی ڕۆشنبیری نوێ، دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردی.

لەو کاتانەدا، هەست و نەستی کورد رووی لە کەسایەتیەکی بەناوبانگی کوردستانی باکوور کرد[٢٩]، ئەویش (شێخ عوبەیدوڵلای نەهری)* بوو، لەو قۆناغەدا ناوبراو وەك رابەرێکی نەتەوەیی دەرکەوت، جگە لەوەی کە کەسایەتیەکی ئایینیش بوو، لەلایەن ژمارەیەکی گەورەی کوردەوە پشتیوانی لێکرا، بۆیە دەشێ بزووتنەوەکەی بە سەرەتای بزووتنەوەی نەتەوایەتی نوێی کورد بژمێردێ.

ئامانجەکانی شێخ عوبەیدوڵلا (١٨٣٠-١٨٨٣) زۆر روون و ئاشکرا بوون، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو بوو بۆ کورد، شێخ لە هەوڵی ئەوەدابوو کورد لە قاوغی ناوچەگەرییەوە بباتە دەرەوە، ساڵی (١٨٨٠ن)، دوو کۆبوونەوەی فراوانی بە سەرانی خێڵەکانی کورد بەست و کۆمەڵەی کوردی دروست کرد، کە رەنگە ئەم کارەش سەرەتای پێکەوەنانی رێکخستن و کۆمەڵەی سیاسی بێ لەناو کورد.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ناوچە جۆراو جۆرەکانی دەوڵەتی عوسمانی بیروباوەڕە ناسیۆنالیستی و ئیسلامییەکان دەرکەوتن و روویان لە گەشە کردن کردووە، هۆیەکانیشی زۆرن، بۆ چەندین دیاردە و هۆکاری جیاواز دەگەڕێتەوە، لەوانە:

دروست کردنی قوتابخانە نوێیەکان لە شارە گەورەکان، دەرکەوتنی چاپخانە و بڵاوبوونەوەی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب، لاوازبوونی دەسەڵاتداری کۆنە پەرستان، دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی نەتەوایەتی لەناوچەکە، کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیران و سیاسەتمەداران بۆ ئەورووپا و گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکە، بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی ئازادی و دیموکراسی و ناسیۆنالیزمی لە ئەورپاوە[٣٠].

بۆیە هەروەك دەردەکەوێ بارودۆخی ناوچەکە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، رووی لە گۆڕانکاری گەورە کردووە، کوردیش

وەك گەلێكی ئەو ناوچەیە، بە هەمان ئەو دیاردە و هۆكارانە كاریگەر بووە و گۆڕان لە ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسیدا روویداوە، سەرەتاكانی رێكخستنی سیاسیش سەریان هەڵداوە، رۆشنبیران و نیشتمان پەروەران كۆبوونەتەوە و بیروڕایان ئاڵ و گۆڕ كردووە.

لەم بوارەدا دەكرێ ئاماژە بۆ ئەوە بكەین، كە چەندین رێكخستنی سیاسی دروست بووە لە كوردستانی[٣١] باكوور، وەك رێكخراوی (جانڤیرن) لەنێوان سالأنی (١٩٠٦-١٩٠٧) لەناوچەی ئەرز روم، كۆمەڵەی (تشبث شخصي و عدم مركزيتي) لە ئەرزروم.

هەر بەم جۆرە لەگەڵ نزیك بوونەوەی ساڵی (١٩٠٨) توێژی سیاسی و بژاردەی كوردی دەستی بە كاری سیاسی راستەوخۆ كردووە، ئەگەر لە رێگای كۆمەڵە و رێكخراوە سیاسییە كوردییەكانەوە بێت، یان كۆمەڵە و رێكخراوە سیاسییە عوسمانییەكان، كە كوردیش بەشداری تیادا كردووە.

**دووەم: سەرەتای سەدەی بیستەم و گۆڕانكارییە سیاسییە گەورەكان لە كوردستان:**

بارودۆخی سیاسی كوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستەم، تا كۆتایی جەنگی جیهانی یەكەم (١٩١٤-١٩١٨)[٣٢] بە قۆناغێكی سیاسی گرینگ و هەستیار تێپەڕ بووە، كوردستان كەوتۆتە ژێر كاریگەری ئەو گۆڕانە سیاسییانەی كە لە هەریەك لە دەوڵەتانی عوسمانی و ئێراندا روویاندا، ئەو گۆڕانكاریانەش بە شێوەیەكی راستەوخۆ گۆڕەپانی سیاسی كوردستانیشی گرتەوە، بەتایبەتی سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی و هۆشیار بوونەوەی گەلانی ژێر دەسەلأتی ئەو دوو دەوڵەتە، كە كوردیش بەشێك بوو لەو نەتەوانە و هەستی نیشتمان پەروەری لەلایەن رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی لە سەرەتای چەكەرە كردن و گەشەكردندا بوو.

لە ماوەی نێوان کۆتایی هاتنی جەنگ، تا ساڵی ١٩٢٥، چەندین بەڵگەنامە و پەیمانی نێودەوڵەتی، مۆرکراوە و ئاشکرابوونە، بەهۆیەوە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد پشت گوێ خراوە و بە شێوەیەکی فەرمی و کردەیی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکە دابەش کراوە، وەك (پەیمانی سایکس – بیکۆ* ١٩١٦)، *(سیڤەر، ١٩٢٠)[٣٣]، *(لـۆزان ١٩٢٣)، هـەروەها بـەهۆی بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) لیژنەی نێودەوڵەتی تایبەت بە ویلایەتی موسڵ، لە (١٦/کانوونی دووەمی/١٩٢٥) بڕیاری لکاندنی کوردستانی باشووریدا بە بەشە عەرەبییەکەی عێراق، سەرەڕای هەموو هەوڵ و نارەزایییەکانی دانیشتوانی و هەوڵەکانی وەفدی کوردی (بەسەرۆکایەتی شەریف پاشا) لە کۆنگرەی ئاشتی ساڵی (١٩١٩).

پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق، لە ئاکامی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە، زیاتر لەبەر چەند هۆیەك بووە، وەك دۆزینەوەی نەوت بە ڕێژەیەکی فراوان، سەرەڕای شوێنە ستراتیژییەکەی عێراق بۆ پەیوەندی کردن بە ناوچە کۆلۆنیالیەکانی بەریتانیا لە هیند و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

بەریتانیا کاتی هێرشی بۆ سەر خاکی عێراق بەڵێن و هەوڵێکی زۆریدا بۆ بەدەست هێنانی لایەنگیری خەڵکەکەی و وای بڵاو کردەوە کە وەك هێزێکی ڕزگارکەر هاتووە، نەك بۆ داگیرکردن، بەڵام دواتر ڕاستییەکان پێچەوانەی ئەو بەڵێنانە دەرکەوتن.

ئەم ناوچەیەی کە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بە ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور)[٣٤] دەناسرا، ڕووبەرەکەی نزیکەی (٨٧,٨٩٠)کم٢، ژمارەی دانیشتوانی ساڵی (١٩٢٥) نزیکەی (٨٠٠) هەزار کەس دەبوون، لەوانە (٥٠٠) هەزاریان کورد بوون، بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی نێو دەوڵەتی.

دیارە دوا بەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و بەهۆی گۆڕانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان[٣٥] کە بەسەر بارودۆخی ناوچەکەدا هاتووە، هەروەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، هۆشیاری نەتەوایەتی لە کوردستانی باشوور خێراتر رووی لە گەشەکردن کردووە تا بەشەکانی دیکە، هۆیەکانیشی زۆر و جیاوازن، وەك بوونی توێژی خوێندەوار و کەسانی نیشتمان پەروەر، کە ژمارەیەکی زۆریان لەو ئەفسەر و پلە دارانەی ناو سوپای عوسمانی بوون، هەروەها بەشێکیان کاربەدەست و فەرمانبەری حکومی بوون، گەڕاونەتەوە شارەکانی (سلێمانی، هەولێر، کۆیە، کەرکوك، موسڵ)، سەرەڕای دورست بوونی پەیوەندی و هاتووچۆ لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا و گەیشتنی بیروباوەڕەکانی ئازادی و یەکسانی و ناسیۆنالیزمی، دروست بوونی حکومەتی شێخ مەحمود، لەگەڵ کاریگەری سەرکەوتنی شۆڕشیی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە روسیا.

شۆڕشی سۆسیالیستی لە روسیا ١٩١٧، تەکانێکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانەی خەباتی گەلی کورد[٣٦] داوە، جولانەوە نەتەوایەتییەکانی بوژاندەوە، گروپە سیاسییەکانی کورد، روویان کردە پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت، نامە لەنێوان سەرکردەکانی کورد و سەرکردەکانی حزبی شیوعی سۆڤیەتی ئاڵ و گۆڕ کراوە.

## سێیەم/ بارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی کوردستانی باشوور:

بەهۆی مانەوەی کوردستان، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەژێر دەسەلاتی بێگانە و داگیرکاری جۆراو جۆرو نەبوونی دەسەلاتێکی نیشتمانی سەربەخۆ، بارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی لە ئاست و شێوەیەکی دواکەوتووانە ماوەتەوە، لە خەسڵەتەکانی ئەو دۆخەش، دیاردەکانی:

زاڵبوونی دەرەبەگایەتی و سیستەمی خێڵەکی، دابو نەریتێکی چەق بەستوو، مانەوەی کاری بەرهەم هێنان لە گوندەکان لەسەر شێوازە سەرەتاییەکەی،

دروست نەبوونی چینی کرێکار و پیشەسازی نیشتمانی، بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری بە جۆرێکی کوشندە، پەککەوتوویی ڕۆڵی ژنان، فراوان بوونی جیاوازییەکانی نێوان شار و گوندەکان، هەروەها ڕێژەی دانیشتوان بە شێوەیەکی زۆر سست بووە لە رووی زیاد بوونەوە، بە گشتیش رووخسار و مۆرکی دەرەبەگایەتی خێڵەکی کۆچەری بەسەریدا زاڵە.

**دەکرێ پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستان بەسەر سێ جۆر پۆلێن بکەین[٣٧]:**

١- ئەو جوتیارانەی گوند و لادێیەکان، کە ژیانیان پەیوەستە بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، ئەوانەش بەپێی خاوەندارێتی دەبنە چەند بەشێکەوە، لێرەدا جیاوازی هەیە لەنێوان جوتیاران لە رووی رادەی موڵکدارییەکە، کە جوتیاری هەژار و گەورە موڵکدار هەیە.

٢- دەرەبەگ و خاوەن موڵکە گەورەکان، لەگەڵ کۆمەڵە پیاوێکی ئایینی دەسەڵاتدار.

٣- دانیشتوانی شار و شارۆچکەکان، کە خەریکی بازرگانی و کاری پیشەیی جۆراو جۆرن، جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا لە رووی توانای ماددی و داهاتەوە، ئەو چین و توێژانەی ناو شارەکان، پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتیان توندە لەگەڵ گوند و ژیانی عەشایەری دابو نەریتە باوەکەی.

لە کوردستان، پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان، یەکێك لە سیما باڵاکانی دەسەڵاتی خێڵ بووە [٣٨] بەسەر خاوەندارێتی زەویدا، ئەگەرچی جوتیارانیش موڵکی بچووکیان هەبووە لەپاڵ موڵکداری دەرەبەگەکان، ئەم دیاردەیەش وای کردووە لەچاو جوتیارانی میللەتانی دیکەدا، جوتیاری کورد کەمتر رووبەڕووی حاڵەتی دەرکردن بۆتەوە لەسەر زەوییەکەی.

یەکێك لە خەسڵەتەکانی دیکەی ئەو پەیوەندییانە، پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکانە لە ڕێکخستنی تائیفەگەری، کە لە کۆمەڵگەدا یەکیان

گرتەوە، ئەو ڕێکخستنە تائیفە گەرییانەی کە بۆ ئەو سیستەمە عەشائیرییە دەگەڕێتەوە و لەناو هەموو سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا داچۆڕاون.
هەر دەربارەی پەیوەندییە خێڵەکییەکان، دیارە سیمایەکی جودایان هەیە، لەکاتێکدا کە گوند و لادێکانی خێڵە عەرەبەکان، ناوچەگەری، بنچینەیی سیستەمی خێلایەتی بووە، دەبینین لەناوچە گوندنیشنەکانی کورد، گوندکراوەتەوە بنچینەی ئەو یەکێتیە بە کردەیی، بۆیە ئەو پەیوەندییانەی لەسەر بنچینەی زەوی دامەزراون زیاتر لاواز تر و لەبارتن بۆ ئەوەی دووچاری لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە بن، لەچاو ئەو پەیوەندییە خێڵایەتیانەی کە لەسەر خوێن بوونیادنراون، ئەم شێوازەی دووەمیان لەناو پەیوەندییە خێلایەتییەکاندا زیاتر باون.
هۆکاری ڕاستەقینە بۆ پێگەو پایەی سەرۆك عەشیرەت و بەگ و ئاغاکان، لەوەوە هاتووە کە ئەمانە کۆمەڵ و گروپی شەڕ کەر بوونە (بەهۆی توانا مادییەکانیان)، لە کاتێکدا جوتیارەکان سەرقاڵی هەندێ کارو پیشەی سەرەتایی بوون، لە پاڵ کارە سەرەکییەکەیاندا، کە کشتوکاڵ بووە، ئەم جۆرە کارانەش بەپێی نەریتی عەشائیری، جۆرە کارێکی ئاست نزم بوون، بە بەراورد لەگەڵ کاری جەنگدا.
(حنا بطاطو) دەڵێ: پێگەی شێخ یان سەرداری عەشائیرە کوردەکان لە بنچینەوە[٣٩] سەرچاوەکەی لەوەوە هاتووە کە ئەرکی سەرەکی ئەوان پاراستنی عەشیرەتەکە بووە، هەر بۆیە ئەم ئەرکە پێویستی بەوە هەبووە، کە ئەو سیما سروشتییانەی تیادا هەبێ، کە ئەرکێکی لەو جۆرە دەیخواست، بەواتایەکی دیکە سەرکردایەتی شێخەکان سەرکردایەتییەکی سەربازی بووە، بە سووك تەماشا کردنی پیشەکان و دوورکەوتنەوەی خەڵکی لە جێبەجێکردنی ئەو پیشانە وایکردووە کە لە کوردستان چەند تائیفە و ڕەگەزێك، پیشەکانی وەك بەرگدرووی، جۆلایی، ئاسنگەری... بۆ خۆیان قۆرخ بکەن.

سەرەتای سەدەی بیستەم، کوردستانی باشوور، وەك ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست[٤٠]، بەرەو ڕووی گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی قوڵ بۆتەوە، لە ئەنجامی ئەو پەرەسەندنە خێراییەی بازرگانی و پەرسەندنی پەیوەندییە دەرەکییەکان و هەوڵدان بۆ دەرهێنانی نەوت.

دیارە ئەو گۆڕانکارییانە، کاریگەری و رەنگدانەوەی گەورەیان هەبووە بەسەر جۆرەها بوارەکانی ژیان، بەتایبەتی بواری سیاسی و هۆشیاری نەتەوایەتی، خوێندەواری فراوانتر بووە، چاپخانە زۆرتر بووە، رۆژنامەکان لەچەند شارێك سەریان هەڵداوە و بایەخدان بە زانست و رۆشنبیری لە گەشەکردندا بوو.

هەموو ئەو هەل و مەرجانە، بارێکی لە ململانێی توند و بەرەنگاربوونەوەی خوڵقاندووە، لەنێوان، بیروبۆچوونی نوێ، بە هاورەفتاری نەوەیەکی نوێ، بەرامبەر بە دابونەریتی کۆن و نەوەیەکی کۆنەپارێزی پایەدار، کە دژی هەر رەوت و گۆڕان و بیر و باوەڕێکی ئازادی و یەکسانی بوونەتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە لەنێوان شار و گوندەکاندا جیاوازی چینایەتی زەقتر دەرکەوتووە، بەڵام پەیوەندییە خێڵایەتیەکان و خەسڵەتە گشتییە عەشائیری و دەرەبەگایەتییەکان باڵا دەست بوونە.

رێزگرتن لە ئافرەت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازی زۆری هەبووە، ئافرەت لە هەندێ بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆڵی گێڕاوە، بەڵام بەزۆری هاوبەشێکی ئەرێنی نەبووە لە بەڕێوەبردنی کار و چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگە.

پەیوەندییە بازرگانییەکان، بەتایبەتی لەگەڵ ئەوروپا لە گەشەکردندا بووە، بازرگانە بیانییەکان[٤١] بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانیان بازرگانیان دەکرد لە شارە گەورەکانی کوردستان.

شارەکانی کوردستان سیمایەکی شارستانی تر و دیاری تریان وەرگرتووە، جیاوازی چینایەتیش خێراتر هەنگاوی ناوە، بەهۆی کەڵەکە بوونی سامان و

دارایی لە دەستی چینێکی بچووکدا و سوود وەرگرتن لە مۆڵکداری زەوی و زار، دیاردەی پەیدابوونی چینێکی بچووکی دەوڵەمەند و ژمارەیەکی زۆری هەژار و کەم دەرامەت لە زیادبووندا بووە.

**چوارەم: دەرکەوتنی چینی نوێی سەرکردایەتی ئایدیا هاوچەرخەکان لە کوردستان:**

لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، دەسەڵاتدرانی بەریتانیا لەسەر ئاستی جیاوازدا، بەڵێن و پەیمانێکی[٤٢] زۆریان بە کورد داوە، دەربارەی رێزگرتن لە داوا و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، بەڵام وا دەرکەوت کە هەموو ئەو بەڵێنانە بێ ئەنجام بوون، لە کۆتاییدا ئەوەی بەرژەوەندی بەریتانیا و زلهێزەکانی ئەو سەردەمە پێویستی کرد، هەر ئەوە جێبەجێ کرا.

ئەنجام و دەرهاوێشتەکانی جەنگ، گۆڕانێکی چۆنایەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردی[٤٣] دروست کرد. سەرکردەی عەشیرەت و رابەرە ئایینیەکانی ئەو سەردەمە، تا ماوەی دوای جەنگی جیهانی دووەمیش رۆڵی کاریگەریان هەبووە لە سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی، زۆربەی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان کە روویاندا، لەژێر سەرکردایەتیان بووە، هەر لە خێزانی ئەو سەرکردە و عەشیرەت و بنەماڵە ئایینیانەش، نەوەی ناو شار و خوێندەوار دەرکەوت.

سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، تا ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، توێژی شارستانی و توێژێکی رۆشنبیر، شان بە شانی توێژی عەشائیری و کۆنەپارێز، گەیشتنە لوتکەی رابەرایەتی کردنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی.

گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، دەرفەتی رەخساند بۆ ئەوەی دەستە و توێژی نوێی پێشکەوتوو، رۆڵیان هەبێ لە کاروباری کۆمەڵگەی کوردیدا، کە بریتین لە توێژی رۆشنبیران و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و

ئەفسەر و پلەدارانی نیشتمان پەروەری ناو سوپای عوسمانی (ئەوانی گەڕانەوە)، ئەو توێژانە دەکرێ وەك چینێکی نوێ تەماشا بکرێن.

بەڵام ئەم چینە بەسەر بوونیادێکدا چاوی کردۆتەوە کە سەرخان و ژێرخانی، لە گەشەکردن و پێکهاتنی[٤٤]، ئاسایی و سروشتی خۆی نەبووە، دیارە ئەمەش راستەوخۆ دەرئەنجامی ژێر دەستەیی نەتەوەیی کورد بووە بە درێژایی مێژوو، واتە گرفتی نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی، لە کاریگەرترین کۆسپەکانی بەردەم خەباتی توێژی بژاردەی کورد بووە.

ئەم چینە، یان ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە خوێندەوارە، بە هەموو رەگەزە جیاوازەکانیەوە[٤٥]، دەستی بە گەشەکردن و پێگەیشتن و رۆڵ گێڕان کردووە، بە هەنگاوی لەسەرخۆ و متمانە کردن بەخۆ، رۆڵی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆرتر دەبوو، بەتایبەتی دوای راپەڕینی تورکە لاوەکان ساڵی (١٩٠٨)، دژ بە دەسەڵاتی رەهای سوڵتانی عوسمانی، چونکە دوا بەدوای ئەو راپەڕینە، ماوەیەك رێگا بۆ ئازادییە سیاسییەکان خۆشکرا، ئەگەرچی زۆریش درێژەی نەکێشا.

لەو ماوەیەدا توێژ و گروپە جیاوازەکانی ئەم چینە، هێز و تەکانێکی گەورەیان بە خۆیانەوە بینیوە، لە خۆ رێکخستن لەناو ئەو کۆمەڵە و رێکخراوە سیاسییانەی هەڵگری بیروباوەڕی ئازادی و یەکسانی و ناسیۆنالیزمی بوون.

ئەو ئایدۆلۆژیا مرۆییانە، هەرچەندە لەناو هەناوی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەدایك دەبن، بەڵام لە هەمان ژینگە و سنووردا قەتیس نامێنێتەوە، بەڵکو لەلایەن کۆمەڵ و مرۆڤی ناوچە جیاوازەکانی جیهان، هەوڵ دەدرێت لەبەر رۆشنایی تایبەتمەندییەکان کاری پێ بکرێت.

لەدوای (١٩٠٠)ن، زۆرێك لە ئایدیا نوێیەکان روویان لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە بە کوردستانیشەوە، ئەگەر بیروباوەڕی دیموکراسی و لیبراڵی بێت، یان ناسیۆنالیزمی و یاخود سۆسیالیزمی.

بیروباوەڕەکـانی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری (١٩١٧) لـە روسـیا، گەیـشتۆتە چـەند ناوچـەیەکی جیـاواز[٤٦] لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، سـەرەڕای بیروباوەڕەکـانی شۆڕشی فەرەنسای ساڵی (١٧٩٨ن).

کوردەکـان لـە زۆر بـاردا ئاگـاداری رووداوەکـانی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر بوونـە، بەڵگـەش لەسـەر ئـەم بـیرو بۆچـوونانە، راپۆرتـە زۆرەکـانی کـار بەدەسـتانی بـەریتانیا لەناوچـە جیاوازەکـانی کوردسـتان، کـە ئاراسـتەی سـەرووی خۆیـان کراوە، ئامارە بەوە دەکەن کە بیروباوەڕی (بەلشەفیك)* لـە ناوچەکە بڵاوبۆتـەوە، ئەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر بارودۆخی ناوچەکە.

هـەر لـەم بوارەدا، بیروباوەڕی نازییـەت بە چەندین رێگا و شێواز لـەناو چین و توێژی روناکبیرانی کـورد بڵاو بۆتـەوە، دەتـوانین بڵـێین هەڵوێستی بـەریتانیا لـە ئاست کێشەی کورد لە ناوچەکە بەو شێوەی پێشتر ئامارەی بۆ کرا) سـەرەڕای پڕوپاگەنـدەی نازییـەکان دەربـارەی رەگـەزی ئـاری و دژایـەتی بـۆ بـەریتانیا و سەرکەوتنە بەراییەکانی لە جەنگ، هۆکاری دەروونین بۆ گەشەکردنی بیرۆکـەی نازییەت لەناو کورددا.

هەر بۆ نموونە، رێکخراوێك بەناوی ئەستێرەکانی نازی لە سلێمانی پێکهاتبوو، لەناو حزبی هیواش چەندین ئەندام خۆیان بە نازی لەقەڵەم دەدا، سەرەڕای ئـەو دیاردانـەش خـەڵکی لـە کوردسـتان گـوێ بیسـتی رادیـۆی (بـەرلین) دەبوون، لـە رێگـای ئـەو ئێزگەیـەوە گوێیـان لـە هەواڵـەکانی جـەنگ دەبـوو، لـە شـاری سـلێمانیش کەسـانێك هـەبوون ناویـان لـە خۆیـان نـابوو: حـاجی هیتلـەر، یـان هیتلەری کوردستان.

دوای جەنگی جیهانی یەکەم، بزووتنەوەی کوردایەتی، دابەش بووە بەسـەر سـێ ناوەندی ناوچەیی سەرەکی، ئەو ناوەندانەش بریتین لە[٤٧]:

## یەکەم: ناوەندی ورمێ

ئەم ناوەندە لەژێر سەرکردایەتی سمکۆدا بەڕێوە دەچوو، سمکۆ بۆ خۆی سەرکردەیەکی ئازا و کورد پەروەر بوو، هەروەها سەرۆکی عەشیرەتیش بوو، سمکۆ سەرکردایەتی بەشێکی بزووتنەوەی کوردی دەکرد لەژێر دەسەلاتی ئێراندا بوو. حکومەتی بەریتانیاش نەیدەویست پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران بشێوێنێ، بۆیە ئامادە نەبوو هەر جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ بزووتنەوەی سمکۆ ببەستێ.

ئەوەی لەم بەشە دروست بوو لە کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی، تەنها (کۆمەڵەی جیهانزانی) بوو کە لەلایەن عەبدولرەزاق بەردخان و سمکۆ وە دامەزراوە ساڵی ١٩١٣ ز، ئەم ڕێکخراوە بە هەموو پێوانەیەك زیاتر کۆمەڵەیەکی کلتوری و هۆشیاری بووە.

## دووەم: ناوەندی سلێمانی

ئەم ناوەندەی بزووتنەوەی کورد، لە ڕووی جەماوەرییەوە لە هەموو ناوەندەکانی دیکە توند و تۆڵتر و لە ڕووی چەکداریشەوە بە بەراورد لەگەڵ ناوەندەکانی دیکەدا باسکی لە هەمووان بەهێزتر بووە.

شێخ مەحمود و بزووتنەوەی ئەم بەشە بە پێچەوانەی ناوەندی ئەستەمبوڵەوە، بڕوایان بە چەك و هێزی چەکداری هەبووە، کەمتر بایەخیان بە خەباتی ڕێکخراوەیی و حزبی هەبووە. بۆیە ڕاستەوخۆ دوای شکستی بزووتنەوە چەکدارییەکەی شێخ مەحمود کۆمەڵێك ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی دەرکەوتن، وەك:

جەمعیەتی کوردستان، کۆمەڵەی پێشکەوتن، کۆمەڵەی زانستی کوردان، کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان، یانەی سەرکەوتن، ڕێکخراوی بەلشەفیك، کۆمەڵەی لاوان...هتد.

## سێیەم: ناوەندی ئەستەمبوڵ

ئەم ناوەندە هەم لە رووی مێژووییەوە و هەم بایەخدان بە خەباتی رێکخراوەیی هەم لە رووی کاری کلتورییەوە، دەوڵەمەندترین ناوەندی کوردییە.

ئەم ناوەندە کۆمەڵێك رێکخراو و کۆمەڵەی کوردی دروست کردووە، کە بۆ خۆی بووە بە پێشەنگ لەم بوارەدا.

دەستەی یەکەمی (ئەنتلجنسیای)* کورد، پیاوە روونـاکبیرە کوردەکانی عوسمانی دوای (دانانی دەستور) بە ماوەیەکی کەم یەکەمین کۆمەڵەی کوردیان بەناوی (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد) دروست کردووە، ئەم رێکخراوە، بە شێوەیەکی رەسمی لە رۆژی (٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨، لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە بە سەرۆکایەتی، سەید عەبدولقادر شەمزینانی، دوای ئەوەش چەند رێکخراوێکی سیاسی دیکەی کورد دامەزراوە.

## بەشی سێیەم

## سەرەتاکانی ژیانی حزبایەتی لە کوردستان

١- ئەرك و رۆڵی توێژی رۆشنبیر لەم قۆناغەدا.

٢- کۆمەڵە و رێکخراو و یانە کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و سیاسییەکان.

٣- خشتەی زانیارییەکان دەربارەی ئەو کۆمەڵانە.

٤- کۆتایی و هەڵسەنگاندن.

## یەکەم: ئەرك و رۆڵی رۆشنبیران

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، جەماوەری کورد بە ئاگابوونەوە و بزاوتێکی سیاسی گەورەی تیادا بلاوبۆتەوە، بەتایبەتی دوای شکست هێنانی راپەرینە چەکداریەکانی شێخ مەحمود و سمکۆی شکاك* و ئاگری داغ، ورەو گیانی نیشتمانپەروەری بەرز بۆتەوە، تێگەیشتن و هۆشیاری سیاسی لە ئاست رووداو و کێشەکان بوژاونەتەوە، هەڵسەنگاندن بۆ پرسە نەتەوایەتییەکان قوڵتر و وردتر بۆتەوە.

یەك لە خەسڵەتەکانی هۆشیاری نەتەوایەتی و رابوونی سیاسیش، بریتی بووە لە کارکردن لە بواری رێکخستنی سیاسی و پێکهێنانی حزب و کۆمەڵە سیاسییە نهێنی و ئاشکراکان.

دیارە بارودۆخی کوردستان لەو سەردەمە زیاتر وای سەپاندووە کە کاری سیاسی بە شێوەیەکی نهێنی ئەنجام بدرێت، بەلام لە هەمان کاتدا هەندێ یانە و کۆمەڵەی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری دروست بوونە و بە ئاشکرا کارەکانیان بەرێوە بردووە، ئەو کۆمەڵە و یانانەش کاریان بۆ بەرژەوەندی پرسە نەتەوایەتییەکە کردووە.

لەم بوارەدا توێژی رۆشنبیری کورد بە رۆڵی کارا و سەرەکی هەستاوە، (د.موکەررەم تاڵەبانی)، توێژی رۆشنبیری کوردی بەسەر چەند قۆناغێك دابەش کردووە، کە هەر قۆناغەش مۆرك و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەبووە، بەم شێوەی خوارەوە[٤٨]:

### ١- قۆناغی رۆشنبیری دەرەبەگایەتی:

لەم قۆناغەدا رۆشنبیری لەنێوان توێژێك لە رۆشنبیران گەشەی کردووە کە پێکهاتوون لە، زانایانی ئایینی و شاعیر و ئەدیبان. بێ ئەوەی ئەم رۆشنبیرییە بگاتە چین و توێژە فراوانەکانی جەماوەر، لەوانە: مەولەوی، نالی، خانەی

قوبادی، ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، شێخ مەعروف نۆدێیی، مەلا ئەسعەدی جەلی زادە، عەبدولرەحمانی رۆژبەیانی.

## ب/ قۆناغی رۆشنبیری نەتەوایەتی بورژوازی:

لەم قۆناغەدا رۆشنبیری نەتەوایەتی لە رێگەی توێژێك لەو رۆشنبیرانەی کە قوتابخانە و کۆلێژەکانی سەر بە ولأتانی ئەوروپا و عوسمانی و عیراقیان خوێندووە، سەری هەڵداوە، لەو کەسانەش: مستەفا پاشای مولکی، رەفیق حلمی، محەمەد ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، فائیق بێکەس، گۆران، جەمال عیرفان.

## ج/ قۆناغی رۆشنبیری نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز:

لە رۆشنبیرە پێشەنگەکانی ئەم قۆناغە: ئیبراهیم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵلأ، یونس دڵدار، عەبدولواحید نوری، لەم قۆناغەدا (کۆمەڵەی – دارکەر) و (حزبی هیوا) دامەزراون، هەروەها گۆڤاری گەلاوێژ دەرچووە، سەرەڕای چەندین کتێب و بلأوکراوەی دیکە.

## د/ قوناغی سەرهەڵدانی رۆشنبیری شۆڕشگێڕی:

لەم قۆناغەدا، لقی حزبی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقی دامەزراوە، گۆڤاری ئازادی دەرچووە، پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، کۆمەڵێکی گەورەی رۆشنبیر و ئەدیبی پێشکەوتنخواز هاتنە گۆڕەپانەکە. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی باشوور، زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، هێز و توانای جەماوەری بۆ پەیدا ببوو، هەروەها لە رووی کاری چەکداریشەوە توندو تواناتر بوو، دەکرێ بوترێ کە ناوچەی سلێمانی لە باشووری کوردستان (بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی

کوردستان) زیاتر مەڵبەندی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بووە، هەر بۆیە دوای شکستهێنانی بزووتنەوە چەکدارییەکە، خەباتی ڕێکخراوەیی سیاسی بە گەرمی لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە دەستی پێکراوە، کە بەدەیان و سەدانیان، لە تێکۆشەر و ماندوو نەناسی نیشتمان پەروەری کورد ئەرکیان هەڵگرتووە، بەشداری ڕێڕەوە مێژووییەکەیان کردووە، کە لە میانەی باسەکان ناویان دێت.

ئەم قۆناغە لە خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی کورد، چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، دەکرێ لە چەند خاڵێکدا بە کورتی ئاماژەیان بۆ بکەین[٤٩]:

١- هێزی کوردی لەم قۆناغەدا، هێزێکی نەتەوایەتی نیشتمانی بووە، ئامانجەکانی ڕزگاری و گەشەپێدان بووە.

٢- هەموو شێوازێکی شارستانی پەیڕەو کراوە لە میانی خەباتدا.

٣- چینی بورژوازیەتی نیشتمانی ڕۆڵی گەورەی تیادا گێڕاوە.

٤- سەرەتاکانی هزری سۆسیالیستی لەناو ڕۆشنبیران بڵاو بۆتەوە.

٥- کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، هەردوو شێوازی ئاشکرا و نهێنیان پیادە کردووە.

## دووەم: کۆمەڵە و ڕێکخراوە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان

### ١- کۆمەڵەی بەلشەفیك[*]:

سەرەتای دروست بوونی بزووتنەوەی سیاسی لە کۆیە بۆ کۆتایی ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم[٥٠] دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧) لە ڕوسیا و کشانەوەی لە جەنگ و ئازادکردنی دیلەکانی جەنگ.

لەناو ئەو دیلانە ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی شاری کۆیێ تیادا بوو، ئەوانە لە ماوەی مانەوەیان لای سوپای ڕوسیا، مێشکیان بە بیری نوێ ئاودار بوو، دەربارەی دروشمی ئازادی و یەکسانی و خەباتی ڕزگاری گەلان.

ئەم دیلانە لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لەو کۆییانەی کە بە هۆی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی عوسمانیەکان دەربەدەر کرابوون و بەرەو شارەکانی ئێران کۆچیان کردبوو، زیاتریش لە شاری (مەهاباد) نیشتەجێ بوون، ئەوانە بۆ شاری کۆیە دەگەڕێنەوە، دواتر دەست دەکەن بە جموجۆڵ و چالاکی سیاسی.
ئەوانە کۆمەڵەیەکیان بەناوی (بەلشەفیەك) دروست کرد، کە لە راستیشدا لاسایی کردنەوەی شیوعییە (بەلشەفیەکان)ی روسیا بوو.
سەرەتا ژمارەیان دوازدە کەسێ دەبوون، هەندێ جاریش ناوی (پێشکەوتنخوان)یان پێ دەگوتن.
وەك دەگێڕنەوە، کۆمەڵە گوێ بیستی ئەو بەیاننامانە دەبوو کە لە روسیاوە بڵاودەکرایەوە، ئەندامانی کۆمەڵە بە نهێنی کاری خۆیان ئەنجام دەدا و ناوبانگیان بەخو رەوشتی چاك و رەفتاری مەردانە دەرکردبوو، ببونە جێگەی رەزامەندی زۆربەی دانیشتوانی کۆیە و دەروبەرەکەی، تەنانەت حەمە ئاغای کۆیەش پشتگیری و کۆمەکی کردوون.
کۆمەڵەی بەلشەفیك توانیان لە ساڵی (١٩١٧)ز دا قشڵەی کۆیە بگرن و هەرچی کەل و پەل و چەك و تەقەمەنی ناو قەڵاکە هەیە بە تەواوی دەستی بەسەردا بگرن و تەنانەت لێپرسراوی تورکەکانیش بەدیل بگرن، بەڵام پاشان ئازادیان کردووە.
بەڵام دواتر هێزێکی گەورەی جەندرمەی تورك هێرشی کردۆتە سەر کۆیە و گرتیان، بۆیە ئەندامانی کۆمەڵەی بەلشەفیك ناچار بوون کۆیە بەجێ بهێڵن و بەرەو ناوچەی پشدەر خۆیان دەرباز بکەن.
لەسەردەمی ئینگلیزەکان، کە (برادشۆ) حاکمی سیاسی کۆیە بوو لە ساڵی (١٩٢٠)دا، دوای مردنی حەمە ئاغای کۆیە، کۆمەڵەی بەلشەفیك جارێکی دیکە هێرشیان کردۆتەوە سەر قشڵەی کۆیە و توانیان دەستی بەسەردا بگرن، ئینگلیزەکان ناچار بوون بۆ ماوەیەکی کورت بکشێنەوە. بەمەش برێك پارە و

چەك و كەل و پەل لەدوای خۆیان بەجیٚ دەهێڵن، كە ئاغاكانی كۆیە ویستویانە دەستی بەسەردا بگرن و لەنێوان خۆیاندا دابەشی بكەن، بەلاٚم چەكدارانی كۆمەڵەی بەلشفیك ناڕازی بوون و پێیان راگەیاندوون كە ئەوان رزگاركەری قشڵە بوون، بۆیە دەبیٚ دەسكەوتەكان بە یەكسانی دابەش بكرێت و بەشی ئەوانیشی تیا بێت.

دەربارەی ژمارە و ناوی ئەو چەكدارانە، بیروڕای جیاواز هەیە، بەلاٚم دەكریٚ ئاماژە بۆ ئەم ناوانە بكرێت[51]:

١- رەسول جەلیل ئاغای حەوێزی.

٢- عومەری حەمەد موستەفا ئاغای غەفوری.

٣- ساڵح ئاغای غەفوری.

٤- گەریمی گۆدە.

٥- عەدەی دورسن.

٦- مەعروفە سوور.

٧- عەبدوڵلاٚ (عەدەی) مام شێخ.

٨- فەتاحی فەقیٚ عەولاٚ.

٩- رەزای فەقیٚ عەولاٚ.

١٠- حەسەنە خڕە.

١١- رەشید شەوگێڕی.

١٢- سمایلی رەسولی خدر كێشكەیی.

بەپێی گێڕانەوە لەسەر زمانی (رەزای فەقیٚ عەبدوڵلاٚ)، كە ئەو كاتە تەمەنی (١٧) ساڵان[52] بووە، لەكاتی هێرشیان بۆ سەر قشڵەی كۆیە، باوكی خۆی (عەبدوڵلای حاجی ئیسماعیل، بەشداری ئەو كارەی كردووە لەگەڵیان، هەروەها ئەوان پێش پەلاماری قشڵە، جۆرێك لە پەیوەندییان لەگەڵ جەندرمەكان هەبووە، هەر لە كاتی تەقە و شەڕ هەڵگیرسان، حاكمی كۆیە لەگەڵ چەند

جەندرمەیەك لە دەرگای سەرەکیەوە هەڵهاتوون، بەڵام دەستگیرکراوە و پاشان ئازاد کراوە. ئەوان واتە گروپی بەلشەفیك بۆ ماوەی (١٥) رۆژ دەستیان بەسەر کۆیەدا گرتووە، بەڵام دواتر تورکەکان بە هاوکاری ئاغاکانی غەفوری و حەوێزیەکان گەڕاونەتەوە ناو شاری کۆیە.

هەروەها، مامۆستا تاهیر حەوێزی لە کتێبەکەی دەربارەی مێژووی کۆیە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو گروپە چەکدارە پەیوەندییان بە بزووتنەوەیەك دەبێت لە ناوچەی (حەریر و باتاس) کە لەلایەن شێخ رەقیب سورچی سەرکردایەتیان کراوە.

لە ساڵی (١٩٢٠)دا جارێکی دیکە شاری کۆیە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان، یەکەم کاریان، لە ناوبردنی ئەندامانی ئەم کۆمەڵە بوو، لە دواییدا توانیان لەناویان بەرن، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی کەم بوون، ئەوانی دەستگیرکران بڕیاری کوشتنیان لەسەر جێبەجێکرا، هەندێکیشیان هەڵاتن بەرەو سنوورەکانی ئێران، بەمەش کۆتایی بە ژیانی سیاسی ئەم کۆمەڵەیە هات.

### ٢- کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان:

وا دەرکەوێت کە هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی ئەم رێکخراوە سیاسییە، دوای شەڕی دەربەندی بازیان و بەدیل گرتنی شێخ مەحمود بووبێت، ئەو سەردەمەی مێجەر سۆن حاکمی سیاسی ئینگلیز بووە لە شاری سلێمانی.

هەندێ نووسەر، مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان بۆ ساڵی (١٩٢٠) دەگەڕێننەوە[٥٣].

(رەفیق حلمی) لە یاداشتنامەکانی (خۆی ئەندامێکی کارای دامەزرێنەر بوو) بەم جۆرە باس لە دامەزراندنی کۆمەڵە دەکات، لەگەڵ بەسەرهات و دوا ساتەکانی ژیانی[٥٤]:

بۆ خزمەتی مەسەلەی کورد، لەگەڵ هاوڕێ خۆشەویستەکان کەوتینە کار، لەماوەیەکی کەمدا کۆمەڵە هاتە ناو، زۆری پێ نەچوو زۆربەی لاوە نیشتمانپەروەرەکان، لە ئاغا و ئەفەندی، لە شێخ و مەلا، بەگزادەکانی بابان، کاسبی ناو بازاڕ، سەرۆك عەشیرەتەکانی پشدەر، هەروەها جاف و هەورەمان و هەمەوەند و جەباری، هاتنە ناو کۆمەڵە.

جێی نکۆڵی نییە کە لە هاتنی شێخ و سەیدەکانی بەرزنجە و قەرەداغ و سەنگاو و سەگوڵو و عەسکەر، هەروەها سەرۆکەکانی هەمەوەند و جاف و پشدەر و هەورامان، هەریەك لە (ماجد مستەفا) و (مەحمود جودت) و (سەید عەبدوڵلای حاجی سەید حەسەن) دەستێکی باڵایان هەبوو.

ئامانجمان لە دورستکردنی کۆمەڵە، یەکخستنی کوردەکان و بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و گیانی نیشتمانپەروەری بوو.

بۆ ئیدارەدانی کۆمەڵە دەستەیەك پێکهات لە (٧) ئەندام، بۆ دانانی سەرۆك دیارە بیروڕای جیاواز هەبوو، بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵە رایان وابوو کە من (واتە رەفیق حلمی) ببێتە سەرۆك، بەلام بۆچوونی خودی (رەفیق حلمی) وابوو کە کەسایەتیەکی ناودار ببێتە سەرۆك بۆ ئەو سەردەمە، بەتایبەتی کەسێکی وەك (حەمدی بەگ).

(عزمی بەگ) بۆ خۆی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە نەبوو، بەلام لە هەموو کاتێکدا پرسی پێ نەکراو لەبیر و باوەڕ و نەخشەدانان کەڵکی لێ وەردەگیرا. لە کۆبوونەوەی ماڵی (عزمی بەگ) بڕیار درا قسە لەگەڵ (حەمدی بەگ) بکرێت و بەناوی کۆمەڵە نامەیەکی بۆ بنووسرێت، لەو نامەیەی کە ئاراستەی (حەمدی بەگ) کرا، تیایدا هاتبوو:

کۆمەڵەی سەربەخۆیی، لەبەر ئەوەی جەنابتان بە میرێکی کورد دەزانێ و لەم رۆژەدا یەکێکی لە ئێوە باشتری بەبیردا نەهاتووە، کە پێگەی سەرۆکی فەخری پێ ببەخشێ، بۆیە داوامان ئەوەیە کە ئەم (سەرۆکایەتییە) قبوڵ بکەن،

هەروەها ئەگەر قبوڵتان کرد، داواتان لێ ئەکەین کە لەبارەی (حقوق)ی کوردەوە بکەونە کارەوە بەتایبەتی بەبیری نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا بخەنەوە کە سەرکەوتنی سیاسەتی بەریتانیا لە عێراقدا و بەتایبەتی لە کوردستان بۆ ئەمڕۆ بەستراوە بە ئاوڕانەوەیان لە کورد و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان.

هەر لە نامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو، کە ئەنجومەنی بەڕێوەبەردن هەموو هاوکارییەك لەگەڵ (حەمدی بەگ) دەکات، ئەگەر ئەو ئەرکەی قبوڵکرد، لەنامەکەدا ئامآژەش بۆ ئەوە کرابوو، ئەگەر حکومەتی ئینگلیز لەوە زیاتر هاواری قەومی کورد پشت گوێ بخات، دوور نییە شۆڕشی دووەمی کورد دەست پێ بکات.

دیارە دوای ماوەیەك، بەبێ ئاگاداری دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە (حەمدی بەگ) دەگاتە شاری سلێمانی، هەروەها بەبێ ئەوەی وەڵامی نامەکەیان بداتەوە و لەو ماوەیەش کە لە شاری سلێمانی بووە هیچ هەنگاوێکی نەبووە بۆ پەیوەندی کردن بە کۆمەڵە، واش دیارە پەیوەندی بە ئینگلیزەوە زیاترو باشتر بووە، هەروەها لەژێر چاودێری حاکمی سیاسی ئینگلیز بووە و بەبێ ئاگاداری ئەو هیچی بۆ نەکراوە، بۆیە کۆمەڵە ئومێدیان لە حەمدی بەگ بڕی، لەم بارەشدا کۆمەڵە بەرەو رووی هەڵوێستێکی دژوار بووەوە، بەبێ سەرۆك.

هەر دەربارەی رۆژانی دوایی کۆمەڵە، رەفیق حلمی دەنووسێ:

کۆمەڵە لە راستیدا تەنیا ئەنجومەنی کارگێڕی و ئەوانی لەناو شاردا بوون بەرێك و پێکی یەکتریان دەبینی یان کۆ دەبوونەوە، چونکە لەسەر بنچینەیەکی بەهێز دانەمەزرابوو، هەروەها بەرنامەیەکی نووسراوی نەبوو، باوەڕ پێکراوێکی گشتی، یان (سەرۆك)ێکی بە توانا و سەنگینی نەبوو.

بەم رەنگە بناغەی کۆمەڵە، کە هەر لە پێشدا زۆر باش دانەڕێژرابوو، ئەم ساردییەش بە جارێ هەڵی تەنکاند.

ئەوانەی خەڵکی دەرەوە بوون (واتە دەرەوەی شاری سلێمانی) لێمان دوورکەوتنەوە، ئەوانی ناو شاریش وردە وردە دوور کەوتنەوە، هەندێکیشیان لە رووی ناچاری و بەهیوای خزمەتێکی کەم و زۆر لەکاروباری میری دامەزران.

**٣- کۆمەڵەکانی: بەرزی وڵات، کوردستان، گزنگ، فیداکارانی کورد، وەتەن پەروەران[٥٥]:**

لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کەسێکی خەڵکی سلێمانی بەناوی – جەمال عیرفان – لەلایەن سوپای روسیاوە بەدیل گیرابوو، ناوبراو لە ماوەی بەدیلگرتنی، بیروباوەڕی مارکسی و کۆمۆنیستی کاریگەری بەسەر بیرو باوەڕ و هۆشیارییەویە کردبوو.

لەدوای ئازادبوونی و گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی، چەندین کۆمەڵە و رێکخراوی سیاسی بچووکی پێکهێناوە، لەو چین و توێژانە بوون کە دژایەتی ئاغا و دەرەبەگ و گەورە پیاوانی ئایینیان کردووە.

ئەو بیروباوەڕە لە سلێمانییەوە گەیشتۆتە شاری کۆیە، لە رێگەی چەند کەسانێکی وەك[٥٦]:

سالح قەفتان، عەزیزی حەمە فەرەج، ئەحمەد فەخری، عەلی شەوقی.

ئەوانە بیروباوەڕی بزووتنەوەی رزگاری کوردستانیان لەناو قوتابی و لاوان بڵاو دەکردەوە. ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانە لە خەڵکی دێهات و ناو عەشائیر و شاردا، لە خوێندەوار و نەخوێندەوار، لە کاسب و فەرمانبەران پێکهاتبوون، هەموویان بەپێی بەرنامەیەك و یەك هەڵس و کەوت، بە هەموو لایەکدا لقی ئەم کۆمەڵانە ببوونەوە، پروپاگەندەیان لەناو شار و لای فەرمانبەرانی دام و دەزگا حکومییەکان زۆر بەتین بوو.

ئەم چەند رستەیەی خوارەوە بەشێکە لە یەکەم بەیاننامەی ئەم کۆمەڵانە[٥٧]:

تەنیا بە دوورخستەوەی، یان نەمانی شێخ مەحمود، نە ناوی شێخ مەحمود و نە ناوی کورد نامرێت، چونکە شێخ مەحمود، شێخ مەحمودی زۆرە، دەبێت ئەو شێخ مەحمودەی حوکمداری کوردستان بوو بە زوویی بێتەوە، یان دەبێت ئێوە بڕۆن، کوردستان نیشتمانی کوردە، ئینگلیز بێگانەیە.

**کۆمەڵانی**

**کوردستان – بەرزی وڵات**

**٢٠ – شوباتی – ١٩٢٠**

ئەو بڵاوکراوانە، ژیانی مێجەر سۆنی تاڵ کردبوو، لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیس لە هەوڵی دۆزینەوەی کەسانی ئەو کۆمەڵانە بوون، بەڵام بێ سوود بوو، بۆیە ماوەیەک هەر یەک لە (ماجد مستەفا) و (ئەورەحمان سەعید)یان گرت و ماوەیەک زیندانی کران.

جەمال عیرفان، ژیرانە دەجوڵا، تەنها لە هەوڵی روخاندنی دەزگاکەی مێجەر (سۆن) بوو لە سلێمانی، بۆیە نەیدەویست ئەو کۆمەڵانە بە هیچ شتێکی دیکە خۆیان خەریک بکەن، ئەو بۆ هەر کۆمەڵێك لە تەمەنی نێوان (١٥–٢٠)ساڵی، بۆ کاری گرینگ و نهێنی پێنج کەسی هەڵبژارد، بەرنامەیان بۆ دادەنرا.

لە راستیدا، بزووتنەوەی کۆمەڵەکان، جێگایان بە (سۆن) لێژ کردبوو، ئەم کۆمەڵانە هەریەکە بە لایەك پەیوەندییان بە سەرۆك عەشیرەتەکانەوە پەیدا کردو کردیانن بە سوێند خۆر، لە هەموو لایەك بێزاری و نارەزایی بەرامبەر بە ئینگلیزەکان سەری هەڵدەدا.

**ناردنی نوێنەر بۆ لای سمکۆی شکاك:**

لەکاتی شۆڕشی سمایل ئاغای شکاك، جەمال عیرفان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەکان، بڕیاریاندا، پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورد لە ئێران ببەستن، بۆیە دوو نوێنەریان (رەشید جەودەت) و (عارف سائیب)یان رەوانەی

کوردستانی ئێران کرد، بۆ ئەوەی چاویان بە سمکۆ بکەوێت و لە کاروباری کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان ئاگادار بکرێتەوە.
هەردوو نوێنەرەکە گەیشتنە شاری (سەقز)، ئەو کات لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانی کورد بوو، چاویان بە (سەید تەها) کەوت، کە فەرماندەی لەشکری کورد بوو لە سەقز، ناوبراو هەردوو نوێنەری کۆمەڵەکانی پەشیمان کردەوە لەوەی چاویان بە سمکۆ بکەوێت و هەردوکیانی گەڕاندەوە شاری سلێمانی، هۆی ئەم هەڵوێستەش ئەگەرچی ئاشکرا نییە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان لەترسی هەڵوێستی ئینگلیز بووە.
وێنەی چەند نامەیەکی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە، کە بۆ فەرماندەی ئینگلیزەکان ڕەوانە کراون لە شاری سلێمانی:

**١- نامەیەك بۆ مێجەر سۆن:**

بە زووییەکی زوو دەبێت حوکمدار (شێخ مەحمود) لەگەڵ دیلەکانی دەربەند، کە ئێستا لە (ئێنج قەلاّ) خشتیان پێ دەبرن، بیان هێننەوە، باش لە دوا ڕۆژی خۆتان بیر بکەنەوە، ئەوەی قەومێك بەدیل بزانێت، خۆی بەدیل دەگیرێت.

**کۆمەڵەی فیداکاری کوردستان**

**ئازاری/ ١٩٢٠**

**٢- نامەیەکی کۆمەڵەی گزنگ:**

براکان... دانیشتوانی سلێمانی — سەرۆك عەشیرەتەکان:
چاوتان بکەنەوە، لە ڕووی گێتیدا، فران فرانی کلاوی ئازادی و دەنگی داواوی سەربەستی هەموو گەلە دواکەوتووەکانە، دەڵێن (مردن یان ئازادی).
ئێمەش، کورد، هێشتا لە خەواین، حوکمدارتان دیلی دوژمنە، چونکو داوای ئازادی دەکات، چونکە دەیەوێت پەیوەندی یەخسیری گەلەکەمی بشکێنێت.

ئینگلیـزیش بـە تـۆپ و بۆمبـا، بـە سـوپای (٣٠-٤٠) هەزارییـەوە گیانمـان دەکێشێت، هێلانەی هـەزاران ساڵەمان دەڕوخێنێت، کشتوکاڵمان دەسوتێنێت، دەیەوێت یەخسیر و بەندی بین.

چاوتان بکەنـەوە، لـە شارەکەماندا نەقوتابخانـە، نـە کارگـە، نـە دڵسۆزی نییـە و نییە، بە ئادەمیزادمان ناژمێرن ئەی کوردانی نامدار، تاکەی ئەم سەرشۆڕییە، ناوی ئازایی و دلێریمان تازە بکەنەوە، دوژمنی خوێنڕێژتان لەناو بەرن، داوای ئازادی خۆتان بکەن، بەچەك بە پێنووس، بە هاوار.

کوا حوکمدارتان؟

کوا ئاڵا رەنگاو رەنگەکەتان؟

کوا هەڵمەتە دلێرانەکەتان؟

چـاو بکەنـەوە، ئینگلیـز مافمـان نـاداتێ، دەبێـت بەیەکیـەتی، بـە دانـایی لەپێویستدا بەچەك بیسێنین.

کۆمـەڵی سیڤـەر... حـەقی داوە، جا پێویستە بە نووکی خەنجەر، لـە جانتـای دیبلۆماسییە بەدنیهادەکاندا دەری بهێنن.

رۆژی ( ؟ ) مـارت رۆژی کۆبوونـەوە و بڕیـارە، کۆبنـەوە بـۆ ئامـانجی رزگـاری و برایەتی.

**کۆمەڵی گزنگ**

**٢١/مارت/١٩٢٠**

ئـەم کۆمەڵانـە، لـە بڵاوکردنـەوەی سـکاڵا و نووسـراوەکانیان بـەردەوام بـوون، هەموو هەفتەی جارێك بڵاوکراوەیەك، بڵاو دەکرایەوە، دانەیەکیشی بە لەوحەی راگەیاندنەوە لەبەر دەرگای دیواری حاکمی سیاسی هەڵدەواسرا.

### ٤- ڕێکخراوی ئازادی کوردستان[٥٨]:

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی (١٩٢٠) لە شاری کەرکوک دامەزراوە، ئەوانەی بەشداریان کردووە لە دامەزراندنی، محەمەد جاف حمە بەگ فەتاح، شێخ جەمال تاڵەبانی، موفق سەعید ئەفەندی، وەستا ساڵح جلدور، تەوفیق ئاغای گەلاڵی، مەلا محی الدین مەلا سەعید، ڕەئوف بەگ، جەلال کەرکوکی، شێخ محەمەد گولانی، میرزا تەوفیق قەزاز، سەید محەمەد جەباری، شێخ سلێمان شاکەلی.
ئەوانە کەسایەتی و نیشتمانپەروەر و سەرۆک عەشیرەتی ناوچەکانی گەرمیان و کفری بوون.

### ٥- کۆمەڵەی کوردستان:

کۆمەڵەی کوردستان، پێش ساڵانی دەسەڵاتی (شێخ مەحمود)ی حەفید و دوای هاتنەوەی لە (کوێت) بۆ کوردستان[٥٩]، دامەزراوە. بۆ دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری ڕوناکبیر و کەسایەتی و سیاسەتمەداری ئەو سەردەمی کورد، ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە.

**ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) لە یەکەم ژمارەیدا، باسی چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمەڵە دەکات و تیایدا هاتووە:**

جەمعیەتی کوردستان لەسەر هەوڵی (مستەفا پاشا) و ڕازی بوونی ڕەسمی فەرمانڕەوای سیاسی سلێمانی دامەزراوە. لە چوارچێوەیدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەی سلێمانی کۆبوونەتەوە کە کەسایەتی و ڕۆشنبیر و پیاوانی ئایینی دەگرێتە خۆی.
لە ڕۆژی ٢١/تەمموزی/١٩٢٢ لە مزگەوتی (سەید حەسەنی موفتی) لەناو شاری سلێمانی بەسەرپەرشتی مستەفا پاشا، کۆبوونەوەیەک ئەنجام دراوە، بەمەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵە.

سەرەتای کۆبوونەوەکە، مستەفا پاشا وتارێکی خوێندۆتەوە، باسی بەرنامەی کۆمەڵەی کردووە، هەروەها مەبەست لە دامەزراندنی، کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی میللەتی کورد و خوڵقاندنی یەك ریزی لەنێوانیاندا.

هەر بۆ گەیاندنی ئامانج و بیروباوەڕەکانی کۆمەڵە بە خەڵکی کوردستان، بڕیار درا کە رۆژنامەیەك بەناوی (بانگی کوردستان) دەربکرێت.

لەو کۆبوونەوە فراوانەی رۆژی: ٢١/تەمموز، دەستەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵە لە (١٣) کەس پێکهات، لەنێوان (١٠٠) کەسی ئامادەبوو بە هەڵبـژاردنی راستەوخۆ. بـەڵام سەرپەرشـتی و سـەرۆکایەتی کۆمەڵـە هـەر لەلایەن مستەفا پاشاوە کراوە.

ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن بەپێی دەنگەکان، بەم جۆرە بووە:

| زنجیرە | ناوی ئەندام | ژمارەی دەنگ |
|---|---|---|
| ١ | رەفیق حلمی | ٦٥ |
| ٢ | ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ | ٦٢ |
| ٣ | سالح ئەفەندی قەبانجی | ٥٤ |
| ٤ | فائیق بەگ مەعروف بەگ | ٤٥ |
| ٥ | حاجی ئاغا فتح الله | ٤١ |
| ٦ | عیزەت بەگ عوسمان بەگ | ٣٩ |
| ٧ | ئەدهەم ئەفەندی یۆزباشی | ٣٨ |
| ٨ | ئەحمەد بەهجەت یۆزباشی | ٣٦ |
| ٩ | شێخ محەمەد گوڵانی | ٣٢ |
| ١٠ | شێخ عەلی باپیر ئاغا | ٣١ |
| ١١ | عەلی باپیر ئاغا | ٢٩ |
| ١٢ | عەبدوڵلا محەمەد ئەفەندی | ٢٤ |
| ١٣ | شوکری عەلەکە | ٢٤ |

مستەفا پاشا، لە درێژی وتارەکەی کە بەبۆنەی دامەزراندنی کۆمەڵە خوێندیەوە بۆ ئامادەبووان، وتەیەتی:
ئیتر ئومێدمان وایە کە بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی نیشتمان و میللەت هەموو لایەک تێ بکۆشێ و ئەگەر کەم و کورتییەک هەبێ بە هەموو لایەک لێی بکۆڵینەوە و ئاگاداری کۆمەڵە بکرێتەوە.

## لە چالاکیەکانی کۆمەڵە:

### ١- دەرکردنی رۆژنامەی (بانگی کوردستان):

کۆمەڵە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە رۆژنامەی (بانگی کوردستانی) دەرکردووە، وەك زمانحاڵی خۆی. یەکەم ژمارەی لە ٢/ئابی/١٩٢٢ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەحمەد خواجە دەڵێ ئەم رۆژنامەیە هەفتەی جارێك دەردەچوو[٦٠].
هەفتە نامەکە رۆڵێکی کاریگەری بنینەوە لەنێڵە دان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەلانی خەڵك، ئەو بڵاوکراوەیە، وەك مینبەرێکی گرینگ گەلێك ئەدیب و نووسەر و روناکبیری ئەو سەردەمەی کوردی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە.
هەفتە نامەکە بە (٣) زمان نووسراوە، کوردی، فارسی، تورکی، نووسینەکانی زمانی تورکی زیاتر لەلایەن (رەفیق حلمی)یەوە دەنووسرا.

### ٢- پەیوەندی لەگەڵ سمکۆ:

مستەفا پاشا، سەرۆکی کۆمەڵە، بەنهێنی سەردانی سمایل ئاغای شکاکی کردووە لە کوردستانی ئێران، لە کۆتایی ساڵی ١٩٢١، لەو کاتەدا (سمایل ئاغا) لە گەرمەی خەباتیدا بووە دژ بە دەسەڵاتداری ئێرانی، بەڵام تورکەکانیش هەر دەترسان لێی، بۆیە بەردەوام هەوڵی تێشکاندنیان داوە، ئەم سەردانەی مستەفا پاشا، جێگای گرینگی و سەرنجدانی تورکەکان بووە.

**هەر لەم بارەوە (رەفیق حلمی) لە یاداشتەکانی نووسیویەتی[٦١]:**
دەستەیەک لە ئەفسەر و لاوانی نیشتمان پەروەری کورد، بەناوی هەڵاتنەوە، شاری سلێمانیان بەجێ هێشت و چوونە شاری (سەقز)، لە راستیدا ئەمانە لەسەر بڕیاری کۆمەڵە بۆ یارمەتی سمکۆ چووبوون، کە شێوازی بزووتنەوەکەی بگۆڕن بۆ شۆڕشێکی کوردی سیاسی.

**٣- ناردنی یاداشت بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان[٦٢]:**
هەر لە چالاکییەکانی کۆمەڵە، ناردنی یاداشتێک لە (١/تشرینی یەکەمی/١٩٢٤) بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو، دژ بە داواکاری تورکەکان دەربارەی داواکردنی ویلایەتی موسڵ کە بخرێتەوە ژێر دەسەڵاتی تورک. لە یاداشتەکەدا داوا کرابوو پشتگیری کورد بکرێت بۆ ئەوەی مافە رەواکانی بەدەست بێنێ.
کۆمەڵە، دوای ئەوەی ئینگلیز بڕیاریدا شێخ مەحمود بگەڕێتەوە سلێمانی و ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی میللی) بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سلێمانی پێکهات، کۆمەڵەی کوردستان کارو چالاکییەکانی بەرەو لاوازی دەچوو، تەنانەت مستەفا پاشا بە خۆشی ئەوەندە بە تەنگی کۆمەڵە نەدەهات.

**٦- کۆمەڵەی بەرگریکردن لە نیشتمان:**
لە ١٤/شوباتی/١٩٢٥ لە خانەقای (شێخ خالیدی نەقشبەندی) لە شاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی فراوان[٦٣] بەسترا، بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵە، لەو کۆبوونەوەیە (١٥) ئەندام دیاریکران وەك ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە، ئەو ئەندامانەش بریتی بوون لە:
ئەحمەد بەگی تەوفیق بەگ، حەمدی عەبدولرەحمان ئاغا، رەشید مەستی، تەوفیق قەزاز، شەوکەت بەگی عەزمی بەگی بابان، عەلی عیرفان، حاجی سەعید ئاغا، تەوفیق بەگ مەحمود ئاغا، شێخ محەمەد گەلاڵی، عیزەت بەگ عوسمان

پاشا، ئەحمەد بەگی فەتاح، محەمەد بەگ قادر پاشا، حاجی ئیبراهیم ئاغا، محەمەد بەگی حاجی رەسول بەگ، محەمەد ئەفەندی (سەرۆکی شارەوانی)، فەتاح ئەفەندی (ئەوقاف)، فائیق بەگی مەعروف بەگ.

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە، زۆربەی ئەو کەسانە لەو کوردە نیشتمان پەروەرانەی بەشداربووی کۆمەڵە کوردییەکانی تر بوون پێشتر، ئەوانی دژ بە سیاسەتی بەریتانیا و تورکەکان کاریان دەکرد.

بەلاّم بێ ئومێدیان لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەو هەل و مەرجەدا، سەرەڕای ئەو کوشتارە فراوانەی تورکەکان پێی هەستان دژ بە کوردی باکوور، ناچاری کردن رێگای عێراق هەڵبژێرن.

**ئامانجەکانی کۆمەڵە:**

بە مەبەستی بەرگریکردن لە نیشتمان و پارێزگاریکردن لەدەست درێژی تورکەکان، هەروەها[٦٤] دامەزراندنی حکومەتێك بۆ کوردەکان لە ناوچەی کوردستان.

نووسەری کتێبی (الحیاة السیاسیة في کردستان ١٩٠٨-١٩٢٨)، دروست بوونی کۆمەڵەی بەرگریکردن لە نیشتمان لە شاری سلێمانی بە لقێکی سەر بە کۆمەڵەی بەرگریکردن لە نیشتمان دەزانێ کە لە شاری موسڵ دامەزراوە لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٢٥، بەلاّم مێژوونووس (عەبدولرەزاق الحسینی) بە کۆمەڵەیەکی سەربەخۆی دادەنێ باسی دروست بوونی هەر دوو کۆمەڵەش دەکات، هەروەها ئاماژە بۆ بەرنامەی هەردوو کۆمەڵە دەکات کە جیاوازییەکی ئاشکرای تیادا هەیە.

## ٧- کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان (پارتی ئازادی)[٦٥]:

کۆمەڵـەی ئیـستقلالی کوردسـتان (چـﭬاتا خـووه سـەریا کـورد) کـە بـە پـارتی (ئـازادی) ناسـراوە، بەدەسـت پێشخەری میـر ئـالای (کۆلۆنێـل) خالیـد بـەگی جبرانلی (سەرۆك هۆزی جبرانلـی) لـە ئـەرزەرۆم لـە ساڵی (١٩٢١) بـە شێوەیەکی نهێنی دامەزرا.

دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە پێکهاتبوون لـە (یوسف زیا، ئیسماعیل حـەقی شـاوەیس، ئیحـسان نـوری پاشـا، راسـم شـکاك، رەشـید وانلـی... و چـەند کەسانێکی دیکەش.

کۆمـەڵی ئیـستقلالی کوردسـتان، یەکـەمین کۆمەڵـەی سیاسـی کـوردی بـوو کـە بەشـێوەیەکی تـەواو هاتـە دامەزرانـدن لـە رووی رێکخـستنی سیاسـی و دەرخستنی ئامانجەکانی. بۆیـە لـە ماوەیـەکی کەمدا توانی ژمارەیـەکی زۆر لـە نیشتمان پەروەران لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و چەندین لقیش لـە شوێنە جیا جیاکانی کوردستان بکاتەوە.

لقی موسڵی کۆمەڵـەی ئیستقلالی کوردستان، دوای سـەرنەکەوتنی کوردەکانی بـاکووری کوردسـتان لـە شۆرشـی (١٩٢٥) هاتـە دامەزرانـدن، دەسـتەی بـەرێوەبردنی ئـەو لقـە لـە ٢٦/تـەمموزی/١٩٢٦ لـە (١١) ئەنـدام پێکهـاتبوون و زۆربەشیان لە پلە و پایەی سەربازی و فەرمانبەری میری بوون.

وەکـو: (مقـدم) عەبـدولوەهاب ئەفەنـدی، (مـلازم) ئـەمین رەوانـدوزی، (مـلازم) حوسێن ئەفەندی رەواندوزی، مـەعروف چیاووك (دادوەر) و چەند کەسـانێکی دیکە.

بەرێوەبەری لقی موسڵ، (ئەمین رەواندوزی) راستەوخۆ پەیوەندی بە سەرۆکی کۆمەڵـە هـەبوو، چـەند جـارێکیش نامـەیان ئاڵوگۆر کـردووە و سـەرۆکی کۆمەڵـە سەردانی کردوون، لقی موسڵ، وەکو ناوەندێك بووە لە نێوان لقەکانی دیکەدا.

دەسەڵاتدارانی بەریتانیا، لە چالاکییەکانی لقی موسڵ بێ ئاگا نەبوونە، بەڵکو بەردەوام چاودێرییان کردووە و ئاگاداری کارەکانیان بوون، لەبەر ئەوەی بەرپرسی هێزی ئاسمانی بەریتانی ئەو لقەی بە چالاکترین لقی کۆمەڵەی ئیستقلال دەزانی.

هەروەها هەر لە رێگەی چاودێری کردنیان، دەسەڵاتدارانی بەریتانی توانیویانە دەقی ئەو نامانەیان دەست کەوێت کە لەنێوان لقی موسڵ و سەرۆکی کۆمەڵە ئاڵ و گۆڕ کراوە.

بۆیە، حکومەتی بەریتانیا کەوتە پەراهەندە کردن و بەندکردنی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە و جیاکردنەوەیان لە یەکتری، ئەگەرچی ئەوانەی کە مانەوە، بەردەوام بوون لە کارەکانیان تا دامەزراندنی کۆمەڵەی (خۆیبوون) لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا.

## ٨- کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان:

دەربارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان، بیروڕای زۆر جیاواز هەیە لە یەکتر، هەروەك لە خوارەوە ئاماژیان بۆ دەکەین[٦٦]:

١- بەپێی راپۆرتێکی بەریتانی کە مێژووی ٦/شوباتی/١٩٣٠ هەڵگرتووە، بە پشت بەستن بە سەرچاوەیەکی کورد، کۆمەڵە پێش (٨) ساڵ زیاتره دامەزراوە، واتە لە دەور و بەری ساڵی (١٩٢٢)، هەروەها وتراوە لە تەمموزی ١٩٢٧ لە شاری بەغدا دامەزراوە.

٢- سەرچاوەیەکی دیکە، بەپێی باسکردنی (ئیسماعیل حەقی شاوەیس)، ئاماژە بۆ ساڵی (١٩٣٠) دەکات، وەك مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە، کە گوایە لە موسڵ لەلایەن کۆمەڵە رۆشنبیرێکی کورد و چەند ئەفسەرێکی کوردی ناو سوپای عێراق دامەزراوە، ئامانجیان داواکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد بووە، لەناو دامەزرێنەرانی کۆمەڵە:

مەحمود جەودەت، فائیق کاکەمین، محەمەد عەلی کوردی، ئەمین رەواندوزی.
ئەندامانی کۆمەڵە پەیوەندییان کردووە بە چەند کەسانێك، وەك: رەفیق حلمی، ئەحمەد خواجە، ئەحمەد فەخری، بەمەبەستی دامەزراندنی لق بۆ کۆمەڵە لە شارەکانی دیکەی کورستان.
٣- مامۆستا (تاهیر حەویزی) لە کتێبەکەی مێژووی کۆیە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە[٦٧] کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٣١ دامەزراوە، (رەنگە مەبەستی لقی کۆیە بێت)، ناوەندەکەی شاری موسڵ بووە، لە ئەندامانیشی (مەحمود جەودەت، مستەفا چیچۆ، حەمید دەبونی، رەشید ئەفەندی (فەرمانبەر لە شارۆچکەی حەریر).
٤- راپۆرتێکی بەریتانی بە مێژووی ٦/شوباتی/١٩٣٠، باسی ئەوە دەکات: کە حزبی[٦٨] (القومي العربي) لە موسڵ، خۆی لە چەند کەسایەتیەکی کورد نزیك کردۆتەوە، بەمەبەستی یەکخستنی هەوڵەکانیان بۆ دەکردنی ئینگلیز لە عێراق، بەپێی سەرچاوە هەواڵگرییەکانی بەریتانی، کۆبوونەوەیەك لە شاری موسڵ رێکخراوە لەنێوان چەند کەسایەتییەکی عەرەب و کورد. لە ئامادەبوانی عەرەب: (عەقید) ساڵح ئەحمەد (فەرماندەی لیوای یەکی سوپای عێراق)، حسێن فوزی، (عەقید) جەمیل عەبدولوەهاب، شێخ سالم الخیوم، محەمەد علی (ئەفسەر لە سوپای عێراق)، (مقدم) سەعید ئەحمەد ئەلمەدفەعی (لیوای پیادەی پێنجەم)، حسێن عەلوان (ئەفسەر لە سوپای عێراق)، هەروەها چەند ئەفسەرێکی دیکەی ناو سوپای عێراق.
کوردەکانیش ژمارەیان (١٧) کەس بوونە لە ئەفسەرانی ناو سوپای عێراق، پێشتر کۆبوونەوەی خۆیان کردووە، لە کۆبوونەوە هاوبەشەکەدا، بریار دراوە، ئەگەر بەریتانیا ساڵی١٩٣٢ عێراق بەجێ هێشت وەك پێشنبینی دەکرێت، ئەوا دەکرێ کورد بەشێك لە مافەکانی بەدەست بهێنێت.

هەروەها بڕیار درا، کە (ملازم) عارف سەعید (کورد بووە) بچێتە بەغدا، بۆ ئەوەی چاوی بە (نوری سەعید)* بکەوێت، باسی ئەو بابەتەی لەگەڵ بکات، بەڵام لە بەغدا ناوبراو نەیتوانیوە چاوی بە (نوری سەعید) بکەوێت، بەڵکو هەردوو سیاسەتمەدار (مزاحم الپاچچی و جعفر ابو التمن)ی دیوە، کە هەردووکیان لە سیاسەتمەدار و کەسایەتیەکانی ئەو سەردەمە بوونە، وا دیارە عارف سەعید لە بەغداوە گەڕاوەتەوە بەرەو موسڵ، بەڵام ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکانی نەزانراوە.

راپۆرتە هەواڵگرییەکەی بەریتانی درێژەی پێ دەدا و دەڵێت: لە کۆبوونەوەی دواییدا، کوردەکان بڕیاریاندا کە کۆمەڵی (پشتیوانی کوردان) دابمەزرێنن، سکرتێری کۆمەڵ (کەمال کەرکوکی) بووە، هەروەها بەرپرسێکی هەواڵگریش بۆ کۆمەڵە دیاریکرا، کەمووچەیان لەسەر کۆمەڵە دەبێ.

داهاتی کۆمەڵە لە ئەندامانی موسڵ دەگەیشتە (٧٠٠) روپیە، بەپێی ناوەڕۆکی راپۆرتەکە کۆمەڵە پەیڕەوێکی ناوخۆیی هەبووە، بڕی ئابوونەوەی ئەندامانی بە نیو روپیە دیاری کرابوو، هەروەها ئەگەر هەر ئەندامێکی فەرمانبەری میری بوایە و بەهۆی پەیوەندی بە کۆمەڵەوە دەر بکرایە، ئەوا کۆمەڵە یارمەتی دەدا.

کۆمەڵە چەندین لقی کردۆتەوە لە شارەکانی عێراق و سوریا و ئێران. چەند سەرۆک عەشیرەتێك بوونەتە ئەندامی، وەك: شێخ ئەحمەد بارزانی، سەعید بەگ (دهۆك)، شێخ غیاث الدین بامەڕنی، کوڕی حاجی رەشید بەگی بەرواری باڵا، شێخ عەبدولرەحمانی ئەتروشی، فارس ئاغای زێباری، تاهیر ئاغای همزانی، لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی عەشیرەتی سورچی.

هەروەك دەردەکەوێ شێخ ئەحمەد بارزانی بووە بە سەرۆکی کۆمەڵە لە سنووری پارێزگای موسڵ، هەریەك لە خەلیل شەعبان و شەریف ئاغا و عەلی موحی، نوێنەری کۆمەڵە بوونە لەناو عەشیرەتەکان.

لەنێوان هەردوو لایەنی عەرەب و کورد رێککەوتن بەستراوە، بەپێی ئەو رێککەوتنە، پەیوەندی لەگەڵ ئاشوورییەکان، کورد پێی هەستێ، بەلاَم پەیوەندییەکان لەگەڵ بەریتانیا عەرەب پێی هەستێ.
راپۆرتە بەریتانیەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باوەڕ وایە هەریەك لە (نوری سەعید)* و (جەعفەر ئەبو التمن)* لە پشتی ئەم کارانەدابن.
لە راپۆرتێکی دیکەی بەریتانی بە مێژووی ١٨/شوباتی/١٩٣٠دا، لەژێر ناوی (نەتەوەی کورد و کۆمەڵەی پشتیوانی کورد)دا هاتووە، لە رێگای شێخەکانی بارزانەوە چەند زانیارییەك دەرچووە، باس لەوە دەکات، لە ماڵی شێخ رەقیب سورچی، لەو ماوەیەدا (یونس ئەحمەد عباوی) ناوێك بینراوە، ناوبراو لە موسڵەوە هاتووە بۆ ئاکرێ، نامەیەکی لە کۆمەڵەوە هێناوە بۆ شێخ رەقیب سورچی و شێخ عبیداللە سورچی، ناوەڕۆکی نامەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە کورد و عەرەب هاوکاری یەکتر بن بۆ پارێزگاری عێراق، ئەم ئاگادارییەش بگەیەنرێتە هەموو سەرۆك عەشیرەتەکانی دیکە، هەروەها لەنامەکەدا هاتووە، کە هەریەك لە شێخ مەحمودی حەفید و شێخ ئەحمەدی بارزانی، ئارەزووی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.
٥- هەر دەربارەی (کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان)، لە کتێبی - چیم دی - بەم شێوەی خوارەوە باسی هاتووە[٦٩]:
لە شاری بەغدا بڕیار درا، کۆمەڵێکی سیاسی و نهێنی دابمەزرێنێت، کۆبوونەیەك رێکخرا، لە ١٠/تەمموزی/١٩٢٧ ئەم کۆمەڵە دروست کرا، لەو کۆبوونەوەیەدا، فەرمانبەر و ئەفسەر و بازرگان و خانەنشین و خەڵکی مەدەنی و عەسکەری بەشداریان تیادا کردووە.

**ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمەڵە بەم شێوەی خوارەوە پێکهات:**

أ- مستەفا شەوقی - سەرۆك.

ب- رەشید نەجیب - سکرتێری یەکەم / بەرپرسی دارایی.

ج- ئەحمەد خواجە - سکرتێری دووەم.
د- ئەندامان: خەڵەف شەوقی داودی، مەحمود جەودەت، عزەتی تەل، عەلی عەدنان، حەمید جەودەت، ئەمین ڕەواندوزی، فائیق کاکە ئەمین، ڕەئوف بەگ، بەشیر موشیر.
٦- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد لە وتارێکیدا لە گۆڤاری ڕەنگین، لەژێر ناوی (مامۆستا بەشیر موشیر[٧٠]) لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی بەریتانی باسی کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان دەکات، ئەو کۆمەڵە مەڵبەندەکەی شاری بەغدا بووە، بە (ك. پ.ك) یان (کاپیکا) ناوبراوە.
کۆمەڵە لە بڵاوکراوەیەکی بە مێژووی ٩/تەمموزی/١٩٣٠، کە بەسەر هەموو لقەکانی بڵاوکردۆتەوە داوای لە ئەندامانی دەکات بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکە بۆ پەرلەمانی نوێی عێراق بەهۆی ئیمزا کردنی حکومەتی عێراق لەسەر پەیمانی (١٩٣٠) لەگەڵ بەریتانیا.
هەر دەربارەی بەرچاوترین ئەندامانی کۆمەڵە، د.کەمال ئەم ناوانە باس دەکات:
١- ملازم کامل حەسەن.
٢- ملازم ڕەئوف.
٣- رئیس اول، محمود جودەت.
٤- رئیس اول/ محمد علی عبدالله.
٥- ئەحمەد فخری.
٦- بەشیر موشیر.
لقەکانی کۆمەڵی پشتیوانی بە هەموو کوردستاندا بڵاو بووەوە، بەڵام لە شاری موسڵ بەهێزتربووە.
٧- لە شاری هەولێر بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵی پشتیوانی، بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حلمی، لە ماڵی (ئەحمەد فەخری)[٧١] کۆبوونەوەیەك سازکرا، دەستەی کۆمەڵە لەم ناوانەی خوارەوە پێك هات:

ا- ڕەفیق حلمی - سەرۆك.
ب- مەحمود شەوقی - سکرتێر.
ج- مستەفا چیچۆ - دارایی.
د- ئەندامان: ئەحمەد فەخری، ئاسف رەئوف، ئەحمەد خواجە.
کارەکانی کۆمەڵە لە شاری هەولێر بە شێوەیەکی نهێنی بەڕێوە دەچوو، بەڵام لە هەندێ کاتدا چالاکییەکان دەبوونە گومان لێکردن لەلایەن کاربەدەستانی حکومەت، وەك لەو راپۆرتەدا دەردەکەوێت کە بەرزکراوەتەوە بۆ موتەسریفی هەولێر، لەو راپۆرتە ئەوە دەردەکەوێت کە چالاکیەکانی هەریەك لە (ئەحمەد فەخری و ئاسف رەئوف) لەنێوان رۆشنبیران و سەرۆك هۆزەکان ئامانجی سیاسی بەدواوەیە.
هەر بۆیە حکومەت بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە فەرمانبەرێتی دەریان دەکات، دەکرێت بوترێت چالاکی ئەم دوو ئەندامە زیاتر بووە لە ئەندامەکانی دیکە، بووە بە هۆی هەست پێکردنی حکومەت و هەڵوێست وەرگرتن لێیان.

## ٩- کۆمەڵەی زانستی سلێمانی:

دیارە کۆمەڵەی زانستی، وەکو کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری لەسەردەم و قۆناغێکی نەش و نما کردن بۆ کۆمەڵگەی کورد، پێویستییەکی زۆری هەبووە، بەمەبەستی گەشەپێدانی پرۆسەی خوێندەواری و رۆشنبیری و هۆشیار کردنەوەی نەوەی نوێ.
کۆمەڵەی زانستی لە سلێمانی لە ١/شوباتی/١٩٢٦ بە شێوەیەکی فەرمی دامەزراوە[٧٢]، کاتێ نوسراوێکی رەسمی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ رێگای دروست بوونیدا، ئەمەش دوای ئەوەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە داوایەکیان پێشکەش بە حکومەت کرد بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندن، ئەوانی لەسەر داوای مۆڵەت وەرگرتنەکە واژۆیان کردبوو، هەریەك لە:

رەفیق ئەفەندی پارێزەر، رەمزی فەتاح، فائیق مەعروف بەگ.
بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن، لە رۆژی ١/شوبات لە بارەگای شارەوانی سلێمانی، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سلێمانی کە نزیکەی (٣٠٠) کەس دەبوون لە بازرگان و کەسایەتی و رووناکبیر، کۆبوونەوە.
لە ئاهەنگی راگەیاندنی کۆمەڵە، دەستەی بەڕێوەبردن هەڵبژێردرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:
١- ئەحمەد بەگی تەوفیق بەگ - سەرۆك - ناوبراو موتەسریفی سلێمانی بوو.
٢- جەمیال بابان　　جێگری سەرۆك - پیشەی دادوەر بوو.
٣- رەفیق ئەفەندی　　سکرتێر - پیشەی پارێزەر بوو.
٤- فائیق مەعروف　　ژمێریار - موڵکدار بوو.
٥- ئەندامانی: شێخ مستەفا قەرەداغی (قازی بوو)، محەمەد ئاغای ئاورەحمان ئاغا، عزەت بەگی عوسمان پاشا، غەفور ئاغا، رەمزی فەتاح.

### لە چالاکیەکانی کۆمەڵە[٧٣]:

١- کردنەوەی چەند خولێك بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین و زمانەکان.
٢- رێکخستنی چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی فراوان و وتار خوێندنەوە.
٣- کردنەوەی کتێبخانەیەك لە بارەگای کۆمەڵە لە مانگی حوزەیرانی (١٩٢٠).
٤- هاندانی وەرگێڕانی کتێب لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی.
٥- کڕینی چاپخانەیەك بۆ چاپکردنی کتێب، هەروەها بڕیار درا لەسەر دەرکردنی گۆڤارێك، هەر (١٥) رۆژ جارێك.
٦- کۆمەڵە بایەخێکی گەورەی داوە بە پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بیانی، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێناوە لەژێر ناوی - لیژنەی بژاردنی زمانی کوردی.

٧- لە ٢٨/تەمموزی/١٩٣٠، لقێکی ژنانی سەر بە کۆمەڵە کرایەوە، ئاهەنگێك بەم بۆنەیە سازکرا، لە ئاهەنگەکە (حەپسەخانی نەقیب) ئامادەبوو.
٨- کۆمەڵە هەوڵیداوە چەند لقێك لە شارەکانی کوردستان بکاتەوە، وەك کەرکوك، هەولێر، موسڵ، رەواندوز، پردی.
لقی کۆمەڵەی زانستی لە شاری هەولێر کراوەتەوە، عەبە هەولێری (عەبدوڵلاّ عەزین)[٧٤] یەك لە ئەندامانی لقەکە بووە. ناوبراو مانگانە باربوی (١٠) روپیەی داوەتە کۆمەڵە، هەروەها توانیویەتی کتێبێك وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی لە تورکییەوە، بەناوی (لاوان وریابن) دواتر وەك کتێب چاپکراوە.
دواتر ئەم لقە لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتەوە داخراوە، لەبەر ئەوەی هەست دەکرا کە بیرو باوەڕی نەتەوایەتی بڵاو دەکاتەوە.

### بارودۆخی ناوخۆی کۆمەڵە[٧٥]:

بەپێی راپۆرتێکی بەریتانی لە مانگی ئازاری ١٩٢٧، دەرکەوتووە کە ناکۆکی لەنێوان سەرۆکی کۆمەڵە (ئەحمەد تەوفیق بەگ) و چەند ئەندامێکی کۆمەڵە هەیە. ئەو ئەندامانە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کۆمەڵە بەکاربهێنن بۆ کاروباری سیاسی، بەڵام سەرۆکی کۆمەڵە رێگر بووە لەبەردەم ئەو هەوڵە.
راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە سەرەتای مانگی ئایاری ١٩٢٦ کەسایەتیەکی کورد بەناوی حاجی مستەفا پاشا گەیشتە شاری سلێمانی، هەوڵیداوە کۆمەڵە هاوکاری بێت و پڕوپاگەندەی بۆ بکات لەناو خەڵك، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق سەربکەوێت، بەڵام ناوبراو لە کارەکەی سەرکەوتوو نەبووە.
راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (جەمال بابان) جێگری سەرۆکی کۆمەڵە، لەگەڵ ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵە بەناوی (مستەفا قەرەداغی) دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان لە کۆمەڵە راگەیاندووە، سکرتێری کۆمەڵەش (رەفیق

ئەفەندی) نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی کۆمەڵە کردووە و داوای لێکردووە کە لە سەرۆکایەتی کۆمەڵە بکشێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵە پێی رازی نین.

بەڵام دواتر، سکرتێری کۆمەڵە داوا کارییەکەی خۆی کێشاوەتەوە، لەترسی ئەوەی کە رووبەڕووی دەسەڵات نەبێتەوە، بەتایبەتی کە سەرۆکی کۆمەڵە (موتەسەریفی سلێمانییە) و بەریتانیا پشتگیری دەکات.

بەهۆی ئەم کارانەوە، کۆمەڵە رووی لە لاوازی کردووە، هەروەها راپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات کە جەمال بابان هەوڵیداوە بە شێوەیەکی نهێنی، بیروڕای خەڵك کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی (موتەسەریفی) سلێمانی و بەڕێوەبەری پۆلیس لەو پلە و پێگانە لابدرێن و شێخ قادری برای شێخ مەحمود بکرێتە (موتەسەریف).

راپۆرتە هەواڵگرییەکەی بەریتانیا، هەوڵەکانی جەمال بابان بەوە لێکداوەتەوە، کە ئامانجی دوور خستنەوەی (سەرۆکی کۆمەڵە) بووە، بۆ ئەوەی کۆمەڵە ببێتە بنکەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و نەتەوایەتی کوردی، لەبەر ئەوەی ناوبراو (واتە جەمال بابان) باوەڕی بە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان هەبووە، ئەم بیرۆکەیەش پێویستی بە بنکەیەکی رێکخراوەیی بەهێز هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی.

**هەروەها راپۆرتەکە درێژە پێدراو دەڵێ:**

جەمال بابان دژی بەریتانیا نییە، بەڵام کوردێکی دڵسۆزە بۆ نەتەوەکەی، ئەگەرچی هەوڵەکەی سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو، کۆمەڵە لەسەر کارو چالاکییەکانی لە بواری زانستی و رۆشنبیری بەردەوام بووە.

**١٠- کۆمەڵەی زانستی کەرکوک:**

کۆمەڵە لە ٢١/حوزەیرانی/١٩٢٦ لە شاری کەرکوک دامەزراوە، دەستەی بەڕێوەبردنی پێکهاتووە لە[٧٦]:

مەلا عەبدولقادر ئەفەندی - سکرتێری گشتی.

مستەفا ئەفەندی - جێگری یەکەم.

عەبدولخالق شێخ حوسێن نەقشبەندی - نەسیری شاعیر جێگری دووەم.

ئەندامانی: ئەحمەد ئەفەندی، قادر ئەفەندی کوڕی حەسەن بلو، عزەت ئەفەندی، تەوفیق فەتاح، ئەوروحمان ئەفەندی ناجی، رەئوف ئەفەندی، حەمید ئەفەندی حاجی فەتاح.

کۆمەڵە پەیوەندی باشی هەبووە لەگەڵ کۆمەڵەی زانستی سلێمانی، هەروەها لەگەڵ هەندێ لە رۆشنبیرانی شارۆچکەی رەواندوز.

کۆمەڵە لقێکی لە شارۆچکەی پردێ کردۆتەوە، سەرۆکەکەی ساڵح ئاغای محەمەد والی ئاغا بوو، چەند کەسایەتیەك و رۆشنبیر و سەرۆك عەشیرەتەکانی: داودە، تاڵەبانی، کاکەیی، ببونە ئەندامی کۆمەڵە، وەك: رەفعەت بەگی ئیسماعیل بەگ، حوسێن بەگ ئیسماعیل بەگ، محەمەد خورشیدی داودی، شێخ عزەددین ئەفەندی، شێخ حەسیب ئەفەندی، شێخ جەمیل ئەفەندی تاڵەبانی، سەید خەلیل ئاغا، سەید سلێمان ئاغا، عەلی ئاغای کاکەیی.

لە بەڵگە نامەیەکی بەریتانی بە مێژووی ٢٧/کانوونی دووەمی/١٩٢٦ دا، کۆمەڵە ئەندامێکی هەبووە بەناوی: حەمید ئەفەندی کوڕی حاجی فەتاح، رەوانەی ناوچەی پشدەری کردووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سیاسی و سەربازی.

هەندێ لە نووسەران باوەڕیان وایە کە ئەم کۆمەڵە، لقێك بووە سەر بە کۆمەڵەی زانستی سلێمانی[٧٧].

**١١- کۆمەڵەی زەردەشت:**

دەربارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی زەردەشت سەرەڕای چالاکییەکانی، بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە[٧٨]:

أ- چەند سەرچاوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کۆمەڵەی زەردەشت لە پاییزی ١٩٢٦ دامەزراوە، لەسەر دەستی کۆمەڵە رۆشنبیرێکی شاری سلێمانی، کۆمەڵە تەمەنی تا ساڵی ١٩٢٩ درێژەی کێشاوە – دەستەی بەڕێوەبردنی لەم ناوانە پێکهاتووە:

١- شێخ مەحمودی حەفید – سەرۆکی فەخری کۆمەڵە.

٢- ئیسماعیل حەقی شاوەیس – سەرۆك.

٣- مستەفا سائیب – سکرتێر.

٤- ئەندامان: شەوکەت عەزمی بابان، فوئاد مەستی، کەریم رۆستەم شالوم، عوسمان فائیق، عەبدولواحید نوری، ئەحمەد عەزیز و چەند کەسانێکی دیکە.

ب- بەڵام سەرچاوە بەریتانیەکان ئاماژە بۆ ساڵی ١٩٢٨ دەکەن، وەك مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی زەردەشت.

ج- شێخ سەلامی شاعیر، باسی ئەوە دەکات کە خۆی و کۆمەڵە گەنجێکی کورد لە ساڵی ١٩٢٨ کۆمەڵەیەکیان دامەزراند بەناوی کۆمەڵەی (زەردەشت) خۆی سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە، هەروەها چەند ئەندامێکی کۆمەڵەیان ناردۆتە شاری (سنە)ی کوردستانی ئێران، ئەو شارە بووە بە ناوەندێکی کۆمەڵە. هەروەها سەلامی شاعیر، باس لەوە دەکات کە ئەندامانی کۆمەڵە چەند بڕیارێکیان دەرکردووە، لەوانە دەرکردنی رۆژنامەیەکی سیاسی لە شاری (سنە)، هەروەها داواکراوە کە دەوڵەتی ئێران بەڵێنی ئەوە بدات، هەر ئەندامێکی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق بەرەو رووی لێپرسینەوە هات لە ئێران جێگای حەوانەوەی بۆ بکرێتەوە.

د- کۆمەڵـە لـە ١٦/ئـەیلولی/١٩٢٨، نامەیـەکی بـۆ شـێخ مـەحمودی حەفیـد ناردووە، لە ناوەڕۆکی نامەکەدا هاتووە:

بەڕێز جەنابی شێخ مەحمود، لەبەر ئەوەی جەنابتان پێگەیەکی بەرزتان هەیە لـەناو کـورد، ئـەوا ئێمـە بـەناوی کوردایەتییـەوە، چـەند کێشەیەك دەخەینـە بەرچاوتان، هیوادارین جێگای بایەخ پێدانتان بێت، ئەوەی ئێمە دەیخەینـە بەردەستی بەڕێزتان کێشەی تاکێك نییە، بەڵکو کارێکە پێویستی بە هەموو کورد هەیە لە کوردستان.

کۆمەڵەی زردەشت تکای لە شێخ مەحمود کردووە کە لەگەڵ حکومەت ڕێك نەکەوێت، چونکە ئەم حکومەتە ڕاستی تیادا نییە لەگەڵ کورد.

هـ- لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵە پەیوەندی لەگەڵ مەحمود خانی کانی سانان کردووە (ناوبراو سەرکردەیەکی کورد بووە لەناوچەی هەورامان لە کوردستانی ئێران)، نامەیەکیان بۆ مەحمود خان ناردووە لە ٢٦/ئەیلول/١٩٢٨، ناوەڕۆکی ئەو نامەیە هیچ جیاوزییەکی تیادا نییە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی بۆ شێخ مەحمود ڕەوانە کراوە، بەڵام داوایان لە مەحمود خان کردووە کە هەوڵ بدات دۆستایەتی حکومەتی ئێران پەیدا بکات بە مەبەستی پشتگیریکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

و- دەربارەی شێخ مەحمود ئەو وەڵامی نامەی کۆمەڵەی داوەتەوە، بەڵام داوای زانیاری کردووە دەربارەی کۆمەڵە، ئامانجەکانیان چییە، ناوی ئەندامانیان لە سلێمانی و دەرەوەی سلێمانی، هەروەها دەربارەی ئەو کارو چالاکییانەی کە نیازیان هەیە ئەنجامی بدەن.

لە ٢٥/تشرینی یەکەمی/١٩٢٨ کۆمەڵە وەڵامی شێخ مەحمودی داوەتەوە، لەگەڵ نامەکە و یاسای بنچینەیی کۆمەڵەیان بۆ ناردووە، داواشیان کردووە کە جەنابی واژۆی لەسەر بکات ئەگەر قبوڵی بوو.

بۆیە، وا دەردەکەوێ کە شێخ مەحمود سەرۆکی فەخری کۆمەڵە بوو بێت.

کۆمەڵە ناوەندی سەرەکی لە شاری بەغدا بوو، بەڵام لقی لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر هەبووە[٧٩].

## ١٢- کۆمەڵەی خۆیبوون:

دوای شکست هێنانی جولآنەوە چەکدارییەکەی شێخ سەعیدی پیران[*]، ساڵی ١٩٢٥ و سیاسەتە توند و تیژەکانی تورکیا بەرامبەر کورد و پەلامارادنی کوردستان، ئەم دۆخە بوو بە هۆی زیاتر وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی کورد و چالاککردنی تاکەکانی کورد.

بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵە و گروپ و رۆشنبیرو سیاسەتمەدارانی کورد گەرمتر دەستی پێکرد بۆ خۆڕێکستنەوە و دارشتنی بەرنامە و پلانی کارکردن.

لە ئەنجامی ئەو هەوڵ و پەیوەندییانە لە مانگی تشرینی یەکەمی/١٩٢٧دا، لە ماڵی (پاپا زیانی)[٨٠] ئەرمەنی لە سوریا، دوای تاوتوێکردنی هەلومەرجی کورد و کورستان، کۆنگرەی دامەزراندن لە ٤/تشرینی یەکەمی/١٩٢٧ دەستی پێکرد.

ئەم کۆنگرەیە سەرەتاییە کە (٥) رۆژی خایاند، بەشدار بووان لە ئەنجامی گفتوگۆ و بیرورا گۆڕینەوە لەسەر چەند بنەمایەك، گەیشتنە رێککەوتنێك و لیژنەیەکیان بۆ سەرۆکایەتی کۆمەڵە پێکهێنا، بەشداربووانی کۆنگرەی دامەزراندن، بریتی بوون لە:

١- د.شوکر محەمەد سەگبان - سەرۆکایەتی کۆنگرەی کرد.

٢- جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان.

٣- حاجۆ ئاغا (سەرۆك عەشیرەت).

٤- بوزان شاهین بەنگ (سەرۆك عەشیرەت).

٥- مستەفا شاهین بەگ.

٦- ئەمین ئەحمەد (سەرۆك عەشیرەت).

٧- بەدرەددین ئاغا (سەرۆك عەشیرەت).

٨- مەمدوح سەلیم.

٩- فەهمی لیجی - رۆشنبیر.

١٠- ملازم کەریم رۆستم شالوم (خەڵکی کوردستانی باشوور).

١١- ملازم کامیل حەسەن (خەڵکی کوردستانی باشوور).

١٢- مەلا ئەحمەد شوزی.

١٣- فەقێ عەبدوڵڵای جزیری.

ئامادەبووان، دوای ئەوەی لەسەر چەند بەرنامەیەك رێککەوتن، دانیشتنەکانی کۆنگرەیان بۆ شارۆچکەی (بەحمدون)ی نزیك شاری (بەیروت)ی لوبنان گواستەوە.

لە ٢١/تشرینی یەکەمی/١٩٢٧، درێژەیان بە دانیشتنەکانیاندا، هەروەها ژمارەیەکی زۆرتری کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە بەشداریان تیادا کرد.

ئامادەبوانی کۆنگرە بڕیاریاندا، هەموو حزب و گروپە سیاسییەکانی کوردستان، خۆیان هەڵوەشینەوەو بەیەکەوە حزبێکی یەکگرتوو دروست بکەن، بۆ ئەوەی رابەرایەتی خەباتی گەلی کورد بکات، هەموو هێزە سیاسییە ئازادیخوازەکان لەناوخۆیدا کۆبکاتەوە.

ئەو حزب و رێکخراوە سیاسییانەی خۆیان هەڵوەشاندەوە و تێکەڵ بوون، بریتی بوون لە:

١- کۆمەڵەی تەعالی کوردستان.

٢- کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان.

٣- فیرقەی میللی کورد.

٤- جەمعیەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد.

**چالاكییەكانی كۆمەڵە لە كوردستانی باشووردا:**

كۆمەڵـەی خۆیبـوون، لـە كـۆی (١٣) ئەنـدامی دامەزرێنـەر، دوانیـان خـەڵكی كوردسـتانی عێـراق بـوون، ئـەوانیش (كامـل حـسن و كـەریم رۆسـتەم)، بـەڵام كۆمەڵە ژمارەیەكی زۆرتری ئەندام ولایـەنگر هـەبوون، لـە شـارەكانی كوردستانی باشوور، وەك:

ا- لقی كۆمەڵە لە شاری موسڵ: بەرپرسەكەی (عەبدولرەحمان گارسی) بوو.

ب- لقی كۆمەڵە لە شاری سلێمانی/ پێكهاتبوو لە[٨١]:

* مستەفا سائیب – سەرۆك.
* شێخ سەلامی شاعیر – سكرتێر.
* غەنی شالی – بەرپرسی دارایی.
* ئەندامان: عوسمان فائیق، عەلی عیرفان، فوئاد مەستی، كەریم سەعید بەگ، سەید ئیبراهیم شێخ عەزیز ئەفەندی، واحید ئەفەندی، حاجی سالح، عەزمی بابـان، شـەوكەت عـەزمی بابـان، جـەلالی فـەتاح، ئەحمـەدی عـەزیز ئاغـا، شـێخ مارف، عەلی ئاغا.

ج- لقی كۆمەڵە لە هەولێر بریتی بوو لە[٨٢]:

* مامەند رەمزی – سەرۆك
* ئەنـدامان: مـەعروف چیاوك، ئیـسماعیل رەوانـدوزی، رەشـید ئاغـا وەیـسی، ئەحمەد ئاغای نەقیب، عەبدوڵلا عەزیز، شوكری محەمەد سەگبان.

د- لقی كۆمەڵە لە شارۆچكەی كۆیە، پێكهاتبوو لە[٨٣]:

ناسیف مـەلا رەئـوف، سـالح قـەفتان، عـەزیز محەمـەد فـەرەج، ئەحمـەد فـەخری، عەلی شەوقی.

د.عەبدولرەحمان قاسملو، لە کتێبەکەی رەخنە لە سیاسەتەکانی کۆمەڵەی خۆیبوون دەگرێ و نووسیویەتی[٨٤]:

ئەو حزبە لەبەر تەسکی و تەنگەبەری قازانجی رێبەرەکانی دۆست و هاوپەیمانی راستەقینەی پەیدا نەکرد و نەشی دەتوانی پەیدای بکات، بەڵکو تەنیا پشتی بە پشتیوانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بەستبوو، کە دەیانویست بەهۆی مەسەلەی کوردەوە تەوژمی سیاسی بخەنە سەر تورکیا: هەر لەبەر ئەوەش بەریتانیا توانی کاروباری حزبی خۆیبوون بگرێتە ژێر چاودێری، هەروەها فەرەنسا.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش حزبی خۆیبوون راستەوخۆ کەوتبووە ژێر نفوزی تاشناقەکان کە بریتی بوون لە ناسیۆنالیستە توندرەوەکانی ئەرمەن.

## ١٣- کۆمەڵەی نهێنی کوردی:

تاکە سەرچاوە کەباس لەو کۆمەڵەیە بکات (عەبدولفەتاح عەلی بۆتانییە)[٨٥]، ئەو نووسیویەتی:

یەکێك لەو رێکخراوە سیاسییانەی کە دروست بوو، پێش بەستانەوەی کوردستانی باشوور بە عێراقی عەرەبی لە ١٦/کانوونی یەکەمی/١٩٢٥، کۆمەڵەی نهێنی کوردی بوو، ئەو کۆمەڵە دژی هەوڵەکانی بەریتانیا وەستا بۆ بەستنەوەی کوردستانی باشوور بە بەشە عەرەبییەکەی عێراق.

بنکەی چالاکییەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی و رەواندوز بوو، لە ئەندامە دیارەکانی کۆمەڵە: ئەحمەد تەقی، کەریم فەتاحی هەمەوەند، نوری باویل ئاغا بوو.

### ١٤- کۆمەڵەی لاوانی کورد:

دەربارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی کورد، بیروڕای جیاواز هەیە[٨٦]، سەرچاوەیەک دەڵی ساڵی ١٩٢٨ دامەزراوە لە شاری بەغدا، سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بۆ ساڵی (١٩٢٠) دەکات.

بنکەی سەرەکی کۆمەڵە شاری بەغدا بووە، چەند لقێکی هەبووە لە شارەکانی، هەولێر، سلێمانی، موسڵ.

سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵەی لاوان بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵە خوێندکارێکی کورد دەگەڕێتەوە، داوای ئازاد کردنی شێخ مەحمودیان دەکرد، کاتێ دوای راپەرینەکانی ساڵی ١٩٢٢ دەست بەسەر کرا.

لەناو خوێندکارەکان دوو ئاراستە دروست ببوو، بەشێکیان داوایان دەکرد تەنها خەریکی خوێندن بن، بەشەکەی دیکەیان دەیان وت لەپاڵ خوێندن بەشداری لە خەباتی سیاسی نەتەوایەتی بکەن.

ژمارەی ئەو خوێندکارانەی لە دەوری کۆمەڵە کۆببونەوە لەنێوان (٦٠-٧٠) کەس دەبوون، ئەوانە لە شاری بەغدا، دەیانخوێند لە کۆلێژەکانی ماف و پزیشکی و هەندێکیان لە خانەی مامۆستایان بوون.

**ئەندامە دیارەکانی کۆمەڵەی لاوان:**

١- ابراهیم ئەحمەد - سکرتێر (سەرنووسەری گۆڤاری کۆمەڵە).

٢- فازڵ رەئوف تاڵەبانی - بەرپرسی دارایی.

٣- ئەندامان: حامید فەرج - شاکر فەتاح - حەسەن تاڵەبانی.

**ئامانجەکانی کۆمەڵەی لاوان:**

تێکۆشان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی، سەرەڕای هەوڵدان بۆ پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری لەناو توێژی لاوانی کورد.

شاری بەغدا، وەك پایتەخت، بارودۆخێکی لەباری هەبووە بۆ بڵاوبوونەوەی هزر و رۆشنبیری، بەهۆی پەیوەندییە عەرەبی و نێو دەوڵەتییەکانەوە، هەروەها دەرکەوتنی (کۆمەڵەی الاهالي) کاریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی و هزری هەموو عێراق هەبووە، رۆژنامەی کۆمەڵە (صوت الاهالي) رۆڵی گەورەی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە نوێیەکان، بەتایبەتی لەناو چین و توێژی رۆشنبیران و خوێندکاران، دیارە خوێندکاری کوردیش لەم کاریگەرییە بەدوور نەبووە.

کۆمەڵەی لاوان لە ماوەی تەمەنیدا دوو نامیلکەی بڵاوکردۆتەوە، یەکیان بەناوی (یادگاری لاوان)، دووەمیشیان بەناوی (دیاری لاوان) لە ساڵی (١٩٣٤) لە شاری بەغدا. کتێبی یەکەم بریتی بووە لە (٨٠) لاپەڕە، بابەتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی بوون، لەناو بابەتەکانی ئاماژە بۆ توانا کاریگەرییەکانی لاوان کراوە، لە گۆڕینی کۆمەڵگە و بەرەوپێش بردنی، هەروەها داوای لە لاوانی کورد کردووە کە بەشداری خەباتی گەلەکەیان بکەن، چونکە ئەوانن جێگای ئومێدی گەل، هەروەها باس و لێکۆڵینەوە بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە.

لە نامیلکەی دووەمدا (دیاری لاوان)، کە بریتی بوو لە (٩٨) لاپەڕە، چەند بابەتێکی ئەدەبی و رۆشنبیری و شیعری کوردی بڵاوکراوەتەوە، لەو نووسەرانەی کە بەشداریان لەو بابەتانە کردووە و دانیشتوی شاری بەغداش نەبوونە، شاعیرانی کورد: زێوەر، بێکەس، سەلام.

دەربارەی لقی کۆمەڵەی لاوان لە شاری هەولێر، کاك مهدي محمد قادر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات[٨٧]، کە ئەم لقە لە ساڵی ١٩٢١ دامەزراوە، لە ئەندامە دیارەکانی کۆمەڵەی لاوان لە شاری هەولێر، هەریەك لە: عەبدوڵڵا عەزیز کارگەچی، ئەحمەد فەخری، حسام الدین یحیی، عەبدولخالق قوتب، محەمەد مەحمود قودسی، تاهیر صادق، مستەفا خۆشناو، سەید ئەزیف کۆیی، خێرالله عەبدولکەریم، عەبدولقادر ئەحمەد سامی.

کۆمەڵە لە هەولێر، بایەخی بە چالاکی لاوان داوە، لە پایزی ١٩٢١ لە شاری هەولێر شانۆگەرییەکیان پێشکەش کردووە، ئەوانەی بەشداریان تیادا کردووە، عەبدوڵڵا عەزیز کارگەچی، غەریب سەلیم، حسام الدین یحیی، عەبدولموتەلیب سەید جەمیل، عەلی ئەدیب. کۆمەڵەی لاوان لە هەولێر، چالاکییەکانی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بووە.

## ١٥- کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان:

ساڵی (١٩٣٠) لە شاری موسڵ و بە شێوەیەکی نهێنی لەسەر دەستی، کۆمەڵێك لە نەتەوە پەروەرانی کورد دامەزراوە[٨٨].

ئامانجی یەکخستنی نیشتمانپەروەرانی کورد بووە، لەپێناو بەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد.

ئەندامەکانی بریتی بوون لە مەحمود جەودەت، فائیق کاکە ئەمین، محەمەد عەلی، ئەمین رەواندوزی، هەروەها مستەفا شەوقی یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و ماوەیەکیش سەرۆکی کۆمەڵە بووە[٨٩].

کۆمەڵە پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوە ناودارەکانی کورد کردووە، وەك: رەفیق حلمی، ئەحمەد خواجە، ئەحمەد فخری، بەمەبەستی کردنەوەی لقی دیکە بۆ کۆمەڵە لە شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی باشوور.

بەڵام بەهۆی ئاشکرابوونی ئەندامانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەت و ئینگلیزەوە، ئەوە بوو بە هۆی پەراگەندە کردن و دوورخستنەوەی ئەو تێکۆشەرانە لەیەکتر، بۆ نموونە مستەفا سائیب گواسترایەوە بۆ رەواندوز، هەر بەهۆی کاری سیاسییەوە لەناوچەکانی رایات، باڵەکایەتی، حەریر و باتاس، ناوبراو دوورخراوەتەوە بۆ موسڵ.

بۆیە بەهۆی دوورخستنەوەی ئەندامانی، کۆمەڵە تەمەنی کورت بووە.

## ١٦- یانەی سەرکەوتنی کوردان:

سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم، شاری بەغدا ببوە مەڵبەندی چالاکی سیاسی و رۆشنبیری کوردی بەتایبەتی چالاکی ئەو خوێندکارانەی کە لە بەغدا لەناو پەیمانگا و کۆلێجەکانی دەیانخوێند.

بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم یانەیە لەلایەن (مەعروف چیاوک)ەوە سەری هەڵداوە[٩٠]، (ناوبراو لە ساڵانی ١٩٢٨-١٩٣٠ ئەندام پەرلەمانی عێراق بوو، وەك نوێنەری شاری هەولێر.

ناوبراو لەگەڵ هەریەك لە: ئەحمەد موختار بەگی زەهاوی (ئەفسەر)، محەمەد عەلی عەبدولعەزیز (ئەفسەر)، عارف پشدەری (پارێزەر)، داواکارییەکان بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەرزکردەوە، داوای دامەزراندنی یانەکەیان کرد.

لە رۆژی ٢٠/ئایاری/١٩٣٠ رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەرچوو، هەر لە ٣٠/ئایاری هەمان ساڵ ئاهەنگی کردنەوەی یانەکەیان سازدا لە شاری بەغداد و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی گەورەی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کورد.

دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە بەم شێوەیەی خاورەوە پێکهات بە هەڵبژاردن، پێش پرۆژەی هەڵبژاردنەکە، سورەتێکی ئایەتی قورئانی خوێندرایەوە، دواتر مەعروف چیاووك وتارێکی پێشکەشی ئامادەبوان کرد، کە تێیدا ئامانجەکانی یانەی خستەڕوو، کە بریتیە لە خزمەتکردنی زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری لە کوردستان.

دەستەی کارگێڕی یانە، بەپێی پێگەو پلەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- ئیبراهیم حەیدەری - سەرۆك

٢- مەعروف چیاووك - سکرتێر.

٣- ئەندامان: محەمەد ئەمین زەکی، مەحمود جەودەت، ئەحمە ئاغا کەرکوکی، عەبدوڵلاَ لوتفی، میرزا فەرەج شەریف، شێخ عەلی قەرەداغی، خەڵەف شەوقی داودی، بەشیر موشیر.

دانیشتن و چاوپێکەوتنەکانی ئەندامان لە ماڵەکەی (مەعروف چیاووك) بەڕێوەدەچوو، ناوبراو بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی لە خانووەکەی خۆی تەرخان کردبوو بۆ ماوەی دوو ساڵ.

دواتر بڕیار درا پێتاك کۆ بکرێتەوە لە کەسانی هەبوو، هەریەکە بەپێی توانای خۆی، مەعروف چیاووك، هەموو ئەو داهاتانەی لەناو دەفتەرێك بەناوی - باربو - تۆمار کردبوو.

هەر دەربارەی دامەزراندنی یانەی سەرکەوتن، رۆژنامەی (ژیان) لەو سەردەمە بەم شێوەیە باسی دەکات:

(لەپاش کێشمە کێش و ماندوویەتیەکی زۆر، بە ژمارەی (٦٨٩٥) لە ٢٠/ئایاری/١٩٣٠ رێگا درا بە کردنەوەی یانەی سەرکەوتن[٩١]، بە جەنابی مەعروف چیاووك، هەر زوو لە رۆژی ٣٠/ئایار/١٩٣٠ لە سینەمای رۆیاڵ بە ئاهەنگێکی زۆر رێك و پێك یانەی سەرکەوتن کرایەوە، خەڵکێکی زۆر لە هاوڵاتی، بێگانە، ئەشراف، ئەعیان هاتبوون).

یەکێك لەوانە کە لە بۆنەی کردنەوەی یانەی سەرکەوتن و ئاهەنگی یانەکە بەشداری کرد، لە سینەما رۆیال، شاعیر و کەسایەتی بەرەگەز کوردی عێراق جەمیل سدقی زەهاوی بوو.

لەو ئاهەنگەدا ئەم قسانەی کردووە و وتویەتی: من کوردم و کوردم خۆش دەویَ بەڵام ئیمان و ئومێدم بە ئیتفاقتات زەعیفە، هەتا ئێستە نەهاتم،

ئەمجارەش و لەبەر دڵی برام و خۆشەویستم مەعروف چیاووك هاتم، من ئەگەر بزانم ئێوە بە ئیتفاق ئەم ئیشە گەورەیە دەبەنە سەر، من هەر چەندەش پام سەقەتە بەڵام بە تەقڵە دێم ئیتر ببورن).

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یانەی سەرکەوتن ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، ئامانجی یانە زیاتر خزمەتکردنی زانست و یارمەتیدانی لێقەوماوان و بێ نەوایانی کورد و ئەو قوتابیە کوردانە بووە کە لەو رۆژگارەدا لە بەغدا خوێندویانە و ئەو خەڵکانەی کە لە کوردستانەوە، چوون بۆ بەغدا و لەوێ مێوان و نیشتەجێ بوون بە درێژایی ئەو چەند رۆژەی لەبەغدا گوزەراندویانە.

پاش ئەوەی (یانەی سەرکەوتن) بەو شێوەیە هاتە کایەوە و هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی خۆی دیاریکرد، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی و کردنەوەی لقەکانی لە شارەکانی کوردستاندا، نوێنەری باوەڕپێکراوی خۆی ناردووە بۆ زۆربەی شار و ناوچەکان و هەوڵی کۆکردنەوەی کۆمەك و یارمەتی داوە.

بۆ نموونە (ئەحمەد ئەفەندی) ئەندامی دەستەی کارگێڕی یەکەمی یانەکە لە شاری هەولێر[٩٢] دەست بە کۆکردنەوەی هاوکاری و پیتاك دەکات لەلایەن کەسایەتییەکانی هەولێر، ئەو هەڵمەتە لە هەولێر جێبەجێ کراو نزیکەی (٥٠٠٠) روپیە کۆکرایەوە. بۆ ئەوەی بتوانێت بە گورجی خزمەتی بواری رووناکبیری و گەشەکردنی زانست و لایەنەکانی دیکەی ژیان بکات. تەنانەت بەجێ هێنانی کارەکانی یانە ئەوەندە رۆیشتون، تا گەیشتۆتە رادەی کتێب لە چاپدان و وەرگێڕانی نووسینەکانی بێگانە بۆ سەر زمانی کوردی، هەروەها هەوڵدان بۆ یەکخستنی زمانی یەکگرتووی کوردی.

هەرچەندە ئامانجی یانەکە رۆشنبیری بوو، بەڵام چالاکییەکانی یانەی سەرکەوتن دوور نەبوو لە چالاکی سیاسی بە شێوەی ئاشکرا و نهێنی و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی خۆیبوون هەبووە، تەنانەت مانگانە یارمەتی داوە.

سەربارەت بە چالاکییەکانی یانەی سەرکەوتن رۆژنامەی (الاحرار)ی لوبنانی نووسیویەتی: ئەم یانەیە هەوڵدەدات ببێتە بنکەیەکی سەرەکی بزووتنەوەیی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە تورکیا و عێراق و سوریا و ئێران، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ.

**رووداوەکانی ناو یانەکە:**

لە ٣/حوزەیرانی/١٩٣١ سەرۆکی یانە (ئیبراهیم حەیدەری) کۆچی دوایی کرد، بۆیە ئەندامانی یانە کۆبوونەوەو دەستەیەکی کارگێڕی دیکەیان هەڵبژارد کە پێکهاتبوو لە:

محەمەد ئەمین زەکی – سەرۆکی یانە.

مەعروف چیاووک – سکرتێر.

ئەندامان: ئەحمەد ئەفەندی، عەبدوڵڵا لوتفی علی ئاغا، ئەمین رەواندوزی، محەمەد عەلی سقا، شکری محەمەد، شێخ غیاث الدین نەقشبەندی.

ئەم دەستە کارگێڕییە زۆری نەخایاند، هەڵوەشایەوە و دەستەیەکی کارگێڕی دیکە پێکهات، لەم ناوانەی خوارەوە:

تۆفیق وەهبی، جەمال بابان، میرزا فەرەج، شێخ عەلی قەرەداغی، سەبری عەلی ئاغا، مستەفا شەوقی، بەشیر موشیر، عارف پشدەری، داود حەیدەری.

بەڵام دواتر یانەکە بە بڕیاری حکومەتی عێراقی لەساڵی ١٩٣٢ داخرا.

**١٧– کۆمەڵەی یاریدەدەران (یاریدەدەری کورد):**

ئەم کۆمەڵە، لە سەر دەستی ژمارەیەک لە قوتابیانی کورد پەروەری شاری هەولێر دامەزراوە[٩٣]، لە بەرواری ١٨/ئایاری/١٩٣١، کۆمەڵە زۆر لە کوڕە ئاغا و دەسەڵاتدارانی شاری هەولێری لە خۆ گرتبوو. کۆمەڵەی یاریدەدەران، لەلایەن (جەلال نوری)یەوە سەرپەرشتی کراوە.

ئامانجی کۆمەڵە بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و پێشخستنی زمانی کوردی بووە. کاتێك یەکێك لە گەورە بەرپرسانی حکومەتی عێراقی سەردانی ئەو شارەی کردووە، ئەندامانی کۆمەڵە یاداشتێکیان نووسیوە و پێشکەشیان کردووە، لە یاداشتەکەیان، داوای چاککردنی باری ناوچە کوردییەکانی کراوە، هەروەها نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە کاربەدەستانی حکومەت دەربڕیوە. ئەرکی گەیاندنی ئەو یاداشتەش لەلایەن وەهاب ئاغای رەواندوزیەوە جێبەجێ کراوە.

### ١٨- کۆمەڵەی دۆزینەوە و گەردانی قسەی کوردی[٩٤]:

کورد پەروەران لە شاری هەولێر، بەرامبەر بە هەڵوێستی حکومەتی عێراق، بە جێبەجێ نەکردنی ئەو مەرجانەی کە بۆ کورد داندرابوون لەلایەن کۆمەڵەی گەلان، کە مافە ئیداری و رۆشنبیرییەکانی دابین دەکات، هەروەها پابەند نەبوونی حکومەتی عێراق بە یاسای زمانە ناوخۆییەکان کە لە حوزەیرانی ١٩٣١ دەرچوو، بەوەی زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی لە ناوچەی کوردستان بەکار بهێنرێت، بەرامبەر بەو سیاسەتانە و بۆ پاراستنی زمانی کوردی، کۆمەڵێك لە رۆشنبیران لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٢ کۆمەڵەیەکیان دامەزراند لە شاری هەولێر بەناوی کۆمەڵەی (دۆزینەوە و گەردانی قسەی کوردی)، زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە خوێندکاری خانەی مامۆستایانی بەغدا بوون.

دەربارەی ئامانجەکانی کۆمەڵە، بریتی بوو لە: پاراستنی وشەی رەسەنی کوردی و دەرهێنانی وشەی بێگانە لە زمانی کوردی و دانانی وشەی کوردی لە شوێنی ئەودا.

هەروەها کۆمەڵە یارمەتی قوتابیە هەژارەکانی دەدا بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن و بڕوانامە بەدەست بهێنن و بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی.

## ١٩- کۆمەڵەی منەوەران:

ماوەیەك بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە رووناکبیر و هەڵگرانی بیری نەتەوەیی لە شاری کۆیە[٩٥]، خولیای دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوون کە بتوانن لە چوارچێوەیدا درێژە بە خەباتی نەتەوایەتی خۆیان بدەن.

لە ئەنجامدا توانیان لە ساڵی (١٩٣١)دا، کۆمەڵەی منەوەران دابمەزرێنن، کە خەڵکی کۆیە پێیان دەوت (کۆمەڵەی رۆشنبیرانی کۆیە). کۆمەڵە دواتر بووە بەشێك لە کۆمەڵەی لاوان کە بنکەکەی شاری بەغدا بوو.

ژمارەیەکی کەسایەتی نیشتمان پەروەری زۆر لەناو کۆمەڵە بەشداریان کردبوو، وەك:

(شاکر فەتاح، حامید فەرەج، ئیبراهیم ئەحمەد، بەڵام کۆمەڵە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کۆیەی گرتبووە خۆی، لەوانە: کاکە زیاد، زەکی ئەحمەد هەناری، تاهیر تۆفیق، سابیر ئیسماعیل، سەید ئەحمەد مەلا وەلی، عوسمان عەونی).

هەروەها ئامارەژە بۆ چەند ناوێکی دیکەش کراوە کە ئەندامی کۆمەڵە بووبن، وەك: محەمەد تۆفیق وەردی، سامی عەودالْ، ئەحمەد حەمە مەلا، ئەحمەد ئاغای باخچەوان، مام وەیسی باخچەوان، عومەر مام عەبدوڵلاّ، حەمە بەگی موختار، دڵداری شاعیر، کە بچووکترین ئەندامی کۆمەڵە بووە لە رووی تەمەنەوە، هەروەها، بەڕێز کەریم شارەزا، ئامارە بۆ کۆمەڵە ناوێکی دیکەش دەکات وەك ئەندامی کۆمەڵە، لەوانە: رەشیدی عارف سەقا، عەبدولسەمەد بەنا، تاهیر سادق.

## ٢٠- کۆمەڵەی ئازادی کورد[٩٦]:

لە ساڵی (١٩٣٥) لە شاری سلێمانی، کۆمەڵەیەکی نهێنی سیاسی دامەزرا، بەناوی کۆمەڵەی ئازادی کورد، دامەزرێنەری کۆمەڵە مامۆستایەکی قوتابخانەی ناوەندی بوو، بەناوی (مەحمود ئازادی)، ناوبراو خەڵکی شاری (کۆیە) بووە.

یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەکە لە ماڵی مامۆستا (مەحمود ئازادی) بەسترا، ئامادە بوانیش، بریتی بوون لە: (حەمەی تاپۆ، مجولی خەیات، ئەحمەد خانم، حەمە سەعید خەیات، فازڵ عیرفان، حەمە سەعید دز کوژ، نوری کاکە حەمە، عەزیز شالی، حوسێن بازیانی، نوری ئەحمەد تاها، شێخ حوسێن شێخ مەعروف بەرزنجی، شێخ مستەفا گولانی، عەبدوڵلا تەوفیق جەوهەر، حەمە ساڵح عەنبەر، نوری مەلا ئیسماعیل، نوری شاوێس).

ئەم ڕێکخراوە خاوەن دیدێکی کوردستانی بوو، یەکەم ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنی پارچەکانی کوردستان بوو، هەروەها داوای مافە کلتورییەکانی کوردی کردووە، لەگەڵ دامەزراندنی ئیدارەی خۆجێیی لە کوردستان.

شێوەی چالاکییە جەماوەرییەکانی کۆمەڵە، زیاتر ڕۆشنبیری و هونەری بوونە، بەتایبەتی پێشکەشکردنی شانۆگەری و ئاهەنگ گێڕان.

کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٣٨ وە، چالاکییەکانی ڕووی لە لاوازی کرد، تا بەیەکجاری ناوی نەما.

## ٢١- کۆمەڵەی هیدایەتی ئیسلامی:[٩٧]

دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە پێکهاتبوون لە: (مەلا عەبدوڵلای ئەفەندی، مەلا محەمەد ئەمین کونە فلوسە، مەلا عەبدوڵلا (مزگەوتی بازاڕی هەولێر)، شێخ مستەفای شێخ ئەبو بەکر).

لە ڕۆژی ٣/تەمموزی/١٩٣١ لە مزگەوتی شێخ ئەبو بەکر، لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر، دەستەی دامەزرێنەر یەکەم کۆبوونەوەیان ڕێکخست.

**ئامانجەکانی کۆمەڵە:** ئەوەی لەبەر دەستدایە دەربارەی کۆمەڵە، بەڵگەنامەیەکی بەریتانییە، مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٣١ دەگەڕێتەوە، ئەم بەڵگەنامەیە ئامانجەکانی کۆمەڵە دەخاتەڕوو، ئەو ئامانجانە بریتین لە: هاندانی خەڵکی بۆ تێکۆشان لەپێناو چەسپاندنی بیروباوەڕی ئیسلامی لە شاری هەولێر و ناوچەکانی کوردستانی باشوور.

کۆمەڵە لەپێناو گەشەکردن و برەودانی بە چالاکییەکانی، نامەیەکی زۆری ئاراستەی پیاوانی ئایینی و کەسایەتییەکانی ناوچەی هەولێر کردووە، بۆ ئەوەی ببنە ئەندام لە کۆمەڵە.

هەروەها بۆ ئەوەی کۆمەڵە بتوانێ بە شێوەیەکی ئاشکراو فەرمی کارەکانی ئەنجام بدات، داواکارییەکی ئاراستەی (موتەسەریف)ی هەولێر کرد کە ناوی (عەبدولحەمید صرصر) بوو، لەگەڵ داواکارییەکە ناوی دامەزرێنەران و بەرنامەکەی کۆمەڵەی هاوپێچ کرد، بەڵام ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکە نەدرا.

## ٢٢- کۆمەڵەی یەکێتی:[٩٨]

ساڵی دامەزراندنی کۆمەڵەی یەکێتی بە تەواوی ڕوون نییە، بەڵام پێ دەچێت لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابردوو بە دواوە بێت. سکرتێری کۆمەڵەکە (مەلا حەسەن) قازی بیارە بوو، کەسێکی شاعیر و ئەدەب دۆست بوو، بەرپرسی کارگێڕییەکەشی (مەلا مستەفای کوڕی مەلا ڕەسولی دیلێژە) بوو، کۆمەڵە لە مزگەوتی مەلا ڕەسولی دیلێژە دامەزراوە.

ئەم ڕێکخراوە هیچ بەرنامەیەکی نووسراو یان پرۆگرامێکی دیار نییە، کاریان بۆ ئەوە کردووە کە گەلی کورد لە کوردستاندا ئازاد و سەربەخۆ بێت، هیوای زۆریان بە پشتیوانی کردنی (بەکر سدقی) هەبووە، کە هاوکاریان بکات،

هەروەها هەوڵیانداوە (محەمەد ئەمین زەکی) بکەن بە سەرۆکی کۆمەڵە، بەڵام ئەو رازی نەبووە.

سەرەڕای ئەو کارانەش، هەوڵی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ هەندێ کەسایەتی ناو عەشیرەتی هەمەوەند و موریدەکانی شێخی شەدەڵەیان داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوونە.

ئەندامانی کۆمەڵە زیاتر لە پۆلیسەکانی ناو شاری سلێمانی پێکهاتبوو، لە هەڵسوڕاوە چالاکەکانیان (سەعید ناکام) بوو.

لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی برایەتی لە شاری سلێمانی، چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە رووی لە لاوازی کرد.

کۆمەڵەی یەکێتی چالاکییەکانی زیاتر بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، کە بەدەست خەتی (سەعید ناکام) نوسراون و بەکاربۆن لەبەری گیراوەتەوە و بەناوشاردا بڵاوکراونەتەوە، بەو بەیاننامەشیان وتووە (شەونامە) و پۆلیسی (دەورییە) ئەم کارەیان کردووە، کەس لەسەری دەستگیر نەکراوە.

هاوکات کۆمەڵە هەوڵی داوە چەند ئەندامێك لەو پۆلیسانە بکرێن بە رێپێدراوی (مفوض) پۆلیس، بۆ ئەم مەبەستە هەریەك لە (سەعید ناکام) و (حوسێن میرزا ساڵح) و (جەلال رەشید)یان بۆ خولی نۆ مانگی ناردووە.

سەرەتای لاوازبوونی ئەم رێکخراوە لەگەڵ دروست بوونی (کۆمەڵەی برایەتی)دا بووە، چونکە بەرە بەرە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیەیان بەلای خۆیاندا راکێشاوە، پێدەچێت ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە کەسێتی و هەژموونی خودی شێخ لەتیفی حەفیدەوە هەبوو بێت، چونکە (سەعید ناکام) لەم بارەوە دەڵێت (ئەوان دەیانەویست دەست بەسەر کۆمەڵەی ئێمەدا بگرن، چونکە ئاگاداری پەرەسەندن و رێك وپێکی کۆمەڵەی ئێمە بوون، بۆ ئەم مەبەستەش کەوتبوونە وتوێژ).

بەڵام نووسینەکانی هەریەك لە (سەعید ناکام) و (د.عیزەددین) ئەو راستییە دەسەلمێنن کە ئەم رێکخراوە لەناو کۆمەڵەی برایەتی تواوەتەوە.

## ٢٣- حزبی نیشتمانی کوردی[٩٩]:

ئەم حزبە لە شاری سلێمانی دامەزراوە دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحمودی حەفید ساڵی ١٩١٩، بۆ وڵاتی هیندستان.

دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە کۆمەڵە ئەفسەر و رۆشنبیرێك بوون، کە لە بواری سیاسەت کاریان کردووە، ئامانجەکانی ئەم حزبە:

سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بوو، هەروەها دروست بوونی پەیوەندی باش لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا.

## ٢٤- حزبی ئیسلامی[١٠٠]:

ئەم حزبە لە سلێمانی دروست بووە دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ هیندستان لە ساڵی ١٩١٩.

دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە پیاوانی ئایینی و سەرۆك عەشیرەت و دۆستانی شێخ مەحمود و چەند ئەفسەرێکی کورد، کە پێشتر لە سوپای عوسمانیدا بوون، وەك: عەباس مەحمود ئاغا، سەید عبداللە سەید حسن، سەید محەمەد مفتی، کەریم بەگی هەمەوەند.

ئامانجەکانی حزب: رێگرتن لە دەستتێوەردانی ئینگلیز لە کاروباری کورد و گێڕانەوەی شێخ مەحمود و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی.

## ٢٥- کۆمەڵەی ئەستێرەکانی نازی[١٠١]:

کۆمەڵەیەکی کوردی نهێنی بوو، لە ناوەڕاستی ساڵانی سییەکان دامەزرا، چەند ئەفسەرێکی کوردی ناو سوپای عێراقی گرتبووە خۆی، لەوانە: عەبدولعەزیز یامولکی (رائد)، محمەد خورشید (لیوا) محەمەد ئەمین العمری (فەرماندە تیپ).
بە بۆچوونی نووسەری کتێبی (موسوعة الاحزاب العراقية) کۆمەڵە نەخشەی پلانی کوشتنی (بەکر صدقی) دارشتووە و جێبەجێی کردووە لە فرۆکەخانەی موسڵ.

## ٢٦- کۆمەڵەی برایەتی[١٠٢]:

ڕێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی بوو، بە شێوەیەکی نهێنی کاری دەکرد، لە ساڵی ١٩٣٧ دامەزراوە و چالاکییەکانی درێژەی کێشاوە تا ساڵی ١٩٤٤.

**هەوڵەکانی دامەزراندنی:**

لە شەوی ١٠/ئازاری/١٩٣٧، بۆ یەکەم جار لەماڵی شێخ لەتیف شێخ مەحمود، کۆبوونەوەی تاوتوێکردنی دروست بوونی کۆمەڵە بەستراوە، ئامادەبووانی ئەم کۆبوونەوەیە، پێکهاتبوون لە: شێخ لەتیفی حەفید، مەلا ئەسعەدی مەحوی، مەحمود ئەحمەد، د.نوری فەتوحی.
دواتر شەوی ١١/ئازاری/١٩٣٧ کۆبوونەوەیەکی فراوانتر سازکرا، بەشداربوونیشی:
شێخ لەتیفی حەفید، مەلا ئەسعەدی مەحوی، د.نوری فەتوحی، تایەر بەگی یەحیا بەگ، صدیق شاوەیس، ئیسماعیل شاوەیس، محمد خدر (حەمەی تاپۆ)، ئەحمەد فەخری، ئیبراهیم کوردی، شێخ قادری سەید ئەحمەد، محمد قودسی، فوئاد ڕەشید، محمود احمد (ئازادی).

ئەگەرچی چەند نووسەرێکی دیکە ئاماژە بۆ کۆمەڵە ناوێك دەکەن کە هەندێ جیاوازی تیادا هەیە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سەرەوە، وەك ناوەکانی: محەمەد ئەمین مەنگوڕی، شێخ لەتیف دانساز، ماجید مستەفا.

بە بۆچوونی (کریس کۆچێرا) کۆمەڵەی برایەتی کە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود دایمەزراندبوو، لەسەر هەمان شێوازی کۆمەڵە و یانە کوردییەکانی ئەستەنبوڵ دامەزرابوو، بەتایبەتی لە رووی وەرگرتنی ئەندامانی بورژوازی بەتەمەن و خانەوادە.

بەڕێز عەبدوڵلا ئاگرین نووسیویەتی: لە کۆبوونەوەی دووەم بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵی برایەتی درا، ناو لێنانیشی لە روانگەی تەبایی و رێکخستنی ریزەکانی میللەتی کوردەوە هاتووە، واتە کۆمەڵە هەوڵی برایەتی نێوان رۆڵەی کورد دەدات، بەبێ گوێدانە باری چینایەتی و ئایینی. کۆمەڵی برایەتی لە هەموو چین و توێژ و دەستەو کەسایەتیەکانی کورد پێك دێت، شێخ و مەلا و هەژار و دەوڵەمەند و کوردی موسڵمان و کوردی مەسیحی تێدایە.

### ئامانجەکانی کۆمەڵە:

لە یەکەم کۆبوونەوەدا شێوازی کارکردنیان باس کردووە، لەسەرەتای دەست بەکاربوونیان، بڕیاریاندا رووبەڕووی ئەو زوڵم و ستەمە ببنەوە کە دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا بەرامبەر خەڵکی هەژار و داماوی کورد دەیکات، لەسەر ئاستی میللیش، کۆمەڵ خەبات دەکات لە پێناو مافە رەواکانی گەلی کورد و بەدیهێنانی ئازادی و دامەزراندنی قەوارەی سیاسی سەر بەخۆی کورد.

### شێوازی کارکردنی کۆمەڵە:

سەرکردەکانی کۆمەڵە، بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو، هەوڵیانداوە خەڵکی خوێندەوار و هەژار و چین و توێژی چەوساوەی ناو جەماوەر لەخۆیان

کۆبکەنەوە، لە یەکەم کۆبوونەوە، مەلا ئەسعەدی مەحویان دەستنیشان کرد بۆ پەیوەندیکردن بە چەند کەسایەتیەکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی، وەك: حەمەی ئەورەحمان ئاغا، یەکتابەگ، شێخ لەتیفی دانساز، ئەورەحمانی ئەحمەد پاشا، کە هەموویان پەیوەندیان بە کۆمەڵەوە کردووە.

کۆمەڵە بڕیاریداوە (خانەقای مەحوی) بکرێتە بنکەی سەرەکی و فەرمی ئەو کەسانەی ئامادەن کار لەگەڵ کۆمەڵەدا بکەن.

کۆمەڵەی برایەتی بەپێی پەیڕەوێکی نوێ کۆبوونەوەکانی ئەنجامداوە، لە هەر کۆبوونەوەیەك کەسێك سەرۆکایەتی کۆبوونەکەی دەکرد و بەڕێوەی دەبرد، سەرەتا دوو لیژنە پێکهات:

**١- لیژنەی حاکمە: پێکهاتبوو لەم ناوانە:**

مەلا ئەسعەدی مەحوی، یەکتابەگ، شێخ لەتیف دانساز، سدیق شاوەیس، د.نوری فەتوحی.

**٢- لیژنەی هۆز و تیرەو عەشیرەکان، بریتی بوون لە:**

شێخ لەتیفی حەفید، مەلا ئەسعەدی مەحوی، حەمەی ئاورەحمان ئاغا، ئاورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا، ئەحمەد مەحمود.

هەردوو لیژنەکە ئەو دەسەڵاتەیان پێ درابوو ، کە چالاکی سیاسی و جموجۆڵی حزبایەتی خۆیان لە سنووری کار و شوێنەکانیان ئەنجام بدەن و پەیوەندی بە خەڵك و جەماوەرەوە بکەن.

لیژنەی یەکەم چالاکییەکانی لەناو شاری سلێمانی بوو، بەڵام لیژنەی دووەم پەیوەندییان بە سەرۆك هۆز و تیرەکانەوە دەکرد. هەر کات سەرۆك هۆزێك یان سەرتیرەیەك رەزامەندی کارکردنی دەربڕیایە، وا دادەنرا سەرجەم کەسانی هۆزەکەش لە گەڵیدا دەبن، بەڵام سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری، ئەوا پەیوەندییەکان تاکە تاکی دەبوون.

برایەتی لەناو شاری سلێمانی خاوەن بنەکەیەکی، ڕێکخراوەیی بەهێز بوو، لەناو پۆلیسەکانی شاری سلێمانیدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو پۆلیسانە، سەر بە کۆمەڵەی برایەتی بوون.

لە راستیدا کۆمەڵەی برایەتی سوودی زۆری لەو پۆلیسانە وەرگرت و زۆربەی کار و چالاکییەکانی بەهۆی ئەو پۆلیسانە ئەنجام دەدا.

دیارە بوون بە ئەندامیش لەناو کۆمەڵی برایەتی، یەکسەر دوای سوێند خواردنەکە، ئیدی ئەو کەسە دەبوو بە ئەندام، سوێندەکەش بەم جۆرە بوو: وەڵڵا، بیللا، تەللا، بە هەقی ئەو قورئانە خیانەت لەگەڵ کۆمەڵە ناکەم، خیانەت بە هیچ کوردێکیش ناکەم، هەر کەسێ لە پێناوی ئەم کۆمەڵەشدا تووش بوو، بە هەموو مەعنایەك، معاوەنەتی دەکەم، هەر قەرارێك لە لیژنەوە دەرکرا، بابەفەوتانی خۆشم بێت، ئەو کارە ئەنجام دەدەم).

لیژنەی ناوەندی کۆمەڵی برایەتی، سەرەتای کۆبوونەوەکانی بەم جۆرە بووە:

١- کۆبوونەوەی یەکەم لە ماڵی شێخ لەتیفی حەفید.

٢- کۆبوونەوەی دووەم لە خانەقای مەحوی.

٣- کۆبوونەی سێیەم لە ماڵی حەمەی ئەورەحمان ئاغا.

٤- کۆبوونەوەی چوارەم لە ماڵی سدیق شاوەیش.

ئیتر دوای ئەوە بڕیار درا، کۆبوونەوەکان هەمووی لە بارەگای فەرمی کۆمەڵە بێت کە ئەویش خانەقای مەحوییە.

## سنووری چالاکی کۆمەڵەی برایەتی:

کۆمەڵەی برایەتی، سەرەتا لە ناو شاری سلێمانی و لەسەر دەستی کەسایەتی و رۆشنبیری و ئایینی وکۆمەڵایەتی شار و دەوروبەری شاری سلێمانی دامەزرا. بەڵام چەند سەرچاوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کۆمەڵە لقی لە شارەکانی بەغدا و کەرکوك و کۆیە کردۆتەوە، هەروەها توانیویەتی پەیوەندی

لەگەڵ کۆمەڵە کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری شاری هەولێر ببەستێ، وەك: ئەمین رەواندوزی و حوسێن حوزنی موکریانی.
هەر لە چالاکییەکانی کۆمەڵە، لەو سەردەمە مەلا مستەفا بارزانی کە لە سلێمانی لەژێر چاودێری رەسمی میریدا دەبێ، لە کۆبوونەوە نهێنییەکانی کۆمەڵە بەشداری کردووە، هەر کۆمەڵە بەخۆی رێ و شوێنی دەربازبوونی مەلا مستەفای گرتە ئەستۆ بۆ گەڕانەوەی بۆ ناوچەی بارزان.
کۆمەڵە بنکە و هێزی سەرەکی لە خەڵکی سلێمانی پێکهاتبوو، دوای راگەیاندنی بەیانی دامەزراندنی کۆمەڵە، خەڵك و دانیشتوانی هۆشیاری شاری سلێمانی، روویان لەم رێکخراوە سیاسییە دەکرد، لە خانەقای مەحووی پاش سوێند خواردن و پەیمانی کارکردن، ئەوا بە ئەرکی سەر شانیان هەڵدەستان، وەلی ئەندامێکی کۆمەڵە. پۆلیسی شاری ئەوسای سلێمانی، رۆڵێکی گەورەی نیشتمانی و نەتەوەییان دەگێڕا، دوا بەدوای ئەوان توێژی فەقیەکانی کوردستان و قوتابیانی ئەو سەردەمە کاریان بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵی برایەتی دەکرد.
ئەو بەیاننامانەی دژی زوڵم و ستەمی رژێم دەردەکرا بەدەست نووسی فەقیەکانی شاری سلێمانی دەنوسران و بڵاو دەکرانەوە، دواتر بۆ شار و ناوچەکانی دیکە رەوانە دەکران.
چالاکیەکانی کۆمەڵە بەزۆری لە سلێمانی بوو، بەڵام لە شارەکانی کەرکوك و هەولێر و بەغدا و کفری و خانەقین چالاکی بەرچاو دەکەوت.
چالاکییەکانی کۆمەڵە بووە مایەی سەرئێشە بۆ دەسەلات، بۆیە دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقی بڕیاری گرتنی سەرکردە و کادیرە چالاکەکانی کۆمەڵە دەدەن، لەوانە (مەلا ئەسعەدی مەحوی، شێخ لەتیفی دانساز، محمد خدر) هەریەکە ماوەی (٦) مانگ بڕیاری زیندانی دەدرێن و رەوانەی بەندیخانەی (حەویجە) دەکرێن، کە لە باشووری کەرکوکە. دوای ئازاد بونیان، ئەم جارە

بڕیاری گرتنی، هەر دوو سەرکردەی کۆمەڵە (شێخ لەتیفی حەفید و مەلا ئەسعەدی مەحوی) دەردەچێ، بەڵام پێش جێبەجێکردنی بڕیاری گرتنەکەیان، هەواڵەکە دەگاتە ئەو سەرکردانەی کۆمەڵە، بۆیە هەردوکیان دوای راوێژ کردن لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید، بڕیار دەدەن خۆ یان نەدەنە دەست و بەرەو کوردستانی رۆژهەڵات بەرێ دەکەون و لە شاری سەردەشت نیشتەجێ دەبن.

## تێکچوونی بارودۆخی کۆمەڵەی برایەتی:

دوای بەجێ هێشتنی شاری سلێمانی لەلایەن شێخ لەتیفی حەفید و مەلا ئەسعەدی مەحوی، بە شێوەیەکی نهێنی و کتوپڕ، رێکخستنەکانی برایەتی جۆرە شپرزەیی و لێکترازانێك بەسەر چالاکی و رێکخستنی بەدی دێت.

لەلایەکی دیکەوە بە گەیشتنی ئەو دوو کەسایەتیە بۆ شاری سەردەشت و پێش وازیکردنێکی گەرمی خەڵکی شار و دەوروبەری، هەروەها دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی ئیداری ناوچەکە و هەڵسەنگاندنی کەشی سیاسی و لەپێناو خزمەتکردنی خەڵکی، هەردوکیان ساڵی ١٩٤٣ بڕیاری بانگێشتەی ئازادی کورد بڵاو دەکەنەوە، بەمەبەستی بەڕێوەبردن وسەرپەرشتی کاروباری ناوچەکە، لەگەڵ دامەزراندنی حکومەت لە شاری سەردەشت.

لە بواری رێکخستنی ئیدارەی ئەو حکومەتەوە هەنگاوی پێویست دەنێن، وەك:

١- دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتی ئەو حکومەتە.

٢- رێکخستنی کاروباری ئیداری بۆ دانیشتوان.

٣- پێکهێنانی دادگایەکی ئازاد بۆ لێپرسینەوە لە داوا و داخوازی خەڵك.

٤- هەوڵی کردنەوەی قوتابخانەی ئایینی دەدرێت.

٥- بڕیار دەدەن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی سیاسی دەرەکی، پەیوەندی بە دۆست و دڵسۆزانی کورد و بیانی دەکەن، بۆ پشتگیری کردن و

لەسەرکردنەوەیان لە ئاست هەر دەستدرێژییەکی حکومەتە ناوەندییەکانی ئێران و تورکیا و عێراق.
بەڵام بەهۆی جیاوازی و ململانێ پەیدابوون لە نێوان هەردوو شێخ لەتیف حەفید و مەلا ئەسعەدی مەحوی، ئەو حاڵەتە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کارەکانیان لەسەردەشت.

## ٢٧- کۆمەڵەی دارکەر[١٠٣]:

دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر لە بارودۆخێکدا بووە، کە رەوشی جیهان بەگشتی و کوردستانی باشوور بەتایبەتی، دیاردەی رابوونێکی نەتەوایەتی بەخۆیەوە دەبینی، هەروەها بوونی جۆرێك لە بۆشایی سیاسی و حزبی لە کوردستاندا، بەتایبەتی دوای شکستهێنانی هەموو راپەڕینە چەکدارییەکان لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان، لەگەڵ دروست بوونی توێژێکی رووناکبیر و بورژوازی بچووك لە ناوەندی شارەکاندا، کە بەهۆیەوە شارەکانی کوردستانی باشوور، وەك سلێمانی و هەولێر و کەرکوك و کۆیە و رەواندوز، بوون بە مەلبەندی چالاکی سیاسی.
هەر لە هۆکارە راستەوخۆ و سەرەکییەکانی دروست بوونی کۆمەڵەی دارکەر، کۆبوونەوەی ژمارەیەکی گەورەی خوێندکاری شارەکانی هەولێر و کەرکوك و کۆیە و سلێمانی، لە قوتابخانەی دواناوەندی کەرکوك و کاریگەرییان بەو هەل و مەرجانەی سەرەوە.
کۆمەڵەی دارکەر، ناوەکەی لە کۆمەڵەی – کاربوناری – کرێکارانی خەڵوزی ئیتاڵی وەرگرتووە، کە لەلایەن گاریبالدی – سەرکردایەتی دەکرا و رۆڵێکی گەورەشی گێڕاوە لە رزگاری وڵاتی ئیتاڵیا و یەکگرتنی خاکەکەی لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەدا.

دەربارەی ساڵی دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر، جیاوازی لە بیروڕاکان هەیە، بەشی زۆری نووسەران ئاماژە بۆ ساڵی ١٩٣٧ دەکەن، بەڵام کەسانی دیکەش ئاماژە بۆ ساڵی ١٩٣٨ دەکەن، هەروەك نوری شاوەیس لە یاداشتەکانی باسی کردووە.

هەروەها سەبارەت بۆ شوێنی دامەزراندنی کۆمەڵەکە، بیروڕاکان زیاتر ناکۆکن، بەشێکی زۆر لە نووسەران ئاماژە بۆ شاری کەرکوك دەکەن، بەڵام هەندێ نووسەری دیکەش شاری هەولێر بە جێگای دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر دەزانن.

د.موکەرەم تاڵەبانی، لە کتێبەکەی – هیوا – چاپکراوە ساڵی (٢٠٠٢) باسی دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر دەکات و دەڵێ:

لە ئێوارەی ڕۆژێکی مانگی ئەیلولی ١٩٣٧، لە کۆبوونەوەی ژمارەیەك لە قوتابیانی قوتابخانەی دواناوەندی مەڵبەندی کەرکوك، لە خانوەکەی (شاکر بەگی جەلالی) کە ماڵی (یونس دڵداری) شاعیری تیادا نیشتەجێ بوو، لە گەڕەکی بەکلەری شاری کەرکوك، ئەم کۆبوونەوەیە ڕێکخراوە، ئامادەبوانی کۆبوونەکە بریتی بوون لە:

یونس ڕەئوف (دڵداری شاعیر)، بورهان حامد جاف، کاکە حەمە خانەقا، موکەرەم تاڵەبانی، لەگەڵ سێ کەسی دیکەش کە ناوەکانیان نەزانراوە و خەڵکی دەرەوەی شاری کەرکوك بوونە.

لەو کۆبوونەوەیە دڵداری شاعیر، وتارێکی پێشکەش کردووە و باسی بارودۆخی کوردستانی کردووە ئەو هەل و مەرجەی ئێستای گەلی کورد تیایدا دەژی، خاکەکەی پچڕ پچڕ کراوە، وا پێویست دەکات کە ڕێکخراوێکی سیاسی دروست بکرێت بۆ هەموو تێکۆشەران و ئەو ڕێکخراوەش ڕابەرایەتی خەباتی بکات، هەروەها دەبێ ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەم بارەوە کاریگەر بێت.

هەر دەربارەی شوێنی کۆبوونەوەکە و دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر، بۆچوونێکی دیکەش هەیە، کە کۆمەڵە لە شاری هەولێر دامەزراوە لەلایەن: یونس دڵدار، نورەددین بەهادین، مستەفا عوزێری، فەتاح عەبدولجەبار، موسا سەمەد، رۆستەم عەبدولجەبار، خەلیل ئەحمەد، جەلال قادر.

نوری شاوەیس باس لەوە دەکات کە ئەو پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە کردووە لە شاری سلێمانی کە پێشتر ئەندامی کۆمەڵەی ئازادی بوون، ئەوانەش: نوری مەلا ئیسماعیل، نوری ئەحمەد تەها، محەمەد ئەحمەد تەها، مەهدی حاجی ساڵح، مستەفا عوزێری، عەزیز شاڵی، نورەددین بەهائەددین. ئەوانە وەك لقی سلێمانی کۆمەڵەی "دارکەر" کاریان کردووە.

کۆمەڵە هەوڵیداوە رێکخستنەکانی گەشە بکات، بۆیە چەند لقێکی پێکهێناوە، لە شارەکانی کەرکوك، هەولێر، کۆیە، سلێمانی، شەقڵاوە، چەمچەماڵ، بەغداد، خانەقین لەو کەسانەی کە لە بەغدا بوونەتە ئەندامی کۆمەڵە هەریەك لە (رەشید باجەلان، محەمەد ئەمین زەکی).

دەربارەی ئامانج وبیروباوەڕەکانی کۆمەڵە، کۆمەڵە بانگەشەی بۆ مافی چارەی خۆنووسین کردووە) هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی کورد، کە هەر چوار پارچەکەی کوردستان بگرێتەوە.

بەڵام کۆمەڵە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی نەبووە بە نوسراوی، تەنها بیروباوەڕ و ئامانجەکانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان باس دەکران.

کۆمەڵە لە حوزەیرانی ١٩٣٨، کاتێ قوتابیانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر، بۆ تاقیکردنەوەکانیان لە کۆتایی ساڵ ئامادەبوون لەناو باخچەی (ام الربیعین) لە گەرەکی ئەڵماس شاری کەرکوك، نزیکەی (٦٠) قوتابی کۆبوونەوە و یەکەم کۆنفرانسیان بەست.

لەو کۆبوونەوە فراوانەدا باس لە بوونی کەسایەتیەک کراوە کە سەرۆکایەتی کۆمەڵە بکات، بۆ ئەم مەبەستە چەند ناوێک خراونەتە ڕوو، وەک: (محەمەد ئەمین زەکی (ئەفسەر)، مەعروف چیاوك (دادوەر)، ڕەفیق حلمی (مامۆستا).

لە ئاکامی بیروڕا گۆڕینەوە، بڕیار درا ڕەفیق حلمی وەک سەرۆک بۆ کۆمەڵە هەڵبژێردرێ، دوای ئەوەی لەگەڵ ناوبراو قسە و باس کرا، ئەویش ڕازی بوو بەو داواکارییە، بەڵام ناوبراو مەرجی ئەوە بوو ناوی کۆمەڵەی دارکەر بگۆڕێت بۆ حزبی هیوا[١٠٤].

بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو هەنگاوە، کۆمەڵەی دارکەر دواکۆبوونەوەی خۆی لەشاری کەرکوک لە مانگی نیسانی ١٩٣٩ بەست، لەو کۆبوونەوەیە نوێنەری لقەکانی کوردستان ئامادەبوون بڕیاردرا کە ڕێکخستنەکەیان بۆ حزبێکی سیاسی بەناوی هیوا بگۆڕن.

**سێیەم: خشتەیەک بۆ بەراوردکردنی زانیاری لەنێوان کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان:**

| ز | ناوی کۆمەڵە | ناوی سەرکردە | پێگەی کۆمەڵایەتی | ئایدۆلۆژیا | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵەی بەلشەفیک | نەزانراوە | پێکهاتبوون لە جوتیار و زەحمەتکێش | چەپ | ١٩١٧ |
| ٢ | کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان | ڕەفیق حلمی | بورژوازی بچووک | ناسیۆنالستی | ١٩٢٠ |
| ٣ | بەرزی وڵات – گزنگ – کوردستانی – فیداکاری وەتەن پەروەران | جەمال عیرفان | ئەفسەری سوپا | چەپ | ١٩٢٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | رێکخراوی ئازادی کوردستان | نەزانراوە | پێکهاتبوو لە بورژوازی بچووک و ناوەڕاست | ناسیۆنالیست | ١٩٢٠ |
| ٥ | کۆمەڵەی کوردستان | مستەفا پاشا | ئەفسەری سوپا/ بورژوازی ناوەند | ناسیۆنالیست | ١٩٢٢ |
| ٦ | بەرگریکردن لە نیشتمان | ئەحمەد تۆفیق بەگ | کەسایەتی – موتەسەریفی ناوەندی سلێمانی | ناسیۆنالیست | ١٩٢٥ |
| ٧ | ئیستقلالی کوردستان لقی موسڵ | ئەمین ڕەواندوزی | ئەفسەری سوپا | ناسیۆنالیست | ١٩٢٥ |
| ٨ | پشتیوانی کوردان | مستەفا شەوقی | | ناسیۆنالیست | ١٩٣٠ |
| ٩ | زانستی سلێمانی | ئەحمەد تەوفیق بەگ | موتەسەریفی سلێمانی | ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی | ١٩٢٦ |
| ١٠ | زانستی کەرکوک | مەلا عەبدالقادر ئەفەندی | پیاوی ئایینی | ڕۆشنبیری | ١٩٢٦ |
| ١١ | کۆمەڵەی زەردەشت | ئیسماعیل حەقی شاوەیس | ئەفسەر | ناسیۆنالیست | ١٩٢٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | کۆمەڵەی خۆیبوون | د.شوکر محمد سەگبان | بورژوازی ناوەند | ناسیۆنالیست | ١٩٢٧ |
| ١٣ | کۆمەڵەی نهێنی کورد | ئەحمەد تەقی | بورژوازی بچووک | ناسیۆنالیست | ١٩٢٥ |
| ١٤ | کۆمەڵەی لاوانی کورد | ابراهیم احمد | بورژوازی بچوک | ناسیۆنالیست | ١٩٢٨ |
| ١٥ | کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان | محمود جودەت | ئەفسەری سوپا | ناسیۆنالیست | ١٩٣٠ |
| ١٦ | یانەی سەرکەوتنی کوردان | ابراهیم حەیدەری | بورژوازی ناوەند | کۆمەلأیەتی | ١٩٣٠ |
| ١٧ | یاریدەردەری کورد | جلال نوری | بورژوازی ناوەند | کۆمەلأیەتی رۆشنبیری | ١٩٣١ |
| ١٨ | کۆمەڵەی منەوەران | شاکر فەتاح | بورژوازی بچوک | کۆمەلأیەتی رۆشنبیری | ١٩٣١ |
| ١٩ | کۆمەڵەی ئازادی کورد | مەحمود ئازادی | بورژوازی بچوک | ناسیۆنالیست | ١٩٣٥ |
| ٢٠ | هیدایەتی ئیسلامی | مەلا عەبدوڵڵا | بورژوازی بچوک | ئایینی | ١٩٣١ |
| ٢١ | کۆمەڵەی یەکێتی | مەلا حەسەنی قازی | بورژوازی بچوک و پیاوی ئایینی | ناسیۆنالیست | ١٩٣٥ |
| ٢٢ | حزبی ئیسلامی | | پیاوانی ئایینی | ئایینی | ١٩٢٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئایینی + سەرۆک خێڵ و تیرە | | |
| ٢٣ | کۆمەڵەی ئەستێرەکانی نازی | عبدالعزیز یاملکی | بورژوازی بچوک | ناسیۆنالیست | ١٩٣٥ |
| ٢٤ | کۆمەڵەی برایەتی | شێخ لەتیف شێخ مەحمود | بورژوازی ناوەند و سەرۆک هۆز | ناسیۆنالیست | ١٩٣٧ |
| ٢٥ | کۆمەڵەی دارکەر | رەفیق حلمی | بورژوازی بچوک | ناسیۆنالیست | ١٩٣٧ |

**تێبینی:**

١- بە هۆی کەمی زانیارییەکان، کەسی یەکەمی چەند کۆمەڵەیەک نەزانروە، وەک: کۆمەڵەی بەلشەفیک، ئازادی کوردستان، حزبی نیشتمانی کورد، حزبی ئیسلامی.

٢- چەند کۆمەڵەیەک، مەڵبەندی سەرەکیان کوردستانی باکوور بووە، بەڵام لقیان لە کوردستانی باشوور پێکهێناوە، وەک کۆمەڵەی خۆیبوون، کۆمەڵەی ئیسقلالی کوردستان، بۆیە ناوی کەسی یەکەمی کۆمەڵە لە هەندێ بواردا هاتووە.

٣- ئەو کۆمەڵە و ریکخراوانە، هەروەک لە خشتەکە دەردەکەوێ، ئەگەر پۆلێن بکرێت لە رووی ئایدۆلۆژی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە، ژمارەکانیان بەم جۆرە دەبێت:

ا- پۆلین کردنیان لە رووی پێکهاتەی چینایەتیەوە:

بورژوازی بچووک ١٣ کۆمەڵە

بورژوازی ناوەراست ٦ کۆمەڵە

سەرۆک خێڵ و عەشیرەت ١ کۆمەڵە

پیاوانی ئایینی (تێکەڵاو) ٤ کۆمەڵە

ب- پۆلین کردنیان لە رووی ئایدۆلۆژیاوە:

چەپ ٢ کۆمەڵە

ناسیۆنالیست ١٦ کۆمەڵە

ئایینی ٢ کۆمەڵە

رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ٥ کۆمەڵە

## چوارەم: کۆتایی:

### هەڵسەنگاندنێك بۆ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، خسلەتە گشتییەکان:

١- دروست بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشبیری لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە (١٩١٤-١٩١٨)، تا سەرەتاکانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە (١٩٣٩-١٩٤٥)، دیارە کاردانەوەی کۆمەڵە فاکتەرێکی کاریگەر بووە، لەلایەن چین و توێژە هۆشیارەکانی بژاردەی کۆمەڵگەی کوردی، لە ئاست ئەو ڕەوشەی کە گەلی کورد پێیدا تێپەڕ دەبوو، لە بێ ئومێدی و نارەوایی و چەوساندنەوە لە لایەکەوە، هەروەها نەگەیشتن بە هیچ ئامانجێکی سیاسی و نەتەوایەتی، لەلایەکی دیکەوە، دوای ئەو هەموو تێکۆشان و ڕەنجدانە، کە هێزە ناوچەیی و بیانییە گەورەکان ڕێگر بوونە لەبەردەم گەیشتن بە ئاواتەکانی، بگرە تا ڕادەیەکی گەورەش کورد بووە بە قوربانی سیاسەت و پیلان و بەرژەوەندییەکانی ئەو لایەنە دەرەکیانە.

لەم بارەیەوە دەبێ ڕۆڵ و ماندووبوونی ئەو تێکۆشەرانەی کورد، ئەوانی زۆر بوێرانە بەرەنگاری ئەو هەل و مەرجە ئاڵۆزە و پڕ کێشە بوونەتەوە، لە ڕێگەی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی خۆیان لەناویاندا کۆ کردبۆوە، بۆ درێژەپێدان بە تێکۆشان و خەباتیان، وا پێویست دەکات ڕۆڵیان لە بیر نەکرێت و بەرز و بەڕێز تەماشا بکرێن.

٢- دروست بوونی ئەو کۆمەڵە سیاسییانە و ئەو ڕێکخراو و یانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریانە، کۆکردنەوەی تواناکان بووە، هەوڵبدرێت هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە بەشداری خەباتی نەتەوایەتی بکەن، چ ئەوانی لە گوند و دێهاتەکان دەژیان، یان لە شارەکاندا، بە مانای بەشداریکردنی جوتیار و کرێکار و کاسبکار و مەلا و شێخ و ئاغا و ڕۆشنبیر و خوێندکار و فەرمانبەران، لەو ئەرکە نەتەوایەتییە.

٣- هەر بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئاستی نزمی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، سەرەڕای لاوازی هۆشیاری نەتەوایەتی، هەروەها بە هۆی پێنەگەیشتنی هەل و مەرجە بابەتی و خودییەکان بۆ بزاڤی نەتەوایەتی کورد، ئەوا ئەو کۆمەڵە و رێکخراوە سیاسییانە هیچ دەسکەوتێکی سیاسی ئەرێنیان بەدەست نەهێنا، بەڵام بنچینەیەکیان دارشت بۆ ئەو رێکخراو و حزبە سیاسیانەی دواتر دورست بوونە و هاتنە گۆڕەپانی خەبات و درێژەیان بە خەباتدا بەهۆی چالاکی سیاسی و وروژاندنی هۆشیاری جەماوەری.

٤- لە قۆناغێکی دیاریکراودا، جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی گەلی کورد، هاوخەباتی جولانەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی گەلانی ناوچەکە بوو، بەڵام دوای ئەوەی نەتەوە پەرستە شۆڤێنییەکان لە (تورکیا - ئێران - وڵاتانی عەرەبی) رووی راستی خۆیان ئاشکرا کرد و کەوتنە دژایەتی کردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد و هێرشیان کردە سەر تێکۆشەرانی کورد، هەروەها پشتیان لە مافە رەواکانی گەلی کورد کرد، ئەوا جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لێیان رەنجا و کەوتە بەربەرەکانیان.

٥- بە هۆی چەند فاکتەرێکەوە، شارەکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، موسڵ، کۆیە، بوونەتە مەڵبەندی چالاکی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەوە. ئەو فاکتەرانە، دورست بوونی چین و توێژی روناکبیر و بورژوازی بچوک، هەروەها پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان بازاڕەکانی ئەو شارانەوە دەوروبەریان بوونە.

٦- یەك لە خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی، هەروەك لە میانەی رووداوەکان دەردەکەون، بەشێك لە عەشیرەت و تیرەکان پشتگیری هێزە بیانییەکانیان کردووە، یان هەڵوێستیان ئیجابی نەبووە لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و شۆرشگێڕییەکانی کورد، ئەو هێزە بیانیانە تورك بوو بن یان ئینگلیز.

٧- بەرنامەی سیاسی ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانە، زیاتر جەختی لەسەر مافە نەتەوایەتییەکان و دروست بوونی دەوڵەتی کوردی و یەکگرتنەوەی خاکی

کوردستان کردۆتەوە، بەلاّم ناوەڕۆکە کۆمەلاّیەتی و ئابوورییەکەی وەك پێویست بایەخی پێ نەدراوە.

٨- یەك لە خەسڵەتە گرینگەکانی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە، گۆڕینی شێواز و میکانیزمی خەبات بووە، لە خەباتی شۆڕشگێری چەکدارییەوە بەرەو خەباتی سیاسی جەماوەری نهێنی، بە پشت بەستن بە کاری ڕێکخراوەیی.

٩- ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە، وەك پێویست نەیان توانیوە ناوەڕۆکی راستەقینە و گەشی مەسەلەی کورد و داخوازییە، ڕەواکانی بۆ گەلانی دراوسێ و هێزە سیاسییە بیانییە گەورەکانی جیهان روون بکەنەوە، ئەوان لە پەیوەندییە دەرەکیەکانیان کەم تواناو لاواز بوونە.

١٠- ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە، نەیان توانیوە جەوهەری راستەقینەی ئیمپریالیزم بە گشتی و ئیستعماری بەریتانی بە تایبەتی بناسێنن و بۆ گەلی کورد روونی بکەنەوە، وەك لایەنێکی سەرەکی هێزە دژەکان.

١١- گۆڕینی شێوازی سەرکردایەتی و دەسەلاّت لە تاکەوە بۆ کۆمەڵ، ئەو دەسەلاّتە تاکڕەوەییەی لە میانەی خەباتی چەکداری ڕۆڵی کاریگەری هەبووە و پێکهاتبوو لە ئاغا و شێخ و دەرەبەگ و کەسایەتییە کۆمەلاّیەتییەکان، ئەو شێوازە لە ئاکامی خۆڕێکخستنەوە لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی سیاسی، سەرکردایەتیەکەی شێوازێکی دەستە جەمعی زیاتری وەرگرت بۆ بەڕێوەبردنی کارو بارەکان.

١٢- بەشێکی زۆری ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسیانە، بەرەو رووی قەیرانی سەرکردایەتی هاتبوون، بەهۆی نەبوونی کەسایەتیەکی کاریزما و ناسراوی کۆمەلاّیەتی، کە خەڵکی لە دەوری کۆببێتەوە سەرەڕای کەم شارەزایی لە بواری پەیوەندییە سیاسی و جەماوەرییەکان، دیارە ئەوەش هۆیەك بووە بۆ لاوازی لە رووی بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخراوانە.

١٣- لاوازی شێوازی ڕێکخستنەکانی ئەم یانە و کۆمەڵە و ڕێکخراوانە، بەهۆی دەستنیشان نەکردنی شێوازی پەیوەندییە ناوخۆییە ئۆرگانییەکانیان، هەروەها نەبوونی پەیڕەو و پرۆگرام بۆ زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە، یان تەماوی ئایدۆلۆژیا و سەرخانی ڕێکخراوەکە، بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونە، زۆر زوو ئەو ڕێکخراوانە دوای دروست بوونیان پەرش و بڵاو دەبوونەوە، سەرەڕای پەیدابوونی ناکۆکی و ململانێ ناوخۆییان.

١٤- بەشێکی زۆری ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە لە ڕاستیدا لە ڕووی پێکهاتە و ڕێکخستن و پەیوەندییە جەماوەرییەوە نەگەیشتوونەتە ئاستی حزبی سیاسی خاوەن جەماوەر و ڕێکخستنی فراوان، بەڵکو زیاتر وەك شانە و ڕێکخراوێکی حزبی بچووکی ئەم سەردەمە بوونە، لە ژمارەیەکی کەمی ئەندامان پێکهاتبوون.

١٥- ئەوانی ئەندامی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە بوون، یان ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لە بەڕێوەبردنی، بە زۆری دانیشتوانی شارەکان بوون، لە روناکبیر و کەسایەتی و بازرگان و خوێندکار و عەسکەری، هەروەها پیاوانی ئایینی و فەرمانبەرانی حکومەت، لەم بوارەشدا چەند شارێك ڕۆڵی پێشەنگیان هەبووە، بەتایبەتی سلێمانی و هەولێر و کۆیە.

١٦- زۆربەی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە خاوەن پەیڕەو و پرۆگرام نەبوونە، ڕێنمایی بڕیار و کاروبارەکان زیاتر لە ڕێگەی کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنەکان ڕێککەوتنی لەسەر دەکرا، متمانەی کەسێتی و پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە بەڕێوەبردنی چالاکیەکانیان، سادەیی و ساکاری و کەم ئەزموونیان پێوە دیار بووە، پەیکەرێکی ڕێکخراوەیی توکمەیان نەبووە. ڕەنگە کۆمەڵەی (دارکەر) تارادەیەك کەمتر ئەم خەسڵەتەی پێوە دیار بووبێت.

١٧- تواناکانیان لە ڕووی ڕاگەیاندن و پەخش و بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوون و دەنگ و باسەکان، لاواز و سنووردار بووە، توانای ماددی و کەرەستەی چاپ

و گەیاندنیان زۆر کەم و لاواز بووە، رۆڵی (کەس) لەم بارەوە کاریگەری گەورەی هەبووە.

١٨- بوونی ململانێ و جیاوازی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناو ریزەکانی زۆرینەی ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانە، بەهۆی ناتەبایی و خۆپەرستی خێڵەکی و گیانی تۆڵە سەندنەوە و چەندین دیاردە و خەسڵەتی کۆمەڵایەتی دیکە.

دیارە ئەوەش دیاردەیەکی ئاساییە بۆ هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکدا کە مۆرکی دەرەبەگایەتی و عەشائیری بە سەردا زاڵبێت.

١٩- ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانەی کە دامەزرابوون، لەناویاندا هەبووە بیروباوەڕی مارکسی کاریگەری بەسەریاندا زاڵ بووە، وەك گروپەکانی بەلشەفیك و کۆمەڵەکانی جەمالی عیرفان، هەروەها چەند گروپێکیان هەڵگری فیکری ئیسلامی بوون.

بەڵام بەگشتی لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و داواکردنی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان یەك دەنگ بوونە.

٢٠- تەمەنی ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانە کورت بوونە، ئەگەر تەماشای مێژووی دروست بوونیان بکەین دەبینین هیچ رێکخراوێکیان لە دوو سێ ساڵێك زیاتر تەمەنی درێژ نەبۆتەوە، هەروەها شێوەی کارکردنی زۆربەیان بە نهێنی بووە و رێگای کاری فەرمی و ئاشکرایان پێ نەدراوە، بەڵکو رووبەڕوی گرتن و لێپرسینەوەی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت بوونەتەوە.

٢١- رۆڵی ژن لەناو ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانە زۆر لاواز بووە، ئەگەر سەرنجی ناوی دەستەی دامەزرێنەری، یان ئەنجومەنی بەرێوەبردنەکان بدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە هیچیان ناوی ژنی تیادا نییە. دیارە دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە رۆڵی گەورەی هەبووە لەم بارەوە.

٢٢- ئەو كۆمەڵە و رێكخراوانە، بەگشتی، ژمارەیان زۆرترە لەوە كە ئاماژەمان بۆیان كردووە، یان نووسەرانی دیكە باسیان دەكەن، بەلاّم بەشێكیان زانیارییەكان لەسەریان زۆر كەمە و ناڕێك و شێواویشە، بەشێكیان مشتومڕی نوسەرانیان لەسەرە دەربارەی ناوەكانیان یاخود مێژووی دروست بوونیان، هەروەها دەربارەی ئەو دەستە و كەسانەی پێی هەستاون، بۆیە ئاسان نییە وەك پێویست باسیان بكرێت، رەنگە هەندێ كۆمەڵە دووجار ناوی هاتبێت یاخود لە چەند سەرچاوەیەكەوە بە جیاوازی خرابێتە روو، بۆیە ئەم باسە پێویستی بە توێژینەوەی دوورو درێژی پسپۆران هەیە.

# بەشی چوارەم

## قۆناغی دامەزراندنی حزبە سیاسیەکان

### سەردەمی تاك و حزبی

### هیوا، شۆرش، رزگاری، پارتی دیموکراتی کوردستان

**یەکەم: گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا**

لە ماوەی نێوان هەردووی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا، رووداو گۆڕانکاری گرینگ لە کوردستانی گەورەدا روویداوە، ئەم خاکە جارێکی دیکە دابەشکرایەوە، دوای دروست بوونی هەردوو دەوڵەتی عێراقی و سوری، بەم جۆرە کورد خۆی بەرەو رووی رەوشێکی نوێ دیتەوە، بەرامبەر بە سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی.

ئەو گۆڕانکارییانە دیارە، کاریگەری خۆ ی لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کورد[١٠٥] بەجێ هێشتووە، ئەرك و پێداویستی نوێی کەوتۆتە سەر شان، لەگەڵ جۆری پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تازەکان.

بێگومان کوردستان بەگشتی و کوردستانی باشووریش بەتایبەتی، زۆر دەوڵەمەندە بە نەوت و زۆر جۆرەکانەکانی دیکەی بەنرخ، سەرەڕای جێگا جیوستراتیژییەکەی بۆیە ببووە کانگای چالاکی سیاسی نهێنیو پرۆپاگەندەی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی جیهان و هەوڵیانداوە کەڵك لە کێشەی کورد وەربگرن بۆ سوودی تایبەتی خۆیان.

مەسەلەی کورد یەکێکە لە کێشە ئاڵۆز و گرینگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تاڕادەیەکی زۆر لە جیهانی سیاسیدا، رۆژ بە رۆژیش رۆڵ و کاریگەری زیاتر دەبێ.

لەبەر چەندین هۆکار، کێشەی کورد لە جەنگی دووەمی جیهانی بەدواوە پێی لە پلەیەکی نوێی گرینگ ناوە، لە هەموو پلەکانی دیکەی مێژوویيدا گرینگ و ئاڵۆز ترە، هەروەك لەم خاڵانە دەردەکەوێ:

١- بەهۆی دەوڵەمەندی کوردستان بە نەوت و کانەکانی دیکە، هەروەها دەستی نیشکەری هەرزان و جێگای ستراتیژی گرینگ، زۆربەی دەوڵەتە

ئیمپریالیستەکان لە هەولْ و تەقەلآی بی وچاندا بوون بۆ ئەوەی کەڵك لەم بزووتنەوەیە وەربگرن لەسەر حسابی میللەتی کورد.

٢- حکومەتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا، کە راستەوخۆ نەتەوەی کورد دەچەوسێننەوە، کێشەی کوردیش لەو ولآتانە لە هەموو کێشەکانی دیکەی ناوخۆ و دەرەوەیان ئالۆزترە.

هەروەها کاریگەری دەبیْ بەسەر زۆربەی پەیوەندییە دەرەکیەکان و سیاسەتی گشتی ئەو دەوڵەتانە.

٣- شێواز و رێبازەکانی کارکردن و سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی و گەیشتنی میللەتی کورد بە مافەرەواکانی، هەست و هۆشی هەموو سەرکردەکانی حزب و هێزە سیاسی و کۆمەلآیەتیەکانی کورد و دڵسۆزان و رۆشنبیرانی بزواندووە.

هەمیشە لە لێکدانەوەی بیر و بۆچوون و خستنەرووی تێروانینەکان و رێگا نیشاندادا بوون، بۆ ئەوەی بە چاکترین بەرنامە و بە باشترین تەکنیك بزووتنەوەی کوردایەتی بەرەو پێشەوە ببەن و بگات بە ئامانجەکانی.

دیارە ئەو هەل و مەرجەش پێویستی بە سەرکردایەتی نوێ و رێکخستنی سیاسی، پێکهاتوو لە شێوازێکی دیکەدا هەیە، کە لەگەلْ رووداو و دیاردە تازەکاندا گونجاو بێت.

سالآنی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) و تا دەگاتە جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵە و رێکخراو و یانەی سیاسی، کۆمەلآیەتی، رۆشنبیری، لە کوردستانی باشووردا دروست بوونە، نموونەی: کوردستان، سەربەخۆیی کوردستان، زەردەشت، برایەتی، لاوان، زانست، سەرکەوتن، خۆیبوون، دارکەر... ئەگەرچی دەسکەوتی سیاسی ئەرێنی و بەرجەستەیان، زۆر کەم بووە، بەلآم هەنگاوێکی ئەزموونی بەکەڵك بوو بۆ بزاڤی نیشتمانی لە کوردستاندا.

لە ماوەی هەردوو جەنگی جیهانیدا، چەندین رووداوی گرینگ هاتۆتە کایەوە، دوای روخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و دروست بوونی دەوڵەتی نوێی تورك.
لە ٢٧/کانوونی یەکەمی/١٩٢٠ یەکەمین حکومەتی نیشتمانی عێراقی پێکهات بە سەرۆکایەتی (عەبدولرەحان نەقیب)[١٠٦] و لە ٦/کانونی دووەمی/١٩٢١ سوپای عێراق دامەزرا، کە پێکهاتبوو لەو ئەفسەرە عێراقیانەی پێشتر لە سوپای عوسمانیدا خزمەتیان کردبوو، لە ناویاندا ژمارەیەکی گەورەش ئەفسەری کوردی تیادابوو.
لە ئازاری/١٩٢١ دا، لە کۆنگرەی (القاهرة) بڕیاری دانانی (فەیسەلی کوڕی حوسێن) بە پاشای عێراق دەرچوو، راپرسییەکی گشتی رووکەش لە عێراق ئەنجامدرا، بەڵام کوردەکانی کەرکوك دژی وەستان و خەڵکی سلێمانیش هەر بەشداریان تیادا نەکرد.
لە (١٩٣٠) نوێنەرانی کورد (ئیسماعیل رەواندوزی و جەمال بابان لە هەولێر، سەیفەددین خەندان و محەمەد ساڵح (لە سلێمانی)، داوایەکیان بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق و نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق بەرزکردەوە، بەمەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان و داننان بە ماف گەلان، بەڵام داواکارییەکەیان رەتکرایەوە.
ساڵی (١٩٣٠) دەستنیشان کرا بوو بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی سلێمانی بۆ پەرلەمانی عێراق، بەڵام بەهۆی خۆپیشاندانی جەماوەری بەردەرکی سەرا، هەڵبژاردنەکە ئەنجام نەدرا، ئەم کارەش بوو بە هۆی بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەو رۆژەش بە رۆژی رەشی ئەیلول ناسرا.
هەر لەو ساڵانەدا راپەڕینە چەکدارییەکەی شێخ مەحمود جارێکی دیکە هەڵگیرسایەوە، دوا بەدوای ئەویش، راپەڕینی بارزان روویدا بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی، لە نێوان ١٩٣١ و درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٣٢.

کێشەی کورد لە عێراق کاریگەرییەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەسەر هەموو رووداوە ناوخۆییەکانی عێراقدا هەبووە، کێشەیەك بوو نە بەریتانیا و نە حکومەتە تازە دامەزراوەکانی ناوچەکە دەیان توانی پشت گوێی بخەن.

بۆ رێگا گرتن لە کاریگەری ئەو رووداوانە بەسەر جەماوەر و زیاتر وروژاندنیان لە کوردستان، دەوڵەتەکانی ناوچەکە بە پشتیوانی ئیستعمار، کەوتنە جموجۆڵ، چەندین شێواز و ئامرازی جۆراوجۆریان پەیرەو کردووە، سەرەڕای رێککەوتن و پەیمانەکانیان، وەك پەیمانی (سەعد ئاباد) لە ٨/تەمموزی/١٩٣٧ و پەیمانی بەغدا (سنتو) لە ساڵی ١٩٥٥.

لە ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩ – ١٩٤٥)ز، کوردستان بووە بەشێك لە گۆڕەپانی ئەو جەنگە، حکومەتی بەریتانیا، کە دەسەڵاتی تەواوی هەبووە لە ناوچەکە، شێوازی جیاوازی بەکار دەهێنا، وەك پروپاگەندە بۆ کارتێکردنی لەسەر بیروڕای گشتی، دەرکردنی چەند گۆڤار و رۆژنامەیەك بە زمانی کوردی و کردنەوەی بەشی کورد لە ئێزگەی بەغدا.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەو تەوژمە دیموکراسی و بزاڤە پێشکەوتنخوازەی ناوچەکەی گرتبوە لە سییەکان و چلەکاندا، کاریگەری بەسەر چین و توێژی رۆشنبیران و نیشتمان پەروەرانی کورد هەبووە، چەندین کۆمەڵە و رێکخراوی سیاسی و کوردستانی دروست بوونە.

سیاسەتی حکومەتی عێراق و دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بەرامبەر کورد، دوو سەرە بوو، ئەگەرچی لەو هەوڵەدا بوون کە کاریگەریان بەسەر رای گشتی و نوخبەی کوردی هەبی بۆ پاڵپشتی کردنی سیاسەتەکانیان ئەویش لە رێگەی چەند هەنگاوێکی روکەشەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا رێ و شوێنی توندیان گرتە بەر بەرامبەر هەر دیاردەیەکی ئۆپۆزسیۆنی، یان داواکارییەکی نەتەوایەتی.

هەر بۆ نموونە لەگەڵ راپەڕینەکەی مایسی ١٩٤١ لە عێراق، کە خەڵکێکی زۆریش کورد پشتگیریان کرد[١٠٧]، بەتایبەتی لە شاری هەولێر، دەسەڵات بە

توندی هەلسوکەوتی لەگەڵ کردن، ژمارەی ئەوانەی لە هەولێر زیندانی کران، دەگەیشتنە (٤٢) کەس لە رۆشنبیران و کەسایەتی کۆمەڵایەتی شارەکە، لەوانە (عەلی حەیدەر سلێمان، جەلیل هۆشیار، عەونی یوسف، فائیق نادر، رەشید عەبدولقادر، شێخ محەمەد (شێخە شەل)، عیزەددین فەیزی، عەبدولسەلام موفتی...).

هەموو جیهان زۆر بە بایەخەوە، دەیانڕوانییە گۆڕانکارییەکانی جەنگ، چاوەڕوانی ئاکامەکانی بوون، هیوای گەلان بوژابۆوە، چالاکی و خەباتی سیاسی لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانیان لەوپەڕی تواناکانیانەوە بوو، گەلی کوردیش لەم بوارەدا دانەبڕابوو، راپەڕینی بارزان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە ١٩٤٣ هەڵگیرسا، لیژنەی ئازادی پێکهات، حزبی هیوا دروست بوو، کە رۆڵێکی گەورەی گێڕا بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە شارەکانی کوردستان.

دیارە، کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵ و تێکۆشانی کورد، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کەوتە قۆناغێکی نوێی خەبات.

لە کوردستان (عێراق) لەو ماوەیەدا سێ جۆرە گروپی کۆمەڵایەتی جیاواز هەبوون، بەڵام تێکەڵاو لەگەڵ یەکتر، کار لە یەکگردوو لە هەمان کاتدا، ئەو سێ جۆرە گروپەش بریتین لە:

أ- خێڵە کۆچەریەکان، ئەوانی لەسەر سنوورەکان جێگۆڕکێیان دەکرد (لەنێوان عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا)، لە نێوان لادێ و شارەکاندا دەهاتن و دەچوون، دواتر تارادەیەك لەناوچە گوندنشینەکانی کوردستانی باشوور جێگیر بوون.

ب- کۆمەڵانی جوتیاران، کە بەکاری کشتوکاڵی هەڵدەستان لەلایەکەوە، لەگەڵ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات لەلایەکی دیکەوە، بەپێی وەرزەکان دەجولان.

ج- کۆمەڵانی شار، کە تائێستا پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ گوندەکان هەر ماوە، بەڵام لەشار دەژین، خەریکی دابینکردنی

پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیانن، ئەمە سەرەڕای گروپەکانی کرێکار و پیشەدار و ئەوانی لە بواری بازرگانیدا کار دەکەن.

د. کاظم حەبیب، درێژە بەم باسە دەداو دەڵێ:

دەکرێ کۆمەڵگەی کوردستان دابەش بکەین بەسەر چەند توێژێکی جیاواز لە رووی قەبارە و توانای ماددی و کاریگەرییان لەسەر دۆخەکە، ئەوانەش بریتین لە:

١- توێژی ئاغاکان لەگەڵ خاوەن موڵکە کشتوکاڵییە فراوانەکان، لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوانی ئایین خاوەن دەسەڵات.

٢- توێژی جوتیاران، کە بە زۆری دانیشتوی گوندی دەوروبەری شارەکانن، ئەوانەش پۆلێن دەکرێنە سەر چەند بەشێك بەپێی قەبارەی موڵکداری و داهاتی ساڵانەیان.

٣- توێژی کرێکاران، ئەم توێژە ئێستا ژمارەیان کەمە، ئەوانی لە بواری پیشە جۆراو جۆرەکان کار دەکەن، لەگەڵ ئەوانی لەناو کارگە و پرۆژە پیشەسازییە گەورەکانن.

٤- توێژی بورژوازی بچووك، کۆمەڵانی رۆشنبیر و خوێندەوار و فەرمانبەرانی بچووك و ناوەند دەگرێتەوە. ئەم توێژە بە تایبەتی رۆشنبیر و خوێندکاران، بزاڤێکی چالاك و کاریگەر پێکدەهێنن، بە بەراورد لەگەڵ توێژەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگەی شارستانی، رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوایەتی.

٥- توێژی بازرگانان: پۆلێن دەکرێنە سەر بازرگانی بچووك و ناوەڕاست، لەگەڵ ژمارەیەك لە بازرگانی گەورە.

لەناو ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵگەی کوردستان، لە ژیانی حزبایەتی و سیاسیدا، سێ ئاراستەی سیاسی هزری کارا دەرکەوتن، ئەوانەش بریتین لە:

أ- رەوتێکی مارکسی: بەتایبەتی ئەوانی لەناو حزبی شۆڕش کۆبوونەوە.

ب- ڕەوتێکی دیموکراسی، ناسیۆنالیستی، کادیر و ئەندامانی حزبی رزگاری (وەك نمونە).

ج- ڕەوتێکی عەشائیری: ئەوانەی ڕابەرایەتی خەباتی گەلی کوردیان کردووە لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، نمونەی شێخ مەحمودی حەفید و بنەماڵەی بارزانییەکان.

ئەم سێ ڕەوتە لەناو حزبی هیوا کۆببونەوە، ململانێیەکانی نێوانیان حزبەکەی هەڵوەشاندەوە، دابەشی کرد بەسەر چەند ڕەوتێکی سیاسی، وەك حزبی شۆڕش و حزبی رزگاری، جارێکی دیکە ئەو دوو حزبە لەژێر کاریگەری ئەرکە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکان، بەشی زۆریان لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) کۆبوونەوە.

ئەو سێ ڕەوتە بەڕادەیەك تێکەڵ و ئاڵۆزکاو بوون، ئاسان نەبووە هێڵێکی یەکلاکەرەوە لە نێوانیان دیاری بکرێت، بەتایبەتی تێکەڵاوی نێوان ڕەوتی یەکەم و ڕەوتی دووەم، هەندێ جاریش نێوان ڕەوتی دووەم و ڕەوتی سێیەم.

## دووەم: سەردەمی تاك حزبی

### ١- حزبی هیوا:

**دامەزراندنی حزبی هیوا:**

دوای ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵەی دارکەر هاتنە سەر بیری فراوانکردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەکەیان، لەگەڵ رازی بوونیان بە داواکارییەك کە (ڕەفیق حلمی) خستیە ڕوو، ئەویش گۆڕینی ناوی کۆمەڵەکە بێت بۆ حزبی هیوا، ئەوا ئەو حزبە لەسەر پاشماوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی دارکەر لە ساڵی (١٩٣٩)ەوە هاتە دروست بوون[١٠٨].

حزبی هیوا وەکو تاکە حزبی سیاسی سەر گۆڕەپان، لە کوردستانی باشووردا، هەر زوو توانی پەرە بە ڕێکخستنەکانی خۆی بدات و سەرجەم چین و توێژە

جیاجیاکانی کۆمەڵگە، لە پارێزەر، مامۆستا، ئەفسەر و پلە دارانی ناو سوپا، خوێندکار، موڵکدار و کاسبکار و کرێکار و جوتیاران کۆ بکاتەوە، ئاهەنگی دامەزراندنی حزبی هیوا هەر لە بێستانەکەی (جەمیلی میران)ی شەقلاوە بەڕێوەچوو، بە ئامادەبوونی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و بەپێی دەستورێك کە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، خەنجەرێك (وەك نیشانەی خەبات و ئازایەتی کورد) لەگەڵ قورئانێك بۆ سوێند خواردن بە رەفیق حلمی دەدەن، ناوەندی سەرەکی حزبیش شاری بەغدا بووە، ئەم حزبە زیاتر ئاراستەیەکی کوردایەتی وەرگرت و خەریك بووە بۆ هەموو کوردستان پەلی دەکێشا[١٠٩].

**لە یاداشتەکانی نوری شاوەیسدا، هاتووە:[١١٠]**

لە مانگی نیسانی ١٩٣٩، کۆبوونەوەیەکی فراوان بەسترا، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کەرکوك، بەغدا، کۆیە، سلێمانی، هەولێر، لە ئوتێل کەرکوك (شاری کەرکوك)، لەو کۆبوونەوەیە بڕیاردرا ناوی کۆمەڵەی دارکەر بگۆڕدرێت بۆ حزبی هیوا.

لەوانی لەو کۆبوونەوەیە ئامادەبوون، هەریەك لە: یونس رەئوف (دڵدر)، کاکە حەمەی خانەقا، فازڵ تاڵەبانی، نورەددین بەهاددین، هەر لە شاری بەغداشەوە (رەشید باجەلان، مستەفا عوزێری)، لە هەولێر: فەتاح جەبار، رۆستەم جەبار، موسا سەمەد.

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤١، هەر سێ کۆمەڵەی کوردستانی: کۆمەڵەی ئازادی کورد کۆمەڵەی برایەتی کە لە شاری سلێمانی درست ببون لەگەڵ حزبی هیوا لەناویەك دەتوێنەوە، بەپێی هەندێ بیرو ڕا ئەم یەکگرتنە بەدەست پێشخەری ئەفسەرە کوردەکان بووە.

**ئایدۆلۆژیای حزبی هیوا:**

أ- د.نەجاتی عەبدوڵڵا، لەو بابەتەی لەسەر حزبی هیوا بلاّویکردۆتەوە، نووسیویەتی[١١١]:

حزبی هیوا، دەکرێ راستتر بڵێین زیاتر گردبوونەوەیەکی نەتەوەیی بووە، تا حزب، حزبێکی نەتەوەیی لیبرال، ئامانجی یەکیەتی خاکی کوردستان و خەبات بووە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هەروەها رزگاربوونی کوردستان لەژێر دەستەیی عەرەب و فارس و تورك بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی بە هاوکاری دەوڵەتێکی کۆلۆنالیستی، دیارە ئەم بۆچوونەش بە کەم و کورتی دانانرێت.

دەکرێ بوترێ کە دامەزراندنی حزبی هیوا بۆ خۆی سەرەتای لەدایك بوونی ناسیۆنالیزمی کورد بووە، حزبی هیوا خەباتی دەکرد بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی و خەبات کردن دژی فاشیزم.

ب- د.موکەرەم تاڵەبانی، دەربارەی ئایدۆلۆژیای حزبی هیوا، نووسیویەتی[١١٢]:

ئایدۆلۆژیای حزبی هیوا، هەمان ئایدۆلۆژیای کۆمەڵەی دارکەر بووە، ئەوەی زیاد خرایە سەری بەرز راگرتنی ناوی سەرۆك بوو: (بژی کورد و کوردستان، بژی هیوا، بژی سەرۆکی بالاّ).

لە کاتێکدا ئایدۆلۆژیای کۆمەڵەی دارکەر، ئایدۆلۆژیایەکی عەلمانی بوو، لەبەر ئەوەی ئەندامانی لەو رۆشنبیرانە بوون کە پەیوەندی کۆمەلاّیەتیان (پاشینە یان) موڵکدار و کاسب کار بوون، بەلاّم ئایدۆلۆژیای حزبی هیوا ئایدۆلۆژیایەکی سازان بوو، لەنێوان ئایدۆلۆژیای عەلمانی و ئایدۆلۆژیای ئایینی.

هەر لەو کاتەوە، کە کۆمەڵەی دارکەر بووە بە حزبی هیوا، ئاراستەی راستڕەوەکان لە سیاسەتی حزب دەرکەوتووە، ئەم کارە بوو بە هۆی دەرکەوتنی ناکۆکی توند لەنێوان ئایدۆلۆژیا راستڕەوەکان، (کەلە پیاوانی دەرەبەگ و ئەو

رۆشنبیرانەی لایەنگرانیان بوون، پێکهاتبوو)، بەرامبەر ئەوانی باوەڕیان بە عەلمانیەت هەیە، بەهۆی پەیوەندی توندیان بە زانست و زانیاری نوێ.
ئایدۆلۆژیای عەلمانی، بەشەکەی ناو حزبی هیوا، دژ بە هاوکاری خەیاڵاوی و دەست رۆیی دەرەبەگ و پیاوانی ئایینی بوو بەسەر جوتیاراندا.
ململانێ لەنێوان باڵەکانی چەپ و راستی حزبی هیوا، لە ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤١) دەستی پێکرد، سەرەتا لەشاری بەغدا و دواییش ساڵی ١٩٤٢ لە شاری کەرکوك.
لە ساڵانی چلەکان، بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی باو بووە لە کوردستان، لەو سەردەمەی کە حزبی هیوا لە چالاکی و گەشەکردندا بووە، ئەو قۆناغە، قۆناغی شۆرشی نیشتمانی دیموکراسییە، پەیوەست نییە بە خەبات دژی سەرمایەداری نیشتمانی، بەڵکو خەبات دژی ئیستعمار و دەسەڵاتی پاشایەتی کۆنەپەرست دەکرا.
ئاشکرا بوو بورژوازییەتی کوردستانی دابەش دەبنە سەر دوو ئاراستە، ئاراستەیەکی چاکسازی راست ڕەو، ئاراستەیەکیش شۆڕشگێڕانەی چەپ بوو. لەو سەردەمەش زەمینە لەبار بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیای چەپ لەنێوان توێژی رۆشنبیرانی ناو حزبی هیوا.
دەربارەی پەیوەندی ناوخۆ و پرۆگرامی حزبی، حزبی هیوا هیچ پەیڕەوێکی ناوخۆ[١١٣] یان پرۆگرامێکی چاپکراوی نەبووە، بەڵام هەڵگری بەرنامەی هەمان ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانە بوو کە هیوای لێ پێکهابوو (کۆمەڵەی ئازادی کورد، کۆمەڵەی برایەتی، حزبی هیوا).
دروشم و ئاڵای حزب بریتی بوون لە شاخێك کە بە رەنگی سەوز و هەتاوێکی هەڵاتوو لە ناو ئاسمانێکی شیندا و لەژێر دروشمەکەدا نووسرابوو (کۆمەڵەی هیوا، بژی کورد و کوردستان).

## چالاکی ڕێکخستن:

لەگەڵ ئەوەی ڕەفیق حلمی پێگەی سەرۆکایەتی حزبەکەی گرتە دەست، ڕێکخستنەکانی حزبی هیوا ڕوویان لە فراوان بوون و گەشەکردن کرد، چالاکی ڕێکخستن و ڕێکخراوەکانی هەرچەندە بە شێوەی نهێنی کاری دەکرد، بەڵام سنورێکی فروانی گرتەوە و ناوچە جیاوازەکانی رۆژ هەڵات و ڕۆژئاوا و باکووری کوردستانی گرتەوە.

دەستەی سەرکردایەتی حزبی هیوا، دەربارەی ناوەکانی، چەند بیروڕایەکی جیاوازە هەیە، نووسەرێك ئاماژە بۆ ئەم ناوانە دەکات وەك دەستەی بەڕێوەبردنی حزب[١١٤]:

١- ڕەفیق حلمی – سەرۆك.

٢- نوری شاوەیس – جێگری سەرۆك

٣- یونس ڕەئوف (دڵدار) سکرتێر.

٤- ئەندامان: ئەحمەد خانەقا، بورهان جاف، موکەڕەم تاڵەبانی، مستەفا عوزێری، ڕەشید باجەلان، ڕۆستەم جەبار، فەتاح جەبار.

نووسەرێکی دیکە لە میانەی نووسینەکەی دەربارەی حزبی هیوا، ئاماژە بۆ ئەم ناوانە دەکات[١١٥]:

مستەفا عوزێری، یونس ڕەئوف (دڵدار)، جەلال قادر، موسا سەمەد، ئیحسان باخچەچی، نورەددین بەهاددین، فەتاح جەبار، ڕۆستەم جەبار، خەلیل ئەحمەد.

ڕێکخستنەکانی حزب لەناو چین و توێژەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و ڕۆشنبیران، لە شارەکانی کوردستان و شاری بەغداش، گەشەی کردبوو، بەڵام لەناو سوپای عێراق ژمارەیەکی گەورەی ئەفسەر و پلەداری جیاوازی ناو سوپا پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی هیوا هەبووە، بەتایبەتی لەناو تیپی دووی سوپای عێراق، کە بارەگای (لەشاری کەرکوك) بوو، ژمارەیەکیان پەیوەندی بە ڕێکستنەکانی هیوا کرد بوو، لەوانە عەزیز قەزاز (عەقید)، عزەت عەبدولعەزیز

(رائید روکن)، میرحاج ئەحمەد (نەقیب) مستەفا خۆشناو (نەقیب)، سەید عەزیز شەمزینی (نەقیب)، بەکر حەوێزی (نەقیب) مجید علی (نەقیب)، نوری ئەحمەد تەها (ملازمی یەکەم)، جەمیل بالتە (مولازمی یەکەم) سەرەڕای ژمارەیەکی گەورە سەربازی پلە جیاواز و خوێندکارانی کولێجی سەربازی.

ئەندام بوون لەناو حزبدا بەو جۆرە دەبوو: دەبوایە سەرەتا بە قورئان سوێندی حزبی بخوات (ئەو کەسەی بە ئەندام وەردەگیرا) لەکاتی سوێندخواردنەکەش دوو کەس لە ئەندامە کۆنەکانی حزب ئامادە دەبوون، دەبوایە ئەو کەسە سوێند بخوات کە ملکەچی هەموو فەرمانەکانی حزب دەبێت و نهێنییەکانی دەپارێزێ و خیانەت بە گەلی کورد ناکات و گیانی خۆی لە پێناو ئامانجەکانی حزبدا بەخت بکات[١١٦].

لەناو حزب ئابوونەوەی مانگانە وەردەگیرا، بەڵام رادەکەی دیاری نەکرابوو هەر ئەندامێکی بەپێی توانای خۆی ئابوونەوەی دەدا، ئەگەر (٣٠٠ فلس بێت، یان زیاتر) هەروەها پێتاك کۆ دەکرایەوە لە کەسانی هەبوو لەسەر ئارەزووی خۆیان.

**لقەکانی حزب:**

حزبی هیوا چەند لقێکی هەبووە لە شارەکانی کوردستانی باشوور، هەریەکە لەو لقانە، بەدەیان ئەندام و لایەنگرانی لەخۆی کۆکردۆتەوە، سەرەڕای ئەنجام دانی چەندین چالاکی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ رۆڵی هەر لقێك دەکەین:

**ا- لقی سلێمانی:**

حزبی هیوا لە شاری سلێمانی لقێکی چالاکی هەبووە، بەرپرسی لقەکە (جەلال ئەمین بەگ) بوو، ئەندامەکانی، ساڵح قەفتان، نوری مەلا حەکیم، نوری شاوەیس، فایەق هۆشیار، عەزیز حەمە کاکە.

ژنان لەم لقەدا چالاکانە بەشداریان لە خەباتی سیاسی کردووە، دیارترینیان: ناهیدە شێخ سەلام، لوتفیە مەلا سدیق، حەلاوەخانی کچی شێخ مەحمود، زەکیە بابان).

ئەندامانی لقی هیوا لە سلێمانیدا، بەمەبەستی ناسینی یەکتر دەست سڕێکی سپیان نیشاندەدا[١١٧].

لە یاداشتەکانی نوری شاوەیس هاتووە: ئەندامانی حزبی هیوا لەچەند جێگایەك کۆدەبوونەوە، وەك: باغی شێخ لەتیف، خانەقای مەحوی، مزگەوتی شێخ بابەعەلی[١١٨].

**ب- لقی هەولێر[١١٩]:**

لقی هەولێری حزبی هیوا لە لقە چالاکەکان بوو، هەفتە نامەیەکی دەست نووسیان بەناوی (گۆڤار) دەردەکرد، لەلایەن دوو رۆشنبیر و ئەندامی کارای حزب سەرپەرشتی دەکرا، ئەوانیش:

نافیع یونس و قەرەنی دوغرەمەچی بوون.

ئەم لقە لە سەرەتادا مامۆستا مەجید بەرپرسی بووە، دوای ئەو عزەددین فەیزی بۆتە بەرپرس.

ئەندامانی کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆیان لە ماڵی یەکتر بەڕێوە دەبرد و بە شێوەیەکی نهێنی.

**ئەم ناوانەی خوارەوە بەشێکن لە ئەندامانی لقی هەولێر، لە بەرامبەر هەندێکیان ناوە نهێنییەکەشیان نوسراوە:**

مستەفا عوزێری (دلاوەر)، رەئوف مەلا ئیبراهیم، سەیدا ئیبراهیم سەید یوسف، مەجید ئەمین، عومەر عوسمان (بەختیار)، حاجی حەیدە عوسمان (شێرزاد)، زەید ئەحمەد عوسمان، موسا سەمەد، عزەددین فەیزی، ئیحسان شێرزاد، یونس مستەفا، نافیع یونس (غەمگین)، شیت مستەفا، فەتاح جەبار (خەسرەو)،

ئەنوەر عبدالله (دڵسۆز)، عەبدولقادر دوغرەمەچی (ئاگر)، عەزیز محەمەد، قادر ابراهیم، هاشم عەبدوڵلاّ، عەبدولقادر بەکر، رۆستەم جەبار، یەحیا سەلیم، فەتاح سەلیم، سلێمان حەیدەر، عەونی یوسف، ئەنوەر فەیزی، شێخ حوسێن شێخ قازی، مەجید فەتاح، ئەنوەر حوسێن، حوسێن حوزنی موکریانی، گیوی موکریانی، ناسیح رەشید، ئەحمەد حەمەد ئەمین دزەیی، عومەر ساقی، ئیبراهیم ئیسماعیل، سەلیم سەیدۆك، عەبدوڵلاّ عەزیز، عارف جەرجیس، سعدالله شریف، ئەنوەر خودادە حەداد، محەمەد مستەفا مەعروف، بایز عەزیز ئاغا دزەیی، ئیبراهیم عەزیز ئاغا دزەیی، کانەبی عەزیز ئاغا دزەیی، سەعدەدین شەریف، رەئوف سەلیم قۆجە، عەزیز فەتاح، رەمزی نافع، قەرەنی نافع، شێخ محەمەد (شێخە شەل)، سەید فەتاح سەید عەزیز، رەفعەت ئیسماعیل توتنچی، جەلال عەبدولقادر، شەهاب سەلیم کورەچی، تاهیر رەشید ئاغا، جابر پیرداود، نازم سەعید ئەسعەدی، هاشم عەبدولرەحمان، موشیر عەدۆ دزەیی، عەبدوڵلاّ ئیسماعیل، مەلا شەریف عوسمان، فائیق نادر، جەلیل وشیار، رەشید عەبدولقادر (راستی)، قەرەنی رەفیق دوغرەمەچی، جەلال عەبدوڵلاّ حاجی (دباغ)، جەمال جەمیل، عەبدولقادر ئەحمەد، فیصل ئەحمەد عوسمان، عوسمان قۆجە قەساب، بەکر ئیسماعیل، هادی رەشید چاوشلی، عەلی عەبدوڵلاّ، مەلا شەریف ئیبراهیم، خەلیل حەمەد خۆشناو، عەلی مەحمود کاکەخان، عەبدولکەریم تەوفیق، ئیبراهیم هۆشیار، ئیحسان حەماوی، فەتاح سەعدی، جیهاد بەکر، عەلی ئەحمەد ئاغا.

ج- لقی کەرکوك[١٢٠]:

ئەم لقە رۆڵێکی گرینگی هەبووە لە چالاکییەکانی حزبی هیوا، لەلایەکەوە ژمارەیەکی گەورەی ئەفسەر و سەربازانی تیپی دووی سوپای عێراق (کە بارەگاکەی لە کەرکوك) بووە پەیوەندییان بە رێکخستنەکانی حزبی هیوا

کردووە، هەروەك ناوی بەشێکمان هێنا، لەلایەکی دیکەوە، کەرکوك رۆڵی گەورەی هەبووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر و دواتر حزبی هیوا بەهۆی ئەو ئەندامانەی کە بەشداریان کردووە، وەك: بورهان حامید جاف، کاکە حەمەی خانەقا، موکەڕەم تاڵەبانی.

مستەفا نەریمان، کە لەو سەردەمە خوێندکار بووە لە خانەی مامۆستایانی بەغدا و خەڵکی شاری کفرییە، لە چاوپێکەوتنێك بە مێژووی ١٨/کانوونی یەکەمی/١٩٨٧ دەگێڕێتەوە:

من لە ساڵی ١٩٤٢، خوێندکاری خانەی مامۆستایان بووم لە شاری بەغدا، ژمارەی خوێندکارە کوردەکان نزیکەی (٢٠-٢٥) خوێندکار دەبووین، لە پەیمانگە و کۆلێجەکانی بەغدا، کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراقەوە هاتبووین، من لایەنگری حزبی هیوا بووم، بڵاوکراوەکانمان دەگەیاندە خەڵکی، لە هاویندا دەگەڕامەوە شاری کفری، بەرپرسی راستەوخۆمان لە شاری بەغدا (شەهید) ساڵح یوسفی بوو، کە خوێندکاری کۆلێجی زانست بوو.

ناوبراو لە سەرباسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

لە هاوینێك لە قەزای کەلار کۆبوونەوەیەکی فراوان بەسترا، چەند کەسایەتییەك لە ئەندامانی حزبی هیوا ئامادەی بوون، لەوانە (رەفیق حلمی) موکەڕەم تاڵەبانی، رەشید باجەلان، عەتا تاڵەبانی، حاجی عەلی خان، عەزیز پشتیوان، کەریم بەگی جاف، هەروەها هەردوو ئەفسەر (مەجید عەلی، مەحمود شێخ تاها)، ئامادەبوون کە بەشێوەیەکی نهێنی لە بەغداوە هاتبوون.

دەربارەی چالاکییەکانی حزبی لەم ناوچەیە، مستەفا نەریمان دەڵێ:

ئێمە توانیان چەند بڵاوکراوەیەك چاپ بکەین و بڵاوی بکەینەوە، لەناو ئەندامەکانی حزبی هیوا، وەك: محەمەد قەرەداغی، عەبدولقادر زەنگەنە، وەهاب قەمبەر، عەبدولرەحمان کەریم، تاهیر ساڵح، عەتا تاڵەبانی، محەمەد نەجیب

تاڵەبانی، ئەحمەد بابان، مستەفا جاف، شەوکەت جاف، ئەحمەد براحەمە، شێخ ئەحمەد شاکەلی، سابیری حاجی فەتحوڵلاّ.

## د- لقی خانەقین[121]:

عەزیز پشتیوان، ئەندامێکی حزبی هیوا بوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە شاری خانەقین چەندین کەس پەیوەندییان بە رێکخستنەکانی حزبی هیوا کردووە لە رێگای خۆیەوە وەك: محەمەد ساڵح سلێمان دەلۆ، حەسەن خەلیفە مەحمود عەلیاوە، شێخ مەحمود بزاز، سلێمان ئەحمەد، شیخ فتاح خەبات، رەشید باجلان، حەمە ئەمین دەربەند فەقەرە، هەروەها لە دەرەوەی شاری خانەقین:

ابراهیم باجەلان، شێخ مستەفا تاڵەبانی، شێخ غالب تاڵەبانی، شێخ مەحمود نجیب تاڵەبانی، خەلیل بەگ دەلۆ، فتح الله بگی دەلۆ، جیهانگیر، مەجید قادر، سابیر فتح الله دەلۆ.

## هـ- لقی کۆیە[122]:

رێکخستنەکانی حزبی هیوا لە کۆیە بە خێرایی فراوان ببون و ژمارەیەکی زۆری ئەندام و لایەنگرانی کۆکردبۆوە، دیارە ئەوەش بە هۆی چالاکی (دڵدار)ی شاعیر بووە کە زۆربەی کاتەکانی خۆی لەگەڵ لاوانی شارەکەدا بەسەر بردووە، بەردەوام دید و بیروباوەڕەکانی حزبی هیوای بۆ روون دەکردنەوە و داوای لێ دەکردن بێنە ریزی ئەم حزبە نەتەوەییە.

ئەو ئەندامانە، کۆبوونەوە ئاسایەکانی خۆیان هەر جارەی لە ماڵی یەك لە ئەندامانی حزب بەڕێوەدەبرد و بە شێوەیەکی نهێنی.

لەو کەسانەی ببونە ئەندامی هیوا لە کۆیە:

کاکە زیادی غەفوری، مەلا محەمەد ابراهیم، عوسمان عەونی، ئەحمەد محەمەد مەلا، محەمەد تۆفیق وردی، سامی عەودالّی، سەید ابراهیم بەرزنجی، ئیسماعیل سابیر، تاهیر سەعید، حەمەدئەمین مەعروف، رۆستەم حەویزی، سەیند ئەنوەر بەرزنجی، ئەحمەد دلزار، تاهیر سادق، عوسمان حبیب، مەلا محەمەد دلاوەر، عومەر عەبدوڵلاّ، کامل بهجت، تەوفیق سدیق، ئەسعەد محەمەد حەویزی، تاهیر ئەحمەد حەویزی.

### و- لقی رەواندوز[١٢٣]:

پیروبۆچوون و رێکخستنەکانی حزبی هیوا لە رێگای قوتابیانەوە لە هەولێر و شارەکانی دیکە بۆ ناوچەی رەواندوز دەگوازرێتەوە، لەو ناوچەیەشدا لە ساڵی ١٩٣٩ لقێکی ئەو حزبە دەکرێتەوە، ئەو لقە لەلایەن (سەعدوڵلاّ) ناوێکەوە سەرپەرشتی دەکرا، ئەندامەکانیش بریتی بوون لە:

ئەمین رەواندوزی، میر محەمەد دەرگەڵەیی، شێخ سلێمان مستەفا، وەهاب ئاغای رەواندوزی، ئەحمەد دیاب، مامۆستا جەلال سەعید خەیلانی، ئیبراهیم حەسەن، سەبری نەجیب، نەورۆز ئەفەندی، عەلی عەبدوڵلاّ (عەلی مەکتەبە)، یوسف رەشید ئاغای کاولۆکان، سامی رەواندوزی، سەید عومەر سەید ئەسعەد، نەجات سەعید قادر، جەلال بەگی دەرگەڵەیی، چەندین کەسانی دیکەش.

### ز- لقی بادینان[١٢٤]:

ئەم لقە لە ساڵی ١٩٤٠ پێکهاتووە، ژمارەیەك بوونەتە ئەندامی حزب لەو ناوچەیە، لەوانە: ساڵح یوسفی، عەلی حەمدی، شاهین سۆفی، فەریق عەقراوی، سادق بەهائەددین، جەمیل رەشید ئامێدی، شێخ جەلال بریفکانی، سدیق ئەتروشی.

**کار و چالاکییە رۆشنبیرییەکانی حزبی هیوا[١٢٥]:**

ئەم حزبە گرنگی باشی بە بواری رۆشنبیری داوە، بەپێی تواناکانی خۆی لەو سەردەمە، هەوڵی داوە بڵاوکراوە و گۆڤار و رۆژنامە دەربکات چ لەناوەند بێت یان لەلایەن لقەکانیەوە، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئامانجەکانی و بەکێشەی رەوای گەلی کورد.

**لەم بارەوە دەکرێ باسی ئەم چالاکیانە بکەین:**

١- نوری شاوەیس (ئەندامی حزبی هیوا) دەگێڕێتەوە:

حزب گۆڤارێکی ئۆرگانی بە زمانی کوردی و بە ناوی (هیوا) دەرکردووە، بەڵام دەست نووس بووە، هەشت ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، دوا ژمارەی لە ساڵی ١٩٤١ دەرچووە، هەروەها حزب ژمارەیەکی زۆری بەیاننامە دەرکردووە، لە بۆنەی جیاوازدا، وەك ئەم بەیاننامەیەی دژ بە پەیمانی (سەعد ئاباد) و بەیانێك دەربارەی رووداوەکەی (٦)ی ئەیلولی سلێمانی، هەروەها بەیاننامەی دیکە دەربارەی راپەڕینە چەکدارییەکانی کورد، وەك راپەڕینی (دەرسیم) و راپەڕینی (ئاگری داغ).

٢- مامۆستا موستەفا نەریمان، باس دەکات کە، لقی خانەقین و کفری حزبی هیوا، بە چاپی تایپ بڵاوکراوەیەکیان دەرکردووە لەژێر ناوی (شیلان)، ئەم بڵاوکراوەیە ناوخۆیی بووە.

٣- لقی هەولێری حزبی هیوا، زیاتر لە بڵاوکراوەیەکی دەرکردووە، ئەم لقە لەو بوارەدا زۆر چالاك بووە، لەو چالاکیانەی ئەنجامیداوە:

أ- دەرکردنی هەفتەنامەیەك لەژێر ناوی (گۆڤار) بە (١٢) لاپەرە، کۆمەڵێك رۆشنبیری ئەو سەردەمە بابەتیان تیادا بڵاوکردۆتەوە، ئەم بڵاوکراوەیە بەدەست نووسراوەتەوە.

ب- گۆڤارێکی دیکەیان دەرکردووە بەناوی (دەنگی کورد)، چەند ژمارەیەکی لێ بڵاوکرایەوە.

٤- لقی کۆیە، بە چاودێری (عەبدولسەمەد محەمەد و حەمەد مەنجەل) بڵاوکراوەیەکیان دەرکردووە بەناوی (بلێسە)، بەڵام نازانرێ چەند ژمارەی لێ دەرچووە.

٥- لە لقی سلێمانی حزبی هیوا، بڵاوکراوەیەک لەسەر شێوەی گۆڤار و بەناوی (گۆڤاری هیوا) دەرچووە.

٦- لە لقی ڕەواندوزی حزب، ئەندامانی حزب هەستان بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی دەستنووسی بەناوی (کوردستان)، زۆربەی بابەتەکانی باسی شۆڕشەکانی کوردی کردووە.

**چالاکی و پەیوەندییەکانی حزبی هیوا:**

**ا- پەیوەندی حزبی هیوا بە کوردستانی ڕۆژهەڵات[١٢٦]:**

هیوا لەگەڵ هەموو پارچەکانی کوردستاندا پەیوەندی گەرمی هەبووە، پرۆژەیەک بوو بۆ ناسنامەی کورد، هیوا لە ساڵی ١٩٤٢ لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی و لە کاتێکدا لەشکری یەکێتی سۆڤیەت، زۆرترین بەشی ڕۆژهەڵاتی کووردستانی داگیر کردبوو، هیوا سێ لە نوێنەرەکانی خۆی (میرحاج ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولەزیز) بۆ دامەزراندنی لقێکی حزبی هیوا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەوانەی شاری مەهاباد دەکات، دوای چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێک تێکۆشەری کورد، بەرنامەیەک لە ١٦/ئەیلولی/١٩٤٢ دادەنێت، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەک بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک).

دەکرێ بوترێ کە بەرنامە و پەیڕەوی کۆمەڵەی (ژ.ک) هەمان بەرنامە و تێڕوانینی حزبی هیوا بووە لەگەڵ چەند وردە جیاوازییەک.

گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی (ژ.ك) هەموو ژمارەیەکی لە سەرەوەی بەرگی گۆڤارەکە، دەینووسی (بژی سەرۆك و کورد و کوردستان و هیوا).
کۆمەڵەی (ژێ - کاف) دوو رۆژژمێری ساڵانەی بڵاوکردەوە، هەردوکیانی بەناوی خۆی و حزبی هیواوە چاپکرد.

### ب- پەیوەندی حزبی هیوا بە کوردستانی باکوور[١٢٧]:

حزبی هیوا دەیویست لەگەڵ کوردەکانی کوردستانی باکووریش، پەیوەندی و هاوخەباتی دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش حزبی هیوا، (نەقیب) عیزەت عەبدولعەزیزی بۆ مەڵبەندی حزبی (خۆیبوون) نارد، تاوەکو مەسەلە نەتەوایەتیەکان چارەسەربکەن.
لە ئەنجامدا، رێك دەکەون کە لە ٤/نیسانی/١٩٤٤ وەفدی هەردوولا پێکەوە کۆببنەوە.

### ج- حزبی هیواو جولاّنەوە سەرببازییەکەی مایسی ١٩٤١ لە بەغدا[١٢٨]:

لەسەردەمی جولانەوەکەی مایسی ١٩٤١ بە سەرکردایەتی (رەشید عالی گەیلانی)، قائمقامی ئەو سەردەمەی کۆیە، چەند جارێك سەردانی مەلای گەورەی کردووە لە کۆیە، بۆ ئەوەی فەتوا لە بەرژەوەندی جولانەوەکە دەربکات، بەلاّم هەوڵەکانی قائمقام بێ سوود بوون، چونکە مەلای گەورە لەو باوەڕەدا بوو، کە شتێك نییە ناوی لێ بنرێت جیهاد لەو جولانەوە سەربازییە. لە هەمان کاتدا حکومەتی عێراق داوای لە هەندێ پیاوانی ئایینی لە کوردستان کردبوو، کە بانگەواز بۆ جیهاد بکەن، تا لەو رێگایەوە کاریگەرییان لەسەرە جەماوەری کورد هەبێ، بە ئاراستەی پشتگیریکردنی جولانەوەکە.

**لەم بارەوە ساڵح حەیدەری دەڵێ:**

کورد هەرچەندە رقیان لە ئینگلیز دبۆوە، بەڵام ئارەزوویان لە هاوکاریکردنی حکومەتی رەشید حالی گەیلانی نەبووە، لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە، دوژمنایەتی و هەڵوێستی رەگەز پەرستانی خۆیان بەرامبەر بە کورد نەشاردبۆوە.

هەر دەربارەی جولانەوەکەی ١٩٤١ و راپەرینەکەی شێخ مەحمود لەو کاتانەدا، حزبی هیوا بە روونی هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە.

(رەفیق حلمی) سەرۆکی حزب، بە هاورێیەتی، مستەفا عوزێری لە هەولێر، لەگەڵ نوری شاوەیش لە سلێمانی، سەردانی شێخ مەحمودیان کردووە لە گوندی (سیتەك)، لەوێ کۆبوونەوەیەکی فراوان سازدراوە لەنێوان وەفدی باڵای حزبی هیوا لەلایەك، لەگەڵ شێخ مەحمود و سەرۆك عەشیرەتەکانی قەرەداغ و گەرمیان و پشدەر لەلایەکی دیکە، لەمیانەی کۆبوونەوەکە، وەفدی هیوا داوا لە شێخ مەحمود دەکەن، واز لە جولانەوەی چەکداری بهێنێت، لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان ئەم جولانەوەیە توانای بەردەوام بوونی نابێت و بە پشتگیری نازییەکانی لە قەڵەم دەدرێت، پێ دەچێت کە شێخ مەحمود رەزامەندی لەسەر داواکەی هیوا دەربڕی بێ[١٢٩].

**د- حزبی هیوا و شۆڕشی بارزانی ١٩٤٣-١٩٤٥ [١٣٠]:**

سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٣، هێرشی سوپای عێراق دەستی پێکرد بۆ سەر بارزان، لە گەرمەی جەنگدا، حزبی هیوا لە شاری بەغدا، یاداشت نامەیەك دەداتە باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق (Loy Henderson) لەو یاداشتنامەیە، ئاماژە بۆ (١٤) خاڵەکەی (ویلسن)ی سەرۆکی ئەمەریکا دەکەن، دەربارەی ماڧ چارەی خۆنووسین بۆ گەلان.

هەروەها حزبی هیوا، پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی هەریەك لە بەریتانیا و ئەمەریکا و چین و یەکێتی سۆڤیەت دەکات، بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق، بۆ لەبەر چاوگرتنی داخوازییەکانی گەلی کورد.
شەڕ لەناوچەی بارزان رووی لە توند و تیژتر دەکرد، حزبی هیوا نەیدەزانی لەگەڵ ئەم کێشەیە چۆن رەفتار بکات، ئەگەر پشتگیری بکات، ئەم هەڵوێستە بە واتای دژایەتی ئینگلیزی دەگەیەنێ، یانیش دەبێ دەستبەرداری ئەم راپەڕینە بێ.
بەڵام لەژێر فشاری باڵی چەپی ناو حزب، کە زۆرینەی بوون، بڕیاردرا بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لەم راپەڕینە بکرێ، حزبی هیوا لە بەیاننامەکەیدا بۆ گەلی عێراق بڵاویکردەوە کە تاوانی هەڵگیرسانی جەنگ دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و داوای چارەسەری کێشەکە دەکات، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ لە ئەفسەرانی (ئەندامانی حزب) چوونە پاڵ بزووتنەوەکە و رۆڵیان هەبوو تیایدا.
مەسعود بارزانی، لە کتێبەکەی (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد) دەڵێ:[١٣١]

حزبی هیوا دەورێکی کاریگەری هەبوو لە کۆکردنەوەی جەماوەر بە دەوری بارزانیدا، ئەو سەرکەوتنانەی بارزانی بە دەستی هێنابوون لەناو خەڵکدا بڵاودەکرایەوە، ورەی جوڵاندبوون و زاتی بەهێز کردبوون، ئەو بەیاننامە سەرنجی هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراقیان راکێشاوە و هەستیان بەوە کرد، کەوا گۆڕانکارییەکی نوێ لە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردیدا پێکهاتووە.

**ململانێی و دووبەرەکی لەناو حزبی هیوا:**

حزبی هیوا، کە بەم شێوەیە باسمان کرد، رێکخستنەکانی لە سەرانسەری کوردستان گەشەیان کرد و بڵاوبوونەوە لەناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی، تا کۆتایی ساڵی ١٩٤٣، حزبێکی بەتوانا و کاریگەر بوو

لەسەر ئاستی جەماوەریدا، بگرە بەهێزترین حزب بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد تا ئەو سەردەمە، بەڵام ململانێ و ناکۆکی و دووبەرەکی کەوتە ناو ڕێکخستنەکانی، چەند باڵێك لەناو سەرکردایەتیەکەی دروست بوو.

دەربارەی هۆیەکانی ئەو ململانێ و ناکۆکیانەش، زۆربەی نووسەران جەخت لەسەر دوو خاڵی گرینگ دەکەن، کە بریتین لە[١٣٢]:

١- ئایا گەلی کورد لە خەباتی نیشتمانی ڕزگاریخوازیدا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە نەتەوایەتییەکەی دەبێ پشتی بە یەکێتی سۆڤیەت و بەرەی سۆسیالیست ببەستێ، یان بە بەریتانیا و بەرەی ڕۆژئاوا؟ ئایا کامیان پشتگیری گەلی کورد دەکەن بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی؟

٢- ئایا پێویستە لەسەر حزبی هیوا بە هەموو هێز و توانایەوە، یارمەتی جولانەوە چەکدارییەکەی بارزان بدات، بەشداری تیادا بکات و جڵەوی سەرکردایەتی کردنی بگرێتە دەست؟

هەر دەربارەی ئەم بابەتە، (فیصل الدباغ) لە کتێبەکەی (اضواء علی کتاب الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکوردیة)، ئاماژە بۆ چەند هۆیەکی دیکەش دەکات و دەڵێ[١٣٣]:

**لە هۆیەکانی ڕوودانی ململانێ و دوبەرەکی لەناو حزبی هیوادا:**

١- هەڵوێستی لە شۆڕشی بارزانی ساڵی ١٩٤٣.

٢- گەشەکردن و بڵاوکردنەوەی هزری مارکسیزم لەناو ڕێکخستنەکانی حزب.

٣- ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ماجد مستەفا و حزبی هیوا هەبووە، بە بۆچوونی نووسەر، ماجد مستەفا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە پاڵنراوە بۆ ئەوەی بچێتە ڕیزی ئەو حزبە، مەبەستی ئینگلیزیش لاواز کرنی حزبی هیوا بووە.

٤- ئەو پەیوەندییەی لەنێوان حزبی هیوا و حزبی شیوعی عێراقی هەبووە، هیوا بەرەو ڕووی هەڵمەتێکی هێرشی شیوعییەکان بۆتەوە، چەندین وتار و بابەتیان لەسەر بڵاوکردۆتەوە، بۆ نموونە، (فەهد) سکرتێری حزبی شیوعی

عێراقی، بابەتێکی لەژێر ناونیشانی (گەلی کورد پێویستی بە حزبی کارە، نەك حزبی هیوا)، کە لە رۆژنامەی (القاعدة) لە نیسانی ١٩٤٥ بڵاوکراوەتەوە.
هەروەها دەربارەی هۆیەکانی ململانێ و ناکۆکی نێوان حزبی هیوا، ساڵح حەیدەری لە[١٣٤] یاداشتەکانی ئاماژە بۆ پێکهاتەی چینایەتی حزب و ناکۆییە ناوخۆییەکانی دەکات، لەگەڵ کارتێکردنی بیانی و بارودۆخی جیهانی و ناوخۆیی، لەو سەردەمە.
نووسەری کتێبی (خۆیبون – هیوا – ژ.ك) نووسیویەتی:[١٣٥]
توندبوونی بارودۆخ و جەنگ لەنێوان حکومەت و مەلا مستەفا بارزانی، حزبی هیوای خستە دووریانێکەوە، کە دواجار، سێ ئاراستە لەم حزبە سەری هەڵدا، ئەوانیش:

**ا– ئاراستەی چەپ:**

ئەم ئاراستەیە (باڵە) پێیان وابوو، پێویست دەکات حزبی هیوا لە هەردوو کەسایەتی ناو حزبەکە (رەفیق حلمی و ماجد مستەفا) رزگار بێت، ئەگەر نا حزبەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری حکومەت و سیاسەتی ئینگلیز، ئەم گروپە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵە مارکسییەکان بەهێز کرد بوو.

**ب– ئاراستەی راست:**

ئەم باڵە گوێ رایەڵ و جێبەجێکەری بڕیارەکانی رەفیق حلیم بوون، بە دڵسۆزی بۆ رەفیق حلمی مانەوە، هەروەها یەکگرتووی حزب و بەهێز بوونی، لە دەرکردنی چەپەکاندا دەبینیەوە.

**ج– میانڕەوەکان:**

ئەم گروپە بڕوایان وابوو، کە حزبی هیوا دەبێ لەسەر پرەنسیپی دیموکراسی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام دۆخەکە سەلماندی کە ئەمە کارێکی دژوارە.

**ئاکامەکانی ئەو ململانێ و دووبەرەکییەوە[١٣٦]:**

رابەری باڵی راست (رەفیق حلمی) کە سەرۆکی حزب بوو، بەبیانووی ئەوەی بەریتانیا بەهێزە و دەستی بەسەر عێراقدا گرتووە، دەیویست رەگی پەیوەندییەکانی لەنێوان حزبی هیوا و بەریتانیا داکوتێ.

بە بۆچوون و باوەڕی ئەو، حزب ناتوانی دژایەتی بەریتانیا بکات، ئەو هەمیشە بڵاوی دەکردەوە کە بەریتانیا لە توانایدایە حزب و جوڵانەوەی رزگای نیشتمانی کورد لەناو بەرێت.

باڵی راست پێ وابوو، یەکێتی سۆڤیەت بە هۆی دوری لە کوردستان، ناتوانێ یارمەتی کورد بدات.

دەربارەی خاڵی دووەم: باڵی راست ویستی وابوو کە پەیوەندی بە جوڵانەوە چەکدارییەکەی بارزاندا نەبێ، هەروەها یارمەتی نەداو دوورکەوێتەوە لە سەرکردایەتیکردنی، لەبەر ئەوەی رەنگە ئەم کارە ببێتە هۆی تووڕەبوون و نارەزایی بەریتانیا، بەتایبەتی کە جوڵانەوەکە دژی حکومەتی عێراقی هاوپەیمانی بەریتانیایە.

بەڵام باڵی چەپ، لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی حزب بە یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتە سۆسیالیستەکان پێی دادەگرت، ئەو باڵە لەو بڕوایەدا بوو کە تەنها بەرەی سۆسیالیست دەتوانێ یارمەتی گەلی کورد بدات و پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەیی بکات، بەتایبەتی کە هەمووان شارەزای سیاسەت و هەڵوێستی بەریتانیا و دەوڵەتە ئیمپرالیستەکانی رۆژئاوا بوون.

دەربارەی خاڵی دووەم، باڵی چەپ داواکار بوو حزب بە تۆکمەترین شێوە هاوکاری جوڵانەوەکەی بارزان بکات، بە هەموو توانا و بەشداری بکات و جڵەوی سەرکردایەتی کردنی بگرێتە دەست.

ئەگەرچی مەسەلەی یارمەتیدان وپشتیگیری کردنی جوڵانەوەکە لە سەرەتای بەرپابوونی لە ناوچەی بارزان، جێگای مشتومڕێکی زۆر نەبوو، چونکە باڵی

راست بە ناچاری سەری بۆ هەڵوێستی زۆربەی ئەندامان کەچ کرد و بەپارە و بە پروپاگەنـدە پـشتگیری جوڵانەوەکـەی کـرد، چـەند ئەنـدامێکی لـە ئەفـسەر و سەربازان بەشداریان تیادا کرد، بەڵام ناکۆکییەکان هەر درێژەی هەبوو.

لە مانگی شوباتی ١٩٤٤ لە شاری کەرکوك کۆنفرانسێکی حزبی بەسترا[١٣٧]، بۆ چارەسـەرکردنی گیروگرفتـەکان، بـەڵام لـە میانـەی کۆنفرانـسەکەدا، ململانـێ و ناکۆکییەکان توندتر بوونەوە، هەر لایەك لەسەر بیر و بۆچوونی خۆی، داکۆکی دەکرد.

هـەروەها لـە هـاوینی ١٩٤٤، لـە شارۆچکەی کـەلار (لـە ماڵی داود بـەگی جـاف) کۆبوونەوەیـەك[١٣٨] رێکخـرا بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی ئـەو کێـشە و ململانێیانە، ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە رەفیق حلمی (سـەرۆکی حـزب) بـوو، لـە باڵی چـەپیش هەریـەك لـە ئەفەسـەران (محمـود تاهـا بـەرزنجی، مەجیـد عـەلی) بوون، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە کۆتایی بەو دۆخە نەهێنا لە کامدا حزبی هیوا هەڵوەشایەوە و دابەش بوو بەسەر چەند باڵێك لە هاوینی ١٩٤٥ وەك:

گروپی شۆرش، نزیکەی (٣٠٠-٥٠٠) ئەندام دەبوون، رۆژنامەیەکیان دەرکرد بەناوی شۆرش[١٣٩]. لە سەرکردەکانیان (عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس، جەمال حەیدەری، ساڵح حەیدەری، دواتر تێکەڵاوی حزبی شیوعی عێراقی بوون.

گروپـی رزگـاری، ژمارەیـان زۆرتـر بـوو، نزیکـەی (٥٠٠٠ — ٦٠٠٠) ئەنـدام دەبوون، لەسەرکردەکانیان، د.جەعفەر محەمەد کەریم، د.سدیق ئەتروشی، تاها محی الدین معروف، دواتر بوونە بەشێك لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

**کۆتایی/ تێبینییە گشتییەکان دەربارەی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی حزبی هیوا:**

ڕەنگە حزبی هیوا لە مێژووی سیاسی کوردستانی باشوور، یەکەم حزبی بە توانـاو فـراوان بـوو بێـت کـە دامـەزرابێت بـەپێی چـەمکی زانـستی و دیـدی سـەردەمیانە بـۆ حـزب، زۆربـەی ڕەگـەزە پێویـستیەکانی حزبـی سیاسـی تیـادا بەدی دەکرێت، ئەگەر بە ناتەواویش بێت، وەك: بوونی ڕێکخستن و هەیکەلی ڕێکخراوەیی، سەرکردایەتی، بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیا و جەماوەر.

بۆیـە دروست بوونی حزبـی هیـوا بـە قۆنـاغێکی پێشکەوتوو تـر دادەنرێـت لـە ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا، بە بەراورد کردنی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە و ڕێکخـراو و یانـە سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیرییانەی پێـشتر دروسـت بوون و بوون بە سەرچاوەیەکی گەورەی پێکهاتنی حزبی هیوا.

ئـەم حزبـە هەوڵیـداوە زۆر ئاراسـتە سیاسـی و هزرییـەکانی ئـەو سـەردەمە کـۆ بکاتـەوە ببێتـە حزبێکـی گشتگیر، لـە پێنـاو بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایـەتی و نیشتمانییەکانی کورد.

دەکـرێ بە وردبوونـەوە لـەو زانیارییانـەی بەردەسـتن هەڵسەنگاندنێ بـۆ ڕۆڵ و پێگەی ئەم حزبە بخەینە ڕوو.

**یەکەم: لایەنەکانی هێزی حزب:**

**أ- لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە:**

حزبێکـی جـەماوەری خـاوەن ڕێکخـستنێکی فـراوان بـوو، لـە زۆربـەی شـار و شارۆچـکەکانی کوردسـتانی باشـوور ئەنـدام و لایـەنگری هـەبووە، ژمـارەی ئەندامانی بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی پێشو زۆ زیاتر بووە.

شـێوازی کـارکردن و پەیوەندییـە ناوخۆییـەکانی، تونـد و ڕێـك و پـێکتر بـوون، کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی تارادەیەك زۆر پێشکەوتوو تر بوو.

حزبی هیوا، هەلگری کۆمەڵە ئامانجێکی نیشتمانی و نەتەوایەتی بوو، سەنگی سیاسی و کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان، بەڕادەیەك ناحەز و دوژمنانی کوردیش رۆڵی ئەو حزبە یان رەچاو کردووە.

**ب- لە رووی رۆشنبیری و راگەیاندنەوە:**

١- بەشداریکردن بە شێوەیەکی فراوان لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی سیاسی و فیکری جەماوەر، لە رێگەی ئەندام و رێکخستنەکانیەوە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

٢- بلأوکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری بەیاننامە و بلأوکراوە و گۆڤار، کە ئامانجەکانی حزبی تیادا روونکردۆتەوە، هەرچەندە توانای ماددی چاپکردن و بلأوکردنەوەی زۆر لاواز بووە.

٣- هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی خوێندەوار و رۆشنبیر و تێکۆشەرانی ناو سوپا لە دەوری حزب، وەك هێزێکی جەماوەری کاریگەر.

**ج- لە رووی سیاسیەوە:**

١- بەشداریکردنی بە شێوەیەکی کردەیی لە راپەرینە چەکدارییەکانی بارزانی (١٩٤٣-١٩٤٥).

٢- دەرکردنی چەندین بەیاننامەو ناردنی یاداشت بۆ حکومەتی عێراق و باڵیۆزخانەکانی بەریتانیاو فەرەنساو ئەمریکاو چین، دەربارەی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد.

٣- پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەل هێزو کەسایەتیە کاریگەرییە سیاسی و کۆمەلأیەتییەکانی کورد، بەمەبەستی ئاراستەکردنی رەوشە سیاسیەکە. (نموونەی پەیوەندییەکانی لەگەلْ شێخ مەحمودی حەفید).

**دووەم: لایەنە نەرێنییەکانی حزبی هیوا:**

أ- لە رووی رێکخراوەییەوە:

١- نەبوونی پەیرەوی ناوخۆو پرۆگرامی نووسراو، کە دوو بنچینەی پێویست. بۆ کاری حزبایەتی لای هەر حزبێکی سیاسی.

٢- دیاری نەرکردنی هەیکەلی رێکخراوەیی حزب جگە لەوەی کە لە زۆربەی شارەکان رێکخستنی هەبووە، بەلأم ئۆرگانەکانی دیکەی حزب روون و ئاشکرانین.

ب- لە رووی چالاکیەجەماوەری و سیاسیەکانەوە:

١- بەشی زۆری ئەندام و لایەنگرانی حزب لە خوێنکارو رۆشنبیرو ئەفسەرو سەربازان بوون، زۆر کەم لەناو جوتیار و کرێکاران، لە گوندو لادێ چالاکیان بەدی دەکرێ، هەروەها لەناو کرێکاران بەتایبەتی لەو سەردەمەی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بەسەدان کرێکاری کوردی تیادا بووە، بەلأم هەست بە هیچ چالاکیەکی حزبی هیوا ناکرێ لەو ناوەندە.

٢- لەبەرنامەی سیاسی و ئامانجەکانی حزب، پشت خستنێکی ئاشکرا بەدی دەکرێ بۆ بوارە ئابوری و کۆمەلأیەتیەکان، کە پەیوەندی بە ژیانی جەماوەری زەحمەتکێی کوردستان هەبووە.

٣- پەیوەندییەکانی لەگەلْ هێزە سیاسییە عێراقیەکان لاواز دێتە بەرچاو، بەتایبەتی هێزە عەرەبییەکان.

٤- ئەو ململأنێ سیاسی و فیکرییەی ناوخۆی حزب، دەکرا لەمیانەی بەرنامەیەك یان پرۆژەیەکی سیاسی، سەرکردایەتی حزب چارەسەرییەکی بۆ بدۆزێتەوە. بەلأم نەبوونی بەرنامەی سیاسی نووسراو و سەلمێنراوی کۆنگرەی حزبی، کە هەموو لایەك پابەندی بن، دەرفەتی زیاتر خۆش کرد بۆ دوورکەوتنەوەی باڵەکانی و ئاراستە سیاسی و فیکرییەکانی ناوخۆی حزب.

**٢- قۆناغی هەردوو حزبی: شۆڕش ، ڕزگاری:**

سالآنی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨)، تەوژمی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە روسیا، گەیشتە عێراق و لە شارەکانی کوردستانیش دەنگی دایەوە، وردە وردە بە شێوازو هۆکاری جیاواز ئەو بیرو باوەرە مارکسییە لە چەند ناوەندێکی روناکبیر باس دەکرا و پێگەی خۆی دەچەسپاند.

ڕێکخستنی مارکسیەت لە هەولێر لە سالآنی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩- ١٩٤٥) کەوتە پێش شارەکانی دیکەی کوردستانی باشور.

مامۆستایان رۆلی کارایان گێڕاوە لە بلآوکردنەوەی هۆشیاری چینایەتی لەناو ریزەکانی خوێندکاران و جەماوەردا، ئەوانی لە کۆلیژەکانی بەغداش دەیانخوێند، لەکاتی گەرانەوەیان لە پشووی هاویندا، ئەو بیرۆکە نوێیەیان باس دەکرد و پەیوەندییان بە رۆشنبیرانی دیکەی شارەکان دەکرد.

یەکەم شانەی ڕێکخستنی مەرکسی لە هەولێر بە هەولی سالح حەیدەری پێکهات، کاتێك پەیوەندی[١٤٠] بە هەریەك لە (رەشید عەبدولقادر و شوعەی مەخلوف و ئەواکیم ئەواکیمیان کرد لە سالآنی (١٩٤٢- ١٩٤٣). ئەوانە لە رێگای لایەنگیرانیان لە بەغدا بلآوکراوەی نهێنی حزبی شیوعی عێراقییان دەست دەکەوت و پەیوەندییان بە کۆمەلەی (الی الامام) هەبوو، لە کاتی هەلوەشاندنەوەی کۆمەلەکەش لە هاوینی ١٩٤٣دا، کۆمەلەی هەولێر بەردەوام بوون لەسەر هەولەکانیان و توانیان (شەریف عوسمان) ناسراو بە (مەلا عەروس) بێننە ریزی کۆمەلەکەیان. بە پچرانی پەیوەندییەکانیان لە کۆمەلەی (الی الامام)، توانیان ژمارەیەکی زیاتر لە قوتابی و گەنجانی حزبی هیوا لە هەولێر بێننە ریزی کۆمەلەکەو لە هاوینی (١٩٤٣)کە بڕیاریاندا (کۆمەلەی میللەت) دروست بکەن، وەك کۆمەلەیەکی سەربەخۆ.

ئامانجەکانیشیان دژایەتی هەموو شێوازەکانی چەوسانەوە بێت، کۆمەڵەکەش مۆرکێکی نیشتمانی و دیموکراسی هەبێت، بڵاوکراوەیەکیانیش دەرکرد بەناوی (دەنگی کورد). ئەو گەنجانەی هاتنە ناو کۆمەڵەکە زۆر بوون، لەوانە: نافیع یونس، حەمید عوسمان، موسا سلیمان، هاشم عەبدوڵلا، شێخ محەمەد (شێخە شەل)، عەزیز محەمەد، قەرەنی دوغرەمەچی، یەحیا سەلیم، ئەنوەر عەبدوڵلا، جەوهەر یاسین.

أ- دروست بوونی ڕێکخراوی شۆڕش:

هەروەك پێشتر باسمان کرد، حزبی هیوا توانای درێژە پێدانی نەمابوو بەشێوەیەکی یەکگرتوویی، بەڵکو بووە چەند بەش و دەستەو گروپێك، هەریەکە بە پێی بیروباوەڕی هزری سیاسی جیاواز لەیەکتر.

بەشێك لە ئەندامانی حزبی هیوا، چوونە ناو کۆمەڵەی (ژ.ك) ئەو لقەی لە کوردستانی[١٤١] باشور پێکهاتبوو، لە ئەندامەکانی (ابراهیم ئەحمەد، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، صدیق شاوەیس، فایق بێکەس، زەکیە بابان، مەدهۆش، عوسمان دانش).

بەشێکی دیکەیان، کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا بەناوی (ڕێی ڕاست) لە شاری سلێمانی، چەند ئەندامێکی دیکەی هیوا لەوانی هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی و چەپ بوون، پەیوەندیان بە حزبی شیوعی عێراقییەوە کرد.

لە شاری بەغداش، ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی نهێنی کاری دەکرد بەناوی — وحدة النضال[١٤٢]، (کۆمەڵەی میللەت)ی مارکسی کە لە شاری هەولێر پێکهاتبوو، لەگەڵ ڕێکخراوی (وحدة النضال) پەیوەندییان ڕێکخست و دوای چەند گفتوگۆیەك لە نێوان هەردوولا، لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە لە هەولێر ئەوان ببنە لقێکی (وحدة النضال) و بەناوی (یەکێتی تێکۆشین) کاربکەن و بڵاوکراوەیەکی تایبەتیش دەربکەن، هەروەها دوو ئەندامی کۆمەڵەی میللەت لە

هەولێر، ئەوانیش (سالح حەیدەری و نافیع یونس) ببنە ئەندامی لیژنەی ناوەندی ڕێکخراوی (وحدة النضال).
بەڵام دوای ئەوەی ڕێکخراوی (وحدة النضال) لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستەی کە – (فەهد) سەرکردایەتی دەکرد یەکیانگرتەوە، بەناوی حزبی شیوعی عێراقی دەستیان بە چالاکی کرد، لقەکەی (یەکێتی تێکۆشین) لە شاری هەولێر ڕازی نەبوو بە مەرجەکانی (فەهد) بۆیە دوای چەندین گفتوگۆ لەگەڵ – فەهد نەگەیشتنە ئەنجامێك کە پەسند بێت لایان، بۆیە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم لقە بڕیاریاندا، سەربەخۆ بەناوی حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق – کاربکەن لە پایزی ساڵی ١٩٤٥.
هەروەها ڕۆژنامەیەکیشیان دەرکرد بەناوی –شۆڕش– وناوبانگیان بەناوی شۆڕش دەرکرد.
هەر ئەو ماوەیەش بەشێك لە ئەندامە کۆنەکانی حزبی هیوا پەیوەندییان لەگەڵ بەستن، هەروەها[١٤٣] لە شاری سلێمانی ڕێکخراوێکی بچوك پێکهاتبوو بە ناوی (کۆمەڵەی برای سۆڤیەتستان) ئەوانیش خۆیان لە ناو حزبی شۆڕش تواندەوە.

**ڕێکخستن لەناو حزبی شۆڕش:**
ئەم حزبە پەیرەوی بنەماکانی (لینین)ی کردووە لە رووی ڕێکخستنەوە، ئەندامانی بە پێی شانەو شانە بەندی ڕێکخستووە، هەروەها پەیرەوی بنەمای ناوەندێتی دیموکراسی کردووە لە بەڕێوەبردنی کاروچالاکیەکانی.

**کۆمیتەی سەرکردایەتی حزب لەم ناوانە پێکهاتوون:**
١– سالح حەیدەری – سکرتێر
٢– ئەندامان: نافیع یونس، عەلی عەبدوڵلا، عەبدولکەریم[١٤٤] تەوفیق، ڕەشید عەبدولقادر، عەبدولسەمەدمحەمەد، نوری محەمەد ئەمین.

ئەندامانی شۆرش، ژمارەیان دەگەیشتە (٣٠٠- ٣٥٠) ئەندام، زۆربەیان گەنج بوون لە رووی تەمەنەوە[١٤٥] لە دیارترین ئەندامەکانی (جەمال حەیدەری، شێخ محەمەد (شێخە شەل)، نوری شاوەیس، ئەواکیم ئەواکیمیان، شووعە مەخلوف، حەیدەر عوسمان، عەزیز محەمەد، فایق نادر ، ئیبراهیم ئەدهەم، بە گۆك عەزین).

شاری هەولێر بنکەی سەرەکی کارو رێکخستنەکانی بوو، بۆیە ئەم حزبە زیاتر مۆرکێکی وەرگرتووە، کە رەنگە جێگای رەخنە بووبێت لای هەندێ کەس.

**ئامانجەکانی حزبی شۆرش:**

پرۆگرامی حزب، خۆی بە حزبێکی مارکسی – لینینی دادەنێ، چوارچێوەی چالاکیەکانی کوردستانی باشور بووە.

لە خالی (١) بەرنامەکەیدا هاتووە:[١٤٦]

ئامانجی حزب بریتیە لە هاوکاری و پتەوکردنی پەیوەندی برایانەی کوردو عەرەب لە سەر بناغەی رزگاری هەردوولا، هاوکاریکردن لەگەڵ عەرەبی ئازادیخوازو گروپ و حزبەکانیاندا، لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی، بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری و رزگاری گەلان و بەدەستهێنانی ئاواتەکانی هەردوو گەلی کوردو عەرەب.

لەخالێکی دیکەی بەرنامەکەیدا هاتووە:

لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی خزمەتگوزاری گەلدا، بە مەرجێك ئەندامانی پەرلەمان و شارەوانی هەڵبژێراوی گەل و نوێنەری راستەقینەی بن، هەروەها لە پێناو گۆرینی ئەو یاسایانەی لەگەڵ یاسای بنچینەی عێراقدا، ناگونجێن، تێدەکۆشێ. دەربارەی پرۆگرامی حزبی (شۆرش) سالح حەیدەری دەڵێت:

ئامانجی حزبی شۆرش بریتی بوو لە، سەربەخۆیی نیشتمانی بۆ عێراق و دژایەتی ئیمپریالیزم کە خۆی لە کۆمپانیای مۆنۆپۆلی و بنکەی سەربازی و پەیمان و رێکەوتنامە دوژمنکاریەکان و پسپۆرو بێگانەکان و نۆکەرەکانی عێراق دەبیننەوە. جگە لە پیشەسازیکردنی وڵات و دژایەتی دەرەبەگ و دابەشکردنی زەوی ئەمیرییە بەسەر جوتیاران و بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و تەندروستی وروۆشنبیری.

هەروەها بەدەست هێنانی کارگێری ناناوەندی (ادارة لا مرکزیة) بۆ کوردستانی عێراق و دانانی ماف کارگێری و رۆشنبیری بۆ کوردو پشتگیری لە بزووتنەوەی گەلان لە تێکۆشانیان دژ بە کۆلۆنیالیزم و فاشیزم و کارکردن بۆ یەکێتی نەتەوەی کورد لەدوا رۆژو پشتگیری لە تێکۆشانی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی لکێنراو بە ئیران و تورکیا، لە پێناو داننان بە قەوارەی نەتەوایەتی و ماف رۆشنبیری و کارگێری.

هەروەها حزبی شۆرش داوای دان پیانانی ماف کەمەنەتەوایەتیەکانی تری کوردستان و عێراقی دەکرد، وەك ئەرکێکی سەرشانی یارمەتی و کۆمەکی بزووتنەوەی بارزانیان کرد لە ساڵی ١٩٤٥.

## چالاکیەکانی حزبی شۆرش:[١٤٧]

ئەم رێکخراوە لە ماوەیەکی کورتی ژیانیدا، توانیویەتی رۆڵێکی فراوانی فیکری و سیاسی و رێکخراوەیی بگێرێ و شانە رێکخستنەکانی لەناو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا پێك بهێنێت، بەشداری لەو خۆپیشاندنانە کردووە لە شاری بەغدا کە حزبە سیاسیە عێراقییەکان پێی هەستاون، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٤٦ بەشداری خۆپیشاندانەکانی کردووە دژ بە بەڵێنەکەی (بلفور). بەرامبەر بەرووداوەکانی کوردستان (حزبی شۆرش) هەڵوێستی نیشتمان پەروەرانەی نواندووە، بەتایبەتی کاتی راپەرینەکەی بارزانی لە (١٩٤٣- ١٩٤٥)،

پشتگیرییەکی تەواوی کردووەو بە شێوەیەکی توند دژی هەموو ئەو پروپاگەندانەو بۆچوونانە وەستاوە کە لە لایەن کۆنە پەرستانی عەرەب و داگیرکەران و رژێمی پاشایەتی ئاراستەی راپەرینەکەو سەرکردایەتیەکەیان کردووە و بزووتنەوەیەکی دژ بە بەرژەوەندی گەلیان داناوە.
دەربارەی ئەو رووداوانەی کە کوردستانی ئێران بە خۆوەی بینی، حزبی شۆرش بە پێویستی دەزانی سوود لەو بارودۆخە وەربگیرێت ئەم حزبە پەیوەندی هەبوو لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لە مەهاباد و ئاگادار بوو لە بارودۆخی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی و پەیوەندی بە یەکێتی سۆڤیەتەوە.
حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق (شۆرش)، رۆڵی کاریگەری هەبوو لە فراوان کردنەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، رۆڵێکی گرینگی گێرا لە دامەزراندنی حزبی رزگاری کورد.

## پەیوەندییەکانی حزبی شۆرش بە حزبەکانی دیکە:

ئەم حزبە لەم بوارەدا هەوڵیداوە هاوکاری هەموو هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان بکات، بەڵام سەرنەکەوتنی گفتوگۆکانی نێوان (فەهد) سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی و کوردە شیوعییەکان، دوای دامەزراندنی – حزبی شۆرش- کاریگەری کردە سەر پەیوەندی نێوانیان، بە رادەیەک کە سیاسەت و رێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقیان لە کوردستان رەتدەکردەوە، لەهەمان کاتدا حزبی شیوعی عێراق دژی دامەزراندنی حزبی شیوعی کورد بوون، بە پێی ئەو بنەمایەکە نابێت دوو حزبی شیوعی لەولاتێکدا هەبێت.
ناکۆکی و ململانێی نێوانیان لە کوردستاندا لە ئاستێکی وابوو کە ئەندامانی حزبی شۆرش، بەپێی بریاری سەرکردایەتیان، بۆیان نەبوو هیچ پەیوەندییەک بە ئەندامەکانی (لقی کوردی – حزبی شیوعی عێراقی) هەبێت.

پەیوەندییەکانی حزبی شۆرش لەگەڵ حزبە کوردییەکانی کوردستان، بەتایبەتی رزگاری زۆرباش بوو، بەرادەیەك حزبی رزگاری وەك بەشێك بوو لە شۆرش، هاوکارییەکی فراوان لەنێوانیاندا هەبوو لە رووی ئاڵوگۆڕی بیروراکان و چاوپێکەوتنەکان و بەجێهێنانی کاری هاوبەش لە رووی سیاسی و راگەیاندنەوە.

زۆر لە ئەندامانی حزبی شۆرش لە رێکخستنەکانی رزگاری کاریان دەکرد دیارە رزگاری وەك خوێندنگەیەکی پێگەیاندن بوو بۆ ئەندامێتی لەناو حزبی شۆرش.

**هاندەرو هۆکارەکانی دامەزراندنی حزبی شۆرش:**

کۆمەڵە هۆکارێکی دەرەکی و ناوخۆیی هاتۆتەکایەوە، بوون بە هاندەر بۆ دروستکردنی حزبی شۆرش (حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق)، دەکرێ ئەو هۆکارانە لەم سێ خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە.

١- سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت و بەرەی دیموکراسییەت لە جەنگی دووەمی جیهانی، بەرامبەر بە فاشیزم، سەرەرای دروست بوونی چەندین دەوڵەتی سۆسیالستی، ئەو دۆخە بوو بە هۆی بەهێز بوونی شەپۆلی سۆسیالیزمی و دیموکراتسیەت لەناوچەکەدا.

٢- داگیرکردنی کوردستان و دابەشبوونی بەسەر چەند بەشێك و بێ بەش کردنی کورد لە مافە نەتەوایەتی و دیموکراسییەکانی، هەروەها سەرنەکەوتنی شۆرش و راپەرینە چەکدارییەکان و لاوازی و بێ بەرنامەیی کۆمەڵەو رێکخراوە سیاسیەکانی دیکە لە کوردستان.

٣- ئەو بارودۆخە ئابوری و کۆمەڵایەتیەی ناو کوردستان، لەزۆرداری ئاغاو دەرەبەگ، لە برسێتی و هەژاری و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی، سەرەرای هەڵوەشاندنەوەی حزبی هیواو دروست بوونی بۆشاییەکی سیاسی لە کوردستان.

**هۆیەکانی تەمەن کورتی حزبی شۆڕش:**

حزبـی شـۆڕش لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٤٤ دامـەزراوە لـە ئـابی ١٩٤٦ خـۆی هەڵوەشاندنەوە، واتە تەمەنی لە دوو ساڵ کەمتر بووە، لەو ماوە کورتەدا بەرەو رووی چەندین بەرەنگاری بۆتەوە کە ڕێگای گەشەکردنی لێگرتووەو هاندەر بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی.

**دەکرێ ئەو هۆکارانەش بەم جۆرەی خوارەوە کورت بکەینەوە:**

١- دژایەتی کردنی لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانیاو رژێمی عێراقی بە توندی و ڕێگـرتن و سـزادان و ڕێ وشـوێنی یاسـایی وەرگـرتن بەرامبـەر ئەنـدام و سەرکردەکانیان.

٢- بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی و ئـابوری کۆمەڵگـەی کوردسـتانی، لەبارنـەبووە بۆ گەشەکردنی حزبێکی مارکسی چینایەتی لـەو سـەردەمە، دەرەبەگایەتی مۆرکی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی بـووە، چـینی جوتیـاران بەشـی گـەورەی کۆمـەڵگای پێکهێنـاوە، چینی کرێکار هـەر زۆر لاواز و کـەم ژمارە بووە، سـەرەڕای ئاسـتی هۆشیاری سیاسی ناو چین و توێژەکانی دیکەو داب و نەریتی ئاینی باو، کە بە گـشتی بۆتـە هـۆی نالـەباری ئـەو زەمینەیـە بـۆ گەشـەکردنی حزبێـك هـەڵگری ئایدیۆلۆژیای مارکسی بێت.

٣- حزبـی شـۆڕش بـەرەو رووی فشاری، حزبـی شـیوعی عێراقـی بۆتـەوە، ئـەم حزبە رازی نەبووەبە بوونی حزبێکی مارکسی سەربەخۆ لە کوردستان.

٤- پرسـی دروسـت بـوونی حزبێکـی سیاسـی نەتەوایـەتی پێـشڕەو هاتـە پێشەوەو، بەتایبەتی دوای هەرەس هێنانی ڕاپەڕینەکەی بارزان و ڕووداوەکـانی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات (١٩٤٦)، هـەروەها ڕۆڵـی گـەورەی مـستەفا بـارزانی و هاوڕێکانی، لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، ئەم حاڵەتەش راستەوخۆ ڕۆڵـی هـەبووە لەسەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەردوو حزبی شۆڕش و رزگاری.

سەرەڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە، کەم ئەزموونی سەرکردەو کادیرانی ئەم حزبە لە بواری کاری سیاسی و حزبایەتی، هۆکار بووە بۆ پێش نەکەوتن و پەرەسەندنی رۆڵی حزب و لەئاکامدا ئەو بڕیارە خێرایە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕش.

## ب- حزبی رزگاری کورد:

دوای ئەوەی سەرکردەکانی حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق (شۆڕش) هەستیان کرد کە بوونیادنان و زیندووکردنەوەی گیانی تێکۆشان لەسەر بنەمای سۆسیالیستی لەناو گەلی کورد لاوازەو گەشە کردنی بەرەو رووی بەرەنگاری زۆر دەبێتەوە، بیرۆکەی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیان لا دروست بوو، بەرەیەک کە هەموو هێزە نیشتمانی و گروپە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی عێراق بگرێتە خۆی[١٤٨].

لە پێناو ئەو ئامانجەو بەمەبەستی رابەرایەتی کردنی بزووتنەوەی رزگاری و دیموکراسی لە کوردستانی باشووردا، شان بە شان بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراسی لە بەشە عەرەبیەکەی عێراقداو لە پێناو رێکخستنی تێکۆشانی جەماوەر لە کوردستاندا، سەرکردەکانی شۆڕش چالاکانە کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ چەند ئەندامێکی پێشووی حزبی هیوا لە شاری بەغدا، لەوانە: عەلی حەمدی و کانەبی جەوهەر عەزیز دزەیی، بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە هەر لەم بارەوە ئاماژە بۆ ناوەکانی (رەشید باجەلان، عەلی حەمدی، د. جەعفەر محەمەد کەریم، دەکات، لەو گفتوگۆیانە باس لە بیرۆکەی دامەزراندنی حزبێکی کوردستانیان دەکرد، کە خەبات بکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد، هەموو لایەک بۆ چوونەکەیان لاپەسەند بوو، بەڵام سەرکردەکانی شۆڕش چەند مەرجێکیان دانا بۆ ئەو هەنگاوە، ئەویش بەشداریکردنی چەند ئەندامێکی حزبی شۆڕش لەناو سەرکردایەتی حزبە نوێیەکە لەگەڵ مانەوەی

شۆرش، ئەم مەرجەش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چینی کرێکار لەو سەردەمە لەگەڵ لاوازی و بێ توانایی، بەلام پێویست دەکات ڕێکخستنی سەربەخۆی هەبێت، ناکرێ بەرژەوەندییەکانی لەناو بەرژەوەندی چینە هاوپەیمانەکانی دیکە بتوێتەوە، هەروەها بوونی ئەم ڕێکخراوە (شۆرش) ڕۆلێکی سەرەکی دەگێڕێ لە سازدان و ڕێکخستنی کۆمەلانی پێشکەوتنخوازو دەبێتە دامەزراوەیەکی سیاسی بۆ پێگەیاندنی کادیری شارەزا.

دیارە بەشێك لەو کەسانەی گفتوگۆیان لەگەڵ کرا، نارازی بوون لەسەر ئەو بۆچوونەی سەرکردایەتی شۆرش، ئەوانە پرسیاریان دەکرد، کە ئایا ئەندامێك لەیەك کاتدا چۆن دەتوانی لە دوو ڕێکخستندا کار بکات و پابەندبێت به بڕیارو ئەرکەکانی هەردوو حزب. کۆبوونەوەکانی بێ ئەنجام کۆتایی هات، بەلام سەرکردەکانی حزبی شۆرش لە هەوڵەکانیان بەردەوام بوون کە لە کادیرو ئەندامانی پێشوی هیوا، هەروەها لە شاری سلێمانی سەرکردەکانی شۆرش چاویان بە ئەندامانی کۆمەڵەی (ڕێگای ڕاست) پش کەوت، دوای گفتوگۆیەکی زۆر، بڕیار لەسەر دامەزراندنی حزبی رزگاری کورد درا لە شوباتی ١٩٤٥.

**دەستەی سەرکردایەتی حزبی رزگاری:**[١٤٩]

سەرکردایەتی حزبی رزگاری کورد، بەم شێوەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١- سالح حەیدەری

٢- نافیع یونس

٣- د. جەعفەر محەمەد کەریم

٤- نوری شاوەیس

٥- نوری محەمەد ئەمین

٦- رشید باجەلان

٧- تاها محی الدین مەعروف

بەڵام لە یاداشتەکانی سالح حەیدەری، ناوی مەلا حەکیم خانەقینی هاتووە لە جیاتی رشید باجەلان.

بەم جۆرە پێکهاتەی سەرکردایەتی حزبی رزگاری، دەکرێ پۆلین بکرێن لە رووی ئایدۆلۆژییەوە:[150]

ا- سالح حەیدەری و نافیع یونس: دوو سەرکردەی ئاشکرای ناو حزبی شۆرش بوون.

ب- نورس شاوەیس و نوری محەمەد ئەمین دوو ئەندامی حزبی شۆرش بوون

ج- رەشید باجەلان یان مەلا حەکیم خانەقینی لەگەڵ تەها محی الدین مەعروف و د. جەعفەر محەمەد کەریم، کەسانی بێ لایەن، هەڵگری بیروباوەری ناسیۆنالستی بوون.

بۆیە دەردەکەوێ زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی رزگاری هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی بوون کە لەناو حزبی شۆرش کاریان دەکرد.

ئەگەر لە رووی جوگرافییەوە، تەماشای دابەشبوونی ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی رزگاری بکەین بۆمان دەردەکەوێ:

ا- سالح حەیدەری ونافیع یونس، دانشتووی هەولێر بوون.

ب- نوری شاوەیس، نوری محەمەد ئەمین، تاها محی الدین، دانشتووی سلێمانین.

ج- رەشید باجەلان (مەلا حەکیم خانەقینی)، دانشتوی خانەقین بوو.

د- د. جەعفەر محەمەد کەریم، دانشتووی بەغدا بوو.

### ئایدیۆلۆجیاو پێکهاتەی چینایەتی حزبی رزگاری:

حزبی رزگاری لە رووی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژییەوە دوو رەوتی حزبی دەگرێتە خۆی، رەوتێکی هزری مارکسی (نوێنەرانی حزبی شۆرش) لەگەڵ رەوتێکی هزری ناسیونالیستی، بە مانای هاوپەیمانیەتیەک لە نێوان چین و توێژە

نیشتمانیەکانی کورد، ئامانجێکی هاوبەشی قۆناغدار کۆیان دەکاتەوە، هەروەك لەبەرنامەی حزب دەردەکەوێ.

بەڵام پێکهاتەی چینایەتی ئەم حزبە بریتیە لە چین و توێژەکانی بورژوازییەتی بچووك و بۆرژوازییەتی مام ناوەندی، بەشێوەیەکی گشتی.

زۆربەی ئەندامانی، بریتین لە خوێندکارو روناکبیرو ئەفسەرو فەرمانبەرە بچووکەکان و کاسب کارو کرێکارانی ناوشار.

دوای گەشەکردنی رێکخستنەکانی، لەناو گوندو عەشایەر دۆست و لایەنگری بۆ پەیدا بووە، ئەویش لە رێگای خوێندکارانی کوڕە ئاغا و موڵکدارەکان. ئەم رێکخستنە لەگەڵ قۆناغی رزگاری نیشتمانی هاوتەریب بووە، هەروەك لە زۆربەی بزووتنەوەکانی رزگاری خوازی گەلان بەدی دەکرێت.

### ئامانجەکانی حزبی رزگاری کورد:[١٥١]

حزبی رزگاری لە بەیاننامەیەکدا، دوای دامەزراندنی ئامانجەکانی خۆی لەم چەند خاڵەی خوارەوە خستۆتە روو:

١- ئامانجی پیرۆزمان رزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورەیە، لەبەر ئەوەی بنکەی رێکخستنی حزب لە کوردستانی عێراقە، بۆیە ئێمەش خەبات دەکەین لە پێناو رزگاری عێراق لە ژێر دەسەڵاتی ئیستعمارو حکومەتی کۆنەپەرستی، کە تا ئێستا کۆسپی هەرە گەورەن لەسەر رێی پێشکەوتنی کورد لە عێراق بۆ گەیشتن بە ئامانجی هەرە گەورە، ئەویش ئازادی و مافی بڕیاردانی چارەنووسە.

٢- کۆششکردنی بۆ وەرگرتنی سەربەخۆیی کارگێری لە کوردستانی عێراقدا، کە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کورد.

٣- تێکۆشان بۆ نەهێشتن و لابردنی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك و جیاوازیەکی نەتەوایەتی کە کورد و کەمە نەتەوایەتییەکان لەسەریانە.

٤- خەباتکردن بۆ بەدیهێنان و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ و حزب ولایەنە کوردییەکانی دەرەوەی عێراق بۆ یەکگرتنی گشت هەولێك و گەیشتن بە ئامانجی بالاَ (ماف بڕیاردانی چارەی خۆنووسین و رزگاری).
٥- تێکۆشان بۆ چارەسەرییەکی بنەرەتی بۆ کێشە سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و رۆشنبیرییەکان بەهینانەدێی مافە دیموکراسییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بلأوکردنەوەی زانست و زیندوو کردنەوەی مێژوو ئەدەبی کوردی.
٦- بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو دام و دەزگاو قوتابخانەکان لەناوچەی کوردستان.
٧- کارکردن بۆ روونکردنەوەی کێشەی کورد بۆ گشت نەتەوەکان، بە تایبەتی نەتەوەکانی رۆژهەلأتی ناوەڕاست.
٨- هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان و یارمەتیدانی لە نێوان حزب و رێکخراوە دیموکراسیەکان.
٩- کارکردن بۆ پێکهێنانی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتە دیموکراسییەکان، بەمەبەستی بەربەرەکانی کردنی پیلانەکانی ئیستعمارو کۆنەپەرست و بەکرێگیراوانی، کە هەوڵی زیندوو بوونەوەی پەیمانی (سەعد ئاباد) دەدەن، هەروەها دژایەتیکردنی هەموو گروپە کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستیەك کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم ئازادی گشتی، بە تایبەتی ئازادی کارکردن.

**حزبی رزگاری کورد**
**دەستەی دامەزرێنەر**

**چالاکی ڕێکخراوەیی حزبی رزگاری کورد:**

ڕێکخستنی حزبی رزگاری، لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشور پەرەی سەندوو بەرەو[١٥٢] چەسپاندن دەچوو، بەرنامەو ڕێبازی گونجاوی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ چاکتر بڵاو دەبۆوە، بەشی زۆری نیشتمان پەروەردان و ڕۆشنبیران ئاگادار بوون کە بەراستی خەبات لە پێناو مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکات، بیروباوەڕی و ڕێکخستنی لەناو زۆربەی چین و توێژەکانی کوردستان بڵاوببوە، تا کار گەیشتە ئەوەی لقی عەشایری تایبەت لەناو خاوەن موڵك و ئاغاکان پێك بێت، ئەم حزبە ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە کە لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی حزبی هیوا پەیدا ببوو.

حزبی رزگاری لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی ئەندامانی دەگەیشتە نێوان (٤-٥) هەزار ئەندام[١٥٣]، سەر بە ڕێکخستنی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و شارۆچکەکانی ڕەواندوز، ئامێدی، کۆیە، زاخۆ، کفری بوون.

**لە ئەندامانی حزب لە شاری هەولێر:**[١٥٤]

عەونی یوسف، شوعە مەخلوف، جەمال حەیدەری، سالح حەیدەری، ڕەشید عەبدوالقادر، ئەنوەر حەسەن مەلا، ڕەقیب حەسەن مەلا، عەزیز محەمەد، عەلی فەتاح دزەیی، حەمید عوسمان، شێخ محەمەد (شێخە شەل) جەوهەر حوسێن دزەیی.

هەروەها، عاصم حەیدەری، عومەر عوسمان، فایق نادر، میرزا عەبدولکەریم، مجید ڕەوف، یونس یەحیا، عەلی قادر، ڕەسول محەمەد ئەمین، ئەحمەد عوسمان، مەعروف عەبدولقادر، مەعروف خەزنەدار، خالس جەواد، نامیق ئەحمەد پاشا، رفعەت ئیسماعیل، نیازی عومەر ئەمین، مونیر عەزیز، فاتح موزهر، کەریم ڕەوف، حەیدەر عوسمان، موسا سلێمان، عەبدولرەزاق ڕەفیق،

یاسین تاها، جەلیل هۆشیار، عزەدین فەیزی، ئەنوەر فەیزی، هادی محەمەد سەعید.

**لە ئەندامانی حزب لە شاری کۆیە:**

جەمال عیزەت، عومەر مستەفا (دەبابە)، عەلی عەبدوڵلا، محەمەد حەبیب، محەمەد خۆشناو.

**لە شاری کفری و دەوروبەری، ئەندامانی حزبی رزگاری:**

عەلی محەمەد سەلیم ئاغا، محیّدین مستەفا بەزاز، حەسەن سەمین، فەقی محەمەد سەعاتچی، عەتا تالەبانی، موکەرەم تالەبانی، فەتاح ئەمین بەزاز.

**لە ئەندامانی حزب لە شاری موصل:**[١٥٥]

مەلا صبغە اللە (مەلای مزگەوت)، محەمەد ئەرمەغانی، محەمەد صالح جبرائیل، محەمەد حەسەن، محەمەد سەعید دۆسکی، محەمەد شێرزاد.

**لە ئەندامە چالاکەکانی حزب لە شاری سلێمانی:**[١٥٦]

نوری شاویس، نوری محەمەد ئەمین، فەتاح شالی، نوری ئەحمەد تاها.

ئەنجومەنی دامەزرێنەری حزب، بڕیاری دەرکردنی رۆژنامەیەکدا بەناوی — رزگاری. ژمارەکانی بەرێك وپێکی دەردەچوو تا ناوەراستی ساڵی ١٩٤٦، ئەو رۆژنامەیە لە شاری بەغدا بە هۆی ئامێری رۆنیۆ) چاپدەکرا، سەرەڕای ئەو رۆژنامەیەش حزب چەندین بڵاوکراوەی دەرکردووە لە بۆنەو رووداوی جیاجیادا.

**چالاکیەکانی حزبی رزگاری کورد:[١٥٧]**

١- دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، حزبی رزگاری نامەیەکی بۆ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی ولآتانی (ئەمریکا، بەریتانیا، یەکێتی سۆڤیەت) نارد، کە لە شاری مۆسکۆ دەبەسترا، لەنامەکەدا داوای کردبوو، کە چاوێك بە کێشەی کوردستان بخشێنن و نەتەوەی کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی جیهان مافی ژیان و چارەی خۆنووسینی هەیە، چیتر گەلی کوردستان با مافەکانی پێشێل نەکرێت، لەبەر بەرژەوەندییەکانی حکومەتی تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا.

هەروەها لەنامەکەدا پشتگیری خۆیان دەربڕی بوو بۆ یارمەتیدانی گەلی کوردستانی رۆژهەلآت و گەلی ئازەربێجان.

لەو نایەدا داوا لە هەر سێ وولآتە گەورەکەی جیهان کرا بوو، کە چاوێك بە ژیانی گەلی کوردستانی باکوور بخشێنن و فشارێك بخەنە سەر حکومەتی تورکیای فاشی، بۆ ئەوەی دەست لە تواندنەوەی کورد هەلگرێ، هەروەها لەنامەکەدا باسی باری ناهەمواری ومالوێرانی و ئاوەرەیی گەلی کوردستانی باشووریش کرابوو، بە هۆی کارو کردەوە نارەواکانی هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراق.

٢- لەکاتی کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری (لەندەن) یاداشتێك لەلایەن رزگاری پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرا، کە تیایدا بەرێك و پێکی مەسەلەی رەوای گەلی کوردستانی بە بەلگەی مێژوویی دیاریکردبوو.

٣- حزبی رزگاری یاداشتێکی بۆ حکومەتی میسری نارد، تیایدا پشتگیری خۆی دەربری، بۆ هاوکاریکردنی (بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی میسر) لە خەباتیدا دژی ئیستعماری بەریتانیای و هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە.

٤- لە ٤/ نیسانی/ ١٩٤٦ حزبی رزگاری بەیاننامەیەکی دەرکرد، تیایدا بەرپەرچی قسەکانی (تۆفیق السویدی)، سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی حکومەتی

عێراقی دایەوە، کە لە ٢٥/ ئازاری/ ١٩٤٦، لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا لە شاری قاهیرە وتبووی: کوردەکانی عێراق وەك هەموو عێراقییەکانی تر، مافیان مسۆگەر کراوەو (هیچ مەسەلەیەکی نەتەوایەتی لە عێراقدا لە گۆڕێ نییە).

هەروەها لەبەیاننامەکەدا قسەکانی (تۆفیق السویدی)یان بە درۆخستەوەو تیایدا باسی باروودۆخی نالەباری گەلی کوردستانی باشووری کرد، کە لە سایەی حکومەتی پاشایەتی لە عێراق چۆن دەژین.

٥- حزبی رزگاری کورد، بەیاننامەیەکی لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەکان بەرامبەر بە کێشەی گەلی کورد دەرکرد، لە میانەی ئەو بەیانەدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە هیچ رێگا چارەسەرییەکیان بەدەستەوەنیە، جگە لە پەنابردن بۆ رێگای تێکۆشان و قوربانیدان نەبێت، چونکە شێوەکانی دیکەی تێکۆشان لەبەردەمیان گیراوە، هەروەها لەبەیاننامەکەدا باسی قوربانییەکانی گەلی کوردستانی کردبوو لەسەردەستی حکومەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق، هەروەها دروشمەکانی دەوڵەتە رۆژئاواییەکانی بەدرۆخستنەوە لەسەر مەسەلەی ئازادی و دیموکراسی بۆ گشت گەلان.

٦- حزبی رزگاری بەبێ هیچ دوو دڵییەك پشتگیری خۆی دەربڕی بەرامبەر بە بزووتنەوەی بارزان لە ساڵی ١٩٤٥ دژ بە حکومەتەکانی بەریتانیا و عێراق، یارمەتی و کۆمەکی پێشکەش بە بزووتنەوەکە کرد.

زۆر لە حزبەکانی ئەوکات هەڵوێستی هەڵپەرستانەیان بەرامبەر بە بزووتنەوەکە گرتەبەر چونکە بە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستیان دادەنا، بەڵام حزبی رزگاری بە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی کوردی دادەنا، کە بە هۆی چەوساندنەوە بەرپابووە.

٧- بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستاندا، حزبی رزگاری یادی نەورۆزی بە ئاشکرا کردەوە، لەهەردوو شاری هەولێر و بەغدا، پێشتر ئەو یادە بە نهێنی

دەکرایەوە. عاصم الحیدری، دەربارەی ئاهەنگی نەورۆزی هەولێر لە ساڵی ١٩٤٦، دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

لە ساڵی ١٩٤٥، بیری نەتەوایەتی لەناو خەڵکیدا پەرەی سەند، لایەنگیرییەکی زۆر لەو کاتەدا بۆ حزبی رزگاری پەیدا بوو، ئەم حزبە باوەری بەوە بوو کە کورد نەتەوەیەو دابەشکردنی وڵاتەکەی دەستکردی ئیمپریالیزمە، لەگەڵ ئەوەی خەباتی ئەم حزبە بە نهێنی بوو، بەڵام گەلێ لە کردەوەکانی ئاشکرا بوو، وەکو ئەوەی بۆ یەکەمین جار لە عێراق توانی ئاهەنگی نەورۆز لە ساڵی ١٩٤٦ لە هەردوو شاری بەغداو هەولێر بە ئاشکرا بگێڕێ.

لەم ئاهەنگەدا، وتاری سیاسی خوێندراوەتەوە بۆ جۆشدانی خەڵك بەرەوخەباتکردن، هەروەها چەندین سروودی نیشتمانی پێشکەش کراوەو خەڵکانێکی زۆر ئامادەی ئاهەنگەکە بوون.

**کێشەو بەرەنگارییەکانی حزبی رزگاری کورد:**

١- بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناو کۆمەڵگای کوردی لە دواکەوتن و لاوازی ئاستی هۆشیاری سیاسی، ئەو حزبەی بەرەو رووی ئەرکێکی سەخت کردەوە.

٢- لەناو ئەم حزبەدا دوو ئاراستەی هزری و سیاسی کاری کردووە، یەکێکیان مارکسی، ئەوی دیکەیان ناسیونالستی دیموکراسی، کە ئاسان نەبووە بەیەك گەیشتنەوەیان لەسەر سیاسەتێکی دیاریکراو بۆ حزب، لە ئاست کێشەو رووداوەکان.

٣- پشت بەستنی حزبی رزگاری بە حزبی شۆرش، لەگەڵ خۆهەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆرش، رزگاری بەرەو رووی بێ هێزی و لاوازی بۆتەوە.

٤- کەم ئەزموونی سیاسی و تێکۆشانی شۆرشگێرانەی سەرکردەکانی حزبی رزگاری.

٥- کەمی و لاوازی پەیوەندییە دەرەکییەکانی، لە ئاکامدا نەبوونی هاوکاری و پشتگیری مادی و سیاسی بۆ ئەم حزبە لەلایەن حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکە، چ لەناو عێراق، یان لەبەشەکانی دیکەی کوردستان.

**د. موکەرەم تالەبانی نووسیووتی:**[١٥٨]

بانگەشە بۆ سازدانی نەتەوایەتی لەنێوان چین و توێژە ناکۆکەکان، ئاستەمە بێتەدی لەباروودۆخێك، ململانێی چینایەتی لە تووبووندا بوو، هەروەها ئەو بۆچوونەی پێی وابوو کە حزبی رزگاری بەرەی نیشتمانی یەکگرتووی پێکهێناوە بۆ کورد، رووداوەکان ئەو راستییەیان سەلماند کەوانییە، تەمەنی رزگاری سالێکی تێپەڕنەکرد، خێرا ناکۆکی وململانێ کەوتە ناو رێکخستنەکانی.

**کۆتایی:**

چەند سەرنجێك دەربارەی لایەنە ئەرێنی و بەهێزەکانی حزبی رزگاری:

أ- لەوردبوونەوەمان بۆ بەرنامەو شێوازی کاری رێکخراوەیی ئەم حزبە، دەگەینە ئەم خالآنەی خوارەوە:

١- دامەزراندنی حزبی رزگاری هەوڵدانێك بوو بۆ قوڵکردنەوەو چەسپاندنی هزری سۆسیالیت لەناو حزبە ناسیونالستە کوردستانیەکان.

٢- بەرنامەی ئەم حزبە، سەرەڕای ئامانجە سیاسییەکانی، بایەخی دابوو بە بواری ئابووری و کۆمەلآیەتی، واتە حزبەکە ناوەرۆکێکی کۆمەلآیەتیشی هەبووە.

٣- لەکاری رێکخراوەییدا، بنەماکانی لینینی پەیڕەو کردووە.

ب- ئەم حزبە لەماوەیەکی کورتی ژیانیدا، بایەخێکی گەورەی داوە بە پەیوەندییە دەرەکییەکان لەگەڵ حزب و هێزە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکان، ئەگەرچی وەك پێویست ئاکامەکانی ئەرێنی نەبووە.

ج- دامەزراندنی حزبێکی ناسیونالستی دیموکراسی، بەرابەرایەتی سەرکردایەتیەك هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیانە بێت، دیاردەیەکی گونجاوە لەگەڵ بڕیارەکانی (کۆمنتێرن) نێو نەتەوەیی سێیەم.
ئەم هەنگاوە لەلایەن کۆمەڵە گەنجێکی کەم ئەزموون لەو سەردەمەدا، هەنگاوێکە دەکرێ بڵێین ژیرانەو بوێرانە بووە، داهێنانێکی نوێ بووە لە ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشووردا.
د- ئامانجەکانی حزبی رزگاری، تەنها چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی باشووری نەدەگرتەوە، بەڵکو ئامانجەکانی هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانی گرتۆتەوەو لەسەر ئاستێکی نەتەوایەتی بوو، بەڵام کوردستانی باشوور مەڵبەندی سەرەکی بووە.

**پێناسەی ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حزبی شۆڕش و رزگاری**

| ز. | ناوی تەواوی | شوێن و مێژووی لەدایك بوونی | ئاستی خوێندەواری | پاشینەی چینایەتی |
|---|---|---|---|---|
| ١- | صالح حیدر حیدری | هەولێر ١٩٢٣ | دەرچووی کۆلیجی ماف | بورژوازی ناوەند |
| ٢- | نافع یونس | هەولێر ١٩٢٦ | دەرچووی کۆلیجی ماف | بورژوازی بچووك |
| ٣- | عەلی عەبدوڵلا | کۆیە ١٩١٤ | دەرچووی کۆلیجی ئەندازیاری | بورژوازی ناوەند |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤- | عبدالکریم تەوفیق | کۆیە ١٩٢٢ | دەرچووی کۆلیجی ئەندازیاری | چینی جوتیاری هەژار |
| ٥- | رشید عەبدولقادر | هەولێر ١٩٢٣ | دەرچووی کۆلیجی ماف | بورژوازی بچووك |
| ٦- | جعفەر محمد کەریم | کوت ١٩١٠ | دەرچووی کۆلیجی پزیشکی | بورژوازی بچووك |
| ٧- | نوری سدیق شاوەیس | سلێمانی ١٩٢٢ | دەرچووی کۆلیجی ئەندازیاری | بورژوازی بچووك |
| ٨- | تاها محیدین مەعروف | سلێمانی ١٩٢٤ | دەرچووی کۆلیجی ماف | بورژوازی ناوەند |
| ٩- | نوری محمد ئەمین | | | |
| ١٠ | رەشید باجەلان | خانەقین ١٩٢٠ | دەرچووی کۆلیجی ماف | بورژوازی ناوەند |

### هـ- کۆمەڵەی هاوار:[١٥٩]

لە ناکامی هەڵوەشاندنەوەی حزبی هیوا، رێگا کراوە بوو بۆ دروست بوونی چەندین رێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی جیاواز. کۆمەڵەی هاوار، یەکێك بوو لەو رێکخراوانە کە لە شاری سلێمانی دامەزرا ئەم رێکخراوە رێکخراوێکی سیاسی نهێنی بوو. دەربارەی ساڵی دامەزراندنی بیروڕای جیاواز هەیە ، چەند کەسانێك وای دەزانن کە لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا بێت، رایەکی دیکەش هەیە

دەڵێ سالی ١٩٤٤ دامەزراوە. لە ئەندامە چالاکەکانی ئەم ڕێکخراوە، هەریەك لە: حەمە رەشید مەلا عەلی سەرکاریز لەگەڵ (رئیس) مستەفا.

کۆمەڵەی هاوار بڵاوکراوەیەکیان هەبوو لەژێر ناوی (پشکۆ)، ئەم بڵاوکراوەیە بەدەستنووس دەنووسراو بەشەو بڵاوکراوەتەوە، هەندێکی بە ڕێگای پۆستەو هەندێکی بەدەست دەخرایە ماڵەکان.

ئەندامانی کۆمەڵەی هاوار دژی بەریتانیا کاریان دەکرد، یەکێك لە چالاکیەکانیان، دراندن و شکاندنی ئەو (سینەما) گەرۆکانە بوو کە بەریتانیاکان لە سلێمانیدا دایانمەزراندبوو، دەیانگێڕا و فیلمی سەرکەوتنەکانی بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیان بەسەر ئەلمانیا نیشانی خەڵك دەدا لەناو شاری سلێمانی.

ئەم ڕێکخراوە لە کۆتایدا خۆیان هەڵوەشاندەوەو چوونە ناو حزبی (تحرر) لە سەرەتای (١٩٤٦).

## پارتی دیموکراتی کوردستان:

### هەنگاوەکان بۆ دامەزراندنی پارتی[١٦٠]:

لەدوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٥دا بەرەو ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەلات، هەروەها لەگەڵ بوژاندنەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی رۆژهەلات، حزبی شۆرش لە کوردستانی باشور بە پێویستی زانی سوود لە تواناکانی (هەمزە عەبدوڵلا)[*] وەربگرێت، بەتایبەتی کە لەچاوپێکەوتنێکدا لە نێوان (خالد بەگداش و کاکە زیاد)داو دوای لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی لە کوردستانی رۆژهەلات، پێشنیاز کرا کە سوود لە (هەمزە عەبدوڵلا) وەربگیرێت.

دیارە پەیوەندی حزبی شۆرشیش لەگەڵ کاکە زیاد زۆر بەتین بووە لە رێگای (عبدالصمد محمد) دێرینکی حزبی شۆرش بوو، ئەوەبوو کاکە زیاد ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ خالد بەگداش بە مەکتەبی سیاسی حزبی شۆرش گەیاند. ئەوانیش پێش نیازەکەی کاکە زیادیان بە پەسەندزانی، پەیوەندییان بە (هەمزە عەبدوڵلا) کرد و لە رێگای کاکە زیادەوە نێردرا بۆ (مەهاباد) بۆ ئەوەی چاوی بەمستەفا بارزانی و لیژنەی ئازادی بکەوێت، هەروەها ئاگادار بوون لە دۆخی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پەیوەندی بە یەکێتی سۆڤیەتەوە.

(هەمزە عەبدوڵلا) لە راپۆرتێکی تایبەتی کە بۆ مەکتەبی سیاسی شۆرشی ناردبوو، لە هەموو روویێکەوە وەزعی ئەو دیوو هێزی پێشمەرگە و بیروڕای مستەفا بارزانی و ئەفسەران و رۆشنبیرەکانی روون کردبۆوە، لە میانەی ئەو بیروڕایانەدا هاتبوو، کە بە پێویست دەزانرێت، زەمینەیەکی باش و دروست ئامادەبکرێت، لەناو هەردوو حزبی شۆرش و حزبی رزگاری و لەناو دڵسۆزان و روناکبیران، بۆ ئەوەی لە هەموو لایەك لە کوردستانی عێراقدا حزبێکی پێشڕەو دروست بکرێت، تاکو بە باشی ئەو حزبە رابەرایەتی و سەرکردایەتی

بزووتنەوەی کوردایەتی راستەقینە بکات، ئەویش بە پێی بەرنامەو پەیڕەوێکی ناوخۆی گونجاو.

هەروەها داواکرابوو کە (عەلی عەبدوڵلا) چاوی بە لێپرسراوی یەکەمی لقی حزبی دیموکراتی کوردستانی – ئێران (لە کوردستانی عێراق)، ابراهیم ئەحمەد بکەوێت، تاوەکو بیروڕای ئەوانیش لەسەر پێویستی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد) وەربگیرێت. بۆ ئەو مەبەستە عەلی عەبدوڵلا چووە سلێمانی و چاوی بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت، تا رادەیەك بیروراکان لەیەك نزیك بوون.

ئیبراهیم ئەحمەد بۆ بڕیاردانی لەسەر ئەم بابەتە، مەرجی پەسندکردنی (قازی محەمەد)* و سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی دانابوو.

لە شاری مەهابادیش دەستەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد (عێراق) پێکهاتبوو، لە[١٦١]: (مستەفا بارزانی، هەمزە عەبدوڵلا، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تاها، لەگەڵ چوار ئەفسەرە شەهیدەکە مستەفا خۆشناو، محمد محمود قودسی، خیرالله عەبدولکریم، عزەت عەبدولعەزیز)، ئەوانە بە پەلە هەنگاوی دامەزراندنی حزبیان هاوێشت، بە ئامادەکردنی بەیان و پرۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی گونجاو، بەپەلە جێبەجێکرا، بۆ ئەوەی لەگەل گەڕانەوەی همزە عەبدوڵلا بۆ کوردستانی باشور لەگەڵ خۆی بیگەیەنێتەجێ.

لەلایەکی دیکەوە، کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکارتی کوردستانی (ئێران) بە گشتی لەگەڵ شەهید (قازی محەمەد) بەباشیان نەزانی کە چالاکی سیاسی سەربە کوردستانی باشوور لە شاری مەهاباد بوروژێت، رەنگە ئەوە ببێتە هۆی وریابونەوەی حکومەتەکانی ئێران و عێراق و تورکیا لەم دۆخە ناسکەو کێشەوفشاریان بۆ دروست ببێت، بۆیە ئەنجومەنی دامەزرێنەری پارتی، بڕیاری وەستاندنی چالاکی سیاسی و رێکخراوەیی خۆیاندا لە مەهاباد، بە باشیان زانی کە هەمزە عەبدوڵلا بگەرێتەوە بۆ کوردستان، لەلایەن ئەو ئەنجومەنەوە

هەمووو دەسەلاتێکی پێدرا لەهەموو رووییکەوە، بۆ ئەوەی لەگەل سەرکردایەتی هەردوو حزبی شۆڕش و رزگاری گفتوگۆ بکەن و هاریکاری بکەن، هەروەها لەگەڵ لقی حزبی دیموکراتی کوردستانی (ئیران) لە سلێمانیدا، بە مەبەستی دامەزراندنی پارتی، لەگەڵ چەند راسپاردەیەکی دیکەی وەك:

١- شێخ لەتیف شێخ مەحمود ببێت بە یاریدەدەری یەکەمی سەرۆکی پارتی.

٢- کاکە زیاد غەفوری، ببێت بە یاریدەدەری دووەمی سەرۆکی پارتی.

٣- بۆ ماوەیەك ئەو پەیڕەو پرۆگرامەی ئامادەکراوە، گۆرانێکی بنچینەیی بەسەردا نەکرێت.

٤- بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق و بەریتانیا هەست بە مەترسی بزووتنەوەی کوردایەتی و دروست بوونی پارتی نەکەن، ناوی نەبردرێت تاوەکو پارتی بە چاکی دەچەسپێت.

هەروەها مستەفا بارزانی، پەیامێکی ئاراستەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا کرد، لەبەشێکیدا هاتووە:[١٦٢]

هەولدەن کۆمەك بکەن بۆ حزبی دیموکراتی خۆتان تاکو بە ئامانجی خۆتان بگەن کە دیموکراتییە بۆ هەموو کوردەکانی عێراق و بۆ گشت برا کوردیٚ دڵسۆزو بەشەرەف و نەجابەت کە لەسەر وەتەنی خۆیان ماونەتەوە... تیٚ کۆشێن و یەکبوون لەسەر نیزامی دیموکراتی راست، خێرا بن تاکو ئامانجی وەرامی خۆتان بگەن کە ئازادی وسەربەستیە، لەشارو دێهاتەکان و لەناو گەلتان و کۆمەڵتان باسی دیموکراسی بلاوبکەنەوەو تێیانبگەیەنن کە هەدەفی بەرزی دیموکراتی ئەوەیە کە زوڵم و غەدر نەمێنیٚ، هەموو بەشەرێك بەسەربەستی و دڵپاکی لەگەڵ یەکدا بژین.

لە کۆتایی بەهاری ١٩٤٦دا، هەمزە عەبدوڵلا گەیشەوە سلێمانی و چاوی بە (ئیبراهیم ئەحمەد)کەوتبوو، داواشی لە مەکتەبی سیاسی حزبی شۆڕش کرد کە نوێنەرێکیان بنێرن بۆلای بۆ روونکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و عەسکەری

لـە كوردسـتانى ئـيران، هـەروەها گفتوگـۆكردن دەربـارەى دامەزرانـدنى پـارتى بەكاتێكى زوو.
(نافيع يونس) بەناوى حزبى شۆرش و رزگارييەوە، چووە سلێمانى و چاوى بە (هـەمزە عەبـدوڵلا)و ئيـبراهيم ئەحمـەد كـەوت، بڕيـارى دوايـى سـەركردايەتى شـۆرش و رزگـارى پـێ راگەيانـدبوون دەربـارەى پەسـەندكردنى دامەزرانـدنى پـارتى، بـە مـەرجێك بڕيـارى هـەردوو سـەركردايەتى بەنـدبن بـە بڕيـارى دواى كۆنگرەى هەردوولايان، چونكە كۆنگرە سەرووى هەموو دەسەڵاتێكە.

## هەڵوێستى حزبى شۆرش:

**صالح حەيدەرى لە ياداشتەكانى خۆى بەم جۆرە هەڵوێستى شۆرش دەخاتە روو:**[١٦٣]

لەسەرەتاى هاوينى ١٩٤٦، سەركردايەتى شۆرش بڕياريدا، كۆنفرانسى حزب ببەسترێت، بۆ لێكۆڵينەوە لەو پێشنيازانەى هەمزە عەبدوڵلا باسى كردوون، بۆ دامەزراندنى پارتى ديموكراتى كوردى (پارتى).
نوێنـەرەكان بـەپێى توانا روويـان لـە شارى بەغدا كـرد، كۆنفرانسەكە لـە مـاڵى ئێمـە (صـالح حەيـدەرى) بەسترا لـە گـەرەكى (ئەعزەميـە)، لـەوانى ئامـادەبوون: نـافيع يـونس، حەميـد عوسمـان، رەشـيد عەبـدولقادر، عـەلى عەبـدوڵلا، عەبدولكەريم تـەوفيق، شـوعە مـەخلوف، جـەمال حەيـدەرى، حەيـدەر عوسمـان، ساجد ئيبراهيم ئەدهـەم، عـەلى عەبدوڵلا (مكتبـە)، بكـۆك عـوزيز، لەگـەڵ چـەند كەسانێكى ديكە ناوەكانيانم لـەبير كـردووە، سـەرەڕاى ئەنـدامانى سـەركردايەتى ئەوانى نيشتەجێى شارى بەغدا بوون.
ئـەو بابەتـەى مەبەسـت بـوو خرايـە روو، ئامـادەبووان لەبـەردەم چـەند ئەگـەرێك بوون:

أ- رازی بوون لەسەر پێشنیازەکانی هەمزە عەبدوڵلا بەو کەم و کورتیانەی هەڵی گرتوون، هەردوو حزبی شۆڕش و رزگاری هەڵوەشێننەوە بێ هیچ مەرجێك و بەشداری لە کۆنگرەی پارتییە نوێیەکە بکەین،/ بە پێی ئەو بنەمایانەی خراونەتە روو.

ب- بە جیاوازی لەگەڵ ئەو بۆچوونە، پارێزگاری رێکخستنی شۆڕش بکەین، وەك رێکخراوێکی شۆڕشگێرانە، هەڵگری بیروباوەری چینی کرێکاری و کارکردن بۆ پەرەپێدانی و بەشداریکردن لە خەباتی چینایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتی، هەروەها بۆچوون وابوو، مانەوەی شۆڕش بە هێزکردنی رزگارییە، ئەگەر رزگاری مایەوە.

لە کاتێکدا هەندێ بیروڕای دیکە وایان سەلماند، کە پارتیە نوێیەکە هەر دادەمەزرێ، بۆیە هێشتنەوەی شۆڕش و رزگاری دەبێتە هۆی دووبەرەکی و هەندێ لەرزگاری و شۆڕش بچنە ناو حزبە نوێیەکە، ئەوەش دەبێتە هۆی لاوازکردنیان، بۆیە واباشترە بە دەنگ بانگەشەی ئەو پارتەنوێیە بچین و هەردوو حزبی شۆڕش و رزگاری هەڵوەشێنینەوە.

بەم جۆرە لەبەردەم چەند راستیەك بووین، دەبوایە مامەڵەی لەگەڵ بکەین و دوا بڕیاری لەسەر بدەین، بۆیە زۆرینەی نوێنەران بڕیاریاندا کە حزبی شۆڕش هەڵوەشێنەوەو پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقیەوە بکەین.

بەڵام عەلی عەبدوڵلا، بەم جۆرە دوابڕیاری کۆنفرانسی حزبی شۆڕش دەخاتە روو[١٦٤]. لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە گەرمانەو ئەو دوو رەوتەی ناو کۆنفراس، شەهید (نافیع یونس) و بەشی زۆری نوێنەرانی رێکخراوەکانی هەولێرو شەقڵاوەو رەواندوز، پشتگیری کردنی چوونە ریزی پارتیان کرد، هەروەها لە ئەنجامی دەنگدان، (صالح حەیدەری، حەمید عوسمان، جەمال جەیدەری) لەگەڵ هەندێ نوێنەرانی هەولێرو شەقڵاوە بە پەسندیان زانی بچنە ریزی حزبی شیوعی عێراق. بەشی زۆری نوێنەرانی کۆنفرانس بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی

دوایی حزبی شۆڕشیاندا، نافیع یونس و چەند نوێنەرێکی هەولێرو شەقلاوەو ڕواندوز، دوو دڵ بوون و بە بیانووی ئەوەی کە ناتوانن لەناوچەکانیاندا ئیش بکەن لەبەر هێزو توانای ئەوانی دەچنە ڕیزی حزبی شیوعییەوە. بۆیە بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی مەبدەئی پیشان بدەن کەوتنە دوای تاقمەکەی صالح حەیدەری.

**بەستنی کۆنگرەی حزبی رزگاری کورد:**

لە هەفتەی دووەمی ئابی ١٩٤٦، کۆنگرەی (حزبی رزگاری کورد) بەسترا، لە ئەندامانی سەرکردایەتی[١٦٥] تەنها (صالح حەیدەری و نافیع یونس) ئامادەنەبوون، بەڵام نوێنەرانی هەموو رێکخراوەکان لەسەرانسەری کوردستان ئامادەی کۆنگرە بوون، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد)و هەلوەشاندنەوەی خۆیان.

هەموو بەشدار بووەکان لە کۆنگرە، بڕیاریاندا کە حزبی رزگاری هەڵوەشێننەوەو بچنە ریزی پارتی، لەگەل پەسەندکردنی راسپاردەکانی کە هەمزە عەبدوڵلا گەیاندبووی.

**بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد (یەکەم کۆنگرە):**

دوای ئەو هەنگاوانە، نوێنەرانی کۆنگرەی یەکەمی (پارتی دیموکراتی کورد- عێراق) لە رۆژی[١٦٦] ١٦/ئابی/ ١٩٤٦ لە بەغدا کۆبوونەوە. ئامادەبووان بریتی بوون لە بەشێ لەبەشداربووەکانی کۆنفرانسی حزبی شۆڕش، لەگەڵ بەشداربووەکانی کۆنگرەی حزبی رزگاری، هەروەها هەریەك لە:

١- هەمزە عەبدوڵلا، باوەڕپێکراوی سەرۆك مستەفا بارزانی و نوێنەری ئەنجومەنی دامەزرێنەر لە شاری مەهاباد.

٢- ئیبراهیم ئەحمەد، بەرپرسی لقی پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران- لە سلێمانی، ئامادەبوونی تەنها وەك چاودێر بوو.

٣- مەحمود ئەحمەد، نوێنەری شێخ لەتیف ی شێخ مەحمود.

٤- کاکە زیاد ئاغا غەفوری.

٥- لە ئەندامە ئامادەبووەکانی کۆنگرە، هەریەك لە:

عەلی عەبدوڵلا، عەبدولکەریم تەوفیق، جەعفەر محەمەد کەریم، رەشید عەبدولقادر، صالح یوسفی، نوری ئەحمەد تاها، میرحاج ئەحمەد، عەبدولسەمەد محەمەد، عەلی حەمیدی، صدیق ئەتروشی، تاها محێدین مەعروف، عەونی یوسف، رەشید باجەلان، مەلا حەکیم خانەقینی، محەمەد ئەمین مەعروف.

دەربارەی ژمارەی ئامادەبووان لە ماڵی (سەعید فەهیم) لە شاری بەغدا، بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێ دەڵێن ژمارەیان(٣٢) کەس بووە، هەندێکی دیکە دەڵێن (٧٠) کەس بووە، بەڵام زیاتر بۆچوونی یەکەم، کە ژمارەکە (٣٢) کەس بووە پەسنددەکرێت. بەرنامەی کاری کۆنگرە خرایە روو، گفتوگۆی زۆریان لەسەر کرا، بەڵام کێشەیەکی دیکەش گفتوگۆی زۆری لەسەرکرا، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی لقی پارتی دیموکراتی کوردستانی - ئێران-ە لە سلێمانی ئەگەر چی هەوڵ زۆردرا لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد، بەڵام ئەو لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور بوو، کە چاوەڕوانی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حزب و خوالێخۆشبوو قازی محەمەد دەکات، بێ ئەو بڕیارە هیچ هەڵوێستی نانوێنێ.

دواتر، بڕیاری لەسەر پەیڕەو پرۆگرام درا بە دەسکارییەکی کەمەوە، دوای ئەوە کۆنگرە دەستی کرد بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، کە بەم شێوەی خوارەوە بوو ئەنجامەکانی:

١- مستەفا بارزانی- سەرۆك

٢- شێخ لەتیف شێخ مەحمود - جێگری یەکەم

٣- کاکە زیاد - جێگری دووەم

٤- هەمزە عەبدوڵلا ٥- میرحاج ئەحمەد ٦- د. جەعفەر محەمەد کەریم،
٧- عەلی عەبدوڵلا ٨- صالح یوسفی ٩- عەبدولکەریم توفیق ١٠- رەشید عەبدولقادر ١١- رەشید باجەلان ١٢- مەلا حەکیم خانەقینی ١٣- عەونی یوسف ١٤- تاها محیدین مەعروف ١٥- عەبدولصەمەد محمد (یەدەگ)

پاش ئەوە، کۆمیتەی ناوەندی، دەستی کرد بە هەلبژاردنی سکرتێری پارتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، کە ئەنجامەکانی بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١- هەمزە عەبدوڵلا - سکرتێر

٢- ئەندامان: د. جەعفەر محەمەد کەریم، عەلی عەبدوڵلا، عەبدولکەریم توفیق، رەشید عەبدولقادر.

**مەکتەبی سیاسی پارتی لەیەکەم کۆبوونەوەی بڕیاریدا:**

١- بارەگای مەکتەبی سیاسی لە شاری بەغدا بێت.

٢- کەل و پەل و چاپەمەنیەکانی حزبی شۆرش و حزبی رزگاری، کە بە بڕیاری خۆیان درابوونە پارتی، وەرگیران و کەوتنە دەرکردنی رۆژنامەی (رزگاری) زمانحالی پارتی.

٣- کاروباری رێکخستنی ئۆرگانەکانی بەم شێوەی خوارەوە بڕیاری لەسەر درا:

ا- لیژنەی رێکخستنی بادینان، بارەگاکەی لە شاری موصل بێت، ئەندامانی بریتی بوون لە:

١- صالح یوسفی: بەرپرسی یەکەم

٢- ئەندامان: تەها مستەفا بامەرنی، صبغە الله ئەمین مزوری، کاکە ئەمین رەمەزان، موحسن ئاکرەیی.

ب- لیژنەی رێکخستنی هەولێر رەشید عەبدولقادر، عەلی عەبدوڵلا، عەونی یوسف.

ج- لیژنەی رێکخستنی سلێمانی، نوری محەمەد ئەمین، تاها محیدین مەعروف، نوری کاوەیس، عبدالصمد محمد.

د- لیژنەی رێکخستنی خانەقین، مەلا حەکیم خانەقینی، رەشید باجەلان.

ئەگەر لە پێکهاتەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی وورد بینەوە، دەردەکەوێ لەسێ ئاراستەی سیاسی فیکری جیاواز پێکهاتوون:

١- ئاراستەی یەکەم، پێکهاتووە لە چەند کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی عەشایەری، وەك بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی شێخ لەتیف مەحمودی حەفیدو کاکە زیادی غەفوری لە کۆیە. ئەو بنەماڵانە لە مێژووی خەباتی نیشتمانی و نەتەوایەتی کورد رۆڵی گەورەو کاریگەریان گێڕاوە، بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

٢- ئاراستەی دووەم: کۆمەڵە کەسانێك لە روناکبیرانی هەڵگری بیروباوەڕی دیموکراسی ناسیونالستی، وەك: صالح یوسفی، تاها محیدین مەعروف، رەشید باجەلان، میرحاج ئەحمەد، مەلا حەکیم خانەقینی.

٣- ئاراستەی سێیەم: کۆمەڵە رۆناکبیرێك، هەڵگری بیروباوەری مارکسی و سۆسیالیستی، زۆربەیان پێشتر پەیوەندیان بە حزبی شۆرشەوە هەبووە، وەك: هەمزە عەبدوڵلا، عەلی عەبدوڵلا، رەشید عەبدولقادر، عەونی یوسف، عەبدولکەریم توفیق، عبدالصمد محمد، د. جعفر محمد کریم دیارە داواکارییەکانی مستەفا بارزانی و لیژنەی ئازادی، بۆ هەردوو حزبی شۆرش و رزگاری، بە مەبەستی دامەزراندنی پارتی، چەند ئامانجێکیان هەبووە:

أ- بوونی سەرکردایەتیەك، جۆرێك لە هاوپەیمانیەتی عەشایری پێك بێنێ، وەك ئەوەی دەبینین لەنێوان ئەو سێ بنەماڵەی سەرەوە، بۆ ئەوەی کاریگەری بەسەر تیرەو عەشیرەتەکوردەکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان هەبێت، بە تایبەتی لەو سەردەمە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگای کوردستان، چینی جوتیارانی سەربە عەشیرەتەکان زاڵبوون.

ب- تـوانراوە لـەو پێکهاتەیـەی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی، هـەردوو رەوتـی ناسیونالـستی و سۆسیالـستی کۆبکرێنـەوە، بەمەبەسـتی کۆکردنـەوەی هـەموو تواناکان بۆ بەرژەوەندی بزاڤە نەتەوایەتیەکە.

ئەگەرچـی ئـەم پێکهاتەیـە خـۆی لەخۆیـدا، هـەڵگری هۆکارەکـانی ململانـێ و ناکۆکی چینایەتی دەبێت، هەروەکو دواتر روویدا.

**پێناسەیەک بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد**

| ز. | ناوی تەواو | سـاڵ و شـوێنی لـە دایک بوون | ئاسـتی خوێندەواری | پاشـینەی چینایەتی |
|---|---|---|---|---|
| -١ | مستەفا شێخ محمد شێخ عبدالسلام بارزانی | ١٩٠٣ – بارزان | ئـاینی + پـەیمانگای حزبی | خێلەکی ئاینی |
| -٢ | شێخ لەتیف شێخ مەحمود | -١٩١٧ سلێمانی | ئایینی | خێڵـەکی مولکایەتی |
| -٣ | کاکە زیاد حەمە ئاغا | ١٩١٤ کۆیە | سەرەتایی | دەرەبەگایەتی |
| -٤ | هەمزە عەبدوڵلا | ١٩١٥ مەرگەوەر | کۆلیـژی ماف | بۆرژوازی بچوک |
| -٥ | عەلی عەبدوڵلا | ١٩١٤ کۆیە | کۆلیـژی ئەندازیاری | بۆرژوازی ناوەند |
| -٦ | میرحاج ئەحمەد | ١٩١١ ئاکرێ | کۆلیـژی سەربازی | بۆرژوازی بچووک |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| -٧ | د. جەعفەر محمد کەریم | ١٩١٠ کوت | کۆلیژی پزیشکی | بۆرژوازی بچووک |
| -٨ | صالح عبدالله یوسفی | ١٩١٨ دهۆك | کۆلیژی یاسا | بۆرژوازی بچووک |
| -٩ | عبدالکریم تەوفیق | -١٩٢٢ کۆیە | کۆلیژی ماف | جوتیاری |
| -١٠ | رەشید عەبدولقادر | -١٩٢٣ هەولێر | کۆلیژی ماف | بۆرژوازی بچووک |
| -١١ | مەلا حەکیم خانەقینی | -١٨٩٢ هەورامان | ئاینی | بۆرژوازی بچووک |
| -١٢ | عەونی یوسف | -١٩٠٨ هەولێر | کۆلیژی ماف | بۆرژوازی بچووک |
| -١٣ | تاها محیدین مەعروف | -١٩٢٤ سلێمانی | کۆلیژی ماف | بۆرژوازی ناوەند |
| -١٤ | رشید اسماعیل باجەلان | -١٩٢٠ خانەقین | کۆلیژی ماف | بۆرژوازی ناوەند |
| -١٥ | عبدالصمد محمد | | | |

**ئایدۆلۆژیای پارتی:**

پارتی رێکخراوێکی سیاسی ناسیونالیزمی پێشکەوتنخوازە، ئەوانی بەشداریان کرد لە دامەزراندنی، کۆمەڵە کەسانێکی بیروباوەڕی جیاواز بوون، خەباتی نیشتمانی نەتەوایەتی کۆیانی کردۆتەوە. پارتی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە (١٣) کۆنگرەی گشتی بەستووە، لەماوەی ئەو کۆنگرانەدا

چەندین جار لەبەرنامە سیاسیەکەی، گۆڕان بەسەر ئایدۆلۆژیاکەی هاتووە، هەروەك تێبینی دەکرێ لە کۆنگرەی (٣) ساڵی ١٩٥٣، تیۆری (مارکسی – لینینی) لەبەرنامەکەی چەسپاوە، بەلاّم لە کۆنگرەی چوارەمدا گۆڕا، جارێکی دیکە لە کۆنگرەی نوێ ساڵی ١٩٧٩، تیۆری (مارکسی – لینینی) لەبەرنامەکەی دیاریکرا، بەلاّم دواتر لە کۆنگرەی (١٠) گۆڕانی بەسەرداهات. پارتی، لەسەرەتای دامەزراندنی، ئامانجەکانی لەم چەند خاڵەی خوارەوە دیاریکردووە:[١٦٧]

ا– لە رووی سیاسیەوە:

رزگاربوون لە ئیمپریالیزم و نەخشەو پیلانە دارێژراوەکانی، لە رێگەی دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی یەکگرتوو کە مافەکانی کورد لە کوردستانی عێراقدا دەستەبەر بکات. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی عێراقێکی سەربەخۆ، کە دەسەلاّت بەدەستی نوێنەرە راستەقینەکانی گەل بێت.

ب– لە رووی ئابورییەوە:

خۆماڵی کردنی سامانە نیشتمانیەکان و بە پیشەسازی کردنی وڵات و بوژاندنەوەی ئابووری لە رێگای چەسپاندنی بازرگانی ناوخۆو دامەزراندنی کۆمپانیاکان و بانکێکی ناوەندی.

ج– لە رووی کۆمەلاّیەتیەوە:

دابین کردنی ماف کرێکاران و دامەزراندنی سەندیکاکان، کە یەکسانی کۆمەلاّیەتی پەیرەو بکات.

د– لە رووی خوێندن و فێرکردنەوە:

هەولبدرێت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و سیستمی بەزۆر فێرکردن و خوێندن پەیرەو بکرێت. هەروەها کردنەوەی قوتابخانەکانی ئامادەیی و پیشەیی و پێگەیاندنی رۆڵەکانی گەل.

پارتی بە درێژایی کۆنگرەکانی پەرەی بە ئامانجەکانی داوە، زۆر بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و پەیوەندیەکانی گرتۆتەوە.
پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی (١٣)ی ساڵی (٢٠١٠) [١٦٨] بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی پارتی دەکات:
پارتێکی دیموکراتی نیشتمانییە، بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانی تاك و مافی نەتەوەیی کوردو نەتەوەکانی تر هەیە لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا. لە پێناو بەدیهێنانیاندا بە پێی پرۆگرام گەلێکی زانستی و بەرێگەی دیموکراسییانەو ئاشتیانەی سەرچاوە گرتووە لە ئەزموونەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی مێژوویی نەتەوەی کورد و کەلەپوری نیشتمانی و خەباتگێڕانەی بارزانی نەمرو تێ دەکۆشێت و سوودیش لە ئەزموونی گەلان وەردەگرێت کە لەگەڵ واقعی کوردستان دەگونجێن.

**ئەگەر ئەو پێناسەیە شی بکەینەوە، ئەم لایەنانەی لێدەردەکەوێت، پارتی بڕوای بەم لایەنانەی خوارەوە هەتیە:**

أ- مافەکانی مرۆڤ.
ب- دادپەروەری کۆمەڵایەتی.
ج- ئازادییەکانی تاك.
د- مافی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە، لەبڕیاردانی لەسەر چارەنووس.

ئەو تیۆری و رێبازە سیاسی و هزرییەی لە چوارچێوەیدا کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بە شێوازی دیموکراسی و ئاشتیانە، بریتیە لە:

١- بەرنامە گەلێکی زانستی.
٢- ئەزموونەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی مێژوویی نەتەوەی کورد، لەگەڵ کەلەپوری نیشتمانی وخەباتگێڕانی بارزانی نەمر.

٣- سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی گەلان.
ئەوەی لەمیانەی ئەو پێناسەیە جێگای سەرنجدانە، ئاماژەیەکی ئەم وەژاوی هەیە بۆ تێکەلکردنی نێوان تیۆری زانستی لەگەڵ ئەزموونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و خەباتی بارزانی نەمر.

**هەیکەلی رێکخراوەیی پارتی:**

پرەنسیپەکانی رێکخستنی پارتی و دارشتنی هەیکەلی رێکخراوەییەکەی کاریگەرییەکی زۆر ئاشکرای هزری مارکسی بەسەرەوەیە، بە هۆی تەوژمی هزری مارکسی لە سالأنی چلەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکە.
شێوەی رێکخستنی پارتی، وەك حزبە نوێیەکانی جیهان (هەرەمیە)، پێکدێت لەسەر کردەو بنکە، سەرەرای گوێرایەلی ورێنمایی و رێکخستنی توند.
پەیرەوی ناوخۆی پارتی لەسەر بنەمای ناوەندێتی دیموکراسی دارێژراوە، کە بنەمایەکی لینینییە لەلایەن حزبە مارکسیەکان پەیرەو دەکرێت، ئەم بنەمایە ئەم خالأنە دەگرێتە خۆی:

١- پشت بەستن بە بنەمای دەنگدانی نهێنی لە هەلبژاردنی ئۆرگانەکانی.
٢- ملکەچی ئەنجومەنەکانی خوارەوە بۆ بریاری ئەنجومەنەکانی سەرەوەتر.
٣- قبولکردنی کەمایەتی بۆ بیروڕای زۆرینە.
٤- پەیرەوکردنی بنەمای رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن.
٥- ئۆرگانەکانی خوارەوە چالاکیەکانیان دەخەنە بەرچاو ئۆرگانەکانی سەرەوە.

**پێکهاتەی رێکخراوەی پارتی، لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەم شێوەیە دارێژرابوو:**
شانە، شانەی سەرەکی، رێکخراو، لیژنەی ناوچە، لق، کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفرانس، کۆنگرە. بەلأم لە کۆنگرەی (١٣) پارتی، چەند گۆرانکارییەك بەسەر ئەو پێکهاتەیەی روویداوە:[١٦٩]




**هەیکەلی ڕێکخراوەیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی (١٣) گشتی**

**کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی دامەزراندنیدا لە ساڵی (١٩٤٦) تا ساڵی (٢٠١٣) کە دەکاتە (٦٧) ساڵ، ژمارەی (١٣) کۆنگرەی گشتی بەستووە. ئەمە جگە لە کۆنگرەی دامەزرێنەر کە لە مانگی شوباتی ١٩٤٦ سازدراوە لە شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و بە ئامادەبوونی ئەندامانی لیژنەی ئازادی و هەمزە عەبدوڵلا.[170]

واتە تێکرای هەر (٥) ساڵ جارێك پارتی کۆنگرەیەکی بەستووە، بێ گومان ئەوەش دیاردەیەکی ئەرێنییە لە ژیانی پارتی، ئەگەر ئەو بارودۆخە دژوار و نالەبارەی پارتی پێیدا تێپەڕ بووە، لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

کۆنگرەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بووە:

**١- کۆنگرەی یەکەم:**

لە ڕۆژی ١٦/ ئابی/١٩٤٦ لە شاری بەغدا، لە ماڵی (سەعید فەهیم) بەستراوە. پێشتر باسمانکردو[171] ئامارەمان بۆ ئەنجامەکانی کردووە.

**٢- کۆنگرەی دووەم:**

لە ئازاری (١٩٥١) لە شاری بەغدا و لە ماڵی (عەلی حەمدی) بەستراوە، نزیکەی (٣٠) نوێنەرێك ئامادەی بوون، کە بریتی بوون لەنوێنەری لقەکانی سلێمانی و هەولێرو بەغدا. لەم کۆنگرەیە بڕیاردرا، بەرپرسیاریەتی ئەدرێتە سکرتێرو ئەندامانی پێشووی سەرکردایەتی، هەروەها بڕیاردرا بە پێکهێنانی لیژنەیەك لە (٦) ئەندام بریتی بوون لە:

ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، جەلیل هۆشیار، عومەر مستەفا (دەبابە)، حەمەد ئەمین مستەفا، بەکر ئیسماعیل، ئەرکی ئەم لیژنەیە بەڕێوەبردنی کاروباری حزب تا کۆنگرەی داهاتوو. بە پێی ئەم بڕیارە، ئەرکی لیژنەکە چاوخشاندنەوە بوو بە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی پارتی، لە ڕێگای ڕاوێژکردن لەگەڵ سکرتێرو کۆمیتەی ناوەندی پێشو، هەروەها ئامادەکردنی زەمینە بۆ

بەستنی کرنگرەی داهاتوو، بەلاّم وا دەردەکەوێ کە ئەم لیژنەیە لەسەر ئاستی پێویست نەبوو.
لەلایەکی دیکەوە (هەمزە عەبدوڵلا) کە سکرتێری پارتی بوو بە بڕیاری کۆنگرەی یەکەم، رازی نەبوو بە بڕیاری کۆنگرەی دووەم و هەڵبژاردنی ئەم لیژنەیە، هەر لەو ماوەیەدا ناوبراو لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی رژێم دەسگیرکرا، بەلاّم لە کاتی دادگایی کردنی بە ئاسانی دەربازی بوو، ئەم دیاردەیەش بووە جێگای گومان پەیدا کردن، گەڕایەوە شاری سلێمانی، هەندێ سەرچاوەش دەڵێن، کاتێ رەوانەی شاری زاخۆ کراوە بۆ دوورخستنەوەی لەعێراق، ناوبارو توانیویەتی دەربازی بێت.
(هەمزە عەبدوڵلا) دوای گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی، دەستی کرد بە پەیوەندیکردن بە چەند کادیرو ئەندامێکی پارتی، وەك (موحەرەم محەمەد ئەمین، شەهاب شێخ نوری، حەمەکەریم فەتحوللا، بابا تاهیر شێخ جەلال) و چەند کەسانێکی دیکە و رێکخستنێکیان پێکهێنا لە ژێر ناوی (باڵی پێشکەوتن لە پارتی دیموکراتی کورد)

### ٣- کۆنگرەی سێیەم:

هەروەك پێشتر باس کرا، کۆنگرەی دووەمی پارتی لیژنەیەکی هەڵبژارد بۆ بەرێوەبردنی کاروباری پارتی تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم. بەلاّم هەلسوکەوتەکانی (هەمزە عەبدوڵلا) ئەو لیژنەیەی ناچار کرد لە هاوینی ١٩٥١ بڕیاری هەڵپەساردنی دەربکات. لەلایەکی دیکەوە کارەکانی همزە عەبدوڵلا پارتی بەرەو دووبەرەکی دەبرد، بۆیە لەسەر داوای زۆربەی رێکخراو و کادیران بڕیار کرا لە ٢٦، کانونی دووەمی ١٩٥٣ کۆنگرەی سێیەم ببەسترێت لە بارودۆخێکی ئاڵۆزو پڕ مەترسی لەمێژووی دیاریکراوە لە شاری کەرکوك، پارتی سێیەم کۆنگرەی گشتی بەست بە ئامادەبوونی نزیکەی (٣٥-٤٠) نوێنەری رێکخراوەکان.

دوای گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی گشتی، کۆنگرە گەیشتە ئەم بڕیارانە:

١- پەیرەوکردنی تیۆری (مارکسی- لینینی) وەك ئایدۆلۆژیایەك بۆ پارتی و تۆمار کردنی لە پرۆگرامی پارتی.

٢- گۆڕینی ناوی پارتی بۆ: پارتی دیموکراتی کوردستان.

٣- گۆڕینی ناوی رۆژنامەی پارتی، لەرزگارییەوە بۆ خەبات.

٤- دامەزراندنی رێکخراوە جەماوەرییەکانی وەك: لاوان، قوتابیان، ئافرەتان.

٥- دەرکردنی (هەمزە عەبدوڵلا) لە ریزی پارتی.

٦- قبولنەکردنی (عەونی یوسف) لە کۆنگرە.

٧- هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، بەم شێوەی خوارەوە.

١- مستەفا بارزانی - سەرۆکی پارتی

٢- ئیبراهیم ئەحمەد - سکرتێر

٣- میرحاج ئەحمەد

٤- جەعفەر محەمەد کەریم

٥- نوری شاوەیس

٦- عەلی عەبدوڵلا

٧- نوری ئەحمەد تاها

٨- جەلال تالەبانی

٩- عومەر مستەفا (دەبابە)

١٠- عەلی حەمدی

١١- رەشید عبدولقادر

١٢- حەمەد ئەمین مەعروف

١٣- جەلیل هۆشیار

## ٤- کۆنگرەی چوارەم:

لە ماوەی ٤-٧/ تشرینی یەکەمی/ ١٩٥٩ لە شاری بەغدا بەسترا، لەماڵی کاکە زیادی غەفوری بە ئامادەبوونی سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی، دیارە ئەمەش یەکەم کۆنگرەیە کە سەرۆك تیایدا ئامادە دەبێت.

### لە گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرە:

١- دەرکردنی چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی، وەك:
هەمزە عەبدوڵلا، حەمید عوسمان، صالح حەیدەری، نەژاد ئەحمەد عزیز، خەسرەو تەوفیق، حمە کەریم فەتحوللا، صالح روشدی... چەند کادیرو ئەندامێکی دیکە.
٢- دووبارە هەموارکردنەوەی ناوی پارتی بۆ: پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق.
٣- گۆڕینی بەندێکی پەیرەوی ناوخۆ کە باس لە تیۆری مارکسی- لینینی دەکات، بۆ: پارتی سوود لە هەموو بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخواز وەردەگرێت.
٤- دەستەی چاودێری وپشکنین هەلبژێردرا لە: شمس الدین موفتی، حبیب محمد کریم، علی عەسکەری، یەدوڵلاّ کەریم، زکیە اسماعیل حەقی.

## ٥- کۆنگرەی پێنجەم:

ئەم کۆنگرەیە لە مانگی ئایاری /١٩٦٠ بەسترا، لەو ماوەیەدا هیچ گۆڕانێك رووینەداوە لە ژیانی ناوخۆی پارتی، تەنها وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی فەرمی نەبێت، کە حکومەتی عبدالکریم قاسم رەزامەندی لەسەر دەربڕی بەپێی یاسای کۆمەڵەکان. بۆیە بەستنی کۆنگرە تەنها کارێکی رەسمی بوو بە پێی یاسای دیاریکراو. دیارە ئەمەش یەکەم کۆنگرەیە پارتی بە ئاشکرا دەیبەستێ.

## ٦- كۆنگرەی شەشەم:١٧٢

ئەم كۆنگرەیە لە رۆژی ١/تەموزی/ ١٩٦٤ بەسترا، لە دۆخێكی دژوارو پركێشە بۆ پارتی، بە هۆی رووداني ململانێ و ناكۆكی توند لە نێوان مەكتەبی سیاسی و سەرۆك بارزانی.

ئەگەرچی هەولێكی زۆردرا بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەو ململانێیانە و یەكلاكردنەوەی دۆخەكە، بەڵام لە ئاكامدا دووبەرەكیە هەر روویدا.

لەم كۆنگرەیە چەند بڕیارێك درا، لەوانە:

ا- دەركردنی ئەم ناوانەی خوارەوە لە ریزی پارتی:

ئیبراهیم ئەحمەد، نوری صدیق شاوەیس، عومەر مستەفا، سەید عەزیز شەمزینی، جەلال تالەبانی، عەلی حەمدی، عبدالرحمان زەبیحی، عەلی عەسكەری، ئەحمەد عەبدوڵڵا، حلمی عەلی شریف، محەمەد حاج تاهیر، مەلا عبدوڵڵا ئیسماعیل، نوری ئەحمەد تاها، عەلی عەبدوڵڵا).

**ب- كۆمیتەی ناوەندی پارتی لەم ناواخەی خوارەوە هەلبژێردرا:**

١- مستەفا بارزانی: سەرۆك

٢- حەبیب محەمەد كەریم: سكرتێر

٣- د. مەحمود عوسمان، د. فوٸاد جەلال، هاشم حەسەن عەقراوی، رەمەزان عەقراوی عەزیز عەقراوی، ئیسماعیل مەلا عزیز، ئیسماعیل عارف، فاتح محەمەد، صالح یوسفی، نوعمان عیسی، عەلی سنجاری، عومەر شەریف.

## ٧- كۆنگرەی حەوتەم:

كۆنگرە لە ١٥/ تشرینی یەكەمی/ ١٩٦٦ بەسترا، لە شارۆچكەی گەڵاڵە، كۆنگرە پێنج رۆژی خایاند، ژمارەی (٢٤٥) نوێنەری لق و ناوچەكانی تیادا ئامادەبوون، بڕیارەكانی زیاتر لایەنی كارگێڕی و خزمەتگوزاری و تەندروستی وفێربوونی دەگرتەوە، بۆ ناوچە رزگار كراوەكانی كوردستان، هەروەها بڕیاردرا

لەسەرکردنەوەی خولی راهێنان بۆ کادیرانی پارتی. لەو کۆنگرەیەدا بریاردرا هەردوو ئەندامی سەرکردایەتی پێشو (نوری صدیق شاوەیس، عەلی عەبدوڵلا) کە گەراونەتەوە بۆ لای پارتی و ریزی باڵی مەکتەبی سیاسیان بەجێهێشت بە ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی قبولْ بکرێنەوە، هەروەها لە کۆمیتەی ناوەندی نوێی هەلبژێراو، محمد محمود عبدالرحمن (سامی) بە ئەندامی سەرکردایەتی هەلبژێردرا.

### ٨- کۆنگرەی هەشتەم:

ئەم کۆنگرەیە لە سەرەتای مانگی تەموزی ١٩٧٠ بەسترا، لە شارۆچکەی چۆمان، گرنگی کۆنگرە لەوەدایە، کە دوای رێککەوتنی ١١/ ئازاری/ ١٩٧٠بەسترا، هەروەها دوای گۆرانە گرنگە ناوخۆییەکانی عێراق، بە هاتنی دەستەکەی (صدام حسین) بۆ سەر دەسەلآت، لەگەڵ گەرانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن بۆ ناو پارتی.

### ٩- کۆنگرەی نۆیەم:

لە ئاکامی راگەیاندنی رێککەوتنی جەزائیرلە ٦/ئازاری/ ١٩٧٥ لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران، کە بوو بە هۆی کۆتایی هاتن بە خەباتی چەکداری لە کوردستانی باشوردا، رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، تووشی هەلوەشاندنەوە هات، بەشی زۆری ئۆرگانەکانی لەیەك دابرانو کادیرو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی روویان لە ئێران و ئەوروپا کرد، بەشێکیانیش گەرانەوە بۆ ناو عێراق، ئەم بارودۆخە درێژەی کێشا نزیکەی ساڵێك، تا لە بەهاری ١٩٧٦ بە هەوڵ و کۆششی هەردوو سەرکردە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی توانرا لە ئەوروپا سەرکردایەتیەکی کاتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان پێکبێت لەم ناوانەی خوارەوە:[١٧٣]

١- مەسعود بارزانی

٢- ئیدریس بارزانی

٣- عەلی عەبدوڵلا

٤- نوری صدیق شاویس

٥- محمد محمود عبدالرحمن (سامی)

٦- جەوهەر نامیق

٧- د. کەمال کەرکوکی

٨- د. جەعفەر مەجید

٩- دلشاد میران

١٠- محمد رەزا

١١- عارف تەیفور

١٢-وریا سەعاتچی

١٣-ئازاد خەفاف

لە ڕێگای ئەو ئەنجومەنە کاتیەوە، هەوڵدرا پەیوەندییەکان لەگەڵ بەشی زۆری سەرکردەو کادیرو ئەندامانی پارتی دروست بکرێت بۆ ڕێکخستنەوە، ئەم کۆمیتەیە درێژەی بەکارەکانیدا تا بەستانی کۆنگرەی نۆیەم.
لە ڕۆژانی (٤-١٠/ تشرینی دووەمی /١٩٧٩ کۆنگرەی گشتی نۆیەمی پارتی دیموکراتی[١٧٤] کوردستان بەسترا، لە ئۆردوگای زێوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران).
دەکرێ بووتری کە ئەم کۆنگرەیە، لە کۆنگرە گرینگەکانی پارتی بێت، گرنگی کۆنگرەکە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە دوای شکستیە گەورەکەی شۆڕشی ئەیلول بووە، هەروەها کۆچی دوایی سەرکردەی حزب و شۆڕش مستەفا بارزانی.

دیاره باروذۆخێکی لەو جۆره چەندین کێشەو ململانێ و بارئالۆزی دروست دەکات. ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەی خۆرێکخستنەوەو درێژەدان بووە بە خەباتی چەکداری. گرینگترین بەرنامەکانی کۆنگره هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو، کە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١- مەسعود بارزانی: سەرۆکی پارتی

٢- عەلی عەبدوڵلا: سکرتێر

٣- ئیدریس بارزانی

٤- نوری صدیق شاوەیس

٥- فازل میرانی

٦- فەلەکەدین کاکەیی

٧-رەشید عارف

٨- محەمەد مەلا قادر

٩- خورشید شێره

١٠-د. جەرجیس حەسەن

١١- د. رۆژ نوری شاوەیس

١٢- عەبدوڵلا صدیق

١٣- (ملازم) علی

١٤- (ملازم) یونس رۆژبەیانی

١٥- (ملازم) هەجەر سندی

١٦- حەمید بەرواری

١٧- د. محمد صالح جومعە

١٨- ئازاد بەرواری

١٩- نجم الدین یوسفی

٢٠-هۆشیار زێباری

٢١- محمد سەعید دۆسکی

٢٢- د. سعید ئەحمەد بارزانی

## ١٠- کۆنگرەی دەیەم:

لە رۆژانی (١٠-١٢) کانونی یەکەمی ١٩٨٩ بەسترا لە شاری مەرگەوەری کوردستانی رۆژهەلات. بەستنی ئەم کۆنگرەیە دوای دە ساڵ بەسەر کۆنگرەی نۆیەمدا دێت، لەو ماوەیەدا چەند گۆرانکاری گەورە لە ژیانی پارتی روویداوە، وەك:

١- پەرەسەندنی گەورە لە خەباتی چەکداری

٢- کۆچی دوایی سەرکردە ئیدریس بارزانی

٣- جیابوونەوەی بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی، وەك: نوری صدیق شاوەیس، سامی عەبدولرەحمان، عارف تەیفور، لەگەڵ ژمارەیەك کادیری پێشکەوتووی دیکەو دامەزراندنیان بۆ حزبێك بەناوی - پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان لەتەموزی ١٩٨١.لەدوا کارەکانی کۆنگرەی دەیەم هەلبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو، کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- مەسعود بارزانی: سەرۆکی پارتی

٢- عەلی عەبدوڵلا - جێگیری سەرۆك

٣- نیچیرڤان بارزانی

٤- د. جەرجیس حەسەن

٥- جەوهەر نامق

٦- رۆژ نوری شاویس

٧- هۆشیار زێباری

٨- فازل میرانی

٩- عبدالمهیمن بارزانی

١٠- حەمید ئەفەندی

١١- مەسعود سالەیی

١٢- ڕێبوار یەڵدا

١٣- عزالدین بەرواری

١٤- ئازاد قەرەداغی

١٥- کەمال کەرکوکی

١٦- (زعیم) عەلی

١٧- پیرۆت ئەحمەد

١٨- قادر قادر

١٩- نادر عبدولعزیز

٢٠- د. عەلی بابان

٢١- د. محمد صالح جومعە

٢٢- عومەر عوسمان میرگەسوری

٢٣- فلك الدین کاکەیی

**١١- کۆنگرەی یازدەهەم:**

ئەم کۆنگرەیە لەماوەی نێوان (١٦-٦/ ئابی/ ١٩٩٣) بەستراوە، لە شاری هەولێر تایبەتمەندی ئەم کۆنگرەیە لەوەدایە، کە لە دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ جەماوەری کوردستانی باشور بەستراوە، لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی رژێمی صدام حسێن لە کوردستان و بەرێوەبردنی بەرەی کوردستانی بۆ کاروباری کارگێری لە شارەکانی کوردستان، دواتر هەلبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها ئەو کۆنگرەیە، ناوی لێنرا کۆنگرەی یەکگرتن، بەشێك لە حزبە بچووکەکانی وەك سۆسیالست، پاسۆك، پارتی گەل، کە لە هەلبژاردنی کوردستان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بڕیاریاندا خۆیان

هەڵوەشێننەوەو تێکەڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بن. کۆمیتەی ناوەندی پارتی، هەڵبژێردراوی کۆنگرە، لەم ناوانە پێکهاتبوو:

١- مەسعود بارزانی: سەرۆك
٢- عەلی عەبدوڵلا: جێگری سەرۆك
٣- سامی عبدالرحمن
٤- جوهر نامق
٥- رۆژ نوری شاوەیس
٦- نێچیرڤان بارزانی
٧- ئازاد بەرواری
٨- هۆشیار زێباری
٩- فازل میرانی
١٠- عزالدین بەرواری
١١- عارف تەیفور
١٢- د. جەرجیس حەسەن
١٣- (زعیم) عەلی
١٤- (ملازم) کەریم
١٥- رمزی شەعبان
١٦- سەعد عەبدوڵلا
١٧- فەرەنسۆ حەریری
١٨- عبدالله ئاگرین
١٩- مەسعود سالەیی
٢٠- قادر جەباری
٢١- نیزامە الدین گلی
٢٢- بروسك نوری شاوەیس

٢٣- صلاح دەلۆ

٢٤- کەمال کەرکوکی

٢٥- شەوکەت شێخ یەزدین

٢٦- عومەر بۆتانی

٢٧- عەلی سنجاری

٢٨- کەریم سنجاری

٢٩- (ملازم) یونس رۆژبەیانی

٣٠- جەلیل فەیلی

٣١- محەمەد مەلا قادر

٣٢- شیرین ئامێدی

٣٣- عومەر عوسمان

٣٤- محمود محمد

٣٥- قادر قادر

٣٦- سەید کاکە

٣٧- (ملازم) شوان

٣٨- دەرویش ئاغا

٣٩- حەمەی حاجی مەحمود

**١٢- کۆنگرەی دوازدەهەم:**

ئەم کۆنگرەیە لە رۆژانی (٦-١٤/ تشرینی یەکەمی/ ١٩٩٩ لە شاری هەولێر بەستراوە، دوای (٦) ساڵ لە کۆنگرەی یازدەهەم، ئەو ماوەیە رووداوی زۆری بەخۆوە دیتوە، گرنگترینیان شەڕی ناوخۆ بووە، لەگەڵ دروست بوونی دوو ئیدارەیی لە کوردستان، دیارە بەستنی ئەم کۆنگرەیە دوای کۆتایی هاتن بوو، بەم بارودۆخە.

**١٣- کرنگرەی سێزدەهەم:**

ئەم کۆنگرەیە لەمانگی کانووی یەکەمی ٢٠١٠ بەستراوە، بە ئامادەبوونی نزیکەی (١٥٠٠) نوێنەر لە رۆژانی کۆتاییدا، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، کە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١- مەسعود بارزانی - سەرۆك

٢- نێچیرڤان بارزانی - جێگری سەرۆك

٣- سداد مستەفا بارزانی

٤- کەریم شەنگالی

٥- یوسف ئیدریس بارزانی

٦- مەسرور بارزانی

٧- رۆژ نوری شاوەیس

٨- هۆشیار زێباری

٩- فازل میرانی

١٠- نزهەت خالد دۆڵەمەری

١١- نەوزاد هادی

١٢- بەیان سامی عبدالرحمن

١٣- قادر قاچاغ

١٤- کەمال کەرکوکی

١٥- صلاح دەلۆ

١٦- ئازاد بەرواری

١٧- ئاراس حەسۆ میرخان

١٨- سیروان صابر بارزانی

١٩- سەربەست لەزگین

٢٠- علی حسین سورچی

٢١- کاکە مین نەجار
٢٢- نوری حمە علی
٢٣- چنار سەعد عبدالله
٢٤- پشتیوان صادق
٢٥- هێمن هەورامی
٢٦- عبدالخالق باپیری
٢٧- رمزی شەعبان
٢٨- فریدون جوانرۆیی
٢٩- (زعیم) عەلی
٣٠- دیاری حسین
٣١- رێبوار یەڵدا
٣٢- دڵشاد شەهاب
٣٣- جەعفەر ئیبراهیم
٣٤- عارف تەیفور
٣٥- یونس رۆژبەیانی
٣٦- سەربەست ئەتروشی
٣٧- ساسان عەونی
٣٨- هیوا احمد مستەفا
٣٩- ادهم بارزانی
٤٠- محمد محمود ئیزدی
٤١- عەلی عەونی
٤٢- محمود محمد
٤٣- خەسرەو گۆران
٤٤- عبدالمهیمن بارزانی

٤٥- محمد هەركى

٤٦- عەلى تەتەر

٤٧- احمد كانى

٤٨- عزالدين بەروارى

٤٩- سەڤين دزەيى

٥٠- نەجات عەلى فاتم

٥١- شيرين ئاميدى

٥٢- ئەڤين هرورى

٥٣- نازەنين محمد وەسو

**ململانێ ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

پارتی، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە دوای کۆنگرەی یەکەم و بە درێژایی سالآنی خەباتی، بەرەو رووی چەندین دیاردەی ململانێ و ناکۆکی و دەستەگەری جۆراوجۆر بۆتەوە، هەندێکیان لاواز و لە سنورێکی تەسکدا بووە، بەلآم بەشێکیان گەورەو کاریگەر بوونەو بۆتە هۆی دووبەرەکی و لاوازکردنی پارتی و بەرەو رووی مەترسی کردنەوەی. ئەو دیاردانە شێوازو رووخساری جیاوازی وەرگرتووە، وەك:

أ- ململانێ لە نێوان بیروبۆچوونی پێشکەوتنخواز و بیروبۆچوونی کۆنە پارێز.

ب- ململانێ لە نێوان ئاراستەی مارکسی و ئاراستەی ناسیونالستی.

ج- ململانێ لەسەر دەسەلآت لە نێوان مەکتەبی سیاسی و سەرۆك بارزانی.

ئەگەر چی ئەو دیاردانە، هۆکاری ناوخۆیی و دەرکیشی هەبووە، بەلآم بەردەوام پارتی بەرەورووی فشارو دەستێوەردانی دەرەکی بۆتەوە.

لێرەدا ئاماژە بۆ دوو حالەتی گەورە دەکەین لەو جۆرە ململانێیانەی بەرەو رووی پارتی بۆتەوە.

**یەکەم: ململانێ لە نێوان گروپی هەمزە عەبدوڵلا و گروپی ئیبراهیم ئەحمەد:**

دوای کۆنگرەی یەکەمی پارتی لە ساڵی ١٩٤٦، سکرتێری پارتی (هەمزە عەبدوڵلا) ساڵی (١٩٥٠) تووشی گرتن هات لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت، ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی کاروباری حزب بە لاوازی بەڕێوەبچێت و ڕێکخستنەکانیش تووشی شلەژان و دڵەراوکێ ببنەوە.

بۆیە داواکاری بەستنی کۆنگرەی دووەم بەرزبۆوە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان. لەم بارەوە بڕیاردرا کە لە مانگی ئازاری ١٩٥١، کۆنگرە ببەسترێ و شوێنەکەشی شاری بەغدا دیاریکرا.

کۆنگرە بڕیاریدا کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی لەگەڵ سکرتێرەکەی (هەمزە عەبدوڵلا) ئەرکیان پێ نەسپێردرێت، ئەگەرچی سکرتێری پارتی (هەمزە عەبدوڵلا) لە گرتن رزگاری ببوو. هەر بە پێی ئەو بڕیارە، کۆنگرە کۆمیتەیەکی دیکەی دیاریکرد، بۆ ئەوەی کاروباری پارتی بەڕێوەببات تا کۆنگرەی داهاتوو، ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە پێکهاتبوو لە:

ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، جەلال هۆشیار، عومەر مستەفا، بەکر ئیسماعیل حەمەد ئەمین مەعروف. ئەرگی ئەم کۆمیتەیە، ئامادەکردنی زەمینەی لەباربوو بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم، هەروەها بڕیاردرا کە (هەمزە عەبدوڵلا) لە سلێمانی جێگیر بێت و هاوکاری ئەو کۆمیتەیە بکات.

بەلاّم بە پێچەوانەوە، ناوبراو ملکەچی ئەو بڕیارە نەبوو، بەڵکو کەوتە جموجۆڵ و کۆکردنەوەی لایەنگران، بۆیە کۆمیتەی ناوەندی لە هاوینی ١٩٥١ بڕیاردرا بە هەڵپەساردنی (هەمزە عەبدوڵلا)، ئەم هەنگاوە زیاتر دۆخەکەی توندکرد، دەستەگەری لەناو ڕێکخستنەکانی پارتی زیاتر گەشەی کرد.[١٧٥]

دوای ئەوە (هەمزە عەبدوڵلا) بە یارمەتی چەند کادیرو ئەندامێکی پارتی، وەك (محرم محمد امین، شەهاب شێخ نوری، حمە کەریم فتح الله، بابا تاهیر شێخ جەلال)، کۆمەڵێکیان پێکهێنا بەناوی (بەرەی پێشکەوتن – پارتی دیموکراتی

کورد) و رۆژنامەیەکیان بەناوی – رزگاری– دەرکرد.[١٧٦] بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە، بەشێکی زۆر کادیر و ڕێکخراوەکانی پارتی داوای بەستنی کۆنگرەی سێیەمیان کرد.

لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٣کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کەرکوك بەسترا، بڕیار لەسەر دەرکردنی (هەمزە عەبدوڵلا) درا.

لە ساڵی (١٩٥٦) بەرەی پێشکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردی لەلایەن هەمزە عەبدوڵلا هەڵوەشێندرایەوە، تێکەڵ بە ڕێکخستنەکانی پارتی بوونەوە. لەلایەکی دیکەوە چەند کەسانێك لە کوردە مارکسییەکان پەیوەندیان بە سەرکردایەتی پارتی کرد و هاتنە ناو ریزەکانیەوە، وەك (نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تەوفیق)بەم جۆرە کۆمیتەیەکی ناوەندی دیکە پێکهێنرا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پارتی، ئەو کۆمیتەیە پێکهاتبوو لە:

**مستەفا بارزانی: سەرۆك**

**ئیبراهیم ئەحمەد: سکرتێر**

عومەر مستەفا، عەلی عەبدوڵلا، نوری ئەحمەد تاها، هەمزە عەبدوڵلا، جەلال تالەبانی، حەبیب محەمەد کەریم، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تەوفیق.

لە ساڵی ١٩٥٧ بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی چالاکییە حزبی و سیاسیەکان لە کوردستانی باشور لەیەك حزبدا، سەرکردایەتی پارتی کەوتە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی لقی کوردستانی، حزبی شیوعی عێراقی، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە، هەریەك لە (صالح حەیدەری، کەمال فوئاد، حەمید عوسمان) بڕیاریاندا بێنە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆیە کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتی جارێکی دیکە گۆرانکاری بەسەرداهات، بەم شێوەی خوارەوە:[١٧٧]

**مستەفا بارزانی: سەرۆك**

**ئیبراهیم ئەحمەد: سکرتێر**

ئەندامان: نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵلا، جەلال تالەبانی، هەمزە عەبدوڵلا، عومەر مستەفا، محەمەد ئەمین مەعروف، نەژاد حەمید عەزیز، خەسرەو تەوفیق، صالح حەیدەری، حەمید عوسمان.

بەم پێکهاتەیە ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی، هەڵگری هزری مارکسی زۆرینەن، هەروەك لە ناوەکانیان ئاشکرا دەبێت (نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵلا، هەمزە عەبدوڵلا، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تەوفیق، صالح حەیدەری، حەیدەر عوسمان.

لەبارەی بارودۆخی ناوخۆی پارتی و کێشەکانی ناو سەرکردایەتی، د. موکەرەم تالەبانی نووسیویەتی:[١٧٨]

کاتێ حزبی دیموکراتی کورد دروست بوو، شان بەشانی حزبی شیوعی عێراقی کەوتە چالاکی، وەك حزبێك نوێنەرایەتی ئایدۆلۆژیای بورژوازییەتی ناوەراست و بچووکی دەکرد بە شێوەیەکی گشتی. دیار ئەویش لەبەر نەبوونی هیچ حزبێك لە کوردستان بە هۆی رێگرتن لە ئازادییە دیموکراسییەکاندا.

هەروەها بە هۆی نەبوونی ئازادی کاری سیاسی و حزبی، ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران و بورژوازییەتی بچووك، چوونەتە ریزی حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کورد، یەك لە خەسلەتە دیارەکانی ئەم توێژە رارایی و لادانی توندیان بەرەو راست یان چەپ بووە. ئەوەی جێگای سەرنجدانە ئەو ئەندامانەی لە توێژی بورژوازییەتی بچووك بوون و چوونە ریزی حزبی شیوعی عێراقییەوە و هەڵگری ئایدۆلۆژیای جیاواز بوون، هۆکاری پەیدابوونی دەستەگەری و جیابوونەوە بوونە لەناو حزبی شیوعی عێراقی، هەر خودی ئەوانیش بوونە بە هۆی دروست بوونی ململانێ ئایدۆلۆژی و دستەگەری و جیابوونەوە لەناو پارتی دیموکراتی کورد، لە قۆناغەکانی داهاتوودا.

**د. موکەرەم، زیاتر باسی دۆخەکە و دەڵێت:**

هەوڵەکانی چەند کادیرێکی مارکسی بۆ گۆڕینی پارتی، بەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی ئەو سەردەمە، بۆ حزبێکی شۆڕشگێڕو پەیرەوی ئایدۆلۆژیای مارکسیانە بکات، هەروەك (حەمید عوسمان) هەوڵی بۆ دەدا، کارێکی هەڵە بوو، ئەو کارە لەو راراییە هزرییەوە سەرچاوەی گرتووە کە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی نوشوستیان هێنا لەوەی بتوانن حزبی شیوعی لە کوردستان بکەنە حزبێکی جەماوەری، لەکاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو رێکخراوەکانی حزبی هیوای گرتە خۆی، ئەو ئەندامە سەرکردایەتیانە هەوڵیاندا کۆتایی بە هەموو رێکخراوە کۆمۆنسیتەکان بهێنن لە کوردستاندا وەك ملکەچییەك بۆ بۆرژوازییەتی کوردی بە هەڵوەشاندنەوەی رێکخستنی شیوعییەکان و کارکردن لەژێر ئاڵای حزبێکی ناسیونالستی بورژوازی دژ بە ئیستعمار.

**د. موکەرەم، لە درێژە پێدانی لێکدانەوەکەی، دێتە سەرباسی کۆنگرەکانی پارتی و نووسیویەتی:**

ئێمە ئەگەر بەدواداچوونمان بۆ ئەنجامەکانی هەرسێ کرنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد کرد، بۆمان دەردەکەوێت کە:

**کۆنگرەی یەکەم:**

٥٣٪ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵگری هزری مارکسی بوون.

١٥٪ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەلگری هزری دیموکراسی لیبرالی بوون.

٣٢٪ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کەسانی کۆنە پارێز بوون.

**کۆنگرەی دووەم: لە ئازاری ١٩٥١**

ئەندامانی سەرکردایەتی، هەلگری هزری دیموکراسی لیبرالی زالبوون بەسەر سەرکردایەتی پارتیدا، ئەم کارە بوو بە هۆی توندبوونی ململانێی ئایدۆلۆژی و سیاسی، ئاکامەکەشی لادانی گروپەکەی (هەمزە عەبدوڵڵا) بوو لە پارتی.

## کۆنگرەی سێیەم: لە کانوونی دووەمی ١٩٥٣

هاوکاری لەنێوان ئەندامانی سەرکردایەتی هەڵگری هزری مارکسی و ئەندامانی سەرکردایەتی هەڵگری هزری دیموکراسی لیبرال، دژ بە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆنە پارێز، ئەنجامەکانی دەرکردنی هەریەک لە شێخ لەتیف شێخ مەحمود و کاکە زیادی غەفوری بوو لە کۆمیتەی ناوەندی، هەروەها گێڕانەوەی ئەوانی دوورکەوتبوونەوە لە پارتی.

بەم پێیە نیوەی زیاتری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە مارکسیەکان بوون، هەرچەندە ئیبراهیم ئەحمەد لە پێگەی سکرتێری پارتی مایەوە، سەرەڕای ئەوەش زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی هەڵگری هزری مارکسی بوون.

دریژەپێدانی ململانێ دوای گەرانەوەی سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی:[١٧٩]

دوای شۆرشی ١٤/ تەمووزی ١٩٥٨ و گەرەانەوەی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی لە (یەکێتی سۆڤیەت) دەرکەوت ئەو ململانێ و ناکۆکیە کۆنانە هەر ماون.

(هەمزە عەبدوڵلا) پەیوەندی لەگەل حزبی شیوعی عێراقی توند بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان وەك لقێکی حزبی شیوعی عێراقی لێکردبوو، رکابەرەکانی بە راستەوە تاوانبار دەکرد.

بارزانی لە سەرەتاوە، هەڵوێستی مام ناوەندی بوو، ویستی ناکۆکی نێوان ئەو دوو باڵە بەشێوەیەکی ئارام چارەسەربکات، بەڵام هەمزە عەبدوڵلا درێژەی بە هەڵوێستەکانی خۆیدا، رێگای دەدا حزبی شیوعی عێراقی بە ئاشکرا دەست لەکاروباری پارتی وەربدات.

ئەم دۆخە گەیشتە رادەیەك کە قبولٚ نەکرێ، باڵی هەمزە عەبدوڵلا زیاتر بەسەر پارتیدا زاڵ بووبوو، هەندێ لە ئەندامانی دەرکردو هەندێکیشیان لە کاروەستاندن، وەك ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی، ناکۆکی گەیشتە

رادەیەك مەترسی لەتبوونی پارتی لێدەکرا. بۆیە سەرۆکی حزب مستەفا بارزانی، هاتە ناو کێشەکە، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کە لە رۆژی ٣٠ حوزەیرانی ١٩٥٩ بەسترا، بۆ بنەبڕکردنی ئەو کێشەیە، بڕیار لەسەر کار وەستاندنی هەریەك لە هەمزە عەبدوڵلا، خەسرەو تەوفیق، نەژاد ئەحمەد عەزیز، صالح روشدی، حەمید عوسمان، صالح حەیدەری) دەرچوو.

بۆ رۆژی دوایش دەستەیەك لە کادیرانی پارتی و پاسەوانانی بارزانی چوونە ناو بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی، هەرکەسێ لەلایەنگرانی هەمزە عەبدوڵلا مابوون دەرکران.[١٨٠] لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی کە لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ بەسترا لە شاری بەغدا، بڕیاری کۆتایی درا لەسەر دەرکردنی ئەو سەرکردانە بەیەکجاری لە ریزی پارتیدا.

**دووەم: ناکۆکی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و سەرۆك مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٦٤:**

لە ١٠شوباتی ١٩٦٤ رێکەوتنێك لە نێوان حکومەتی بەغدا بەسەرۆکایەتی (عبدالسلام عارف) و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان(مستەفا بارزانی) مۆرکرا، بە مەبەستی راگرتنی شەری نێوان هەردوو لاو دووزینەوەی چارەسەرییەك بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی باشور. ئەم رێکەوتنە نارەزایی بەشێکێ زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لێکەوتەوە، دیارە هۆکاری دیکەش هەبووە بۆ پەیدا بوونی ململانێ لە پاڵ ئەم نارەزاییە. هەروەك بەرێز مەسعود بارزانی دەیگێرێتەوە لەبەشی سێیەمی کتێبەکەی و دەڵێ: لە کاتی مۆرکردنی ئەو رێکەوتنەی نێوان حکومەتی بەغداو مستەفا بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە پایتەختی ئێران لە شاری تاران بووە، بەگەرانەوەی نارەزایی دەربریوە بەرامبەر ئەو رێککەوتنەو داوای لە ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کردووە، کە نارەزایی خۆیان لە ئاست ئەو رێکەوتنە دەربرن. ئیبراهیم ئەحمەد بەڵێنی لە

دەسەلأتدارانی حکومەتی ئیران وەرگرتبوو کە پشتگیری بکرێت و یارمەتی بدەن لە حالەتی سەرکەوتنی بە هەلوەشاندنەوەی ئەو ڕێکەوتنە، هەروەها هەولدان بۆ لاوازکردنی پێگەی بارزانی لەسەرکردایەتیکردنی شۆڕش.[١٨١]

ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندی بەردەوامی هەبووە بە دەزگای ساواکی ئیرانی و عەقید (عیسی پژمان)، سەرەنجام ناکۆکیەکان روویان لە پەرەسەندن کرد و بەمەش پارتی تووشی کەرتبوون هات و بووە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە کوردستانی عێراق بەرەو رووی گرفتی ترسناک و شەڕی برا کوژی بێتەوە.

**باڵی مەکتەبی سیاسی لە نیسانی ١٩٦٤ لە شارۆچکەی (ماوەت) کۆنفرانسێکیان بەست، ئەو کۆنفرانسە(٦) رۆژی خایاند، لەو بڕیارانەی کە کۆنفرانس دەریکرد:**

١- لەکار وەستانی سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بۆ پارتی

٢- ناردنی وەفدێك بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەك لە نێوان هەردوولا.

وەفدەکە پێکهاتبوو لە: عەلی سنجاری، ئەسعەد خیلانی، جەلال عبدالرحمن، تاهیر بابانی، مستەفا کرێکار. وەفدەکە لە شارۆچکەی (سەنگەسەر) چاویان بە مستەفا بارزانی کەوت، بەلأم وا دەردەکەوێ کە ئەنجامی گفتوگۆکان جێگای رەزامەندی باڵەکەی مەکتەبی سیاسی نەبووبێ.

دەربارەی بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەت، بەرێز عەزیز محمد دەڵێت: بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەت گەورەترین هەڵەی مەکتەبی سیاسیە.

مستەفا بارزانی سوور بوو لەسەر لادانی ئیبراهیم ئەحمەد لە سکرتێری پارتی و دانانی جەلال تالەبانی لە جێگاکەی[١٨٢]

رەخنەو نا رەزاییەکانی باڵی (مەکتەبی سیاسی) لە ئاست ڕێککەوتنەکەی نێوان بارزانی و حکومەتی بەغدا، لەم خالأنەی خوارەوە کورت دەکرێتەوە، هەروەك لەبەیاننامەکەی ١٩ نیسانی ١٩٦٤ دەردەکەوێت:[١٨٣]

١- ناوەرۆکی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە.

٢- شێوازو ڕێ و شوێنی ئەنجامدان و مۆرکردنی ڕێککەوتنەکە.

٣- ناکۆکی لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە.

لەبەرامبەردا بارزانی هۆکارەکانی مۆرکردنی ڕێککەوتنامەکەی بۆ دوو خاڵ گێرایەوە:

أ- گەلی کورد تاقەت و توانای شۆرشی نەماوە.

ب- حکومەتیش تواناو تاقەتی نەماوە.

هەر بۆ تێگەیشتن لەو جۆرە پەیوەندیو بارە دەروونیەی نێوان سەرکردەکانی باڵی (مەکتەبی سیاسی) لە لایەك لەگەڵ سەرۆك مستەفا بارزانی لەلایەکی دیکەوە، ئەم چەند دێرە دەخەینە روو، کە (جەرجیس فتح الله) لەگەڵ (دیڤید ئەدامسن) بەناوی – الحرب الکوردیة وانشقاق ١٩٦٤ بلاَوکراوەتەوە:[١٨٤] (ئەو وەفدی حکومەت بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق کە هات بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆرشی کورد، شەوی لەگەڵ سەرۆك بارزانی بە تەنها کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیە بارزانی پێی وتبوون خۆی هیچ داواکارییەکی نیە، بەلاَم هەر لەهەمان کاتدا ئەو شەوە، (صالح یوسفی) ناردبوو بۆ لای هەردوو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ئیبراهیم ئەحمەد و (جەلال تالەبانی) داوای لێکردبوون کە لە پێشنیارەکانیان بۆ وەفدی حکومەت نەرم نەبن و داوای هەموو شتێ بکەن.

بەلاَم هەردوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو هەستەیان لاپەیدا ببوو کە مستەفا بارزانی دەیەوێت داویان بۆ دابنێ، بۆیە داواکاریەکانیان کورت کردەوە، لە بواری بابەتی ئیداری. کاتێ ئیبراهیم ئەحمەد پێشنیارەکانی خستە بەردەم بارزانی، ئەو لە بارەی خاڵەکانی وەلاَمی بەم شێوەیە بووە: نەخێر من لەگەڵ میللەتم.

لە رۆژی دوایی کاتی کۆبوونەوەی هەردوو وەفدی حکومەت و وەفدی کورد، داواکاریەکان خرایە بەردەم سەرۆك وەزیرانی عێراق، سەرۆکی وەزیرانیش بە توورەییەوە وەڵامی دایەوە: ئێستا بۆم دەرکەوت کە ئێوە (مەبەستی سەرکردەکانی پارتی) دوژمنی ئاشتین.

ئیبراهیم ئەحمەد وەڵامی دایەوە: گرینگ نییە تۆ چۆن تەماشام دەکەیت، لەبەر ئەوەی من متمانەی گەلم بەدەست هێناوە.

سەرۆك وەزیران هەستا بڕوات، بەڵام هەردوو (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی) ئاگاداریان کردەوە، کە (مەکتەبی سیاسی) ئامادەی شەرکردنە.

سەرۆکی حکومەت: ئێوە لەدە کەس زیاتر نین.

ئیبراهیم ئەحمەد: لەوەدا تۆ هەڵەی، من گەلم لەگەڵە.

سەرۆکی حکومەت: تۆ متمانەی سەرۆك بارزانیت نیە، پرسیاری لێ بکە.

بارزانی بەزەردە خەنەیەکەوە: داوا بکە لە باوکمان (عبدالسلام عارف) بڕیاری لێبوردنمان بۆ دەربکات، ئێمە تاوانبارین):

**توێژەران، هۆکارەکانی روودانی ئەو ململانێ و لێکترازانە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگێڕنەوە:**

١- ململانێ لە پێناو دەسەڵات و سەرکردایەتی.

٢- رۆڵ ودەست تێوەردانی حکومەتەکانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆی پارتی و بزووتنەوەی کورد.

٣- جیاوازی لە تێگەیشتن دەربارەی ژیانی حزبایەتی و رۆڵی حزب لەناو کۆمەڵگە، لەو قۆناغە مێژووییەی کۆمەڵگەی کوردەواری پێدا تێپەڕ دەبێت.

٤- جیاوازی لە دیدو بۆچوونەکانیان، دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسییەتەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە گەلی کوردو شێوازی هەڵسوراندنی سەرکردایەتی کورد بۆ کاروباری بزووتنەوەکەی بە گشتی و پرۆسەکانی دانوستانکردن لەگەڵ حکومەتدا.

بۆ کۆتایی هێنان بە باسکردنی ئەم ململانێیە، گرینگترین ویستگەکانی پەیوەندی نێوان هەردوو باڵەکەی ناو پارتی، بە کورتکراوەیی دەخەینە روو:

ا- لە مێژووی ١٧/ ئازاری/ ١٩٦٤ وتووێژی چڕ لە نێوان: مستەفا بارزانی، لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و عەزیز شەمزینی و عومەر مستەفا روویدا، لە ئاکامدا پێکهاتن لەسەر رازیبوون بەو رێککەوتنە، بەڵام بارزانی هەر بە چاوی گومانەوە دەیڕوانییە (ئیبراهیم ئەحمەد)، بۆیە بڕیاریدا بەلا بردنی ژمارەیەك لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە، کە لایەنگری باڵی (مەکتەبی سیاسی) بوون.

ب- لە مانگی تەموزی ١٩٦٤، کۆنگرەی شەشەمی پارتی بەسترا، لەو کۆنگرەیە[١٨٥] ژمارەیەکی زۆری بڕیار دەرکرا، لەناو ئەو بڕیارانە، بڕیاری ژمارە (١٣) کە بەم جۆرەی خوارەوە بوو! بڕیاردرا بە دەرکردنی (١٤) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی لەبەر ئەم هۆیانە:

درووستکردنی دووبەرەکی لەناو لەشکر، هەستان بە کرداری زیان بەخش، نانەوەی ئاژاوە لەناوچە رزگارکراوەکان، هێرش راگەیاندن.

**ناوەکان:**

ئیبراهیم ئەحمەد، نوری صدیق شاوەیس، عەلی عەبدوڵلا، عمر مستەفا (دەبابە)، جەلال تالەبانی، سەید عەزیز سەید عەبدوڵلا شەمزینی، عەلی حەمدی، عەلی عەسکەری، عبدالرحمن زەبیحی، ئەحمەد عەبدوڵلا، حلمی عەلی شەریف، محمد حاجی تاهیر، مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل، نوری ئەحمەد تاها.

## ڕووداوە سیاسییە گرینگەکان لە ژیانی پارتیدا:

### یەکەم: پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی عێراقی و پارتی:

ڕۆژنامەی (ئازادی) زمانحاڵی لقی حزبی شیوعی لە کوردستان، لە ژمارەی یەکەمی، ١٩٤٤، پشتگیری خۆی بۆ بوونی حزبێکی نەتەوایەتی نیشتمانی کوردی لە کوردستان دەربڕیوە، لەوتارێکی ئەو ڕۆژنامەیەدا هاتووە:[١٨٦]

(داوا لە هەموو هاوڵاتیانی هۆشیاری نەتەوەکەمان دەکەین، لە هەموو کوردێکی دڵسۆز، کە گەل و نیشتمانی خۆی خۆش دەوێت، کە گەل بەبێ ڕێکخستن و بێ ئامادەبوون بەجێ نەهێڵێ. پێویست دەکات هەر یەکێك خەبات بکات لە پێناو دروست بوونی حزب و کۆمەڵەی دیموکراسی، بە مەبەستی ڕێکخستنی جەماوەرو ئامادەکردنی وپێگەیاندنی بۆ ئەوەی داوای ماق ڕەوای خۆی بکات، بۆ ئەوەی عێراقێکی یەکگرتوو لەسەر بنەمای یەکسانی لە هەموو مافەکانی دروستبێت).

بەڵام لە ساڵی ١٩٤٦ کاتێك پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا، حزبی شیوعی عێراقی بە پێچەوانەی بانگەوازەکەی، دەربارەی دامەزراندنی ڕێکخستنی تایبەت بە کوردو یارمەتیدانیان بۆ ئەم ڕێکخراوە، کەوتە مامەڵەکردن لەگەڵ (پارتی) و هیچ پێشوازییەکی لێنەکرد، چونکە خۆی بەسەرکردەی خەباتی گەلی عێراق دادەنا.[١٨٧]

### بەڕێز جەلال تالەبانی نووسیویەتی:

جێگای داخە کە ململانێیەکی توند ڕوویدا لەنێوان حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەگەر جیابوونەوەی ڕێکخراوی (شۆڕش) نەبوایە، هەروەها هەڵوێستی بە هەڵەی نێوان سەرکردایەتی پارتی و شیوعی بەرامبەر بەیەك، دەکرا بگەنە تێگەیشتنێکی ڕیشەیی بەتین لە نێوان هەردولا.[١٨٨]

**هەروەها لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێ:**

شیوعییەکان تێڕوانینیان بۆ پارتی وەك حزبێکی ناسیونالستی بورژوازی وابووە، لە کاتێکدا پارتی سوور بوو لەسەر ئەوەی خۆی وەك حزبێکی پێشڕەوی دیموکراسی داناو نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی جوتیارو زەحمەتکێش و کاسبکار و رۆشنبیرە شۆڕشگێرەکان دەکات.

ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستن و توژینەوەیان لەسەر ئەم بابەتەکردووە، ئاماژە بۆ دەرکەوتنی گرژی و ململانێی هزری و سیاسی دەکەن لەنێوان هەردوو حزب، دەربارەی ژمارەیەکی کەم لە کێشەکان، بەلام گرینگ لەناوەرۆکدا، وەك:[189]

**ا- هەڵوێست لەگەلی کورد:**

حزبی شیوعی عێراقی بۆ ماوەی چەندین ساڵ، گەلی کوردی وەك کەمایەتیەك تەماشا کردووە لەناو عێراق، دانی بەوە دانەناوە کەکوردی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی کوردی دابەش بوو بەسەر چەند ولاتێك، بەلام دان پیانانی راست و رەوان و تەواو بە مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لەدوای دووەم کۆنفرانسی حزبی شیوعی عێراقی بووە ساڵی ١٩٥٦.

ب- هەر پەیوەست بە خاڵی سەرەوە، حزبی شیوعی عێراقی لەو ماوەیەدا بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ دانی بە بزووتنەوەی گەلی کورد نەدەنا وەك بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی رزگاریخواز، بەڵکو وەك بەشێکی تەماشاکردووە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی عێراق.

ج- هەڵوێست لە رۆڵ و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو کۆمەڵگای کوردستانی، هەروەها رۆڵی پێشەنگی لە خەباتی گەلی عێراق.

د- هەڵوێست لە دامەزراندنی ڕێکخراوە دیموکراسییە کوردستانیەکان لە کوردستانی عێراق، سەربەخۆ لەو ڕێکخراوە دیموکراسییە عێراقییانەی کە حزبی شیوعی عێراقی هەوڵی پێکهێنانیانی دەدا لە ساڵانی پەنجاکان بەدواوە.

دەربارەی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی نوسیوویەتی:[١٩٠]

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، بە چەند قۆناغێکی جیاواز تێپەڕبووە، بەڵام لایەنی نەرێنی زاڵتر بووە بەسەر لایەنی نەرێنی. حزبی شیوعی عێراقی تەنها حزب بووە، لە کوردستان ڕێکخستنی حزبی هەبووبێ، شان بەشانی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیارە حاڵەتێکی سروشتی بووکە هاوکاری لەنێوانیاندا هەبێ، لەهەمان کاتدا رکابەری لە نێوانیاندا دروست بێ، ئەمەش زۆرجار دەبووە هۆی کێشەی جۆراوجۆر.

دیارە، دوای ئەزمونێکی دورودرێژ لە پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا و دوای کۆنفرانسی ١٩٥٦ی حزبی شیوعی عێراقی، هەردوو حزب ڕێککەوتن لەسەر:

١- شیوعییەکان دانیاننا بەوەی کورد نەتەوەیە، مافی بڕیاردانی لە چارەنوسسی خۆی هەیە.

٢- پێویستە بەبوونی حزبێکی نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازی دیموکراسی لە کوردستان دەکات.

٣- پێویست بەخەباتی هاوبەشی هەردوو گەلی عەرەب و کورد دژ بە ئیستعمار.

٤- دان پیانانی ئاڵ و گۆر بە مافی چارەی خۆنووسین و ڕەوایی ویستی هەردوو گەلی عەرەب و کورد بۆ رزگاربوون.

سەرەڕای هەموو ئەو بارودۆخە، لەگەڵ بوونی حاڵەتی نەرێنی بە درێژایی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، هەروەها ململانێی هزری و سیاسی نێوانیان،

ئەوا حزبی شیوعی عێراقی دەمێنێتەوە، لە هەموو حزبە سیاسیە عێراقییەکان نزیکتر بێت لە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە گەلی کورد.

**دووەم: هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شۆرشی ١٤/تەموزی/ ١٩٥٨:**

شۆرشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ ڕووداوێکی مێژوویی گەورە بوو لە عێراق، بوو بە هۆی گۆرانکاری کاریگەر لە بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە لەم وڵاتەدا.

زۆربەی هێزو لایەنە سیاسیەکان لە عێراقدا، بەتایبەتی حزبە سیاسیەکانی ناو بەرەی (یەکێتی نیشتمانی) هیواو ئاواتی گەورەیان بەو شۆرشە بەستبۆوە.

گەلی کوردیش لە کوردستانی باشوور، چاوەڕوانی زۆری دەکرد، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە چەندین سالە خەبات دەکات لە پێناویان. دیارە ئامانجەکانی کورد لەچەند خاڵێك بەرجەستە دەبێ:[١٩١]

١- دابین کردنی دیموکراسیەت و ئازادییە دیموکراسییەکان لە عێراقدا، لەگەڵ گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا.

٢- دان پیانان بە مافەکانی گەلی کورد، ماف بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی، ئەگەر بە شێوازی فیدرالی بێت یان ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عێراقدا.

٣- لەکاتی یەکگرتنی عێراق لەگەڵ هەر وڵاتێکی عەرەبی، کورد مافە نەتەوایەتییەکانی دابین بکرێت.

هەر دوا بە دوای سەرکەوتنی شۆرشەکەو دروست بوونی حکومەتی کۆماری بەسەرکردایەتی سەرکردەی شۆرشی (عبدالکریم قاسم)، چەند بڕیارێك درا کە بەرژەوەندی گەل کوردی تیادایە، وەك:

أ- پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی (مجلس السیادة) لەسێ کەس، کە یەکێکیان کورد ئەویش (خالد نەقشبەندی) بوو.

ب- لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت، دوو وەزیری کوردی تیادابوو، ئەوانیش: بابا عەلی شێخ مەحمود، د. محمد صالح.

ج- دەرکردنی یاسایەك بە ژمارە (٢) ساڵی ١٩٥٨، بە هۆیەوە ڕێگا درا بە گەڕانەوەی (مستەفا بارزانی) و ئەو بارزانیانەی کە کوردستانیان بەجێهێشتبوو لە ساڵی ١٩٤٧، لەگەڵ لادانی هەر کارێکی یاسایی کە پێشتر درابوو.

د- سەپاندنی چەند دەقێك لە دەستوری کاتی عێراقی، وەك:

١- مادەی (٣):

گەلی عێراق لەسەر بنچینەی هاوکاری نێوان هەموو هاوڵاتیانی پێکهاتووە، بەرێزگرتن لەمافەکانیان و پاراستنی ئازادییەکانیان، عەرەب و کوردیش بەشەریك دادەنرێن لەم نیشتمانە.

٢- مادەی (٩):

هاوڵاتیان یەکسانن لەبەردەم یاسا، لەماف و ئەرکەکانیان، نابێ جیاوازی بکرێت لەنێوانیان، بەهۆی ڕەگەزو ئاین و زمان.

هـ- ڕێگادان بە پارتی دیموکراتی کوردستان، بە چالاکی کارکردن بە ئاشکرا، هەروەها دەرکردنی ڕۆژنامەی (خەبات) و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دیکەش.

دیارە ئەو بڕیارانە، دەرفەتی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و عبدالکریم قاسم خۆشکرد.

لە ئاست هەڵوێستی سەرکردایەتی پارتی بەتایبەتی و جەماوەری کورد بە گشتی، دەربارەی شۆرشی ١٤ تەمووزو خودی عبدالکریم قاسم، ئەم هەڵوێستانە هاتنەدی:[١٩٢]

١- لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨، مستەفا بارزانی لە شاری بۆخارست پایتەختی ڕۆمانیا، بروسکەیەکی پیرۆزبایی و پشتگیری ئاراستەی عبدالکریم قاسم کرد.

٢- کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ تەمووزی ١٩٥٨ بەیاننامەیەکی لە ژێر ناوی (بەیاننامەیەك بۆ گەلی کورد) دەرکرد، تیادا هاتبوو: پارتی بڕیاریدا کە بە هەموو تواناکانی پشتگیری و بەرگری لە سەرکردەکانی شۆڕش بکات، هەموو ئەندام و لایەنگرانی ئامادەن خۆیان لە پێناو کۆماری عێراق بەخت بکەن.

٣- چەندین وەفدی کورد، سەردانی شاری بەغدایان کرد بۆ پێشکەشکردنی پیرۆزبایی بۆ سەرکردەکانی شۆڕش، ئەو وەفدانەش لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەبدوللاّ و نوری ئەحمەد تاها سەرکردایەتی دەکران.

٤- دەربارەی هەوڵی تیرۆرکردنی عبدالکریم قاسم لە ٧ تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ لەلایەن ناسیۆنالستە توندرەوەکان، رۆژنامەی خەبات، زمانحاڵی پارتی لەوتارێکیدا بە توندی دژی ئەو هەوڵە وەستا، بە کارێکی دوژمنکارانەی دانا.

سەردەمی حوکمرانی لە عێراقدا، لەماوەی دەسەڵاتی (عبدالکریم قاسم) ١٩٥٨-١٩٦٣، ئەم وڵاتە بەرەو رووی قەیرانی سیاسی بۆتەوە، کێشەو ململانێیەکان رۆژانە بەرەو ئاڵۆزبوون دەچوون، دیارە هۆکارەکانیشی زیاتر بۆ ئەو شێوازە تاکرەوییەی عبدالکریم قاسم دەچوو، کە سیاسەتێکی دروست و روونی نەبووە، هەروەها بە هۆی ململانێی توندی نێوان هێزە سیاسیەکان، بەتایبەتی نێوان حزبی شیوعی عێراقی لەلایەکەوە لەگەڵ حزبەناسیۆنالستە عەرەبیەکان لەلایەکی دیکەوە.

بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پەنای بۆ برد، بۆ خۆشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵی حکومەت و خودی (عبدالکریم قاسم)، ئەوا رۆژ لەدوای رۆژ پەیوەندییەکان روویان لە ساردی و لاوازی دەکرد بە تایبەتی دوای رووداوەکانی کەرکوك لەتەموزی ١٩٥٩ لە کۆتاییەکانی ئەو ساڵەدا.

حکومەتەکەی عبدالکریم قاسم پشتی لە داوا رەواکانی گەلی کورد کرد، تا کار گەیشتە سەرراگرتنی رۆژنامەکان وگرتنی سکرتێری پارتی و زیندانی کردنی دەیان ئەندامی. بۆیە دوا هەنگاوی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاردان بوو لەسەر راپەڕینی چەکداری لە ١١ ئەیلولی ١٩٦١.

**سێیەم: گفتوگۆکانی نێوان پارتی دیمکراتی کوردستان و حکومەتەکانی عێراق(١٩٦١-١٩٧٠):**

١- لە ١٨ شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەکی سەربازی لە بەغدا روویدا، بە هۆیەوە حکومەتەکەی (عبدالکریم قاسم)[١٩٣] رووخا و حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست دەسەڵاتی گرتە دەست و (عەبدولسەلام عارف) بوو بە سەرۆك کۆمار.

هەر دوای سەرکەوتنی کودەتاکە، مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بانگەوازی راگرتنی شەڕی راگەیاند. دوابەدوای ئەوە زنجیرەیەك کۆبوونەوەو گفتوگۆ لە نێوان پارتی و حکومەتی بەغدا دەستی پێکرد، لە ئاکامدا حکومەتی بەغدا لە راگەیاندنێك رازیبوونی بە شێوازی (لا مەرکزی) بۆ کوردستان راگەیاند، وەك سیستمێکی کارگێڕی بۆ ناوچەی کوردستان، بەڵام هەوڵەکان بە بنبەست گەیشتن و شەڕو پێکدادان بە توندی دەستی پێکردەوە لە هاوینی ١٩٦٣.

٢- لە ١٨ تشرینی دووەمی ١٩٦٣، عبدالسلام عارف سەرۆك کۆمار، لە کودەتایەکی سەربازی لە شاری بەغدا، حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی لە دەسەڵات دوورخستەوە، دوابەدوای ئەوە، گفتوگۆکان لەنێوان حکومەتی بەغداو سەرکردایەتی پارتی دەستی پێکرد. ئاکامی ئەو هەوڵانە، لە ١٠ شوباتی ١٩٦٤ گەیشتنە رێککەوتنێك، بەڵام ئەو رێککەوتنەش سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو ئاشکرا بوو هەردوولا بۆ کات بەسەربردنیان بوو.

٣- لەسەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٦، دووبارە گفتوگۆی نێوان حکومەتی بەغداو سەرکردایەتی پارتی دەستی پێکرد، ئەو هەوڵانەش کۆتایی هات بە ئیمزاکردنی رێککەوتنێك لەسەر چەند خاڵێك کە لە بەیاننامەکەدا بڵاوکرایەوە و ناسرا بە بەیانی ٢٩ حوزەیران، ئەگەر چی ئەو هەوڵەش وەك ئەوانی پێشووتر هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

٤- لە ١٧ تەموزی ١٩٦٨، لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازی لە شاری بەغدا، بۆ جاری دووەم حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست گەڕایەوە سەر دەسەڵات، (احمد حسن البکر)* بوو بە سەرۆك کۆمارو صدام حسین* بە جێگری. شەڕی سەخت لەنێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای رژێم دەستی پێکرد، بەڵام شەرەکانی بێ ئاکام بوون، دەسەڵات پەنای بۆ گفتوگۆکردن برد، هەوڵەکان کۆتایی هات بە رێککەوتنێك کە لە بەییاننامەیەك بڵاوکرایەوە، ناسرا بە بەیانی ١١ ئازار، کە تیایدا بۆ یەکەم جار حکومەتی بەغدا دانی نا بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

ئەگەر چی ئەم رێککەوتنەش لە جێبەجێکرندا سەرکەوتوونەبوو، دوای چوار ساڵی درێژە پێدان، جارێکی دیکە لە ئازاری ١٩٧٤ شەڕ دووبارە دەستی پێکردەوە.

٥- شەڕەکانی ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥) لە نێوان هێزەکانی رژێم و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بێ ئاکام بوو، حکومەتی بەغدا بۆ کۆتایی هێنان بە هاوکاری دەرەکی لە کورد، پەنای بردە بەررێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ئێران، ئەو هەوڵانە کۆتایی هات بە رێککەوتنێك لە نێوان هەردوولا لە شاری جەزائر لە ٦ ئازاری ١٩٧٥.

ئەنجامەکانی ئەو رێککەوتنە، هەرەس هێنانی شۆرشی کورد، بوو لە رووی سەربازییەوە، هەڵوەشانەوەی رێکخستنەکانی پارتی، پەنا بردنی ژمارەیەکی گەورەی پێشمەرگەو ئەندام و سەرکردەکانی پارتی بۆ ئێران و ئەوروپا بوو.

## کەسایەتی مستەفا بارزانی و ڕۆڵ و پێگەی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان:[١٩٤]

ناوی تەواوی، مستەفا شێخ محەمەد شێخ عەبدولسلام بارزانی، لەبەرواری ١٤ ئازاری ١٩٠٣، لە ناوچەی بارزان هاتۆتە دونیاوە.

لە نێوان ١٩١٧- ١٩١٩، بۆ کاروباری شۆرش لەلایەن شێخ ئەحمەد بارزانی (برا گەورەی) دەنێردرێت بۆ لای شێخ عبدولقادری نەهری لە کوردستانی باکور.

ساڵی ١٩١٩ بەسەرۆکایەتی هێزێکی چەکدار، دەچێتە ناوچەی سلێمانی بۆ هاوکاری کردنی شێخ مەحمودی حەفید لەراپەڕینە چەکدارییەکەی، دوای ئەوە ساڵی ١٩٢٠ بە هاواری ئەرمەنیەکان لەگەڵ هێزێك دەچێتە تورکیا.

ساڵی ١٩٣٦، لەکاتی کە دەچێتە (موصل) بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت، لەوێ لەلایەن موتەسەریفی موصل، دەرمان خوارد دەکرێ، دوای ئەوە بە زەحمەت رزگاری دەبێ. مانگی کانونی یەکەمی ١٩٤٣لەسلێمانی بە یارمەتی حزبی هیواو شێخ لەتیفی شێخ مەحمود رزگاری دەبێ لەدەس بەسەری و دەگەڕێتەوە ناوچەی بارزان و راپەرینی چەکداری رادەگەیێنێ کە تا ساڵی ١٩٤٧ درێژەی کێشاو دوای چەندین شەڕ لەگەڵ سوپاکانی عێراق و ئێران، ناچار لەگەڵ هێزێکی بارزانی پەنا بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەبەن لە ١٨ حوزەیرانی ١٩٤٧.

لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ لە یەکەم کۆنگرەی پارتی بە سەرۆکایەتی ئەو حزبە هەڵدەبژێردرێت. دوای ١٢ ساڵ ئاوارەیی لە ٦ تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، درێژە بە خەباتی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدا، لە ١١ ئەیلولی ١٩٦١ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول دەکات، کە درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٧٥.

لە ٢٥ ئازاری ١٩٧٩ بەهۆی نەخۆشییەوە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچی دوایی دەکات.

دیارە لەو بارودۆخە سەختەی کە مستەفا بارزانی تیایدا ژیاوە، بەتایبەتی ساڵانی یەکەمی ژیانی، کە پڕ بووە لەکێشمە کێشمی ژیان و رووداوی سیاسی

و راپەڕینی شۆڕشگێڕانە، سەرەڕای نەبوونی قوتابخانەی خوێندن، تەنها لە چەند شارێکی گەورە نەبێ، دەرفەت نەبووە لەبەردەمی کە لە قوتابخانە بخوێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەم بوارەی ژیانی، دەبینین بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیری خۆی پێ بگەیەنێ، بایەخی گەورەی بە زانست وزانیاری داوە. سەرەتا لە ناوچەی بارزان، رەنگە تا رادەیەك فێری خوێندن و خوێندەواری بووبێت، بەڵام هەر دەرفەتێکی بۆ خوڵقابێت لە دەستی نەداوە، هەروەك لەم حاڵەتانەدەردەکەوێت.

لەو ماوەیەی دوورخرابۆوە بۆ شاری (موصل) لە ساڵانی (١٩٣٤-١٩٣٦) لە مزگەوتی (عبدالله نشات) وانەی فیقهی ئیسلامی و زمان و ئەدەبی فارسی خوێندووە. هەروەها کاتێ لە شاری (ناسرییە) بوو لە باشوری عێراق، بەهۆی دوورخستنەوەیان، لای موفتی ناسرییە (عبدالرزاق الفتیان) درێژەی بە خوێندنی ئاینی داوە.

لەو ماوەیەی کە لە شاری سلێمانی ماوەتەوە، هەوڵی خوێندنی زانیاری و زانستی داوە، بە تایبەتی لە بواری ئاییندا. لای (سەید عبدالله) ئیمامی مزگەوتی گەورە، دواتریش لە مزگەوتی (مەولانا خالید نەقشبەندی) لای مەلا (عبدالله چرۆستانی) خوێندوویەتی.

مستەفا بارزانی، لەسەرەتای ژیانیەوە جگە لە زمان و ئەدەبی کوردی، ئاشنای زمانی عەرەبی و فارسیش بووە، زۆر شوێنکەوتووی کەلتورو زانیاری بووە، شارەزاییەکی باشی لە شیعرو فەلسەفەو بیرو هەستی شاعیرانی کلاسیکی بووە.

هەر لە ساڵانی پەناهەندەیی لە یەکێتی سۆڤیەت، بارزانی دەستی بە فێربوونی زمانی روسی کردووە، لە تەمەنی (٤٥) ساڵیشدا لە ئەکادیمیای بەرزی حزبی شیوعی سۆڤیەتی قوتابی بووە، جێگای رەزامەندی مامۆستایەکانی بووە.

بارزانی لەناو بنەماڵەیەک ژیاوەو گەورە بووە کە هەموو ژیانیان لەخەبات و تێکۆشاندا بووە، دژ بە چەوساندنەوەو زولم و دەست درێژی، بیانی بێت یان ناوخۆیی، ئەو رووداوو بەسەرهاتە دژوارانە، کاریگەرییان هەبووە لەسەر هەست و بیرو بۆچوونەکانی و لەسەر پێگەیاندنی کەسایەتی بارزانی، جگە لەبەسەرهات و ئەزموونی قۆناغەکانی سەرکردایەتیکردنی بۆ شۆرش و خەباتی چەکداری بە ماوەی دەیان ساڵ، سەرەڕای پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و مانەوەی نزیکەی (١٢) ساڵ لە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت.

هەموو ئەو هەلو مەرجانە، پێداویستی و بنەماکانی سەرکردایەتی سیاسی و کاریزمی بۆ بارزانی پێگەیاند، کەسایەتی بە تواناو پڕ ئەزموون لێهاتوویی و کارامەیی بۆ دروست کردووە، چ بە هۆی ئەزموونە بەردەوامەکانی بێت، یان بە هۆی ئەو هێزە کاریگەرەی لە ژێر دەستیدا بووە، یاخود پێگەو دەست رۆیی فراوانی لەناو کۆمەڵگای کوردستانی بەشێوەیەکی تایبەت و هەموو هێزە سیاسیە عێراقی و بیانیەکان بێت بەشێویەکی گشتی. دەکرێ بووترێ کە یەك لەو خەسڵەتانەی بارزانی پێی دەناسرێ ئەوەیە کە تەنها سەرکردەیە لە سەرکردەکانی جیهانی سێیەم، لە سەردەمی دەسەڵاتی هۆزو بنەماڵەی ئاینی پێگەیشتووە، بەڵام ئەو درێژەی بەو شێوازە سەرکردایەتیە نەداوە، ئەو بەهۆی ئەزموونی زۆری خۆی و پێگەی کۆمەڵایەتی، توانیویەتی پەرە بە تواناکانی بدات و لەقاوغی سەرکردەکانی پێش خۆی رزگاری ببێ.

مستەفا بارزانی و پارتی بەردەوام دوو هێزی تەواوکەری یەکتر بوونە، کادیرانی پارتی بەردەوام ترسیان لەوە هەبووە کە بارزانی لەسەرکردایەتی پارتی دووربکەوێتەوە، ئەو بەردەوام هۆکارێکی پاڵپشت بووە بۆ درێژە پێدانی پارتی لە خەبات، سەرەڕای پاراستنی یەکێتیە ناوخۆییەکەی، ئەگەرچی لە چەند قۆناغێکدا ململانێ و دووبەرەکیش بەرەو رووی بۆتەوە.

ژمارەیـەکی زۆری نووسـەرو توێـژەر باسـیان لـە کەسـایەتی مستەفا بـارزانی کردووە، هەندێکیان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە بارزانی کەسێکی پابەند بوو بە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی پارتی، هەندێکی دیکە باسی ئەوەیان کردووە کە بارزانی باوەڕی بە بوونی حزبێکی جەماوەری بەهێز هەبووە لەکوردستان، بەڵام بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەو حزبە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و تواناکانی بەکاربهێنێ وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خۆی، کەسانێکی دیکە بۆچوونیان وابووە کە بارزانی لە راستیدا باوەڕی بە حزب و ژیانی حزبایەتی نەبووە.

رەنگە، هەرسێ بۆچوونەکە وەك پێویست ئامانجی خۆی نە پێکابێ، بیروراکان جیاوازیـان تیـادا هەیـە، هەنـدێکیان بـە مەبەسـتی خـراپ باسـکردنی ئـەو تێکۆشـەرە گەورەیـە بـووە، کەسـانی دیکـەش بـە هـۆی شـارەزا نـەبوونیان لـە تـەواوی ژیـانی، هـەروەها بەشێکیانیش زیـاد رۆیـشتوون بـە هـۆی دڵـسۆزییان بۆی، بەڵام ئەو دڵسۆزییە، بڕیارەکانیان، هەست و سۆزی دەروونی کاریگەری هەبووە بەسەریاندا.

بـە بۆچـوونی بـارزانی، حـزب چـەندی بـەهێز بێـت، بـەڵام توانـای کۆکردنـەوەی هـەموو گـەلی نابێـت لەبـەر زۆر هۆکـار، کـە بۆ جیاوازییە چینایەتی و ئـایینی و عەشایری و فیکرییەکانی دەگەڕێتەوە، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتـەوە کە دەبێ ئەو لایەنانە بە هەند وەربگیرێت.

بـارزانی لـە ژیـانی نـاوخۆی حزبایەتیـدا بـاوەڕی بـە ناوەنـدێتی دیموکراسـی و ملکەچـی کەمایـەتی بـۆ زۆرینـە هـەبووە، بۆیـە دژی هـەر لایـەنێك بـووە کـە بـە پێچەوانەی ئەو بنەمایە کاری کردبێ. بارزانی بـاوەڕی بە ژیانی حزبایـەتی و حـزب هـەبووە، بـەڵام لـە چوارچـێوە دروسـتکەی خـۆی دابنرێـت، لـە پێنـاو بەرژەوەندی کۆمەڵگە.

**کۆتایی:**

پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی کۆن و خاوەن تەمەنێکی درێژە لە کوردستان و لە ناوچەکە. ئەم پارتە سەرەتای دامەزراندنی لە ١٩٤٦، لە کادیرو ئەندامانی چەندین حزب و ڕێکخراوی کوردستانی پێکهاتووە، وەك حزبی هیوا، حزبی رزگاری و شۆڕش، لقی ڕێکخراوی (ژ.ك) لە کوردستان، لەگەڵ کۆمەڵە کەسایەتیەکی نیشتمان پەروەری دیکە.

دوای ئەو بەسەرهاتە کورتەی ژیانی کە خرایە روو، وا پێویست دەکات پوختەی باسەکە لە چەند خاڵێك کورت بکەینەوە، هەورەها هەڵسەنگاندنێك بۆ رۆڵ و پێگەی و خسلەتە گشتیەکانی بخەینە ڕوو، کە لە چەند خاڵێك بە کورتی باسیان دەکەین:

١- پارتی لەماوەی تەمەنیدا کە (٦٧) ساڵ تێپەڕ دەکات، ژمارەی (١٣) کۆنگرەی گشتی بەستووە، ئەوەش وا دەگەیەنێ کە تێکڕای هەر (٥) ساڵ و چەند مانگێك کۆنگرەیەکی بەستووە. سەرەڕای چوار کۆنفرانس لە ساڵانی (١٩٥٩، ١٩٥٠، ١٩٦٤، ١٩٧٦).

ئەم حالەتە دیاردەیەکی ئەرێنیە لە ژیانی پارتی و هەروەها باوەڕی بە ژیانی دیموکراسییەت و بنەماکانی حزبایەتی پیشان دەدات.

٢- مانەوەو درێژە پێدانی پارتی بەخەبات و چالاکیەکانی بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

أ- بوونی سەرکردایەتیەکی بەهێز، کە بەردەوام جێگای ڕێزو متمانەی کادیرو ئەندامانی پارتی بووە، ئەو سەرکردایەتیەش بەکردەوە لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی بووە.

ب- ئەم پارتە نوێنەرایەتی چەندین چین و توێژی کۆمەڵایەتی دەکات، سەرەڕای ڕەوتە هزری و سیاسییە جیاوازەکان، لەریزەکانیدا کەسانی ئاغا و خاوەن مولکە گەورەکان، پیاوانی ئاینی، چین و توێژەکانی بچووك و ناوەڕاست، ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ، ڕۆڵەکانی جوتیارو کاسب و کرێکارو پیشەداران، دەگرێتە خۆی.

ئەم پێکهاتەیە، وەك چوارچیوەیەکی نەتەوایەتی لێدێت، مورکێکی نیشتمانی نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز دەگرێتە خۆی. پێکهاتەیەکی گونجاوە بۆ قوناغی رزگاری نیشتمانی.

ج- پارتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، تێڕوانینێکی واقعی و بابەتیانەی هەبووەبۆ کەمە نەتەوایەتی و مەزهەبیەکان لە کوردستاندا، ریزی لە ماف و داواکاریەکانی گرتووە، دەرفەتی بۆ رەخساندوون کە لە ریزەکانی خەبات بکەن.

٣- پارتی دیموکراستی کوردستان، پارتێکی ناسیونالستی دیموکراسیە، دژایەتی ئیستعمارو دەسەڵاتی بیانی دەکات، خەبات دەکات لە پێناو رزگاری و ئازادی و دیموکراسی.

٤- سەرەڕای مۆرکە ناسیونالستەکەی، لە ناوەرۆکدا، ئامانجەکانی، خەباتکردنە لە پێناو پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات، بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارو جوتیارو کاسبکاران.

٥- لەناو پارتیدا، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، بیروباوەری جیاواز هەبووە لەمبەری راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، بەهۆی پێکهاتەی چینایەتی جیاواز.

٦- لەناو پارتیدا بە درێژایی تەمەنی، ململانێ و جیابوونەوە روویداوە، وەك هەموو حزبەکانی دیکەی جیهانی سێیەم.

٧- پارتی، تا رادەیەکی گەورە، شێوازو رووخساری بنەماڵەیی پێوە دیارە، هەر لەیەکەم رۆژی دامەزراندنیەوە، سەرۆکایەتی و دەسەڵاتی سەرەکی بەدەستی مستەفا بارزانی و کور و بنەماڵەکەی بووە.

٨- پارتی دیموکراتی کوردستان لە میانەی کۆنگرەکانی، چەند جارێك ئایدیۆلۆژیاکەی گۆرانی بەسەردا هاتووە، لەچەند کۆنگرەیەك ئایدۆلۆژیای مارکسی- لینینی لەبەرنامەکەی خۆی چەسپاندووە، بەڵام دواجار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

٩- پارتی لەو حزبانە بووە کە بایەخێکی گەورەی داوە بە دامەزراندن و بوژاندنەوەی ڕێکخراوو یەکێتیە دیموکراسیە جەماوەریەکانی وەك، لاوان، قوتابیان، جوتیاران، کرێکاران، ئافرەتان و کۆمەڵە پیشەییەکان.

١٠- چەند تێبینیەك دەربارەی پەیرەوی ناوخۆی پارتی:[١٩٥]

أ- لەکارو چالاکی ڕێکخراوەیی پارتی پەیرەوی بنەمای ناوەندێتی دیموکراسی دەکات، دیارە ئەمەش یەك لە بنەمای حزبە مارکسیەکانە.

ب- بایەخدانی گرینگی بە ڕێکخراوو سەندیکا و کۆمەڵە جەماوەریەکان.

ج- لە مەرجەکانی خۆ پالاَوتن بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی، دەبیّ پالێوراو دە ساڵ بەسەر ئەندام بوونی تێپەربووبیّ.

د- پەیرەوی پەسندکراوی کۆنگرەی (١٣) شێوازی پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە سنوری هەر پارێزگایەك دارشتووە. ئەو ئەنجوومەنە دەسەلاَتەکانی هەموو مەکتەبە ناوەندییەکان دەگرنە خۆیانەوە ونوێنەریان تیادا دەبێت.

هـ- دووبارە ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی، بەشێوازێك ڕەچاوی گەشەکردنی ڕێکخستن و گۆڕانکاریە کۆمەلاَیەتی و ئابوری و ڕۆشنبیرییەکان بکرێت.

# بەشی پێنجەم

## سەردەمی فرە حزبی لە کوردستانی باشوور

١- یەکێتی نیشتمانی کوردستان

٢- حزبی شیوعی کوردستان

٣- بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان

٤- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

٥- کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان

**بارودۆخی سیاسی کوردستان لە ساڵانی دوای ١٩٧٥:**

هەر لە رۆژانی یەکەمی سەرکەوتنی کودەتا سەربازییەکەی حزبی بەعس بەسەر حکومەتەکەی (عەبدولرەحمان عارف)، سەددام حسین، وەك جێگری یەکەمی سەرۆك کۆمار (ئەحمەد حەسەن بەکر)، نەخشەو بەرنامەی ئەوە بوو کە بگاتە لوتکە و کەسی یەکەم لە عێراق و دواتریش ببێتە سەرکردەیەکی نەتەوایەتی لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی.

(سەددام حسێن) پەیتا پەیتا لەناو دەسەڵات هەموو جومگە کاراکانی دەوڵەتی بەپێی بەرنامەی خۆی رێك دەخست، حزبی بەعسیش بووە حزبی سەرکردە و سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە عێراق.

کاتێ (سەددام حسێن) رێککەوتنی جەزائیری ئیمزا کرد لەگەڵ شای ئێران (محەمەد رەزا شا) و کۆتایی بە بزووتنەوەی چەکداری کورد هێنا لە کوردستانی باشوور، کورد بەرەو رووی رۆژگارێکی رەش بۆتەوە، ئەو دیاردەیە زیاتر حکومەتی بەعسی لە عێراق هاندا بۆ ئەوەی لەسەر سیاسەتی بەقڕکردنی کورد بەردەوام بێت، بۆ ئەم مەبەستەش تەنها داروخاندنی ژێرخانی سیاسی و سەربازی جوڵانەوەی کورد ئامانج نەبوو، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی کەسێتی نەتەوەیی و ژێرخانی کوردیش ئامانج بوو.

**سیاسەتی بەعس بەرامبەر کورد لەو سەردەمە لە سێ خاڵی سەرەکی کورت دەکرێتەوە:**

أ- راگواستنی کورد لەناوچە ستراتیجیەکان، نەوتیەکان، سنوریەکان، لەگەڵ کۆکردنەوەیان لە چەند ئۆردوگا و ناوچەیەك، یاخود گواستنەوەیان بۆ باشووری عێراق.

ب- بەعەرەب کردنی کورد، وەك لە پارێزگای کەرکوك و قەزاکانی خانەقین و مەندەلی و شەنگال و مەخمور رویاندا.

ج- بە بەعسی کردنی کورد، بەتایبەتی ئەوانی لەناو شۆڕش گەڕابوونەوە لە کادیر و ئەندامانی پارتی و پێشمەرگەکان.

**(سەددام حسێن) دوای سەرکەوتنی بەرامبەر کورد، بەپێی بەرنامەکەی خۆی چەند هەنگاوێکی دیکەشی هاوێشت:**

١- هەوڵیدا رۆڵی حزبی شیوعی عێراقی لاواز بکات، بۆیە کەوتنە گرتن و کاری پۆلیسی بەرامبەر ئەندام و چالاکییەکانی حزبی شیوعی، ئەو لەم قۆناغە پێویستی بە حزبی شیوعی نەمابوو بۆ پشتگیری کردنی.

٢- لەناو حزبی بەعس کەوتە کار بۆ کۆتایی هێنان بە هەر بەرهەڵستیەك بۆ ئەوەی خۆی ببێتە کەسی یەکەم لە عێراق، تا لە ساڵی ١٩٧٩ توانی (ئەحمەد حەسەن بەکر) لەسەرۆکایەتی کۆمار دووربخاتەوە بۆ خۆی بووە: سەرۆك کۆماری عێراق، ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عێراق، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان.

٣- دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران بە سەرکردایەتی ئیمام خومەینی لە شوباتی ١٩٧٩ سەددام ئەو بارودۆخەی ناو ئێرانی بە دەرفەت زانی و هەڵگیرساندنی جەنگ دژی ئێران، بۆ جێبەجێ کردنی دوو ئامانجی سەرەکی:

١- پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنانەی بە ئێرانی دابوو بەپێی رێککەوتنی جەزائیر.

٢- وەك پاڵەوانێك لەناو گەلانی عەرەبی دەرکەوێت و ببێتە سەرکردەی نەتەوە.

رێککەوتنی جەزائیر لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥، سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و سەرۆك بارزانی خستبووە بەردەم بریارێکی دژواری مێژویی یەکلاکەرەوە. بارزانی دوای گەڕانەوەی لە سەردانەکەی بۆ تاران و

چاوپێکەوتنی بە شای ئێران (محەمەد رەزا) لە رۆژی ١٣/ئازاری/١٩٧٥، سێ ئەگەری خستە بەردەم سەرکردەکانی شۆڕش و پارتی:

١- خۆ بەدەستەوەدانو پەنابردن بۆ ئێران.

٢- خۆ بەدەستەوەدان و سوود وەرگرتن لە لێبوردنی گشتی حکومەتی عێراق.

٣- بەردەوام بوون لە سەر شۆڕش، بێ هاوکاری ئێران.

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە نێوان خۆیاندا بوونە سێ بەش:

أ- خۆبەدەستوە دان و کۆتایی هێنان بەشەڕ.

ب- گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق، بۆ رزگارکردنی شۆڕش لە هەرەس هێنان.

دیارە دەربارەی ئەم خاڵە مەکتەبی سیاسی پارتی بە ئاگاداری مستەفا بارزانی بروسکەیەکی ئاراستەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرد لە بەغدا، بەڵام بروسکەکە هیچ وەڵامی نەبوو.

ج- لەپاڵ ئەو دوو بۆچوونە، رایەکی دیکە سەری هەڵدا کە درێژە بە خەبات و شۆڕش بدرێت و سوود لەو توانایانەی لەبەر دەستدایە وەربگیرێ، ئەوانی زیاتر ئەم بۆچوونەیان هەبوو، شەهیدان (ساڵح یوسفی و عەلی عەسکەری) بوو بەڵام دوا بڕیار کۆتایی هێنان بوو بە شۆڕش و بڵاوەکردنی پێشمەرگە و هێزەکان بوو.

یەك لە دەرئەنجامە گرنگەکانی ئەم هەرەس هێنانەی شۆڕش، سەرهەڵدانی بیروبۆچوونی سیاسی و هزری جیاواز بوو ئەوی پێشتر بەهۆی ئەو بارودۆخە و بەهۆی درێژە پێدان بە خەباتی چەکداری کپ و بێ دەنگ بوو هەمووی تەقیەوە و سەریان هەڵدا، کە لەئاکامدا ژمارەیەکی زۆری حزب و رێکخراوی سیاسی جیاواز لە بیر و بۆچوون دروست بوون.

## یەکەم/ یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

### سەرەتای هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی:

دوای داروخانی بزووتنەوەی چەکداری رزگاریخوازی کورد، لە ئازاری ١٩٧٥، حاڵەتێك لە بێ ئومێدی ورە بەردان و سەرلێشێواوی بڵاو بۆوە لەناو کۆمەڵ و جەماوەری کورد بەشێوەیەکی گشتی و هەروەها کادیر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت.

بەڵام، لە هەمان کاتدا، ئیرادەی راستەقینە لای تێکۆشەرانی کورد، نەچووە بن ئەو بارودۆخە، بەڵکو حاڵەتی هۆشیاری شۆرشگێرانەی خۆیان پاراست، ئەو ئیرادە و رۆحە شۆرشگێرییە هانیدان کە درێژە بە تیکۆشانی خۆیان بدەن، هەر دوای چەند مانگێك دەسکرا بە خۆرێکخستن و درێژەدان بە خەباتی سیاسی و چەکداری.

لەم بوارە رۆڵی مام جەلال، رۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر بووە، ئەو هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی[١٩٦]، رێککەوتنی جەزائیری ١٩٧٥ (لەو کاتە مام جەلال لە نووسینگەی بەیروتی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری دەکرد) دژ بە شۆرشی کرد، وەك هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆی بەرامبەر بە گەلەکەی، هەستا بە چەند هەنگاوێك، سەرەتا پەیوەندی کردن لەگەڵ سەرۆك وڵاتانی (میسر و سوریا و لیبیا، کە هەریەك لە ئەنوەر سادات، حافز ئەسەد موعەمەر قەزاق) بوون.

بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ شۆرشی کورد دژ بەو پیلانانەی کە دارێژراوە، بەڵام بە هۆی بریاری کۆتایی هێنان بە شۆرش لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە، ئەو هەنگاوەی مام جەلال هیچ بەرهەمێکی نەبووە لەو کاتانەدا.

دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی پێشمەرگە و تێکۆشەران لە ئێران و گەرانەوەی بەشێکیان بۆ عێراق، مام جەلال دەستی کرد بە پەیوەندی کردن لەگەڵ ژمارەیەکی گەورەی ئەو تێکۆشەرانە، لەناو عێراق و ئێران و سوریا و ئەوروپا،

چەند نامەیەکی ناردووە بۆ سەرکردایەتی پارتی بە شێوەیەکی نهێنی لە ١٣/ئازاری/١٩٧٥.

مام جەلال سوور بوو لەسەر درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان بە پشت بەستن لەسەر توانا و هێزی جەماوەر، بۆیە زنجیرەیەك پەیوەندی و کۆبوونەوەی دەست پێ کرد لەگەڵ دڵسۆزان و تێکۆشەرانی کورد کە درێژایی مانگەکانی ئازار و نیسان و ئایاری ١٩٧٥ خایاند، مام جەلال لەو ماوەیەدا پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆری سەرکردەی سیاسی و سەربازی ناو شۆرش کردووە لە دەرەوە و ناوخۆ.

یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی بە سەرۆکایەتی مام جەلال لە ٢٢/ئایاری/١٩٧٥ سازدراوە، لە قاوەخانەی (طلیطلة)ی ناو دیمەشق، ئامادەبووان بریتی بوون لە هەریەك لە:

د.فوئاد مەعسوم، عەبدولرەزاق عەزیز، عادل موراد.

دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ، لەگەڵ ئاڵ و گۆرکردنی بیروڕاکان، بڕیار درا کە ئەو ڕێکخستنە نوێیەی نیازە دروست بکرێت ناوی لێ بنرێت (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، بۆ ئەوەی جێگای هەموو چین و توێژە نیشتمانپەروەر و تێکۆشەرانی تیادا ببێتەوە.

هەروەها بۆ بڕیاردانی کۆتایی لەسەر بەڵگەنامەکان (بەرنامەی سیاسی و پەیڕەوی ناوخۆ) درێژە بە پەیوەندییەکان بدرێ.

مام جەلال بۆ ئەو مەبەستە سەفەری ئەوروپای کرد، لە شاری بەرلین لە ٢٤/ ئایاری/ ١٩٧٥ چاوی کەوت بە هەریەك لە (نەوشیروان مستەفا ئەمین، د. کەمال فوئاد، د. ئەرجومەند صدیق، د. حسن حمە علی، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، د. لەتیف رەشید، د.عومەر شێخ موسی، لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکەش.

لەو کۆبوونەوانەدا، گفتوگۆ لەسەر ناوەرۆکی بەرنامەی سیاسی و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی و بەیاننامەی دامەزراندن کراوە، بڕیاریش درا کە بە فەرمی

دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی بڵاو بکرێتەوە دوای گەڕانەوەی مام جەلال، بۆ سوریا، لە کۆتایی ئایاری ١٩٧٥.
بۆیە دوای کۆبوونەوەی بەرلین، ئەنجومەنی دامەزراندن فراوان بوو، بریتی بوو لە: مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، د. فوئاد مەعصوم، د. کەمال فوئاد، د. عومەر شێخ موسی، عبدالرزاق فەیلی، عادل موراد.
هەر دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە رۆژی ١/حوزەیرانی/ ١٩٧٥، یەکەم رێکخراو پەیوەندی بە یەکێتیەوە کرد و بوو بە ئەندام، کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان بوو.
دوای چەند مانگێکی دیکە، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لە رێگای نوێنەرەکەی (عومەر مستەفا) پەیوەندی بە ریزی یەکێتی نیشتمانی کرد.
یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنی لەچەند لایەنێکی سیاسی پێکهاتووە:
١-کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەران).
٢-بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.
٣- کۆمەڵە تێکۆشەرێك و رۆشنبیرێکی شۆرشگێر لەناو یەکێتی خەباتیان دەکرد، بێ ئەوەی پەیوەندییان بەو دوو رێکخراوەی سەرەوە هەبێت.

**پێکهاتەی (ی.ن.ك):**

دامەزراندنی یەکێتی بەو پێکهاتە نوییەی، لەراستییدا گۆڕانێك بوو لە ژیانی حزبی و سیاسی ناو کۆمەڵگەی کوردستان، هۆکارێك بوو بۆ دەرکەوتنی چەندین رەوتی سیاسی جۆراوجۆر، سەرڕای جیاوازی لەبیروبۆچوونی ئایدۆلۆژی و سیاسییان، کە کاریگەری بەسەر رەفتارو هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کۆمەڵانی خەڵك هەبووەو ئاکامەکەشی دەرکەوتنی فرەیی سیاسی و بوونیادنانی بناغەیەك بۆ هێزی ئۆپۆزسیونی سیاسی بوو.

دیارە مەبەستیش لە فرەیی سیاسی، دانپیانانە بەبیروبۆچوونی جۆراوجۆر،کە دەرگای بۆ بیروباوەڕی جیاواز کردەوە.

نووسەرێك دەڵێت:[١٩٧]

باڵـەکانی نـاو (ی.ن.ك) لەسـەر داهێنـانی هـزری مارکسی بـووە، بـەپێی ئـەو پرەنسیپە مارکسیەی کە دەڵێت (وحدة وصراع المتناقضات)، واتە جۆرێك لە یـەکگرتن، بریتـی بێـت لەسـەر بنـچینەی نیـشتمانی و رزگـاری کوردسـتان، سـەرەڕای ململانـێش کـە بریتیـە لـە ململانێـی چـینەکانی کوردسـتان، لەچوارچێوەی ی.ن.ك.

ئـەو پێکهاتەیـە لەسـەر بنەمایـەك دارێـژرابوو کـە هـەمان چـین و توێـژەکانی کۆمـەڵگای کوردسـتان جێگـای بـۆ کرابێتـەوە، هـەروەها لـە کۆتاییـدا (کۆمەڵـەی مارکس- لینینی) لێی سەرکەوتوو بێت و ببێتە حزبی پێشڕەو لە کوردستان.

بۆ ئەوەی بزانین کە حزبێکی سیاسی تا چەند پلۆرالیزمی سیاسی قبوڵکردووە، دەبێ تێڕوانینێکی فراوانترو روانگەی جیاوازمـان هـەبێت، تـا لەڕاستی حزبەکە تێ بگەین.

سەرەتا دەبێ لـە سروشتی پەیوەندییە ناوخۆییـەکانی حزبەکـەوە دەسـت پـێ بکـەین، بە مانایەکی دیکە ئەگـەر حزبـی سیاسـی لـە ئاستی پەیوەنـدی نێـوان سـەرکردەوە ئەندامـەکانی فرەیـی و جیاوازییـەکانی قبـوڵ نـەبێت، ئـەوا دژوارە لەسـەر ئاسـتی پەیوەندییـە دەرەکیـەکانی لەگـەڵ حزبـەکانی دیکـە، رێـز لـە جیاوازییەکان بگرێت و فرەیی سیاسی قبوڵ بکات.[١٩٨]

گـرینگترین تایبەتمەندییـەکانی ئـەو حـزب و لایەنـە سیاسـیانەی باوەڕیـان بـە رێبازی فرەیی هەیە بریتیە لە بوونی تێڕوانینی جیاواز بۆ دیـاردە سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیرییەکان و رازی بوونە بەو جیاوازیانە.

ئـەو ولاّتانـەی کـە بزووتنـەوەی جـەماوەریان تیـادا روودەدات، بـە زۆری ئـەو ولاّتانـەن کـە لـەڕووی ئـابووری و کۆمەڵایەتیـەوە دواکـەوتوون، لەڕاسـتیدا ئـەو

ولاَتانە بەرەو ڕووی ئەزموونێکی گۆڕانکاری دیموکراسیانە نەبوونەتەوە، چەوساندنەوەو داب و نەریتە کۆنەکان باو دەبن و کاریگەرییان لە ژیانی ناو کۆمەڵگە دەبێت.

هەروەها هۆشیاری کۆمەلاَیەتی کە توانای تێپەڕکردنی، یان زاڵبوونی نەبووە بەسەر ئەو بارودۆخە باوەی ناو کۆمەڵگاکان، ئەو جۆرە ژیانە لە ڕەفتارو لە پەیوەندییەکانی ڕەنگدانەوەی بەسەر حزبە سیاسییەکانی دەبێت و ڕۆڵی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیرانیش وای لێدێت کە هەر لەپەراوێزدا بمێنێتەوە.

دیارە، دامەزراندنی (ی.ن.ک) لەو چەند ڕەوتە فیکری و سیاسییە جیاوازانە لەڕووی ڕێکخراوەیی و بۆچوونی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە، ئەزموونێکی نوێ بوو لە ژیانی کۆمەڵگای کوردستان، تا چەند ئەو ڕێکخراوو لایەنانەی ناو یەکێتی، توانیویانە ڕێبازی دیموکراسییانە بچەسپێنن، تا چەند ئەو شێوازە نوێیە لە کاری ڕێکخراوەیی سەرکەوتوو بووە، بۆ ئەم مەبەستەش بە کورتی باس لە ژیان و شێوازی دروست بوونی هەر لایەکیان بەتەنها دەکەین بەلاَم پێشتر وا پێویست دەکات، کە ئاماژە بۆ چەند هۆکارێك بکەین کە کاریگەری بەسەر لایەنەکانی ناو (ی.ن.ك) هەبووە:

١- کارکردن بەشێوەیەکی نهێنی و مەترسی لە دژایەتیکردنی دەسەلاَت.

٢- ئەرکی شۆڕشی چەکداری جەماوەری کە دیارە ئەرکێکی گەورە بوو.

٣- کۆکردنەوەی هەموو بیروباوەڕە جیاوازەکان و ئاراستەکردنیان بۆ خەباتی ڕزگاری نیشتمانی.[١٩٩]

لێرەدا دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە کۆبوونەوەی ئەو سێ ڕەوتە جیاوازە لەڕووی ئایدیۆلۆژی و لەڕووی ڕێکخراوەیی، کە خۆی لەخۆیدا دەرفەت بۆ ململانێی سیاسی و هزری و ڕێکخراوەیی خۆش دەکات، ئەو هێزە سیاسییانە لە هەناوی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی ژێر دەسەلاَتی ڕژێمێکی شۆڤینانە سەریان هەڵداوە و لە هەل و مەرجێکی سەختی نهێنی کاریان کردووە.

## ١- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان:

ئەم ڕێکخراوە لەدوای گۆڕانکاریە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور، ساڵی ١٩٧٠ دروست بووە،[٢٠٠] مێژووی فەرمی دامەزراندنی بۆ ١٠/حوزەیرانی/١٩٧٠ دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەکی نهێنی کاری کردووە.

سەرکردایەتیەکەی لە کۆمەڵە تێکۆشەرێك پیکهاتبوو کە لە ڕووی ئەزموونیەوە جیاوازی زۆریان تیادا بەدیکراوە، چ لەڕووی خەباتی سیاسی و کاری حزبایەتی بێت، یان لەڕووی ئاستی هزری و سیاسییەوە بێت.

کۆمەڵە هەڵگری بیروباوەڕی (مارکسی -لینینی) بووە، لە هەمان کاتدا، هزری (ماوتسی تونگ) کاریگەری هەبووە بەسەر چالاکیەکاندا، چ لە ڕووی جەماوەری و شۆڕشگێرییەوە، یان تێڕوانین بۆ کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بێت.

کۆمەڵە لە سێ دەستەی بەشێوە لەیەك جودا و بە ناوەڕۆك لێك نزیك پێکهات، دەستەیەکیان[٢٠١] بە نوێنەرایەتی شەهید شەهاب شێخ نوری و دەستەیەکیان لەلایەن مام جەلال سەرپەرشتی دەکرا، دەستەی سێیەمیش نەوشێروان مستەفا ئەمین ئاڕاستەی دەکرد.

دیارە لەو سەردەمە دەسەڵاتی بەعس لە عێراق، زۆر توندی تیژ بووە بەرامبەر هەر جولانەوەیەکی سیاسی و هەر کارێك کە مۆرکی ئۆپۆزسیۆنی هەڵگرتبێ، بۆیە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بۆ خۆ پاراستن ڕێ وشوێنی توندییان پەیڕەو کردووە.

(هەتا سەرەتای هەشتاکان پرەنسیپ و دیسپلینی کۆمەڵە، تاك تاك ئەندام و لایەنگری[٢٠٢] وەردەگرت، پاش دڵنیابوون لێیان).

لەلایەکی دیکەوە، ئەرکی خۆ ئامادەکردن و نەخشەکێشان بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی چەکداری، زیاتر ئەرکەکانی قورس کردووەو ناچار بووە، شێوازی کاری ڕێکخراوەیی بە نهێنی و ناوەندێتی توند پەیڕەو بکات.

پەیوەندی نێوان ئۆرگانەکانیش، بە پێی بنەمای –ناوەندێتی دیموکراسی– بووە، ئۆرگانەکانی خوارەوە ملکەچی بڕیارەکانی سەرووی خۆیان بوون.
کۆمەڵە، هەروەك لە پەیڕەوی ناوخۆی هاتووە، بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی خۆی کردووە و دەست نیشانی ئایدۆلۆژیاکەی کردووە:[٢٠٣]

**بەندی، (١): پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە:**

١/١: ناو : کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

٢/١ : کۆمەڵە رێکخراوێکی چینی کرێکارانی کوردستانە، رەنجدەران و رۆشنبیرانی شۆرشگێر لەژێر ئاڵای خۆی کۆ دەکاتەوە.

٣/١: کۆمەڵە رێکخراوێکی (مارکسی – لینینی) یە، بەپێی جیهان بینی (مارکسیزم– لینیزم) دامەزراوەو کاردەکات.

کۆمەڵە، لە ئەیلولی ١٩٧٥ بەهۆی ئاشکرابوونی رێکخستنەکانی، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەو کادیرانی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی بەغداوە، دەستگیرکران، دواتر سێ لە سەرکردە دیارەکانیان بڕیاری لە سێدارەدانیان لەسەر جێ بەجێکرا، ئەوانیش (شەهاب شێخ نوری، جەعفەر عەبدولواحید، ئەنوەر زۆراب)، هەروەها ژمارەیەکی دیکەشیان بۆ ماوەی جیاواز زیندانی کران.
بەهۆی ئەو دۆخ و رووداوانە، پەیوەندی نێوان ئۆرگانەکانی و شێرازەی رێکخستنەکانی کۆمەڵە تێکچوو، بۆیە شەهید ئارام، بەهاوکاری چەند هاورێیەکی توانی کۆمیتەیەك پێك بهێنێ بۆ سەرپەرشتی کردنی شارەکان، ئەو کۆمیتەش لەم ناوانە پێکهاتبوو:

١– شاسوار جەلال (ئارام).

٢– نجم الدین عەزیز (سالار)

٣– ئازاد هەورامی (عادل)

٤– حکمت محمد (مەلا بەختیار)

٥– عەبدولرەزاق مەحەمەد.

کۆمەڵە لە ماوەی خەباتی سیاسی و چەکداریدا چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوەی فراوانی بەستووە، بەم شێوەی خوارەوە[٢٠٤]:

١- کۆنفرانسی یەکەم: لە ١/ ئایاری / ١٩٨١، لە گوندی (مالیموس) ی سەر سنوور، نزیك شاری قەلادزە، ژمارەی (١٨٠) ئەندام بەشداریان تیاداکردووە.

٢- کۆنفرانسی دووەم: لە ٢٠/ ئایاری/ ١٩٨٢ لە گوندی (ناوەزەنگ) بەستراوە، نزیکەی (٢٢٣) ئەندام بەشدارییان تیاداکردووە، لە کۆتایی کۆنفرانس سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردرا:

(نەوشیروان مستەفا، ملازم عمر ، جەمال تاهیر، فەرەیدون عبدالقادر، مەلا بەختیار، عەلی بچکۆل، هەر یەك لە: ئازاد هەورامی و ئەرسەلان بایز، وەك جێگر هەڵبژێردران.

٣- کۆنفرانسی سێیەك: لە هاوینی ١٩٨٤ لە سورداش بەستراوە، نزیکەی (٢٠٠) ئەندام بەشداری تیاداکردووە.

٤- بەستنی پلینیوم لەساڵی ١٩٨٥ لە گوندی یاخ سەمەر لە دۆڵی جافایەتی.

٥- کۆبوونەوەی فراوان لە ساڵی (١٩٨٩) کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیدا.

کۆمەڵە لە ماوەی ساڵانی خەباتیدا، چەند جارێك کەسی یەکەمی (سکرتێری) گۆڕیوە، هەر بەپێی زانیاریەکان، یەکەم سکرتێری کۆمەڵە لە ساڵی (١٩٧٠) مام جەلال بووە، دوای ئەو شەهید شەهاب شێخ نوری بۆتە سکرتێر، دوای ئەو (نەوشیروان مستەفا) سکرتێر بووە تا ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە.

**٢- بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان:**

دوای کارەساتەکانی ئازاری ١٩٧٥ لە کوردستانی باشوورو شکستهێنانی بزوتنەوەی چەکداری کورد، ژمارەیەکی زۆر لە کادیری حزبی و سیاسی و پێشمەرگایەتی، بیریان لە رێبازی بەرگریکردن دەکردەوەو نەچوونە ژێر باری ئەو دۆخەی هاتۆتە دی.

سەرەتایی بیرکردنەوەکە لە دامەزراندنی بزتنەوەیەکی سیاسی شۆرشگێر[٢٠٥]، لای ئەو کۆمەڵە کادیرەوە دەستی پێکرد کە پەیوەندییان لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی دیکە هەبوو لەناو عێراقدا. بۆ ئەم مەبەستە چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەی جیاواز ئەنجامدراوە لە شارەکانی کوردستانی ئێران، وەك: (نەغەدە، مەهاباد، ورمێ) و رەنگە لە جێگای دیکەشدا بووبێت. لەو دانیشتن و کۆبوونەوانە ژمارەیەکی زۆری تێکۆشەرانی کوردستانی باشوور بەشداریان تیاداکردووە، لەوانە: عەلی هەژار، مەلا ناصیح، عەبدولرەحمان گۆمەشینی، سەید مەجید، قادر شۆرش، د. خالد سەعید، عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری، کاردۆ گەلالی، جەمال ئاغا، رەسول مامەند، مولازم تاهیر عەلی والی نورەدین عەبدولرەحمان، سەلیم ئاغۆك، کەمال محیدین و زۆر کەسانی دیکەش.

ئەگەر چی لەو کات و ساتانەدا، بابەتی خۆریکخستن و شێوازی کارکردن، کارێکی ئاسان نەبوو، بەهۆی ئاڵۆزی بارودۆخەکەو کاریگەری رووداوەکە بەسەر هەست و دەروونی هەموو لایەك، بەڵام دوای ژمارەیەك کۆبوونەوەی زۆری ئەو کادیرانەی کە گەڕانەوە عێراق، لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦، ئاکامەکانی ئەو هەوڵانە لەسەر دەستی شەهید (صالح یوسفی) و هاورێکانی، وەك: عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، خالید سەعید، تاهیر عەلی والی، رەسول مامەند، کاردۆ گەلاڵی، عەلی هەژار، مەلا ناصح، یەکلابۆوەو بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان دامەزرا و راگەیەندرا.

دەربارەی بڵاوكردنەوەی یەكەم بەیانی دامەزراندنی بزوتنەوە[٢٠٦]، بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێك دەڵێن لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٧٦ بووە، كەسانی دیكە دەیگێڕنەوە بۆ مانگی ئابی ١٩٧٦ هەروەك چۆن دەربارەی مێژووی دەرچوونی یەكەم بەیانی دامەزراندن جیاوازی لەبیروڕا هەیە، هەروەها دەربارەی یەكەم دەستەی دامەزرێنەریش جیاوازی لە بیروڕا هەیە، لێرەدا دوو بۆچوون هەیە، یەكەمیان دەڵێ دەستەی دامەزرێنەر بریتی بوون لە:

صالح یوسفی، عەلی عەسكەری، تاهیر عەلی والی، سەعدی عەزیز، رەسول مامند، د. خالید سەعید، عومەر مستەفا، عەلی هەژار، كاردۆ گەلاڵی، مەلا ناصیح ئیسماعیل.

دووەم بۆچوون پێی وایە، دەستەی دامەزرێنەر، بریتی بوون لە: صالح یوسفی، رەسول مامند، نورەدین عبدولرەحمان، عەلی هەژار، تایەر عەلی والی، مەلا ناصیح.

هەر لە سەرەتاوە، بۆچوونێكی وا دروست بوو دەربارەی ئەو رێكخراوە، كە هەر دوو باڵی ناو بزووتنەوەی كوردایەتی بگرێتە خۆی (مەلایی و جەلالی)، بەمەبەستی دروستكردنی رێكخراوێكی نوێی دوور لەو ململانێیە كۆنەو چارەسەركردنی ئەو كێشەیەو دوور كەوتنەوە لەشەری برا كوژی.

رەسول ماند، یەك لە ئامادەبووانی ئەو كۆبوونەوانەی سازدرا لە شارەكانی كوردستانی ئێران، لە وتارێكیدا باس لەوە دەكات كە لەناو ئەو كۆبوونەوانە بڕیاردرا لەسەر پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی كە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥ دروستبووە[٢٠٧]، هەروەها هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەستی نائومێدی خەڵكی كوردستان و هاندانیان بۆ خۆڕاگری.

بزووتنەوە لەكاتی دامەزراندنی بەناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستان بوو، یەكەم بەیانی دامەزراندنی لەژێر ئەو ناوە بووە، بەڵام دواتر ناوەكەی گۆڕا بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان. دەربارەی ئەم خاڵە،

رەسول مامەند لە راپۆرتی سیاسی یەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە زاراوەی سۆسیال دیموکراتی جیهانی، جێگای گومان بووە، لەبەرئەوەی پشتی لە هەزی شۆرشگێڕی کردووە، بۆیە دوای پرس و راوەرگرتن، وشەی دیموکراسی لادرا.

هەر دەربارەی ئەم بابەتە، مام جەلال دەڵێت: کاتێ برایانی بزووتنەوە هاتن ببن بە ئەندام لەناو (ی.ن.ك)، ئێمە مەرجێکمان لەسەریان دانا، ئەویش ناوی خۆیان بگۆڕن ئەو دەمە دژی ناوی سۆسیالیستی دیموکراتی بووین، ئەو ناوەمان پێکردنە سۆسیالیست، چونکە سۆسیالیستی دیموکراتی دژی خەباتی چەکدرای بوو.

## کێشە و بەرەنگارییەکانی بزووتنەوە:

بزووتنەوە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەرەو رووی چەندین کێشەو بەرەنگاری بۆتەوە، کە کاریگەری هەبووە بەسەر کارو چالاکیەکانی و هۆکاریش بووە بۆ پەیدا بوونی ململانێی ناوخۆ، لەوانە[٢٠٨]:

<u>یەکەم:</u> رێك نەکەوتن لەسەر یەك ئایدۆلۆژیای دیاریکراو، بەشێك لە کادیرو سەرکردەکانی بەتایبەتی ئەوانی چوونە شاخ و دەستیان کرد بە خەباتی چەکداری، باسی هزری (مارکسی-لینینی) یان دەکرد، بەڵام بەشێکی دیکەش بەتایبەتی ئەوانی لە شارەکان مانەوە و نزیکی شەهید صالح یوسفی بوون بەشێوەیەکی نهێنی کارین دەکرد، باسی هزری سۆسیال دیموکراتیان دەکرد.

بەرێز محەمەد شاکەلی، لە کتێبەکەی (لە بزووتنەوە بۆ حزبی سۆسیالستی کوردستان) نووسیویەتی: لەسەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوە و پاسان حزبی سۆسیالیست، بەهۆی کاریگەری رووداوە یەك لە دوای یەکەکانی کە رووبەڕووی ئەو رێکخستنە نوێیە بوەوە و چۆنایەتی و کەسایەتی ئەو هەڤاڵانەی کە دامەزرێنەرو سەرکردەی بزووتنەوەکە بوون، زۆربەیان لە دوو

هێڵـی فیکـری جیـاوازەوە هـاتبوون و پـاش نـسکۆی ١٩٧٥ و لـە دوای گفتوگۆیەکی زۆر، گەیشتبوونە قەناعەت بەوەی سەر لەنوێ ڕێبازێکی جیاواز لەوەی پێشوویان هەڵبـژێرن بۆ پێکەوە کارکردن بەبێ دژایەتیکردنی فیکری پێشوویان کە لە دوو حزبی دیاردا (پارتی و یەکێتی) بەرجەستەبوون و هەڵس و کەوت لەگەڵ واقیعی نوێی شۆڕشدا بکەن، وەکو خۆی و لەهەمان کاتدا ڕۆڵی چاکەو تەبایی لە کوردستان ببینن.

دەربـارەی ئایـدۆلۆژیای بزووتنـەوە، شـەهید (صـالح یوسـفی) ڕابـەری بزووتنەوەکە لە نامەیەکی بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی، ئەوانی لە شاخ بوون، نووسیویەتی:

أ- ئێمە باوەڕمان بە فرەیی حزبی و بزووتنەوە دیموکراسیەکان هەیە لە عێراقدا.

ب- پەیڕەوکردنی تیۆری (مارکسیزم -لینیزم) بەرەو جۆرێک لە سیستمی دیکتاتۆریمان دەبات.

ج- ئەو قۆناغە مێژووییەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی گەلی کورد پێیدا تێپەڕ دەبێ، لەگەڵ ئەو بارودۆخە نێو دەوڵەتیە بالآدەستە، وا پێویست دەکات هەموو ئەو بیروباوەڕو تیۆرییانە کۆبکەینەوە لەناو بنەماکانی سۆسیالیستی و دیموکراسی و ناسیونالیستی پێشکەوتوتنخوازانە، لەگەڵ ئەو هەستە چینایەتیە و هۆشیارییە نەتەوایەتیە ئاوێتەیان بکەین، بە هاوسەنگیەکی دروست، لەبەرئەوەی قۆناغێکی گەورەترو درێژخایەن لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز لەبەردەم گەلەکەمانە.

بەڵام لەڕاستیدا بەرنامەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، ئەوەی لەلایەن هەڤاڵانی شاخ داڕێژرابوو، بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە هاتبوو، لەو بەرنامەیەدا هاتبوو، لێرەدا دوو نموونەی ئەو ڕاستییە دەخەینەڕوو.

١- لە بەشێکی بەیاننامەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان هاتووە[٢٠٩]:

بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، هەڵگری تیۆرێکی زانستیانەیە و بیر لە بەرژەوەندی بەشی هەرە زۆری چینە زەحمەتکێشەکانی کوردستان دەکاتەوە و بزووتنەوەی کرێکار و جوتیارو شۆرشگێڕەکانی کوردستانەو لەسەر ڕێبازی پێشکەوتووانە و زانستیانە بۆ گەیاندنی گەلی کورد بەمافی چارەنووس خەبات دەکات.

٢- خاڵی ١٢ بەرنامەی بزووتنەوەی ساڵی ١٩٧٨ نووسراوە[٢١٠]:

دامەزرانـدنی ڕژێمێکـی دیمـوکراتی گـەلی کـە زەمینـە خـۆش ئـەکات بـۆ گواستنەوەی کۆمـەڵ بـەرەو سۆسیالیزم، بۆ چارەسـەرکردنی بنـەڕەتی هـەموو گیروگرفتـە کۆمەڵایـەتی و نەتەوایەتییـەکانی گـەلی کـورد بـە پێـی یاسـای سۆسیالیزمی زانستی.

دووەم: لاوازی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە لەڕووی ڕێکخراوەیی و هۆشیاری و ئامادەکردنـەوە، لەبەرئـەوەی پێشتر هـیچ خـۆ ئامـادەکردنێکی بـۆ نـە کرابـوو، سـەرەڕای ئـەرکی خـەباتی شـاخ، کـە وردە وردە کادیرەکـانی پەیوەنـدییان پێوەدەکرد.

## شێوازی کاری ڕێکخراوەیی بزووتنەوە:

أ- هەیکەلی ڕێکخراوەیی بزووتنـەوە لەسـەر هـەمان شێوەی حزبە مارکسیەکان دارێژرابوو، بنـەمای (ناوەنـدێتی دیموکراسـی) و شانەبەندی بەهـەمان شێوەی ئـەو حزبانـە پـەیڕەو دەکـرا، لەگـەڵ ڕەچاوکردنی بـارودۆخی ئـەمنی و سیاسـی ئەو سەردەمە، کە شێوەی ڕێکخستنی هێشویی)پەسندکرا.

ب- شێوازی کاری ڕێکخراوەیی بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

کۆمیتەی سەرکردایەتی (مەکتەبی سیاسی)، لقەکان، لیژنەی ناوچە، ڕێکخراو، شانە.

هەر بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ بارودۆخەکە، ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان، جودابوون لەگەڵ ڕێکخستنەکانی دەرەوە، ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ئەوانی لە شاخ بوون) ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی لقەکانی دەرەوەیان دەکرد کە کادیرەکانیان بە ئاشکرا دەسوڕانەوە، ئەو لقانە کایرەکانیان زیاتر لە ریزی پێشمەرگایەتی بوون.

بەڵام بۆ سەرپەرشتی کردنی لقەکانی ناوخۆی شارەکان، لەلایەن ئەندامانی سەرکردایەتی (ئەوانی لەناو شار مابوونەوە)، کارو چالاکیەکانی زۆر بە نهێنی ئەنجامدەدرا، نەیاندەتوانی هەمان شێوازی کاری ڕێکخراوەیی بە ئاشکرا پەیرەو بکەن[٢١١].

لق، بەرزترین ئاستی ڕێکخستنی شارەکانە لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، ساڵی ١٩٧٧ پاش دامەزراندنی دەزگای ڕێکخستنی ناوخۆ کە لێرسراوەکەی عەلی هەژار بوو، لقەکانیش بریتی بوون لە: لقی سلێمانی، لقی هەولێر، لقی کەرکوک، لقی دهۆك، لقی بەغداو باشوور. لقی دهۆك بەرپرسەکە، مەلا عەلی مزوری بوو.

لقی هەولێر چەندین لێپرسراوی گۆڕا، سەرەتا عەلی ڕەسول سەرپەرشتی دەکرد، دواتر مامۆستا عبداللە ئیسماعیل بوو ماوەیەکیش هەڤاڵ مامە بوو.

لقی سلێمانی، سەرەتا لەلایەن جەمال حەکیم ئاغاوە سەرپەرشتی دەکرا، بەڵام ساڵی ١٩٧٩ کە باڵی بزووتنەوە لە (ی.ن.ك) جیابۆوە، ئەو لقە لە یەکێتی جودا نەبوونەوە، دوای ئەو مامۆستا محمد شاکەڵی بووە بەرپرسی لقەکە.

لقی کەرکوک، لەلایەن محمد فاتح سەرپەرشتی دەکراو ئەندامانیش هەر یەك لە (عبدالکریم حسن، محمدامین سمین، شێخ محمد شێخ عزالدین و محمد سعید صابر بوون.

لقی بەغداش بە مامۆستا حسن عوسمان سپێردرابوو.

بزووتنـەوەی سۆسیالیـستی کوردسـتان، دوای رووداوەکـانی هـەکاری لـە (١٩٧٨) کێشەو ناکۆکیەکانی لەگەڵ یەکێتی زۆربوون، بۆیە بڕیاریاندا کە لە ریـزی (ی.ن.ك) دەربچن و سـەربەخۆ کـار بکـەن، ئەم بڕیـارەش بە فـەرمی لـە ٢٠/ئازاری /١٩٧٩ جێبەجێکرا.

بـەڵام بەشـێکیان لـەناو (ی.ن.ك) مانـەوە، ئـەو بەشـەی بزووتنـەوەی سۆسیالیستی، لەگەڵ هێڵە گشتیەکەی ناو (ی.ن.ك) لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ یەکیان گرت و ڕێکخراوی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستانیان پێکهێنا.

### ٣- یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان[٢١٢]:

دوای جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە (ی.ن.ك) و دواتر بوونیان بە حزب لە ئاکامی یەکگرتنیان لەگەڵ لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بریتی بوون لە: د. مەحمود عوسمان، قادر جەباری، عەدنان موفتی، لەناو یەکێتی گروپێکی بچووکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی مابوونەوە بە سەرکردایەتی (عومەر مستەفا).

ئەو گروپە خۆیان رێکخست وردە وردە بەهۆی پەیوەندیکردن لەگەڵ رێکخستنەکانی ناو شارەکان، چەند کادیرێکی بە توانایان هاتنە شاخ، وەك (جەمال حەکیم ئاغا، عەلی حەوێز، مامۆستا نازم عمر، مامۆستا شەریف مەولود، عەزیز بەگی صدیق بەگ، سوارە عەباس ئاغا، مامۆستا عەبدوڵلا عومەر، عومەر عەزیز.

پاشان بیر لەوەکرایەوە بزووتنەوە لەگەڵ هێڵی گشتی یەکبگرن و رێکخراوێکی بە تواناتری لێ پێکبێت. بۆ ئەم مەبەستە لە ١٩/ئابی /١٩٨٢، یەکەم کۆبوونەوەی فراوانی هێڵی گشتی بەسترا، بە ئامادەبوونی: مام جەلال، د. خدر، سەید مەجید، د. پێشەوا تاڵەبانی، فەرید زامدار، عەزیز حەسەن، محەمەد فەرەج، دڵشاد حەسەن، پێشڕەو سەید ئیبراهیم، د. شالأو (هۆشمەند عبدولکەریم)، رەئوف سلیمان، شێخ دارای حەفید، عەبدوڵلای حاجی شێخە، عەلی وەیس، مەمەند حاجی صدیق، سالار محەمەد ئەمین، سیار محەمەد عەلی، موشیر حەمە غەریب، ئەحمەد مەولود، محمود محمد، زێرەڤان، رەهبەر سەید ئیبراهیم، سلێمان ئیسماعیل، زەریا، کەمال عەبدولکەریم، فەرهاد رەسول، موحسین عەبدوڵلا، محمود خۆشناو، محمد صالح محمد، عەبدوڵلا صالح، ئەحمەد دادی.

ناوەڕۆکی باسی کۆبوونەوەکە، یەکگرتن بوو لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لیژنەیەك دانرا بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە، لیژنەکە پێکهاتبوو لە:

شێخ دارایی حەفید، رەئوف سلێمان، د. پێشەوا تاڵەبانی، فەرید زامدار، عەزیز حەسەن.
لە رۆژی ٢٢/ئابی/١٩٨٢ د.خدر نامەیەکی نووسی بۆ ناوەندی بزووتنەوە بە مەبەستی کۆبوونەوە و دانیشتن، لە رۆژی ٢٤/ئابی/١٩٨٢، وەڵامی نامەکەهاتەوە بۆ ئامادەکاری و دانیشتن و کۆبوونەوە.
رۆژی ٢٦/ئابی /١٩٨٢ کۆبوونەوەی هەردوولا ئەنجامدرا، نوێنەرانی بزووتنەوە بریتی بوون لە: مامۆستا نازم عومەر، عومەر عەزیز، مامۆستا عەبدوڵلا عومەر، مامۆستا چەتۆ حەوێزی، دوای لەیەک تێگەیشتن و رەزامەندبوون، رێککەوتن لەسەر یەکگرتن و پێکهێنانی رێکخراوێکی سیاسی لەژێر ناوی (یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان).
رۆژی ١٠/ ئەیلول/١٩٨٢، لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هەردولا، بریار لەسەر دامەزراندنی ( یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان) درا، رۆژی ١٢/ ئەیلول/١٩٨٢ ئەم بریارە لە کۆبوونەوەیەکی فراوان، بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بلاّوکرایەوە.
یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (یەکێتی شرۆشگێرانی کوردستان) لە ٣/ تشرینی یەکەمی/ ١٩٨٢ بەسترا، ئامادەبووان بریتی بوون لە:
مام جەلال، جەمال حەکیم، د. خدر، عەلی حەوێز، سەید مەجید، مامۆستا نازم عومەر، عومەر عەزیز، لە کادیرەکانی دەرەوەش: د. فوئاد مەعصوم، د.کەمال فوئاد، هۆمەر شێخ موسی، عومەر مستەفا (دەبابە).
کاتێک بلاّوکرایەوە کە (مام جەلال) بووە بە سکرتێری یەکێتی شۆرشگێران، نارەزایی لەلایەن کۆمەڵەوە پەیدا بوو، کار گەیشتە ئەوەی کۆمەڵە داوا لە مام جەلال بکات خۆی یەکلا بکاتەوە، بۆیە لەدوایدا مام جەلال لە پلەی سکرتێری شۆرشگێران خۆی کشاندنەوە و لەجیاتی ئەو د.فوئاد مەعصوم وەک سکرتێری شۆرشگێران دیاریکرا.

لەدوا کۆبوونەوەی فراوانی (ی.ش.ك) لە ٣-٥/ حوزەیرانی /١٩٨٩، کە لە گوندی (نۆکان) بەسترا، ئەم ناوانە بوونە بە ئەندامی سەرکردایەتی:

١- د. فوئاد مەعصوم- سکرتێر.

٢- د. کەمال فوئاد.

٣- مامۆستا نازم عومەر.

٤- مامۆستا عەبدوڵڵا عومەر.

٥- عەلی شێخ حمە صالح تاڵەبانی.

٦- مامۆستا چەتۆ رەئوف حەوێزی.

٧- شەوکەت حاجی موشیر.

لە کۆنگرەی یەکەمی (ی.ن.ك) کە لە سلێمانی بەسترا لە ٢٧/کانوونی دووەمی/١٩٩٢ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی شۆرشگێران خۆیان هەڵوەشاندەوەو بوون بە یەك رێکخراو لەژێر ناوی (ی.ن.ك).

یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان تا رادەیەك باوەڕی بە رێبازی سۆسیالیستی هەبوو، نەك وەك فەلسەفە، بەڵکو وەك چارەسەرییەك بۆ کێشە ئابوورییەکان، ئەویش بەشێوەیەك کە لەگەڵ بارودۆخی کوردستان و عێراقدا بگونجێت.

یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان، رێکخراوێکی چینایەتی نەبوو، بەڵکو وەك رێکخراوێکی نیشتمانی دیموکراتی شۆرشگێر خۆی ناساند، بڕوای بە هاوکاری چینەکانی گەل هەبوو بۆ هێنانەدی ئامانجە سەرەکیەکانی و بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین.

بلاۆکراوەکانی یەکێتی تێکۆشەرانی کوردستان.

١- بزووتنەوەی (گۆڤار) ژمارە (١) لەساڵی ١٩٨٠ دەرچووە، شەش ژمارەی لێ دەرچووە.

٢- کوردایەتی (گۆڤار) چوار ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارەیەکی لە کانوونی دووەمی / ١٩٨٣ دەرچووە.

٣- کۆسار (رۆژنامە) ژمارە (١) لە ١/ کانوونی دووەمی/ ١٩٨٣ دەرچووە، چوار ژمارەی دەرچووە.

٤- رۆشنبیر (بڵاوکراوە) ١٢ ژمارەی لێدەرچووە، ژمارەیەکی لە ١٩٨٤ دەرچووە.

٥- سۆسیالیست (گۆڤار) لە ساڵی ١٩٨٢ دوو ژمارەی لێدەرچووە.

٦- رزگاری (گۆڤار) ژمارە (١) لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە، (٢٥) ژمارەی لێدەرچووە.

**هەیکەلی رێکخراوەیی (ی.ش.ک)[٢١٣]:**

**أ- لە بەندی یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە:**

یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، پێکهاتووە لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانی شۆڕشگێرانی کوردستان، لەشێوەی رێکخستنێجەماوەری، کە رێگە ئەدات بە هەموو کوردێکی شۆڕشگێر، (مارکسی-لینین)، سۆسیالیست، دیموکرات و پێشکەوتنخواز، کە تێیدا بیروڕای خۆی بپارێزێت.

ب-ی.ش.ک، پرەنسیپی ناوەندێتی دیموکراسی، لەکاری رێکخراوەیی پیادە دەکات.

**ج- شێوەی هەیکەلی رێکخراوەیی:**

شانە، شانەی سەرەکی، رێکخراو، کۆمیتەی ناوچە، کۆمیتەی لق، کۆمیتەی سەرکردایەتی، ناوەند (پێکدێت لە سکرتێری کۆمیتەی ناوەند و ٤ ئەندام)، سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی، کۆبوونەوەی فراوان، کۆنفرانس.

**باری ڕێکخراوەیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان:**

أ- ئایدۆلۆژیاو بەرنامەی (ی.ن.ك):

**پێناسەی (ی.ن.ك) هەر وەك لە پرۆگرامی پەسندکراوی سێیەم کۆنگرەیدا هاتووە[٢١٤]:**

(ی.ن.ك)، حزبێکی سۆسیال دیموکراتی گەلی کوردستانی عێراقە، لەپێشەوەدا نوێنەری کرێکاران و ڕەنجدەرانی بیروبازووی کۆمەڵە، تێدەکۆشێت لەپێناو تەواوکردنی ئەرکەکانی ڕزگاری نیشتمانی و سیستمی دیموکراسی سکولار، بونیادنانی کۆمەڵی مەدەنی پێشکەوتووی گونجاو لەگەڵ هەل ومەرجی ئێستای دونیادا، کە درێژەی خەباتە ئەپساوەکەی بگاتە وەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، تا بتوانێت تەبا لەگەڵ بنەماکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هاوسەنگ، کە خۆی لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی تاك، یەکسانی ژن و پیاو، یەکسانی لەبەردەم یاسادا ببینێتەوە.

هاوکات خەبات دەکات بۆ دابینکردنی یەکسانی لە دەرفەتەکان کار، نەش و نەکردنی سەربەخۆیی تاك، نەهێشتنی چەوساندنەوە، بنەبڕی هەڵاویێژی ڕەگەزی و چینایەتی و نەتەوایەتی.

ب- ئامانجە گشتیەکانی ی.ن.ك.:

**(هەروەك لە پرۆگرامی سێیەم کۆنگرەیدا هاتووە):**

١- تەواوکردنی پرۆسەی جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی: یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری، پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، هەروەها چەسپاندنی دەسەڵاتی چوارەمیش کە دەسەڵاتی میدیایە، کە بخرێتە خزمەتی ئازادی و دیموکراسی ڕاستەقینە.

٢- پابەندبوون بە بنەما دیموکراسییەکان و دەستاو دەستکردنی ئاشتیانە دەسەڵات لە هەموو ئاستەکان لە کوردستاندا.

٣- ڕەخساندنی زەمینەی یاسایی ژیانی دیموکراسی و مەدەنی بە دابینکردنی، ئازادی ئایین، مەزهەب، بیروڕا، میدیا، هاتووچۆ و نیشتەجێبوون، ئازادی خۆ ڕێکخستنی سیاسی، سەندیکای دیموکراتی و پێکهێنانی ڕێکخراوی ناحکومی.

٤- دەستەبەرکردنی ئازادی نارەزایی دەربڕین، وەك: مانگرتن، ڕێپێوان، خۆپیشاندان، بۆ سەرجەم چین و توێژو تاکەکانی کۆمەڵ و ڕێکخستنی لە چوارچێوەی یاسادا.

جـ- سەرەتای دامەزراندنی (ی.ن.ك.) ئایدۆلۆژیاو بیروباوەڕی هزری و سیاسییەکانی جیاوازییەکی فراوانی هەبوە لەگەڵ ئەوەی ئێستا پەیڕەوی دەکات. ئێمە کاتێ باسی باڵە سەرەکیەکانی ناو یەکێتیمان کرد (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) دەرکەوت کە ئەو ڕێکخراوانە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسین، ئەگەر چی بیروبۆچوونی جیاوازیش هەبوو لە لای کادیرو ڕێکخستنەکانی یەکێتی بەتایبەتی (یەکێتی تێکۆشەرانی کوردستان). لەو سەردەمە کە هزری مارکسییەت زۆر باوی هەبووە، لەهەمان کاتدا فرە ڕەوت و ڕێبازی مارکسی هەبوو، پێکهاتن و داڕشتنی (ی.ن.ك.) زیاتر هزری مارکسی لەسەر ڕەوتی (ماوییەتی) هەڵگرتبوو.

**دیارە لە مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕشیش بەپێی ئەو ئاراستەیە، ئەمانە بوون:**

١- پێشڕەوێکی مارکسی.

٢- بەرەیەکی فراوانی چینەکان.

٣- سوپایەکی توندوتۆڵی.

یەکێتی، وەك لە یەکەم بەیاننامەیدا هاتبوو، دۆست و دوژمنەکانی خۆی دەست نیشان کردبوو. دوژمنەکانی بریتی بوون لە:

١- ئەمەریکا و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم.

٢- کۆنەپەرستی عەرەبی و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و بورجوازییەت.

دۆستەکانی یەکێتیش بریتی بوون لە:

١- بەرەی سۆسیالیستی و گەلانی چەوساوە و چینی کرێکارانی جیهان.

٢- بەرەی پێشکەوتنخوازی عەرەب.

٣- چینی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشانی کوردستان.

هەروەها پەیڕەوی تیۆری سیاسی شۆڕشگێڕانە دەکرا بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی.

دوای گۆڕانکارییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت و لەسەر ئاستی بەرەی سۆسیالیستی لە جیهاندا هەروەها گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەهێزبوونی ئاراستەی عەولەمە، بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای یەکێتی گۆڕانی بەسەردا هات.

دوای کۆنگرەی یەکەمی (یەکێتی) لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٢، کە هەموو باڵەکان خۆیان هەڵوەشاندنەوە و بوون بەیەك ڕێکخستن، گۆڕان بەسەر ئەو هزرە هات، لە کۆنگرەی یەکەمی، بە فەرمی بڕیار لەسەر ئەوە درا کە هزری سۆسیال دیموکرات، وەك ئایدۆلۆژیایەك بۆ (ی.ن.ك) دیاری بکرێت.

ئەم بڕیارە گۆڕانێك بوو بەرەو پیادەکردن و فراوانکردنی ڕووبەری دیموکراسیەت لەناو یەکێتی و کرانەوە بەسەر گۆڕانکارییەکان لە جیهاندا.

**ئەگەر سەرنجی بەرنامەکانی (ی.ن.ك) بدەین لەدوای هەر سێ کۆنگرەی گشتیدا کە بەستوویەتی، بۆمان دەردەکەوێ:**

لە کۆنگرەی یەکەم، لە بەندی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە: ی.ن.ك ڕێکخراوێکی سۆسیال دیموکراتە.

لە کۆنگرەی دووەم: لە بەندی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە: ی.ن.ك ڕێکخراوێکی سیاسی سۆسیالست و دیموکراتە.

لە کۆنگرەی سێیەم: لە بەندی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە: ی.ن.ك حزبێکی سۆسیالی دیموکراتە.

**د- هەیکەلی ڕێکخراوەیی ی.ن.ك:**

هەروەك زانراوە کە تا ساڵی (١٩٩٢) یەکێتی لە چەند ڕێکخراوێکی سیاسی سەربەخۆ پێکهاتبوو، هەر یەکە لەو ڕێکخراوانە هەیکەلی ڕێکخراوەیی تایبەت بە خۆی هەبوو (پێشتر ئاماژەیان بۆ کراوە) تا لە یەکەم کۆنگرە باڵەکانی ناو یەکێتی یەکیان گرت و لە چوارچێوەی یەك بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ ئۆرگانەکانیان ڕێکخست.

هەیکەلی ڕێکخراوەیی (ی.ن.ك.) لەنێوان (١٩٩٢-٢٠٠٠) هەروەك لە پەیڕەوی ناوخۆی (بەندی حەوت) دا هاتووە، بەم شێوەیە بوو، لە خوارەوە بۆ سەرەوە: شانە، پۆل، کەرتی ڕێکخستن، کۆمیتەی ڕێکخستن، مەڵبەندی ڕێکخستن، مەکتەبی ڕێکخستن، کۆمیتەی سەرکردایەتی (مەکتەبی سیاسی)، کۆنگرە.

هەیکەلی ڕێکخراوەیی (ی.ن.ك.) لەدوای کۆنگرەی دووەم لە (٢٠٠١) وە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، هەمان شێوەی پێشووتر بووەو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە.

هەیکەلی ڕێکخراوەیی (ی.ن.ك.) لەدوای کۆنگرەی سێیەم (٢٠١٠) بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، بەم شێوەی خوارەوە بوو، لەسەرەوە بۆ خوارەوە:

کۆنگرە، کۆنگرەی نائاسایی، پلینیوم، کۆمیتەی سەرکردایەتی، ئەنجومەنی ناوەند، مەکتەب و دەزگاکانی.

ئۆرگانەکانی ڕێکخستن، پێکهاتبوون لە:

مەکتەبی ڕێکخستن، مەڵبەندی ڕێکخستن، کۆمیتەی ڕێکخستن، کەرتی ڕێکخستن.

**ئەوەی جێگای سەرنجدانە لەسەر ئەو پێکهاتەیە:**

١- لە ماوەی هەردوو کۆنگرەی یەکەم و دووەم، ڕیزبەندی ئۆرگانەکان لەسەر بچینەی: شانە، پۆل، کەرت، کۆمیتە، مەڵبەند، مەکتەبی ڕێکخستن، کۆمیتەی سەرکردایەتی، سکرتێری گشتی، کۆنگرە، دارێژراوە، کە لاسایکردنەوەی هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزبە کۆمۆنیستەکانە.

هەر ئۆرگانێکی خوارەوە پەیوەست بووە بە ئۆرگانێکی سەرووتر و ملکەچی ڕێنمایی و بڕیارەکانی دەبێ، بواری ڕەخنەو چالاکیەکان بە پێی بنەمای (ناوەندێتی دیموکراسی) بووە.

ئەم هەیکەلە ڕێکخراوەییە پیادەکردنی زیاتر بۆ قۆناغێکی دیاریکراو دەبێ، کە زیاتر چالاکیەکانی شێوازی نهێنی دەبێت، یان حزب لە بارودۆخێکی سەخت و توندوتیژدا بێت. دیارە ئەم حاڵەتەش زۆر دیاردەی نەرێنی لێ پەیدا دەبێت، هەروەها بەشێك لە کێشەو گیروگرفتەکانی ناو ڕێکخستن شاراوەو کپ کراو دەبن، هەر کاتێ دەرفەت ڕەخسابێ ئەو کێشانە تەقیونەتەوەو ئاکامی نەرێنی لێ پەیدا دەبێ.

ئێستا بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەگشتی ڕووی لە گۆڕانکارییە، سەرەڕای ئەوانەش ئامانجە سیاسییەکان لەم قۆناغەدا جیاوازن لەو ئامانج و شێوازە پیادەکراوانەی سەردەمی خەباتی نهێنی و چەکداری، بۆیە زۆر گرینگ بوو کە هەیکەلی ڕێکخراوەیی و شێوازەکانی کارکردن گۆڕانی بەسەردا بێت و لەگەڵ باری ڕاهاتوودا گونجاو بێت.

٢- لە کۆنگرە سێیەم چەند گۆڕانێك لە هەیکەلی ڕێکخراوەیی (ی.ن.ك.) ڕوویداوە، وەك:

أ- هەردوو ئۆرگانی (شانە-پۆل) لە پەیڕەوی ناوخۆ سڕاونەتەوە، بەڵام ڕێگادراوە بە کۆمیتەکانی هەر جۆرە ئۆرگانێکی بنکەیی پێویست و گونجاو پێك بهێنن.

ب- لەم کۆنگرەیە بڕیار لەسەر دروستکردنی ئەنجومەنێکی باڵا دراوە، بەناوی ئەنجومەنی ناوەند، ژمارەی ئەندامانی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ (١٠١) ئەندام دەبێ، دەسەڵاتەکانیش کە بۆی دیاریکراوە پێشتر بەشێك بوونە لە دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی ڕێکخستن. لەڕاستیدا ئەم ئەنجوومەنە لەسەر شێوەی (پەرلەمان) خۆی دەخاتەڕوو، گەرچی هەندێ دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیشی پێدراوە.

ج- لەهەر دوو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، پەسندکراوی کۆنگرەی (١،٢) ڕیز بەندی مەکتەبی ڕێکخستن لەناو هەیکەلی ڕێکخراوەیی لەدوای کۆمیتەی سەرکردایەتیەوە دێت، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەم، لەگەڵ مەکتەب و دەزگاکانی دیکە لەیەك ئاستی ڕێکخراوەیین، دەسەڵاتەکانیش لاوازتر بۆتەوە.

**هێلکارییەک بۆ هەیکەلی ڕێکخراوەیی ی.ن.ک**
**لەماوەی هەردوو کۆنگرەی یەکەم و دووەم**



## هێلکارییەک بۆ هەیکەلی ڕێکخراوەیی (ی.ن.ک) لەکۆنگرەی سێیەم /٢٠١٠



جیاوازییەکان لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی (ی.ن.ک) لەنێوان سێ کۆنگرەدا:

| ز | ناوی ئۆرگان | کۆنگرەی یەکەم ژمارەی ئەندامان | کۆنگرەی دووەم ژمارەی ئەندامان | کۆنگرەی سێیەم ژمارەی ئەندامان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شانە | بەپێی هەلومەرج | ٣-١١ ئەندام | سڕاوەتەوە |
| ٢ | پۆل | بەرپرسی شانەکان | لە بەرپرسی شانەکان | سڕاوەتەوە |
| ٣ | کەرت | بەرپرسی کەرت +بەرپرسی پۆلەکان | هەمان شێوە | دیاری نەکراوە |
| ٤ | کۆمیتەی ڕێکخستن | ل. کۆمیتە+٢ کارگێر+ل. کەرتەکان | ل.کۆمیتە+ ٢ کارگێر+(٥-٧)ل. کەرت | ل.کۆمیتە +٢ کارگێر+ل.کەرتەکان |
| ٥ | ئەنجومەنی مەڵبەند | ل.مەڵبەند +٦کارگێر | ل.مەڵبەند+ (٥-٧) کارگێر + ل. کۆمیتە | ل.مەڵبەند+٧کارگێر+ل.کۆمیتەکان |
| ٦ | مەکتەبی ڕێکخستن | ل.م+٤ ئەندام | ل.م+٤ ئەندام+ ل.مەڵبەندەکان | ل.م+٩ئەندام |
| ٧ | کۆمیتەی سەرکردایەتی | ١٧ ئەندام +٧جێگیر | ٣٥ ئەندام +١٠جێگیر | ٥٠ ئەندام+٥جێگیر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | مەکتەبی سیاسی | ٥-٧ ئەندام | ٩-١١ ئەندام | ٩-١١ ئەندام |
| ٩ | ئەنجومەنی ناوەند | - | - | (١٠١) ئەندام |
| ١٠ | ئەکادیمیای هۆشیاری | - | - | ٧ ئەندام |
| ١١ | مەکتەبی کۆمەڵایەتی | - | ٥-٧ ئەندام | ٥-٧ ئەندام |
| ١٢ | مەکتەبی راگەیاندن | ٣-٧ ئەندام | ٥-٧ ئەندام | ٧ ئەندام |
| ١٣ | دەزگای هەڵبژاردن | - | - | ٥-٧ ئەندام |
| ١٤ | م. پەیوەندییە نیشتمانییەکان | - | ٥-٧ ئەندام | - |
| ١٥ | م. پەیوەندییەکانی دەرەوە | - | ٥-٧ ئەندام | - |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦ | م. پەیوەندییە گشتییەکان | ٣–٥ ئەندام | – | ٩ ئەندام |
| ١٧ | م. ڕێکخراوە دیموکراتیەکان | – | ٥–٧ ئەندام | ٧ ئەندام |
| ١٨ | مەکتەبی شەهیدان | – | – | ٧ ئەندام |
| ١٩ | م. چاودێری و بەدواداچوون | – | – | ٧ ئەندام |
| ٢٠ | م. مافی مرۆڤ | – | ٥–٧ ئەندام | – |
| ٢١ | م.دارایی و ئیدارەی گشتی | ٣–٥ ئەندام | ٥–٧ ئەندام | ٧ ئەندام |
| ٢٢ | دەزگای چاودێری دارایی | – | – | ٧ ئەندام |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | دەزگـــای پێـشمەرگە و تێکۆشـەرە دێرینەکان | - | - | ٥-٧ ئەندام |

ل. = لێپرسراو ، م. = مەکتەب

**ململانێیەکان لەناو ی.ن.ک":**

یـەك لـە خەسـڵەتە گرینگـەکانی حزبـە سیاسـییە جەماوەریـەکان لـە وڵاتـانی گەشەسـەندوو، بڵاوبوونـەوەی دیـاردەی دەسـتەگەری و ململانێـی تونـدو جیابوونەوەیە، لەنێوانیاندا.

ئـەم حزبانـە ئەگـەر چـی بەدەسـت لاوازی فیکـری و ئایدولۆژییـەوە دەنـاڵێنن، لەگـەڵ جۆراوجۆری پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتیان، بـەڵام کـەمتر بایـەخ بـە رۆڵـی ئـەم دوو لایەنـە دەدەن، بۆیـە لـە ئاکامـدا، تونـدبوونی ململانـێ و ناکۆکیـەکان لـەناو ئەو حزبانە بە زەقی و توندی دەردەکەون.

**ململانێیەکان لەناو ریزەکانی (ی.ن.ك) دەکرێ لەسەر سێ ئاستدا باس بکرێ:**

یەکـەم: ململانێـی نێـوان (ی.ن.ك) وەك رێکخراوێکـی سیاسـی، لەگـەڵ حـزب و هێـزە سیاسییەکانی دیکـەی کوردسـتان (ململانێـی دەرەکـی)، وەك ململانێـی نێوان یـەکێتی، لەگـەڵ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و حزبـی سۆسیالیسـتی کوردستان و چەند لایەنێکی دیکە.

ئـەم جۆرە ململانێیە هـەر لـە سـەرەتای دەسـت پێکردنـی خـەباتی چەکداری و دروسـت بـوونی مـەفرەزە چـەکدارەکان لەناوچـە جۆراوجۆرەکـانی کوردسـتان سـەری هەڵـداوەو درێـژەی کێشاوە تـا سـاڵانی ١٩٨٧ لـەو کاتـەی هـەنگاوەکانی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی دەستی پێکردووە.

بەڵام جارێکی دیکەش دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ دەستی پێکردۆتەوە و درێژەی کێشاوە تا ساڵی ١٩٩٨.
ئەم جۆرە ململانێیە بوارەکانی یاسایی و ئایدۆلۆژی و چەکداریشی گرتۆتەوە، ململانێیەکی مێژووییە، رەنگە هەندێ رەگ و ریشەی بۆ ساڵانی ١٩٦٤ بگەرێتەوە.
دووەم: ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان باڵەکانی (ی.ن.ك)، وەك ململانێی نێوان کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.
سێیەم: ململانێی نێوان سەرکردەو کادیرانی خودی هەر رێکخراوێك (باڵێك) لە رێکخراوەکانی ناو (ی.ن.ك). وەك ململانێی نێوان سەرکردەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران و ململانێی نێوان سەرکردەو کادیرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.
دیارە هەر جۆرە ململانێیەك خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، سەرەرای هۆکارەکانی دروست بوونیشی. ئەو ململانێیانە بە چەند قۆناغێکدا تێپەربوونە، چارەسەرکردنیشیان چەند قۆناغێکی گرتۆتە خۆی، سەرەرای ئەوەی ئاسەواری ئەرێنیان دەبێ بەسەر هەموو رێکخراوەکەو بەسەر ئەو بابەتە سیاسییەی کە خەباتی بۆ دەکرێت.
(ی.ن.ك) لەماوەی مێژووی سەخت و پڕ لە رووداوو بەسەرهاتی، هەروەها بەهۆی سروشتی پێکهاتە رێکخراوییەکەی و ئەو هەل و مەرجانەی لەچوارچێوەیدا دروست بووە، بەردەوام کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانی پڕ بوونە لە بیروڕای جیاواز و رەخنەگرتن.

**لە گرینگترین دیاردەکانی ململانێ و جیابوونەوەکانی ناو (ی.ن.ك)، ئاماژە بۆ سێ دیاردەی ململانێ دەکەین:**

**ا- جیابوونەوەی بەشێکی سەرەکی لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان:**

هەرچەند ە ململانێیەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ناو یەکێتی، سەرەتا لەسەرکردایەتیەوە دەستی پێکرد، بەڵام دواتر بەرەبەرە ریزەکانی ناو پێشمەرگەو رێکخستنەکانیشی گرتەوە.

کاتێ بزووتنەوە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیابۆوە لە ئازاری/١٩٧٩، هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی لەناو یەکێتیدا هەر مانەوە، وەك (عومەر مستەفا، جەمال ئاغا، عەلی حەوێز) و هەر بە ناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، خۆیان رێکخست و چالاکیەکانیان ئەنجام دەدا. لەو سەرکردانەی بزووتنەوەش کە لە یەکێتی جیابوونەوە، هەریەك لە: رەسول مامەند، تاهیر عەلی والی، سەید کاکە، قادر عەزیز، حاجی حاجی ئیبراهیم، ئەحمەد فەقێ رەش، مەلا ناصیح، شێروان شێروەندی، بوون.

ئەم جیابوونەوەیە لەلایەن سەرکردەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، ئەوانی لەناو شار مابوونەوە پشتگیری لێدەکرا، وەك (صالح یوسفی، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی).

**دیارە ئەم جیابوونەوەیە هۆکاری زۆری هەبووە، دەکرێ لە چەند خاڵێك کورتی بکەینەوە[٢١٥]:**

١-بوونی ململانێی سیاسی و ئایدیولۆژی لەنێوان باڵەکانی (ی.ن.ك):

یەکێتی لەسەرەتای دروست بوونیەوە، لەهەردوو رێکخراوی: کۆمەڵەی رەنجدەران و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و کۆمەڵە کەسانێکی دیکەش بەناوی (هێڵی گشتی) یەوە جیاوازی فیکری و سیاسی هەبووە لەنێوانیاندا، بیروڕای سیاسی و بەرنامەی رێکخراوەیی و شێوازی کارو خەباتی جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەبووە.

هەروەها رووداوەکانی هەکاری و شەهید بوونی عەلی عەسکەری و د. خالید سەعید، پێگەی باڵی جەلالیەکەی ناو بزووتنەوەی لاواز کردبوو، کادیرە سەرکردایەتیەکانی دیکەی بزووتنەوە هەموو لەو کادیرانە بوون کە پێشتر

لەناو پارتی (باڵی مەلایی) کاریان کردوە، بۆچوون و پێشنیازەکانی ئەم رەوتە لەناو یەکێتی وەك پێویست رێزی لێ نەدەگیرا.

٢- خودی بزووتنەوەی سۆسیالیستی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە پێکهاتەیەکی ناتەباو هەمەرەنگ بوو، لە کەسانی (سۆسیالیست، دیموکرات، ناسیونالست، مارکسی، عەشایری) پێکهاتبوو، ئەمەش رۆڵی هەبوو لەوەی کە یەك ئایدولۆژیاو بیروڕای سیاسیان نەبێت.

بۆچوونی جیاوازیان هەبێت بەرامبەر پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و باڵەکانی ناو (ی.ن.ك)، سەرەڕای ئەوانەش پێکهاتەی رێکخراوەیی بزووتنەوە لەناو دوو باڵی ئەیارەکەی (جەلالی و مەلایی) تێك ئاڵابوون.

٣- بەکارهێنانی شێوازی دوور لە دیموکراسییەت بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان.

لەم بارەوە باس لە تاکرەوی مام جەلال دەکرێت، لایەنی بزووتنەوە تاوانباریان دەکرد کە گوێ ناداتە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ، بیروڕاکانی خۆی دەسەپێنێت، زیاتر بەلای کۆمەڵەی رەنجدەران دادیدەشکێنێت، سەرەڕای هەندێ کێشە لەسەر بابەتی دارایی و چەك دابەشکردن و کاروباری رۆژانەش.

٤-رۆڵی فاکتەری دەرەکی لەتێکدانی پەیوەندییەکانی ناو ی.ن.ك:

لەم بارەوە باس لە رۆڵی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت، بەتایبەتی (سامی عبدالرحمن)، کە درێغیان نەکردووە لە هەوڵی لێکترازاندنی ریزەکانی یەکێتی، بەو نامانەی کە ناردوویەتی بۆ رەسول مامەند.

هەروەها باسی رۆڵی د. محمود عوسمان دەکرێت کە هانی سەرکردەکانی بزووتنەوەی داوە بۆ ئەوەی لەناو یەکێتی بێنەدەرەوە.

هەر لەم بارەوە ئاماژە بۆ رۆڵی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکرێت، کە بزووتنەوەیان هاندا بوو بەڵێنی هاوکاریکردنیشیان پێدابوو لەکاتی دەرچوونیان لەناو ریزەکانی یەکێتی، هەندێ سەرچاوە هۆکاری ئەمە بۆ دەستێوەردانی مام جەلال دەگەڕێننەوە لە کاروباری ناوخۆی کوردستانی رۆژهەلات.

**ب-جیابوونەوەی ئالأی شۆرش ١٩٤٨:**

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، بیروبۆچوونی جیاواز لە ناو ئەندام و سەرکردەکانی سەری هەڵداوە، دەربارەی بابەتی، ئایا کۆمەڵە نوێنەری چینی کرێکارو جوتیارو زەحمەتکێشان بێت لەسەر ئاستی عێراق، یان نوێنەرایەتی ئەو چینانە دەکات لە کوردستان.

مەلا بەختیار نووسیویەتی[٢١٦]: کێشەکانی ناو کۆمەڵە هەر لەو کاتەوە - سەرەتای دامەزراندنی- بەناو عێراق و کوردستانی، یاخود لەسەر ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی لاوەکی، لەبەر رۆشنایی تیزی سێ جیهان، هەروەها کێشەکانی تریش لە رێکخستنەکانی سلێمانی (١٩٧٤-١٩٧٥) تێکرا بەڵگرن کە کۆمەڵە بە کەرەستەیەکی ئایدیۆلۆژی لاواز، بڕیاری چارەسەری کێشە فیکرییەکانی داوەو رووبەڕووی ئەرکی قورسیش بۆتەوە.

دیارە ئەو بیروڕا بۆچوونانە ماوەماوە سەریان هەڵداوەو کپ بوونەتەوە، بەلأم لە ساڵی ١٩٨٤ وە زۆر بە گەرمی بوونەتە جێگای گفتوگۆ.

**بە بۆچوونی رەوتی عێراقچیەکان[٢١٧]:**

بە پێی بنەماکانی مارکسییەت، چینی کرێکاری هەموو عێراق یەک چینەو (ناکۆکی چینایەتیش بنچینەییە، ناکۆکی نەتەوایەتی لاوەکی و لقە)، واتە ناکرێت پرۆلیتاریا بە تەنها لە کوردستان سەرکەوی. بۆیە خوازیاری گۆڕینی سنووری چالاکی کۆمەڵە بوون لە کوردستانی بۆ عێراقی هەروەک کۆمەڵەی ئێران پێی هەستا لەدوایی. هەرچی رەوتی کوردستانیش بوو:

لەڕووی هزرییەوە تەنیا (تەئویلی مارکس) یان پێبوو سەبارەت بە دۆخی ئێرلەندا، نەک یاسا، بەو شێوەیە هاوسەنگیەک درووست بوو، بۆ درێژەکێشانی ئەو کێشەیە، لەلایەن عێراقچیەکانی بەڵگەو یاسای بەهێزیان بەدەستەوە بوو، بەڵام واقعی نەبوو، لەلای کوردستانچیەکان واقعی تر بوون، بەڵگەی مارکسیان لاواز بوو، بەڵام سەرکردە بڕیار بە دەستەکانیشیان لە گەڵدا بوو، کەسیش بوێری نەکرد بڵێت مادام واقیع لە دۆڵێکەو تیۆریش لە دۆڵێکی ترە، ئەو خەلەلە لە هزرو فەلسەفەکەیە، بۆ لەسەر کورد ساغی دەکەنەوە.

سەرکردەکانی رەوتی (ئاڵای شۆرش) وەک (مەلا بەختیار)، سالار عەزیز....) بە گەرمی کاریان بۆ بیروباوەڕەکانی خۆیان کردووە، هەر لەگەرمەی خەباتی چەکداری و لەناو رێکخستنەکانی کۆمەڵە تۆرێکی پەیوەندییان دروست کردووەو بەو ئاراستەیە کاری رێکخراوەییان ئەنجامداوە.

لەساڵی (١٩٨٥) ئەو کێشەیە تەقییەوە و سەرکردایەتی (ی.ن.ک) چەند بڕیارێکی توندی دەرکرد بەرامبەر سەرکردەو کادیرانی ئەو رەوتە کە بە ئاڵای شۆرش ناسران.

دیارە پێشتر هەندێ هەوڵدراوە کە لە رێگای کۆبوونەوەو گفتوگۆ چارەسەری ئەو گیروگرفت و بیروبۆچوونانە بکرێت، بە ئاراستەیەک کە هەموو لایەک لەسەری رازی بن، بەڵام ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون.

ئەو ڕێ و شوێنە توندانەی کە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لەو سەردەمە پێی هەستا، بوو بە هۆی لاوازکردنی ئەم ڕەوتە، ساڵی ١٩٨٦ بەشێك لە سەرکردەو ئەندامانیان خۆیان گەیاندە ئێرانی و لە زێوە بارەگایان داناوە، وەك (عیماد ئەحمەد و ڕووناکی شێخ جەناب)، لەکاتێکدا مەلا بەختیار زیندانی کرا بوو.

بەڵام دوای ڕاپەرینی (١٩٩١) بە گەرمی چالاکیەکانیان سەری هەڵدایەوەو (ئاڵای شۆڕش) بوو بە ڕێکخراوەی سیاسی سەربەخۆ، دواتر لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی یەکیان گرت، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت گەڕانەوە ناو (ی.ن.ک) لە ساڵی ١٩٩٣.

## ج- جیابوونەوەی ڕەوتی ڕیفۆرم:

ساڵی (٢٠٠٦) سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاری لەسەر جێ بەجێکردنی پرۆسەیەکی گرینگ و هەستیاردا، ئەویش هەڵبژاردن بوو لەناو ئۆرگانەکانی ڕێکخستن لەخوارەوە تا ئاستی مەڵبەند، وەك شێوازێکی دیموکراسیانە بۆ دیاریکردنی ئەنجوومەنی ئەو ئۆرگانانەو وەڵامدانەوەی ڕەخنە و ناڕەزاییەکانی ئەندام و جەماوەری یەکێتی، کە ئاراستەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەکرا بەتایبەتی.

لەڕاستیدا کێشەو کەم و کورتی و ڕەخنە و ناڕزاییەکان، ماوەیەکی زۆربوو دەستیان پێکردبوو لەزۆر بوونیشدا بوو، چەند جارێك لەلایەن چەند ئەندامێکی (م.س) و سەرکردایەتی، یاداشت بۆ سکرتێری گشتی بەرزکراوەتەوە، لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ئەو بابەتە وروژێنراوە، کە باس لەو بارودۆخە ترسناك و نەرێنیانە دەکات لەناو ڕێکخستن بەتایبەتی و دەزگاکانی دیکەش وەك دارایی و کارگێڕی بە گشتی و بۆتە هۆی دیاردەی گەندەڵی و دەستەگەری لەسەرەتاوە تا خوارەوە.

پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی ساڵی (٢٠٠٦) جگە لەوەی لەرووی بەڕێوەبردنیەوە زۆر کەم و کورتی تیادا بوو، ئەنجامەکانیش بە بۆچوونی زۆر لایەنی شارەزا، شیرازەی کاروبارەکانی خراپتر کردو دیاردەی نەرێنی زۆر لێکەوتەوە.

لە ئاکامە گرینگەکانی ئەو پرۆسەیە (هەڵبژاردن) درووست بوونی جولانەوەیەك لەناو رێکخستنەکان و گەشە کردنی، ئەو جولانەوەیە وەك تۆرێکی پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی ناو ئۆرگانەکان دروست بوو، لەژێر ناوی -ریفۆرم- کەسی رابەریش بۆ ئەم کارە (نەوشیروان مستەفا ئەمین) بوو، کە پێشتر بڕیاریدا بوو لەپێگەی خۆی وەك جێگری سکرتێری گشتی و ئەندامی (م.س) یەکێتی وازبێنێ.

ئەم جولانەوەیە رووی لە گەشەکردن بوو، لەبەهاری (٢٠٠٩) کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هاتە پێشەوە، سەرکردەکانی ئەم رەوتە بڕیاریاندا بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری بکەن لەو هەڵبژاردنەو لەژێر ناوی لیستی گۆران.

ئەم بڕیارە کۆتایی هێنا بە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و سەرکردە و ئەندامانی ئەم رەوتە، کە بوو بە رێکخراوەیکی سەربەخۆ، بارەگاو قەوارەی رێکخراویی بۆ خۆی پێکهێنا، مۆڵەتی فەرمیشی پێدرا بۆ کارکردن لەژێر ناوی -بزوتنەوەی گۆران.

**هۆیەکانی ئەم جیابوونەوەیەش، دەکرێ لە چەند خاڵێك کورتی بکەینەوە:**

١- ململانێ لەسەر دەسەڵات لەناو ی.ن.ك کە هۆیەکی سەرەکی و بنچینەیی بوو.

٢- دوورکەوتنەوە لەشێوازی دیموکراسییانەو شەفافییەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ناو ی.ن.ك.

٣- لاوازبوونی بنەماکانی کار رێکخراوەیی و (دیسپلینی ناو (ی.ن.ك).

٤- تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی و دەستەگەری لەناو ئۆرگانەکانی ی.ن.ك.

**لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان:**

نەوشیروان مستەفا ئەمین (رابەری بزووتنەوە) محمد توفیق رەحیم، قادری حاجی عەلی، نجم الدین عەزیز (سالار)، عوسمانی حاجی مەحمود، عومەری سەید عەلی، جەلال جەوهەر، مستەفا سید قادر، سەفین مەلا قەرە، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری کادیری حزبی و پێشمەرگایەتی لەهەموو ئاستەکان.

بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان هەر زوو بەرەو ڕووی ململانێ و ناکۆکی ناوخۆیی توند بۆتەوە، کێشەکانی ناو بزووتنەوە زۆرن و جۆراوجۆرن، هەموو ئاستەکانی گرتۆتەوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆری کادیری حزبی و پێشمەرگایەتی ریزی بزووتنەوەیان بەجێ هێشت و بەشێکیان گەڕاونەتەوە ناو رێکخستنەکانی ی.ن.ك، سەرەڕای دوورکەوتنەوەی ژمارەیەك لە سەرکردە دیارەکانی بزووتنەوە، وەك: نجم الدین عەزیز، عوسمانی حاجی مەحمود و چەندین کەسانی دیکەش لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان.

**هۆکارەکانی ئەو ململانێ و ناکۆکیە ناوخۆییانەش زۆرن، لەوانە:**

١- بالاً دەستی نەوشیروان مستەفا کە هەموو کاروبارەکانی گرتۆتە دەستی خۆی و لەژێر چاودێری خۆیدایە.

٢- نەبەستنی کۆنگرە و نەبوونی سەرکردایەتیەکی شەرعی بۆ بزووتنەوەکە، ئەگەرچی وا زیاتر لە (٥) ساڵە بزووتنەوە هەیە.

٣- نەبوونی هەر جۆرە سیستمێکی ناوخۆیی (پەیڕەو) کە پێکهاتەی ئۆرگانی رێکخراوەکە دیاری بکات لەگەڵ ئەرك و دەسەڵاتەکانی.

ئەوەی دیارە تا ئێستا، دروست کردنی جۆرێك لە ڕێکخستن لەسەر ئاستی بنکەکانی بەناوی بازنە و ئەنجوومەنی شار، کە زیاتر کارەکانیان پەیوەستە بە کاری کارگێڕی و ڕاگەیاندن و هەڵبژاردنەوە.

٤- نەبوونی ئایولۆژیایەکی دیاریکراو و بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕوون و ئاشکرا، جگە لەوەی کە لەکاتی هەڵبژاردنەکان دەیخاتە ڕوو، وەك بەرنامەی هەڵبژاردن.

٥- کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەناو بزووتنەوە، بەهیواو ئامانجی جۆراوجۆر، لەهەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ، لە ئەو پەڕی ڕاستەوە تا ئەو پەڕی چەپ، دیارە ئەم پێکهاتە نەگونجاوە خۆی لەخۆیدا هۆکاری ململانێ و ناکۆکییە.

**کۆنگرە گشتییەکانی ی.ن.ك:**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەماوەی (٣٧) ساڵی تەمەنی، سێ کۆنگرەی گشتی بەستووە، سەرەڕای (٤) پلینیۆم.

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی کۆنگرەکان، دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت کە (ی.ن.ك) تا ساڵی ١٩٩٢، وەك ڕێکخراوێکی سیاسی نیمچە بەرەیی کاری کردووە، پێکهاتبوو لە چەند ڕێکخراوو ڕەوتێکی جیاواز، دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ بە فەرمی هەردوو باڵی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی تێکۆشەرانی کوردستان، خۆیان هەڵوەشاندەوەو لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوونە یەك ڕێکخراوی سیاسی، هەڵگری یەك بەرنامە و یەك سیستمی ناوخۆ.

## یەکەم: کۆنگرەی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢:

### تێبینیەکان دەربارەی کۆنگرەی یەکەم:

١- لە کۆنگرە هەردوو ڕێکخراوە گەورەکەی ناو (ی.ن.ك) بەفەرمی بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەیاندا، هەروەها ڕازی بوون بە دامەزراندنی یەك ڕێکخراوی سیاسی و بەپێی یەك بەرنامە و یەك پەیڕەوی ناوخۆ و یەك سەرکردایەتی و یەك ئایدۆلۆژیا.

٢- ژمارەی ئامادەبووان لە نوێنەرانی ئۆرگانەکان نزیکەی (٨٠٠) ئەندام دەبوون، هەروەها ژمارەیەکیش ئەندام بە ئاسایی بەشداریان کرد.

٣- کۆنگرە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، ئەوەش نیشانەی بوونی کێشەو گرفتی زۆر بووە.

٤- لە کۆنگرە ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، کە ژمارەیان (١٧) ئەندام و (٦) ئەندامیش جێگیربوون.

٥- لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هیچ ژنێکی تیادانەبوو.

٦- لەدوا بەشەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرە، ئاماژە بۆ بەستنی پلینیۆم دەکرێت، ئەو پلینیۆمە لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ سازدرا، تیایدا بڕیار لەسەر یەکگرتنەوە درا لەگەڵ ڕێکخراوە چەپەکانی کوردستان.

دیارە بەهۆی ئەو یەکگرتنە لەگەڵ حزبی سۆسیالیست و ئاڵای شۆڕش و ژمارەیەك لە کادیرو ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقی -لقی کوردستان، ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی (١٠) ئەندام زیادی کرد.

٧-هەموو ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەناو کۆنگرە بە دەنگدانی نهێنی هەڵبژاردن، تەنها سکرتێری گشتی نەبێت، کە بە دەنگدانی ئاشکراو بێ ڕکابەر هەڵبژێردرا.

٨-کۆنگرە بە فەرمی بڕیاری لەسەر هزری (سۆسیال -دیموکرات) دا، وەك ئایدیۆلۆژیای ی.ن.ك.

٩- ناوی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەکەم:

١- جەلال تاڵەبانی- سکرتێری گشتی.
٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین.
٣- د. فوئاد مەعصوم.
٤- د. کەمال فوئاد.
٥- فەرەیدون عەبدولقادر.
٦- جەبار فەرمان.
٧- عومەر فەتاح.
٨- قادری حاجی عەلی.
٩- عومەر سید عەلی.
١٠-دارۆ شێخ نوری.
١١- محەمەد تەوفیق رەحیم.
١٢- حەسەن کوێستانی.
١٣- چەتۆ حەوێزی.
١٤- ئەرسەلان بایز.
١٥- کوردۆ قاسم.
١٦-مستەفا چاورەش.
١٧-شێردڵ حەوێزی

جێگرەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی:

١- عارف روشدی.
٢- سەعدی ئەحمەد پیرە.

٣- شۆرش ئیسماعیل.

٤- حازم یوسفی.

٥- سەعدون فەیلی.

ناوی ئەو ئەندامانەی بەهۆی پرۆسەی یەکگرتنەوە بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی زیادکران:

١-رەسول مامەند.

٢- محمد شاکەلی.

٣- شێوان شێروەندی.

٤- بەهرۆز گەلالی.

٥- مەلا بەختیار.

٦- عیماد ئەحمەد.

٧- عادل موراد.

٨- مامۆستا گۆران

٩- عەدنان موفتی.

١٠- ئەبو بەکر خۆشناو.

**دووەم:**

**کۆنگرەی دووەمی ی.ن.ك / ٢٠٠١.**

کۆنگرەی دووەم بە تێپەربوونی نزیکەی (٩) ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەمدا، بەسترا، تێبینەکان دەربارەی کۆنگرەی دووەم:

١- ژمارەی بەداربیوانی کۆنگرەی دووەم نزیکەی (١٢٢٥) ئەندام دەبوون، واتا بە زیاد بوونی (٦٠٠) ئەندام زیاتر لە کۆنگرەی یەکەمدا. دیارە ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ زۆربوونی ژمارەی ئەندامانی یەکێتی و گەورەبوونی قەبارەی ئۆرگانەکانی.

٢- لە کۆنگرەی دووەم، پەیڕەوی ناوخۆ، بێ دەسکاریکردنی پرەنسیپەکانی و هەیکەلی ڕێکخراوەی، وەك خۆی نووسراوەتەوە، سەرەڕای ئایدۆلۆژیای یەکێتی کە جەختی لەسەر هزری سۆسیالی دیموکرات و مافەکانی مرۆڤ کردۆتەوە.

٣- هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی، ژمارەیان بوو بە (٣٥) ئەندام و (١٠) ئەندامی جێگیر.

٤- شێوازی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەدەنگدانی نهێنی بوو، بەڵام (٦) ئەندامی سەرکردایەتی کە بوونە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بە دەنگدانی ئاشکرابوو.

٥- هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی بە دەنگدانی ئاشکراو بێ ڕکابەر بوو.

٦- لە کۆمیتەی سەرکردایەتی نوێ: ژمارەی (٢٦) ئەندامی نوێ هاتونەتە ناو سەرکردایەتی، هەروەها (١١) ئەندامی سەرکردایەتی پێشوو دەرنەچوون و (٣) ئەندامی سەرکردایەتی کۆچی دواییان کردووە، لەگەڵچ (١٩) ئەندامی سەرکردایەتی لە ئەنجومەنی پێشوو دووبارە دەنگیان پێدراوە و بوونەتە ئەندامی سەرکردایەتی، کە هەموویانی لە سەرکردەو کادیرانی سەردەمی خەباتی چەکداری بوون.

٧- لەناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی نوێ هیچ ژنێکی تیادا نەبووە.

٨- ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێراوی کۆنگرەی دووەم (لەگەڵ جێگرەکان):

١- جەلال تاڵەبانی - سکرتێی گشتی

٢- نەشێروان مستەفا ئەمین

٣- د.فوئاد مەعصوم

٤- د. کەمال فوئاد

٥- د. بەرهەم صالح

٦- عومەر فەتاح

٧- کۆسرەت ڕەسول عەلی

٨- عومەر سەید عەلی

٩- فەرەیدون عەبدولقادر

١٠- جەبار فەرمان

١١- ئەرسەلان بایز

١٢- عەدنان موفتی

١٣- مستەفا سەید قادر

١٤- عیماد ئەحمەد

١٥- مەلا بەختیار

١٦- جەلال جەوهەر

١٧- عادل موراد

١٨- شێخ جەعفەر شێخ مستەفا

١٩- شالاو عەلی عەسکەری

٢٠- سەعدی ئەحمەد پیرە

٢١-سەفین مەلا قەرە

٢٢- عوسمان بانی مارانی

٢٣- مەحمود سەنگاوی

٢٤- ئازاد جوندیانی

٢٥- کوردۆ قاسم

٢٦- شاخەوان عەباس

٢٧- شەوکەت حاجی مشیر

٢٨- ئاسۆ عەلی

٢٩- رزگار عەلی

٣٠- شۆرش ئیسماعیل

٣١- خەسرەو شێرە

٣٢- جەمال حاجی محەمەد

٣٣- ئاسۆ مامەند

٣٤- د. خەسرەو سەید گوڵ

٣٥- رفعەت عەبدوڵلا

٣٦- محەمەد تەوفیق رەحیم

٣٧- د. محەمەد صابر ئیسماعیل

٣٨- قادر حەمە جان

٣٩-بورهان سەعید سۆفی

٤٠- عارف روشدی

٤١- مستەفا چاوڕەش

٤٢- عوسمان حاجی مەحمود

٤٣- فەرید ئەسەسەرد

٤٤- جەمال یوسف

٤٥- خەلیل نعمەت دۆسکی

٤٦- شەماڵ عەبدولوەفا

**سێیەم:کۆنگرەی سێیەمی ی.ن.ک/٢٠١٠**

لە ساڵی (٢٠١٠) سێیەم کۆنگرەی (ی.ن.ک) بەسترا، بە ئامادەبوونی نزیکەی (١٦٠٠) ئەندام، واتا بە زیاد بوونی نزیکەی (٨٠٠) ئەندام لە کۆنگرەی یەکەم و نزیکەی (٤٠٠) ئەندام لە کۆنگرەی دووەم. تایبەتمەندی ئەم کۆنگرەیە ئەوە بوو، دوای جیابوونەوەی باڵەکەی (نەوشیروان مستەفا) بووە لە (ی.ن.ک) بۆیە کۆنگرە لەبەردەم ئەرکی گرینگ و زۆر بووە.

**تێبینییەکان دەربارەی کۆنگرەی سێیەم:**

**-لەو گۆرانکارییە دیارانەی بواری رێکخراوەیی، بڕیاردان لەسەر:**

**ا- پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوەند، کە ژمارەیان (١٠١) ئەندام بێت، (٨١) ئەندامی بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن و (٢٠) ئەندامی لە دەسەڵاتی سکرتێری گشتی دەبێت.**

**ب- لادانی پرەنسیپی (ناوەندێتی دیموکراسی) و ئەو خاڵانەی پەیوەندییان بەم پرەنسیپەوە هەیە لەناو پەیڕەوی ناوخۆ.**

**ج- ئەمانی هەردوو ئۆرگانی (شانەو پۆل) لە هەیکەلی رێکخراوەیی رێکخستن، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراو لەم کۆنگرەیە.**

**٢- بڕیاردان لەسەر رێژەی ژن لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتی، کە دەبێ رێژەکەی لە (٢٠٪) کەمتر نەبێ.**

**٣-کۆمیتەی سەرکردایەتی ژمارەی ئەندامانی بەرزکرایەوە بۆ (٥٠) ئەندام بە سکرتێری گشتیەوە. ژمارەی (٤٥) ئەندامی بە هەڵبژاردنی نهێنی سەردەکەون، بەڵام (٥) ئەندامەکەی دیکە لەلایەن سکرتێری گشتیەوە دیاری دەکرێن، هەروەها (٥) ئەندامی جێگیریش هەڵدەبژێردرێت.**

**٤- هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی و هەردوو جێگیرەکەی بە دەنگ دانی ئاشکرا دەبێت.**

**٥-جیاوازی لەنێوان کۆمیتەی سەرکردایەتی دووەم و کۆمیتەی سەرکردایەتی سێیەم:**

**ا- ژمارەی (٢٠) ئەندام لە کۆمیتەی سەرکردایەتی پێش و بۆ جارێکی دیکە هەڵبژێردران.**

**ب- ژمارەی (٣٠) ئەندامی سەرکردایەتی، نوێ هاتونەتە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی سێیەم بەیەدەگەکانەوە (جێگیر).**

جـ- ژمارەی (١٦) ئەندامی سەرکردایەتی کە لە کۆنگرەی دووەمدا ناویان هەبووە، بەلأم لە هەڵبژاردنی کۆنگرەی سێیەم دەرنەچوون، بەشێکیان ریزەکانی یەکێتیان بەجێ هێشت.

د- ژمارەی (٥) ئەندامی سەرکردایەتی لە کۆمیتەی دووەمدا کۆچی دواییان کردووە.

هـ- ژمارەی (٩) ژن بوون بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە کۆنگرەی سێیەمدا بۆ جاری یەکەم.

٦- ناوی ئەندامانی کۆمیتەی سەکردایەتی، هەڵبژاردنی کۆنگرەی سێیەم: *

١- جەلال تاڵەبانی

٢- کۆسرەت رەسول

٣- د. بەرهەم صالح

٤- مەلا بەختیار

٥- عومەر فەتاح

٦- قادر حەمەجان

٧- عەدنان موفتی

٨- ئەرسەلان بایز

٩- عیماد ئەحمەد

١٠- نەجمەدین کەریم

١١- رفعەت عەبدوڵلا

١٢- مەحمود سەنگاوی

١٣- سەعدی ئەحمەد پیرە

١٤- شێخ جەعفەر شێخ مستەفا

* رۆژنامەی کوردستانی نوێ (ی.ن.ک)- ژمارە (٥٢٠٦) لە ١٧/ حوزەیرانی / ٢٠١٠.

١٥- ئازاد جوندیانی

١٦- رزگار عەلی

١٧- ئاسۆ مامەند

١٨- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

١٩- مستەفا چاورەش

٢٠- ئالا تەحسین تاڵەبانی

٢١- نەرمین عوسمان

٢٢- خەسرەو گوڵ محەمەد

٢٣- ئارێز عەبدوڵلا

٢٤- شالاو کۆسرەت

٢٥- فەرید ئەسەسەرد

٢٦- شۆرش ئیسماعیل

٢٧- محەمەد وەتمان

٢٨- حەمەی حەمە سەعید

٢٩- بلێسە جەبار فەرمان

٣٠- جوان ئیحسان

٣١-هەڵۆ پێنجوێنی

٣٢-سیروان کوێخا نەجم

٣٣-پەروین بابەکر پشدەری

٣٤-هەرێم کەمال ئاغا

٣٥-فریاد رەواندوزی

٣٦-خالد شوانی

٣٧-بێگەرد دڵشاد

٣٨-شالاو عەلی عەسکەری

٣٩- وەستا رەسول

٤٠-وەسفیە بەنی وەیس

٤١-پەروین کاکە حەمە

٤٢-سامان گەرمیانی

٤٣-عەدنان حەمەی مینە

٤٤-حامید حاجی غالی

٤٥-حسن ئاسایش

ئەندامانی یەدەگ:

١-لەتیف شێخ عومەر

٢- رابەر سەید ئیبراهیم

٣- جەمیل هەورامی

٤-بارزان ئەحمەد کوردە

٥- عارف روشدی

**رۆڵ و پێگەی مام جەلال لەناو ی.ن.ك:**

**پرۆسەیَ بوونیادنانی نەتەوە، پرۆسەیەکی درێژخایەنە، پێویستی بە ئەرك و هەوڵێکی زۆر دەبێ. لە سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە بۆ ماوەی دوور، هەروەها بۆ ئەوەی نەتەوە تواناکانی خۆراگری هەبێت، ئەوە متمانە دەکاتە سەر جۆری ئەو کەسەی کە سەرکردایەتیەکە دەگرێتە ئەستۆو کار بۆ سەرکەوتنی دەکات. دیارە ئەو جۆرە سەرکردایەتیەش لەو قۆناغەدا زۆر پێویستە بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی گەل[٢١٨].**

جەلال حسام الدین تاڵەبانی، لە ساڵی ١٩٣٣ هاتۆتە دونیاوە[٢١٩]، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کوێی تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەیشی لە شاری کەرکوك خوێندووە، دەرچووی کۆلێژی مافە لە شاری بەغدا، ساڵی ١٩٥٩.

لە ساڵی ١٩٤٧ وە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کوردستان کردووە، ساڵی (١٩٥١) لە دووەم کۆنگرەی پارتی بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، کە تەمەنی تازە پێی لە (١٨) ساڵی نابوو، ساڵ (١٩٦١) بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی.

دوای تەواوکردنی کۆلێژی ماف، وەك ئەفسەری (جێگیر) لە سوپای عێراق کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٥٣ لەگەڵ کۆمەڵە قوتابییەك، ڕێکخراوێکی نهێنیان پێکهێنا بەناوی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) و خۆی سەرپەرشتی کردووە.

ساڵی ١٩٥٧ لە ئاهەنگی لاوانی جیهانی لە شاری مۆسکۆ بەشداری کردووە، لەوی چاوی کەوتووە بە سەرۆك (جەمال عەبدولناسر) و ژمارەیەك سیاسەت مەداری عەرەب.

ساڵی ١٩٦٣ سەرۆکی وەفدی کورد بووە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی بەعس لە بەغدا، لەوێ عەبدولسەلام عارفی سەرۆك کۆمار و ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی ناسیوە. پەیوەندییەکانی زۆر فراوان بووە، زۆربەی سەرۆك حکومەت و سیاسەتمەدار و سەرۆك حزبەکانی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی پەیوەندییان لەگەڵی هەبووە.

ساڵی (١٩٦١) بەشداریکردووە لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول لە کوردستان باشوور، سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگەی کردووە لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك.

زۆربەی ئەوانی بەدواداچوونیان هەیە بۆ مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کورد، بەڕوونی بۆیان دەردەکەوێ کە مام جەلال ڕۆڵێکی گرینگ و

کاریگەری هەبووە لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە، بە درێژایی قۆناغەکانی.

مام جەلال بەهۆی خەباتی سیاسییەوە لەناو جەماوەر دەرکەوتووە[٢٢٠]، ئەو نموونەی ئەوە سیاسەتمەدارانە نەبووە کە ویستبیان وەك ژمارەیەك بن لەناو سیاسەتمەداران، بەڵکو جیاوازی هەبووە لە بەڕێوەبردن و مامەڵە کردن و سەرکردایەتی سیاسی و بیردۆزییەوە. ژیانی مام جەلال تاڵەبانی پێکهاتەیەکی سیاسییە، دژوارە کەسێك بتوانێ کەسایەتی ژیانی ئەو دیاری بکات جیاواز لە لایەنە سیاسییەکەی.

لە خەسڵەتە گرینگەکانی ئەو سەرکردەیە بوونی تواناکانیەتی لە پەیوەندیکردن بە لایەنگران و پەیڕەوکارانی، بەمەبەستی وروژاندن و هاندانیان، ئەو باش پەیوەندییەکانی بەڕێوەدەبات، ئەویش بەهۆی زانینی کە کەی نزیك دەبێتەوەو کەی دوور دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵك بە ئامانج ببەستێتەوە و چارەسەری لایەنە لاوازەکان بکات و گەشە بە پەیوەندییە جەماوەرییەکانی بدات، ئەو پیاوێکی کۆڵنەدەرە، مەحاڵی لای ئەو نیە، کەسێتیەکی زۆر دەگمەنە. هاوڕێی دڵسۆزی پشت گوێ ناخات، ڕێگا بە گفتوگۆ و ڕەخنەکان دەدات، نووسەرێکی بەتوانایە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی.

دوای رووخاندنی شۆرشی کورد لە ئازاری ١٩٧٥، بارودۆخێکی نائاسایی خۆی بەسەر کوردستاندا کێشا، کۆمەڵانی خەڵك بەرەوڕووی ڕەشبینیەکی گەورە هاتن، زۆربەی تێکۆشەران و جەماوەریش باری دەروونیان رووخاو بێ ئومێدیان تووش ببوو.

مام جەلال لەو رۆژگارەدا لە جولەو چالاکییەکانی بەردەوامدا بوو، باوەڕی تەواوی بە ڕێکگخستنەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو هەڵسانەوەی شۆرشی هەبووە، بە ڕێبازێکی نوێی دوور لە شێوازە کلاسیکییە باوەکەو

بەپشت بەستن بە بیروباوەڕێکی نوێ و بە جوڵاندن و بەشدارپێکردنی جەماوەر و لەبەر چاوگرتنی گۆڕانکارییە جیهانییەکان.

لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا، سەرەڕای ئاستی لاوازی هۆشیاری سیاسی ناو کۆمەڵگە، لەگەڵ هەڕەشەکردن لە هێزە سیاسییەکان و پەرت بوونیان بە ئاشکرا، مام جەلال رۆڵی گرینگی دەگێرا بۆ لێك نزیکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان، بۆیە پەیوەندی بە هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکان دەکرد لە کوردستان و عێراق و لە دەرەوەش، بۆ بەرزکردنەوەی ورەو گیانی شۆرشگێڕی و تێگەیشتنی سیاسییان. هەروەها بۆ رێکخستنی کاروبارەکان و لێك نزیك بوونەوەو بەرپارکردنەوەی شۆرشی چەکداری.

دیارە رۆژگاری دوای روخاندنی شۆرشی ئەیلول لە (١٩٧٥)، رۆژگارێکی پڕ کێشە و بیروڕای ئاڵۆز و ململانێ و جیاوازی بووە. سەرەڕای دروست بوونی ئەو هەلومەرجەش بەڵام ساڵانی دوورو درێژی خەباتی سەختی سیاسی مام جەلال ئەو رامانەی لا خوڵقاندووە کە خۆی لەبەردەم ئەرکێکی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوایەتی گەورە ببینێتەوە و توانای زاڵبوونی هەبێ بەسەر ئەو بارودۆخەی کە خوڵقاوە، ئەو ئەرکەش پێویستی بە تێکۆشانێکی زۆرە، مام جەلال رێگای چارەسەری ئەو بارودۆخە نالەبارەی لە دامەزراندنی رێکخراوێکی سیاسی نوێی دۆزیوەتەوە کە توانای رابەرایەتیکردنی خەباتی هەبێت لە کوردستانی باشووردا.

مام جەلال لە یەکەم رۆژانی دامەزراندنی (ی.ن.ك) وەتا ئەمڕۆ، بە شارەزایی و کارامەیی خۆی توانیویەتی هاوسەنگی لەنێوان هێزو لایەنە سیاسییە رکابەرو ناکۆکەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات رابگرێ، ژیری و توانایەکی گەورەی نواندووە لە ئیدارەدانی ململانێیەکان، توانیویەتی گەشە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ هێزەکانی دەوروبەر بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەی رزگاری

نیشتمانی کوردستان، پێش بینی ڕووداوەکانی بکات، ڕەچاوی دۆخەکەو دەرئەنجامەکانی بکات، هەل و دەرفەتەکانی لەدەست نەدات.

مام جەلال، بە لێهاتوویی رابەرایەتی (ی.ن.ك) کردووە، قۆناغە سەختە جۆراوجۆرەکانی بڕیوە لەو ماوە دوورو درێژەدا، لە پێگەی سەرکردایەتی کەس رکابەری لەگەڵدا نەکردووە، مێژووی خەباتی بۆتە بەشێك لە مێژووی (ی.ن.ك)، بۆیە زۆر جار ئەو پرسیارە لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار بەم باسەوە دەوروژێنێت، کە: ئایا کەس هەیە جێگای بگرێتەوە لە دوای خۆی؟

دیارە سەرکردایەتی مام جەلال بۆ(ی.ن.ك) بێ کێشەو کۆسپ نەبووە، بەتایبەتی بارودۆخی وەك (یەکێتی) و ناوچەکە، ئەو کێشەو کۆسپانەش وەك ململانێ و لادان بوو بێت لە ریزەکانی یەکێتی، یان جیاوازی لە بیروڕای سیاسی و فیکری، یاخود لەنێوان باڵ و ڕەوتە جیاوازەکانی ناو (ی.ن.ك) بوو بێت، یان لەگەڵ لایەن و رێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی مەیدانی خەبات، هەروەها لە هەڵوێست بەرامبەر کێشەو ڕووداوەکان و بەکارهێنانی دەسەڵات بووبێت.

ئەو کێشەو کۆسپانەش زۆرو جۆراوجۆر بوون، هەریەکەیان، رەنگە رەگ و ریشەی تایبەت و هۆکاری خۆی هەبێ، کێشەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندا بوونە بەپێی گۆڕانی باوردۆخی سیاسی و رێکخراوەیی و کۆمەڵایەتییەوە.

لە خەسڵەتە سیاسییەکانی مام جەلال، دۆستایەتییەکەی هەتا سەر نەبووە، دوژمنایەتییەکەشی تا سەر نەبووە ئەو لەسەر رێڕەورێك دەڕۆیشت کە بریتییە لە: بەیەك گەیشتنی دوو بەرژەوەندی لەدژی سێیەم[٢٢١].

لەو تێبینیانەی لەسەر مام جەلال بە دیاردەی نەرێنی تۆمارکراون، لە ماوەی کاری رۆژانەی و مامەڵە کردنی لەگەڵ کێشەو ڕووداوەکان، ئەوە کە بڕیارە گرینگەکان بە زۆری لای خۆیەوە بووە، هەرچی بێت بیروڕای هەڤاڵانی ناو سەرکردایەتی، هەروەها لادانی لە پەیڕەو و بڕیارەکان هەندێ جار، کارێکی

ئاسایی بووە، لەژێر پەردەی بەرژەوەندی گشتی، وەك بڵێین زەرورەت پێویست دەکات.

دوا تێبینی نەرێنی لەسەر مام جەلال لە بواری سەرکردایەتی بۆ ی.ن.ك، لەدوا ساڵانی تەمەنیدا، لەگەڵ ئەو ڕەخنە توندانەی ئاڕاستەی شێوازی بەڕێوەبردنی یەکێتی دەکرا، سەرڕای بوونی دیاردەی باڵ باڵێن و دەستە گەری، بەڵام مام جەلال لەسەر دوو ئاڕاستە کاری کرد، کە هیچی نەبوو بە هۆی کۆتایی هێنان بە کێشەو گرفتەکانی یەکێتی، بەڵکو بوو بە هۆی دواخستنی ئەو کێشانەو کپ کردنەوەیان، کە ڕەنگە لە هەر هەل و مەرجێکدا سەر هەڵبداتەوە و توندتر بتەقێتەوە، ئەو دوو ئاڕاستەیەش کە پیادەی کرد، بریتی بوون لە:

أ- هەموو جومگە سەرەکیەکانی دەسەڵاتی خستە ژێر دەستی خۆی و لەژێر چاودێری خۆی.

ب- کارەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەو کەم و کورتیەکان، تەنها بۆ پارێزگرایکردنی باری راهاتووی یەکێتی بوو، لەپێناو مانەوەی، نەك بەهێز کردنی و گەشەپێدانی .

لە کۆتایدا دەکرێ بوترێ: تا چەند کردەوەکانی مام جەلال (وەك سکرتێری گشتی) لە ئاست پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکەی لە بەرژەوەندی باڵای (ی.ن.ك) بووە، ئەوە ئەنجامەکانی ئەو بڕیارانەو کاردانەوەی لەسەر ڕووداوەکان دەری دەخات.

**رووداوە گرینگە سیاسییەکان لە مێژووی ی.ن.ك:**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٩٧٥/٦/١ |
| ٢ | دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری | ١٩٧٦/٦/١ |
| ٣ | گەڕانەوەی مام جەلال بۆ خاکی کوردستان | ١٩٧٧ |
| ٤ | رووداوەکانی هەکاری | ١٩٧٨ |
| ٥ | جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان | ١٩٧٩ |
| ٦ | دامەزراندنی بەرەی (جوقد) | ١٩٨٠ |
| ٧ | ئاگر بەست لەگەڵ رژێمی بەعس | ١٩٨٣ |
| ٨ | شەڕی بەرەی (جود) | ١٩٨٣ |
| ٩ | جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش | ١٩٨٤ |
| ١٠ | هێرشی رژێم و رووداوەکانی ئەنفال | ١٩٨٨ |
| ١١ | پێکهاتنی بەرەی کوردستانی | ١٩٨٨ |
| ١٢ | راپەرینی بەهاری ١٩٩١ لە کوردستان | ١٩٩١ |
| ١٣ | یەکەم کۆنگرەی گشتی | ١٩٩٢ |
| ١٤ | هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم | ١٩٩٣ |
| ١٥ | شەڕی بزووتنەوەی ئیسلامی | ١٩٩٤ |
| ١٦ | شەڕی ناوخۆ لەگەڵ (پ.د.ك) | ١٩٩٥ |
| ١٧ | داگیرکردنی شاری هەولێر لەلایەن سوپای رژێم | ١٩٩٦ |
| ١٨ | پێکهێنانی حکومەت لە سلێمانی | ١٩٩٧ |
| ١٩ | ئاشت بوونەوە و راگرتنی شەڕ لەگەڵ پارتی | ١٩٩٨ |
| ٢٠ | کۆنگرەی دووەمی یەکێتی | ٢٠٠١ |
| ٢١ | رووخاندنی رژێمی سەدام | ٢٠٠٣ |
| ٢٢ | حکومەتی هاوبەش لەگەڵ پارتی | ٢٠٠٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | بوونی مام جەلال بە سەرۆك كۆماری عێراق | ٢٠٠٥ |
| ٢٤ | ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی | ٢٠٠٦ |
| ٢٥ | ململانێی ناوخۆو بەرزکردنەوەی یاداشت بۆ مام جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢٦ | یەکێتی بوو بە ئەندامی (سۆسیال ئەنتەرناسیونال) | ٢٠٠٨ |
| ٢٧ | جیابوونەوەی باڵەکەی نەوشیروان مستەفا | ٢٠٠٩ |
| ٢٨ | هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کوردستان و لە عێراق | ٢٠٠٩ |
| ٢٩ | سەرۆکایەتی مام جەلال بۆ کۆماری عێراق | ٢٠١٠ |
| ٣٠ | سێیەم کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی | ٢٠١٠ |
| ٣١ | نەخۆش کەوتنی مام جەلال و دوورکەوتنەوەی لە سەرکردایەتی. | ٢٠١٢ |

**بە کورتی: گرینگترین خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ی.ن.ك:**

١- دامەزراندنی (ی.ن.ك) و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، دوای ئەو داروخانە گەورەیە لە ورەو هەست و دەروونی جەماوەر، سەرەڕای شپرزەیی دۆخەکەو نالەباری هەل و مەرجی ناوچەکە، بڕیارێکی ئازایانەو هەست بە بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی مێژوویی بوو لەلایەن مام جەلال، هەروەها بەڵگەیە بۆ لێهاتوویی و دڵسۆزی وەك سەرکردە.

٢-شێوازی پێکهێنانی (ی.ن.ك) لە چەند ڕێکخراوو باڵێك، کارێکی ژیرانە بوو، هەروەها لێکدانەوەیەکی زانستیانەش بوو بۆ ئەو قۆناغە مێژووییەی کوردو بارودۆخ و گۆڕانکارییەکان.

٣-هێزی پێشمەرگەی کوردستان (بەتایبەتی مەفرەزە سەرەتاییەکان) کەسانی تێکۆشەری خۆلێبوردە بوون، هەڵگری بیروباوەری بەرزی کوردایەتی

و نیشتمان پەروەری بوون، بەرجەستەی گیانی شۆرشگێری و نەتەوایەتیان نواندوە.

٤- (ی.ن.ك) بایەخی گەورەی بە پەروەردە و پێگەیاندنی ئەندام و پێشمەرگەکانی داوە، هۆشیاری سیاسی جەماوەریان لا مەبەست بووە، هزرو ئایدۆلۆژیا بە زۆری لەناو ئەندام و ئۆرگانەکان لێکدانەوەی بۆ کراوە، کە بەخەسلەتێکی دیاری (ی.ن.ك) دادەنرێت.

٥- (ی.ن.ك) هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی بە خەباتی چەکداری، هەڵیداوە بە شێوازی دامەزراوەیی کارو چالاکیەکانی راپەرێنێ، سەرەرای بارگرانی و دژواری قۆناغەکە، بۆیە چەند دەزگاو دامەزراوەی کارگێری و دارایی و راگەیاندن و چاپ و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی پێکهێناوە.

٦-گرینگی دانی گەورەی (ی.ن.ك) بە پەیوەندییە دەرەکیەکانی، یەك لە خەسڵەتە گرینگەکانی بووە، بەتایبەتی پەیوەندی لەگەڵ هێزو لایەنە سۆسیالیست و پێشکەتنخوازانی عەرەب و بیانی.

٧-ی.ن.ك، لە ماوەی ساڵانی نێوان (١٩٧٦-١٩٩٢) بەشداری لە چەند هاوپەیمانیەتێك کردووە، ئەوانیش:

ا- گردبوونەوەی نیشتمانی عێراق:

ئەم گردبوونەوەیە پێکهاتبوو لەم حزب و هێزە سیاسییانەی خوارەوە، کە لەشاری دمشق کۆبوونەتەوە: حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست (قیادة قطر العراق)، حزبی شیوعی عێراقی (سەرکردایەتی ناوەندی)، بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی، کۆنگرەی ناسیۆنالیست خوازە سۆسیالیستەکان، حزبی سۆسیالیستی عێراقی، سوپای رزگاری خوازی میللی عێراقی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ب- بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراسی (جوقد).

ئەم بەرە لە ٢٢/ تشرینی دووەمی /١٩٨٠ دامەزرا، پێکهاتبوو لە:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست (قیادة قطر العراق)، حزبی شیوعی عێراقی( کۆمیتەی ناوەندی)، بزووتنەوەی سوسیالیستی عەرەبی، کۆنگرەی ناسیۆنالیست خوازانی سۆسیالیست، حزبی سۆسیالیستی عێراقی، سوپای رزگاری خوازی میللی عێراقی، حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسك).

ج- بەرەی نیشتمانی کوردستان: کە لە ساڵی ١٩٨٨ دامەزراو ئەم لایەنانەی کۆکردەوە:

یەکێتی نیشتمان کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)، پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی گەل دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسك)، حزبی شیوعی عێراقی، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

٨- دوورکەوتنەوەی (ی.ن.ك) لە خەسڵەت و رەفتارەکانی بنەماڵەیی، دیارە ئەم کارەش بوو بە هۆی گەشەکردنی رێکخراوەیی و جەماوەری. هەروەها دەرفەت کردنەوەی فراوان لەبەردەم رەخنەو نارەزایی دەربڕین و پێشنیازو گۆفتوگۆ کردن لەسەر کێشەو کاروبارەکان.

٩- لەلایەنە لاوازەکانی (ی.ن.ك) زۆری و پەرەسەندنی ململانێ و ناکۆکی لەنێوان ریزەکان، بەتایبەتی دوای ساڵی (١٩٩٢) سەرەڕای بڵاوبوونەوەی دیاردەی دەستەگەری و گەندەڵی.

١٠- پەرەسەندنی ململانێ و شەڕی ناوخۆیی لەنێوان (ی.ن.ك) و لایەن و هێزە سیاسییە کوردستانیەکانی دیکە.

١١- لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی، (ی.ن.ك) پەیڕەوی هزری (مارکسی- لینین) دەکردو بە توندیش پشتی پێ بەستبوو، دیارە پەیڕەوکردنی ئەم تیۆرییە بۆ قۆناغی خەباتی نیشتمانی دیموکراسی، کارێکی گونجاو نەبووە کە لەگەڵ واقیع و باودۆخی کۆمەلأیەتی و ئابووری کۆمەڵگەی کوردستان.

**دووەم: حزبی شیوعی کوردستانی عێراق[٢٢٢]:**

**لـە بەیاننامەکـەی کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی شـیوعی عێراقـی، دەربـارەی پێنجەمین کرنگرەی حزب، (١٢-٢٥/ تشرینی یەکەمی / ١٩٩٣) دا هاتووە:**

**(بە پێی تایبەتمەندییەکانی بارودۆخی کوردستان، کۆنگرەی پێنجەمی حزب بایـەخێکی گـەورەی داوە بـەو رۆڵـەی کـە پێویـست دەکـات شـیوعییەکانی کوردستان پێی هەستن، لە پەرەسەندنی کاری حزبایەتی لە کوردستاندا.**

**کـۆنگرە رەزامەنـدی لەسـەر بەڵگـەو نامـەو بڕیارەکـانی دووەم کـۆنگرەی رێکخراوەیی هەرێمی کوردستان دەربڕی، بڕیاری دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستانی عێراقی دەرکرد، لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی.**

**حزبی شیوعی کوردستانی عێراق، سەربەخۆیی خۆی دەبێ لە چارەسەرکردنی هەموو کێشەو کاروبارەکانی کوردستان، بە پشت بەستن بە بنەماو سەرچاوە گشتیەکانی بەرنامەی حزب).**

**بەم پێیـە دوای هـەوڵ و تێکۆشـانێکی زۆر، بڕیـار لەسـەر دامەزرانـدنی حزبـی شیوعی کوردستانی عێراق درا، کە پێشتریش رێکخـراوی هـەرێمی کوردستان لـە دووەم کـۆنگرەی خـۆی لـە (٣٠/حـوزەیرانی / ١٩٩٣) بەسـتبووی وبڕیـاری لەسەر دروست بوونی حزبی شیوعی کوردستانی- عێراق راگەیاندبوو.**

**دیارە، ئەم رێکخراوە، ئەگەر چی مێژووەکەی نوێیە، بەڵام بەسەرهات و خەباتی رابردووی دەیانساڵی ئەندام و کادیرانی، بەشێکن لە مێژووی خەباتی حزبی شـیوعی عێراقـی، هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە لـە سـییەکانی سـەدەی بیستەمەوە. ئـەو مـاوە دوورو درێـژە پـڕە لـە هەڵوێـست و رووداوی گـرینگ و گـەورە، دەربـارەی دەیـان کێـشەو بابـەتی نـاوخۆی و دەرەکـی. لـەو ماوەیـەدا شـیوعییە کوردەکـان، رۆڵـی کارایـان هـەبووە لـە چالاکیەکانی حزبـی شـیوعی عێراق، بەشدارن لـە سـەرکەوتن و نوشوستیەکانی، بەدەیان شـەهیدیان هـەیـەو بەسەدان تێکۆشەرانی زیندانی کراون.**

ئەگــەر ســەرنج بــدەین دەبیــنین ژمارەیــەکی گــەورە لــە کــادیرە[٢٢٣] سەرکردایەتیەکانی حزبی شیوعی عێراق کورد بوونە، وەك بەهائەدین نوری، بیلال عەزیز، کەریم ئەحمەدا، عەزیزی حاجی حەیدەر، هاشم عەبدوڵلا، رەفیق چالاك، مەهدی حەمید، حەمید عوسمان، تەوفیق ئەحمەد، عەزیز محەمەد، نافع یونس، صالح حەیدەری، جەمال حەیدەری، شەریف مەلا عوسمان.

دیارە دامەزراندن و سەربەخۆیی حزبی شیوعی لە کوردستان[٢٢٤]، هۆکاری خۆی هەبووە، بە چەندین هەوڵ و قۆناغ و ململانێدا تێپەڕ بووە، لەم بارەوە (ئەبو حیکمەت) لە یادەوەرەییەکانی خۆی نووسیویەتی:

حزبی شیوعی عێراق بەدرێژایی ژیانی سیاسی، بەرەو ڕووی هیچ کێشەیەك نەبۆتەوە، بەڕادەی بایەخدان بە کێشەی حزبی شیوعی کوردستان، لەم بارەوە گفتوگۆی زۆر وروژێندراوە لەسەر هەموو ئاستەکان، لە کۆمیتەی ناوەندی و ئەنجوومەنە سەرکردایەتیەکان و رێکخراوو بنکەکانی حزب و ... تا کۆتایی دێت بە دۆست و لایەنگرو جەماوەری حزب.

ئەو هۆیانە چین کە بوونە هۆی دەرکەوتنی ئەم کێشەیە، ئەو هۆکارە بابەتی و خودیانە چین کە ئەم کێشەیەی گەیاندە سەرووی کارەکانی شیوعییە عێراقییەکان، لەگەڵ جیاوازی نەتەوایەتیان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو؟

حزبی شیوعی بەرەو ڕووی بارودۆخێکی تازە بۆتەوە، نەك هەر لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی، بەڵکو بگرە لەسەر ئاستی عێراقیش، لە کوردستانی عێراقیش بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە پەرەسەندنێکی خێراو کەم وێنەدایە، کوردستان بۆتە جێگای چاوتێ برینی جیهان، لە راستییدا کوردستان گەیشتۆتە قۆناغی بڕیاردان لەسەر چارەنووس.

گەلی کورد بە قۆناغێکی مێژوویی تێپەڕ دەبێت جیاواز بە تەواوی لەو قۆناغەی کە گەلی عەرەب پێیدا تێپەڕ دەبێ، گەلی کورد بە قۆناغی رزگاری نیشتمانی

تێپەڕ دەبێ، لە کاتێکدا گەلی عەرەب ئەو قۆناغەی بەدەست هێناوە لە ڕۆژی ١٤/ تەموزی/ ١٩٥٨ وە، هەروەها دەسەڵاتی نیشتمانی سەربەخۆی دامەزراندووە، ئێستاش خەبات لەپێناو دیموکراسییەت و دادوەری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی یاسا دەکات.

بەڵام گەلی کورد دەیەوێت بڕیار لەسەر مافی چارەنووسی خۆی بدات، هەروەك گەلی عەرەب لە عێراق بڕیاری لەسەرداوە، گەلی کورد دەیەوێت لە دەسەڵاتداری بیانی رزگای بێت، دەیەوێت قەوارەی سیاسی سەربەخۆ دامەزرێنێت، وەك هەر گەلێکی دیکە.

بەم جۆرە جیاوازی لە قۆناغدا هەیە، دەبێ ڕەنگدانەوەی هەبێت بەسەر بەرنامەی حزبی شیوعی کوردستان، نەك بەو جۆرەی کە بەرنامەی حزبی شیوعی عێراق دارێژراوە.

پێویست بوو حزبی شیوعی عێراقی دوای شۆڕشی ١٤/ تەموزی/ ١٩٥٨وە، راستەوخۆ کاری بکردایە بۆئەوەی لقی حزب لە کوردستان بگۆرێت بۆ حزبی شیوعی کوردستانی، لەگەڵ دانانی بەرنامەیەکی تایبەتی گونجام لەگەڵ بارودۆخی نوێ و قۆناغی خەبات و ئامانجە نەتەوایەتی و چینایەتەکانی کوردستان، بەڵام بە داخەوە زۆر دواکەوت و زۆری زەرەر لێ کەوت.

ئێمە تێگەیشتنی باشمان نەبووە بۆ گوتەی (ئێمە حزبی چینین، نەك حزبی نەتەوە)، ئەرکە نەتەوایەتیەکانمان بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستان بەجێ هێشتووە، واتە بۆ حزبە بورژوازی و بورژوازییەتی کوردستانی، خۆمان بەستەوە بە کێشە چینایەتیەکە، خەباتی شیوعییە کوردستانیەکان ملکەچی ئەو ئامانجانە بوون کە لە بەرژەوەندی عێراقدان.

لە ئاست ئەم کێشانەو لەناو حزبی شیوعی عێراق، بە شێوەیەکی تایبەتیش لەناو رێکخراوی هەرێمی کوردستانی دوو هەڵوێست سەریان هەڵدا.

سەرکردایەتی حزب و سەرکردایەتی ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان، بیروباوەڕیان وابوو کە ناکرێ دوو حزبی شیوعی لەیەك وڵاتدا هەبێت، ئەگەر ئەو وڵاتە فرە نەتەوەش بوو، ئەم ئاراستەیە، ئاراستەیەکی هەڵپەرستانەی لادەر، یان ناسیونالیستیەو دەرچوونە لە بنەماکانی لینین دەربارەی ڕێکخستن، بۆیە دژایەتی بیرۆکەی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان کرا.

بەڵام کادیرە سەرکردایەتیەکان لەئاستی ناوەڕاست لە ڕێکخراوی هەرێمدا، بەپێی ئەو دوو بنەمایە بنچینەییەی باسیان کرا، سەرەڕای چەند بەڵگەو نمونەیەك کە هەڵوێستیان بەهێز دەکات، باوەڕیان وابوو کە دروست بوونی ئەو حزبە زەرووڕەتە، هەروەك لەوڵاتی سوریا هەیە، یان لە وڵاتی هیند، کە دوو حزبی مارکسی تیایدایە و دانیان پیادانراوە، هەروەها وەك لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەت روویدا، حزبە شیوعییەکان پارچە پارچە بوون و چەند حزبی شیوعی دیکەیان لێ پێکهات بە پێی جیابوونەوەی نەتەوەکان لەو وڵاتانەدا.

لە سەرەتای تەموزی/ ١٩٩٢، یەکەم کۆنفرانسی (ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان) بەسترا لەشاری هەولێر، بە ئامادەبوونی (١٠٦) نوێنەرو بەپێی ڕێژەیەك کە سەرکردایەتی هەرێم دیاریکردووە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکان.

کۆنفرانس بەسەرپەرشتی سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی و سەرکردایەتی ڕێکخراوی هەرێم بەڕێوەچوو، بەڵگەنامەکان گفتوگۆی لەسەرکرا بەتوندی و بە قوڵ، بەتایبەت لەلایەن توێژی گەنجانەوە، دواتر لیژنەی ناوچەی نوێ و نوێنەرانی کۆنگرە هەڵبژێردرا و کۆنفرانسەکە بەسەرکەوتوویی کۆتای هات.

ئەنجامەکانی کۆنفرانسی هەولێر، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ لایەنگرانی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان، زۆربەی ئەندامانی لیژنەی ناوچە، سەرەڕای نوێنەرانی کۆنگرە لاینگری ئەو بۆچوونە بوون.

سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقی بە وردی لە ئەنجامەکانی کۆڵیەوە، بۆی دەرکەوت کە ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی لایەنگرانی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان بەدەستیان هێنا، سەرەڕای لایەنگرانیان لە کۆنفرانسی پارێزگاکانی دیکە و ئەو پێکهاتەیەی کۆنگرەی هەرێم پێکدێنێ، لە بەرژەوەندی دامەزراندنی ئەو حزبەو سەرکردایەتیەکی نوێ دەبێ.

بۆ ڕێگرتن لەو ئاراستەیە و زاڵبوون بەسەریدا، سەرکردایەتی هەرێم دوای راوێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقی، راپۆرتێکی ئامادەکرد، تیایدا باسی نا شەرعییەت بوونی کۆنفرانسی دەکات، هەروەها بوونی دەستەگەری و گفتوگۆ نەکردن لەسەر بەرنامەی حزبی شیوعی عێراقی. بۆیە ئەنجامەکانی ئەو کۆنفرانسە بەڕاست نازانێ، هەروەها داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کرا دەربارەی بوونی دەستەگەری.

ئەم راپۆرتە لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی لیژنەی هەرێم بە ئامادەبوونی سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی گفتوگۆی لەسەر کرا، هەر لەو کۆبوونەوەیە بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆنفرانسی لیژنەی ناوچەی سلێمانی درا، لەبەر چەند هۆیەك کە لاواز بوون، ئەندامانی لیژنەی هەرێم، تەنها دوو کەسیان نەبێ، رەزامەندییان لەسەر ناوەڕۆکی راپۆرتەکەدا.

سەرکردایەتی هەرێم، بڕیاری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هەردوو کۆنفرانسەکە دەرکرد، هەروەها لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێنا دەربارەی بابەتی دەستەگەری لەناو کۆنفرانسی هەولێر.

لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی هەرێم، چالاکانە کەوتە کار بۆ بەستنی کۆنفرانسی قەزاکان و دواتر بەستنی کۆنفرانسی لیژنەی ناوچەکان، بەمەبەستی بەهێزکردنی لایەنگرانی خۆیان لە کۆنفرانسی ناوچەی هەولێر، هەرچەندە بنکەو رێکخراوە حزبیەکان نارازی بوون لەسەر بەستنی ئەو

کۆنفرانسە، بەڵام سەرکردایەتی هەرێم، سوور بوو لەسەر بەستنی و رۆژی ٧/ ئازاری / ١٩٩٣ دیاری کرد بۆ بەستنی کۆنفرانس.
لەگاتی دەستپێکردنی کۆنفرانس، هاورێیەك لەناو کۆنفرانس پرسیاری لە هاورێ (عەزیز محەمەد) کرد وتی: ئێوە بڕیارتاندا لەسە ر هەڵوەشاندنەوەی کۆنفرانسی پێشوو، بە بیانووی بوونی دەستەگەری لەناو کۆنفرانس، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەتان پێکهێنا، دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد بە شێوازێکی نا دیموکراسیانە، ئایا لیژنەکە گەیشتە هیچ ئەنجامێك، چیە ئەو ئەنجامەش؟ لە وەڵامی هاورێ عەزیز محەمەد: لێکۆڵینەوەکە هیچی لێ پەیدا نەبوو.
هاورێی پرسیارکەر: کەوا بێ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆنفرانسی پێشوو نا شەرعییە، کۆنفرانسی ئێستاش تەنها دەبێ گفتوگۆ لەسەر بەرنامەی حزبی شیوعی عێراقی بکات و ئەنجامەکانی کۆنفرانسی پێشوو دەبێ وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەم کۆنفرانسەش تەواوکەری کۆنفرانسی پێشوو دەبێ. بەڵام ئەو پێشنیازە قبول نەکرا، بۆیە (٥٧) نوێنەری ناو کۆنفرانس دەرچوونە دەرەوە، وەك ناڕەزاییەك لەسەر بڕیارەکەی حزبی شیوعی عێراقی.
ئەو نوێنەرانە خۆیان رێکخست، رۆژنامەیەکیان دەرکرد لەژێر ناوی (رزگاری) دواتر لە کۆنگرەیەکدا، کە لە رۆژی (١٠/ تشرینی یەکەمی/١٩٩٣) بەسترا، ناویان لە خۆیاننا– حزبی کاری سەربەخۆی کوردستان.
سەرکردایەتی هەرێم، دوای رێکخستنی هەردوو کۆنفرانسی هەولێر و سلێمانی، کۆنگرەی دووەمیان بەست، لەو کۆنگرەیە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیان پەسندکرد و سەرکردایەتی هەرێمیان هەڵبژاردو خۆیان وەك حزبی شیوعی کوردستانی عێراق، راگەیاند.
هەروەها (کەریم ئەحمەد) لە یاداشتەکانی خۆی، دەربارەی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستانی عێراق، بەم شێوەی خوارەوە باسی دەکات[٢٢٥]:

ڕەنگە هەندێ کەس بەلایانەوە سەیر بێت لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا دوو حزبی شیوعی هەبن، چونکە لەسەر هەندێ نەریتی هەڵەی ناو جولانەوەی شیوعییەت ڕاهاتوون، کە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە لە دەوڵەتێکدا تەنها حزبێکی شیوعی هەبێت.

لەگەڵ ئەم مەسەلەیە ئاوا مامەڵەیان دەکرد، بێ ئەوەی سەرنج و قوڵبوونەوەمان هەبێت دەربارەی پەرەسەندنی بزاڤی نیشتمانی و بزووتنەوەی چینی کرێکار و پەرەسەندنی زانست، بەتایبەتی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای یەکجار زۆرو کارکردنی لەسەر هێزەکانی بەرهەمهێن و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، هەروا جیاوازی نێوان دەوڵەتێکی پێکهاتەی یەک نەتەوە و دەوڵەتێکی دوو نەتەوە یان فرە نەتەوە.

ئەم نەتەوانە لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و پێکهاتەی دەروونی و داب و نەریتدا لە یەکتری جیاوازن، لەهەل و مەرجی دەسەڵاتداری دوگمای (وشکەباوەڕی) ناو جولانەوەی شیوعییەتدا، ژیان هەندێ باری ئاڵۆزەکاوی سەپاند کە زیاتر لە حزبێکی شیوعی ناو دەوڵەتێکی فرە نەتەوەدا پێکبێت، وەک وڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و جیکوسلۆڤاکیا و هیندو ئەسپانیاو یوگسلافیا.

ئەم حزبانە هەموویان لەیەک حزب یەکیان دەگرت، هەرچەندە دیاردەی بیروکراسی و ناوەندێتی، ڕووی ڕاستی دامەزراندن و سەربەخۆیی ئەم حزبانەیان شێواندووە.

لە بوارێکی تردا دەنووسێت:

بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان پەرەی سەندوو ڕێکخراوو حزبە کوردستانییەکان هاتنە کایەوە، تا هەر یەکەیان دەوری خۆی ببینێت لەسەرکردایەتیکردنی جولانەوەکەدا، بەمەش حزبی شیوعی عێراقی کەوتە پێشەوەی ئەم پەرەسەندنە و ئەم واقیعە تازەیەی بزاڤی ڕزگاریخوازی

کوردستانی، هەر دەشبوو بە وردی لەم پەرەسەندنە بکۆڵێتەوە و لەسەر ڕۆشنایی مەبدەئەکانی مارکسیزم-لینینزم، بۆ پەرەسەندنی ڕێکخراوە حزبییەکەی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی فراوانی هەبێت لە ناو سنووری هەرێمی کوردستانی عێراقدا، تا شوێنی خۆی لەم بزاڤەدا بگرێت و بە چالاکی لەگەڵ حزبە کوردستانیەکان لەکاردا بێت و ڕۆڵی ئاسایی خۆی لە بزاڤی گەلی کوردستاندا بگرێتەر بەر....

هەرچەندە هەڵوێستە مەبدەئیەکانی حزبی شیوعی عێراقی لەسەر مەسەلەی کورد، هەڵوێستی باش و بەجێیەو هەمو کەس پەسندی دەکات، بەڵام شیوعییەکانی عێراق جێی شیوعییەکانی کوردستان ناگرنەوە، بەتایبەتی لە پێکەوەبوونیاندا لەگەڵ گەلە ڕەنجدەرەکەیاندا و لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و پێشڕەوە سیاسییەکانی.

هەر دەربارەی هەڵوێستەکانی ناو کۆنفرانس و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکان، لە ئاست دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستانی، کەریم ئەحمەد، دەڵێ:

لەتەواوی گفتوگۆکانی ناو کۆنفرانسەکان و دەستە حزبیە جۆراوجۆرەکاندا، ئەنجامێکی یەکگرتوو نەبوو، بەڵکو لە میانەی ئەو گفتوگۆیانە چوار ئاراستە دەرکەوتن:

**١- ئاراستەی یەکەم:**

جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (بارودۆخی حزبی لەبارەی ڕێکخراوێکی حزبەوە لە هەرێمی کوردستاندا وەکوو خۆی بمێنێتەوە بەبێ هیچ ئاڵوگۆڕییەك).

**٢- ئاراستەی دووەم:**

جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان ناو بنرێت حزبی شیوعی، بەڵام هەروەك یەکێك لە ڕێکخراوەکانی حزب بمێنێتەوە و هەندێ دەسەڵاتی لە بواری هەرێمدا پێ بدرێت.

٣- ئاراستەی سێیەم:
جەخت لەسەر پێکهێنانی حزبی شیوعی کوردستانی سەربەخۆو جیابۆوە لە حزبی شیوعی عێراقی دەکاتەوە. ئەم ئاراستەیە لەگەڵ چالاکییەکانی دیکەی دەرەوەی حزب یەك دەگرێتەوە، دەیەوێ باز بەسەر رووداوەکاندا بدات، ئەم رێبازە لەدووره پەرێزی و گرتنەبەری ئاسۆیی نەتەوەییەوە تێ هەڵدەچێ.
٤- ئاراستەی چوارەم:
بۆچوونی ئەم ئاراستەیە ئەوەیە کە رێکخراوێکی هەرێمی کوردستان لەبارەی روخسارو ناوەرۆکیشەوە بگۆردرێ و ببێتە حزبێکی مارکسی -لینینی، حزبی چینی کرێکاران و جوتیاران و رۆشنبیرانی شۆرشگێرو تەواوی زەحمەتکێشان لە هەرێمی کوردستندا و لە پەیوەندییەکی یەکێتیدا بێت لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی.

ئایدۆلۆژیای حزبی شیوعی کوردستان[٢٢٦]:
حزبێکی مارکسییە، بە هەموو هەڵوێست و روانگەکانی قوتابخانەی مارکسیزم، دەربارەی: فەلسەفە، بوونەوەرو دروستکەرو، ئاین، مێژوو، چارەنووس، دادوەری ئادەمیزاد، لە پێشەکی بەرنامەی حزبی شیوعی کوردستاندا، هاتووە:
(حزب بە پشت بەستن بە شرۆڤەکردنی واقیعی کوردستان بە هەموو رەهەندەکانیەوەو لەبەر رۆشنیایی مارکسیزم و بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی چەپ و دیموکراسیخوازان و خەباتی جەماوەرو دەرئەنجامی کەلەپوری تێکۆشانی مرۆڤایەتی لەپێناو ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، بەرنامەی خۆی دادەرێژێ و سیاسەتی خۆی دادەنێ و گوزارشت لە گوتاری سیاسییانەی دەکات.)

هەر دەربارەی پێناسەی حزب، لە مادەی یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆدا، هاتووە[٢٢٧]:

(حزبی شیوعی کوردستان – عێراق، یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی ئەو تێکۆشەرانەیە کە مارکسیزم ڕێنیشاندەریانەو سوود لە کەلەپوری پێشکەوتنخوازی گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی وەردەگرن. هەموو تواناکانیان بۆ گەل و نیشتمان و مافی بڕیاردانی چارەنووس و دۆزی چینی کرێکارو ڕەنجدەران و کۆمەڵگەی کوردستان تەرخان دەکەن و لەپێناو پێشکەوتن و دادپەروەری سۆسیالزمدا تێدەکۆشن.

ئەگەر لەمیانەی ئەو شرۆڤەکاریەی کە لە پێشەکی پرۆگرام خراوەتەڕوو، لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو پێناسەیەی بۆ حزب کراوە وردبینەوە، هەروەها سەرنج بدەینە ئەو پرەنسیپانەی لە مادەی یەکەمدا هاتووە، کە کاری ڕێکخراوەیی لەسەر بوونیاد نراوە، دەگەینە هەندێ بیروڕا دەربارەی ئایدۆلۆژیای ئەم حزبە.

١- لە تێکڕای نووسینەکان ئاماژەکردن تەنها بۆ هزری مارکسیەتە، بێ ئەوەی ناوی لینین بێت، وەك تیۆرێکی تەواو کە حزبە شیوعییەکان پشتی پێ دەبەستن.

٢- کرانەوەی گەورە هەیە لەناو حزب لە ئاست هزری دیموکراسییەت، چ لەبەرنامەکەی بێت، یان لە پەیڕەوی ناوخۆ، دیارە ئەمەش کاریگەری ڕووداوە جیهانیەکانی دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و بەرەی سۆسیالیستی بەسەردابووە.

٣- لەو بنەما گرینگانەی هەردەم حزبە شیوعییەکان پشتی پێ دەبەستن لەکاری ڕێکخراوەیی، بنەما (ناوەندێتی دیموکراسی) یە، کە لە پەیڕەوی ئێستای حزب جێگای بۆ نەکراوەتەوە. بە پێچەوانە پەیڕەوەکە جەخت لەسەر کۆمەڵە بنەمایەکی دیموکراسیانە دەکات کە لەگەڵ ڕەوتی سەردەم دەگونجێ، وەك:

أ- ڕێگا دان بە کەمایەتی کەبیروڕایان بە ئاشکرا و ئازادی دەربڕن.
ب- هەڵبژاردنی نهێنی بۆ هەموو ئۆرگانەکان.
ج- بەشداریکردنی ڕای گشتی حزب لە کێشەو سیاسەتە گرینگەکان.
د- جەخت کردن لەسەر سەرکردایەتی بە کۆمەڵ.

**هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزبی شیوعی کوردستان:**

پەیڕەوی ناوخۆی حزب، بەم جۆرە باس لە ڕێکخراوەکان حزب دەکات:

ماددەی شەشەم:

أ- ڕێکخراوە بنچینەییەکانی حزب:

١- ڕێکخراوە بنچینەییەکان، لەسەر بنەمای یەکە ئیدارییەکان و پرۆژەکانی کارکردن و دامەزراوەکان خوێندن و شوێنی نیشتەجێبوون، تایبەتمەندی و لێزانی لەناو جەماوەردا، پێك دەهێنرێن.

٢- هەر ڕێکخراوێکی بنچینەیی لە (٣) هاوڕێ و زیاتر پێکدێت، ئەو ڕێکخراوانەی ژمارەیان لە (١٢) ئەندام کەمتر بێت و نەتوانی مەکتەب هەڵبژێرێ، یاریدەدەری سکرتێر هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ ڕێکخراوە فراوانەکان لەپاڵ سکرتێردا، مەکتەبێك بۆ ڕاپەراندن و بەدواداچوونی کارەکان هەڵدەبژێردێن.

ئۆرگانەکانی حزب لە خوارەوە بۆ سەرەوە:

١- کۆمیتەی ڕێکخستن (لە سنوری قەزا).
٢- کۆمیتەی پارێزگا.
٣- کۆنفرانسی کۆمیتەی پارێزگا (٢ ساڵ جارێك).
٤- کۆمیتەی چاودێری ناوەندی.
٥- کۆمیتەی ناوەندی – مەکتەبی سیاسی.
٦- کۆنگرە (٤ ساڵ جارێك)

## کۆنگرە گشتییەکانی حزب:

ا- کۆنگرەی یەکەم: لەمانگی ئایاری / ١٩٩٦ بەستراوە (ئەو کات رێکخراوی هەرێمی کوردستان بوو).

ب- کۆنگرەی دووەم: لە ٣٠/حوزەیرانی / ١٩٩٣، بەسترا.

ج- کۆنگرەی سێیەم: لە ٨-١٠/نیسانی/ ٢٠٠٤ بەسترا.

د- کۆنگرەی چوارەم/ لە ٨-١٢/ ئازاری / ٢٠٠٨ بەسترا.

هـ- کۆنگرەی پێنجەم: لە ١١-١٤/ تەموزی/ ٢٠١٢ بەسترا.

## سەکردەکانی حزبی شیوعی کوردستان:

کەریم ئەحمە، کەمال شاکر، فەتاح تەوفیق، عەلی محەمەد زەنگەنە، رەحیم شێخ عەلی حەیدەر، سوهەیلە عەبدولجەبار زەهاوی، مەجید عەبدولرەزاق، ئیبراهیم مەحمود، زیرەك کەمال.

## ئامانجە گشتیەکانی حزب[٢٢٨]:

حزبی شیوعی کوردستان، لەپێناو مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان و یەکسانی مافەکانی لەنێوان پێکهاتە نەتەوەییەکانی کوردستان و سەرانسەری عێراقدا تێدەکۆشێت.

لە قۆناغی ئەمڕۆدا فیدرالیزم بە گونجاوترین رێگە چارە بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی دەزانێ.

حزب لە بەڕێوەبردنی دەسەلأت لە عێراق و کوردستاندا بۆ بەدیهێنانی چەمکی حکومەتی باش (الحكم الرشيد) تێدەکۆشێ.

ئەمەش بە مانای دابەشکردن و بەڕێوەبردنی داهاتی ولأت و لەروانگەی چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەلأیەتیەکان و کاراکردنی بەشداری هاولأتی و سەروەری یاساو روونی و بە دەنگهاتن و دادپەروەری و ئەنجام دانی کارەکان

لەسەر بنەمای لێهاتوویی و کارابوون و بەرپرسبوون بەرامبەر بە گەل و بوونی دیدی ستراتیژی لە پلاندانانندا.

ئەم ئاراستەیە پێویستی بە بوونیادنانی سیستمی سیاسییە لەسەر بنەمای دیموکراسی و فرە حزبی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و بەشداری بە کۆمەڵی هاوڵاتیان لە دروست کردنی بڕیاری سیاسی و کاروباری ژیانیان و ڕێزگرتنی بنەماکانی هاوڵاتیبوون و ئازادییە گشتیەگان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ، لەگەڵ ڕێزگرتنی تایبەتمەندییە کەلتورییەکانی هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان.

حزب لە پرۆژەی خۆیدا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، تێکۆشانی نیشتمانی دیموکراسی خۆی دەبەستێتەوە بە خەباتی لە پێناو ئەنجامدانی گەشەپێدانی مرۆیی بەردەوام بە مانای فراوانکردنی هەلی گونجاو بۆ تێکرای هاوڵاتیان لە کۆمەڵەداو جەختکردن لەسەر گەشەپێدانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەم پرۆسەیەدا و بایەخدانی زیاتر بە هەژاران و توێژە پەراوێزخراوەکان و پاراستنی هەلی ژیانی گونجاو بۆ نەوەی داهاتوو پاراستنی سیستمی ژینگە.

لەسایەی ئەم گەشەپێدانە تەنها گەشەی ئابوری مەبەست نییە، بەڵکو لەتەك ئەوەدا ئەنجامدانی گەشەی مرۆیی کە بوارەکانی تواناسازی و هاوکاری و عەدالەت و بەردەوامبوون و ئاسایش بگرێتەوە.

هەروەها کار بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاراو دابینکردنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بیمەی تەندروستی و تۆڕی بیمە کۆمەڵایەتیەکان و دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیران و کەم دەرامەتەکان و توێژە پەراوێزکراوەکان بکرێت.

ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ بەشداری ئافرەت لە ناوەندەکانی بڕیارو گرنگیدان بە بەشداری لاوان لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا.

حزب بەشێکە لە بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و باوەڕی بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان هەیە لەهەموو بەشەکانی نیشتمان، بەمافی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی یەکگرتووشەوە.

پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هێزەکانی ئەم بزاڤە لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا لەسەر بنەمای هاوکاریو رەچاوکردنی تایبەتمەندی و تێکۆشان لەپێناو دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بوونیاد دەنێت.

هەوڵ بۆ بەهێزکردنی رایەڵەکانی تێکۆشان لەگەڵ حزبە چەپ و دیموکرات و پێشکەتنخوازەکانی عێراق و ناوچەکە، لەسەر بنەمای تێکۆشانی هاوبەش لەپێناو دیموکراسی و ئازادی و ئاشتی دەدات.

حزب تێگەیشتنی خۆی لەبارەی سۆسیالیزم لەسەر بنەمای فراوانکردنی دیموکراسی و هەژمارکردنی سۆسیالیزم بە پرۆسەیەکی ژیانی و گەشەسەندووی داهاتوو نوێخوازانە بە پێی نوێبوونەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی و شێوازی دابینکردنیان بوونیاد دەنێت.

حزبی شیوعی کوردستان، بەشێکە لە بزاڤی دیموکراسی چەپ و سۆسیالیستی نوێخواز لە جیهانداو بۆ دامەزراندنی سیستمێکی جیهانی نوێ و رەوا تێدەکۆشێ کە لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی سەروەری تاك و جەمسەری و رووبەڕووبوونەوەی پرۆژەکانی لیبرالیزمی نوێ کە لە هەردوو ئاستی ناوخۆو نێو دەوڵەتیدا، دەسکەوتەکانی رەنجدەران بەفیڕۆ نادەن.

لێرەدا بەوردبوونەوە لەو چەند دێرەی سەرەوە، کە بەشێکە لە پێشەکی بەرنامەی حزبی شیوعی کوردستان، دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

حزبی شیوعی کوردستان خەبات دەکات لەپێناو:

١- مافی گەلی کوردستان، بە مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی.

٢- مافی گەلی کوردستان، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی.

٣-جەخت کردن لەسەر ژیانی دیموکراسیانەو مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی.

٤- جەخت کردن لەسەر مافەکانی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان، لە هەموو بوارەکانی سیاسی ئابوری، کۆمەڵایەتی.

٥- یەکسانی نێوان ژن و پیاوان.

٦-حزبی شیوعی کوردستان، سۆسیالیزم بە پرۆسەیەکی ژیان دەزانێ.

٧- حزبی شیوعی کوردستان، بەشێکە لە بزاڤی دیموکراسی و چەپ و سۆسیالیستی لە جیهاندا.

## سێیەم: ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی باشوور:
## شیکردنەوەیەکی گشتی[٢٢٩]:

دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی و گەشەکردنی پەیوەست بوو بە دامەزراندنی کۆمەڵی - ئیخوان موسلمین- لە شاری (ئیسماعیلیە) ی وڵاتی میسر لە ئازاری ١٩٢٨ لەسەر دەستی دامەزرێنەرەکەی (حسن البنا). بانگەشە بۆ ئەم رەوتە ئاینییە سیاسییە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٤٢ گەیشتە شاری (موصل) لە عێراق، دیارە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و ئاینی لەو شارە هۆکاری هاوکاریکردن بوون، بۆ بڵاوبوونەوەی.

ساڵی ١٩٤٢، کە گۆڤاری (الاخوان المسلمین) دەرچوو لە میسر، دەگەیشتە شاری موصل و لە کتێبخانەکانی دەفرۆشرا، هەر لە هەمان ساڵدا کاتێ (محمد محمود الصواف) (١٩١٥-١٩٩٢) کە لە وڵاتی میسر گەڕایەوە، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو بنەما هزرییەکانی ئەم کۆمەڵە لەشاری موصل، هەوڵیشیدا لقێکی کۆمەڵە لە شارەکە دامەزرێنێ، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتەوە رێگری لێکرا.

لە ٢٤/ ئایاری/ ١٩٤٥، دوو ئەندامی کۆمەڵە بەناوی (حسین کمال الدین، محمد عبدالحمید احمد) کە سەر بە بەشی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەبوون، لە میسرەوە گەیشتنە شاری موصل، ئەرکی ئەوان دامەزراندنی (ڕێکخستنی کۆمەڵەی ئیخوان) بوو لە عێراق، ئەگەر چی چەند ساڵێك مانەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە ئەرکەکانیان.

دواتر (محمد الصواف) راسپێردرا کە بەو کارە هەستێ، ناوبراو گەڕایەوە عێراق و بوو بە مامۆستا لە (کۆلێژی شەریعەت)، سوودی لەو پێگەیە وەرگرت و پەیوەندییەکانی دەسپێکرد، سەرەتا بوو بە ئەندام لە ریزی کۆمەڵەی (الاداب الاسلامیة) کە کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری دوور لە سیاسەت بوو، توانی کاریگەری لە زانای ئاینی (أمجد محمد سعید الزهاوی ١٨٨٢-١٩٦٧) بکات کە بەرەگەز کورد بوو مامۆستاش بوو لەو کۆلێژەو بەیەکەوە کاریان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی هزری ئیخوان لە عێراق.

دواتر (محمد الصواف) لە ریزی کۆمەڵەی (الاداب الاسلامیة) دوورکەوتەوە، بە هاوکاری (أمجد الزهاوی) داواکارییەکان بۆ حکومەتی عێراق بەرزکردەوە، داوایان کرد ڕێگایان پێ بدرێت کۆمەڵەیەك دابمەزرێنن بەناوی کۆمەڵەی (الاخوان المسلمین) لە عێراق، لە رۆژی ١٣/ئەیلولی/١٩٤٩، بڕیاری فەرمیان بۆ دەرچوو.

ئەوان کۆمەڵە گۆڤارێکیان دەرکرد بەناوی (الاخوة الاسلامیة) کە بەرسمی لەناو قوتابخانە و خوێندنگاکانی بڵاودەکرایەوە.

(محمد الصواف وامجد الزهاوی) لە ٤/تشرینی یەکەمی/ ١٩٥٢ توانیان لقێکی کۆمەڵەی (ئیخوان) لە شاری موصل دابمەزرێنن، ئەم لقە پێکهاتبوو (جگە لەو دوو کەسە) لە هەریەك: نورالدین الواعظ، نظام الدین عبدالحمید، عبدالله محمد الاربیلی، حاجی طە حسین شەنگالی، محمد یاسین شەنگالی، محمد صادق موختار، شێخ عوسمان عبدالعزیز.

سەرچاوەیەکی دیکە، بەم جۆرە باسی دامەزراندن و بڵاوبوونەوەی هـزری ئیخوان موسلمین لە عێراق دەکات[٢٣٠]:

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٤٤ کۆمەڵەی (ئیخوان موسلمین) لە عێراق دامەزرا، ئەو کۆمەڵەیە گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی (الاخوة الاسلامیة)، بەڵام کۆمەڵە دوای دوو ساڵ بە بڕیاری‌دەسەڵات داخرا.

دواتر بە هاوکاری (د. حسین کمال الدین) لەگەڵ (محمد محمود الصواف) ساڵی ١٩٤٦ توانیان کۆمەڵە دامەزرێننەوە، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی پەیمانگاو کۆلێژەکان و رۆشنبیران، پەیوەندییان بە کۆمەڵە کردووە، لەوانی بوونە ئەندامی کۆمەڵە لە سەرەتای پێکهێنانی هەریەك لە:

خەڵکی شاری بەغدا: صالح مهدی الدباغ، کمال القیسی، عبدالحکیم المختار، ابراهیم منیر المدرس، نعمان عبدالرزاق السامرائی، ولید الاعظمي.

لە خەڵکی شاری کەرکوك: نورالدین الواعظ، سلمان محمد القابلی.

لە خەڵکی شاری هەولێر: عبدوالوهاب حاجی حسن وبراکانی.

لە خەڵکی شاری موصل: عبدالرحمن محمود و بارکانی.

لە خەڵکی شاری بەسرە: عبدالهادی یعقوب الباحسین، توفیق الصائغ، عبدالواحد امان، خلیل العقرب، عبدالقادر الابرشی، عبدالرزاق مال الله، عبدالرحمن الخزیم، عمر الدایل.

کۆمەڵە درێژەی بە چالاکییەکانیدا، تا هەڵگیرساندنی شۆرشی ١٤/ تەموزی/١٩٥٨، بەڵام هەڵوێستی کۆمەڵە بەرامبەر شۆرش باش نەبوو، ئەوان زۆر رەش بین بوون بەرامبەر بەو شۆرشەو بە رۆژی رەش ناویان برد.

## بڵاوبوونەوەی هزری (ئیخوان موسلمین) لە کوردستان[٣٣١]:

هەوڵکان سەرەتا لەلایەن (نظام الدين عبدالحميد) ەوە دەستی پێکرد، کاتێ ئەو فەرمانبەر بوو لەشاری سلێمانی ساڵی ١٩٤٦، بەڵام هەوڵەکانی هیچ بەرهەمێکی بەدەستەوەنەدا.

ساڵی ١٩٥٢، هەوڵەکان لەلایەن (أمجد الزهاوی ومحمد الصواف) کاراتر دەستی پێکرد، ئەوان کاریگەرییان لەسەر چەند کەسێك پەیداکردبوو، لەوانە (محمد قەرەداغی) بەهۆی ئەوەوە هاتوچۆی شاری سلێمانیان دەکرد.

کادیرەکانی ئیخوان، رێگای هەڵەبجەیان گرتەبەر، بۆ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکانیان، هزری ئیخوان لە شاری هەڵەبجە باشتر پێشوازی لێدەکرا و ژمارەیەك لە زانایانی ئاینی، ئەوانی لە گوندەکانی (پریس، تریفە، کانە ئاشقان) و چەند قوتابخانەو مزگەوتێکی ناو شاری هەڵەبجە، وەك مزگەوتی پاشا، بە دەنگی ئەو هەوڵەی ئیخوان چوون.

یەکەم چاوپێکەوتن لەنێوان زانایانی هەڵەبجەو سەرکردایەتی ئیخوان لە ساڵی (١٩٥٠) روویداوە لەشاری بەغدا، کاتێ (صالح عبدالكريم) بۆ تۆمارکردنی ناوی مزگەوتی (کانی ئاشقان) لە وەزارەتی ئەوقاف، سەردانی شاری بەغدای کردووە، لەوێ چاوی بە (أمجد الزهاوی و محمد الصواف) کەوت و لەگەڵیان کۆبۆوە.

بەڵام پەیوەندی هزری راستی لەنێوان زانایانی هەڵەبجەو کۆمەڵەی ئیخوان ساڵی ١٩٥٤ روویدا، کاتێ (أمجد الزهاوی ومحمد الصواف) سەردانی شارەکەیان کردن، هەر یەك لە (صالح عبدالكريم و عثمان عبدالعزيز) بیروباوەڕو هزری ئیخوانیان پەسندکردو دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی لەناو زانایانی ئاینی لە هەڵەبجەو دەوروبەری، ئەو چالاکیانەش تەنها بواری (فیکری و روحی) دەگرتە خۆی، بێ ئەوەی دەست بکەن بە هیچ کارێکی رێکخراوەیی.

ژمارەیەك لە زاناکانی ئەو ناوچەیە پەیوەندییان بەو رەوتە کرد، بەڵام سەرەڕای

هەموو ئەو هەولانە، بانگەشەی ئیخوان لەشاری سلێمانی و هەڵەبجە بەشێوەیەکی گشتی زۆر لاواز بوو.

## یەکەم رێکخستنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان:

یەکەم ناوکەی رێکخستنی (ئیخوان موسلمین) لە هەلەبجە ساڵی (١٩٦٠) دەرکەوت، کاتێ وەفدێکی زانایانی هەڵەبجە بەشداریان لە دامەزراندنی حزبی ئیسلامی عێراقی کرد لە ٢٩/تەموزی/١٩٦٠ لە شاری بەغدا، ئەو وەفدە بریتی بوون لە: عثمان عبدالعزیز، نورالدین موفتی، صالح بامۆکی، محمود احمد، کەریم خورمالی.

دوای ئەوە پەیوەندییەکان بەردەوام بوون لە نێوان بەغداو هەڵەبجە بەمەبەستی بەهێزکردنی رێکخستنی ئیخوان لە هەلەبجە کە ژمارەیان رووی لە زۆربووندا بوو، رێکخستنی ئیخوان لە هەلەبجە بەسترابۆوە بە رێکخستنی ئیخوان لەشاری کەرکوک، ئەو کەسەی ئامرازی ئەو پەیوەندییە بوو لەنێوان هەردوولا (عابدین رەشید) ناوێك بوو.

## چالاکی ئیخوان موسلمین لە هەولێر:

ساڵانی (١٩٤٥-١٩٤٦) سەرەتای گەیشتنی بانگەشەی ئیخوان موسلمین بووە بۆ شاری هەولێر، ئەویش لەرێگەی ئەو خوێندکارە هەولێریانەی کە لە کۆلیژەکانی بەغدا دەیانخوێند، لەو کەسانەش: عبدالوهاب حاجی حسن، عبدالله حاجی سلیم، محمد صادق موختار، ئیحسان شێرزاد). ئەوانە توانیان بیروباوەڕەکانی ئیخوان بگەیێنە شاری هەولێر، کە لەلایەن چەند زانایەکەوە پێشوازی لێکراوە، وەك (محی الدین بەرزنجی) کە یەك لە شێخەکانی قادری بوو، هەروەها مەلا صالح گۆزەپانکەیی.

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم، کتێبخانەیەك بەناوی کتێبخانەی ئیسلامی کرایەوە لە هەولێر، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٣ لقێکی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین لە شاری هەولێر پێکهات، بەرپرسەکەی محمد صادق موختار بووە، لە شاری هەولێر، ئیخوان سوودیان لە هەردوو مزگەوتی (محمود عەلاف) و (ئالتی بەرماق) وەرگرتووە بۆ وانە وتنەوەو کۆبوونەوە.

## چالاکی ئیخوان موسلمین لە شاری دهۆك:

بیروباوەڕەکانی ئیخوان ساڵی ١٩٥٢ گەیشتۆتە شاری دهۆك، ئەویش لەرێگای سەردانەکانی (محمد الصواف) بۆ ئەو شارە، کە توانیویەتی کاریگەری بەسەر چەند کەسانێکەوە هەبێت، بەڵام سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست نەهێناوە.

دوای چەند ساڵێك کاتێ ژمارەیەك مامۆستا بۆ شاری دهۆك گوازراونەتەوە، لە رێگەی چەند کەسێکیان، کە پەیوەندییان بە کۆمەڵەی ئیخوان هەبووە، توانراوە ژمارەیەك قوتابی و مامۆستا پەیوەندییان لەگەڵ بکرێت و لەناو بازنەی رێکخستنەکانی ئیخوان کۆببنەوە، ئەوانە هەفتانە کۆدەبوونەوە لەماڵی یەکێك لەو لایەنگرانەی ئیخوان.

(ئیخوان موسلمین) لەناو شاری دهۆك، سوودیان لە چەند مزگەوتێك وەرگرتووە، وەك جێگای کۆبوونەوەو رێنمایی کردن و وانە وتنەوە، لەو مزگەوتانە: مزگەوتی گەورە، مزگەوتی حاجی مستەفا، مزگەوتی رێکانی، مزگەوتی مفتی.

## دەرکەوتنی رەوتی سەلەفی جیهادی لە کوردستان[٢٣٢]:

لە ساڵی (١٩٧٨) وە بەهۆی کاروانی حاجیەکان بۆ وڵاتی عەرەبی سعودی، هزری سەلەفی لەسەر نموونەی سعودی (وەهابی) گەیشتە کوردستان، ئەم هزرە جیاوازی هەیە لەگەڵ هزری (ئیخوان موسلمین). هەر لەو ماوەیەدا

(١٩٧٩) ڕەوتی جیهادی بۆ یەکەم جار لە کوردستان سەری هەڵدا بە کاریگەری دوو هۆکار:

١- سەرکەوتنی سۆرشی ئیسلامی لە ئێران (١٩٧٩) بەرابەرایەتی ئمام خومەینی.

٢- داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سوپای یەکێتی سۆڤیەتەوە.

ئەو دوو هۆکارە هانی ڕەوتە جیهادییەکانیدا کە یەکەم گروپی چەکداری ئیسلامی دروست بکەن لە ساڵی (١٩٨٠) لە چیاکانی کوردستان و بەناوی (سوپای ئیسلامی کوردستان).

زۆری نەخایاند لە (١٩٨٥) ڕێکخراوێك بەناوی (رابیتەی ئیسلامی جیهادی) پێکهات و دوای ئەویش بە دوو ساڵ ڕێکخستنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لەسەر دەستی مەلا عوسمان عبدالعزیز دامەزرا.

بەم جۆرە ڕەوتێکی ئیسلامی سیاسی فرە ئاراستە دەرکەوت: ئیخوانی، سەلەفی هزری، سەلەفی جیهادی.

هەر لە ساڵی ١٩٨٨ وە هزرە سەلەفیە سوننیەکە لەناو کوردەکانی باشووری کوردستان لە ئۆردوگاکانی ئێران roویان لەگەشەکردن بووەو کاریگەر بوونە بە هزری (وەهابی). ئەوانە دوای گەڕانەوەیان لە ئێران ساڵی (١٩٩١) دووبەرەکیان تێکەوت و بوونە دوو ئاراستە، یەکیان کاریگەر بوو بە هزری سەلەفی ئێرانی (عەلی باپیر)، ئەوەی دیکەشیان هزرێکی سەلەفی سوننی و زانستی و جیهادی بوون.

ساڵی ١٩٨٨ کۆمەڵێکی نوێ پێکهات کە کاریگەر بوو بە هزری ئیخوان موسلمین، بەڵام ئاراستەیەکی جیهادیان هەڵگرتبوو، بەناوی (بزووتنەوەی ئیسلامی) بەسەرکردایەتی عوسمان عبدالعزیز. دواتر دوو بەرەکیەك رویدا لەناو بزوتنەوەکە ساڵی (١٩٩٢)، گروپێکیان ناویان لە خۆیاننا (رابوون)، دوای دوو ساڵ گروپێکی نوێ پێکهات بەناوی (یەکگرتووی ئیسلامی) کە هەمان

ڕێبازی ئیخوان موسلمینیان هەبوو، لەکاری سیاسییان و دوورکەوتنەوە لەکاری جیهادی.

ساڵی ١٩٩٩ بزووتنەوەی ئیسلامی بەسەرکردایەتی مەلا عەلی عبدالعزیز لەگەڵ کۆمەڵی رابوون یەکیان گرت و بەناوی (بزووتنەوەی یەکگرتووی ئیسلامی) کاریان کرد. ئەم بزووتنەوەیە ساڵی (٢٠٠١) بووە دوو بەش، یەکەمیان بزووتنەوەی ئیسلامی بەسەرکردایەتی مەلا عەلی عبدالعزیز، دووەمیان کۆمەڵی ئیسلامی، بەسەرکردایەتی عەلی باپیر.

**١-بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق[٣٢٣]:**

لە ساڵی ١٩٨٤ بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دامەزرا، بەرابەرایەتی شێخ عبداللطیف وشێخ محمد بەرزەنجی، باڵێکی سەربازیان هەبوو بەناوی – لەشکری قورئان–.

لە ساڵی ١٩٨٧ لە ئەنجامی کۆبوونەوەی کۆمەڵە زانایەکی ئاینی لە کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق پێکهات.

لە کۆنفرانسی (٧) ی ساڵی ١٩٩٨، کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەناو بزووتنەوە هاتەدی لەوانە:

أ- کۆتایی هێنان بە جیاوازییە ناوخۆییەکان.

ب-گۆڕینی رابەری بزووتنەوە (مەلا عوسمان) و مەلا عەلی عبدالعزیز لە جێگای دانرا.

بزووتنەوە لە هەنگاوێکی گرینگیدا لە ٢١/ئابی/١٩٩٩ لەگەڵ بزووتنەوەی رابوون ئیسلامی یەکیان گرت و (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان) یان دامەزراند، بەڵام لەناو ئەو یەکگرتنەش چەند ئەجندەو باڵێکیان لەناو دەرکەوت، کە بریتی بوون لە:

١- باڵی مەلا عەلی عبدالعزیز، کە بڕیار بدەست بوون لەناو بزووتنەوە.

٢- باڵی ریفۆرم (مەلا عەلی باپیر).

٣- باڵی مەلا کرێکار.

٤- باڵی (مەرکەز) لەدوایی بوونی بە (جند الاسلام) و دواتر (انصار الاسلام) و لە کۆتاییدا (انصار السنة).

٥- باڵی رابوون بە سەرۆکایەتی مەلا صدیق عبدالعزیز.

لێرەدا پێویست دەکات ئاماژە بۆ دروست بوونی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی بکەین، دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە لەسەر دەستی (مەلا ئەمین خۆشناو) بووە، رەگ و ریشەی بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.
لەگەڵ راپەرینی ساڵی ١٩٩١ باشووری کوردستان، ئەم رەوتە کۆمەڵە چەکدارێکیان پێکهێناو ناوی (کۆمەڵەی قورئان و سوننە)یان لەخۆیاننا و بوون بە باڵێک لەناو بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان. بەڵام بەهۆی ململانێیەکان، جیادەبنەوە لە بزووتنەوە و ناوی کۆمەڵی – جیهاد– هەڵدەگرن و بارەگای سەربەخۆیان دەبێ.
ساڵی ١٩٩٤ بەهۆی ناکۆکیەکانیان لەگەڵی یەکگرتووی ئیسلامی، شەر لەنێوانیان دروست دەبێ کوژراوو بریندراری لێدەکەوێتەوە، بۆیە لە ترسی دەسگیرکردن، مەلا ئەمین پەنا بۆ ناوچە شاخاوەیەکان دەبات، ساڵی ١٩٩٧ دوای نزیکبوونەوەیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان، بارەگایان دێتە نزیک شاری هەولێر، لەو ماوەیەدا (مەلا ئەمین) لە رووداوێکی گوماناوی دەکوژرێ و کۆمەڵەش ئەندامانی پەرش و بڵاو دەبنەوە، پاشان بەشێکیان بەسەرکردایەتی (نامق نانەکەلی) تێکەڵی کۆمەڵی ئیسلامی دەبن بە سەرکردایەتی عەلی باپیر لە ساڵی (٢٠٠١).
بزووتنەوە، کێشە ناوخۆییەکانی توندتر و خەستر سەریان هەڵدایەوە، بەتایبەتی لەنێوان دوو بەشی سەرەکی، کە باڵی رابوونی کۆن و مەلا عەلی باپیر لەلایەکەوە، لەگەڵ باڵەکەی مەلا عەلی عبدالعزیز. لە کۆنگرەی یەکەمی یەکبوون کە لە مانگی ئابی /٢٠٠٠ بەسترا زۆربەی ئەندامانی باڵی مەلا عەلی باپیر سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام ئەنجامەکە لەلایەن رابەرو باڵی پارێزگاران قبول نەکرا. دوایی، لە ٣١/ئایاری/٢٠٠١ سەرکەوتووەکان، لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا ناویان لە خۆیاننا (کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان). ئەوانەی سەرنەکەوتن لەو کۆنگرەیە چەند رەوت و باڵێک بوون:

١- باڵی توندڕەوەکان (تەوحید، مەرکەز، حەماس،هێزی دووی سۆران) کە لە دوایدا بوون بە (جند الاسلام).

٢-باڵی چاکسازی (مەلا کرێکار).

٣-باڵی بێ لایەنەکان (شێخ محمد بەرزنجی).

٤-باڵی مامۆستا عەلی هەڵەبجە.

**لە کۆتاییدا بزووتنەوەی یەکبوون، بەسەر ئەم لایەنانە دابەش بوون:**

ا- باڵی بێ لایەنەکان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی یەکیان گرت.

ب- باڵی چاکسازی و جند الاسلام یەکیان گرت بەناوی (انصار الاسلام) بەسەرۆکایەتی مەلا کرێکار.

ج-باڵی (مەلا علی عبدالعزیز) ناوی بزووتنەوەی یەکبوونی گۆڕی بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی، دوای ئەوەی (مامۆستا صدیق) لە کۆنگرە جیابۆوەو هاتەوە ناو بزووتنەوە.

باڵی (مەلا عەلی عبدالعزیز) بەرەو لاوازبوون دەچوو، چەند جارێکی دیکە جیابوونەوەی لەناودا روویدا، مامۆستا (صدیق عبدالعزیز) بە خۆی ودەستەیەك دووبارە جیابوونەوە، لە هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لیستان نەبوو، بۆیە لە نیسانی ٢٠٠٥ کۆنگرەیەکی نوێیان بەست، مەلا عەلی عبدالعزیز لەو کۆنگرەیەش دەرنەچوو (چوارەم بوو)، کاملی حاجی عەلی دەنگی یەکەمی هێنا، دواتر چەند جیابوونەوەیەکی دیکەش روویدا، لەوانە جیابوونەوەی مامۆستا صدیق عبدالعزیز و لایەنگرانی، مەلا عبدالغنی و لایەنگرانی، کەمال رحیم و ئازاد حوجرانی و کەسانی دیکەش. بەڵام دوای کۆچی دوایی هەردوو مامۆستا (احمد کاکە مەحمود) و رابەری بزووتنەوە، ئەنجومەنی نوێی توانی گەشە بە بزووووتنەوە بدات، کێشەکانی لەگەڵ کۆمەڵ و لایەنەکانی دیکە، چارەسەر بکات، ئەگەر چی کێشەو کەم و کورتی هەرماوە.

## ئایدۆلۆژیای بزووتنەوە:

بزووتنەوەی ئیسلامی، بزووتنەوەیەکی سیاسی ئیسلامیە، باوەری بە جیهاد هەیە، هەردوو تەوەری ئیسلامی و کوردایەتی کۆکردۆتەوە.

**لە ئامانجەکانی:**

١- پێرەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی.

٢- کارکردنی بۆ فێرکردنی بەرنامەی ئیسلام لە خوێندن.

٣- رۆشنبیرکردنی لاوان و ژنان بە رێنماییەکانی ئیسلام.

٤- روخانی رژێمی صدام حسین.

٥- پیادەکردنی خەباتی چەکداری.

**بزووتنەوە لە بەرنامەکەیدا هاتووە:**

١- تێکۆشان بۆ رزگارکردنی ولآت لە کوفرو بەدیهێنانی فەرمانڕەوایی بە پێی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر.

٢- دروشمی بزووتنەوە بریتیە لە (قورئان، تفەنگ، خەنجەر، ئالآی (لا الە الا اللە، محمد رسول اللە).

٣- دامەزراندنی دەسەلاتی ئیسلامی لەسەر زەوی و دژایەتیکردنی زولم و زۆرداری و بێباوەری، هەروەها نەهێشتنی ئەو زولمەی بە کورد گەیشتووە.

٤- بزووتنەوە باوەری بە نەتەوەی ئیسلامی هەیە، گەلی کوردیش بەشێکە لە نەتەوەی ئیسلام.

لەگەڵ هاوکاریکردنی بزووتنەوە جیهادییە ئیسلامییەکان، لە ئەفغانستان و فەلەستین و بۆسنەو جەزائیر و هەر جێگایەکی تر.

٥- باوەڕ هێنان بە سیستمی ئیسلامی لەسەر بنەمای شوراو لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلام، هەروەها هەڵبژاردنی ئەمیر لەلایەن شوراوە.

٦- بزووتنەوە باوەڕی بە ئازادی کاروبیروڕا دەربڕین هەیە، بە مەرجێك دژ نەبێ لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام.

٧- لە بواری کۆمەڵایەتیەوە، بەرنامەی بزووتنەوە ئاماژە بۆ مافی دایکایەتی و تەندروستی دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی ئاشکرا، بزووتنەوە مافی ژنی پشت گوێ خستووە.

٨- لە بواری ئابوریدا، ئاراستەی روونی تیادا بەدی ناکرێت، ئاماژە بۆ پەیرەوکردنی شێوازە گونجاوەکانی دەکات بۆ چاکسازی لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی.

**هەیکەلی رێکخراوەیی بزووتنەوە:**

سەرکردایەتی، رابەری گشتی، مەکتەبی سیاسی، ئەنجوومەنی شورا،

مەکتەبەکان: عەسکەری- پەیوەندییەکان - راگەیاندن.

مەلبەندەکانی رێکخستن.

**کەسایەتیەکانی بزووتنەوە:**

مەلا عوسمان عبدالعزیز، مەلا عەلی عبدالعزیز، مەلا صدیق عبدالعزیز، احمد کاکە محمود، کمال رحیم رسول، کامل حاجی عەلی، محمد عومەر عبدالعزیز.

## کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق[٢٢٤]:

کۆمەڵ وەك ڕێکخراوێکی ئیسلامی سیاسی، لە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە ٣١/ئایاری/٢٠٠١ جیا بۆتەوە، بەم جۆرە خەبات و مێژووی رابردووی کۆمەڵ بەشێك دەبێ لە خەبات و مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، لەسەرەتای دروست بوونیەوە لە ١٩٨٧ تا رۆژی جیابوونەوەیان.

### هەیکەلی ڕێکخراوەیی کۆمەڵ:

### بەم شێوەی خوارەوەیە:

یەکەم/ دەسەڵاتەکان:

١- کۆنگرە (٤ ساڵ جارێك).

٢- کۆنفرانسی (لەنێوان دوو کۆنگرەدا).

٣- ئەنجومەنی سەرکردایەتی (کۆنگرە هەڵیدەبژێرێت).

٤- ئەنجومەنی شورا.

٥- پێشەوا (کۆنگرە هەڵیدەبژێرێت).

٦- ئەمیر (کۆنگرە هەڵیدەبژێرێت).

٧- مەکتەبی سیاسی.

### دووەم: ئۆرگانەکان:

ا- مەکتەبی ئەمیر.

ب- مەکتەبی زانایان و بانگخوازان.

ج- دەزگاکان:

١- ئیدارەی مەکتەبی سیاسی.

٢- دارایی گشتی.

٣- دەزگای ڕۆژنامەنووس و بڵاوکردنەوە.

٤- دەستەی دادوەری و فەتوا.

٥- دەزگای پلان و توێژینەوە و پێگەیاندن.

٦- کەناڵی ئاسمانی پەیام.

٧- ناوەندی هەڵبژاردن.

٨- پەیوەندییەکانی ناوخۆیی.

٩- پەیوەندییەکانی دەرەوە.

١٠- ڕێکخەری کاروباری کۆمەڵ لە کۆماری ئیسلامی ئێران.

١١- مەڵبەند - ناوچە - ڕێکخراو - پۆل.

١٢- ئەنجومەنی ڕاوێژکاری (لە سنووری مەڵبەند).

**سەرکردایەتیەکانی کۆمەڵ:**

محمد نجیب بەرزنجی: پێشەوا.

عەلی باپیر: ئەمیری کۆمەڵ.

سەرکردەکان: عەبدولستار مەجید، نازم عەبدوڵڵا، محەمەد حەکیم، مەلا مەروان، دڵشار کەلاری، تۆفیق کەریم، ئەنوەر سەنگاوی، حاجی قاسم، حاجی بلال، محەمەد بامۆکی.

**کۆنگرەکانی کۆمەڵ:**

**١- کۆنگرەی یەکەم لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ بەسترا:**

لەم کۆنگرەیە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵ گفتوگۆی لەسەر نەکرا، کۆبوونەوەیەکی ڕەمزی بوو بۆ خۆ ڕێکخستنەوە دوای ئازادبوونی مەلا عەلی باپیر لە زیندان، هەر لەو کۆنگرەیە بە ئەمیری کۆمەڵ هەڵبژێردرا.

**٢- کۆنگرەی دووەم لە تەمموزی ٢٠١٠ بەسترا:**

بۆ یەکەم جار پەیڕەوی ناوخۆ پەسەند کرا، لە پێشەکی بەرنامەکەش ئەم ئایەتە قورئانیە نووسرابوو: وما ارسلناك الا رحمة للعالمين.

**٣- کۆنفرانسی حزبی لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٢ بەسترا:**

کۆمەڵەی ئیسلامی رۆژنامەیەك دەردەکات بەناوی (کۆمەڵ) هەروەها کەناڵێکی تەلەفزیۆنی هەیە بەناوی (پەیام).

کۆمەڵی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی لە سێ ئاراستە پێکدێت:

أ- ئاراستەی دەسەڵاتدار، باڵی عەلی باپیر.

ب- ئاراستەی بزووتنەوەی ئیسلامی، سەر بە شێخ محەمەد بەرزنجی.

ج- ئاراستەی (نەهزە) رابوون، کە ئارام قادر سەرۆکایەتیان دەکات و زیاتر لەناو رۆژنامەی بەیان رۆڵیان هەیە.

## یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان[٢٣٥]:

لەناو ئاوارەکانی کوردی باشوور لە ئێران (ساڵانی ١٩٧٥ بە سەرەوە) دوو هێڵی (ئیخوان موسلمین) دروست بوو، یەکەمیان لەسەر دەستی (سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین)، دووەمیانیش لەسەر دەستی (مامۆستا سەدیق عەبدولعزیز).

لە شاری هەڵەبجەش کۆمەڵێ نووسەری گەنج، بە بەرنامە و بێ بەرنامە دەستیان دایە بوژاندنەوەی ئەو بزاڤە حزبییە ئیسلامییە، کۆمەڵێ نووسەر و ئەدیبانی موسڵمانی کورد پێکهات، دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان) و (یەکێتی رۆشنبیرانی موسڵمانی کورد)، یەکەمیان وەك واجیهە بۆ هێڵی یەکەمی ئیخوان کە گۆڤاری (پەیامی راستی) دەردەکرد، دووەمیشیان وەك واجیهە بۆ هێڵی دووەم کە گۆڤاری (رابەر)ی دەرکرد، ئەمە لە کۆتایی (١٩٩١) و سەرەتایی (١٩٩٢).

بەڵام بەهۆی پشتگیری سەرکردایەتی (ئیخوان موسلمینی جیهانی) بۆ کۆمەڵەکەی (سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین)[٢٣٦] و لەباربوونی بارودۆخی ناوخۆی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ٦/شوباتی/١٩٩٤ راگەیەنرا.

یەکگرتوو پێش دامەزراندنی لە ١٩٩٤، بەهۆی چەند رێکخراوێکی ئیسلامی جیهانی کە بارەگایان لە کوردستان کرایەوە، هاوکاری و زەمینە سازی بۆ کراوە، ئەو رێکخراوانەش، وەك:

١- رابیتەی ئیسلامی کورد: لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن مامۆستا عەلی قەرەداغییەوە دامەزرا لە شاری (دەوحە)ی پایتەختی (قەتەر). لە مێژووی ١١/تەمموزی/١٩٩٢ نووسینگەی لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) کراوەتەوە، لەلایەن کادیرانی یەکگرتوو سەرپەرشتی کراون.

٢- هيئة الاغاثة الاسلامية العالمية: بنكەی سەرەكی ئەم رێكخراوە لە ولآتی عەرەبی سعوری بوو، لە ساڵی ١٩٩٢ نووسینگەی لە شارەكانی كوردستان (هەولێر، سلێمانی) كردۆتەوە.

٣- رێكخراوی كۆڕبەندی (ندوة) جیهانی بۆ لاوانی موسڵمان: بەكاری رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی تایبەت بە لاوانی موسڵمان خەریك بوو، لە ساڵی ١٩٩٣ نووسینگەیان لە شارەكانی كوردستان كردۆتەوە.

٤- لجنة البر الاسلامي: بنكەی سەرەكی لە ولآتی سعودییە بوو، لە كوردستان لە بواری تەندروستی و هاوكاری كۆمەڵایەتی خەریك بووە.

٥- رێكخراوی خێرخوازی برائ: بەكاری بچووك هەڵدەستێ، وەك دروستكردنی مزگەوت، كاری تەندروستی.

ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین یانەی وەرزشی و كۆمەڵەی رۆشنبیری و دەزگای هونەری، هەموو ئەو لایەنانە، سەرەتایەك بوون بۆ دەركەوتنی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان.

**هەیكەلی رێكخراوەیی یەكگرتوو لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەم شێوەیە پێكدێت[٢٢٧]:**

١- كۆنگرەی گشتی، (٤ ساڵ جارێك دەبەسترێت).

٢- كۆنفرانس (لەنێوانن دو كۆنگرە دەبەسترێ).

٣- ئەمینداری گشتی.

٤- ئەنجومەنی سەركردایەتی. (لە ٣٥ ئەندام و ٢ جێگیر پێكدێت).

٥- دەستەی باڵای بەدواداچوون.

٦- مەكتەبی سیاسی.

٧- ئەنجومەنی سەركردایەتی دەڤەرەكان.

٨- دەستەی راوێژكاری.

٩- ئەنجومەنی سەرۆكایەتی.

١٠- مەکتەبی ڕێکخستن: ئۆرگانەکانی ڕێکخستن بریتین لە:
ناوەند، مەڵبەند، لق، ناوچە، خێزان.
١١- مەکتبەکان: بریتییە لە چەند مەکتەبێکی ناوەندی:
هەڵبـــژاردن، بانگـــەوازی گـــشتی، ڕاگەیانـــدن، پەیوەندییـــەکان، ڕێکخـــراوە پیـــشەییەکان، کـــارگێڕی و دارایـــی، کاروبـــاری خوشـــکان، زانایـــان و زانـــستە شـــەرعیەکان، کاروبـــاری قوتابیـــان و لاوان، کاروبـــاری کۆمەڵایـــەتی، وەرزش، خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

## ئایدۆلۆژیای یەکگرتووی ئیسلامی:

أ- یـەکگرتوو، حزبێکـی چاکـسازی نیـشتمانی ئیـسلامییە، تێدەکۆشـێت بـۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی گەشەسەند و دادوەرانە (بەپێی ئەو بنەمایانەی کاری پێ دەکات)، سنوری چالاکییەکانی کوردستانی عێراقە.
ب- بنەما گشتیەکانی یەککگرتوو:
بنـەما و بـەها ئیسلامییە نەگۆڕەکان و بـەها مرۆییە چەسپاوەکان، سەرچاوەی کـاری سیاسـین. کـورد نەتەوەیـەکی سـەربەخۆیە، ناسـنامەی تایبـەت بـە خـۆی هەیە، بەشێکە لە ئومەتی ئیسلامی مافی خۆیەتی کە چارەنووسی خـۆی دیـاری بکات و ئەندامێکی سەربەخۆی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دامەزراوەکانی بێت.

## کۆنگرەی یەککگرتوو:

یـەکگرتووی ئیـسلامی کوردسـتان لـە مـاوەی (١٩) سـاڵ تەمـەنی، ژمـارەی (٦) کـۆنگرە گـشتی بەسـتووە، واتـە بـەپێی پـەیڕەوی نـاوخۆ، کۆنگرەکـانی ئەنجامداوە، کۆنگرەی شەشەمی لە ئایاری ٢٠١٢ بەستووە.

**کەسایەتییەکانی یەکگرتوو:**

١- سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین، ئەمینداری گشتی بووە تا کۆنگرەی شەشەم، دواتر وازی هێناوە.

٢- محەمەد فەرەج، ئەمینداری گشتی.

٣- محەمەد رەئوف سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

٤- سەرکردەکان: ئەحمەد شافیعی، بورهان حاجی هادی، مەهدی مەحمود، هیوا میرزا، عەبدولرەحمان سدیق، عومەر عەبدولعەزیز، مەولود باوەموراد، فەرهاد مەلا ساڵح.

**لیستێك بە جیاوازییەکانی نێوان**

**یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی**[٢٣٨]

| ز | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | کۆمەڵ + بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان |
|---|---|---|
| ١- | چاکسازی: لە تاکەوە بۆ کۆمەڵ. | چاکسازی لە تاکەوە بۆ کۆمەڵ، بە پێچەوانەش. |
| ٢- | رێگای ئاشتی تاکە رێگایە و ئامرازە بۆ ئامانج. | رێگای ئاشتی یەکێکە لە رێگاکان، نەك تەنها رێگا. |
| ٣- | رێبازی (امر بالمعروف....) بە تەنهایی. | رێبازی (امر بالمعروف والنهی عن المنكر). |
| ٤- | لە (کل) بۆ (جزء)، کل: دادگەری جیهانیە. واتە ئیسلام. | لە (جزء) بۆ (کل)، جزء: کێشەی کورد. |
| ٥- | خۆ گونجاندن | رووبەڕوو بوونەوە لە کاتی پێویست. |

| | | |
|---|---|---|
| ٦- | درێژ کراوەی هێزی ئیسلامی وڵاتانی عەرەبە، زیاتر لەژێر کاریگەری زانا ئیسلامییە عەرەبەکانن. | بیرێکی ئیسلامیە، هەڵقوڵاوی ناو کوردستانە. |
| ٧- | هێز و دانایی و سیاسەت و دامەزراوەیی ئەزموونی یەکگرتوو دەوڵەمەند ترە. | زەمینە و بنەمای جیهادی و کەرەستە کوردستانیەکەی دەوڵەمەندترە. |
| ٨- | بەشداری لە خەباتی چەکداری کوردی نەکردووە. | بەشداری کردووە. |
| ٩- | سەربە تەیاری یەکەمی جیهانین (ڕێگای ئاشتی). | سەر بە تەیاری سێیەمن (ڕێگای جیهاد). |
| ١٠- | لە هەنگاوەکانی بەرەو دامەزراوەیی دام و دەزگاکانی شارەزا و داناترە. | ئەزموونی کەمترە لەم بوارەوە. |

**کۆتایی:**

دەربارەی هێز و ئەزموونی حزب و هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، نووسین و توێژینەوەی زۆر خراوەتە ڕوو، لە میانەی ئەو نووسینانە، هەڵسەنگاندن بۆ هێز و ئەزمونی ئەو هێزە ئیسلامیانە ئەنجامدراوە.

لەم بوارەدا بەشێك لە بیروبۆچوونی چەند نووسەرێك دەخەینە ڕوو، کە زیاتر بوارە ئەرێنییەکان و رەخنەگرتن لەو حزبانە دەگرنەخۆ[٢٣٩]:

١- تا ئێستا گوتارێکی سیاسی ئیسلامی روون نییە دەربارەی هەڵوێستە بنچینەییەکانی وەك: چۆنیەتی رزگاربوونی کوردستان، دەسەڵاتی ناوەندی،

ژیانی سیاسی، دیموکراسی، فرەلایەنی، پارچەکانی دیکەی کوردستان، کەمایەتی و نەتەوایەتی و مەزهەبی، تەکنەلۆژیا و نوێگەری.

٢- لە بەرنامەکانی ئەو هێز و لایەنە ئیسلامیانە، زۆربایەخ بەرابردوو دراوە، کە دەبوایە داهاتوو مەبەست بوایە، سەرەڕای کاریگەری نەتەوایەتی و دەمارگیری سیاسی و حزبی بەسەریاندا.

٣- بزووتنەوە سیاسییەکان بەهۆی دروست بوونی ململانێی (شیعە و سوونە) بووە بە هۆی ئەوەی کۆنترۆڵی لەدەست بدات و هەرخەریکی کاری مەزهەبی بن.

٤- بزووتنەوەکان، بە هەموو هێز و لایەنەکانیان، سیاسین زیاتر لەوەی ئایین بن، لەم بوارەش سەرکەوتوانە کاریان نەکردووە، بەڵکو ئەو فرە سیاسییەش بووە بەهۆی ململانێی ناوخۆیی و ململانێ لەگەڵی حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەش.

٥- بوونی جیاوازی و جۆراوجۆری گەورە لەبیرو بۆچوونی هێزە ئیسلامیەکان لە ئاست[٢٤٠] بابەتی دیموکراسییەت، زۆربەی هەڵوێستەکانیش لایەنی نەرێنیان وەرگرتووە.
بۆ نموونە (عەلی باپیر) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، هەمان ئەو بیروبۆچوونانە دووبارە دەکاتەوە، کە تیۆری ناسانی ئیسلامی لە میسر و سعودییە نووسیویانە دەربارەی بابەتی دیموکراسییەت. ئەو لە نووسینەکانی جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکاتەوە:
أ- دیموکراسییەت بە مانای نەبوونی باوەڕ بە خودا.

ب- دیموکراسییەت دەبێتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئایین، بڕیارەکانی پەرلەمانی هەڵبژێردراویش بە شێوەی دیموکراسیانە، سیفەتێکی پابەند بوونی هەیە، کە دەبێتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ یاسای ئیسلامی.

هەروەها سەرکردەیەکی دیکەی ئیسلامی سیاسی (کاکە مەحمود) نووسیویەتی:

دیموکراسییەت بە مانای رازی نەبوون بە ئیسلام، بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی، چەمکی شورا دەخەنەڕوو، وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ دیموکراسییەت.

٦- هزری سیاسی بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە کوردستان، لەگەڵ ئەو گروپانەی جیابوونەتەوە لێیان، لایەنگیری دامەزراندنی سیستەمێکی دیکتاتۆری ئایینی دەکەن، کە پشت بە بیرۆکەی دیکتاتۆری دادپەروەری دەبەستێ، وەك تیروانینێك بۆ سیستەمی حوکمرانی.

٧- بەڵام دەربارەی بەشداریکردن لەو حکومەتانەی کە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە سەرکردایەتی ناکرێن، ئەوا ئەو بزووتنەوانە رێگای پێ نادەن، بەڵام هەندێ جار رێگا دەدەن بۆ بەشداریکردن بە پشتت بەستن بە سورەتی (یوسف) کە بەرپرسیاریەتی ئابووری و دارایی بەدەستەوە بگرن.

٨- لەنێوان هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، بیروڕای هاوبەش هەیە، دەربارەی مافەکانی ژن، زۆربەی ئەو بابەتانەی لەسەر ژن بڵاوکراوەتەوە، داوای مانەوەی ژن دەکات لەناو ماڵ، سەرەڕای خۆ داپۆشین و بەرگری لە فرەژنی و دوورخستنەوەی لە کاری سیاسی، ئەگەرچی لە واقیعدا هەندێ گۆڕانکاری لەو هەڵوێستانە بەدی دەکرێت بەتایبەتی لای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

٩- ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی خودی کۆمەڵگەی[٢٤١] کوردییە، ئەم بزووتنەوانە، هاوردە و نامۆنین، بەڵام هاوتای وڵاتانی دیکەی وەك میسر و ئێران و پاکستان، بەرهەم و زادەی هزری کوردی نەبووە، هێندەی کۆپییەکی هێنراو بوونە لەو وڵاتانە.

١٠- پەرت بوونی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی و لەیەکترازانیان و پەیدابوونی بەردەوامی گرووپی تازە، بەڵگەن لەسەر ئەوەی دەوڵەتانی دراوسێ دەستی باڵایان هەیە لەناو ئەو حزبانە.

١١- ململانێیەکانی نێوان حزب و لایەنە ئیسلامییەکان، زیاتر رووی لە ململانێی کەسایەتی و ساغکردنەوەی حساباتی کەسێتی کردووە.

١٢- پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی ناویان هات، ئیسلامی سیاسی نەیتوانیوە کۆمەڵگەی موسڵمانی کوردستان لە خواپەرستییەوە وەرگێڕێتە سەر سیاسەت، بەڵگەش رێژەی لایەنگران و دەنگهێنانیانە لە هەڵبژاردنەکان لە کوردستان.

١٣- ئەو حزبە ئیسلامیانە باوەڕ و عەقیدەی ئایینی ئیسلام دەکەنە ئایدۆلۆژیا و بەپێی بەرژەوەندی و رێبازە سیاسییەکانی خۆیان ئەو ئایدۆلۆژیایەش گۆڕانی بەسەردا دێنن.

١٤- لە کوردستاندا ئیسلامی سیاسی، شەڕی گەیاندۆتە ناو مزگەوتەکان، ئەو جێگا ئایینیانەیان بەکار هێناوە بۆ کاری حزبی و سیاسی.

١٥- ئیسلامی سیاسی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یارمەتی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی[٢٤٢] دەدات، لەبەر ئەوەی زیاتر بایەخ بە لایەنی ئایدۆلۆژی و کەلەپوری رابردوو دەدات، هەروەها هانی ناولێنانی لە منداڵان بەناوی عەرەبی دەدات، سەرەڕای بەشداری نەکردنیان لە بۆنە نەتەوایەتییەکانی وەك نەورۆز.

١٦- لەژێر سێبەری ئیسلامی سیاسی، فێربوون وەردەگەری و ئاراستەی بیروباوەڕە گشتگیرییەکان (شمولی) دەکرێت، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە هونەر و جۆرەها داهێنانە تاکییەکان، سەرەڕای هەوڵدان بۆ خۆ تێ ئاخنین کردنی ئایین لە هەموو بوار و چالاکییەکانی ژیان.

١٧- رەوتێکی بەهێز لەناو ئیسلامی سیاسی، بۆ چوون و باوەڕیان وایە، کە ناسیۆنالیستی کوردی، ئاراستەیەکی عەلمانی و بێ باوەڕە (کافرە) و نوێنەرایەتی کورد ناکات.

# بەشی شەشەم
# کەسایەتییەکان

لەسەر لاپەڕەی بەشەکانی پێشووی ئەم نووسینە، کورتەیەك لە مێژووی حزب و کۆمەڵە و بزاڤە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور خرانە ڕوو، کە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە، دیارە ئەو بوارەش بەشێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورد پێکدێنێ، بەڵکو دەکرێ بوترێ بەشە هەستیارەکەیەتی، لە میانەی خەباتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی.

ئەو ماوە مێژووەی باسمان کرد، لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ، سەردەمێکە چەند قۆناغێك دەگرێتە خۆی، دەکرێ ناوی لێبنرێت سەردەمی هۆشیاری سیاسی و پەرەسەندنی نەتەوایەتی و چینایەتی، دیارە لە میانەیدا گۆڕانکاری زۆر و گرینگ ڕوویانداوە و تێپەڕبوونە بەسەر کورد و نیشتمانەکەی.

ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانە، ژمارەیەکی زۆری تێکۆشەر و نیشتمان پەروەری کورد، ئەرکەکەیان هەڵگرتووە، لە هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە بەشداریان تیادا کردووە، بێ گومان ئەو بەشداری کردنەش بووەتە هۆی ئەوەی بەرەو ڕووی ئەشکەنجە و زیندان و ژیانی سەخت و تاڵی و دەربەدەریش ببنەوە، سەرەڕای شەهید بوونی بەشێکیان.

ئەو تێکۆشەر و نیشتمان پەروەرانە، کەسانی ماندوو نەناس بوون، بوێرانە بە ئەرکی سەرشانیان هەستاون، هەڵگری هەستی بەرزی بەرپرسیاریەتی بوون.

بۆیە باسکردنی خەباتیان و بەبیرهێنانەوەی ناو و مێژوویان، ئەرکی سەرشانی هەموو نووسەر و ڕۆشنبیرانە، پێویست دەکات ئەو خەبات و ماندوو بوونەیان بەرز رابگیرێت و بەردەوام یادیان بکرێتەوە.

لێرەدا، لە چەند لاپەڕەیەك، ئاماژە بۆ ناوی بەشێکیان دەکەین، ئەوانی لەناو ئەو حزب و ڕێکخراوانە ڕۆڵی کارایان هەبووە، دیارە دەرفەتمانیش نەبووە و لە تواناندا نەبووە باسی زۆرتر و زیاتر بکەین.

ئامانج لە خستنە رووی خەباتی ئەو تێکۆشەرانە لەگەڵ ئەم باسە، دوو مەبەستە:

١- بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە و روونکردنەوەی رووداوەکان.

٢- وەك وەفایەك بەرامبەر بە تێکۆشان و ماندووبوونیان.

لە میانەی ئەم بەشەی کتێبەکە، بۆ ناوهێنانی ئەو تێکۆشەرانە، هەوڵماندواوە ئەندام و سەرکردەی هەموو یان زۆرینەی حزب و رێکخراوەکان بگرێتەوە، بەپێی توانا و ئەو سەرچاوە زانیارییانەی بەردەستن.

### ١- ئازاد هەورامی[٢٤٣]:

ناوی تەواوی (ئازاد عەبدولمەجید عەبدولغەفار جەعفەر)ە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوکە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە لە شاری کەرکوك.

ساڵی (١٩٧٠) بووە بە ئەندامی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)، ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە، دوای دەستگیرکردنی سەرکردەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران، بووە بە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان، لەگەڵ مەلا بەختیار و شاسوار جەلال و سالار عەزیز.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٦، بووە بە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٧٧ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە کارەساتی هەکاری بەشداری کردووە و بەدیل گیراوە، دوای ماوەیەك لە زیندان هەڵاتووە.

ساڵی ١٩٧٨ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەران، ساڵی ١٩٨٦ بووە بە بەرپرسی مەڵبەندی (١٤)ی بادینان تا ساڵی ١٩٨٨.

لە رۆژی ٣٠/ ئابی/١٩٨٨ بە هۆی بوردومانی فرۆکەکانی رژێمی عێراق، بە سەختی بریندار دەبێ و لە گوندی (شێخ ئایش) کۆچی دوایی دەکات.

### ٢- ئەبوبەكر خۆشناو:

لە گوندێكی سەر بە قەزای شەقڵاوە[٢٤٤]، ساڵی (١٩٥٦) لە دایك بووە، خوێندنی لە شاری هەولێر تەواو كردووە، ساڵی (١٩٥٦) بەشی كوردی زانكۆی سەلاحەددینی تەواو كردووە، لە ساڵی (٢٠٠١) ماستەری لە ئەدەبی كوردی (زانكۆی سلێمانی) وەرگرتووە.

پەیوەندی بە ریزی پێشمەرگەی كوردستان كردووە و لە بواری راگەیاندن كاری كردووە، لە دووەم كۆنگرەی (ی.ن.ك) بە ئەندامی سەركردایەتی هەڵبژێردراوە.

**بەرهەمی گەورەی نووسین و وەرگێرانی هەیە:**

نووسینەكانی: كۆمۆنی پاریس، شیعری بەرەنگاری كوردی، تورەیی شاخەكان، سروودی بەرەنگاری.

وەرگێرانەكانی: زۆرانچێتی، كورد و كوردستان، راپەرینی شێخ سەعیدی پیران، شۆرشی ئاگری داغ، مێژووی رینیسانس، رۆڵی رووناكبیر، كیمیاگەر، قوربانی، بەرەی رۆژئاوا ئارامە، مێژووی هاوچەرخی كورد، مانگ و روخسار، دیموكراسی و ماڤ مرۆڤ، لە ٢٠١٢ كۆچی دوایی كردووە.

### ٣- ئیبراهیم حەیدەری[٢٤٥]:

ئیبراهیم كوری عاسم كوری ئیبراهیم حەیدەری، دۆستی زانست و ئەدەب، شیعری بەزمانەكانی كوردی و عەرەبی و فارسی و توركی داناوە.

لە ساڵی (١٨٦٤)ز لە شاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە، باپیرە گەورەكەی محەمەد كوری شێخ حەیدەر لە ئێرانەوە كۆچی كردووە و لە گوندی حەریر نیشتەجێ بووە، لە سەردەمی شا ئیسماعیل سەفەوی، بروانامەی وانە وتنەوەی بەدەست هێناوە، سەرەتا وەك قازی لە شاری زاخۆ بۆ ماوەی دوو ساڵ كاری كردووە، دواتر رووی لە شاری ئەستەنبوڵ كردووە، بە ئەندامی ئەنجومەنی گەورەی مەعاریف دانرا، پاشان بووە بە سەرۆكی لیژنەی دار الخیر العالی ١٨٩٩،

هەروەها سەرۆکی لیژنەی مەعاریفی عوسمانی بووە بۆ ماوەی (٨) ساڵ ساڵی (١٩٠٦) بووە بە قازی لە ویلایەتی دیاربەکر – و ئەندام لە دادگای ئیسلامی و (شیخ الاسلام)ی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی (١٩١٨) دوای جەنگ (١٩٢٢) دەگەڕێتەوە عێراق.

ساڵی ١٩٢٤ بووە بە ئەندام لە ئەنجومەنی دامەزراندن لەسەر پارێزگای هەولێر، لە یەکەم وەزارەتی هاشمی بە وەزیری ئەوقاف دادەنرێ لە نێوان (١٩٢٤ – ١٩٢٥) دواتر بە ئەندامی ئەنجومەنی (ئەعیان)، لەو پلەیە مایەوە تا کۆچی دوایی کرد لە ١/کانوونی یەکەمی/١٩٣١ کتێبێکی دەست نووسی هەیە دەربارەی فەلسەفەی مێژووی ئیسلامی و فەلسەفە ئایینەکان، کتێبێکی دیکەی بڵاوکردۆتەوە بەناوی مێژووی تەسەوف لە فیرقە ئیسلامییەکان لە ئەستەنبوڵ چاپ کراوە، زۆر ئارەزووی خوێندنەوەی شیعری هەبووە بە تایبەتی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی.

ئیبراهیم حەیدەری سەرۆکی یانەی کوردان بوو لە شاری بەغدا لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا کۆچی دوایی کرد.

**٤– ئیبراهیم ئەحمەد[٢٤٦]:**

نووسەر و شاعیر و نیشتمانپەروەر (ئیبراهیم ئەحمەد) ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی هاتووەتە کۆڕی ژیان، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردووە، پاشان لە کۆلێژی (ماف)ی شاری بەغدا وەرگیراوە، تا ساڵی ١٩٤٢ وەك پارێزەر کاری کردووە، لە کاروباری حکومەت دوورکەوتۆتەوە ژیانی بۆ خزمەت کردنی وێژە و سیاسەت و کوردایەتی تەرخان کردووە.

لە ساڵی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٤٩ بە هاوکاری مامۆستا (عەلائەددین سوجادی) گۆڤاری گەلاوێژی لە بەغدا دەرکردووە کە گۆڤارێکی وێژەییە.

ئیبراهیم ئەحمەد ساڵی ١٩٤٤ دەبێتە بەرپرسی لقی کۆمەڵەی ژیانی کورد (ژ.ك) کە مەڵبەندەکەی شاری (مەهاباد) بووە لە کوردستانی باشوور.
لە دووەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ساڵی (١٩٥١) کە لە بەغدا سازدرا بووە بە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، تا ساڵی ١٩٦٤ کاتێ لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی جیابوونەتەوە.
لە ساڵی ١٩٦١ەوە بەشداری شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ کردووە، بەهۆی چالاکی سیاسی ساڵی ١٩٤٩ بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك زیندانی کراوە.
ئیبراهیم ئەحمەد، خاوەنی کۆمەڵێك هۆنراوە و نووسینی بەنرخە، لە هەمان کاتدا چیرۆکی نووسیوە و خاوەن رۆمانی کوردی (ژانی گەل)ە، کە لە ساڵی ١٩٥٦ نووسیویەتی.
خوالێخۆشبوو، دوا ساڵەکانی ژیانی لە ولاتی ئینگلتەرا بەسەر بردووە، رۆژی ٨/نیسانی/٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە شاری سلێمانی بەخاك سپێردراوە.

### ٥- ئەحمەد خواجە[٢٤٧]:

ئەحمەد خواجە کوڕی عەزیز کوڕی عوسمان ئاغای (ئەردەلانی)یە. لە رۆژی ٦/تەممووزی/١٩٠٣ هاتۆتە ژیانەوە. سەرەتا لە حوجرەکەی خواجا ئەفەندی باوکی خوێندویەتی، دوایی لە قوتابخانەی میرییەکان خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە.
ساڵی ١٩٢٢ کە شێخ مەحمودی نەمر لە هیندستان گەڕایەوە بۆ (سلێمانی) و حکومەتی پێکهێنا، ئەحمەد خواجەی کردووە بە گەنجینەوانی خۆی و بەشداری شێخی نەمری لە شۆڕشەکەیدا کردووە، هەروەها ئەحمەد خواجە دواتر بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان.

ئەحمەد خواجە، چەند جارێك نامەی شێخ مەحمودی گەیاندۆتە کاربەدەستانی ئێران و قونسولی روسیا لەو ولاّتە.

کە رۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) دەرچوو، ئەحمەد خواد کرا بە سەرنوسەری، لەو کاتانەدا، ئەحمەد خواجە بیری لە دەرکردنی (پوڵی) پۆستە بۆ کاری حکومەت کردۆتەوە، کلێشەی ئەو پوولەش خوالێخۆشبوو (شێخ لەتیفی دانسان) نەخشەی کێشاوە و (٣) جۆریش بووە.

**ئەحمەد خواجە، ئەم بەرهەمانەی بەجێ هێشتووە:**

١- چیم دی (٣ بەرگ).

٢- (١٠١) پیاوی کورد.

٣- مامۆستای پەری.

٤- فەرهەنگی کوردی.

٥- بلانجۆ (وەرگێران بۆ سەر زمانی کوردی).

جگە لە وتار و هەندێ بەرهەمی دیکە، کە لە گۆڤاری گەلاوێژ و چاپەمەنییەکانی دیکە بلاّوکراوەتەوە، لە تەمەنی (٩٤)ساڵی، لە رۆژی ٢/ئازاری/١٩٩٧ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی نێژراوە.

**٦- شێخ ئەحمەد شاکەلی[٢٤٨]:**

شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ سەعید، ساڵی (١٩٠٢)ن لە گوندی شاکەلی گەرمیان، لە خێزانێکی ئاین پەروەر و خانەوادە هاتۆتە دونیاوە. لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، شێخ محەمەدی باوکی لە دەستی زوڵم و زۆرداری عوسمانییەکان، دێیەکەی خۆی (شاکەل) بەجێ دێڵێ و

دەچێتە ئێران، پاش کۆتایی هاتنی جەنگ و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە دەگەڕێتەوە ناوچەی شاکەل.

شێخ ئەحمەدی شاعیر، بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندنی مەلایانە و فێری وانە ئایینییەکان دەبێت لای مەلاکانی کەلار، پاشان بۆ زیاتر خوێندن دەچێتە شاری سلێمانی لای مامۆستا محێدین دەخوێنێت.

ژیانی لاوێتی شاعیر، وەك خۆی دەڵێ (گەنجێکی بەشەوق بووم، هەوای هەڵبەست نووسین و ئەدەبیاتم زۆرتر بوو لە خوێندنی مەلایانە، هەوەسی تێکەڵاوی ئەهلی دونیاشم هەبوو.

خەڵکانێکی زۆر شاعیریان ناسیوە، چ لە ڕێگای ئەدەبیاتەوە بێت، یان لە ڕێگای خواناسی و هاموشۆی تەکیە و مزگەوتی شاکەلەوە بێت.

شاکەلی لە تەمەنی لاویدا، هەستی نیشتمانپەروەری لە کەللەی دەدات و بە باڵای کوردستان هەڵبەست دەهۆنێتەوە، بۆنی کوردایەتی لە زۆربەی شیعرەکانیدا دێت، هەروەها دەبێتە ئەندامی حزبی هیوا و شان بەشانی هاوڕێیان لە چالاکیدا دەبێت.

شێخ ئەحمەد شاعیر لە تەمەنی گەنجی بەرهەم و نووسینی خۆی لە گۆڤارەکانی (گەلاوێژ، هەتاو) بلاّودەکاتەوە، دیوانی شیعرەکەشی چەند جارێك لە چاپ دراوە.

لە بەرواری (١٤/شوباتی/١٩٨٢) کۆچی دوایی دەکات.

مامۆستا نەریمان، لە کتێبەکەی (ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی)، دەربارەی شێخ ئەحمەد نووسیویەتی:

(ساڵانی (١٩٤٤-١٩٤٦) کە مامۆستای قوتابخانەی کەلار بووم، ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم زاتە پەیدا کردبوو، پیاوێکی ڕاست و دروست بوو، بۆیە کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف کردبوویە وەکیلی هەموو ئاواییەکانی.

شاعیرمان پیاوێکی کورد پەروەر بوو، لە ریزی حزبی هیوا ئەندامێکی چالاك بوو، هەروەها ڕێبازی ئایینیشی بەدوو دەست گرتبوو، ناوبانگی لەو ناچەیە دەرکردبوو، لەناو هۆزی جافدا پایە و پلەیەکی بەرزیان هەبوو).

## ٧- ئەحمەد تەوفیق بەگ[٢٤٩]:

ئەحمەد تەوفیق، کوڕی تەوفیق بەگ کوڕی محەمەد ساڵح بەگە، لە ئەشرافەکانی شاری سلێمانییە، دایکی لە خانەوادەیەکی سەرۆکەکانی ناوچەی پشدەرە، ساڵی (١٨٩٩) لە سلێمانی لەدایك بووە. لەسەر دەستی مامۆستایانی تایبەت لە موسڵ و کەرکوك و سلێمانی خوێندوویەتی.

کە جەنگی جیهانی یەکەم بەرپا دەبێ، تەوفیقی باوکی بەسەرکردەیی عەشیرەتەکانی کورد لەتەك سوپای تورکدا لە تەورێز و مەهاباد و بۆکان جەنگاوە، لە شەڕ و پێکدادانی لەگەڵ سوپای روسیا کوژراوە، دوای جەنگ، ئەحمەد هەڵوێستی باشی دەبێت دەربارەی مانەوەی ویلایەتی موسڵ بە سلێمانیش وەك بەشێك لە عێراق و جیابوونەوەی لە خاکی تورکیا.

ساڵی ١٩٢٤ هەڵبژێردراوە بە نوێنەری سلێمانی لە ئەنجومەنی دامەزراندندا، پاشان دەکرێتە پارێزگای (موتەسەریف) سلێمانی (ئازاری ١٩٢٥)، لە نیسانی ١٩٢٧ واز دەهێنێ لە کارەکەی، لە ئەیلولی (١٩٣٠) دەبێتە پارێزگار و دەگوازرێتەوە بۆ هەولێر، لە نیسانی ١٩٣٥ و دواتر دەبێتە موفەتیشی ئیداری، تا ساڵی ١٩٣٩، هەر لەو ساڵەدا واز لە کاری حکومی دەهێنێ. هەر لەو ساڵەی دەبێتە پارێزگاری سلێمانی، سەرۆکایەتی یانەی زانستی سلێمانیش دەکات. لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ دەبێتە نوێنەری سلێمانی لە پەرلەمانی عێراقدا، لە هەمان ساڵدا واز دەهێنێ.

لە ١٧/کانوونی یەکەمی/١٩٦٣ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات.

٨- ئەحمەد ئاغای کەرکوکی[٢٥٠]:

لە راستیدا بنەماڵی ئەحمەد ئاغا، خەڵکی ناوچەی (ماوەت)ی سەر بە پارێزگای سلێمانییە، باپیرە گەورەیان (یونس ئاغا) پیاوێکی ناسراوی شاری سلێمانی بوو، کاتێ ژنی هێناوە منداڵی نەبوو، پەنای بۆ (بابا گوڕ گوڕ)ی کەرکوک بردووە (بەپێی نەریتێکی کۆن) بۆ ئەوەی منداڵیان ببێت. دواتر کوڕێکی بووە و ناوی لێناوە (محەمەد) یان (حەمە کەرکوکی)، بەم پێیە نازناوی کەرکوکی زادەیان هەڵگرت.

ئەحمەد ئاغاش کوڕی حاجی عەبدوڵڵای کوڕی محمەد (حەمە کەرکوکی) کوڕی یونس ئاغایە، لە شاری سلێمانی ساڵی (١٨٨١)ز لەدایک بووە، بە بازرگانی خەریك بووە.

ساڵی ١٩٣٧ بووە بە نوێنەری کەرکوك لە پەرلەمانی عێراقی، بۆ خولی دووەمیش بە ئەندام پەرلەمان هەڵبژێردراوە، ئەم بنەماڵەیە پێگەی بەرزیان لە کاری بازرگانی هەبووە، لەناو بازاڕ و لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەحمەد ئاغا ساڵی (١٩٧١)ز کۆچی دوایی کردووە، ناوبراو ئەندامێکی چالاکی یانەی سەرکەوتنی کوردان بووە لە شاری بەغدا.

٩- (مەلا) ئەسعەدی مەحوی[٢٥١]:

مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا خالیدی کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی مەحوی کوڕی وەسمانی باڵخییە. ساڵی (١٨٩٨)ز لە سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لای باوکی خوێندووە، پاشان چووەتە حوجرەی خواجا ئەفەندی، هەروەها لای مەلا حوسێنی پیسکەندی و شێخ بابا عەلی خوێندوویەتی، دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لە خانەقای باپیری (مەحوی) دەبێتە مەلا و وانە بە فەقێیان دەڵێتەوە.

ساڵی (١٩٣٠) تێکەڵ بە ژیانی سیاسەت دەبێت، ساڵی (١٩٣٧) لەگەڵ هاوبیرەکانی کۆمەڵەی برایەتی دادەمەزرێنن، مەحوی رۆڵێکی کارا دەگێڕێ لە کاروباری کۆمەڵە و بەهۆی بڕیاری گرتنیان لەلایەن حکومەتەوە، ناچار لەگەڵ شێخ لە تیفی شێخ مەحمود ساڵی (١٩٤٣) روو لە کوردستانی رۆژهەڵات دەکەن و لە شاری (سەردەشت) جێگیر دەبن، لە ساڵی ١٩٤٤ دەگەڕێنەوە سلێمانی.

لە ماوەی ژیانیدا چەند جارێک زیندانی دەکرێت بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە، چەندین بەرهەمی وێژەیی و ئایینی هەیە، وەك: دیوانی شیعر، پەراوەکانی (عقائد الرحمانیة) لەگەڵ (تحسین البیانیة) و (شرح علی عقائد الرحمانیة).

ئەم زانایە شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی هەبووە، رۆژی ٢٥/نیسانی/١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان بەخاك سپێردراوە.

**١٠- ئەسیری شاعیر[٢٥٢]:**

ئەسیری ناوی تەواوی (عەبدولخالق سەید حوسێن بەرزنجییە) ساڵی (١٨٩٠) لە شاری کەرکوك هاتۆتە دونیاوە، هەر لەوێش پێگەیشتووە و فێری خوێندن بووە، گەلێك دێ و شار و ناوچەی کوردستان گەڕاوە، بە فەقێیەتی چۆتە شارەکانی (سلێمانی، سەقز، کرماشان، هەمەدان، بانە) دواتر گەڕاوەتەوە کەرکوك، سەردانی شاری ئەستەنبۆڵی کردووە و چاوی بە شێخ عەبدوڵقادری نەهری کەوتووە و هەستی کوردایەتی لە دڵیدا پەرەی سەندووە.

دوای جەنگی جیهانی یەکەم گەڕاوەتەوە شاری کەرکوك، بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی کەرکوك کردووە، لە جێی باوکی بووە بە ڕێبەری ڕێبازی (نەقشبەندی).

ئەسیری، یەکێکە لە شاعیرە نیشتمانپەروەرە بەرزەکانی کورد، لە سەرەتاوە هۆنراوەی دڵداری داناوە، دوایی هۆنراوەکانی بۆ کورد و کوردستان دەنووسی، سەرەڕای چەند بابەتێکی کۆمەڵایەتی.
لە دانانی شیعر بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، تورکی، باڵا دەست بووە، ساڵی (١٩٦٢) کۆچی دوایی کردووە و لە کەرکوک نێژراوە.

## ١١- ئەمین ڕواندوزی[٢٥٣]:

لەدایك بووی ساڵی (١٨٩٨)، یەکێك بووە لە ئەفسەرە کورد پەروەرەکان، دلێرانە لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەی تێکۆشاوە، چۆتە ڕیزی ڕێکخراوە کوردییەکانی سەردەمی خۆی، وەك کۆمەڵەی (ئیستقلالی کوردستان)، هاوکاری شێخ مەحمودی نەمر بووە، ڕۆڵی بوێرانەی هەبووە.
دوای دابڕانی لە سوپادا، سەردەمێك سەرۆك شارەوانی شاری ڕەواندوز بووە، بۆتە نوێنەری ڕەواندوز لە پەرلەمانی عێراق (خولی شەشەم).
ساڵی ١٩٥٥ لە شاری ڕەواندوز کۆچی دوایی کردووە، لە کوڕەکانی (د.وریا، د.زۆزك، چەتۆ) لە کچەکانیشی (هێدی، پیرۆزە).

## ١٢- ئەنوەر زۆراب[٢٥٤]:

لەدایك بووی ساڵی (١٩٥٠) لە شاری کەرکوك، لە سەرەتای حەفتاکاندا پەیوەندی بە کۆمەڵەی (مارکسی – لینین)ییەوە دەکات، ساڵی (١٩٧٤) دوای پێکهاتنی کۆمیتەی ئەستێرەی سوور بەسەرکردایەتی (جەعفەر عەبدولواحید)، ئەنوەر بوو بە ئەندامی کۆمیتەکە و بەپرسی ڕێکخستنەکانی لە بەغدا و خانەقین.

لە ماوەی چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، ئەنوەر چەند جارێك چووەتە سوریا بۆ پەیوەندی کردن و گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك).

بەهۆی ئەو هاتوو چوو نامەگۆڕینەوە، ئەنوە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی رژێمەوە ئاشکرا دەبێت و دەستگیر دەکرێت لە ساڵی (١٩٧٥).

ئەگەرچی لەبەردەم لێکۆڵینەوە زۆر خۆڕاگر دەبێت، بەڵام لە ماڵەکەی ژمارەیەك زانیاری و (دیکۆمێنت) بەردەست ئاسایشی حکومەت دەکەوێت و دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە رێکخستنەکان.

لە ٢١/تشرینی دووەمی/١٩٧٦ لە زیندانی (ئەبو غرێب) لەگەڵ شەهیدان شەهاب شێخ نوری، جەعفەر عەبدولواحید، لەسێدارە دەدرێ.

### ١٣- ئیحسان نوری پاشا[٢٥٥]:

ئیحسان نوری پاشا کوڕی عەلی قولی پاشایە، ساڵی (١٨٩٣) لە شاری (بەتلیس) لە کوردستانی باکوور هاتۆتە کۆڕی ژیانەوە، لە بنەماڵەی زەیلانی هۆزی جەلالییە.

ساڵی (١٩١٠) خوێندنی سەربازی لە ئازەربایجان و ئەستەنبول تەواو کردووە، بە ئەفسەرێکی پایە بەرزی سوپای عوسمانی، لە زۆربەی جەنگەکاندا بەشداری کردووە.

لە دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ساڵی (١٩٢٥)، نیشتمان پەروەرانی کورد، کەوتوونەتە وتوێژ و رێکخراوی (خۆیبوون) یان پێکهێناوە، ساڵی ١٩٢٧ بڕیاریاندا چەك و تەقەمەنی پەیدا بکەن و مەشق بکەن و شوێنێك دیاری بکەن ببێتە مەڵبەندی شۆڕش.

فەرماندەیی شۆڕش درایە دەست (ئیحسان نوری پاشا)، کێوی (ئاگری داغ) بووە چەقی شۆڕش، راپەڕینە چەکدارییەکە نزیکەی سێ ساڵ بەردەوام بوو،

دوایی تووشی شکست هات، ئیحسان نوری پاشا پەنای بردە بەر ئێران، لە ١٠/ئەیلولی/١٩٣٠ لە ئێران دەست بەسەر مایەوە.
لە ٢٥/ئازاری/١٩٧٦ بەهۆی ڕووداوێکی گوماناوی، کۆچی دوایی کرد.

### ١٤- ئیدریس بارزانی[٢٥٦]:

ئیدریس مستەفا بارزانی، لە ٤/نیسانی/١٩٤٤ لە ئەشکەوتێکی ناوچەی بارزان هاتۆتە دونیاوە، ساڵی یەکەمی تەمەنی لە کوردستانی عێراق بەسەر برد، پاشان بە خێزانەوە ڕوویان لە کوردستانی ئێران کردووە، لە ئاکامی شکستی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی دووەمی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥)، لەو ماوەیەدا لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا دەژیان، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان (مەهاباد)، گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق لەگەڵ بەشێك لە بارزانییەکان، حکومەتی بەغدا دوای ماوەیەك زیندانی و دەست بەسەریان، ڕەوانەی شاری موسڵیان دەکات و دواتر ساڵی ١٩٥٢ دەگوازرێنەوە بۆ شاری (بەسرە) و لەژێر چاودێری دەمێننەوە.

لە تەمەنی (٦) ساڵیدا ئیدریس ڕەوانەی قوتابخانە کراوە، لە نێوان شارەکانی موسڵ و بەسرە و بەغدا، کە دواجار بۆ ئەو شارە دەگوازرێنەوە، ئیدریس درێژە بە خوێندنی دەدات و ئامادەیی تەواو دەکات بەسەرکەوتوویی.

دوای شۆڕشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ و گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ عێراق، گۆڕانێکی گەورە لە ژیانی ئیدریس ڕوو دەدات، بەردەوامیش دەبێت لەسەر خوێندن و خۆ ڕۆشنبیر کردن. دوای ساڵی ١٩٦١ و هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی باشوور، ئیدریس بارزانی دەبێتە هاوڕێی باوکی لەو سەردەمە، ساڵی ١٩٦٥ وەك هاوکارێکی باوکی دەبێ بۆ کاروباری سەربازی، هەروەها لەگەڵ مەسعودی برای بەیەکەوە سەرپەرشتی نووسینگەی بارەگای بارزانی دەکەن.

لەو ماوەیەدا ئیدریس بەرپرسیاریەتی (مەکتەبی عەسکەری) پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرێتە دەست و بەسەرکەوتنێکی بەرزەوەش سەرکردایەتی شەڕی هەندرێن دەکات لە ساڵی ١٩٦٦. ساڵانی نێوان (١٩٦٦–١٩٧٠) بۆ ئیدریس بارزانی وەك قوتابخانەیەکی سیاسی دەبێت، ئەو لەو ماوەیەدا لە باوکی فێری زۆر شت دەبێ، هەروەها لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و سەرکردە و پێشمەرگەکان، فێری زۆر لایەنی سیاسی و سەربازی و ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت.

لە گفتوگۆکانی ساڵی (١٩٧٠) ئیدریس بارزانی بەشداری دەکات و ئەو گفتوگۆیانە کۆتاییان هات بە رێککەوتننامەی ١١ی ئازار و بڕیاردان لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

لە کۆنگرەی (٨)ی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی (١٩٧٠) ئیدریس بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێت پاشان دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرپەرشتی مەکتەبی عەسکەری دەکات، لە ماوەیەکی دیکەشدا سەرپەرشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان دەکات.

دوای نسکۆی ١٩٧٥ و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە کەسایەتی ئیدریس وەك سەرکردەیەك بەرز دەرکەوت، لەو ماوەیەدا پارتی بە هەل و مەرجێکی زۆرئاڵۆز و دژواردا تێپەڕ دەبوو، ئەو لەگەڵ مەسعودی برای لە هەوڵی رێکخستنەوەی پارتی بوون، دوای سەفەر کردنی مستەفا بارزانی بۆ ئەمەریکا بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦ جارێکی دیکە مەفرەزەکانی پێشمەرگە روویان لە کوردستانی باشوور کرد و دەستیان بە خەباتی پارتیزانی کرد، لە ١٠ی تشرینی دووەمی١٩٧٩ کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بەسترا، لەو کۆنگرەیە مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی و ئیدریس بارزانی وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران و درێژەیان بە چالاکییەکانی پارتیدا.

لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا و لە بەرواوری ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧ ئیدریس بارزانی بەهۆی راوەستاندی دڵ، کۆچی دوایی دەکات.

**١٥- ئیسماعیل حەقی شاوەیس٢٥٧:**

ساڵی (١٨٩٦ز) لە شاری موسڵ هاتۆتە دونیا، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و سەربازی لە شاری سلێمانی و بەغدا تەواو کردووە، هەروەها قوتابخانەی سەربازی (ئەستەنبوڵ)ی تەواو کردووە.

بەشداری لە جەنگی جیهانی یەکەم کردووە، بەدیل گیراوە لەلایەن سوپای یونان و دواتریش جارێکی دیکە لەلایەن سوپای بەریتانیاوە بەدیل گیراوە و دوور خراوەتەوە بۆ وڵاتی هیندستان.

دوای جەنگ گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی لەسەردەمی راپەڕینەکەی شێخ مەحمود ساڵی ١٩١٩.

ماوەیەك بە پیشەی مامۆستایی هەستاوە، ساڵی ١٩٢٨ گەڕاوەتوە ناو سوپا، پاشان خانەنشین کراوە، دواتر کراوە بە قائمقام لە ئاکری ١٩٣٦ و لە مەخمور ١٩٣٩ و لە رانیە ١٩٤٠.

بەشداری لە خەباتی گەلەکەی خۆی کردووە لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادی، هەڵگری بیروباوەڕی دیموکراسی بووە، ئەو ماوەیەی لە تورکیا بووە پەیوەندی لەگەڵ (عەبدولقادر شەمزینی) هەبووە، ئەو ماوەیەی لە هیندستان ماوەتەوە بەدیلی، لەگەڵ کۆمەڵە ئەفسەرێکی دوورخراوە، کۆمەڵەی (ئەفسەرە دورخراوەکان)ی پێکهێناوە. هەروەها لە سلێمانی لە چەندین کۆمەڵەی رێکخراوەیی نهێنی و ئاشکرای کوردی بەشداری کردووە، وەك کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان، کۆمەڵەی زەردەشت، کۆمەڵەی برایەتی.

لە بواری نووسین، چەندین بابەتی بڵاوکردۆتەوە لە رۆژنامەکانی (ژین، دیاری کوردستان) ساڵی ١٩٢٥، هەروەها گۆڤاری (رۆژی نوێ، دەنگی کورد، هاواری کورد).

کتێبێکی نایابی لەژێر ناوی (قسەی پێشینان) ساڵی ١٩٣٣ بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ کتێبی (گوتەی مەزنان و فەلسەفی) کە لە نووسینی گوستاف لوبون بووە و وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لە ساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە.

**١٦- بەشیر مشیر[٢٥٩]:**

بەپێی لێکدانەوەی سەرچاوەکان، تەمەنی خوالێخۆشبوو (بەشیر) لەکاتی مردنی بە (٧٥) ساڵ مەزندە دەکرا، بۆیە دەکرێ ساڵی لەدایک بوونی لەنێوان (١٨٨٥-١٨٨٨)ز دابنرێت.

بەشیر، پیاوێکی کورد پەروەر و دڵساف و راستکۆ بوو، لەشەقامی رەشیدی شاری بەغدا بە پیشەی بەرگدووری دەژیا.

کەسایەتیە کوردەکانی وەکو (رەفیق حلمی، عەلائەددین سوجادی، تەوفیق وەهبی، جەمیل رۆژبەیانی، جەمال نەبەز، لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی کەسایەتی ناوداری کورد و خوێندکارە کوردەکانی زانکۆ و پەیمانگەکانی بەغدا هاموشۆیان دەکرد و زۆرخۆشیان دەویست.

دوکانەکەی وەکو یانەیەکی نووسەران و خوێندکاران، تێیدا کۆ دەبوونەوە، هەرچی رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان هەبوو لای ئەو دەفرۆشرا.

مامۆستا بەشیر، ئەندامی کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان، لەگەڵ کۆمەڵەی دیکەش پەیوەندی دروست کردبوو، هیواو ئاواتی سەربەستی کوردستان و میللەتەکەی بوو، نازناوی (مامۆستا)ی پێ بەخشرابوو، لەلایەن پیرەمێردی نەمرەوە.

لە ساڵی ١٩٣٩ کتێبی (بەختامەی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، نووسەری ئەم کتێبە (ناپلیۆن پۆناپەرت)ی سەرۆکی فەرەنسا بووە.

لە ڕۆژی ٣٠ی تەمموزی ١٩٦٣ لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی لە شاری بەغدا لە گۆڕستانی (کەرخ) بە خاك سپێردراوە.

## ١٧- تەها محیەددین مەعروف[٢٦٠]:

ساڵی (١٩٢٤ز)، لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی لەو شارە تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی مافە لە شاری بەغدا ساڵی ١٩٤٨. ماوەیەك بە پارێزەری خەریك بووە، ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم، بە پلەی ڕاوێژکار لە باڵیۆزخانەی عێراق لە شاری لەندەن دانراوە، دوای کودەتاکەی حزبی بەعس ساڵی ١٩٦٨ بووە بە وەزیری ئەشغال دواتر باڵیۆزی عێراق لە وڵاتی ئیتاڵیا لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤)، لە ١١/نیسانی/١٩٧٤ بەجێگری سەرۆك کۆماری عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر) دانراوە، ساڵی ١٩٨٤ کراوە بە ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش (عێراق)، ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی حزبی ڕزگاری کورد بووە لە کاتی دامەزراندنی ساڵی ١٩٤٥.

## ١٨- تاهیر ئەحمەد حەوێزی[٢٦١]:

تاهیر ئەحمەد سادق حەوێزی، ساڵی ١٩١٩ لە شاری کۆیە لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەیی لە شاری هەولێر خوێندووە، بووەتە مامۆستا لە شارۆچکەی ماوەت، پاشان لە چەند جێگایەکی تر دانراوە تا لە کۆیە گیرساوەتەوە، ساڵی (١٩٧٠) خانەنشین کراوە.

بڕێکی زۆری نووسین بڵاوکردۆتەوە، لە گۆڤاری گەلاوێژ، لەنێوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٩) هەروەها لە **گۆڤاری** (دەنگی گێتی تازە) و (گۆڤاری هەتاو). لە کۆنگرەی یەکەمی (یەکێتی **مامۆستایانی** کوردستان) لە شەقڵاوە بەشداری کردووە.

خوالێخۆشبوو لە خێزانێکی کورد پەروەر و تێکەشەر بووە، ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بووە.

چەند کتێبێکی چاپکردوون لەوانە، مێژووی کۆیە لە دوو بەرگدان کتێبی شەوچەرە، چاپی ساڵی ١٩٧٠، لە مانگی تەمووزی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە.

**٩٩- جەبار فەرمان[٢٦٢]:**

جەبار فەرمان عەلی ئەکبەر، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی بان میلی ناوچەی خانەقینە، خوێندنی سەرەتایی و دراناوەندی لە خانەقین تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٧ لە پەیمانگەی مامۆستایان وەرگیراوە و بە مامۆستا دامەزراوە، ساڵی (١٩٧١) لە زانکۆی (مستنصریە)ی لە بەغدا وەرگیراوە، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆرشەوە کردووە و دوای روخانی شۆرش لە ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە خانەقین. لە ساڵی (١٩٧١)ەوە پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٥ دەستگیرکراوە و لە دادگای رژێم بۆ ماوەی (٦) ساڵ زیندانی کراوە. ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە، دواتر پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە.

سەرەتای چالاکی لەناو هێزی پێشمەرگە رابەری سیاسی هەرێمی (٢) بووە، پاشان بەرپرسی کۆمیتەی چۆمان و بەرپرسی رێکخراوی دووی کۆمەڵە و لێپرسراوی مەڵبەندی یەک.

ساڵی (١٩٨٤) لە سێیەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە. لە ساڵی ١٩٨٨ بووە بە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری ورمێ، لە ساڵی ١٩٩١ هێزەکانی گەرمیانی جوڵاند و ناوچەکەی لە سوپای عێراق پاککردەوە، هەر لەو ساڵەدا کۆلێژی سەربازی لە قەڵاچۆلان دامەزراند.

ساڵی ١٩٩٢ لە یەکەم کۆنگرەی (ی.ن.ك) بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ساڵی ١٩٩٥ بووە بە وەزیری ناوخۆ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە هۆی نەخۆشی لە کاری سیاسی و حزبی دوورکەوتەوە و لە ٩/ئابی/٢٠٠٧ کۆچی دوایی کرد.

## ٢٥- جەعفەر محەمەد کەریم[٢٦٣]:

جەعفەر محەمەد کەریم، ساڵی (١٩١٠) لە ناحیەی (زربایتە)ی سەر بە پارێزگای (کوت) لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، لە کۆلیژی پزیشکی وەرگیراوە و ساڵی (١٩٣٦) بڕوانامەی دەرچوونی وەرگرتووە. عیادەکەی لە گەڕەکی - باب شێخ - کردۆتەوە و بە خۆڕایی نەخۆشی هەژار و نەدارانی چارەسەر کردووە.

ساڵی (١٩٣٩) پەیوەندی بە حزبی هیوا کردووە، لە ساڵی ١٩٤٢ لە هەولێر بەکاری پزیشکی خەریك بووە، بەهۆی چالاکی سیاسی گیراوە و بۆ باشووری عێراق دوور خراوەتەوە.

دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبی هیوا، بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی لە حزبی رزگاری کورد، لە کاتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦/ئابی/١٩٤٦ لە یەکەم کۆنگرەی پارتیدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

د.جەعفەر، بەهۆی چالاکی سیاسی و کوردایەتیەوە، ساڵی ١٩٤٨ بە بیانووی (تەبەعییە ایرانیە) حکومەتی عێراق رەگەزنامەی عێراقی لێ سەندۆتەوە و رەوانەی ئێران کراوەتەوە، لە شاری تاران نیشتەجێ بووە، لەوێش بۆ ماوەی (٣) ساڵ زیندانی کراوە بە بیانووی پەیوەندی بە کۆماری کوردستان.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨، حکومەتی عێراق رەگەزنامەکەی بۆ گەڕاندۆتەوە، بەڵام ناوبراو نەگەڕایەوە عێراق، لە شاری تاران

عیادەی پزیشکی کردۆتەوە، لە رۆژی ١/ئابی/٢٠٠٠ لە تەمەنی ٩٠ ساڵی کۆچی دوایی کردووە.

### ٢١- جەلال ئەمین مەحمود[٢٦٤]:

لەدایك بووی ساڵی (١٩١١)یە، دەرچووی کۆلێژی سەربازییە دواتر وازی لە کاری سەربازی هێناوە. لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم کاتێ رەفیق حلمی سەرۆکی حزبی هیوا بوو، لەگەڵ ژمارەیەکی گەورەی ئەفسەر و رۆشنبیر ناوبراو پەیوەندی بە حزبی هیواوە کردووە.

بەپێی نووسینەکانی خۆی لە کتێبی مێژووی کورد، ئەو یەك لە دامەزرێنەرانی حزبی هیوا بووە، دوای هەڵوەشاندنەوەی حزب، رووی لە کوردستانی رۆژهەڵات کردووە و پەیوەندی بە کۆماری مەهابادەوە کردووە، لەوێ پلەی (کۆلۆنیل)ی پێدراوە.

ئەم ماندوو نەناسە چەندین جار بەرەو رووی زیندان و دەربەدەری بۆتەوە، هەروەها بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام بەشێوەیەکی سەیر رزگاری دەبێ. چەند زمانێکی بیانی زانیوە، وەك عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی. چەند کتێبێکی نووسیوە وەك: ئاوێستا و جوگرافیای کوردستان، مێژووی کورد و هاوسێکانی، یاداشتەکان.

لە ساڵی (٢٠٠٤) کۆچی دوایی کردووە.

### ٢٢- جەمال عیرفان[٢٦٥]:

ساڵی (١٨٨١)ز لە گەڕەکی کانیسکان لە شاری سلێمانی، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر خوێندەوار هاتۆتە ژیان. لە تەمەنی (٧) ساڵی لای باوکی دەخوێنێت، دواتر لای مامۆستا خواجا ئەفەندی، پاشان دەچێتە قوتابخانەی

(روشدیە)ی عەسکەری، هەروەها چووەتە بەغدا، لەوێ ئامادەیی سەربازی خوێندووە، بووە بە ئەفسەر، لە چەند شەڕێکدا بەشداری کردووە.

بەرەو ئەستەنبوڵ رۆیشتووە، زیاتر چاوی کراوەتەوە، جەمال عیرفانی نووسەر و رۆشنبیر گەلێك پلە و پایەی فەرمانبەری دیوە، دروشمی شارستانی هەڵگرتووە و رێنمایی لاوانی کوردستانی کردووە بۆ بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی.

ئەم پیاوە شۆرشگێرە یەکێك بووە لە هەرە چالاکەکانی کۆمەڵێك لاوی روناکبیر و هەڵکەوتوو، بیروباوەڕی ئازادیخوازانە و کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازی بڵاوکردۆتەوە، جەمال دوای ئازادبوونی لەدیلی، دەگەڕێتەوە کوردستان، چەند کۆمەڵە و رێکخراوێکی سیاسی دروست کردووە، وەك: بەرزی وڵات، کوردستان، گزنگ، فیداکاری کورد، وەتەن پەروەران. ئەو کۆمەڵانە، رێکخراوی بچووك بوون، هەوڵی هۆشیاری خەڵکیان داوە، ئامانجیان رزگاری و ئازادی کورد بوو.

جەمالی خوالێخۆشبوو، لە ٢٠/کانوونی دووەمی/١٩٢٢ بەدەستی پیاوکوژێك تیرۆر دەکرێت و تەرمەکەی لە گردی جولەکە بەخاك دەسپێردرێت، بەڵام چەند سەرچاوەیەك ساڵی کوشتنی بە ١٩٢٣ دادەنێن.

## ٢٣- جەمال حەیدەری[٢٦٦]:

جەمال کوڕی حەیدەری کوڕی عاسم حەیدەری، لە پاییزی ساڵی ١٩٢٦ لە شاری هەولێر هاتۆتە دونیا قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە، لە (خانەی باڵای مامۆستایان)ی شاری بەغدا وەردەگیرێ، لە پاییزی ١٩٤٦ بەهۆی بەشداری لە خۆپیشاندان دژی حکومەتەکەی نوری السعید، دەگیرێ و لە قوتابخانە دەردەکرێ.

شەهید جەمال لە ساڵی ١٩٤٤ وە پەیوەندی بە حزبی شیوعی کوردستانی (شۆرش) دەکات، بەڵام لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی شۆرش، دەچێتە ریزی حزبی شیوعی عێراقی.

لە بەرواری ١٥/ئایاری/١٩٤٨ دەستەیەك لە تێکۆشەرانی حزبە پێشکەوتنخوازەکانی شاری هەولێر دەستگیر دەکرێن لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت، لەناو ئەو دەستەیەش جەمال حەیدەری دەبێت، دوای ئازادبوونی لە زیندان، لە هەولێر دەبێتە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی حزبی شیوعی عێراقی، پاشان بۆ کەرکوك دەگوازرێتەوە، لەگەڵ هەریەك لە (نافیع یونس و ئەحمەد غەفور) کاروباری لقی کەرکوك بەرێوە دەبەن. بەهۆی ئاشکرابوونیان لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ دەگیرێن و دەدرێنە دادگای عورفی بۆ ماوەی (٧) ساڵ زیندانی دەکرێن و ماوەی (٣) ساڵیش لەژێر چاودێری و دورخستنەوەی لە کوردستان بەڵام دوای ماوەیەك لە زیندانی، دەتوانی هەڵبێت و خۆی رزگار بکات.

لەدوای یەکگرتنەوەی باڵەکانی حزبی شیوعی عێراقی لە ١٩٥٦، جەمال دەبێتە ئەندامی (مەکتەبی سیاسی) حزبی شیوعی عێراقی، لەپیش بەرپابوونی شۆرشی ١٤/تەمموز/١٩٥٨ دووجار سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی کردووە.

جەمال حەیدەری لە ١/ئەیلولی/١٩٥٩ دەچێتە مۆسکۆ بۆ خوێندن لە خوێندنگای لینینی جیهانی، تاکو مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦١ لە مۆسکۆ ماوەتەوە، دەگەرێتەوە بۆ عێراق دوای کودەتا خوێناویەکەی حزبی بەعسی ساڵی ١٩٦٣، سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی (سەلام عادل) دەکوژرێت و جەمال حەیدەری دەبێتە بەرپرسی یەکەمی حزبی، بەڵام دوای سەرنەکەوتنی جوڵانەوە سەربازییەکەی شیوعییەکان لە سەربازگەی رەشیدی بەغدا لە ٣/تەممووزی/١٩٦٣ و گرتنی چەند ئەفسەر و سەربازێکی شیوعی، جەمال

حەیدەری دەگیریێ و لەژێر ئەشکەنجە شەهید دەکرێ لە بەرواری ٢٠/تەمموزی/١٩٦٣.

**٢٤- جەمال بابان[٢٦٧]:**

جەمال کوڕی ڕەشید بەگی کوڕی عەبدوڵلا بەگە، لە دەوروبەری ساڵی (١٨٩٣) لەدایك بووە، خوێندنی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی مافە ساڵی (١٩١٤)، بووە بە ئەفسەر لە سوپای عوسمانی، بەشداری لە شەڕەکانی دیمەشق کردووە و لەلایەن لەشکری ئینگلیزەوە بەدیل دەگیرێ و بۆ وڵاتی هیندستان دوورخراوەتەوە.

دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق، لە کاری سەربازی دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە دادوەر لەناو شاری سلێمانی، لە ماوەی مانەوەی لە سلێمانی بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی سلێمانی دەکات و دەبێتە جێگری سەرۆکی کۆمەڵە.

گۆڤارێکی بە زمانی کوردی و تورکی دەرکردووە بەناوی (بانگ کورد)، ئەو گۆڤارە هەر (١٥) ڕۆژ جارێك دەردەچوو، کە تەنها (٥) ژمارەشی لێ دەرچووە.

جەمال بابان تێکەڵاوی سیاسەت بووە، لە ٢٩/ئایاری/١٩٢٨ بووە بە نوێنەر لە پەرلەمان لەسەر شاری هەولێر، لە سەردەمی حکومەتەکەی (عبدوالمحسن السعدون)، تا ساڵی ١٩٣٠، لەو ماوەیەدا دەبێتە وەزیر لە حکومەتەکەی نوری سەعید.

هەروەها لەنێوان ساڵانی (١٩٣١-١٩٥٢) شەش جار بە وەزیری بەشداری حکومەتی کردووە سەرەڕای بەشداری لە پەرلەمانی عێراقی.

دوای شۆڕشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ عێراقی بەجێ هێشتووە و لە لوبنان جێگیر بووە، ساڵی ١٩٦٦ کۆچی دوایی کردووە.

## ٢٥- حەبیب محەمەد کەریم[٢٦٨]:

لە بەرواری ١٦/کانونی یەکەمی/١٩٣١ لە شارەدێی (زرباتیە)ی سەر بە پارێزگای کوت هاتۆتە دونیاوە، لەگەڵ خێزانەکەی دەچنە شاری بەغدا و لەوێ قۆناغەکانی خوێندن تەواو دەکات.

ساڵی ١٩٥٢ لە کۆلێژی ماف وەردەگیرێ، بەڵام بەهۆی چالاکی سیاسی، ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر خوێندن، تا دوای شۆرشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٩ بڕوانامەکەی وەردەگرێت.

ساڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، پلە حزبیەکانی بڕیوە و تا بۆتە سکرتێری پارتی لەنێوان ساڵانی (١٩٦٤-١٩٧٥).

دوای ڕێککەوتنی ١١/ئازاری/١٩٧٠ لەلایەن سەرکردایەتی پارتیەوە، بۆ پێگەی جێگری سەرۆك کۆمار دیاری دەکرێت، لەپاش روخانی شۆرشی کورد لە ئازاری ١٩٧٥ لە کاروباری سیاسی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام دووبارە دوای راپەڕین لە ١٩٩١ پەیوەندی بە پارتیەوە دەکات و لە بواری راگەیاندن کار دەکات.

لە ٣١/تەمموزی/٢٠١٣ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی دەکات.

## ٢٦- حەسەن کوێستانی[٢٦٩]:

حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٠)ی شارۆچکەی گەلاڵە (پارێزگای هەولێر) قۆناغەکانی خوێندنی تا ئامادەیی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی (١٩٧٧) دەکرێت بە لێپرسراوی کۆمیتەی راپەڕین، بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، لە ناوچەکانی رەواندوز و چۆمان. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات و دەبێتە بەرپرسی کۆمیتەی ئازادی،

ساڵی ١٩٨١ بووە بە فەرماندەی هەرێمی (١٢) و دواتریش فەرماندەی تیپی (١٢) سۆران، ساڵی ١٩٨٤ لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، بۆ ساڵی داهاتوو، بووە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و لە راپەڕینی ١٩٩١ رۆڵێکی کارای گێڕاوە.
ساڵی ١٩٩٤ بەهۆی رووداوەکانی شەڕی ناوخۆ، شەهید دەکرێت.

### ٢٧- (مەلا) حەسەنی قازی[٢٧١]:

مەلا حەسەن کوڕی مەلا عەبدولقادری کوڕی مەلا عەبدولرەحمان (شاهۆ)، باوکی ناوبانگی بە مەلای گەورە دەرکردووە، ساڵی (١٨٨٢) لە ناوچەی هەورەمان لەدایك بووە، دوای ئەوەی خوێندنی ئایینی و زمانی عەرەبی تەواو کردووە لە (بیارە) بەرەو شاری بەغدا سەفەر دەکات، پاشان لەوێوە دەچێتە شاری ئەستەنبوڵ و لەوێ پەیوەندی بە ئەندامانی کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) دەکات، ساڵی ١٩٢٦ دەگەڕێتەوە کوردستان و لە شاری هەڵەبجە بە قازی دادەنرێت.
لەنێوان ساڵانی (١٩٣٧-١٩٥٣) لەچەند دادگایەك کار دەکات، لە بەغدا و کەرکوك و هەولێر و چەمچەماڵ کە دوایی خانەشین دەکرێت.
هەر لە ناوەڕاستی سێیەمکانی سەدەی رابردوو، بە هاوکاری کۆمەڵە تێکۆشەر و کورد پەروەرێکی دیکە کۆمەڵەی یەکێتی پێکدێنن و مەلا حەسەن دەبێت بە سکرتێری کۆمەڵەکە.
مەلا حەسەن، پیاوێکی هۆشیار و زیرەك بووە، زمانەکانی عەرەبی و فارسی زۆرباش زانیوە، دیوانێکی شیعری هەیە، شیعرەکانی لە سێ بەش پێکهاتوون، ئایینی، غەزەل، نیشتمان پەروەری، نازناوی شاهۆ بووە.
مەلا حەسەن ساڵی ١٩٧١ کۆچی دوایی دەکات.

## ٢٨- مەلا سەید حەکیمی خانەقینی[٢٧١]:

مەلا سەید عەبدولحەکیمی کوڕی محەمەد، ساڵی ١٨٩٢ لە دێی (هوب)ی ناوچەی هەورامان هاتۆتە دونیاوە. لە ١/شوباتی/١٩٥٧ لە شاری خانەقین کۆچی دوایی کردووە.

پیاوێکی ئاییندار و نیشتمانپەروەر بوو، ئاستێکی بەرزی لە زانست و ئەدەبدا هەبووە، هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی زۆر باش زانیوە، سەرەڕای زمانی کوردی.

لە ژیانیدا زۆر بەرەو رووی ئەهامەتی و دەربەدەری و چەوساندنەوە هاتووە، دڵسۆزی نەتەوەکەی خۆی بوو. توانایەکی باشی هەبوو لە وتار خوێندنەوە. لەناوچەی گەرمیان و خانەقین مەلایەتی کردووە، سەرەڕای وانە وتنەوە.

یەك لە ئەندامە چالاکەکانی حزبی هیوا بوو، دواتر پەیوەندی بە حزبی رزگاری کورد کردووە. لە یەکەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦/ئابی/١٩٤٦ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

## ٢٩- حیکمەت محەمەد کەریم[٢٧٢]:

حیکمەت محەمەد کەریم (ناسراوە بە مەلا بەختیار)، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی شاری خانەقینە، ساڵی ١٩٧٠ەوە پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە، بەهۆی چاودێری و فشاری دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، بۆیە لە پۆلی (٣)ی ناوەندییەوە لە خوێندن دابڕاوە، پاشان خوێندنی ئامادەیی دوای ساڵانێکی دوور بە کۆرسی لە دانیمارك تەواو کردووە.

لەو ماوەیەدا بەرپرسی رێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە لە شاری خانەقین، بەهۆی ئاشکرابوونی شەهید (ئەنوەر زۆراب) و بڕێك دوکیومێنت کەوتە دەست دەزگا

ئەمنیەکانی رژێم، رێکخستنەکانی خانەقین کە سەر بە بەغدا بوون، شێواویان تیادا دروست بوو، بۆیە ماوەیەك مەلا بەختیار شاری خانەقینی بەجێهێشت.

دوای گرتنی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە (شەهاب شێخ نوری و هاوڕێکانی) کۆمەڵە بێ سەرکردایەتی مایەوە، کۆمیتەیەك پێکهات بۆ سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە هەڤاڵان (ئارام، سالار، مەلا بەختیار) بەناوی کۆمیتەی هەرێمەکان.

مەلا بەختیار، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە دەکات لە ناوچەی قەرەداغ. ساڵی ١٩٧٧ بەشداری یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) دەکات، دوای گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان.

لە کۆبوونەوەی نۆکان، لە ئازاری ١٩٧٨ بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵدەبژێردرێت، ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی ملململانێی ناوخۆیی، کە مەلا بەختیار رابەرایەتی رەوتی ئاڵای شۆرش دەکات، لەساڵی ١٩٨٥ دەگیرێ و دەستبەسەر دەکرێت تا هاوینی ١٩٨٩ ئازاد دەکرێت.

ساڵی ١٩٩١ ئاڵای شۆرش لە گەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یەك دەگرن، دواتر لە ساڵی ١٩٩٣ لە زەحمەتکێشان جیا دەبنەوە و دەگەڕێنەوە ناو ریزەکانی ی.ن.ك مەلا بەختیار دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی ی.ن.ك، پاشان ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە ساڵی (٢٠١٠) لە کۆنگرەی سێیەمی (ی.ن.ك) مەلا بەختیار دەبێتە لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك.

**٣٠- حیلمی عەلی شەریف[٢٧٣]:**

لە ساڵی (١٩٣١) لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی گوێژە هاتۆتە دونیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە بەغدا کۆلێژی یاسا و سیاسەتی خوێندووە، ساڵی (١٩٥٠) باوکی کۆچی دوایی کردووە و ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

حیلمی لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا خولیای سیاسەت و کوردایەتی بووە، چەند جارێك بەند کراوە و دوورخراوەتەوە لە کەس و کاری، لە بەندیخانەکانی (ئەبوغرێب، بەعقوبە، کوت) زیندانی کراوە.
هەروەها ساڵی ١٩٥٦ بەبۆنەی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحمودی نەمر بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی کردووە و بەو هۆیەوە زیندانی کراوە.
لە ساڵی (١٩٥٨) لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بووە لە شاری خانەقین، لەگەڵ هەڤاڵان عەزیز پشتیوان و مەحمود زەهاوی.
ناوبراو ساڵی (١٩٥٠) بووە بە ئەندامی پارتی، لە ناوچەکانی، خانەقین، کەلار، کفری، دەربەندیخان، بەرپرسی حزبی بووە.
لە دوای هەڵگیرساندنی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١، بووە بە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە لە گەرمیان هەروەها سکرتێری نووسین و بەڕێوەبەری رۆژنامەی (النور) بووە ساڵی ١٩٦٩.
حیلمی لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی (١٩٥٩) بووە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و پاشان ئەندامی (مەکتەبی سیاسی) لە کۆنفرانسی ماوەت تا ساڵی ١٩٧١، لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتەوە وازی لە کاری حزبی هێناوە و خەریکی کاسبی بووە لە شاری بەغدا.
لە شەوی ½-تەمموزی/١٩٩٨ لە بارێکی گۆماناوی لە شاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات.

### ٣١- حەمدی بەگ[٢٧٤]:

ئەحمەد حەمدی، کوڕی محەمەد رەشید پاشای بابانە، لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٠ هاتۆتە دونیاوە، لە کۆلێژی (الملكية الشاهانية) لە شاری ئەستەنبوڵ خوێندوویەتی، داواکاری بیروڕای ئازاد بووە، لەسەردەمی سوڵتان

عەبدولحەمیدی دووەم زیندانی دەکرێ، کاتی ڕاگەیاندنی دەستور لە ساڵی ١٩٠٨ ئازاد دەکرێ.
بە نوێنەری کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەرەقی) دەچێتە شاری بەغدا و لەوێ نیشتەجێ دەبێ، لە شاری بەغدا، ماڵەکەی بووە بە مەڵبەندی بەیەک گەیشتنی پیاوانی کورد، پەیوەندییەکی بەتینی هەبووە لەگەڵ نیشتمان پەروەرانی کورد لە شاری سلێمانی.
کاربەدەستانی بەریتانیا بۆ مەبەستی ئارام کردنەوەی ناوچەی کوردستان ساڵی (١٩٢٠) ڕەوانەی سلێمانی دەکەن، پاشان دەگەڕێنەوە شاری بەغدا و دوور دەکەوێتەوە لە کاروباری سیاسی.
خاوەن ملك و ماڵێکی زۆر بووە لە شاری بەغدا، بەشێکی حکومەت دەستی بەسەردا دەگرێت لەو سەردەمە.
ساڵی ١٩٢٦ عیراقی بەجێهێشت و رووی کردە شاری (لەندەن)، تا لە مانگی تشرینی دووەمی/١٩٦٠ کۆچی دوایی دەکات.

## ٣٢- خەلەف شەوقی داودی[٢٧٥]:

لەدایك بووی ساڵی (١٨٩٨)ی سەر بە عەشیرەتی داودەی دەوروبەری شاری کەرکوکە، توانایەکی بەرزی هەبووە لە بواری نووسین لە ڕۆژنامەکان و شارەزاییەکی باشی هەبووە لە نووسین بە زمانی عەرەبی، بۆیە یەك لە نووسەرانی گۆڤاری (لغة العرب) بوو. هەروەها سەرەڕای شارەزایی وردی لە زمانی کوردی، شارەزاییەکی باشیشی هەبووە لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و هیندی و فارسی.
لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری بەسرە گۆڤارێکی دەرکرد بە ناوی (شط العرب) و پاشان هاتۆتە شاری بەغدا و لەوێ گۆڤاری (خدمة الوطن)ی دەرکردووە.

زۆر بایەخی بە زمانی کوردی داوە، ژمارەیەك لە کتێبی ڕۆژھەڵاتناسانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی، ئەندامی یانەی سەرکەوتنی کوردان بوو لە شاری بەغدا.

بەشداری لە گۆڤارەکانی گاڵتە و گەپ کردووە، وەك: حبز بوز، کناس الشوارع، قرندل، الوادي، سەرەڕای بەشداریکردن لە هەردوو گۆڤاری کوردی (ژیان، ژین).

**ساڵی (١٩٣٩ز) کۆچی دوایی کردووە، لە بەرھەمەکانی:**

١- زاد المسافر ولهفة المقيم والحاضر للكعبي.

٢- الفلسفة - فطاحل اللغة وفحول الشعراء.

٣- مائة فكاهة وفكاهة.

٤- نقدات ملا نصر الدين.

٥- ذكرى سعد زغلول.

ب- وەرگێڕان:

١- چیرۆکی هەڵبژاردە لە زمانی تورکییەوە، ١٩٣٦.

٢- کێشەی فەلەستین.

٣- ڕێبەری کرێکار و خاوەن پیشە و کارگەکان.

٤- دڵە ڕاوکێیەکانی سوڵتان عەبدولحەمید.

## ٣٣- خەیروڵڵا عەبدولکەریم[٢٧٦]:

خەیروڵڵا کوڕی سەید عەبدولکەریم کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سەلیم ئاغای گورجی زادە، ساڵی (١٩١٢) لە شاری هەولێر لە گەڕەکی تۆپخانەی قەڵای هەولێر لەدایك بووە.

سەرەتای خوێندنی ئایینی بووە لە قەڵای هەولێر، پاشان لە قوتابخانەی (اربيل الاولى) خوێندویەتی ساڵی ١٩٣٠ دەچێتە بەغدا بۆ خوێندنی مامۆستایەتی.

لە بەرواری ١/کانوونی دووەمی/١٩٣٧ لە خولی سەربازی لە شاری بەغدا وەردەگیرێت و پلەی ئەفسەری پێ دەدرێت، لە ئیدارە و میرەی کەرکوک دادەنرێت، ژمارەیەکی زۆر هاوڕێی بۆ پەیدا دەبێت، وەك عیزەت عەبدولعەزیز.
کاری حزبایەتی خەیروڵلا لە کەرکوك دەست پێ دەکات لە ساڵی (١٩٣٩)ەوە دەبێتە ئەندامی حزبی هیوا، پێشتریش لە کۆمەڵەی دارکەر ئەندام بووە.
دوای ئەوەی مستەفا بارزانی لە سلێمانی دەربازی بوو بەرەو ئێران، شۆڕشی دووەمی بارزانیش دەستی پێکرد، خەیروڵلا و چەند ئەفسەرێکی دیکە پەیوەندی پێوە دەکەن.
لە ئاکامی روخانی کۆماری مەهاباد و لەسێدارەکانی سەرکردەی کۆمار (قازی محەمەد) لە ٢١/نیسان/١٩٤٧، هەروەها بەهۆی گەرم بوونی شەڕ لەنێوان هێزی بارزان و سوپای ئێران، خەیروڵلا تووشی نەخۆشی گرانەتا دەبێت.
شەهید خەیروڵلا و هەرسێ ئەفسەرە هەمیشە زیندووەکە (عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی) دوای ئەوەی بارزانی بواری ئەوەیان پێدەدا بگەڕێنەوە، بڕیاری خۆ بەدەستەوەدانی خۆیان دەدەن بە حکومەتی عێراق.
ئەگەر چی ئەو خۆ تەسلیم کردنە بەپێی بڕیار لێبوردن بووە، بەڵام بڕیاری دادگای عورفی سوپایی لە هەولێر ساڵی ١٩٤٥ی نهێنی کە دەرحەق (٣٥) کەس لە ئەفسەر و فەرمانبەر و کەسانی ناو شۆڕش دەرچوو بوو بەسەریان جێ بەجێ دەکرێت. لە رۆژی ١٩/حوزەیرانی/١٩٤٧ خەیروڵلا عەبدولکەریم و هاوڕێکانی دەگەنە کاروانی شەهیدان.

## ٣٤- رەسول مامەند[٢٧٧]:

رەسول مامەند، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٤ی ناوچەی مەرگەیە، خوێندنی لە بنگرد و قەڵادزێ و سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦١ لە کۆلێژی ماف

زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی هەلو مەرجی سیاسییەوە بۆی تەواو نەکراوە.

ئەندامی (ی.ق.ك) بووە، دواتر لە ساڵانی شەستەکانی دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی قەلادزێ بووە، دوای بەیانی ئازاری ١٩٧٠، بۆ لقی چواری پارتی دیموکراتی دەگوازرێتەوە لە سلێمانی، ساڵی ١٩٧٢ کراوە بە کارگێڕی لقی ٣ی پارتی لە کەرکوك.

دوای روخانی شۆرشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەك لە ئێران ماوەتەوە، بەشداری لەو کۆبوونەوانە کردووە لە ورمێ و مەهاباد، بەمەبەستی زیندوو کردنەوەی شۆرش.

دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق، بەشداری کردوە لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٦)، هەر دوای ماوەیەکی کەم دەچێتە شاخ و دەست دەکات بە خەباتی چەکداری.

کاتێ بزووتنەوە دەبێتە باڵێك لەناو (ی.ن.ك) رەسول مامەند دەکرێتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، دوای رووداوەکانی هەکاری ساڵی (١٩٧٨) و شەهید بوونی ژمارەیەك سەرکردەی بزووتنەوە، رەسول مامەند لەناو بزووتنەوە لە شاخدا دەبێتە کەسی یەکەم، لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرکردە و کادیرەکانی دیکەی بزووتنەوە، بڕیاری دەرچوون دەدەن لە ریزی (ی.ن.ك) لە ٢٠/ئازاری/١٩٧٩.

پاشان لەگەڵ لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان (د.مەحمود عوسمان) یەك دەگرن و حزبی سۆسیالستی کوردستان پێك دەهێنن.

لەیەکەم کۆنگرەی (حسك) ساڵی (١٩٨١) رەسول مامەند دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ساڵح یوسفی کەلە شار دەبێ بە سکرتێر دادەنرێت، بەڵام

پاش شەهید بوونی سالح یوسفی لە حوزەیرانی ۱۹۸۱، رەسول مامەند دەبێتە سکرتێری (حسك).
دوای راپەڕین و لە کۆتایی ساڵی (۱۹۹۲) لە کاتی بەستنی کۆنگرەی یەکگرتن (پاسۆك – گەل – حسك) باڵەکەی رەسول مامەند جیا دەبێتەوە و جارێکی دیکە حزبی سیاسیالست دروست دەکەنەوە و لە شاری رانیە کۆنگرە دەبەستن.
دواتر لە شوباتی ۱۹۹۳ بڕیاری تێکەڵبوونیان دەدەن لەگەڵ (ی.ن.ك) رەسول مامەندیش دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.
لە بەرواری ۱۲/نیسانی/۱۹۹٤ لە شاری لەندەن کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی لە ناوچەی مەرگ بە خاك دەسپێردرێت.

### ۳۵- رەشید باجەلان[۲۷۸]:

رەشید کوڕی ئیسماعیل کوڕی عەزیز باجەلانە، ساڵی (۱۹۲۰) لە شاری خانەقین هاتۆتە دونیا، هەرچەندە باوکی لە سەرۆکی عەشیرەتەکانی باجەلان بووە، بەڵام خۆی ژیانێکی سادە ژیاوە، سەرەتا لەبەر خوێندنی ئاینی دانراوە لای شاعیری نیشتمانپەروەر (شێخ بابا عەلی)، کاتێ لە قوتابخانە وەرگیرا ساڵی (۱۹۳۰) یەکسەر لە پۆلی دووەمی سەرەتایی وەرگیراوە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە شاری بەعقوبە تەواو کردووە و پاشان چۆتە کۆلێژی (ماف) لە شاری بەغدا و لە ساڵی ۱۹٤٤ تەواوی کردووە.
سەرەتا بە کاری پارێزەری خەریك بووە، پاشان لە دام و دەزگاکانی حکومەت چەند کارێکی پێ سپێردراوە، لە دادگاکانی بەعقوبە و بەغدا و بابل، ساڵی (۱۹۹۲) خانەنشین دەکرێ.

**پوختەی ژیانی سیاسی:**

١- بەشداری کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوان لە شاری بەغدا.

٢- ساڵی (١٩٤٠) بەهۆی پەیوەندی توندی لەگەڵ یونس دڵدار، بووە بە ئەندام لە حزبی هیوا، سەرپەرشتی چالاکیەکانی ئەم حزبەی کردووە لە سنوری قەزای خانەقین.

٣- نوێنەری (رەفیق حلمی) بوو، بۆ لای کامەران بەدرخان لە شاری بەیروت.

٤- سەفەری شاری کرمانشای کردووە بۆ کاری حزبی.

٥- هەر بۆ کاروباری حزبی هیوا، سەردانی (مەهاباد)ی کردووە و چاوی بە مستەفا خۆشناو و میرحاج ئەحمەد کەوتووە.

٦- لە یەکەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٤٦) بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە. رەشید باجەلان، سەرەڕای زمانی کوردی، چەند زمانێکی دیکەشی باش زانیوە، وەك زمانی عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی.

لە ١٦/شوباتی/٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە.

**٣٦- رەشید عەبدولقادر[٢٧٩]:**

رەشید عەبدولقاد حەماوی، لە شاری هەولێر ساڵی (١٩٢٣) هاتۆتە دونیا، هەر لەو شارە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردووە، دواتر ساڵی (١٩٤٤) لە کۆلێژی ماف لە شاری بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٤٨ تەواو کردووە.

خەباتی سیاسی لە پەیوەندیکردنی بە حزبی هیواوە دەست پێ دەکات، پاشان لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکەم کۆنگرەی ساڵی ١٩٤٦ بەشداری کردووە.

دوای تەواوکردنی کۆلێژی زمان، ماوەیەك بە پارێزەری کاری کردووە، پاشان بوەتە دادوەر تا ساڵی ١٩٨٢ خانەنشین دەکرێ لەبەر چەند هۆیەکی سیاسییەوە.

دوای راپەڕین (١٩٩١) دەگەڕێتەوە بۆ دادگا و بووەتە سەرۆکی دادگای پێداهەڵچوونەوە (تمییز)ی کوردستان و جارێکی دیکە لە ساڵی (٢٠٠٥) خانەنشین دەکرێ و لە هەمان ساڵ کۆچی دوایی دەکات.

## ٣٧- رەفیق حیلمی[280]:

رەفیق کوڕی سالح عەبدوڵلای ناسراو بە (حیلمی)، لە ساڵی ١٨٩٨ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، باوکی ئەفسەرێکی سوپای تورك بووە، خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا تەواو کردووە، پاشان بەرەو ئەستەنبوڵ چووە، لە کۆلێژی سوپایی وەردەگیرێ، لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم دەگەڕێتەوە سلێمانی، دوای جەنگ دەگەڕێتەوە تورکیا بۆ خوێندنی ئەندازیاری، ساڵی (١٩٢٠) تەواوی دەکات.

چەندین زمان فێر بووە، کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی، فەرەنسی، لە ئازاری ١٩٢١ دەبێتە مامۆستا، لە رۆژنامەی (رۆژی کوردستان)ی سەردەمی شێخ مەحمودی نەمر، وتاری بلاوکردۆتەوە، بەشداری لە راپەڕینەکەی ٦/ئەیلولی/١٩٣٠ دەکات، بە مامۆستایی بۆ هەولێر دەگوازرێتەوە، لە تەمموزی ١٩٤٣ دەبێتە سەرپەرشتیاری پەروەردەی سلێمانی، لە ئەیلولی ١٩٤٥ دەبێتە بەڕێوەبەری پەروەردە لە شاری بەسرە، چەندین پلە و پێگەی وەزیفی دیکە دەبینێ، لە ٤/ئابی/١٩٦٠ کۆچی دوایی دەکات و لە سلێمانی بەخاك دەسپێردرێت.

رەفیق حیلمی بەشداری کردووە لە دورستبوونی ئەم رێکخراو و کۆمەڵانەی خوارەوە:

١- کۆمەڵەی کوردستان ساڵی ١٩٢٢.
٢- کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان ساڵی ١٩٢٧.
٣- حزبی هیوا ساڵی ١٩٣٩.

ژمارەیەکی زۆری نووسین هەبووە، وەك:

١- کورد لە سەرەتای مێژووەوە تا ساڵی (١٩٢٠) ساڵی ١٩٣٤ چاپکراوە.
٢- لاپەڕەیەك لە کێشەی کورد، ساڵی ١٩٣٥ چاپکراوە.
٣- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی – ٢ بەش.
٤- یاداشت (٦) بەش.
٥- وتار – بەغدا ١٩٥٦.
٦- پاش تەمموز – دیوانی شیعر، ١٩٦٠.
٧- لێکۆڵینەوە لە شیعری کوردی – نووسینی لویس بول مارکریت، وەرگێڕانی، ڕەفیق حیلمی، بغداد، ١٩٣٩.
٨- لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی هاوچەرخ – نووسینی لویس بول، وەرگێڕانی ڕەفیق حیلمی.

ڕەفیق حیلمی یەك لەو کەسانە بووە کە بایەخی بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد داوە، لە چوارچێوەی هزری سۆسیالیستی، باوەڕی بە برایەتی کورد و عەرەب هەبووە و هەوڵی بۆی داوە.

## ٣٨- ڕەمزی فەتاح[٢٨١]:

لە ساڵی (١٨٩٠) لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازییە لە ئەستەنبول، بە پلەی ئەفسەر لە سوپای عوسمانی کاری کردووە. لەنێوان ساڵانی (١٩٣٧-١٩٤٧) لە کاروباری حکومەت چەندین پلەی وەرگرتووە، ماوەیەك قایمقام بووە لە شارەکانی کەرکوك، کفری، خانەقین، شەنگال، چەمچەماڵ.

لە بواری سیاسەتدا یەك لە سەرکردە و پیاو ماقوڵانی شاری سلێمانی بوو، لە دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی سلێمانی بەشداری کردووە.
بەهۆی نارەزایی لە پەیمانی نێوان حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراق ساڵی (١٩٣٠) کە ئاماژەیەکی بۆ مافەکانی کوردی تیادا نەکرابوو، گڕژی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە و دەنگی نارەزایی بەرز بووەوە، بۆ کپ کردنەوەی ئەو بارودۆخە، وەفدێکی هاوبەشی حکومەتی عێراق و سەفارەتی بەریتانی لە بەغدا، کە پێکهاتبوو لە (جەعفەر عەسکەری جێگری سەرۆك وەزیرانی، لەگەڵ جێگری نوێنەری باڵای حکومەتی بەریتانیا).
وەفدەکە رۆژی ٨/ئابی/١٩٣٠ سەردانی شاری کەرکوکیان کرد، رۆژی ٨ی ئەیلولی هەمان ساڵ سەردانی هەولێریان کرد، دواتر هاتبوونە سلێمانی، لە سلێمانی لیژنەیەك پێکهات بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ وەفدی حکومەت، ئەندامانی ئەو لیژنەیە بریتی بوون لە: رەمزی فەتاح، محەمەد ئاغای عەبدولرەحمان ئاغا، شێخ قادری حەفید، عزەت عوسمان پاشای جاف، تەوفیق قەزاز، مەجید کانیسکان و شێخ محەمەد.
لەجیاتی وەفدەکە، رەمزی فەتاح قسەی کردبوو، زۆر بەتوندی داوای مافەکانی گەلی کوردی کردبوو، چۆن بەپێی پەیمان ماقی عەرەب دابین کراوە و حکومەتیان بۆ دروست بووە، دەبێ کوردیش حکومەتی خۆی هەبێ.
رەمزی لە ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووە.

### ٣٩- سەعدی عەزیز[٢٨٢]:

سەعدی عەزیز حەمەد ئەمین (سەعدی گچکە). لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٣)ی گوندی سێبیرانی ناوچەی قوشتەپە (پارێزگای هەولێر). لە خێزانێکی جوتیاری هەژار بووە، لە منداڵیدا سەرەتا خرایە بەر خوێندنی ئایینی، پاشان

قوتابخانە کرایەوە و لە قوتابخانە دەستی بە خوێندن کرد، بەڵام بەهۆی بارگرانی ژیان خوێندنی بۆ تەواو نەکرا.

پاشان بەماڵەوە هاتونەتە شاری هەولێر، ساڵی ١٩٦٢ بووە بە سەرباز و وردە وردە تێکەڵی سیاسەت بووە، ساڵی دواتر بووە بە پێشمەرگە هەر بەهۆی تواناکانیەوە پلەکەی بەرز بۆتەوە تا ئاستی فەرماندەی بەتالیۆن.

ساڵانی شەڕی (١٩٧٤-١٩٧٥) وەك فەرماندەیەكی بەتالیۆن لە هێزی قەندیل تێکۆشاوە، دوای روخانی شۆڕش لە ئێران ماوەتەوە، لە شاری مەهاباد بەشداری کۆبوونەوەی کادیر و سەرکردەکانی کردووە، دواتر بڕیاری گەڕانەوەیان داوە بۆ عێراق.

سەرەتا ساڵی ١٩٧٦، بەشداری کردووە لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لە مانگی ئابی/١٩٧٦، لەگەڵ پۆلێك لە سەرکردەکانی بزووتنەوە روویان کردە شاخی قەندیل و جاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێیاندا. لە ١٩٧٧ لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی رژێم لە نزیك مەلا ئۆمەر بریندار دەبێ، لە کۆبوونەوەی ٣١/ئابی/١٩٧٧ و دواتر ١٢/ئەیلولی/١٩٧٧ لەناوچەی بادینان وەك یەکێ لە (٦) نوێنەرەکەی بزووتنەوەی سۆسیالست لەناو سەرکردایەتی (ی.ن.ك) دیاریکرا.

لەو ماوەیەدا چەندین شەڕی ئازایانەی ئەنجامداوە، بەرامبەر هێزەکانی رژێم، ناوبانگیان دەرکرد.

لە ٨/ئازاری/١٩٧٨ لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە لە گوندی دەشتێوی ناوچەی پشدەر، تووشی شەڕێکی سەخت بوونەوە، لەئاکامدا سەعدی و (١٢) پێشمەرگە شەهید دەبن.

**٤٠- سەید سەلیم[۲۸۳]:**

سەید سەلیم سەید نەبی، ساڵی ۱۹٤۰ لە گوندی بێخاڵی سەر بە قەزای ڕەواندوز لە خێزانێکی هەژار لەدایك بووە، بەهۆی هەژارییەوە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ۱۹٦۱، دەبێتە پێشمەرگە، بەهۆی لێهاتوویی و ئازایەتی پلەکانی پێشمەرگایەتی و حزبایەتی دەبڕێت، دوایین پلەی لە شۆڕشی ئەیلول، ئەندامی لیژنەی ناوچەی باڵەك و فەرماندەی بەتالیۆن دەبێت. لە چەندین شەڕی گەورە بەشداری کردووە و چەندین جاریش بریندار دەبێت.

دوای ڕوخاندنی شۆڕشی ئەیلول، ئاوارەی ئێران دەبێت، لەوێ لەگەڵ تێکۆشەرانی دیکە بەشداری دەکات لەو کۆبوونەوانەی ساز دەدرێت بۆ خۆڕێکخستنەوە، بۆیە لەسەر بڕیاری هەڤاڵانی دەگەڕێتەوە کوردستانی باشوور، کاری ڕێکخستن و بەڕێکردنی مەفرەزەکانی پێشمەرگە لەناو شار بۆ شاخ ئەنجام دەدات.

دوای کارەساتی هەکاری (۱۹۷۸) لەسەر داوای مام جەلال، لەگەڵ هەریەك لە شەهیدان (ڕەحمان سەیدە و سالح هەولێری) پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە دەکەن، لەو ساڵەدا لەکاتی دامەزراندنی هەرێمەکان دەکرێتە فەرماندەی هەرێمی (۱۲)ی هەندرێن و ئەندامی مەکتەبی عەسکەری (ی.ن.ك)، سەرکردایەتی شەڕەکانی (گەلی عەلی بەگ و بەنی هەریر و ناو شاری ڕەواندوز) دەکات.

ساڵی ۱۹۷۹ دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ هاوکاری شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خۆی و هێزێکی پێشمەرگە دەچنە بەری مەهاباد و سەردەشت و پیران شەهر، بەشداری لەو شەڕانە دەکەن.

ساڵی ١٩٧٩ لەکاتی هاتنە دەرەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەناو یەکێتی، لە ریزی بزووتنەوە و پاشان حزبی سۆسیالیست درێژە بە خەبات دەدات و دەبێتە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی و سەرپەرشتی هەرێمەکانی (١٢، ١١، ١٠) دەکات لە سنووری پارێزگای هەولێر.
هەر ئەو ساڵە لە داستانە بەناوبانگەکەی سماقوڵی لە شەرێکی گەورە لەگەڵ (شینە بۆڵی) شەهید دەبن.

## ٤٩- شێروان شێروەندی[٢٨٤]:

ناوی تەواوی (ساڵح عوسمان کاکە خان بەگلەر شەفق)یە، ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی (شێرەوەن) لە ناوچەی بنکورەی سەر بە قەزای خانەقین لەدایک بووە.
خوێندنی سەرەتایی هەر لەو گوندە تەواو کردووە.
ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی رێکخراوی قوتابیان و لاوانە وە کردووە، ساڵی ١٩٦٣ بووە بە کادیری حزبی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی خانەقین و پلەی گەیشتۆتە ئەندامی ناوچە، وەك کادیر لە (ئەکادیمیای شۆرش) لە ماوەت ساڵی ١٩٦٧ بەشداری کردووە.
لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ریزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە شۆرشدا، لە ژیانیدا چەندین پلەی حزبی و عەسکەری هەبووە.
لە ١٩٧٩ وە بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاشان ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە، دوای تێکەڵبوونی حزبی سۆسیالست لەگەڵ ی.ن.ك کوردستان لە سەرەتای ١٩٩٣ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی ی.ن.ك.
لە ژیانیدا چەند جارێك بە سەختی بریندار بووە، دوا پلەی حزبی، یاریدەدەری مام جەلال بووە بۆ کاروباری چاودێری و پشکنینی گشتی.
لە رۆژی ١٠/تشرینی یەکەمی/٢٠١٣ لە شاری کەلار کۆچی دوایی کردووە.

### ٤٢- شاسوار جەلال[٢٨٥]:

ناوی تەواوی (شاسوار جەلال سەعید غەنی)یە، لە خەباتی پێشمەرگایەتی بە (ئارام - بەکر - ئەبوبەکر) ناسرابوو، لە مانگی تشرینی دووەمی (١٩٤٧) لە گەڕەکی (مەڵکەندی) شاری سلێمانی لەدایك بووە، خێزانەکەیان ژیانێکی مام ناوەندی ژیاون و بنەماڵەیەکی کۆنی شاری سلێمانین و دەگەڕێنەوە بۆ شێخانی بەرزنجە.

ساڵی (١٩٥٣) لە شاری سلێمانی چووەتە بەر خوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە شارەکانی سلێمانی و ماوەت و چوارتا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٩ لە پۆلی یەکەمی ناوەندی خوێندوویەتی و ساڵی (١٩٦٤) قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٤ لە کۆلێژی ئەندازەیی لە بەغدا وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی کزی چاویەوە و خوێندنی بۆ نەکراوە و ساڵی ١٩٦٥ لە کۆلێژی بازرگانی لە شاری بەغدا وەرگیراوە و ساڵی (١٩٧٠) تەواوی کردووە.

ساڵی ١٩٧٢ بەمەبەستی ژن مارەکردن و ژن هێنان سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی کردووە. ساڵی ١٩٧٢ وەکو نووسەر و رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی هاوکاری لە شاری بەغدا دامەزراوە، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی کورد کردووە و ساڵی ١٩٧٥ دوای تێشکانی شۆڕشی گەڕاوەتەوە شاری بەغدا لەوێ لە دەزگای هاوکاری دووبارە دامەزراوەتەوە دوای گەڕاوەتەوە سلێمانی لەوێ وەك کارمەندی کاتی لەناو سلێمانی دامەزراوە.

ئارام لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧١، یان سەرەتایی ١٩٧٥ وە پەیوەندی بە کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کردووە، لە ٥، تشرینی دووەمی، ١٩٧٥، بڕیاری گرتنی دەرچووە: لە لایەن دەزگای ئەمنی رژێمەوە، ئەویش پەیوەندی بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەکات لە شاخ.

رۆڵی مێژوویی شەهید ئارام لەو ماوەیەدا تا رۆژی شەهید بوونی لە ٣١/کانوونی دووەمی/١٩٧٨ لە گوندی تەنگیسری ناوچەی قەرەداخ، لە دوو خاڵدایە:

یەکێکیان ئەوەیە کە سەرکەوتوو بوو لە پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی ئەلتەرناتیڤ لە رەوشێکی ئێجگار سەخت و دژوار داو دووەمیان لەوە دایە کە فریای شانە پەراگەندە و سەرگەردانەکان کەوت و لە کاتێکی پێوانەییدا و ژیانی بە بەرشانە نهێنییەکاندا هێنایەوە، هێزی لە دەستدراوی بۆ کۆمەڵە گێرایەوە و رێکخستنێکی لەوەی جاران تۆکمەتری داهێنا.
شەهید ئارام، برێکی زۆری نووسین هەیە، هەندێکی لە ساڵانی هەفتاکان لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بلاّوکراونەتەوە، بەشێکی دیکەی نووسینەکانی لە ژیانی رێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی بلاّوکردۆتەوە، لەلایەن ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی.ن.ک) کۆکراوەتەوە (هەڵبژاردەکان).

### ٤٣- شاخەوان عەباس[٢٨٦]:

ناوی تەواوی (محمد عەباس عەولا) ناسراو بە شاخەوان لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٢ی شاری هەولێرە، ساڵی ١٩٧٣ ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر تەواو کردووە ماوەیەك سەرباز بووە، ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥) چووەتە ریزی شۆرشی ئەیلول، دوای روخانی شۆرشی گەڕاوەتەوە هەولێر و بە فەرمانبەر لە دیبەگە دامەزراوە، لەو ماوەیەدا پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە، لە سەرەتای ١٩٧٦ دەستگیر دەکرێ و دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵی لە هەولێر و لە بەغدا، ئازاد دەکرێ، لەبەر ئەوەی هیچی لەسەر دەرناکەوێ.
لەو ماوەیەدا دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی هەولێر و بەرپرسی رێکخستنەکانی ناو شار.

لە ساڵی ١٩٧٧ بە هۆی ئاشکرابوونی هەندێ لە ئەندامانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، شاخەوان دەچێتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە دەکات، دەبێتە کارگێڕی لقی ٤ هەولێر، وەك نوێنەرێکی کۆمەڵە.

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٠ بەشداربووە لە خولێکی عەسکەری لە باشووری لوبنان کە بەرەی دیموکراسی رزگاری فەلەستینی ڕێکی خستووە.

لە ١٩٨١، بووە بە فەرماندەی تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر، پاشان بەرپرسی تیپی (٨٥) بەرانەتی.

دوای راپەڕین ١٩٩١، دەبێتە بەرپرسی مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی هەولێر لەو کاتەدا کە بارەگاکەی لە شەقڵاوە بووە، ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکەمی (ی.ن.ك) بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژاردرا و دواتر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی سەوز دەردەچێت.

لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤ لە تەقینەوە تیرۆریستەکەی ناو مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری هەولێر شەهید دەبێت.

## ٤٤- شاکر فەتاح[٢٨٧]:

شاکر فەتاح لەدایکبووی ساڵی (١٩١٤)ی شاری سلێمانییە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە، بەڵام ئامادەیی و کۆلێژی یاسای لە بەغدا خوێندووە و ساڵی ١٩٣٦ بڕوانامەی کۆلێژی وەرگرتووە.

ساڵەکانی (١٩٣٢ – ١٩٣٣) یەکێك بووە لە نووسەرە چالاکەکانی هەردوو بڵاوکراوەی یادگاری لاوان و دیاری لاوان، هەروەها یەك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی لاوانی کورد بوو.

زۆر پلە و پایەی گرینگی حکومەتی بینیوە، وەکو بەڕێوەبەری ناحیە و قائمقام و سەرۆکی شارەوانی.

لە سەرەتای ساڵی سییەکانەوە زنجیرەیەك گەشتنامەی نووسیوەتەوە، لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاردا وتاری بڵاوکردۆتەوە.

ژمارەیەکی گەورەی کتێب نووسیوە و وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

نووسینەکانی خۆی:

عومەر خەیام، مەلا کاکە حەمە و داماوی موکریانی، گەشتی شارباژێر، گەشتی سروچك، زیوەر، بێکەس، حاجی قادری کۆیی، گەورە پیاوان، ئافرەتانی کورد، مەم و زین، یەزیدی و ئایینی یەزیدییەکان.

لەو کتێبانەی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی:

سوقرات، گاریبالدی، دیڤالیرا، کۆماری، چارلسی یەکەم، لەبەردەم دادگا، ڤولتێر، شاکر فەتاح، ساڵی ١٩٨٨ کۆچی دوایی کردووە.

## ٤٥- (مەلا) شەریف عوسمان[٢٨٨]:

مەلا شەریف کوری مەلا عوسمان کوڕی مە عەبدولکەریمی رەنگە رێژایی (ناسراو بە مەلا عەروس).

ساڵی ١٩٢٥ لە شاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە، چووەتە خوێندنی مەلایەتی و تەواوی کردووە، لە ڕێگەی خوێندنەوە خۆی پێگەیاندووە، فێری چەند زمانێکی بیانی بووە، وەك: فەرەنسی و ئینگلیزی و فارسی، چەند جارێك بە فەرمانبەری حکومەت دامەزراوە.

مەلا شەریف، لە پێشەنگی مارکسییە هەولێرییەکانە، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمەوە پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقی کردووە، لە هاوینی ١٩٤٣ چاوی بە (فەهد) سکرتێری حزبی شیوعی کەوتووە، لە ساڵی ١٩٤٥ بەشداری کۆنگرەی حزبی شیوعی کردووە و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت.

دوای ئەوەی (فەهد) دەگیرێ و مالیك سەیف لە جێی کار دەکات، مەلا شەریف لە حزبی شیوعی دوور دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی باوەڕی بە مالیك سەیف نابێ.

مەلا شەریف شاعیرێکی کلاسیکی بووە و چەندین شیعری نیشتمانی نووسیوە هەروەها نووسەرێکی چالاکیش بووە، چەند کتێبێکی چاپ کردووە، لەوانە:

١- الصداقة العربیة الکردیة – ١٩٥٩.

٢- لمحة عن الاکراد – لە فەرەنسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی (١٩٧٣).

**بەرهەمە دەست نووسەکانی:**

١- رێزمانی کوردی.

٢- رۆمیۆ و جولێتی چینی. لە فەرەنسییەوە کردوویەتی بە کوردی.

مەلا شەریف لە ٢٨/نیسانی/١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە.

## ٤٦- سادق بەهائەددین[٢٨٩]:

سادق بەهائەددین، نوسەر و شاعیر و لێکۆڵەرەوی کورد، ساڵی (١٩١٨) لە شاری (ئامێدی) لە خێزانێکی کورد پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە.

خوێندنی لەژێر دەستی باوکیدا خوێندووە کە زانایەکی ئایینی بووە، خوێندنی ناوەندی و دوا ناوەندیشی لە موسڵ تەواو کردووە، خانەی باڵای مامۆستایانی لە بەغدا ساڵی ١٩٤٤ تەواو کردووە.

بە پیشەی مامۆستایی هەستاوە لە شارەکانی (کەرکوك، سلێمانی، دهۆك) بە هۆی چالاکی سیاسی و گیانی نیشتمان پەروەری دورخراوەتەوە بۆ شاری (هیت) لە پارێزگای ئەنبار، دوای گوازراوەتەوە بۆ شاری بەغدا و کراوە بە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کوردی و وانەبێژ لە کۆلێژی وێژە – بەشی

کوردی، زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی باش زانیوە. ناوبراو، ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بووە.
وتاری زۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە، لێکۆڵینەوە و باسی لەسەر شاعیرانی کورد نووسیوە، وەك: جەزیری و نەوبەهاری ئەحمەدی خانی.
لە ڕۆژی ١٦/حوزەیرانی/١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە.

## ٤٧- ساڵح حەیدەری[٢٩٠]:

ساڵح حەیدەری، لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٢) شاری هەولێرە، لە بنەماڵەیەکی دێرینی کورد پەروەری پەرۆشی زانست و زانین بووە.
خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەیی ساڵی (١٩٣٩-١٩٤٠) لە بەغدا تەواو کردووە، لە خانەی مامۆستایان وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سیاسییەوە وازی لێهێناوە، ساڵی (١٩٤٣-١٩٤٤) لە کۆلێژی ماف وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی چالاکی سیاسییەوە زیندانی دەکرێت و ساڵی ١٩٤٧ لە خوێندن دوور دەکەوێتەوە، تا دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی١٩٥٨ خوێندنەکەی تەواو کردووە.
تا ساڵی ١٩٨٠ لەسەر کاری مەدەنی لە دام و دەزگاکانی حکومەت وەك فەرمانبەر دەوامی کردووە، ساڵی ١٩٤٢ توانیویەتی یەکەم شانەی مارکسی لە هەولێر پێکبهێنێ، لەسەردەمێکدا کە قبوڵکردنی هزری مارکسی کارێکی ئاسان نەبووە، لەو سەردەمە هەستی نەتەوایەتی زیاتر زاڵبووە بەسەر بیروباوەڕی خەڵك.
ساڵی ١٩٤٣ بەرپرسی یەکەم ڕێکخستنی مارکسی بووە لە هەولێر (کۆمەڵەی میللەت).
ساڵی (١٩٤٤-١٩٤٦) بەرپرسی حزبی شۆڕش بووە، هەروەها ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی ڕزگاری کورد بوو.

ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی بووە لە (١٩٥٦-١٩٥٧).
ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ساڵی ١٩٥٩.
لە ساڵی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە لە شاری هەولێر.

## ٤٨- ساڵح یوسفی[٢٩١]:

ساڵح عەبدوڵلا یوسفی، ساڵی (١٩١٨) لە شارۆچکەی بامەرنی (پارێزگای دهۆك) هاتۆتە دونیا، سەرەتای خوێندنی لە شاری موسڵ خوێندووە، تا ساڵی ١٩٤١، پاشان لە پەیمانگەی یاسایی (ئەعزەمییە)ی شاری بەغدا وەرگیراوە، نموونەی خورەوشتی بەرز و هێمنی و سەنگین بووە، راستگۆ و نیشتمان پەروەر بووە، دڵسۆزی گەل و خاکەکەی بووە.
لەسەرەتای دامەزراندنی حزبی هیوا، پەیوەندی کردووە و بووە بە بەرپرسی ناوچەی بادینان، پاشان لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری کردووە، لە یەکەم کۆنگرەی پارتی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە، درێژەی بە خەباتی سیاسی داوەو بووە بە ئەندامی (مەکتەبی سیاسی) پارتی. لە شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ بەشداری کردووە تا ساڵی ١٩٧٥ کە بەهۆی رێککەوتنی جەزائیر لە ئازاری ١٩٧٥، کۆتایی بە خەباتی چەکداری هات.
پاشان گەڕاوەتەوە شاری بەغدا، لەگەڵ کادیر و سەرکردەکانی ناو شۆرش لە پەیوەندیدا بووە، تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ بەشداری لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کرد و وەك رابەری بزووتنەوەکە کاری دەکرد.
کە لە بەهاری ١٩٧٩ بزووتنەوە لە ریزی (ی.ن.ك) هاتە دەرەوە، پاشان لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری (پارتی) یەکیان گرت و حزبی سۆسیالست دامەزرا، ساڵح

یوسف هەر وەك رابەر و کەسی یەکەمی ئەو حزبە ماوە، درێژەی بە خەباتی سیاسی داوە لەناو شاری بەغداوە تا لە حوزەیرانی ١٩٨١ بە پلانی رژێمی بەغدا شەهید کرا.

ساڵح یوسفی، جگە لە بواری سیاسیدا، نووسەر و شاعیرێکی بە توانا بووە، لە دوای شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەرانی کورد، سەرنووسەری رۆژنامەی (التاخی) بوو لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤)، هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژی کوردستان) بووە تا ساڵی ١٩٧٤، سەرەرای ئەوانەش دیوانێکی شیعری هەیە بە زمانی کوردی (زاراوەی بادینان) هەروەها برێکی گەورەی نووسین و وتاری سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوە.

شەهید چەند جارێك زیندانی کراوە لە ماوەی ژیانی سیاسیدا لەلایەن رژێمەکانی عێراق یەك لە دوای یەك.

### ٤٩- (مەلا) سبغە اللە ی مزوری[٢٩٢]:

صبغە اللە ئەمین حەسەن مزوری، لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٦ (گوندی باوان)ی سەر بە قەزای ئامێدی، لە خێزانێکی ئایینی و نیشتمان پەروەر.

مزوری خوێندنی لە قوتابخانەی (مەلا یەحیا مزوری) بەجێ هێشت و رووی لە شاری موسڵ کرد لە کۆتایی ساڵی (١٩٤٠) بۆ تەواو کردنی خوێندنی ئایینی. لە موسڵ، بەهۆی چاو پێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی کورد، زیاتر هەستی نەتەوایەتی لا بەهێز بوو.

لە موسڵ پەیوەندی بە حزبی هیوا دەکات، هەروەك خۆی باس دەکات و دەڵێ: کۆبوونەوەی دامەزراندنی لقی موسڵی حزبی هیوا لە ژوورێکی مزگەوتی (النوري الکبیر) سازدرا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە خوێندکارانی ئایینی و مەلای مزگەوتەکان.

لەو کۆبوونەوەیە هەموو سوێندیان خوارد کە خیانەت نەکەن لە حزب، نهێنییەکانی نەدرکێنن و خەبات بکەن لەپێناو رزگاری کورد.
ساڵی ١٩٤٦ کاتی دامەزراندنی لقی موسڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو لقەی پارتی پێکهاتبوو لە (ساڵح یوسفی) بەرپرسی لقەکە و ئەندامیەتی هەریەک لە (صبغەالله) ئیمامی مزگەوتی (العمري) و (تاها مستەفا بامەرنی) ئەفسەر لە سوپای عێراق، لەگەڵ (ئەمین) ناوێک کە پیشەی وێنەگربوو، هەروەها رەمەزان موحسن ئاکرەیی (فەرمانبەر)، دواتر ئەم کەسانەش پەیوەندیان کردووە بە (محەمەد شاهین سۆفی - پارێزەر، ساڵح روشدی، پارێزەر - محەمەد ساڵح میر سیدی، عومەر حەسەن بامەرنی، لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکەش.
لەنێوان ساڵانی (١٩٤٧ - ١٩٥٣) کاتێ شێخ ئەحمەد بارزانی لە شاری بەسرە دەس بەسەر دەبێ، (صبغە الله) بەردەوام سەردانی کردووە و نامەکانی گەیاندۆتە کەسایەتییە تێکۆشەرەکان.
لە ٢٥/ئازاری/١٩٥٢ صبغة الله لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرێ بەهۆی ئاشکرابوونی، جارێکی دیکە دوای هەڵگیرساندنی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ دەگیرێ و بۆ ماوەی (٣) ساڵ دیندانی دەکرێ، لە زیندان دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٦٦ کە ئازاد دەکرێ.

### ٥٠- سەلاحەددین بەهائەددین[٢٩٣]:

سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٠)یە، لە دێی تەوێڵەی ناوچەی هەورامان، لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر بووە.
خوێندنی لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە ساڵی ١٩٦٩، دواتر خوێندنی (فیقهی)یشی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٩١ بڕیاری دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی داوە، ساڵی ١٩٩٤ بە فەرمی دامەزراندنی یەکگرتوو راگەیەندراو مامۆستا سەلاحەددین بە ئەمینداری گیشتی یەکگرتوو هەڵبژێردراوە.

دووبارە لە هەردوو کۆنگرەی دووەم (١٩٩٦) و کۆنگرەی سێیەم (١٩٩٩) بە ئەمینداری هەڵبژێردراوە، لە کۆنگرەی شەشەم ساڵی ٢٠١٣، وازی لە پلەکەی خۆی هێنا.

بەشداری لە کۆنگرەی (لەندەن)ی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کردووە (٢٠٠٢)، لە ١٣/تەمموزی/٢٠٠٣ بە ئەندامی ئەنجومەنی کاتی حوکم دانراوە، بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥) کردووە، هەروەها هەڵبژاردنی (٢٠٠٩) پەرلەمانی عێراقی، سەرەڕای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی.

## ٥١- عەبدوڵڵا عەزیز[٢٩٤]:

عەبدوڵڵا عەزیزی هەولێری، لە رۆژی ١٢/ئایاری/١٩٠٢ هاتۆتە دونیا، لە شاری هەولێر پەروەردە بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە، لەو شارەدا دۆستایەتی لەگەڵ هەریەک لە (رەفیق حلمی، عەبدولخالق قوتب) پەیدا دەکات. ساڵی ١٩٢٥ دەچێتە شاری بەغدا لە قوتابخانەی مامۆستایان وەردەگیرێ، بە مامۆستا لە پارێزگای عەمارە دادەمەزرێ، پەیوەندی لەگەڵ نیشتمان پەروەرانی کورد بەردەوام دەبێ، وەك: رەفیق حلمی، نوری شێخ سالح، فایەق بێکەس، گۆران، عەبدولخالق ئەسیری.

پاشان بە پیشەی مامۆستایی دەگوازرێتەوە شاری سلێمانی، پەیوەندی بە کۆمەڵەی زانستی سلێمانییەوە دەکات.

ماوەیەك دەکرێتە (بەڕێوەبەری ناحیە)، هەموو دەمێکیش هەڵوێستی سیاسی نەگۆڕی بووە و لە رێبازی کوردایەتی لاینەداوە.

لە ساڵی ١٩٣٩ دەبێتە ئەندامی حزبی هیوا و جێگای متمانەی سەرۆکی حزب (رەفیق حیلمی) بووە، ناردوویەتی بۆ شام تاکو پەیوەندی بە میر جەلادەت بەدرخان بکات، بۆ خزمەتی کورد هاوکاری یەکتربن.
مامۆستا عەبدوڵڵا لە بواری نووسین و کتێب دانانیش بۆ قوتابیانی کورد دەورێکی باشی گێڕاوە، ئەو (٣) کتێبی بۆ قوتابیانی سەرەتایی چاپکردووە، هەروەها (٣) کتێبی دەست نووسی لە پاش بەجێ ماوە.
لە رۆژی ٥/حوزەیرانی/١٩٦٢ کۆچی دوایی کردووە.

### ٥٢- عەبدوڵڵا لوتفی[٢٩٥]:

ناوی عەبدوڵڵایە (ناسراوە بە عەبدوڵڵا لوتفی) کوڕی حاجی عەلی ئاغای کوڕی مەعروف ئاغایە. لە ساڵی (١٨٩٦) لە شاری بەغدا لەدایك بووە، خوێندنی لە قوتابخانەی رشیدییەی سەربازی تەواو کردووە، دواتر لە قوتابخانەی ماف وەرگیراوە، بەڵام بۆی تەواو نەکراوە.
لە بواری بازرگانی و ئابووری چالاك بووە، کارگەی جگەرەی تورکیای دامەزراندووە کە تا ساڵی ١٩٦٤ بەرهەمی هەبووە، پاشان حکومەت خۆماڵی کرد.
لە بواری خێرخوازی رۆڵی گەورەی بینیوە:
١- لە گەڕەکی چوارباغی سلێمانی مزگەوتێکی دروست کرد (مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفی).
٢- هاوکاری خوێندکارانی دەست کورتی کردووە.
٣- هەوڵی داوە نەخۆشخانەیەك لە سلێمانی دروست بکات، بەڵام بەهۆی نەخۆشی تەواو نەکراوە.
٤- ئەندامی کۆمەڵەی مانگی سوری عێراقی بوو.
٥- سەرۆکی کۆمەڵەی بانکە عێراقییەکان بوو لەو سەردەمە.

٦- ئەندامی کۆمەڵەی لاوانی موسڵمان و یانەی سەرکەوتنی کوردان بوو لە بەغدا.

ساڵی (١٩٧٤) کۆچی دوایی کردووە.

### ٥٣- عەبدولعەزیز یاملکی[٢٩٦]:

عەبدولعەزیز مستەفا پاشا یاملکی، لەدایك بووی ساڵی (١٨٩٠)ە دەرچووی کۆلێژی سەربازییە ساڵی (١٩١٠) لە شاری ئەستەنبول، ئەفسەرێك بوو لە سوپای عێراق پاش دامەزراندنی حکومەتی عێراق، تا ساڵی (١٩٥٢) کاری کردووە.

بەشداری لە جەنگی جیهانی یەکەم کردووە، پێشتر یاوەری (مرافق)ی سوڵتان (وحیدالدین)ی عوسمانی بوو.

ناوبراو دەستێکی باڵای هەبووە لە نووسین، وتارەکانی لە هەردوو گۆڤاری (ژین) و (کوردستان) بڵاوکردۆتەوە.

لە ئەستەنبوڵ چەندین وتاری بە زمانی تورکی نووسیوە و بڵاوی کردۆتتەوە.

ئەندامی کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) بوو لە ئەستەنبوڵ، پاشان لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەستێرەکانی نازی لە شاری سلێمانی بەشداری کردووە.

ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە.

### ٥٤- عەبدولکەریم تەوفیق[٢٩٧]:

لە ساڵی (١٩٢٢) لە شاری کۆیە هاتۆتە دونیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە کۆیە تەواو کردووە، ناوبراو لە خێزانێکی هەژار بووە و بێ باوك بووە، دواتر بۆ خوێندن دەچێتە بەغدا، لە کۆلێژی مەلیك فەیسەڵ دوو ساڵ خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات بە زمانی ئینگلیزی.

لە ساڵی ١٩٤٢ لە کۆلێژی ماف وەردەگیرێ، بۆ دابینکردنی ژیانی لە دامەزراوەی گشتی توتن لە بەغدا وەك نووسەر، کار دەکات.
دوای تەواو کردنی خوێندنی کۆلێژی، هەر لەو دەزگایە لە شاری کۆیە دادەمەزرێ، چەند جارێك دەگوازرێتەوە و پلەی فەرمانبەری بەرزتر وەردەگرێت، تا لە ساڵی (١٩٧٠) دەکرێتە بەڕێوەبەری گشتی ئینحساری توتن لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٢ خانەنشین دەکرێ.

ژیانی سیاسی:

ئەو دەمەی کە رێکخراوی مارکسی (یەکێتی تێکۆشین) دروست دەبێ لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم، عەبدولکەریم پەیوەندی بەو رێکخراوەوە کردووە، کاتی حزبی شیوعی کوردستان دروست دەبێ لە ١٩٤٤، عەبدولکەریم دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبە.
پاشان لە ساڵی ١٩٤٦، دوای هەڵوەشاندنەوەی (شۆرش) حزبی شیوعی کوردستان، عەبدولکەریم دێتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە کۆنگرەی یەکەمی لە ١٦/ئابی/١٩٤٦ بە ئەندای کۆمیتەی ناوەند هەڵدەبژێردرێت.
لە تەمەنی (٦١) ساڵیدا و لە رۆژی ١٦/حوزەیرانی/١٩٨٣ کۆچی دوایی دەکات.

## ٥٥- عەزیز پشتیوان[٢٩٨]:

عەزیز کوڕی نور محەمەد یارەویسی جاف نەورۆڵیە، ناسراوە بە عەزیز پشتیوان، لە ساڵی (١٩١٢) لە گوندی (پیران)ی سەر بە قەزای خانەقین هاتۆتە دونیاوە.
خوێندنی سەرەتایی لە شاری خانەقین تەواو کردووە، ساڵی ١٩٢٨ لە بەغدا لە قوتابخانەی پیشەسازی وەرگیراوە، دواتر چووەتە خانەی مامۆستایان و لە

ساڵی ١٩٣٢ بووە بە مامۆستا دوای دوو ساڵ بە هۆی پەیوەندی سیاسییەوە دوور خراوەتەوە بۆ پارێزگای (میسان) تا ساڵی ١٩٣٧ گەڕاوەتەوە بۆ خانەقین.

عەزیز لە ٣٠/ئایاری/١٩٣٠ وە پەیوەندی بە یانەی سەرکەوتنی کوردان کردووە لە ڕێگای (مەعروف چیاوك).

هەر لە ئەنجامی هۆشیاری سیاسی و هەستی کوردایەتی، لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی دیکەی وەك: مستەفا شەوقی، ئەمین ڕەواندوزی، میرحاج ئەحمەد دەورێکی گەورەی بووە لە دامەزراندنی کۆمەڵی پشتیوانی کوردان، بۆیە لەو کاتەوە نازناوی پشتیوانی هەڵگرتووە.

پاشان بووە بە ئەندامی حزبی هیوا و دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا لە ئابی ١٩٤٦ بووە بە ئەندامی پارتی.

مامۆستا عەزیز لە ساڵی (١٩٥٠) بەهۆی کوردایەتییەوە لەسەر کارەکەی دەرکراوە تا ساڵی (١٩٥٨) دوای شۆرشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ دەگەڕێتەوە سەر کاری مامۆستایی.

بەشداری یەکەم کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی کردووە کە لە شەقڵاوە بەسترا لە مانگی ئەیلولی ١٩٥٩.

لە دوای هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ لەسەر کار دوور خراوەتەوە بۆ باشووری عێراق و تا ساڵی ١٩٦٤ دەگوازرێتەوە بۆ خانەقین.

لە ساڵانی (١٩٦٧-١٩٦٩) بەرپرسی لقی (٥) پارتی بووە، لە مانگی ئابی ١٩٦٩ دەگیرێ و لە (قصر النهایە) زیندانی دەکرێ تا دوای (١٩٧٠) بەهۆی ڕێککەوتنی ١١/ئازارەوە ئازاد دەکرێ.

درێژەی بە خەباتی سیاسی داوە تا ساڵی ١٩٧٦، لە ٧/ئابی/٢٠٠١ کۆچی دوایی دەکات.

**٥٦- (سەید) عەزیز شەمزینی[٢٩٩]:**

سەید (عەزیز عەبدوڵڵای عەبدولقادر) لەدایکبووی ساڵی (١٩١٤) لە شاری موسڵ. بەرەچەڵەك لە بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە. بنەماڵەکەی لە بەرناکۆکی لەگەڵ تورك لە سەردەمی ئینگلیز دێنە رەواندوز و لەوێ نیشتەجێ دەبن. باوکی (سەید عەبدوڵڵا) کرا بە بەڕێوەبەری ناحیەی باتاس.

خوێندنی سەرەتایی لە باتاس و ناوەندی لە هەولێر دەست پێ کردووە و لە شاری موسڵ تەواوی کردووە، ساڵی ١٩٣٤ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە و بووە بە ئەفسەر.

لەو قۆناغەدا سەید عەزیز پەیوەندی بە حزبی هیوا کردووە، لە کاتی شۆڕشی بارزان، سەید عەزیز یەك لەو (٨) ئەفسەرە بووە کە بۆ هاوکاری ماجد مستەفا دانراون، بە مەبەستی رێکخستنی پەیوەندی لەنێوان حکومەتی بەغدا و مستەفا بارزانی.

لە ساڵی ١٩٤٥ لە ترسی گرتن رووی لە ئێران کردوو بوو بە هاوکاری کۆماری کوردستان، ساڵی ١٩٤٦ رەوانەی یەکێتی سۆڤیەت کرا لەگەڵ کۆمەڵە گەنجێك بۆ خوێندن، کە پاشان بڕوانامەی دوکتۆرای لە ئەکادیمیای لینین گراد وەرگرت، دەربارەی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی کورد.

ساڵی (١٩٥٧) لە مۆسکۆ چاوی بە جەلال تاڵەبانی کەوت، لەکاتی فیستیڤاڵی لاوانی جیهان، هەر ئەویش رێگای خۆشکرد بۆ چاوپێکەوتنی نێوان جەلال تاڵەبانی و مستەفا بارزانی.

دوای شۆڕشی ١٤/تەممووزی/١٩٥٨ دەگەڕێتەوە عێراق و دەبێتە ئەفسەر لە سوپای عێراق، لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێت، ساڵی ١٩٦٢ زیندانی دەکرێ و دوای روخاندنی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم ئازاد دەکرێت، دواتر پەیوەندی بە شۆڕشیەوە دەکات و لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی دەمێنێت.

پاشان لە شاری (ورمێ) لە کوردستانی ڕۆژهەلاَت دەمێنێتەوە تا ڕوخانی ڕژێمی شای ئێران، ئینجا دەگەڕێتەوە عێراق.
ساڵی ١٩٩١ عێراق بەجێ دێڵێ و دەگەڕێتەوە ئێران و لە شاری ورمێ دەگیرسێتەوە، لە بەرواری ١٤/ئازاری/١٩٩٩ کۆچی دوایی دەکات.

## ٥٧- عیزەت عەبدولعەزیز[٣٠٠]:

عیزەت حاجی عەبدولعەزیز عەبدوللەتیف، لەدایک بووی ساڵی (١٩١٢)ی شاری ئامێدییە.
خوێندنی سەرەتایی لە ئامێدی خوێندووە، بەلاَم ناوەندی و ئامادەیی لە شاری موسڵ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣٤ لە کۆلێژی سەربازی دەردەچێت بە پلەی (مولازم)ی پلە دوو، پاشان پلەکەی بەرزکراوەتەوە تا گەیشتە پلەی (نەقیب) و لە کۆلێژی (ئەرکان) وەردەگیرێ.
باپیرەی عیزەت، عەبدوللەتیف، سەر بە عەشیرەتی (نێروە)یيە، خاوەن زەوی و زارێکی زۆرن لە ناوچەی ئامێدی، ناوبراو لە سەردەمی عوسمانییەکان فەرمانڕەوایی ئامێدی بووە، ئەم بنەماڵەیە بەردەوام لە ڕیزی بەرگریکردن بوونە لە کوردستان، لە شۆڕشەکانی بارزان بەشداریان کردووە.
پەیوەندی خودی عزەت لەگەڵ بارزانییەکان پەیوەندییەکی بەهێز بووە، بەتایبەتی کە خوشکەکەی شوی بە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی کردووە، سەرەڕای پەیوەندی دراوسێیەتی نێوانیان.
عیزەت یەک لەو ئەفسەرانە بووە کە لەگەڵ مستەفا بارزانی بەشداری ڕاپەڕینەکەی (١٩٤٣-١٩٤٥) بارزانی کردووە، پاشان کە بە ناچاری ڕوو لە کوردستانی ڕۆژهەلاَت دەکەن، دەبنە هاوکاری کۆماری کوردستان، کە کۆماری کوردستان ڕووخا، عیزەت لەگەڵ سێ هاوڕێکەی دیکەی (مستەفا و خەیروڵلا و محەمەد قودسی) بڕیاری گەڕانەوە بۆ عێراق دەدەن و خۆیان تەسلیمی

حکومەت دەکەنەوە، هەر چواریان لە رۆژی ١٩/حوزەیرانی/١٩٤٧ بڕیاری دادگای عورفی عەسکەریان لەسەر جێبەجێ دەکرێ و لە سێدارە دەدرێن. تەرمەکەی شەهید عیزەت دەگوازرێتەوە شاری ئامێدی و لەوێ بەخاك دەسپێردرێت.

## ٥٨- عیزەدین فەیزی[٣٠١]:

لەدایك بووی ساڵی (١٩١٧)ی شاری هەولێرە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، لە شاری بەغدا لەخانەی مامۆستایان وەردەگیرێ و لە پایزی ساڵی (١٩٣٩) بە مامۆستا دادەمەزرێ لە شاری هەولێر.
کاتێ کۆمەڵەی مامۆستایان لە هەولێر دادەمەزرێ، مامۆستا عیزەددین دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵە، لە ١٦/کانوونی یەکەمی/١٩٥٢ رۆژنامەیەکی هەفتانەیان دەرکردووە بەناوی (هەولێر) و بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی.
مامۆستا عیزەددین دەکرێتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ پێش خستنی زمانی کوردی، هەر لەم بوارەش لە دوای رێککەوتنی ١١/ئازاری/١٩٧٠، مامۆستا عزەددین رۆڵێکی باشی گێڕاوە لە پەرەپێدانی خوێندن بە زمانی کوردی و رزگارکردنی لە (تەعریب) دواتر خانەنشین دەکرێ، لە بەرواری ١٢/کانونی یەکەمی/١٩٨٥ کۆچی دوایی دەکات.
مامۆستا عیزەددین، کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی و نیشتمان پەروەر بووە، لەگەڵ دروست بوونی حزبی هیوا ساڵی ١٩٣٩، دەبێتە ئەندامی ئەو حزبە، هەروەها لە ساڵانی (١٩٤٠-١٩٤٢) دەبێتە بەرپرسی لقی هەولێری حزبی هیوا، پاشان کە هیوا هەڵدەوەشێتەوە پارتی دیموکراتی کوردستا دروست دەبێ، مامۆستا عیزەدین دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.

## ٥٩- عەلی مەحمودی کاکەخانی دزەیی[٣٠٢]:

عەلی مەحمود، لە گوندی (گرد مەلا)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە پارێزگای (هەولێر) لە دایك بووە ساڵی ١٨٩٨ز، دۆستێکی خۆشەویستی شێخ مەحمودی نەمر بوو، لەگەڵ هەڵگیرسانی راپەڕینە چەکداریەکەی ساڵی ١٩١٩، دەگاتە لای شێخ مەحمود و بەشداری دەکات لەگەڵ کۆمەڵێك چەکداری خۆی، لەوانە (عەزیزی وەسو ئاغای دزەیی، سابیر ئاغا، سمایل عەلی جەمرە، کوێخا مەجیدی شانەنشین.

کە جوڵانەوەکە شکست دێنێ، عەلی ئاغا دەگەڕێتەوە ناوچەی قوشتەپە و لەو گوندانە دەمێنێتەوە، کاتێ شێخ مەحمود بۆ جاری دووەم راپەڕین دەست پێ دەکات، عەلی ئاغا دەگاتە لای، ئەمجارەش کە راپەڕینەکەی سەرکەوتوو نابێ، عەلی ئاغا لە گوندەکانی دۆڵی جافەتی لای دوکان دەمێنێتەوە، بەهۆی تەنگە تاوکردنی حکومەت بەرەو دەشتی کۆیە دەچێ، دواتر ئەویش بەجێ دەهێڵێ چەند شەڕێك لەگەڵ مەفرەزەکانی پۆلیسی حکومەت لە نێوانیان روو دەدات.

بەم جۆرە عەلی ئاغا زوو زوو جێگای خۆی دەگۆڕێ لەنێوان دەشتی هەولێر و کۆیێ و شەڕ لەگەڵ مەفرەزەکانی پۆلیسی حکومەت دەکات.

پاشان ناچار دەبێ روو لە ناوچەی پشدەر بکات، تا بە هەوڵی چەند لایەنێك بڕیاری لێبوردنی بۆ دەردەچێ و دەگەڕێتەوە گوندی مورتکەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە.

عەلی ئاغا سەرەڕای ئەو بارودۆخەش لە رێبازی کوردایەتی دورو ناکەوێتەوە و پەیوەندی بە مەلا مستەفای بارزانییەوە دەکات لەکاتی راپەڕینەکەی ساڵی (١٩٤٣-١٩٤٥).

هەر بۆ رازیکردنی و مانەوەی لە گوندەکەی خۆی سەعید قەزازی (موتەسەریف)ی هەولێر سەردانی دەکات لە ماڵی خۆی.

عەلی ئاغا لە تەمەنی (٧٢) ساڵیدا، واتە لە ساڵی (١٩٧٠) کۆچی دوایی کردووە.

٦٠- عەلی باپیر[٣٠٣]:

عەلی باپیر وەتمان، سەربە عەشیرەتی (میراودەل)، لەدایك بووی ساڵی (١٩٦١)ی ناوچەی سەنگەسەرە (پارێزگای سلێمانی)، ساڵی ١٩٦٧ چووەتە قوتابخانە لە سەنگەسەر پاشان لە رانیە ئەو قۆناغەی تەواو کردووە. ساڵی (١٩٧٤) لە قوتابخانەی ئامادەیی ئیسلامی وەرگیراوە، پاشان لە سلێمانی ئەو قۆناغەی تەواو کردووە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە.

ساڵی (١٩٨٠-١٩٨١) لە کۆلێژی (الفقهـه الاسلامی) لە شاری (النجف) وەردەگیرێ، بەڵام تەنها ساڵی یەکەمی بۆ تەواو دەکرێ، بەهۆی فشار و چاودێری دەزگا ئەمنییەکان، دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ و روو لە ئێران دەکات بەمەبەستی خوێندن لە ناوچەی سەردەشت و بانە، دەچێتە لای محەمەد عەزیز بەردەرەش دەخوێنێ و لەو ماوەیەدا فێری زمانی فارسی دەبێت.

ساڵی ١٩٨٤ یەکەم ژنی هێناوە و دەگەڕێتەوە شاری رانیە، بەڵام جارێکی دی بەهۆی فشاری دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت ساڵی (١٩٨٧ ناچار دەبێت بگەڕێتەوە ئێران و لەوێ دەست بەکاری سیاسەت دەکات و پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان دەکات.

لەو ماوەیەدا هێزێکی چەکدار پێکدێنێت بەناوی (هێزی حەمزە)، دوای راپەڕینی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە بۆ ناحیەی (بێتواتە)ی قەزای رانیە. هەر لەو ماوەیەدا بەشداری لە چەندین کۆبوونەوە و کۆنگرەی حزبی دەکات.

لە نێوان ساڵانی (١٩٨٩-١٩٩٠) عەلی باپیر ئەنجومەنی شورای یەکگرتووی پێکهێناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی.

لە ٣١/ئایاری/٢٠٠١ عەلی باپیر و لایەنگرانی بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵی ئیسلامیاندا و لە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان جیا دەبنەوە.
لە ١٠/تەمموزی/٢٠٠٣ لەلایەن هێزێکی ئەمەریکی دەستگیر دەکرێت و ماوەی (٢٢) مانگ لە زیندان دەمێنێتەوە و دوایی ئازاد دەکرێ. ئێستاش ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامییە. نزیکەی (٦٠) کتێبی هەیە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەربارەی بابەتە جۆراو جۆرەکانی ئایینی ئیسلام.

### ٦١- عەلی عەسکەری[٢٠٤]:

عەلی عەبدوڵڵا، لەدایك بووی ساڵی (١٩٣٥) لە گوندی عەسکەری (ناحیەی ئاغجەلەر) بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر ڕێبازی ئایینی هەقە، خوێندنی سەرەتایی لەسەر گەلۆ و ئاغجەلەر تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری کەرکوك تەواو کردووە،

### وێستگەکانی ژیانی سیاسی:

١- لەو ماوەیەی خوێندکار بوە لە کەرکوك، پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان کردووە و بووە بە ئەندامی کۆمیتەی باڵا.
٢- دوای شۆڕشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ بووە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە کەرکوك.
٣- ساڵی ١٩٥٩ بوە بە ئەندامی لیژنەی باڵای چاودێری و پشکنین.
٤- لە کۆنگرەی پێنجەمی پارتی لە شاری بەغدا، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوە.
٥- لەسەرو بەندی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ ڕەوانەی بادینان کراوە بۆ پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە.
٦- ساڵی ١٩٦٢ بوە بە فەرماندەی هێزی خەبات لە ناوچەی سلێمانی.

٧- سـاڵی ١٩٦٤ لـە قـەیرانی سـەرکردایەتی پـارتی، لەگـەڵ بـاڵی (مەکتـەبی سیاسی) بووە و پاشان ماوەیەک لە ئێران ماوەتەوە، تا ساڵی ١٩٦٦ پاشان گەڕاوەتەوە کوردستانی عێراق.

٨- دوای گەڕانەوەی، لەگەڵ ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی باڵی (مەکتەبی سیاسی) کەوتنە خۆ ڕێکخستنەوە و پێکهێنانی هێزی چەکدار و ململانێیەکانیان تا ساڵی (١٩٧٠) لەگەڵ پارتی بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی.

٩- دوای تێکەڵبوونەوەیان لەگەڵ پارتی، ماوەیەک لە چۆمان دانیشت و لە ماوەی شەڕی (١٩٧٤-١٩٧٥) کراوە بە بەرپرسی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی سەرکردایەتی.

١٠- دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥) ماوەیەک لە ئێران ماوە، کەوتۆتە کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەگەڵ کادیر و سەرکردەکانی ناو شۆڕش، پاشان بڕیاری گەڕانەوەی داوە بۆ عێراق.

١١- لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، لە ساڵی ١٩٧٦ دەستی کرد بە پێکهێنانی مەفرەزە چەکدارەکان و ڕووی کردە شاخ و بووە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

١٢- ساڵی ١٩٧٧ بە ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) دیاریکرا.

١٣- لە بەهاری ١٩٧٨ بە سەرکردایەتی هێزێکی گەورەی پێشمەرگە بە مەبەستی هێنانی چەک لە سوریاوە، لە ناوچەی هەکاری لە تورکیا، لەگەڵ هێزەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی تووشی شەڕ و پێکدادان دەبن و دوای خۆ بەدەستەوەدانی لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی دیکە دەکوژرێن.

## ٦٢- عەلی هەژار[٣٠٢]:

عەلی عەبدوڵڵا ناسراوە بە (عەلی هەژار) ساڵی ١٩٤٣ لە بنەماڵەیەکی جوتیاری زەحمەتکێش لە گوندی (عەوێنە)ی پارێزگای هەولێر لەدایک بووە.

خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە شاری هەولێر تەواو کردووە و بووە بە مامۆستا.

### ژیانی سیاسی عەلی هەژار بە کورتی:

١- لە ساڵانی پەنجاکانی پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە.

٢- لەگەڵ سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١، وەك کادیرێکی حزبی، لە چەند جێگایەك لە سنوری پارێزگای هەولێر کاری رێکخراوەیی دەست پێ کردووە، ماوەیەکی زۆریش بە شێوەی نهێنی لە ناو شاری هەولێر کار دەکات.

٣- لە ساڵی ١٩٦٦ بەشداری کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دەکات.

٤- لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی (١٩٧٠) بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێت.

٥- دوای هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥، ماوەیەك لە ئێران دەمێنێتەوە و بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ورمێ و مەهاباد دەکات، بەمەبەستی هەستانەوەی شۆڕش و خۆرێکخستنەوە، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ عێراق و لە شاری بەغدا نیشتەجێ دەبێت و بەکاری مامۆستایی خەریك دەبێ.

٦- لە سەرەتای ١٩٧٦ یەك لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان دەبێت و بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی دادەنرێت و سەرپەرشتی رێکخستنەکانی ناو شارەکان دەکات.

٧- لە رۆژی ٩/نیسانی/١٩٧٩ لەگەڵ شەهید کاردۆ گەلاڵی دەستگیر دەکرێن، لەناو شاری هەولێر بزر دەکرێن لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی عێراق هیچ هەواڵێکیان نابێ.
دوای راپەرینی ١٩٩١، بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی بەردەست کەوتوون وا دەردەخات کە لە ٢/٥/١٩٨٣ لە سێدارە دراون بەپێی بریاری دادگا بەناو (شۆرش)ی رژێم، ئەگەرچی ئەو مێژووە جێگای گومانە.

**١٣- عومەر مستەفا (دەبابە)**[٢٠٦]:
عومەر حاجی سۆفی مستەفا، ناسراو بە عومەر دەبابە، لە ساڵی (١٩٢٣) لە شاری کۆیە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤١ بۆ خوێندنی ئامادەیی چووەتە سلێمانی و کەرکوک، هەر لەو ساڵەشدا بووە بە ئەندامی حزبی هیوا، لە پایزی ١٩٤٣ بۆ خوێندنی ئەندازیاری چووەتە بەغدا، بەڵام لەبەر چالاکی سیاسی لە خوێندنگا دەرکراوە، تا ساڵی ١٩٤٦ گەراوەتەوە بەغداو لە کۆلێجی ماف وەرگیراوە.
لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی (١٩٤٦) دەبێتە ئەندامی ئەو پارتە، لە رۆژانی راپەرینە نیشتمانییەکەی کانووی دووەمی ١٩٤٨ی گەلانی عێراق دەورێکی باڵای بینیوە لەو راپەرینە و لە شاری بەغدا، بۆیە ناویان لێناوە (عومەر دەبابە). لەو ساڵەدا دەگیرێ. ساڵی ١٩٥١ کۆلێژی ماف تەواو دەکات، لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد بەکاری پارێزەری خەریک دەبن.
لە کۆنگرەی دووەمی پارتی (١٩٥١) بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، هەروەها لە کۆنگرەی داهاتوو تا ساڵی ١٩٦٤ کە لە سەروبەندی سەرهەڵدانی قەیرانی ناو سەرکردایەتی پارتیدا، ئەو لەگەڵ باڵەکەی مەکتەبی سیاسی جیا دەبێتەوە.

دوای ڕێککەوتنی جەزائیر و ڕوخانی شۆڕشی چەکداری کورد لە (١٩٧٥)، ماوەیەك لەئێران دەمێنێتەوە و لەگەڵ سەرکردە و کادیرەکانی دیکە خەریکی کۆبوونەوە دەبێت، بە مەبەستی هەستانەوە بە خەبات و خۆڕێکخستن، لە ئاکامدا بڕیار دەدەن کە بگەڕێنەوە عێراق و ڕێکخراوێکی سیاسی نوێ پێك بهێنن.

دوای دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، کە عومەر دەبابە یەك لە دامەزرێنەرانی بووە، پەیوەندی بە (ی.ن.ك) دەکەن و بزووتنەوە دەبێتە باڵێکی ناو یەکێتی.

عومەر دەبابە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ عێراقی بەجێهێشت بۆ سوریا وەك نوێنەری بزووتنەوەی سۆسیالست. لە ئەیلولی ١٩٧٧ عومەر دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، لە شوباتی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە کوردستان و لە ناوچەی ناو زەنگ گیرسایەوە.

لە پایزی ١٩٨٢ عومەر پشتگیری تێکەڵکردنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە پاشماوەکەی ناو (ی.ن.ك) دەکات، لەگەڵ هێڵی گشتی و بە یەکەوە یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستانیان لێ پێکهات.

لە ٩/کانوونی دووەمی/١٩٩٢ لەکاتی بەستنی کۆنگرەی یەکەمی (ی.ن.ك) لەناو هۆڵی کۆنگرە بەهۆی وەستانی دڵەوە، کۆچی دوایی دەکات.

### ٦٤- عەونی یوسف[٢٠٧]:

عەونی یوسف ساڵی (١٩٠٨) لە شاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە، باوکی قازی هەولێر بووە، لە تەمەنی (٧) ساڵیدا دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە، ساڵی (١٩٢١) چووەتە قوتابخانەی میری، سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردووە، پاشان لە کۆلێژی ماف وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٣٩ بووە بە مامۆستا.

عەونی لە سەرەتای (١٩٤٠) وە تێکەڵی سیاسیەت و بزووتنەوەی کوردایەتی بووە، ئەندامی حزبی هیوا بوو، بەهۆی چالاکی سیاسییەوە زیندانی کراوە چەند ساڵێك تا لە ساڵی ١٩٤٦ ئازاد دەکرێ و بەشداری لە کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە ١٦/ئابی/١٩٤٦، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت.
دوای شۆرشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ دەکرێتە سەرۆکی دادگای کەرکوك و پاشان بووە بە وەزیری (ئەشغال) تا ساڵی ١٩٦٠ کە دەستی لەکار کێشاوەتەوە.
دوای کودەتا سەربازیەکەی ٨/شوبات/١٩٦٣ دەچێتە ریزی پێشمەرگەی کوردستان، بە فەرمانی (مەکتەبی سیاسی) پارتی دەبێتە دادوەری شۆرش تا ساڵی ١٩٦٤ کە گەڕاوەتەوە هەولێر خەریکی پیشەی پارێزەی بووە.
لە ١٥/تەمموزی/١٩٨٨ لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

٦٥- فەلەکەددین کاکەیی[٣٠٨]:

فەلەکەددین صابر کاکەیی، ساڵی ١٩٤٣ لە گوندێکی نزیك شاری کەرکوك لە دایك بووە. لەسەرەتای ساڵی (١٩٥٧-١٩٥٩) لە ریزەکانی یەکێتی قوتابی و لاوانی کوردستان چالاکی نواندووە، ساڵی ١٩٦٥ تێکەڵ بە بزووتنەوەی دیموکراسی کوردی و عەرەبی بووە.
١٩٦٧ لە رۆژنامەی (التاخی) کاردەکات و ساڵی (١٩٧٣) و (٢٠٠٣) بۆتە سەرنووسەر.
ساڵی (١٩٧٤) دەبێتە بەڕێوەبەری راگەیاندن لەناو شۆرشی ئەیلول تا ساڵی ١٩٩٤ سەرپەرشتی کردووە، ساڵی ١٩٧٩ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژاردراوە و پاشان ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە ساڵی (١٩٩٣-٢٠٠١) دەبێتە سەر نووسەری رۆژنامەی (خەبات) کە هەفتانە ژمارەیەکی لێ دەردەچوو، لە ساڵی ١٩٩٢ لە یەکەمین خولی پەرلەمانی

کوردستان بە ئەندام پەرلەمان هەڵبژێردراوە، ساڵی ١٩٩٦ بووە بە وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ساڵی (٢٠٠٠) دەستی لەکار کێشاوەتەوە.

ئەندامی چەندین یەکێتی و رێکخراوی رۆشنبیری نووسەران و رۆژنامەنووسان بووە، چەندین کتێبی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە بوارە جیا جیاکانی رۆشنبیری و مەعریفە بە چاپ گەیاندووە.

لە رۆژی ٣١/تەمموزی/٢٠١٣ لە هاوینە هەواری پیرمام کۆچی دوایی کردووە.

## ٦٦- کەریم ئەحمەد[٣٠٩]:

عەبدولکەریم ئەحمەد ئەلداود، ساڵی ١٩٢٢، لە خێزانێکی جوتیاری هەژار لە گوندی کەسنەزانی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، پاشان لە خانەی مامۆستایانی لادێ وەرگیراوە، هەروەها لە پەیمانگەی وەرزشی خوێندویەتی، ساڵی ١٩٤٧ بە مامۆستای وەرزش لە شاری کۆیە لە قوتابخانەیەکی ناوەند دامەزراوە، بەهۆی چەند هاورێیەکی لە شاری بەغدا ساڵی ١٩٤٤، پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقی کردووە.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥ بەند دەکرێت بۆ ماوەیەك، لە ساڵی ١٩٥٨ وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی دیاری دەکرێت، لەو پلە و پایە دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٦٤.

لە ساڵانی ١٩٧٨ بە دواوە دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حزبی بەعس و حزبی شیوعی، لە شاخ دەبێت تا ساڵانی راپەڕینی ١٩٩١.

لە کاتی دروست بوونی حزبی شیوعی لە کوردستان، دەبێتە یەکەم سکرتێری ئەو حزبە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩٣، لە دووەم کۆنگرەی حزبی شیوعی

کوردستان، لەسەر داوای خۆی لە کاری حزبی دوور دەکەوێتەوە لەبەر تەمەن گەورەیی.

## ٦٧- کاردۆ گەلاڵی[٢١٠]:

کاردۆ عەبدولقەهار مستەفا گەلاڵی، لە ساڵی (١٩٥١) لە گوندی (کەردن)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لەدایک بووە، قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندەکە تەواو کردووە، قۆناغی ناوەندی و ئامادەییشی لە شاری هەولێر خوێندوویەتی، پاشان لە کۆلێژی یاسای بەغدا وەردەگیرێ، بەڵام بەهۆی هەڵگیرساندنی شەڕ لە نێوان حکومەتی بەغداد و کورد (١٩٧٤-١٩٧٥) کاردۆ خوێندن بەجێ دەهێڵێ و پەیوەندی بە شۆرش دەکات، دوای تێشکانی شۆرش، کاردۆ دەگەڕێتەوە کۆلێژی یاسا و خوێندن تەواو دەکات و بە کاری پارێزەری خەریک دەبێت لە شاری هەولێر.

**وێستگە سیاسییە گرینگەکانی ژیانی کاردۆ:**

١- لە دوای ساڵی (١٩٧٠) پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکات و ساڵی ١٩٧٣ دەبێتە بەرپرسی بەشی راگەیاندن و توانیویەتی چەند ژمارەیەك لە گۆڤاری دەنگی (قوتابیانی کوردستان) دەربکات.

٢- هەر لەو سەرو بەندەدا دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٣- دوای تێشکانی شۆرشی کورد (١٩٧٥) ماوەیەك لە ئێران دەمێنێتەوە. بەشداری لە کۆبوونەوەکانی کادیر و سەرکردەکانی شۆرش دەکات، بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك، پاشان دەگەڕێتەوە عێراق.

٤- لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بووە ساڵی ١٩٧٦.

٥- یەك لەو کادیرە ئازایانە بووە کە بە کاری ڕێکخستنی بزووتنەوەی سۆسیالیست هەستاوە لە شارەکانی هەولێر و کەرکوك و بەغدا، هەروەها ڕێکخستنی ڕێکخراوێکی قوتابیان لەناو شاری هەولێر.
٦- لە ڕۆژی ٩/نیسانی/١٩٧٩ لەناو شاری هەولێر لەگەڵ شەهید عەلی هەژار بەیەکەوە دەستگیر دەکرێن و بڕیاری لەسێدارەدانیان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت لەسەر جێبەجێ کراوە لە ٩/ئایاری/١٩٨٣ بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە دەست کەوتوون.

لە بواری نووسین:
کاردۆ هەر لە سەرەتای لاویدا دەستی داوەتە نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعر و بابەتی ئەدەبی و توێژینەوەی سیاسی. لەم بوارەدا بەرهەمێکی زۆری هەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بڵاوکراوەتەوە، هەروەها چەند کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە وەك: (زێدەبایی) و (عەلی شون هەڵگر).

**٦٨- کاکە زیادی غەفوری[٣١١]:**
**کاکە زیاد کوڕی حەمە ئاغای کۆیە. لەسەرەتای ساڵی (١٩١٤) لە شاری کۆیە هاتۆتە دونیاوە. خراوەتە بەر خوێندن و قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیە تەواو دەکات و لە ڕێگەی خوێندنی تایبەتیش بە چاکی فێری زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت.**

**وێستگە گرینگەکانی ژیانی کاکە زیاد:**
**١- لەگەڵ بەرپابوونی بزووتنەوەی چەکداری یەکەم لە بارزان (١٩٣٢) بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی کاکە زیاد پەیوەندییان پێوە دەکات و هاوکاریان دەبێت.**

٢- لەگەڵ کۆمەڵێك رۆشنبیر و نیشتمان پەروەری کۆیە (رەشید عارف، مستەفا خۆشناو، سابیر ئیسماعیل، عوسمان عەونی، کاکە حەمەی مەحمود، عەبدولسەمەد بەننا، زەکی ئەحمەد هەناری) کۆمەڵەی منەوەران لە شاری کۆیە دادەمەزرێنن.

٣- لەگەڵ دامەزراندنی حزبی هیوا لە سەرەتای ساڵی (١٩٤٠) کاکە زیاد دەچێتە ناو ئەو حزبە.

٤- دواتر کە کۆمەڵەی (ژ.ك) لە کوردستانی ئێران پێکدێت، کاکە زیاد و هاوبیرانی پەیوەندی پێوە دەکەن.

٥- لەدوا دوای ساڵی ١٩٤٥ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٦، پەیوەندی بە حزبی رزگاری کورد دەکات.

٦- کە کۆماری مەهاباد دامەزرا لە ٢٢/کانوونی یەکەمی/١٩٤٦ کاکە زیاد پەیوەندی بە زۆربەی سەرەك عەشیرەتەکانی کورد دەکات، بۆ ئەوەی یارمەتی مادی بدەن لە رێگەی هەردوو ئەفسەر (بەکر عەبدولکەریم و مستەفا خۆشناو) یارمەتیەکانیان بۆ دنێرن.

٧- لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦/ئابی/١٩٤٦ کاکە زیاد دەبێتە جێگری سەرۆکی پارتی (مستەفا بارزانی).

٨- لە ساڵی (١٩٤٧) خۆی بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی عێراقی کاندید دەکات و لە هەڵبژاردن سەردەکەوێت، لەناو پەرلەمانیش رۆڵێکی باش دەگێرێت.

٩- لە کانوونی دووەمی ١٩٤٨، لەکاتی راپەرینە نیشتمانییەکەی گەلی عێراق، لە پەرلەمان ئیستقالە دەکات وەك نارەزاییەك بەرامبەر مۆرکردنی پەیمانی (پورتسموس).

١٠- کاکە زیاد ساڵی ١٩٥٢ وەك نوێنەری پارتی چووەتە ناو بزووتنەوەی ئاشتیخوازی عێراق.

١١- کە شۆرشی ئەیلول هەڵگیرسا لە ١٩٦١ کاکە زیاد دەستگیر کراو لە زیندان ماوەیەك تا کودەتا سەربازیەکی ١٩٦٣ ئازاد دەکرێت، پاشان پەیوەندی بە شۆرشەوە دەکات.
١٢- لە ساڵی ١٩٦٤، کاتێ سەرکردایەتی شۆرشی کورد بریاری دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەدا، کاکە زیاد کرا بە ئەندامی تەنفیزی لەو ئەنجومەنە.
لە رۆژ ١٢/نیسانی/١٩٩١ لە شاری نەغەدەی کوردستانی رۆژهەلأت کۆچی دوایی دەکات.

## ٦٩- کامل حەسەن[٣١٢]:

کامل کوری حەسەن کوری محەمەد ئەمین، ساڵی (١٩٠٠) لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیا، لە قوتابخانەی روشدییەی سەربازی لە شاری سلێمانی خوێندوویەتی، پاشان لە قوتابخانەی روشدییەی سەربازی ئامادەیی لە شاری بەغدا وەرگیراوە، دوای چووەتە شاری ئەستەنبۆل و لە قوتابخانەی سەربازی وەرگیراوە و ساڵی (١٩٢٠) بە پلەی ئەفسەر دەرچووە.
دوای جەنگ گەراوەتەوە عێراق، وەك ئەفسەر لە سوپای عێراق دامەزراوە، بەلأم ساڵی ١٩٢٩ لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی لە سوپا دوورخراوەتەوە، دواتر گەراوەتوە ناو سوپا، بەلأم جارێکی دیکە بەهۆی پەیوەندی بە شێخ مەحمود و بزووتنەوەکەی لە سوپار دەرکراوە و بەبەرێوەبەری (ئەشغال)ی سلێمانی دامەزراوە، تا کۆچی دوایی دەکات لە (١٩٤٠).
کامل پیاوێکی کورد پەروەر و دڵسۆزانە هەوڵی داوە بۆ گەلەکەی، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵە و رێکخراوە سیاسییەکان پەیوەندی هەبووە، وەك:

لە دامەزراندنی کۆمەڵە زەردەشت بەشداری کردووە، لەگەڵ هەریەک لە: ئیسماعیل شاوەیس، مستەفا سائیب، شەوکەت عەزمی بابان، فوئاد مەستی، کەریم شالوم، عوسمان فایق، عەبدولواحید نوری، ئەحمەد عەزیز ئاغا.
هەروەها پەیوەندی بە کۆمەڵەی (خۆیبوون) و کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) هەبووە.

### ٧٠- (شێخ) لەتیف شێخ مەحمود[٣١٣]:

شێخ لەتیف، کورە گچکەی شێخ مەحمودی حەفیدە، ساڵی (١٩١٧) لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، دوای بەدیلگرتنی شێخ مەحمودی باوکی لەلایەن سوپای ئینگلیزەوە، شێخ لەتیف لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو ئێران کۆچیان کردووە و بوون بە میوانی (سمکۆی شکاک).
شێخ لەتیف ساڵی ١٩٣١ بەشداری لە شەڕی ئاو باریک کردووە، هەروەها دامەزرێنەری کۆمەڵەی برایەتییە ساڵی ١٩٣٧، کە ئامانجی رزگارکردنی کوردستان بووە.
پاشان بەهۆی بریاری حکومەت بۆ دەستگیرکردنی ساڵی ١٩٤٢ دەچێتە ئێران و لەسەردەشت جێگیر دەبێ، بەڵام دوای یەک ساڵ دەگەڕێتەوە.
پشتگیرییەکی توندی کۆماری کوردستانی کردووە ساڵی ١٩٤٦. چەند جارێک زیندانی دەکرێت، دواجاریان ساڵی ١٩٥٦ بوو، کە لە شاری (بەسرە) زیندانی دەکرێت تا بەرپابوونی شۆرشی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ ئازاد دەکرێت.
دیوانێکی شیعری هەیە بە زمانی کوردی لەژێر ناوی (گوڵی وەریو) لە ساڵی ١٩٥٧ز چاپکراوە.
هەروەها کتێبێکی دیکەی هەیە بەناوی (گیا کەلەی کۆمەڵایەتی) ساڵی ١٩٧٨ لە سلێمانی چاپکراوە.
لە ساڵی (١٩٧٢) لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

### ٧١- (شێخ) لەتیفی دانساز[٣١٤]:

ناوی تەواوی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ عەبدولقادرە، لە ساڵی (١٨٨٧) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لە منداڵییەوە زانستە ئایینییەکانی خوێندووە لە مزگەوتەکانی: هەڵەبجە، قزرابات، کەرکوك.
زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و فەرەنسی و ئینگلیزی زۆر باش زانیوە، دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی ئایینی گەڕایەوە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی باوکی، بووە بە مامۆستا.
لە ترسی بوون بە سەرباز، ماوەیەك شاری سلێمانی بەجێ دێڵێ و سەفەری ئێران دەکات، دواتر دەگەڕێتەوە سلێمانی، لەو ماوەیە دا فێری کاری هەڵکەندنی مۆر و دروستکردنی چەقۆ و خەنجەر و تواندنەوەی مس بووە، بەو کارەوە توانیویەتی بژێوی خۆی بەدەست بهێنێ.
هەر لەو سەر و بەندەدا سەفەری ناوچەی هەورامان دەکات، ماوەیەك لە گوندی بیارە جێگیر دەبێت لەوێ فێری دروستکردنی ددان دەبێت، هەروەها چاککردنەوەی سەعات و دارشتنی دراو دەبێت.
پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید هەبووە، پاشان بووە بە ئەندامێکی چالاك لە کۆمەڵەی برایەتی کە شێخ لەتیف سەرپەرشتی دەکرد، لە ١٨ ئایاری ١٩٤٨ کۆچی دوایی دەکات.

### ٧٢- محەمەد نەجیب بەرزنجی[٣١٥]:

مامۆستا محەمەد نەجیب لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٥)ە، لە گوندی (سەرکەت)ی سەر بە ناحیەی بیارەی پارێزگای سلێمانی، لەبنەماڵەیەکی ئایندار پەروەردە کراوە، خوێندنی لە مزگەوتەکانی کوردستان لەسەر دەستی زانایانی ئایینی کورد خوێندووە، ساڵی (١٩٦٥) مۆڵەتی زانستی وەرگرت بۆ وانە وتنەوە و فەتوا دەرکردن، هەروەها ساڵی (١٩٧٨)، خوێندنی لە زانکۆی بەغدا تەواو

کردووه و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی ئادابی لە زمانی عەرەبیدا وەرگرتووە. لەسەر دەستی مامۆستا، ژمارەیەکی گەورەی زانایانی کوردستانی عێراق و ئێران لە نێوان سالآنی (١٩٦٥-١٩٨٧) خوێندنیا تەواو کردوە.

ئاوبراو لە دامەزرێنەرانی (رابیتەی ئیسلامیە)وە دواتریش دامەزراندنی (بزووتنەوەی ئیسلامی) رۆڵێکی کارای هەبووە لە نزیك کردنەوەی بیرو راکان لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانی رەوتی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، ئێستاش رابەری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە، مامۆستا لە رۆژی ١٣/حوزەیرانی/٢٠١٤ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گوندەکەی لە هەورامان بەخاك سپێردرا.

## ٧٣- شێخ محەمەد (شێخە شەل)[٣١٦]:

شێخ محەمەد کوڕی محەمەد عەلییە، ناسراوە بە (شێخە شەل)، لە ساڵی ١٩٢٧ لەشاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە، لە تەمەنی (٧) ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی، چەند ساڵێك خوێندوویەتی و فێری زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی بووە.

ئاوبراو لە چینێکی هەژار و چەوساوەی کوردپەروەر بوو، هۆشیاری نەتەوایەتی و چینایەتی پەیدا کردووە، لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم چووەتە ناو ریزەکانی رێکخستنی مارکسیەکان لە هەولێر، شان بە شان خەباتگێرە پێشەنگەکانی رێبازی مارکسی. هەروەها کاتێ حزبی هیوا دامەزراوە، ئاوبراو بووە بە ئەندامی حزبی هیوا.

ئاوبراو لە هەموو بۆنە و یادەوەرەییە ئایینی و نیشتمانی و میللیەکاندا، ئاهەنگی گێڕاوە، ئەو بۆ نانەی بەکارهێناوە بۆ هۆشیارکردنەوەی چینی هەژار، لەگەڵ (فەهد)ی پێشەوای حزبی شیوعی عێراقی لەیەك زیندانندا بووە، جێگەی

باوەڕ و متمانەی ئەو سەرکردەیە بووە، کراوەتە نوێنەری شیوعییەکان لە بەندیخانەکاندا لەگەڵ نوێنەرانی بزاڤی نەتەوەییەکانی عەرەب.
شێخە شەل کە لە بەندیخانە ئازاد دەکرێ، لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەم، کتێبخانەیەکی لەبن دیواری قەڵای هەولێر کردۆتەوە بەناوی (کتێبخانەی هەولێر)، بۆتە مەڵبەندێکی حزبی شیوعی لە شارەکە و جێگەی یەکتربینین.
شێخە شەل لە دوای کودەتاکەی ٨/شوباتی/١٩٦٣ تووشی گرتن و ئازاردانێکی زۆر دەبێ، بەڵام لەناو زینداندا خۆ راگر دەبێ.
لە ٣٠ تەمموزی ٢٠٠٢ لە شاری هەولێر لە تەمەنی (٧٥)ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

### ٧٤- محەمەد سەعید جاف[٣١٧]:

محەمەد سەعید بەگ کوڕی حەمەد بەگی جافە، ساڵی ١٩٢٦ لە کەلار هاتۆتە دونیاوە، وەکو لاوێك هەر زوو تێکەڵاوی ژیانی فەرهەنگی و سیاسی بووە، لە ساڵانی چلەکاندا ئەندامی حزبی هیوا بووە، هەر لەو سەردەمەوە دەستی بە نووسین و وەرگێڕان کردووە. بەرهەمەکانی لە گۆڤاری (گەلاوێژ، هیوا، هەتاو) هەروەها رۆژنامەی (ژین) بڵاو کردۆتەوە، بابەتەکانی وەك: کورتە چیرۆك و وتاری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و وەرگێڕان لە فارسییەوە. پەراوی (ئاوارە)ی کە لە چوار بەرگدایە، لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، ئەم پیاوە خاوەنی ئەرشیفێکی وێنەی کەسایەتی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد و گەلانی دراوسێ تیادا کۆکردۆتەوە.
مرۆڤێکی کوردی راستگۆ و نیشتمانپەروەرد روناکبیر و مرۆڤ دۆست بووە.
لە رۆژی ١٦/ئازاری/١٩٩٦ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

### ٧٥- محەمەد شاکەلی[٣١٨]:

محەمەد ئەحمەد شاکەلی، ساڵی ١٩٤٤ لە شارۆچکەی کەلار هاتۆتە دونیاوە، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری ئاینداری گەورە بوو. خوێندنی سەرەتایی لە کەلار تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی لە کفری و ئامادەییشی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦١ لە خانەی مامۆستایانی کەرکوک وەرگیراوە و ساڵی ١٩٦٣ بە مامۆستا دامەزراوە.

### وێستگە گرینگەکانی ژیانی سیاسی:

١- هەر لەسەردەمی خوێندکارییەوە پەیوەندی بە (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) کردووە، دواتر لە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوە.

٢- ساڵی ١٩٦٣ لە کاتی هێرشی ڕژێم بۆ سەر کوردستان پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردوە، وەك پێشمەرگە بەشداری کردووە.

٣- دوای ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق (١٩٦٤) گەڕاوەتەوە سەر پیشەی مامۆستایی، هەر لەو سەر و بەندەدا دوای دووبەرەکیەکەی ناو پارتی، پەیوەندی بە باڵەکەی مەکتەبی سیاسییەوە کردووە.

٤- ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥) لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ڕژێم، گەڕاوەتەوە ریزی پێشمەرگایەتی و بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کفری (پارتی) دانراوە.

٥- دوای تێشکانی شۆڕش گەڕاوەتەوە سەر پیشەی مامۆستای و دوورخراوەتەوە بۆ باشووری عێراق.

٦- لەگەڵ دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، پەیوەندی بەم ڕێکخستنەوە کردووە، سەرەتا لە باشووری عێراق، دواتر کە گەڕاوەتەوە

سلێمانی کراوە بە بەرپرسی لقی سلێمانی و پاشان بە سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان.

٧- لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان (ئایاری ١٩٨١) بە شێوەیەکی نهێنی بڕیارداوە لەسەر دانانی بە ئەندامی سەرکردایەتی حزب.

٨- لە ئابی ١٩٨٢ شار بەجێ دێڵێ و دەگاتە شاخ و ژیانی پێشمەرگایەتی دەست پێ دەکات.

٩- لە کۆبوونەوەی ئابی ١٩٩١ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیست هەڵدەبژێردرێت.

١٠- سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ پاش یەکگرتنەوەی حزبی سۆسیالیست و یەکێتی نیشتمانی بە ئەندامی سەرکردایەتی ی.ن.ك دادەنرێت.

١١- چەند جارێك پلەی وەزیری پێدراوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٢- ژمارەیەکی زۆری بابەت نووسین لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بلاوکردۆتەوە سەرەڕای چاپ کردنی چەند کتێبێك.

### ٧٦- (سەید) محەمەد جەباری[٣١٩]:

سەید محەمەد کوڕی سەید عەبدولصەمەد، ساڵی (١٢٩٦) کۆچی لە گوندی (مەحمود پەرێز)ی ناوچەی جەباری لەدایك بووە، خوێندگە ئایینیەکانی شاری کەرکوکی تەواو کردووە، لە زمانەکاندا عەرەبی و فارسی سەرەڕای کوردی زانیوە.

بەهۆی لێهاتوویی سەید محەمەد، باوکی لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا دەسەلاتەکانی خۆی وەك سەرۆك عەشیرەت بەخشیوەتە سەید محەمەد، ئەویش سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێناوە. سەید محەمەد، یەکێك بووە لە هاوڕێ نزیکەکانی شێخ مەحمود حەفید و بەشداری کردووە لە زۆربەی شەڕ و داستانەکانی. سەید محەمەد بەشداری شەڕی (شوعەیبە)ی ساڵی ١٩١٤

باشووری عێراق کردووە دژ بە سوپای ئینگلیز، هەروەها دواتر شەڕی (بانی مەقان)، ساڵی (١٩١٩) فەرماندەی شۆڕشگێڕانی کورد بووە لە داستانی (تاسلوجە).

سەید محەمەد جەباری یەکێك بووە لەو کەسانەی هەوڵی زۆریان داوە بۆ ئازادکردنی شێخ مەحمود و گێڕانەوەی لە هیندستان.

هەروەها بەشداری شەڕی ئاو باریکی ساڵی ١٩٣١ کردووە دژ بە هێزی حکومەتی عێراق کاتێ هێرشیان بۆ سەر شێخ مەحمود کردووە، ناوبراو ئەندامی کۆمەڵەی ئازادی کوردستان بوو.

سەید محەمەد لەکاتی سەردانەکەی مەلیك فەیسەڵ بە توندی دژی وەستاوە و ڕەتیکردۆتەوە کە دیاری لە مەلیك فەیسەڵ وەربگرێت.

ساڵی (١٣٥٤) کۆچی، کۆچی دوایی کردووە.

### ٧٧- محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان (سامی)[٣٢٠]:

محەمەد مەحمود شەنگالی، ناسراو بە (سامی) لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٢ز، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیارییە لە بەریتانیا - سەرەتای ژیانی سیاسی لە پەیوەندیکردنی بەحزبی شیوعی عێراقییەوە دەست پێ دەکات لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو، پاشان لە حزبی شیوعی دوورکەوتۆتەوە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوو.

### وێستگە گرینگەکانی ژیانی سیاسی:

١- لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٦٦) بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و پاشان بووە بە ئەندامەی مەکتەبی سیاسی.

٢- لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) دوای ڕێککەوتننامەی (١١/ئازار)، بە وەزیر دانراوە لە حکومەتی بەغدا.
٣- لە دوای ڕوخانی شۆڕشی کورد، لە کۆنگرەی (٩) ساڵی ١٩٧٩ بەشداری کردوە بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، دوای ماوەیەك لە پارتی جیا بۆتەوە، لەگەڵ کۆمەڵە کادیر و سەرکردەیەکی دیکە لە تەمموزی ١٩٨١ پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراندووە.
٤- لە ئابی ١٩٩٣ لە کۆنگرەی یەکگرتنی حزبەکانی (گەل - پاسۆك - حسك) بە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە.
٥- ساڵی ١٩٩٣، لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی (١١) پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی یەکگرتن خۆی هەڵدەوە شێنێتەوە و تێکەڵ پارتی دەبن و سامی بە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێردرێت.
٦- لە ڕووداوە تیرۆریستیەکەی ناو لقی دویی پارتی لە هەولێر لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤، لەگەڵ ژمارەیەك کادیر و سەرکردەی دیکە شەهید دەبن.

## ٧٨- مەحەمەد قودسی[٣٢١]:

محەمەد مەحمود حلمی (ناسراو بە محەمەد قودسی) لەبەر ئەوەی لە شاری (قودس) لە دایك بووە ساڵی ١٩٢١، لەو کاتەدا باوکی ئەفسەر دەبێت لە سوپای عوسمانی.

خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە کۆلێژی سەربازی بەغدا وەرگیراوە، دوای دوو ساڵ بە پلەی (نائیب زابت) دەرچووە، لە شاری هەولێر دادەنرێ و دواتر پلەی مولازمی دوەمی پێدراوە و گوازراوەتەوە بۆ دەزگای (تەجنید)ی ڕەواندوز.

لە رواندوز شانەیەکی حزبی پێکهێناوە لە چەند کوردێکی دڵسۆز کە بریتی بوون لە هەریەك: نوری حەکیم، مەعروف محەمەد غەریب، ئەسعەد عەبدولرەحمان بابان، وەهاب رواندوزی، کە سەر بە حزبی هیوا بوون.

پاشان بە بڕیاری حکومەت، رەوانەی بەغدا کراوە و ماوەیەك لەژێر چاودێری دەمێنێتەوە، دواتر بە شێوەیەکی نهێنی دەگەڕێتەوە رەواندوز ساڵی ۱۹٤۳ و پەیوەندی بە شۆڕشی بارزان دەکات، بەڵام دوای (۱٥) رۆژ کە مەلا مستەفا بارزانی دەچێتە بەغدا، محەمەد قودسی لەگەڵ خۆی دەبات، لەوێ رازی دەبن کە بگەڕێتەوە ناو سوپا، بەڵام جارێکی دیکە لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی راپەڕینی بارزان، محەمەد پەیوەندی بە هێزی بارزان دەکات.

لەو ماوەیەی کە هێزەکانی بارزان دەکشێنەوە کوردستانی رۆژهەڵات محەمەد قودسی لەگەڵیان دەبێت و لەوێ سەرەڕای کاری عەسکەری، دەبێتە بەرپرسی رێکخراوی لاوان لە شاری (سەقز)، ناوبراو لە وتار خوێندنەوە توانایەکی بەرزی کاریگەری هەبووە.

دوای ئەوەی کۆماری کوردستان دەروخێ و هێزەکانی پێشمەرگە دەکشێنەوە، محەمەد قودسی لەگەڵ (مستەفا خۆشناو، خەیروالله عەبدولکەریم، عزەت عەبدولعەزیز) دەگەڕێنەوە خۆیان دەدەنەوە دەستی حکومەت.

بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت لە ۱۹/حوزەیرانی/۱۹٤۷.

## ۷۹- مەحمود جەودەت[٢٠٢]:

مەحمود جەودەت کوڕی ئەحمەد جەودەتە، بەرەگەز دەچێتەوە سەر هۆزی (زەنگەنە)، ساڵی ۱۸۸۹ هاتۆتە کۆڕی ژیانەوە، قوتابخانەی (روشدییەی سەربازی) ساڵی ۱۹۰۷ تەواو کردووە، چووەتە ئەستەنبول لەوێ (٤) ساڵ لە قوتابخانەی (سوپای سوڵتان)ی خوێندویەتی و بووە بە ئەفسەر.

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشداری کردووە، لەکاتی حوکمرانی شێخ مەحمودی حەفید دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی، پایەیەکی بڵندی لە لەشکردا پێ دەدرێت، پاشان دەچێتە ناو سوپای عێراق، لەو کاتەدا دەستی کردووە بە نووسین و هۆنراوە دانان، بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) و (پێشکەوتن) و گۆڤاری (زاری کرمانجی) بڵاوکردۆتەوە، بەشداری کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوو.

دۆستایەتی لەگەڵ (بەکر صدقی) هەبووە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ (سمکۆی شکاك) دا هەبووە، زۆر نووسینی لە فەرەنسییەوە گۆڕیوەتە سەر زمانی کوردی و لەچاپیداوە.

لە مشتومڕێکدا لەگەڵ لێپرسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین لە بەغدا، ئەو لێپرسراوە دەکوژێت، دوایی فەرمانی لە سێدارەدانی دەدرێت و لە رۆژی ٢٠/تشرینی دووەمی/١٩٣٧ لەسێدارە دەدرێت و تەرمەکەی دەگوازرێتەوە شاری سلێمانی.

### ٨٠- مەحمود خانی دزلی[٣٢٣]:

مەحمود خانی دزلی کوڕی عەزیز خانی کوڕی بارام بەگە، ساڵی (١٨٧٠) لە دێی - دزلی - لە ناوچەی هەورامانی تەخت هاتۆتە کۆڕی ژیان. باوکی یەکێك بوو لە سەردارە دەست ڕۆیشتووەکانی هەورامان. دوای خۆی مەحمودخان دەبێتە جێنشین و دەبێتە گەورە پیاوێکی ئەو سەردەمەی کورد و خاوەن عەشیرەتێکی بەدەسەڵات.

ئەم پیاوە یەکێك بوو لە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان، بەهۆی بەرهەڵستکاری گیانی تێکۆشانیدا، چەندین جار لە ساڵانی جیاوازدا دەربەدەر کراوە و

خراوەتە بەندیخانەکانی (هیندستان، سنە، قەسری قاچار، رومادی، سلێمانی، کەرکوك).

مەحمود خان پەیوەندییەکی بەتینی هەبووە لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمردا و بە پاڵەوانی یەکەمی شۆرشی شێخ مەحمود ناسراوە، هەروەها هاوکاری کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان و کۆمەڵەی کوردستان بووە، مەحمود خان، خۆشەویستی (سمکۆی شکاك) و (سەردار رەشید خانی ئەردەلان) و (حەمە رەشید خانی بانە) بووە، ناوبراو، پیاوێکی دڵتەڕ و قسە خۆش و بێ فیز تا بڵێی نان بدە و بەخشندە بووە، هەمیشە بەناو داڵدەی هەلأتوانی دەستی رژێمە داگیرکەرەکان بوو، لە بەهاری ١٩٤٦ بە تەڵەکە بازی فەرمانرەوای ئێران، ئەفسەرێکی ئێرانی دەرمان خواردی دەکات و دوای نۆ رۆژ کۆچی دوایی دەکات، لە گوندی (هانەی قووڵ) بەخاك سپێردرا.

## ٨١- مەعروف چیاووك[٣٢٤]:

مەعروف کوڕی عەلی ئەسغەری کوڕی حاجی مەولودی ناسراو بە (بەدیع الزمان)، لە گەورە زانایانی سەر بە عەشیرەتی باڵەکە.

ساڵی (١٨٨٥) لە شاری بەغدا هاتۆتە دونیاو لەوێ گەورە بووە. خوێندنی باڵای لە شارەکانی بەغدا و ئەستەنبول تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی مافە.

لە ماوەی مانەوەی لە شاری ئەستەنبول و سەرنجدانی بۆ بزووتنەوە نیشتمانییەکان، بە بیروڕای تورکە لاوەکان هەڵنەخەڵەتا، بەڵکو بە توندی دژایەتی دەکردن، بۆیە بڕیاری کوشتنی دەرچوو، بەڵام بەخۆ شاردنەوەی لەماڵی خزمێکی بۆ ماوەی (٦) مانگ توانی خۆی رزگار بکات.

دوای دەرچوونی لێبوردنی گشتی گەڕایەوە بەغدا، لەوێ بە مدیری ناحیە دامەزرا، دواتر بە مامۆستا لە خانەی مامۆستایانی شاری بەسرە.

لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨)، ئەو لەبەرەی دژی ئینگلیز بوو بۆیە بەدیلی گیراو بۆ شاری (رانگون) لە رۆژهەڵاتی ئاسیا دوورخرایەوە تا ساڵی ١٩١٩، کاتێ گەڕایەوە تەندروستی زۆر خراپ بوو.
لە ساڵی ١٩٢٥ و لە ماوەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق، زنجیرەیەک وتاری بڵاوکردەوە، کە دواتر لە کتێبێکدا بەناوی (کێشەی کورد) کۆکرایەوە.
ساڵی ١٩٢٩ بوو بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق، وەك نوێنەر لەسەر شاری هەولێر، لەناو پەرلەمان هەڵوێستی نیشتمانی و بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردی خستەڕوو.
ساڵی (١٩٣٠) لە دامەزرێنەرانی یانەی سەرکەوتنی کوردان بوو لە شاری بەغدا، کە بووە جێگای کۆبوونەوەی رۆشنبیران و نیشتمان پەروەرانی کورد.
ساڵی ١٩٣٢ بوو بە دادوەر لە شاری کەربەلا، دواتر سەرۆکی دادگاکان و پاشان ئەندامی دادگای تیاهەڵچوونەوە (تمییز)ی عێراقی، لە دوایدا بە پارێزگاری (موتەسەریف)ی سلێمانی دانراوە، ساڵی (١٩٥٨)ز، کۆچی دوایی کرد و لە هەولێر بەخاك سپێردراوە.

### گرینگترین کتێبەکانی:

١- القضية الكردية - ١٩٢٥ بەغدا.
٢- نيابتي (١٩٢٨-١٩٣٠)، ١٩٣٧ بەغدا.
٣- هەزار پیز و پەند - ١٩٣٨ بەغدا.
٤- الحقائق الثابتة في كراسة فخامة السيد نوري السعيد - ١٩٤٨ بقغدا.
٥- بارزان المظلومة - ١٩٤٥ بەغدا.

**٨٢- مستەفا شەوقی[٢٢٥]:**

مستەفا شەوقی کوڕی قازی لە تیفە، لە بنەماڵەی قازیانی موکریانە، ساڵی (١٨٦٥)ز لە شاری مەهاباد لەدایك بووە، شاعیر و پزیشك و رۆشنبیر و سیاسییەکی گەورەی کورد بووە.

لە حوجرەی مزگەوتەکاندا خوێندوویەتی بەهۆی ئەوەی لە کەس و کاری زوێر دەبێت روو دەکاتە شاری ئەستەنبوڵ، لەوێشەوە چووەتە ئەڵمانیا، زانستی پزیشکی خوێندووە و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ شاری ئەستەنبول و بەکاری پزیشکی خەریك دەبێت. پاشان کەوتۆتە کاری سیاسەتەوە، لە بزووتنەوەی کوردایەتی و کۆمەڵە سیاسییەکاندا بەشداری کردووە، بەکاری سیاسی چووەتە مەهاباد، دوای سێ ساڵ گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبوڵ و لەوێ نشتەجێ بووە، وەك شاعیر و نووسەر و پزیشك کاری کردووە.

مستەفا شەوقی یەکێکە لە شاعیرە داهێنەرەکانی کورد، بەشداری لە زۆری کۆمەڵە سیاسییەکان کردووە، لەوانە کۆمەڵەی هێڤی، کۆمەڵەی خۆیبوون، هەروەها بە یارمەتی چەند هاوڕێیەکی خۆی، کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان دادەمەزرێنێت، خۆشی ماوەیەك سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو، لە ساڵی ١٩٣٣ کۆچی دوایی کردووە.

**٨٣- مستەفا عوزێری[٢٢٦]:**

مستەفا ئاغای عوزێری، ناسراو بە مستەفا عوزێری، ساڵی (١٩١٨) لە شاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە، سەرەتای خوێندنی لە مزگەوت بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەیی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، پاشان لە کۆلێژی ماف وەرگیراوە و ساڵی ١٩٤٢ تەواوی کردووە، بۆ ماوەیەك بەکاری پارێزەری خەریك بووە، دواتر بە مدیری ناحیە لە هەولێر دامەزراوە، بەهۆی هاوکاریکردنی بۆ راپەڕینەکەی بارزان دوور

خراوەتەوە، سەرەتا بۆ ناحیەی (سەنگەسەر) و داتر بۆ باشووری عێراق، بۆ ناحیەی (عەین تەمر)ی پارێزگای کەربەلا. دواتر وازی لە پیشەکەی هێناوە و گەڕاوەتەوە هەولێر.
دوای شۆڕشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ بە بەڕێوەبەری گشتی توتن دانراوە لە شاری بەغدا، دوای کودەتاکەی ٨/شوبات/١٩٦٣ دەخرێتە زیندان و لە پیشەکەی دەردەکرێ.
لە رووی سیاسیەوە، بەشداری کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر، پاشان لە دامەزراندنی حزبی هیوا، بووە بە یەك لە سەرکردەکانی ئەو حزبە، لە دامەزراندنی حزبی رزگاری کورد بەشداری کردووە، هەروەها لە ١٦/ئابی/١٩٤٦ لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
لە رۆژی ١٢/تەمموزی/١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە.

## ٨٤- مستەفا صائیب[٣٢٧]:

مستەفا صائیب، کوڕی مەلا ئەحمەد صائیب کوڕی مەلا قادری مەلا حەسەنی قەرەداغیە، لە ٢٣/ئابی/١٩٠٤ لە شاری کفری هاتووەتە ژیانەوە. باوکی قازی کفری بووە، خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی و ناوەندیشی لە کەرکوك تەواو کردووە. ساڵی ١٩٢٣ چووەتە (قوتابخانەی ئەندازیاری) لە بەغدا، ساڵی ١٩٢٦ بووە بە ئەندازیار لە بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی سلێمانی.
هەندێ کاری گرینگی بە ئەنجام گەیاندووە، وەکو رێگای سلێمانی – قەرەداغ، سلێمانی – پێنجوین، سلێمانی – دۆکان، هەروەها دروستکردنی نەخۆشخانە کۆنەکەی سلێمانی و هەندێ کاری ئەندازیاری دیکە.
لەسەرەتای ژیانی زۆر بە گەرمی خەریکی کوردایەتی بووە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا کۆمەڵەی (زەردەشت) و کۆمەڵەی (خۆیبوون) یان پێکهێناوە، بەخۆی نهێنی گری هەردوو کۆمەڵە بوو. لەسەر کوردایەتی دوورخراوەتەوە بۆ شارەکانی

(موسڵ، حللە، کەربەلا و بەغدا) چەندین وتار و نووسین و چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە لە گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، وەکو: گۆڤاری (گەلاوێژ)، دوا کاتەکانی تەمەنی لەشاری سلێمانی بەسەربردووە، هەموو ژیانیشی بەرەبەنی بەسەر بردووە و ژنی نەهێناوە. لە رۆژی ٩/کانوونی یەکەمی/١٩٨٠، کۆچی دوایی کردووە، لە گردی سەیوان بەخاک سپێردراوە.

## ٨٥- مستەفا نەریمان[٣٢٨]:

مستەفا ئەحمەد سەید مەحەمەد (نەریمان)، ساڵی ١٩٢٤ لە شاری کفری چاوی بە ژیان هەڵهێناوە باوکی سەر بە ساداتی بەرزنجەیە و دایکیشی سەر بە خێڵی دەلۆیە.

خوێندنی سەرەتایی لە کفری و ناوەندیشی لە کەرکوک تەواو کردووە، پاشان لە خانەی مامۆستایانی بەغدا خوێندوییەتی و لە ساڵی ١٩٤٤ بووە بە مامۆستا لە شاری کەلار، ئەندامی حزبی هیوا بوو بەرپرسی ناوچەی گەرمیانی ئەو حزبە بووە، ماوەیەك بە کاروباری سیاسەتەوە خەریك بووە و چەند جارێك زیندانی کراوە و دوورخراوەتەوە بۆ شارەکانی باشوور.

لە گۆڤارەکانی: گەلاوێژ، نزار، شەفەق، بەشداری کردووە و لە ئێزگەی بەغدا کاری کردووە، ژمارەی (٢٥) بابەتی نوسینی هەیە لە هۆنراوە و لە چیرۆکدا رۆژی ٢٧/ئایاری/١٩٩٤ کۆچی دوایی کردووە.

لەو کتێبانەی بە چاپی گەیاندووە:

١- هاواری لاوان - ١٩٥٣.

٢- علي افندي - مسرحية - ١٩٥٨.

٣- ما سراه الاكراد الى المكتبة العربية - ١٩٨٣.

٤- قاموس الادباء والكتاب الكرد - ١٩٨٦.

٥- شۆرشی ئیبراهیم خانی دەلۆ - ١٩٨٧.

٦- بیبلگرافیا الکتاب الکوردي لمدة (٢٠٠٠) ١٩٨٨.

٧- دیوان الشاعر مینه، محمد امین جاف، ١٩٩٠.

## ٨٦- مستەفا خۆشناو[٣٢٩]:

مستەفا عەبدولکەریم، ساڵی ١٩١٢ لە گوندی بێتواتە لەدایک بووە، بە منداڵی باوکی دەمرێ، دایکی دەیهێنێتە شاری کۆیە، بە کەریم ئاغای حەوێزی دەسپێرێ کە بۆی بەخێو بکات، ئەویش لەگەڵ بەکری کوڕی پەروەردەی دەکات و بە کوڕی خۆی تۆمار دەکات (مستەفا عەبدولکەریم) دایکی شوو دەکاتەوە.

مستەفا و بەکر بەیەکەوە ساڵی (١٩٢٠) دەچنە قوتابخانە، مستەفا ساڵی ١٩٢٨ خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات و دەچێتە بەغدا بۆ خوێندن لە خانەی مامۆستایان. ساڵی (١٩٣٠) خوێندن تەواو دەکات و دەبێتە مامۆستای سەرەتایی، پاشان لە کۆلێژی سەربازی وەردەگیرێ و بە پلەی مولازمی دووەم لە سوپای عێراق دادەمەزرێ.

مستەفا خۆشناو ساڵی ١٩٣٩ دەبێتە ئەندام لە حزبی هیوا، ساڵی ١٩٤٢، حزب مستەفا خۆشناو و میرحاج ئەحمەد، دەنێری بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی پەیوەندی کردن بە کۆمەڵەی (ژ.ک).

لە ساڵی ١٩٤٣، مستەفا خۆشناو یەک لەو ئەفسەرانە بوو کە بە لیژنەی پەیوەندی لەلایەن حکومەتەوە دیاری کران بۆ هەماهەنگی لەگەڵ مستەفا بارزانی و شۆڕشی بارزان.

پاشان کە حکومەتی بەغدا لە بەڵێنەکانی پەشمان بۆتەوە بەرامبەر شۆڕشی بارزان، ئەفسەرانی کورد لە ناو لیژنەی پەیوەندی (مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز، محەمەد قودسی، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، بەکر عەبدولکەریم، نوری ئەحمەد تاها) دەچنە پاڵ شۆڕشی بارزان.

بەلاّم هێرشی فراوانی سوپای عێراق و خۆ رانەگرتنی شۆرشگێران، بەناچاری روو لــە کوردســتانی رۆژهــەلاّت دەکــەن، لــەویّ بەشــداری دەکــەن لــە پارێزگاریکردنی کۆماری کوردستان.
کاتێکیش کۆماری کوردستان روخێنرا، مستەفا خۆشناو لەگەلّ ئەفسەرانی دیکە، دەگەرێنەوە و خۆیان تەسلیمی حکومەتی عێراق دەکەن.
حکومەت بڕیاری دادگای عورفی عەسکەریان لەسەر جێبەجیّ دەکات و لەرۆژی ١٩/حوزەیرانی/١٩٤٧ لە سێدارە دەدرێن.

## ٨٧- موسا سەمەد[٣٣١]:

موسا عەبدولسەمەد، لەدایکبوی سالّی ١٩١٩ لە شاری هەولێر، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، لەخانەی مامۆستایان لە شاری بەغدا وەرگیراوە و دوای دەرچوونی، ماوەیەك بە کاری مامۆستایی و کاری ئیداری خەریك بووە، دوایی بووە بە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی و ماوەیەکیش لە هەولێر، ناوبرا ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بووە لە شاری هەولێر.
سالّی ١٩٧٥ بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی یاسادان لە هەولێر و ماوەیەکی ئەمین عامی پەروەردە و فێربوون بووە، تا سالّی ١٩٨٣ خانە نشین کراوە.
چالاکییەکانی لە بواری گشتیدا، ماوەیەك نەقیبی یەکێتی مامۆستایان و ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراقی بووە لە سالّی ١٩٧٩، زنجیرەیەك وتاری وەرگێڕاوی بلاّوکردۆتەوە لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، دەربارەی کۆنگرەی یالتا، لەنێوان ئەمریکا و بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت بەسترا.
لە سالّی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە.

### ٨٨- موحسن بایز[٣٣١]:

موحسن بایز محەمەد ئەمین، لە گوندی (میرزا رۆستەم)ی بناری چیای کۆسرەت لە ساڵی (١٩٥٥) لەدایك بووە، تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کرد، دوای چەند مانگێك دەستگیر کراوە و ڕەوانەی شاری کەرکوك کراوە بۆ لێکۆڵینەوە، تووشی ئەشکەنجە دانی زۆر هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچی نەدرکاند ئازاد دەکرێت.

ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات، دوای جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێکهێنانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩، دەکرێتە جێگری هەرێمی (١٤) ئاکۆ یانی سەر بە حزبی سۆسیالست، پاشان بووە بە بەرپرسی هەرێمی باواجی لە ساڵی ١٩٨٢.

لە دووەمین کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) بەشداری کردووە و بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، دوای کۆنگرە بووە بە بەرپرسی لقی ڕانیەی حزبی سۆسیالیست کوردستان.

لە شوباتی ١٩٩٣ دوا بەدوای تێکەڵبوونی حزبی سۆسیالست لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، موحسن بایز دەکرێتە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری.

ساڵی ١٩٩٤ لێپرسراوی فەرماندەیی باڵەکایەتی پێ سپێردراوە ساڵی ١٩٩٧ بووە بە کارگێڕی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگە، لە ساڵی (٢٠٠١) کرایە بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان.

لە ڕۆژی ١١/حوزەیرانی/٢٠٠٩ لە شارۆچکەی سەنگەسەر بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی دەکات.

### ٨٩- موکەڕڕەم تاڵەبانی[٣٣٢]:

موکەڕڕەم جەمال تاڵەبانی، ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کفری هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کفری تەواو کردووە، ئامادەیشی لە شاری کەرکوك دەرچووی کۆلێژی مافە ساڵی ١٩٤٦، بەکاری پارێزەری هەستاوە، دواتر بەهۆی پەیوەندی نهێنی بەحزبی شیوعی عێراقییە وە، ئاشکرا بووە و لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت گیراوە و ماوەی (٧) ساڵ بڕیاری زیندانی بۆ دەرچوە، تا شۆرشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ ئازاد دەکرێ.

چەندین پلە و پایەی حکومی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٧٢ بووە بە وەزیری ئاودێری و دواتر وەزیری گواستنەوە لە حکومەتی عێراق.

سەرۆکایەتی چەندین وەفدی حکومی و میللی کردووە بۆ وڵاتانی دەرەوە.

ژمارەیەکی زۆری نووسین و توێژینەوەی هەیە لە رۆژنامەکان بڵاوی کردۆتەوە بەتایبەتی دەربارەی چاککردنی کشتوکاڵ.

بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە لە یەکێتی سۆڤیەت دەربارەی نامەکەی بەناوی (چاکسازی کشتوکاڵی و پەرە سەندنە کۆمەلایەتییەکان لە لادێی عێراقدا) ساڵی ١٩٧٣، دووەم دکتۆرای دەربارەی نامەکەی بەناونیشانی (دوو لایەنی موڵکداری لە وڵاتی هەردو رووبار).

ژمارەیەکی زۆری کتێب چاپ کردووە و بڵاویکردۆتەوە.

سەرەتای ژیانی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵەی دارکەر و حزبی هیوا دەست پێ دەکات، پاشان دەبێتە ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی و دەگاتە پلەی سەرکرایەتی لەو حزبە.

### ٩١- میرحاج ئەحمەد[٣٣٣]:

میرحاج ئەحمەد تاهیر ئاکرەیی، ساڵی (١٩١١)ز، لە شاری ئاکرێ هاتۆتە دنیاوە، کەوتە بەر خوێندن لە ئاکرێ و ساڵی (١٩٢٤) چووەتە شاری موسڵ بۆ

تەواو کردنی خوێندنەکەی، ساڵی (١٩٣١) لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی وەرگیراوە و ساڵی ١٩٣٤ وەك مامۆستا دامەزراوە، پاشان وازی لە پیشەیی مامۆستایی هێناوە و چووەتە قوتابخانەی سەربازی و بە پلەی ئەفسەر دوو دەرچووە.

میرحاج گەنجێکی رۆشنبیری خاوەن هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی بووە، ساڵی ١٩٣٩ بووە بە ئەندامی حزبی هیوا و لە رێگەی ئەوەوە ژمارەیەکی زۆری ئەفسەر و سەرباز پەیوەندییان بە حزبی هیوا کردووە، ساڵی ١٩٤٣ پلەی سەربازی بەرزکراوەتەوە بووە بە (نەقیب).

لەو ماوەیەدا حزب رایسپاردووە کە بچێتە کوردستانی رۆژهەڵات بۆ پەیوەندی کردن بە کۆمەڵەی (ژ-ك) کە لە مەهاباد دامەزراوە لە (١٩٤٢/٩/١٦).

لەکاتی شۆرشی دووەمی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) میرحاج یەکێك بووە لەو ئەفەسەرانەی کە لە لیژنەی پەیوەندی کردن دانراوە لە نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆرش.

میرحاج ساڵی (١٩٤٤) جارێکی دیکە بەرەو مەهاباد رۆیشتووە بۆ پەیوەندی کردن بە پێشەوا (قازی محەمەد) لەسەر داوای مستەفا بارزانی، دوای گەرانەوەی پەیوەندی بە شۆرشەوە کردووە و بووە بە ئەندامی لیژنەی ئازادی، کە بریتی بوون لە (میرحاج ئەحمەد، عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیرڵڵا عەبدولکەریم، محەمەد قودسی، ئەمین رەواندوزی، عەزیز شەمزینی).

بەهۆی تێشکانی شۆرشی بارزان، هێزەکانی پێشمەرگە بەرەو کوردستانی ئێران چوونە ساڵی (١٩٤٥) میرحاج یەك لەو ئەفسەرانە بووە کە بەرگریان لە کۆماری کوردستان کردووە.

دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، میرحاج بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا لە ١٦/ئابی/١٩٤٦، ئەگەرچی لەگەڵ هێزەکەی بارزان

بەرەو یەکێت سۆڤیەت دەچێت و دوای شۆرشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ دەگەڕێتەوە عێراق و دەبێتە ئەفسەر لە سوپای عێراق.
بەهۆی کوردەتاکەی ٨/شوباتی/١٩٦٣ دەستگیر دەکرێت و لە سوپا دەردەکرێت.
تەمەنی رووی لە گەورە بوون دەکات، لە رۆژی ١٨/تشرینی دووەمی/١٩٨٨ کۆچی دوایی دەکات.

### ٩١- نافع یونس[٣٣٤]:

نافع، سالی (١٩٢٦) لە شاری هەولێر لەدایك بووە، باوکی فەرمانبەر بووە لە دادگای شەرعی هەولێر، خوێندنی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، بە هەموو قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی سالی ١٩٤٨ کۆلێژی ماف تەواو کردووە لە شاری بەغدا و دەبێتە پارێزەر.

### ژیانی سیاسی:

نافع، ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بووە سالی ١٩٣٩، دواتر پەیوەندی بە رێکخستنەکانی (کۆمەلی میللەت) دەکات، کە رێکخراوێکی مارکسی بوو، بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی رێکخراوی وحدة القاعدة ی کۆمۆنیستی، پاش هەلوەشاندنەوەی (وحدة القاعدة) - نافع پەیوەندی بە حزبی رزگاری کورد دەکات و دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی، سەرەڕای پەیوەندی بە حزبی شۆڕش.
پاش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەلوەشاندنەوەی هەردوو حزبی شۆڕش و رزگاری، نافع پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقیەوە دەکات، بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی.

بەهۆی ئاشکرا بوونی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لەو سەردەمە، نافع دەستگیر دەکرێت لە لایەن دەزگا ئەمنییەکان و زیندانی دەکرێت لە بەندیخانەی (نقرة سلمان) لە باشوری عێراق.

دوای شۆرشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ لە زیندان دەردەچێ و ئازاد دەبێت، لە بواری رۆژنامەگەری کاری کردووە، سەرنووسەری رۆژنامەی (ئازادی) دەبێت ساڵی (١٩٥٩)، لە مانگی شوباتی ١٩٦٣ لەلایەن رژێمی بەعس دەگیرێت و لە زیندان شەهید دەکرێت.

## ٩٢- نەجیبە خانی جەلیل زادە[٣٣٥]:

نەجیبەخان، کچە گەورەی مەلا محەمەدی کۆییە (مەلای گەورە)، لە ٨/ئەیلولی/١٩١٧ لە گەرەکی بایز ئاغای کۆیە هاتۆتە دنیاوە.

لە ساڵی (١٩٢٤) لەگەڵ کوران لە قوتابخانە سەرەتاییەکەی کۆیە چۆتە خوێندن لەسەر بڕیاری باوکی، ئەو هەڵوێستە بەرزەی ئەو زانایە بۆ هاندانی باوکان بووە تا منداڵەکانیان بە کوڕ و کچەوە بخەنە بەر خوێندن.

نەجیبە خان لەو قوتابخانەیەدا لەگەڵ کوران تا پۆلی پێنجەمی خوێندووە، بەو پێیە قوتابخانەکە بوە بە یەکەمین قوتابخانەی تێکەڵاوی کوران و کچان لە هەموو کوردستان.

ئەم خاتوونە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمەوە تێکەڵ بە خەباتی سیاسی میللەتەکەی بووە، لایەنگیری حزبی هیوا بوو، لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە ١٦/ئابی/١٩٤٦ بووە بە ئەندامێکی ئەم پارتە، رۆڵێکی باشی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی لەناو ئافرەتانی کردستان.

لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ١١/کانوونی یەکەمی/١٩٥٢، نەجیبە خان بووە سەرۆکی لقی ئەو یەکێتییە لە شاری کۆیە و بە شێوەیەکی نهێنی.

دوای شۆڕشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨، نەجیبە خان بە شێوەیەکی ئاشکرا سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان/ لقی کۆیە بووە لەنێوان سالآنی (١٩٥٨-١٩٦٠).

لە شەوی ١١/١٢-حوزەیرانی/١٩٩٩ لە تەمەنی (٨٢) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەم ئافرەتە رۆشنبیرە، کۆمەڵێك بەرهەمی دەستنووسی مێژوویی لەپاش بەجێماوە، لەوانە:

١- مێژووی کۆیە.

٢- مێژووی بنەماڵەی جەلیل زادە.

٣- رووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول.

٤- کۆمەڵێك چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی.

### ٩٣- ناهیدە شێخ سەلام[٢٣٦]:

ناهیدە کچی شێخ سەلامی شاعیری کوردی بەناوبانگە، لە ساڵی (١٩٢٢) لە گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی خوێندووە، خانەی مامۆستایانی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، لە چلەکانی سەدەی بیستەم، پێشەنگی ژنانی کورد بووە کە لەبواری سیاسەتەوە کاری کردووە.

سەرەتا لە ریزی ڕێکستنەکانی (ژ.ك) و حزبی هیوادا کاری کردووە، دواتر پارتی رزگاری کورد، پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمردا بووە، بەشداری کردووە لە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١.

لە کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی، ساڵی (١٩٦٠) بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە، تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەری ڕێبازی کوردایەتی بوو، مامۆستایەکی کورد پەروەریش بووە، یەکەم ئەمینداری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بوو، لە رۆژی ٢٩/تشرینی دووەمی/٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە.

## ٩٤- نوری شاوەیش[٢٣٧]:

نوری سدیق شاوەیس، ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی، لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێری کوردپەروەر هاتۆتە دونیا.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٤١ لە کۆلێژی ئەندازیاری لە بەغدا وەرگیراوە، بە ئەندازیار لە سەر میلاکی وەزارەتی (ئەشغال) دامەزراوە و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و باشوری عێراق کاری کردووە، لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا بەشداری کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئازادی کوردی و ساڵی ١٩٣٥لە کۆمەڵەی دارکەر و ساڵی ١٩٣٩ لە حزبی هیوا و دواتر لە هەردوو حزبی شۆڕش و رزگاری کورد، وەك ئەندامی سەرکردایەتی بەشداری کردووە.

لە ١٦/ئابی/١٩٤٦ لەگەڵ باوکی سدیق شاوەیش بەشداری یەکەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە لە شاری بەغدا، ناوبراو لە کۆنگرەی

دووەمی پارتیدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت و پاشان دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

دوای شۆرشی ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ دەبێتە جێگری سەرۆکی سەندیکای ئەندازیاری عیراق، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری عێراق و ئاشتی جیهانی بووە.

ساڵی (١٩٧٠) یەکێك بووە لە ئەندامە کاراکانی وەفدی دانوستانی پارتی لەگەڵ حکومەتی بەغدا و ئەنجامدانی رێککەوتنی ١١/ئازاری/١٩٧٠.

لە ساڵی (١٩٨١) لەگەڵ کۆمەڵە کادیرێکی دیکە، لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیا دەبێتەوە و حزبی گەل دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنن.

لە ١٥/تشرینی دووەمی/١٩٨٣ کۆچی دوایی دەکات لە دەرەوەی وڵات.

## ٩٥- هەمزە عەبدوڵلا[٢٣٨]:

هەمزە عەبدڵلا عومەر کوردۆ، لە ساڵی (١٩١٥) لەناوچەی مەرگەوەری کوردستانی رۆژهەلات لەدایك بووە. بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگ و هێرشەکانی سوپای روس، خێزانەکەی هەمزە کۆچیان کرد بەرەو باشوور و لە ناوچەی زاخۆ گیرسانەوە. ماوەی (٥-٦) ساڵ لەو ناوچەیە مانەوە و هەمزە دەستی بە خوێندن کرد.

محەمەد، برا گەورەی هەمزە ئەفسەر بوو لە ناوچەی بارزان، هەمزە پەیوەندی پێوە کردو لەوێ شێخ ئەحمەد بارزانی و شێخ مەحەمەد خالیدی بارزانی ناسیوە.

هەمزە ساڵی (١٩٣٦) کۆلێژی مافی تەواو کردووە بوو بە پارێزەر لە شاری زاخۆ، پێدەچێ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقییەوە کردبێ، لەبەر ئەوەی لە زاخۆ بەو کارە هەستاوە.

ساڵی (١٩٤٦) لەلایەن مستەفا بارزانی و لیژنەی ئازادییەوە، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیان پێ سپارد، لە مەهاباد گەڕایەوە کوردستانی باشوور، لەگەڵ هەریەک لە ئیبراهیم ئەحمەد و تاها محیەددین مەعروف، چوونە بەغدا و خانووی (سەعید فەهیم) یان بەکرێ گرت.

لەو خانووە یەکەم کۆنگرەی پارتی بەسترا لە پاشماوەکانی حزبی هیوا و هەردوو حزبی شۆرش و رزگاری، هەمزەش بە سکرتێری حزب دیاری کرا.

لە کۆنگرەی دووەمی پارتی، هەمزە لە سکرتێری حزب دوور خرایەوە، ئەو بڕیارەش ناڕەزایی هەمزەی لێ کەوتەوە و ململانێ لەناو سەرکردایەتی پارتی سەری هەڵدا.

ساڵی (١٩٥٦) هەوڵێکی زۆر درا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو سەرکردایەتی پارتی، هەمزە دووبارە گەڕایەوە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی، بەڵام کێشەکان بنبڕ نەکران، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٩ و لە شاری بەغدا، بەهۆی درێژە پێدانی ئەو ململانێیانە، کۆنگرەی چوارەم بڕیار دەرکردنی هەمزە و چەند کەسێکی دیکەی دەرکرد، لە ڕیزی پارتی.

هەمزە لە ماوەی خەباتی سیاسیدا، بەتایبەتی لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، چەند جارێک گیراوە و لە زیندان ماوەتەوە، هەروەها هەڕەشەی دەرکردنیشی لە عێراق لێ کراوە، ماوەیەک لە شاری سلێمانی لای شێخ لەتیف شێخ مەحمود خۆی شاردۆتەوە.

دوا ساڵەکانی ژیـانی هـەمزە، لەگـەڵ (نەعیمـە خـانی) هاوسـەری (خوشـکی ئیـبراهیم ئەحمـەد بـوو) لـە سـلێمانی بەسـەر بـردووە، تـا لـە ١٣/کـانوونی یەکەم/١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووە.

## ٩٦- وەخاب ئاغای ڕەواندوزی[٣٣٩]:

وەهـاب ئاغـای ڕەواندوزی، نـاوی تـەواوی (عەبدولوەهاب کوڕی محەمـەد عەلی ئاغا)، لە گەڕەکی کاولۆکان ساڵی (١٩٠٩) لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە ڕەواندوز تەواو کردووە، بۆ تەواوکردنی خوێندنی ڕووی کردۆتە هەولێر، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی نـەیتوانیوە خوێنـدن تـەواو بکـات، لـە سـەرەتاکانی چلەکانی ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە.

لەگـەڵ دامەزرانـدنی حزبـی هیـوا (١٩٣٩) پەیوەنـدی بـە حزبـەوە کـردووە و چالاکانە کاری بۆی کردووە، بەهۆی تێشکانی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) وەهـاب ئاغـا لەگـەڵ هێـزی شـۆڕش ئـاوارەی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات بووە و بەشداری کردوە لە کۆماری کوردستان، وەك کەسایەتییەکی سەربازی، خزمەتی لەشکری کردستانی کردووە.

هەر بە هۆی ڕوخانی کۆماری کوردستان، دەگەڕێتەوە کوردستانی باشوور و لەلایـەن دەزگـا ئەمنیـەکانی حکومـەتی عێراقـی دەسـتگیر دەکرێـت و سـزای لەسـێدارەدانی بـۆ دەردەچـێت. بـەڵام لـە دوای هـەوڵێکی زۆر بڕیـاری لەسێدارەدانی دەگۆڕێـت بـۆ زینـدانی هـەتا هـەتایی و لـە سـاڵی ١٩٥٣ ئـازاد دەکرێت.

دوای گەڕانـەوەی مـستەفا بـارزانی لـە ئـاوارەیی (دوای شۆڕشـی ١٤/تـەمموزی/١٩٥٨)، هـەروەها لەگـەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشـی کـورد لـە

ئەیلولی ١٩٦١، وەهاب ئاغا بەشداری دەکات تا ساڵی ١٩٧٠ کە بە فەرمی لە کاری حزبی دەکشێتەوە.
هەر بە هۆی سەختی ژیانی، توشی نەخۆشی دڵ دەبێت و لە زستانی ساڵی ١٩٧٢ کۆچی دوایی دەکات.

## ٩٧- وەسفیە بەنی وەیس[٢٤٠]:

ساڵی (١٩٥٣) لە گەڕەکی (مەزرەعە)ی شاری خانەقین لەدایک بووە، دەرچووی ساڵی (١٩٧٥)ی بەشی کوردییە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی، لەو قۆناغەدا پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.
ساڵی (١٩٧٤) دەست بەسەر ماڵیان گیراوە و دایک و باوکی بۆ باشوور دوورخراونەتەوە، بەهۆی پەیوەندی کردنی براکانی بە هێزی پێشمەرگە.
ساڵی (١٩٧٦) وەك مامۆستا لە کەلار دامەزراوە، دواتر بۆ تاسلوجە خۆی گواستۆتەوە. ساڵی (١٩٧٧) پاش دامەزراندنی رێکخراوی لەیلا قاسم بۆ رێکخستن، سەرپەرشتی بەشێکی ئەو رێکخراوەی کردووە، پاشان لە شاری بەغدا پەیوەندی بە رێکخراوی هەڵۆی سوور کردووە، هاوکاریان بوە لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان.
ساڵی (١٩٧٨) دوو نامەی سکرتێری گشتی (ی.ن.ك) مام جەلال دەگەیێنێتە (ئیمام خومەینی) کە ئەو کاتە لە شاری (نەجەف) بوو، لەو نامانەدا هاتبوو، یەکێتی ئامادەیە هاوکاری ئیمام خومەینی بکات.
ساڵی (١٩٨٦) لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە، بۆیە رووی کردە شاخ و لەگەڵ هاوسەرەکەی (عەلی شامار) ژیانی پێشمەرگایەتی دەست پێ کرد.

لەکاتی شالاوی ئەنفالەکان بۆ سەر دۆلی جافایەتی و ناوچەی مەرگە، ماوەیەك خۆی لەناو شاری سلێمانی دەشارێتەوە، دواجار دەڕواتەوە ناو پێشمەرگە و لەگەڵ دامەزراندنی (یەکێتی ژنانی کوردستان) لە شای سەقز سالی (١٩٨٩) هاوکار دەبێت.

لە ماوەی سالانی (١٩٩٢-١٩٩٣) لێپرسراوی لقی کەرکوکی یەکێتی ژنانی کوردستانی گرتە ئەستۆ و ماوەیەکیش کارگێڕی مەلبەندی گەرمیان بوو.

سالی ٢٠٠٣ بە جێگری لێپرسراوی مەلبەندی خانەقین هەلبژێردرا.

سالی (٢٠١٠) لە سێیەمین کۆنگرەی (ی.ن.ك) لە سلێمانی بە ئەندامی سەرکردایەتی هەلبژێردرا.

## ٩٨- یونس دلدار[٣٤١]:

یونس رەئوف دلدار، سالی (١٩١٧) لە شاری کۆیە لەدایك بووە، سەر بە بنەماڵەی (خادم السجادە) یە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە، ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر و کەرکوك خوێندووە. سالی (١٩٤٥) کۆلێژی ماف تەواو کردووە و بەکاری پارێزەری هەستاوە لە شاری هەولێر.

قسە خۆش و حەزی لە گالتە و گەپ کردووە، ژیانی جوتیاری زۆر پێ خۆش بووە، بەرگری لە مافەکانیانی کردووە.

دلدار دامەزرێنەری قوتابخانەی داهێنان و قوتابخانەی ریالیزمی بووە لە ئەدەبی کوردی، شارەزاییەکی باشی هەبووە لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی.

یەکەم هۆنراوەی سالی (١٩٣٥) بلاوکردۆتەوە کە هێشتا تەمەنی (١٣) سالی تێپەڕ نەکردوە، دانەری سروودی (ئەی رەقیب) بووە.

ئاراستەی سیاسی دڵدار، بەپێی ئەو زاراوانەی لەو سەردەمە باو بووە، ئاراستەیەکی چەپی پێشکەوتنخوازی بوو، بەپێی قسەکانی شاعیر (ئەحمەد دلزار)، دڵدار پەیوەندی بە حزبی رزگاری نیشتمانی هەبووە، هەروەها دامەزرێنەری یەکەمی رێکخراوی - دارکەر - بوو لەگەڵ هاورێکانی دیکەی، هەمان ئەو رێکخراوە بوو گەشەی کرد بوو بە حزبی - هیوا.

دڵدار لە تەمەنی لاویدا کۆچی دوایی کرد، کە (٣١) ساڵی تێپەڕ نەدەکرد.

## ٩٩- یوسف حەنا یوسف[٣٤٢]:

یوسف حەنا یوسف (ناسراو بە ئەبو حیکمەت)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٢١)ە لە شاری شەقڵاوە و ناوبراو لە بنەماڵەیەکی ئایینی مەسیحی پەروەردە بووە، لە ماوەی تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن بەرەو روی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی زۆر بۆتەوە، بۆیە دەبینین هەر قۆناغێکی لە شارێك تەواو کردووە.

خوێندنی سەرەتایی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، قۆناغی ناوەندیشی لە شاری هەولێر خوێندووە و ئامادەییشی لە شاری کەرکوك خوێندووە، ساڵی (١٩٤١) بە مامۆستا دامەزراوە لە ناوچەی قەرەداغی پارێزگای سلێمانی، پاشان لەسەر ئەو کارە لا دراوە و بووە بە کارمەند لە دەزگای هێڵی ئاسنینی کەرکوك، هەر لەو سەرو بەندەدا پەیوەندی بە حزبی شیوعی عیراقی کردووە.

لە ماوەی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم، چەندین پلەی حزبی وەرگرتووە، وەك بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کەرکوکی حزبی شیوعی و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی موسڵ.

ساڵی (١٩٤٩) بە هۆی ئاشکرا بوونی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی، یوسف بەند کراوە و بە بڕیاری دادگا بۆ ماوەی (١٠) ساڵ زیندانی کراوە، بەڵام دوای شۆڕشی ١٤/تەممووزی/١٩٥٨ لە زیندان ئازاد دەکرێ.
پاشان ئەندامی لقی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقی بووە، ساڵی ١٩٩٣ بووە بە سکرتێری حزبی کاری سەربەخۆیی کوردستان و دووجار پلەی وەزیری وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.
لە ٢٦/ئەیلولی/٢٠٠٩ کۆچی دوایی کردووە.

### ١٠٠- ئەحمەد فەخری[٣٤٣]:

ئەحمەد فەخری، لە ساڵی (١٩٠٧) لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە خانەی مامۆستایانی باڵای شاری بەغدا وەرگیراوە و بە مامۆستا دامەزراوە و چەند ساڵێك لەسەر ئەو پیشەیە بەردەوام بووە.
ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم، لە چەند ناوچەیەکی کوردستان، وەك: سلێمانی، هەولێر، کەرکوك، دهۆك، موسڵ، بە بەڕێوەبەری ناحیە دامەزراوە و کاری کردووە، ماوەیەکیش بە قائمقام دانراوە.
چەند کتێبێکی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام دەست نووسەکانی نەماون.
ئەحمەد فەخری، نیشتمان پەروەرێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی بووە، زۆرجار بەرەو روی گرتن و دوورخستنەوە و ئەشکەنجە بۆتەوە، بەهۆی بیروباوەڕی کوردایەتی لە دامەزراندنی چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی کوردی کاری کردووە،

وەك: کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان، کۆمەڵەی خۆیبوون، کۆمەڵەی لاوانی کورد، کۆمەڵەی برایەتی، حزبی هیوا.
لە ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کردووە.

**١٠١- نوری ئەحمەد تەها[٣٤٤]:**

نوری ئەحمەد، لە ساڵی (١٩٢١) لە گەڕەکی خانەقای شاری سلێمانی لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە بەغدا لە کۆلێژی سەربازی پاشایەتی وەرگیراوە و بە پلەی ئەفسەر لە سوپای عێراق دامەزراوە.
ناوبراو لەو کەسانە بووە کە لە دامەزراندنی حزبی هیوا بەشداری کردووە، دواتر بووە بە ئەندامی حزبی رزگاری کورد، پەیوەندی بە شۆڕشی بارزان کردووە و لەگەڵ هێزی بارزان بەرەو کوردستانی رۆژهەلآت رۆیشتووە. لەکاتی گەیاندنی خێزانەکەی بەرەو کوردستانی باشور، لەسنور سنوری عێراق دەستگیر دەکرێت و بە بەندی رەوانەی بەغدا دەکرێت.
لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٥٣) بەشداری کردووە و بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێت، لەناو پارتی دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٦٤ کە دوو بەرەکی روو دەدات، دوای ئەوە لەکاری حزبایەتی دور دەکەوێتەوە، ساڵی ١٩٦٦ مامەڵەی خانەنشینی بۆ دەکرێت و لە سلێمانی نیشتەجێ دەبێت، لە کاتی کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ لە شاری مەهاباد دەگیرسێتەوەو بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات.

**١٠٢- (مەلا) عوسمان عەبدولعەزیز[٣٤٥]:**

مامۆستا عوسمان ساڵی (١٩٢٢) لە گوندی (پریس)ی سەرەوەی سەر بە قەزای هەڵەبجە، هاتۆتە دونیاوە، لەسەر دەستی باوکی فێری خوێندن و زانستی ئایینی بووە، مۆڵەتی زانستی وانەوتنەوە و فەتوا دانی وەرگرتووە، لەسەر دەستی ماموستا عوسمان ژمارەیەکی گەورەی زانای ئایینی پێگەیشتوون، بەهۆی تواناکانییەوە پێگە و پایەیەکی بەرزی بەدەست هێناوە و جێگای ڕێزی خەڵکی بوون، بەشداری ژمارەیەکی زۆر کۆنگرەی زانستی کۆمەڵایەتی کردووە.

لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی هەبووە لە دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی، هەروەها بەشداری کردووە لە ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی ئیخوان موسلمین ساڵی ١٩٧٩، لەم بوارەدا مامۆستا سدیق برای هاوکاری بووە.

ساڵی ١٩٨٧ بەرەو ئێران کۆچی کردووە و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دامەزراندووە، بە ڕابەری گشتی بزووتنەوە هەڵبژێردراوە و بەردەوام بووە لەسەر ئەو کارەی تا ساڵی ١٩٩٨، کە لە کاری سیاسی دوور دەکەوێتەوە، لە بەرواری ١٢/ئایاری/١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە.

# پاشکۆکان

## ١- پاشکۆی ژمارە (١):

**چەند بەڵگەنامەیەکی بەریتانی و فەرەنسی، دەربارەی چالاکی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە کوردستانی باشوور.**

**أ- ئەمە دەقی بەڵگەنامەیەکی بەریتانییە دەربارەی کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان دوای وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی:**

نووسینگەی خزمەتگوزاری تایبەت - موسڵ

زۆر نهێنی

ژمارە/٤٢-W-١

٦ی شوباتی/١٩٣٠

بۆ/ نووسینگەی هەواڵگری هێزی ئاسمانی

سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی لە عێراق (٣ دانە)

پشکنەری کارگێڕی - موسڵ (٢ دانە)

ئەفسەری لێکۆڵینەوەی پۆلیس - موسڵ (١ دانە)

بابەت/ نەتەوەی کورد

کۆمەڵی پشتیوانی کوردان[٣٤٦]

١- لە سەرەتای ساڵی نوێ و لەچەند سەرچاوەیەکەوە ژمارەیەک ڕاپۆرت سەبارەت بە کۆمەڵەی ناوبراوەوە گەیشتۆتە نووسینگەکەمان.

لەسەرەتادا ئەو ڕاپۆرتانە جێی باوەڕ پێکردن نەبوون، چونکە مرۆڤ نەیدەتوانی باوەڕ بە بوونی لەیەک تێگەیشتن و هەماهەنگییەک لەنێوان کورد و عەرەب بکات، یاخود خۆیان لەناو کۆمەڵەیەکی خاوەن ئامانجێکی هاوبەش ڕێک بخەن، بەڵام ئێستا شکی تێدا نییە کە کۆمەڵەیەکی گەورە پێکهاتووە و ئەندامێکی

زۆری کورد و عەرەبی بەخۆ گرتووە و ئامانجێکی هاوبەشیشی هەیە، بەلایەنی کەم تا ئەم ساتە.
بارەگا سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە بەپێی گشت راپۆرتەکان لە بەغدایە، بەڵام وا دیارە موسڵ مەڵبەندی بارەگای سەرەکی ئەو کۆمەڵەیە بێت لە باکووردا.
٢- بۆ تیشك خستنێکی زۆرتر، لێدوانێکمان وەدەست کەوتووە، وەك لە خاڵی سێیەمدا شێکراوەتەوە، زەحمەتە بەو پەلەیە تەئکید لە راستی ئەو لێدوانە و زانیارییانە بکرێ، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانە ئێستا تا رادەیەکی زۆر راستی بوونی ئەو مەسەلەیە دەسەلمێنێ.
بەتایبەتی ئەگەر رەچاوی ئەوە بکرێ کە ئەو هەڵمەت و پڕو پاگەندەیەی کە کۆمەڵە بڵاوی دەکاتەوە هەمان ئەو قسانەن کە لە لێدوانەکاندا هاتوون، هەروەها هەندێ لەو سیاسەتمەدار و ئەفسەرانەی کە ناویان لە لێدوانەکاندا هاتووە لەلایەن نووسینگەکەمانەوە نەناسراون، تەنیا بەناو نەبێت.
سەبارەت بە سێ نێردراوەکەی شێخی بارزانیش چەند بەڵگەیەك لە ئارادان کە خەلیل کوڕی شەعبان دەستی هەبووە لەو مەسەلەیەی کە لەسەری گیراوە، دوانەکەی تریش بابەتی راپۆرتەکانمان بوون، بەڵام ناکرێ ئەم دوا راستییە بەڵگە بێت بۆ دروستی ئەو لێدوانە.
٣- شەوی ٣/شوباتی/١٩٣٠ کوردێکی سلێمانی کە خوێندەوار و خاوەن پایەکی بەرزە هاتە ئەو ماڵە بۆ ئەوەی چەند زانیارییەکیان بداتێ، هاتنی ئەو پیاوە هیچ پەیوەندییەکی بە سیخوڕێکی ئێمە نەبووە و لەلایەن هیچ سیخوڕێکی ئێمەوەش هان نەدراوە بێتە لامان، پاش وتوێژ کردن داوای لێکرا کە شەوێکی تر بێتە ئێرە، چونکە حەزی نەدەکرد بە رۆژ بێت و بێ ئەوەی هیچ شتێکی لێ داوا بکرێ، ئەم لێدوانەی دا:
بەر لە هەشت ساڵ کۆمەڵی پشتیوانی کوردان بەهۆی ئەندامە کوردەکانەوە هاتە دامەزراندن و تا بەر لە هەشت مانگ هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆ نەدیبوو،

نزیک حوزەیرانی ساڵی رابردو حزبی قەومی عەرەبی لە موسڵ بەهۆی ئاراستەی بەغداوە چاویان بە چەند ئەفسەرێك و فەرمانبەری مەدەنی کورد لە لیوای موسڵ کەوتبوو ئاگاداریان کردبون کە بەریتانیەکان هیچیان بۆ کورد نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیانێکی زۆریان پێ گەیاندوون و ئاماژەشیان بەو خاڵانە کردبوو:

ا- هیچ بەڵێنێکی کۆمەڵەی نەتەوەکانیان سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانەی کوردی و دامەزراندنی فەرمانبەری کورد لە ناوچە کوردنشینەکان جێبەجێ نەکردووە.

ب- چەند کردەوەیەکی سەربازی فراوانیان دژ بە کورد لە ناوچەی سلێمانی ئەنجام داوە کە بوونەتە هۆی شکست هێنانی شێخ مەحمود.

ج- بیر لە هێرشێکی دیکە دەکرێ دژ بە شێخ ئەحمەد بارزانی.

د- ژمارەیەکی زۆری دیهاتی کوردیان بۆمب باران کردووە.

هـ- بەند کردنی سەید تەها لە تاران لە ئەنجامی ئەو کارانەی کە بۆ بەرژەوەندی ئینگلیز ئەنجامی دابوون.

و- نیشتەجێ کردنی ئاشورییە مەسیحییەکان لە کوردستانی عێراق، کە سیخور و بەکرێگیراوی بەریتانییەکانن و هەر کاتێ داوایان لێ بکرێ دژ بە کورد رادەوەستن.

سەرەرای ئەو زانیارییانەی سەرەوە، کورد یان زۆر بەیان وا سەیری بەریتانیا دەکەن کە لاگیری داخوازیەکانیان، واش پێشبینی دەکرێ کە کورد و عەرەب بۆ پروپاگەندەکردن و دەرپەراندنی بەریتانیەکان لە نزیکترین هەلدا یەکبگرن، یاخود بەلایەنی کەم بەر لە ساڵی (١٩٣٢) و ئەگەر ئەوەش ئەنجامدرا، ئەوە کورد و عەرەب لە دابەشکردنی وڵات لەنێو خۆیاندا هیچ زەحمەتێك نابینن.

چاوپێکەوتنی سەرەوە بە چاوپێکەوتنێکی گەورە دادەنرێ و ئەوانەی کە ئامادەشی بوون:

* عەقیدی کورد ئەحمەد – فەرماندەی پیادەی یەکەمی عێراق.
* حوسێن فەوزری.
* عەقید جەمال فەهمی کوڕی عەبدولوەهاب.
* شێخ سالح.
* محەمەد عەلی – ئەنباری پیادە.
* موقەدەم سەعید ئەلمەد فەعمی کوڕی ئەحمەد – پیادەی شەشەمی عێراق.
* حوسێن عەلوان – تۆپخانەی موسڵ.
* چل ئەفسەری پلە نزمی سوپای عێراقیش کە دارو دەستەی نوری پاشا، تەها ئەلهاشمی، موزاحم ئەلپاچەچی، جەعفەر ئەلولتمەن، رەشید عالی، عزمی پاشا.

کوردەکانی ئامادەبوونی کۆبوونەوەکە گوتیان کە بۆ تاوتێکردنی پێشنیاری سەرەوە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە خۆیان گرێدەدەن.

شەوی تر کۆبوونەوە کوردییەکە ئەنجامدرا، کە تیایدا (١٧) ئەفسەری سوپای عێراق ئامادە بوون و لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە ئەگەر بەریتانییەکان ساڵی (١٩٣٢) لە ولأت دەرنەچوون، پێش نیارە عەرەبییەکە تاراددەیەك لەلایەن پەسەندە، هەروەها ئامارژەش بەوە کرا کە پاش رۆیشتنی بەریتانیەکان، کورد دەتوانن ئەوەی دەیانەوێ لە عەرەب وەریگرن هەتا ئەگەر بە بەکارهێنانی هێزیش بێ. لە ئەنجامدا ئەفسەرێکی کورد بەناوی (عارف کورد سەعید) کە ئەفسەری ئەقلیاتی بەتالیۆنی پێنجە بۆ وتوێژکردن لە بەغدا و گەیشتن بە رێککەوتن هەڵبژێردرا.

عارف چووە بەغدا، بەڵام پێی نەکرا چاوی بە نوری پاشا بکەوێ، بەڵکو چاوی بە موزاحم پاچەچی و جەعفەر ئەبولتمەن کەوت و لەگەڵیان رێککەوت (بەڵام نازانین لەسەر چی رێککەوتن).

لە کۆبوونەوەیەکی تردا دووبارە (کۆمەڵی پشتیوانی کوردان) پێکهات کە تیایدا ئابوونەی بە ئەندام بوون، مانگانە (١٠) ریالی بۆ دانرا، هەروەها مولازم کەمال

(کەرکوکی) بە سکرتێر بەرپرسی پروپاگەندەکردن دانرا بڕیاریش درا کە ئەدەبیاتی کۆمەڵە هەفتانە کورت بکرێتەوە و چاپ بکرێ و لێدوانیش هەفتەی (٣) جار بدرێ.

ئێستا بودجەی کۆمەڵە لە موسڵ (٧٠٠) ریالە و ئۆتۆمبیلێکیشی هەیە و ئەفسەرێکی هەوالگری و دوو یاریدەدەری بۆ دانراون کە کۆمەڵە موچەی سکرتێر و ئەفسەر و دوو یاریدەدەرەکەی دەدات.

لە رێسای کۆمەڵەکە واهاتووە کە ئەگەر هەر ئەندامێکی کۆمەڵە بەهۆی پروپاگەندەکردن بۆ کۆمەڵە لە کارەکەی خۆی لابرا لە بودجەی کۆمەڵە یارمەتی دەدرێ، هەروەها رێسایەکی دیکە هەیە کە دەڵێ نابێ ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە ئەندام بێت لە کۆمەڵەیەکی دیکە. بۆیە ئەو کۆمەڵەیە دژ بە کۆمەڵەی (خۆیبوون) و (قواتا ولأتا) یە.

کۆمەڵە ژمارەیەك لقی هەیە، لەچەند شوێنێکی عێراق، هەروەها لە سوریا و ئێرانیش و ئەو لقانەش بودجەی تایبەتی خۆیان هەیە، بودجەی هەندێ لەو لقانە دەگاتە (٣٠٠) تا (٤٠٠) ریال.

پێشکەوتنێکی زۆر لە سەربازگەی سوارە توکا روویداوە ئەویش بە پیرەوە چوونی گشت سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچە کوردنشینەکان لە لیوای موسڵ و ئەم زاتانەش هاتوونەتە ناو کۆمەڵەکە:

- شێخ ئەحمەد بارزانی.
- سەعید بەگ - دهۆك.
- شێخ غیاسەددین - بامەرنێ.
- کوڕی حاجی رەشید بەگ - بەرواری بالأ.
- شێخ عەبدولرەحمان ئەتروشی.
- فارس ئاغای زێباری.
- تەها ئاغای هەمزانی.

- شێخەکای سورچی.

لەم دواییەدا شێخ ئەحمەد بارزانی بە سەرۆکی کۆمەڵە لەناوچەی عەشیرەتە کوردییەکانی لیوای موسڵ دامەزراو هەریەك لە خەلیل کوڕی شەعبان، شەریف پاشا، عەلی کوڕی محیٚ، بە بەردەوامی وەك نووسەری شێخی بارزان لە ناوچە عەشایرییەکان کار دەکەن.

ئەم هاوڵاتیانە نوێنەرایەتی (..... پاشا) دەکەن لە موسڵ:

- دکتۆر جمیل دیالی.
- دکتۆر عەتار باش.
- ئەحمەد جەلیلی.

هەروەها پەیوەندی بە مستەفا سابونجی کراوە هاریکاری پێویست پێشکەش بە کۆمەڵەکە دەکات. لەم دواییەدا فەرمانێکی وا لە بەغدا دەرچووە کە بەپێی توانا ئەفسەرە ئاشوورییەکان لە پلەو پایەی جەنگی دانەنرێن. لە حاڵەتی ئەوەی کە گێروگرفت دروست بوو، کوردەکان بەرامبەر بە ئاشوورییەکان رادەوەستن، عەرەبی بەغداش رووبەرووی بەریتانییەکانەوە دەبن. ئەم فەرمانە نهێنییە وا مەزەندە دەکرێ کە لە نوری پاشا یان جەعفەر پاشا دەرچووبێ.

بۆ ئاگاداری تێکرای ئەفسەرە کوردەکان لە سوپای عێراق (١٢٠) ئەفسەرە.

**٦ شوبات/١٩٣٠**

**کاپتن**

**نووسینگەی خزمەتگوزاری تایبەت**

**ئەیەرانی مەلەکی**

**موسڵ**

## ب- دەقی چەند بەڵگەنامەیەکی فەرەنسی دەربارەی ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکان[٢٤٧]:

### ١- کۆمەڵەی کوردی - رزگاری -

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بەشی زانیاری

بیرۆی دووەم

**-نهێنی-**

**(سەرچاوەیێکی چاك)**

**٢٢ی حوزەیرانی ١٩٣٢**

(رزگاری) کۆمەڵەیەکی نهێنی کوردییە کە بۆ ئامانجی وەگیرخستنی سەربەخۆیی کوردستان کار دەکات، ناوەندەکەی بەغدایە و لقەکانی لە هەولێر، سلێمانی، رەواندوز و موسڵ جێگیر بوون.

ئەم کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی سەرەکی سەرۆك هۆزەکانی دزەیی و پشدەر، ئەو هۆزانەن کە ملکەچ نەبوون، وەك هۆزی بارزان، دەگرێتەوە کە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن پەیوەندی بەمەی دواییەوە بکەن.

هۆزی دزەیی، کە لە دەوروبەری هەولێر جێگیر بوون، بەقەد هۆزی پشدەرەکان جەگاوەرنین، بەڵام نزیکەی (٦) هەزار پیاویان هەیە کە دەشێ بجەنگن. ساڵی (١٩٣٠) لەکاتی شۆرشی شێخ مەحموددا چەك و ئازووقەیان کڕیوە، سەرۆکی هۆزەکە حوسین موڵتایە، تەمەنی (٥٠) ساڵە.

## ٢- کۆمیتەی خۆیبون

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بەشی زانیاری
بیرۆی دووەم
-نهێنی-

- سەرچاوەییێکی چاک-
٢٥/تەمموزی/١٩٣٢

کۆمیتەی خۆیبوون، چیدی لقی لە عێراقدا نییە، کە لەوێدا دەسەڵاتی خۆیبوون لە ١٩٢٩ وە دانی پێدا نەنراوە. ئەو سەردەمانە لقێکی خۆیبوون بە چاودێری دکتۆر شوکر محەمەد و مستەفا شەوقی ئەفەندی (کۆنە ئەفسەری کورد) و ئیسماعیل ئەفەندی رەواندوزی (کە ئێستە لە ناو ریزەکانی سوپای عێراقدا ئەفسەرە) هەبووە.

هەڵبەتە کۆمیتەی خۆیبوون نوێنەری زانیاریدەری لەناو سوپای عێراقیدا هەر هەیە، لەوانە ئیسماعیل ئەفەندی رەواندوزری.

٣- کۆمیتەی خۆیبوون

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بەشی زانیاری

-نهێنی-

- سەرچاوەیێکی چاك-

١٥/ئەیلولی/١٩٣٢

کۆبوونەوەیێکی کۆمیتەی ناوەندی (خۆیبوون) لە ٣/ئەیلول لە قاهیرە بەسترا، ئەم کۆمیتەیە ئەمانەی کۆکردبۆوە.

دکتۆر خالد بەردخان - سەرۆك

محەمەد عەلی عەونی - سکرتێری گشتی (تەرجومانی کۆشکی شاهانە)

جەلیل مەحمود (موفەتیش مەعاریفی گشتی)

فایەق ئەفەندی

ئەحمەد عەبدول فازیل - بازرگان.

حەقی بەردخان

عادل بەدرخان، کوڕی خالید

عەبدوڵڵا ئاغا - (نازناوی ماك کیورك)

(نازناوی ئینشیز

کۆنە ئەفسەری ئینگلیز)

وەهبی پاشا (ئەندام پەرلەمان لە ئەلکسەندەرییە)

٤-

## سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم
بەشی زانیاری
-نهێنی-

٢٠/ئابی/١٩٣٣
(سەرچاوەیێکی چاک)
کۆبوونەوەی سەرۆک کوردەکان لە حەلەب

جەلادەت بەردخان (١٠/ئاب/١٩٣٣) لە دیمەشقەوە چووە سەری (حومص) بدات، جەلادەت رێگە بەخۆی دەدات (بەرازی)یەکان کە بەنچینە کوردن، داوای کۆمەکیان لێ بکات بۆ (هاوار) بەو پێیەی - بەرزاییەکان- لە دەشتدا دەژین، بە حەلەبدا چووە و چاوی بە مەمدوح سەلیم کەوتووە کە مامۆستایە لە ئامادەیی ئەنتیوش، هەر هەمان رۆژ وەک ئەو لە دیمەشقەوە دەرچووە. هەروەها مستەفا بەگ ئاییی کورد وا بە دیار دەخات کە لە تەرابلوسەوە هاتووە بۆ ئەوەی بەشداری لە پێشوازیکردنی شاکر نیکمەت بکات.

هەرسێ کەسەکە لە حەلەب چاویان بە کەسێک کەوتووە بەناوی (صەبری) بەگەوە، کە کوردێکی دیاربەکرە و زوو زوو سەردانی سوریا دەکات.

- هاوار - گۆڤاری هاوار.
- شاکر نیکمەت - رەنگە حیکمەت بێت یان نیعمەت.

٥- لیستی فەرەنسی بەناوی ئەندام و لقەکانی خۆیبوون:

أ- کۆمیتەی ناوەندی لە بەیروت:

سەرۆک: کامەران عالی بەدرخان.

ئەندامەکان: ئەجمەددینی دەروێش کبار.

واهان پاپازیان.

تارلەبە بەگ

خالید بەگ، ئامۆزای بەردخانەکان.

ب- دیمەشق:

سەرۆك: جەلادەت عالی بەدرخان

ئەندامەکان: یوسف ئاغا

عوسمان عروسی

ئیبراهیم شەمدین

ج- حەلەب:

سەرۆك: قەدری بەگ جەمیل پاشا

ئەندامەکان: هیرات پاپازیان

مستەفا شاهین

بۆزان بەگ شاهین

هەمزە ئەفەندی

مەمدوح سەلیم

د- حەسیچە:

سەرۆك: قەدری بەگ جەمیل پاشا

ئەندامەکان: محەمەد بەگ جەمیل پاشا

حاجۆ ئاغا

هەمزەی کوڕی بەکر کوردی

ئەلیاس ئەفەندی دێر بکاوی

کادور بەگ

ڕەسوڵ ئاغا

ئاگۆپ سیمۆن

هـ- ماردین (تورکیا):

سەرۆك: ئەیوب مللی زادە

ئەندامەکان: سەعدو ئاغا غەسۆ (سەرۆك هۆزی - مەشکینا)

جەلال بەگ مللی زادە

زەحیا بەگ - سەرۆکی شاروانی ماردین

مەحمود کارۆ - سەرۆك هۆزی - خۆرس-

و- دیار بەکر:

سەرۆك: مەمدوح بەگ جەمیل پاشازادە

ئەندامەکان: فکری بەگ جەمیل پاشا زادە

ئەحمەد بەگ جەمیل پاشا

زیا بەگ جەمیل پاشا

برنجی زادە صدقی بەگ

شەوقی ئەفەندی

ز- سلیوان:

سەرۆك: عەلی ئاغا - سەرۆك هۆزی سلیوان

ئەندامەکان: ئیبراهیم بەگ

خەتیب بەگ سفی الدین پاشا

شێخ فکری

شێخ فەوزی - سەرۆك هۆزی سلیوان

ح- سەحوور:

سەرۆك: نەجەمددین بەگ

ئەندامەکان: مەمدڵڵا بەگ - هۆزی خەشنێ

محەمەد بەگ - هۆزی خەشنێ

حەمدی بەگ – هۆزی خەشنێ

شێخ فەتحوڵلا – سرۆك هۆزی ملمینێ

ت– سێرت:

سەرۆك: سەید محەمەد

ئەندامەکان: شێخ جەلال، شێخ ئەسرەت ئەفەندی، شێخ محیدین زوکریت، شێخ ئازارت – سەرۆك هۆزی بوتکی

ی– بەغدا (عێراق):

سەرۆك: د.شوکری محەمەد

ئەندامەکان: شێخ ئەحمەد، ئاموزای شێخ سەعید

کرێکۆر ئەفەندی

خورشید، کۆنە ئەفسەری تورك (خورشید رەشید وانلییە)

عەبدولکەریم بەگ، کۆنە کاپیتانی تورك (کەریم مەحمود رۆستەمی ناسرا بە کەریم شەلوم)

ك– کەرکوك:

سەرۆك: مەحمود جەودەت، کۆنە ئەفسەری تورك

ئەندامەکان: رەشید بەگ

رەئوف بەگ، ئەفسەری کوردی عێراق

٢ کەس کە ناوەکانیان نەتوانراوە بناسرێنەوە

عەبدولکەریم بەگ، کۆنە کاپیتانی تورك

ل– سلێمانی:

سەرۆك: ئەفیق و وەهبی بەگ

م- زاخۆ:

سەرۆک: حازم بەگ، نایبی زاخۆ

ئەندامەکان: موراد خان، سەرۆک هۆزی گۆیان

محەمەد حەسەن

لیڤۆن پاشا

سەید پاشا

ن- رەواندوز:

سەرۆک: شێخی بارزان

ئەندامەکان: ئیسماعیل بەگ

سەید حسێن حوزنی، بەڕێوەبەری گۆواری

کوردی- زار ی کرمانجی

عەبدوڵلا بەگ: ئامۆزای سەید تەها

(عەبدڵلابەگ کوڕی سەید عەبدولقادری

نەهرییە).

س- پاریس:

نوێنەرایەتی: شەریف پاشا

ع- دیترۆیت و مەشینگان:

سەرۆک: د. سورەیا بەگ بەردخان

ئەندامەکان: ناجی بەگ

جمال بەگ

ف- لەندەن:

سەرۆک: رەئوف بەگ- کۆنە سەرۆک ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا

ئەندامەکان: عەدنان بەگ

میرام خانوم

### ٢- پاشکۆی ژمارە (٢):

دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردستان لە مانگی تەمموزی ١٩٢٢، رۆژنامەی (بانگی کوردستان) زمانحالی کۆمەڵە، ژمارە (١) لە رۆژی ٢/شابی/١٩٢٢ بەم جۆرە باسی چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمەڵە دەکات، بەو رێنووسەی بڵاوکراوەتەوە دەیخەینە روو[٣٤٨]:

جەمعیەتی کوردستان لەسەر موراجەعەتی جەنابی سەعادەت مەئاب حاجی مستەفا پاشای میرلوای ئەرکانی حەربی موتەقاعید و لەسەر مەئزونیەت موساعەدەی، رەسمی حکومەتی سیاسی سلێمانی، لە تەرەف بەعزێ ئەربابی جەمعیەت و ئەفازل و مونەوەرانەوە قەرار درا کە لە سلێمانی جەمعیەتێکی کوردی تەشکیل بکا. بۆ ئەمە چەند رۆژێ لەمەوپێش ئەسامی عولەماو مەشایەخ و ئەشراف و سائیری مونەوەران و ئەهلی کە سەبەبە تەریتبی حروف هیجا داخلی دەفتەر کراو رۆژی جومعەی ٢١/تەمموزی/١٩٢٢ پاش نوێژی نیوەڕۆ لە مزگەوتی سەید حەسەنی مفتی دا گردبوونەوە لە تەرەف جەنابی مستەفا پاشاوە نوتقێکی ئیفتتاحی دایر بە مەقسەد و غایە ئەم ئیجتماعە خوێندرایەوە، سامعین کە بیستیان غایەی ئەم فیکرە بۆ تەرەقی و تعالی میللەت و وەتەنە بە کەمالی ئیفتخار قبوڵیان فەرموو. بڵاوکردنەوەی ئەم فیکرەیەش بە واسیتەی ئەم غەزەیەوە کە حکومەت ئیمتیازی داو بە جەنابی مستەفا پاشا و ئێستا هەفتەی جارێك دەردەچێ. ئومێد وایە ئینشائەڵلا بە واسیتەی هیممەتی ئەربابی جەمعیەتەوە تەرەقی بکا زاتەن هەموو شتێك وردە وردە زیاد ئەکات.

بۆ تەماشاکردنی ئەم غەزەتەیە و سائیر ئوموری ئیداری ئەم جەمعیەتە لە تەرەف رای کیرامەوە لەژێر ریاسەتی موشار ئیلەیهیدا (١٣) کەس بۆ ئەعزایەتی ئینتخاب کران، ناویان و عەدەدی رایان بەم رەنگەیە:

| ناو | عدد رای |
|---|---|
| رەفیق حیلمی ئەفەندی | ٦٥ |
| ئەحمەد بەگ تەفیق بەگ | ٦٢ |
| سالْح ئەفەندی قەبتانچی | ٥٤ |
| فائق بەگ مەعروف بەگ | ٤٥ |
| حاجی ئاغا فەتحولاّ | ٤١ |
| عیزەت بەگ عوسمان بەگ | ٣٩ |
| ئەدهەم ئەفەندی یوز باشی | ٣٨ |
| ئەحمەد بەهجەت ئەفەندی یوزباشی | ٣٦ |
| شێخ محەمەد ئەفەندی گولاّنی | ٣٢ |
| شێخ عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا | ٣١ |
| عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا | ٢٩ |
| عەبدوڵلاّ ئەفەندی محەمەد ئەفەندی | ٢٤ |
| شوکری ئەفەندی عەلەکە | ٢٤ |

ئیتر ئومێدمان وەهایە کە بۆ تەرەقی و تەئەعالی وەتەن و میللەت هەموو لایێک تێبکۆشێ و ئەگەر قسورێك ببینرێ بەبێ ئەمەی لەم لاو لەو لا بەحس و تەنفیز بکرێ پیاوانە خەبەر بە جەمعیەت بدرێ تاوەکو بەپێی ئوسول جەمعیەت ئەو مەسەلەیە فەورەن داخیل موزاکەرە بکرێ و نەتیجەی بە واستەی غەزەتەوە ئیعلان بکرێ.

### ٣- پاشکۆی ژمارە (٣):

**چەند بەڵگەنامەیەك دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی سلێمانی:**

**ا- دەقی ئەو بانگەوازەی کە لە رۆژنامەی (ژیان) بڵاوکراوەتەوەو، ژمارە (١١)ی رۆژی ١/نیسانی/١٩٢٦ لەلایەن دامەزرێنەرانی کۆمەڵە[٣٤٩]:**

**(ئیجرای ئیستحفال بە رەسمی گوشادی (جەمعیەتی زاست)**

**(شەوی شەموی ئاتی کەموافیقی ٢/٣ی نیسانی ١٩٢٦ هەیئەتی موئەسیسەی جەمعیەتی زانستی کوردان لە دائیرەی بەلەدیەدا بە حفلەیەك رەسمی گوشادی جەمعیەت ئیجرا دەکات.**

**تەمەنا دەکەین کە ئەم ئیجتماعە گەورە عیلمیە ببێتە فاتیحەی تەرەقی و سەعادەتمان وە ئەم تەشەبووسە بە ئەهمیەتەی هەیئەتی موئەسیسەی جەمعیەتی مەزکور تەقدیر و تەبریك دەکەین).**

**ب- دەقی بڕیاری وەزیری ناوخۆی عێراق، کە رەزامەندی دەربڕیوە لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی سلێمانی[٣٥٠]:**

**(لەپاش احترام: جوابی تحریراتتان کە بە تاریخ ١٩٢٦/٢/١ نوسراوە، بە موجب قانونی جمعیات ساڵی ١٩٢٢ مەنزون بە دامەزراندنی جمعیت (زانستی کوردان) بە شرتی موئەسەسەکانی تصرفیات تتبیق قانونی جمعیات و پروگرام مەربوت بکەن).**

**احترام وزیری داخلیە**

**ج- دەقی بڕیاری (متصرف)ی سلێمانی لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی سلێمانی:**

**(ئەوا صورتی تحریرات وەزارەتی داخلیە ژمارە (٢٥٧١) رۆژی ٢٤/شوباتی/١٩٢٦ لەگەڵ سورەتێکی ئەو پرۆگرامەدا کە تصدیق واعادە کراوە**

بە پێچراوەیی نێردرا، بەپێ مفادی مساعده حر مواردە بۆ تەئسیس جمعیەت زانستی، بنا علیە موافق اوامر و پرۆغرامە ئەتوانن مباشرت بفرمون ایتر احترام).

متصرف لیوای سلێمانی

احمد

د- دەقی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی زانستی سلێمانی[٢٥١]:

((پرۆغرامی جەمعیەتی زانستی کوردان))

(ناوی جەمعیەت و مەرکەزی)

١- ناوی جەمعیەت: (جەمعیەتی زانستی کوردان)ەو مەرکەزی لە سلێمانییە.

٢- مەقسەدی جەمعیەت: تەعمیمی عیلم و مەعریفەتە لە کوردستان بەپێی ئەم وەسائیتە:

أ- بە نەشری غەزەتە و رەسائیلی موەقەتە.

ب- تەرجومە و تەئلیفی کتێبی تەدربە و سائیرە.

ج- مەکتەب کردنەوە و ئیجرای تەدریسات بە رۆژ و بە شەو.

ح- بە سورەتی موحازەرە ئەهالی تەنویر کردن.

د- کتێبخانە کردنەوە.

هـ- بۆ ئیکمالی تەحسیل بۆ مەمالیکی موتەرەقیە قوتابی ناردن.

٣- جەمعیەت ئەحوالی تاریخیە، جوغرافیە، ئیتنوغرافیەی کوردان بە سورەتی مەخسوسە تەدقیق و مەحسولی مەساعی نەشر دەکات.

٤- جەمعیەت بۆ تەئمینی مەحەبەت و موئانەسەت لە مابەینی ئەهالی و حکومەت دا و بۆ تەقویەی رۆحی ئیتاعەت بە سورەتی مەخسوسە و بە واسیتەی واعیزانی مەخسوس پەند نەسیحەت ئیجرا دەکات.

٥- جەمعیەت بە هیچ سورەتێك لەگەڵ سیاسەت دا خەریك نابێ.

مەعروف بەگ زادە فائق - محامی رەفیق - حاجی فەتاح زادە رەمزی.

**ئیزامنامەی داخلی:**

**سورەتی قەید قبوڵی ئەعزا و ئیخراجات:**

**١- بیلا تەفریقی جنس و مەزهەب هموو کەسێك بەو شەرائیتە کەلە ژێرەوە نووسراوە ئەتوانی بە قەراری هەیئەتی ئیدارە داخلی جەمعیەت ببێ:**

**ا- عومری لە ٢٠ ساڵ کەمتر نەبێ.**

**ب- لە حقوقی مەدەنیەت ساقیت نەبێ و ساحیبی حوسنی ئەخلاق بێ.**

**٢- هەچ کەسێك موخالیفی مەقاسیدی جەمعیەت حەرەکات بکات وەیاخود مانگانە و دخولیەی جەمعیەت نەدات وەیاخود حەرەکاتێك بکات کە لەناو ئەهلی وەتەندا موخیللی شەرەف بێ بە قەراری هەیئەتی ئیدارە لە جەمعیەت دەردەکرێت.**

**صورەتی تەشکیلی هەیئەتی ئیدارە و وەزائیفیان:**

**٣- جەمعیەت بەواسیتەی هەیئەتی ئیدارەوە کە لە (٣) کەس کەمتر نابێ و لە (٧) کەس زیاتر نابێ ئیدارە دەکرێ.**

**٤- هەیئەتی ئیدارە بە ئینتیخابی ئەکسەریەتی موجتەمعین لە هەیئەتی عومیە ئینتیخاب دەکرێ.**

**٥- رەئیس و کاتب و محاسبی جەمعیەت و مەئمورین لە هەیئەتی ئیدارە یاخود لە ئەعزای جەمعیەت تەعین و ئینتیخاب دەکرێ وەلاکین دەبێ رەئیس لە هەیئەتی ئیدارە بێ.**

**٦- هەیئەتی ئیدارە بۆ ئیجرای مەقاصیدی جەمعیەت هەرچی لازم بێ دەیکات، واریدات و مەصاریفاتی جەمعیەت تەسبیت دەکات. بودجەی ساڵی موستەقبەل ئیحراز و تەقدیمی هەیئەتی عومیەی دەکات و هەموو ساڵێك هەرچی کردووە و هەرچی لازمە بکرێ بۆ ئیجرای مەقاصیدی جەمعیەت بە راپۆرتێکی موفەصەل عەرزی هەیئەتی عومیەی دەکات.**

٧- هەیئەتی ئیدارە وەزائیفی مەئمورین و کەتەبە تەعین دەکا و موراقەبەیان دەکات.

**٨- واریداتی جەمعیەت و مەصاریفاتی:**

واریداتی جەمعیەت عیبارەتە لە دخولیە و مانگانەی ئەعزاکان و عیبارەتە لە تەبەروعات و هیبەی ئەصحابی خیرات.

٩- هەموو ئەعزایەك لە حینی دخولی دا بەپێی ئیقتیداری خۆی مەجبورە مەبلەغێك بە ناوی دخولیەوە بدات. حەدی ئەسغەری ئەم مەبلەغە روپییەیەکە، دیسان مەجبورە بەپێی ئیقتیداری خۆی مانگی شتێك بدات بە جەمعیەت.

١٠- بۆ ئیجرای مەقاصیدی جەمعیەت زیاتر بۆ شتێکی کە واریداتی جەمعیەت صەرف ناکرێ هەمو مەصرەفێك بە ئەمرو تەصیدقی هەیئەتی ئیدارە دەکرێت.

١١- هەیئەتی ئیدارە مەجبورە ئەو دەفتەرانە کە قانونی جەمعیەت ئەمری پێ دەکات هەیئەتی عمومیە.

١٢- هەیئەتی عمومیە هەموو ساڵێك لە ئەوەلی تشرینی ئەوەڵدا ئیجتماع دەکات و وەزائیفی هەیئەت، ئەمەیە:

أ- واریدات و مەصاریفی جەمعیەت تەسپیت دەکات.

ب- ئیجابە بکات پرۆغرام تەعدیل دەکات.

ج- هەیئەتی ئیدارە ئەز سەر نو ئینتیخاب دەکات.

د- بۆ ساڵی ئایندە مەساعی جەمعیەت تەنزیم دەکات.

١٣- رەئیس هەیئەتی ئیدارە ریاسەتی هەیئەتی عمومیەش دەکات.

١٤- رەئیس هەیئەتی ئیدارە وە یاخود وەکیلێك کە جەمعیەت تەعینی دەکات لە مەحاکیم و دەوائیری حکومەتدا جەمعیەت تەمسیل دەکات.

١٥- چ لە هەیئەتی ئیدارە و چ لە هەیئەتی عمومیە موزاکەرە و ئیتیخازی قەرار بە ئەکسەریەتی موجتەمعین دەبێ.

١٦- هەیئەتی عمومیە عیندەلیںجاب لەسەر دەعودتی هەیئەتی ئیدارە جگە لە ئیجتماعی عادی سەنەوی هەموو وەقتێك دەتوانێ گردبێتەوە و وەزائیفی خۆی بەپێی ئەم پرۆغرامە بەجێ بهێنێت.

٢٧/كانوونی سالی ١٩٢٦

**مەعروف بەگزادە فائیق - محامی رەفیق - حاجی رەمزی فتاح زادە رەمزی**

**٤- پاشکۆی ژمارە (٤):**

پەیرەوی ناوخۆی یانەی سەرکەوتنی کوردان کە لە شاری بەغدا دامەزرا:

خلاصة نظامي اساسي وداخلي[٣٥٢]

١- کۆمەڵ لەگەڵ سیاسەت خەریك نابێ. چونکە کۆمەڵێکی زانستییە.

٢- ئامانجی کۆمەڵ: بە زانست بەرزبوونی ملەتی کوردە. ئەمەش بە کتێب نووسین. بەخێوکردنی لاوان بە چەشنێکی علمی و تربیەوی و اخلاقی.

٣- یارمەتی هەژار و هەتیوو نەخۆشەکان. پاراستنی گیان ساغی پێش کەوتنی ایش و کار. بەکارهێنانی شتی خۆ ولاتی.

٤- هەموو کوردێك ئەتوانی داخلی ئەم کۆمەڵەیە ببێ بە شەرتی ردوشت و خوی باش بێ. مەحکوم نەبێ و تەمەنی لە بیست سال کەمتر نەبێ.

٥- هەمو منتسبێك ئەبێ (٢٧٥) فلس دخولیە بداو مانگانەش (١٥٠) فلس کەمتر نەدا. بەلام ئەی بێ لێی ناسێنرێ ئەگەر لە زانین و بیری فائدە و سودێك هەبێ.

٦- کۆمەك و هەموو پێشکەش و دیارییەکی مشروع وەرئەگرێ بۆ زۆرکردنی سەروەت و سامان و خەرجی لە رێی بلاوکردنی زانست. دانش تێ ئەکۆشت.

٧- کۆمەڵ بە هەرچی سببێك بێ کە تێك چوو هەموو سامانی بە مونەسساتی خێری کورد ئەدرێ.

ئەگەر ئەمانە نەبوون سامانی کۆمەڵ بەسەر هەژار و بێ دەسەڵاتانی کورد دابەش ئەکرێ.

## ٥- پاشکۆی ژمارە (٥)

بەیاننامەی حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراقدا (شۆرش)، دەربارەی دامەزراندنی حزبی رزگاری کورد[٢٥٢]:

یەکگرن لە پێناوی دامەزراندنی حزبی رزگاری کورد، خەبات بکەن بۆ ورد و خاشکردنی پیلانەکانی ئیمپرالیزم و کۆنەپەرستی، لەم رۆژانەی کە جەنگ بەسەرکەوتنی پرەنسیپەکانی ئازادی کۆتایی هات بنچینەکانی هێزی ئیمپرالیزم و کۆنەپەرستی لە رۆژهەلات و رۆژئاوا و رووخان و ئەمەش لە ئەنجامی ئەمانی هێزەکانی دەولەتە فاشییەکان بوو. هەموو نەتەوەیەکی بچووکی ژێر دەستکراو لە جیهاندا کە خەباتی کردووە و خوێنێکی زۆری رژاوە لەپێناوی پێشکەوتن.

ئەم نەتەوانە داوای ئازادی و ماق نەتەوەیی خۆیان دەکەن و ماق چارەنوسی خۆیان بە پێی باری جیهانی و پەیمانەکانی دەولەتە هاوپەیمانەکانی دەکەن، بەلام پێویستە ئەوەش بە باش بزانرێت کە پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێستا کە بە هەموو هێزێکییەوە کار دەکات، بۆیە مەسەلەی ئازادی نابێت بە ئاسانی وەربگیرێت، بەلکو دەبێت بە هێزێکی پتەوی جەماوەری میللەت و نیشتمان پەروەرە دلسۆزەکان وەرگیراو بسەندرێت.

ئەم بیرەش بەکردار لە زۆر لە دەولەتە رۆژئاواییەکاندا بەدیار کەوتووە و بەناوی بەرەی بەرگری لە فەرەنسا و بەرەی (ئییام) لە یۆنان و بەرەی رزگاریی نیشتمان لە یۆگوسلافیا بە شەر و بەربەرەکانی کردن لە دژی هێزی کۆنەپەرست و ئیمپریالیزم دەستی پێ کردووە.

نەتـەوەی کـوردی دابەشـکراویش بـەپێی نەخـشە و تـەماحی ئیمپریـالیزم، پێویـستە لەسـەری خـەبات بکـات لـەپێناوی دیـاریکردنی مـاف چارەنووس و رزگـارکردنی کوردسـتانی گـەورە، بە نەهێـشتنی ئیمپریـالیزمی بـەریتانی و نۆکـەرانی کـە وەك هێزێکـی رێکوپێـك لـەنێو هـەموو ناوچە کوردییەکانـدا بـڵاو بونەوە و لە ناو خۆشیاندا بە تەواوی یەکترییان گرتبوو.

لـەم رۆژانـەدا حزبـی هـەمووان بـەناوی (حزبـی رزگـاریی کـورد) لـە کۆمەڵـە بچووکەکانی کوردی عێراق لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق و نیشتمانپەروەرانی دیکە پێکهات. لەگەڵ ئەوەی کە حزبی شیوعی کیانی خۆی پاراست، بەڵام بە تەواوی هاوکاری لەگەڵدا دەکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئێستای میللەتی کورد، ئەو حزبە لەپێناوی رزگاریی وڵات خەباتی کردووە و خەباتیش دەکات.

لە کۆتاییدا ئێمەی شیوعی، جەماوەری میللـەتی خۆشەویستی کوردی عێراق بـانگ دەکـەین بـۆ کـارکردن لـە پێنـاوی پێشکەوتنی حزبـی رزگـاری کـورد و هاوکاری کردنی، بە دەنگێکی بەرز هەموو نیشتمان پەروەرانی هەموو لایەك دەدوێنین کە هەرگیز درێغی نەکەن لە هەوڵ و کۆشش کردنی لەپێناوی بەهێز کردنی (حزبی رزگاری کورد)دا.

مەکتەبی سیاسی

حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراقدا

### ٦- پاشکۆی ژمارە (٦):

بەیانی حزبی رزگاری کورد کە لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە دەرچووە[٣٥٤]:

یەکەم: ئامانجی بالأمان یەککرتن و رزگارکردنی کوردستانی گەورەیە، لەبەر ئەوەی بنکەی حزب لە کوردستانی عێراقە، بۆیە خەبات دەکەین لە پێناوی دەرچوونی عێراق لەژێر دەسەلأتی ئیمپرالیزم و حکومەتە کۆنە پەرستەکان کە گەورەترین کۆسپن لەبەردەم پێشکەوتنی کوردی عێراق و بۆ گەیشتنیان بە ئامانجی هەرە گەورەیان کە ئازادی و ماف چارەی خۆ نووسینە.

دووەم: هەوڵدان لەپێناو سەربەخۆیی کارگێری کوردستانی عێراق کە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ ماف چارەی خۆنوسینی کورد.

سێیەم: هەڵدان بۆ لابردنی هەموو جۆرە چەوساندنەوە و جاوازییەکی نەتەوەیی لەسەر کورد و نەتەوەکانی دیکە.

چوارەم: هەوڵدان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ حزب و نێوەندە کوردییەکانی دەرەوەی عێراق تا هەموو توانایەك بۆ ئامانجی بالأ یەك بخرێن ((ماف چارەی خۆنووسین)).

پێنجەم: هەوڵدان بۆ چاکسازییەکی سەرتاپا بۆ گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی و رۆشنبیرییەکان، ئەمیش بە دەستە بەرکردنی ماف دیموکراسی و بەرزکردنەوەی ئاستی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بلأوکردنەوەی زانیاری و بوژاندنەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی.

شەشەم: هەوڵدان بۆ روون کردنەوەی کێشەی کورد بۆ هەموو نەتەوەکان، بەتایبەتی نەتەوەکانی رۆژهەلأتی ناوەڕاست.

حەوتەم: بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو فەرمانگە و قوتابخانەکان لە چوارچێوەی ناوچە کوردییەکان.

هەشتەم: کارکردن لە پێناو دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ حزب و رێکخراوە دیموکراسییەکان.

نۆیەم: کارکردن لەپێنا دۆزینەوەی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتە دیموکراسییانەی دژی پلانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و نۆکەرەکانیانن کە هەوڵ دەدەن هاوپەیمانیەتی سەعد ئاباد زیندوو بکەنەوە، هەروەها وەستان دژی گەلە کۆمەکێی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان کە دژی ئازادییە گشتییەکانن، بەتایبەتی ئازادی کورد.

**ئەنجومەنی جێبەجێکردنی**

**حزبی رزگاری کورد**

### ٧- پاشکۆی ژمارە (٧):

راپۆرتێکی پۆلیسی سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٦، دەربارەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی (ژ-ك) کە ئامارژە بۆ ناوی چەند کەسایەتییەکی تێکۆشەری ئەو سەردەمە دەکات[٣٥٥]:

نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی لیوای سلێمانی ژمارە ١٥٨
لە ٣٠/ئایاری/١٩٤٦ ئاراستەی موتەسەریفیەی لیوا کراوە

### بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (١٩٨٧) لە ٢١/ئایاری/١٩٤٦. بە گوێرەی لێکۆڵینەوە نهێنییەکان کە لەو بارەوە ئەنجام دران، دەردەکەوێ ئەوانەی پەیامەکانی پروپاگەندە بۆ سلێمانی دەنێرن: محێددین سالحە سوور و نوری حەمە سوور و حاجی شێخ کەریم (راکردوەکان) و ئیسماعیل شاوێس قائمقامی خانەنشین و قادری نوری قوتابییەکی دواناوەندییە لە قوتابخانە دەرکراوە، دوای هێنانی ئەو نامە و گۆڤارانە بۆ سلێمانی هەڵدەستن بە دابەشکردنی بەسەر ئەو کەسانەی خۆیان بە کۆمۆنیست نیشان دەدان، نموونەی پارێزەران ئیبراهیم ئەحمەد و فایەق وشیار، هەروەها مامۆستایان بەکر شێخ جەلال و فایەت بێکەس و ناهیدە شێخ سەلام، لەگەڵ هەندێ مامۆستا و قوتابی تر.

بەڵام بڵاوکراوەکانی (جامات)ی وێنەی تاکەکانی دەستەی کۆمەڵە بابەتی باسەکەیە و لە وێنەگری داواکراو بە زیندووین بە دەستمان گەیشت کە لەلایەن ئیسماعیل شاوێس ناوبراو لە بەغداوە بۆ تۆفیق قەزاز هاتووە کە دانی بە بوونی ناوە (مەبەست لە بڵاوکراوەکانە)، بەڵام نازانێ لەلای کێ هێنراوە.

لەگەڵ ئەمەشدا پێی وایە لەلایەن هاوڕێی منداڵەکانی هاتووە و لە ماڵەکەی جێهێڵراوە بۆ کۆپیکردنی دانەیەك نەك بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوە، بۆ وردبووەنەوە و بەداواداچوون.

## ٨- پاشکۆی ژمارە (٨):

نامەیەك لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە[٣٥٦]

ئەمەی خوارەوە ئەو نامە و وەسیەتنامەیەیە کە (١٤) سەعات پێش خنکاندنیان بە دەستنوسی محەمەد مەحمود قودسی نووسیویانە و داویانە بە میللەتی کورد.

بەغدا

١٨/حوزەیرانی/١٩٤٧

لە: شوهەدای ڕێگای نیشتمانەوە

عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و خەیروڵڵا عەبدلکەریم و محەمەد مەحمود —ەوە:

برایانی میللەتی کوردی خۆشەویست:

لە دوای تەبلیغی حوکمی ئیعدام بە یەك سەعات نوسراوە.

برایان:

خۆمان زۆر بە بەختیار دەزانین کە بەرامبەر واجبی میللی هیچ دوا نەکەوتین تەنیا نەسیحەتی ئێمە ئەوەیە کە لاوان و نیشتمان پەروەرانی کورد نێکڕانی زات بکەنە نیشانە و یەکیەتی بکەنە پەیڕەوی خۆیان بۆ شکاندنی تەوقی ئیستعمار و ڕزگارکردنی هەمو میللەتێکی مەزلووم بێ جیاوازی.

برایان:

دوژمنی جەهالەت بن بە هەموو تواناتان شەڕی جەهالەت بکەن وە دوای جەهالەت مەکەون، ئێمە نیشانەی تێکۆشینی میللی میللەتی کوردین لە ساڵی ١٩٤٧دا.

برایانی ئێمە کە ماون بۆ ڕێگای شەرەف تێدەکۆشن و پشت بە خودای گەورە، میللەت ڕزگار دەبێ.

برایان:

هاتنمان بۆ بەسێدارە لە بێ دەسەڵاتییەوە و سێ و دوو کردنەوە نەبوو بۆ تێکۆشین، بەڵکو هەر وەکو سەربازێکی ئازاد تا ئاخرین توانا هەوڵمان داو و گەیشتینە ئەم نەتیجەیە، ئیدی بۆ یەکیەتی وە بۆ ئازادی، بژی کورد و کوردستان.

واژووی:

خەیروالله عبدالکریم        مستەفا خۆشناو عیزەت عبدالعزیز

محمد محمود

## ٩- پاشکۆی ژمارە (٩):

**نامەی جەلال تاڵەبانی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بۆ مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دەربارەی بارودۆخی ناوخۆی پارتی [٣٥٧]:**

پارتی دیموکراتی کوردستان

/تشرینی یەکەم/ ١٩٥٥ یەکێن

ب/ هاوڕێی سەرکردە جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و هاوڕێی خۆشەویست میرحاج ئەحمەد:

ماوەم بدەن هاوڕێ گەورەکانم بەناوی کۆمیتەی ناوەندی و هەموو ئەندامانی حزبمان و بگرە بەناوی گشت هاونیشتمانیانی بەرێزەوە کە کوردستانی خۆشەویستمانیان لە دڵدایە و ئێوە بە سەرکردەی دڵسۆز و هاوڕێی گەورەی تێکۆشان بۆ رزگاری کوردستان و دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی گەلی دەزانن، زۆر بە گەرمی سڵاوتان لێ بکەم.

ماوەیەکی دوور و درێژە حزب بۆی نەلواوە راپۆرتتان بۆ بنێرێ لە بارەی باری خۆیەوە و لەبارەی بزووتنەوەی رزگاری لە عێراقەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندیکردن پێتانەوە گرانە دیسان حزبمان دەزانێ کە لەم بارەوە کورتی نواندووە، بە درێژایی ئەو ماوەیەی دەنگوباسی ئێمەتان لێ براوەو ئێمە لە ئێوە بێ ئاگاین، گەلێك گۆڕانکاری لە حزبەکەماندا و لە گشت عێراق و کوردستانی عێراق رویان داوە، لم نامەیەدا بۆ ئێوە، تەقەلا دەدەم بە کورتی – ئەوەندەی دەسەڵاتی من و باری رۆژانە رێ بدا – پێتانی را بگەریەنم. ئەگەر ویستتان پتر درێژەی پێ بدەین پێویستە رێی پێوەندی پێوەکردنتان بزانین، حزب حەز دەکات بە گشتی لە بارودۆختان ئاگەدار بکاو وەڵای هەموو پرسیارەکانتان بداتەوە لە هەمو سەریکەوە.

ئەم راپۆرتە کە لەسەر داوای حزب بۆتان دەنووسم ماوەی نووسینی پوختە ترم نەبوو، چونکە هاتنە دەرەوەم لە نیشتمان کتوپڕ بوو، وا دەیکەم بەم چەند بەشەوە:

**بارودۆخی حزب:**

سەرەڕای ئەو کەموکورییەی لە رۆژی پێکهاتنەوە لە حزبەکەماندا هەبوو (لەبارەی کادیری رابەرایەتی و لقەکانی و ناوخۆیی و پرۆگرام)، کەچی بەگشتی باش رۆیشتووە، حزب پشتگیرییەکی باشی لەناو جەماوەری شار و شارۆچکەکاندا هەیە، تەنانەت لایەنگری هەندێ لە خاوەن مولکە گەورەکان ووردە ئاغا و بازرگانە نیشتمانییەکانی وەرگرتووە، جگە لە دەستەیەکی بەربلاو لە رۆشنبیران، لەگەڵ ئەو هێرشە توندەی حزبەکەمان لەلایەن چەپڕەوەکانەوە — کە لەراستیدا راستترەون — و بەدەستەی بنەوای فەهد دەناسرێن، کە فەهدی شەهید ناوی (حزبی شیوعی عێراقی) لێ ناوە، وا ئەبوایە کارە حزبییەکانمان لە مەڵبەند و لە زۆربەی لقەکان بە باشی دەڕۆیشتن.

گەورەترین هەڵە ئەوەبوو کە ئەو حەشاماتە زۆرەی ئەندام و لایەنگران وا نەگۆڕاون کادیرێکی شۆڕشگێڕی تێگەیشتوویان لێ بەرهەم بێت.

لەساڵی ١٩٤٧دا بەتایبەتی پاش گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ نیشتمان، حزبمان شاڵاوی فراوانی بۆ پارێزگاری لێیان دەست پێ کرد، داوای لە حکومەت کردبیانبووری بیانگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان. حزب شاڵاوی سکاڵا و مەزبەتەی زۆری دژی حکومەت ساز کرد بەتایبەتی کاتێ ویستی چوار ئەفسەرە شەهیدەکە مستەفا خۆشناو و خەیروڵڵا و عیزەت و محەمەد مەحمود لەدار بدا، تەقەلای بەتین درا رێگەی ئەوە بگرێ، بەڵام کاتێ ئەوان لەدار دران، حزب ئەوەی کردە دەرفەت، بانگەوازی دەرکرد و خۆپیشاندانی رێك خست، و شەوڕاسپێری شەهیدەکانی بڵاو کردەوە، زۆر بە سەرکەوتوویی خۆپیشاندانی

پڕ لە هەرای پێك هێنا لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بەتایبەتی لە شاری سلێمانی، کە شار بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مانی گرت و تازیەتباری ڕاگەیاند.
لەکاتی ڕاپەڕینەکەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ دا حزبمان لەگەڵ حزبی (الشعب) و حزبی (الوطني الديمقراطي) و حزبی شیوعی عێراقی (سەر بە قاعیدە) لە پێکدادانی ناوەخۆیی دژی ئیمپریالیزم بەشداری کرد و دەورێکی دیاری نواند، هەر لەو کاتانەشدا لیژنەی هاوکاری لەنێوان ئەو تاقمانەدا دروست بوو، ئەگەرچی حزبمان لە هەندێ شوێندا دواکەوت لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا، وەکو هەڵەی لەکاتی هەڵبژاردن، کەخۆی تێکەڵاو کرد بێ ئەوەی هیچ مەرجێ دابنێ، تەنانەت مەرجی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆشی بەسەر دوژمندا سەپاند و لەسەر بناغەی داگرتن و سازکردنی جەماوەر و سەرکردایەتیکردنی لە بەگرژداچوونی کۆنەپەرستیدا، یان بڵاوکردنەوەی دروشمە نیشتمانییەکانی لەناو گەلدا پەردەلادان لە پرۆگرامەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، بگرە بە جۆرێك چووە ناو هەڵبژاردنەکەوە وەکو ئەوەی تەنیا مەبەستی وەدەست هێنانی کورسی پەرلەمان بێت، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا لەبارەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی بارودۆخی پاش ڕاپەڕیندا، لە تاقمەکانی تر سەرکەوتوو تر بووین.
داوامان لە هەموو حزب و ڕێکخراوە سیاسییە نیشتمانییەکان کرد بێن بەرەیەکی یەکگرتوو دژی ئیمپریالیزم پێك بێنن و هاوکاری بکەین. حکومەتی محەمەد سەدرمان ریسوا کرد، کە دەیەوێ وڵات ئارام بکاتەوە و ڕێ خۆش بکا بۆ گەڕانەوەی سەرانی کۆنەپەرستی. مەترسی پیلانی فەڵەستینمان خستەڕوو، تەنیا حزبمان بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانی عێراقدا هەڵوێستێکی ڕاست و دروستی بەرامبەر کێشەی فەڵەستین دەربڕی و دژی ناردنی سوپا بوو بۆ فەڵەستین، چونکە ماکی پیلانە ئیمپریالیستیەکەی زانیبوو، کە دەیانەوێ بە هۆی شەڕە گروەکەیەوە بیخەنە کار، هەروەها ناپاکی عەبدڵڵا شای ئۆردون و کاربەدەستانی عێراقیشی دەرخست، بە ڕێکخستنی دەستەی نێردراو و

نووسینی مەزبەتە داوای چارەسەرکردنی کێشەی بارزانمان کرد مافەکانی گەلەکەمان داوا کرد.

پاش شانۆ گەرییەکەی هەڵبژاردن، ماوەی سازدان و خۆ گورجکردنەوە کۆتایی هات، کە ویست و ئارەزووی خەڵکەکە بە ئاشکرا ئاوەژوو کرابۆوەو، هەندێ لە وەزیرەکان خۆشیان دانیان بەوەدا نا، پاش ئەوەی پیلانی فەڵەستین سەری گرت، ئەمجارە نۆرەی تۆقاندنێکی بەتین دژی بزووتنەوەی نیشتمانی دەستی پێکرد. ناپاکی هەندێ لە سەرکردەکانی دەستەی (قاعدە) لە حزبی شیوعی عێراقی یارمەتی حکومەتیدا، ئەویش بە ئاشکرا کردنی هەندێ لە لێپرسراوانی دەرەوەی گرینگە لە نهێنییەکان و بە چاوترو کاندنێك بوون بە سیخور، ئەوانە هاونیشتمانیان بە گرت دەدەن و لە دادگا شایەدییان لەسەر دەدەن، زۆر کەس لە رۆڵەکانی عێراق و کردستان لەم ناوەدا تێ چوون، کە هاورێی ئێمەشیان تێدابوو. بەشی حزبمان لەم تۆقاندنە (جنسیە) لێ سەندنەوەی هەندێ لە باشترین ئەندامی سەرکردایەتی حزب بوون (هێشتا هەر لە نیشتمان ماون) وەکو دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم، کە رێکخەری کاروباری حزب بوو، دوو ساڵیش هاورێ برایم ئەحمەدی پارێزەر (سکرتێری ئێستای حزب) سەرۆکی لیژنەی ناوچە لە لیوای سلێمانی و هاورێ عومەر مستەفای پارێزەر (ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبە) ئەوسا رێکخەری لیژنەی محەلی بەغدا بوو، بە گرتن چوون. دوو ئەندامی دیاری لیژنەی ناوەندی، کە پارێزەر رەشید عەبدولقادر سێ ساڵ گیرانی بەسەردا برا، چونکە نوێنەری حزبمان بوو لە لیژنەی هاوکاری نێوان حزبەکان لە کاتی راپەرینەکەدا و تاقمی قاعیدە شایەدییان لەسەر دا، ئەوی تر پارێزەر عەونی یوسف بوو، کە ساڵ و نیوێك بەندی بەسەردا درا (هەردووکیان لە حزب دەرکراون کەچی هەر لایەنی حزب دەگرن، یەکەمیان دەرکرا چونکە تۆ بە نامەی نووسیو دووەم چونکە لە کاری حزبیدا بەرەڵلایی نواندبوو). زۆر کەسی تریش بەندییان بەسەردا درا. هەندێ

کادیری سەرکردایەتی هەڵاتن، وەك کاك ساڵح یوسفی و پارێزە رەشید باجەلان، شێخ لەتیفیش جیا بووەوە لەکاتی راپەریندا، چونکە لەگەڵ هەمزەدا ناکۆکی لێ پەیدا بوو.

لە ئەنجامی ئەم گیران و تواقاندنەدا چالاکی هەندێ لە رێکخراوەکان وەستا، وەکو هەولێر و موسڵ، لە ئەندامای لیژنەی ناوەندی جگە لە کاك هەمزە عەبدوڵڵا، کە لێپرسراوی یەکەم بوو کەس نەمایەوە، هاورێی ئەندازیار عەلی عەبدوڵڵا لە کۆیە، هاورێ کەریم توفیق پارێزەریش کە لە کۆیە دامەزرابوو، هەروەها کاکە زیادیش لەوێ بوو.

کاك هەمزە عەبدوڵڵا یەکەم لێپرسراو بوو مەکتەبی سیاسی دەبرد بەرێوە، لەو ساوە کەمتەرخەمی لە سەرکردایەتی دەرکەوت بەتایبەتی لەلایەن هاورێ هەمزەوە رۆژنامەی ناوەندی حزب بە رێکوپێکی دەرنەدەچوو، سەرکردایەتی هیچ تەقەلایەکی نەدا بۆ رێکخستنەوەی بەشە رووخاوەکانی دەزگای حزب، لەکاتێکدا حزب دەرفەتی لەبەردەمدا بوو دەسرۆیشتنی لە برەودا بوو، چونکە هەندێ لە دستە سیاسییەکانی تر نابووت بوو بوون، بەتایبەتی دەستەی قاعیدە کە ناپاکی سەرکردەکانیان لە هەموو لایەك باس دەکرا بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا نابووت بووب ببون، بەلام بێ مبالاتی سرکردایەتی حزبمان نەیهێشت سوود لەم هەله وەربگیرێ، ساڵی ١٩٤٩ کاك هەمزە عەبدوڵڵا لە سلێمانی گیرا و نێردرایە بەغدا، لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٠)دا دەستەیەك لە هاورێیان لە کۆیە وەك هاورێ عەلی عەبدوڵڵا (ئەندامی مەکتەبی سیاسی) و هاورێ بەکر ئیسماعیل (ئەندامی حزب) و هاورێ (ئەوسا) عەبدولکەریم تەوفیق و کاکە حەمەد ئەمین معروف و کاك حەبیب پارێزەر بەیارمەتی حەمە زیاد رێکخراوی ناوەندی حزب رێك خەنەوە و رێ بۆ کۆنگرەی گشتی خۆش کەن، بەلام ئەم لیژنەیە نەیتوانی ئەم کارە جێبەجێ بکات. عەبدولکەریم خۆی لە حزب دەرهاوێشت، لەو کاتەدا لیژنەی محەلی بەغدا چالاك بوو داوای

کۆنگرەیەکی حزبی کرد کەچی لە جیاتی کۆنگرە کۆنفرانسی حزبی گیرا، کە نوێنەرانی سلێمانی و بەغدا و فەیلییەکان و هەڵەبجە و کەرکوك و موسڵ و کۆیە و هاوڕێ عەلی عەبدوڵڵا و کاك عەونی یوسف، کە تازە لە بەندیخانە هاتبوونە دەرێ، تێیدا بەشدار بوون.

لەم کۆنفرانسەدا لیژنەیەکی لاواز هەڵبژێردرا، کە زۆربەی ئەندامەکانی ئاگادار بوون لە مارکسی لینینی وەك ساڵح روشدی، مستەفا کەریم (هەردووکیا پاشتر لە حزب هەڵگەڕانەوە) و محەمەد موسا سادق (قوتابی ناوەندی) و عەونی یوسف و عەلی حەمدی، کە سەرەڕای دڵسۆزی و فیداکاریشی نەیدەتوانی ئەو ئەرکە بەجێ بێنێ و نوری محەمەد ئەمین، کە پاشان رایکرد و ئێستا (ئەندازیارێکی دەوڵەمەندە)، بەڵام هاوڕێ عەلی عەبدوڵڵاشیان لەگەڵدا بوو، کە وریا و تێگەیشتووە و بە چاکی لە مارکسی – لینینی دەزانێ. پاش ماوەیەکی کەم کاك هەمزە عەبدوڵڵا لە گرتن دەرچوو (هەر چەندە زەبر و زەنگ سووك بوو بۆ دادگای عورق هەڵگیرا بوو هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەبوو، دیسان هاتنە دەرەوە و رێگەدانی لە بارەی (جنسیە) کەیەوە بە دایرەکاندا بگەڕێ، هەموو کەس پێی سەیر بوو).

پاش هاتنە دەرەوەی لە بەندیخانەە داوای لە لیژنەی ناوەندی کرد (کە خۆی یەکێك بوو لە ئەندامەکانی بەپێی پرۆگرامی ناوخۆی پێشوو)، کە ئەندامیەتییەکەی بووەستێنێت و رێگە بدەن سەر لە دایرەکان بدا بۆ جێبەجێ کردنی جنسیەکەی و هیچ لێپرسراییکی نەدرێتێ. بەرامبەر بەوە ئەویش گوتار بۆ رزگاری و بڵاوکراوەکانی تر بنووسێ. ئەم داخوازییە لیژنەی ناوەندی پەسندی نەکرد، هەمزەیش تووڕە بوو دەرچونی خۆی لە حزب راگەیاند، ئەوانیش دەسبەجێ پەسندیان کرد.

لەپێش ئەمەدا رووداوێکی گرینگ رووی دابوو: رۆژێك هەمزە بە عەلی عەبدوڵڵا دەڵێ کە لێپرسراوێکی باڵوێزگەی بەریتانیا لە رێی زەید ئەحمەد عوسمانەوە –

زەید پارێزەر و کوڕی ئەحمەد عوسمان ئەفەندیی هەولێرییە- ئەندامی ئەنجومەنی ماقولانە (ئەعیان)ە - داوا دەکات چاوی بە هەمزە و عەونی بکەوێ، جا هەمزە بە زەید دەڵێ: پێویست بە هاتنی عەونی ناکا و ئەم خۆی بەسە. ئەم لێپرسراوە رۆژی لە رۆژان چاوی بە هەمزە دەکەوێ کە هۆی یەکترناسینیان زەید ئەحمەد عوسمان بووە، هەرسێکیان دەچن بۆ کابارێی عەبدڵلا لە بەغدا، لە دانیشتندا ئەم قسانەیان کردووە:

لێپرسرای باڵوێزخانەکە ناوی (حاجی)ی لە خۆی ناوە، لە هەمزە دەپرسێ، بۆچی کورد خۆشیان دەوێیی؟ هەمزە دەڵێ چونکە حکومەت دەمچەوسێنێتەوە، حاجی دەپرسێ، ئاخۆ دەتوانرێ جەنەراڵ مستەفا بارزانی و هاورێکانی بگەڕێنەوە بۆ عێراق پاش بووردینان و ببن بە دوژمنی سۆڤیەت؟ هەمزە لە وەڵامدا دەڵێ: گەڕانەوەی پێشەوا پیاوەکانی بەستراوە بە جنسیەوە، جەنەراڵیش ناکرێ ببێتە دوژمنی سۆڤیەت، چونکە کورد هەر کارو چاکەیان لەبەر چاوە و پیاوەتی هیچ کەس لەبیر ناکەن پاشان کێشەی ئۆتۆنۆمی لە عێراقدا. دوای ئەم دانیشتنە هەمزە بە عەلی دەڵێ ئەم رووداوە بۆ کەس باس نەکا، بەلام عەلی دەڵێ تەنیا بۆ عەونی باس دەکەم هەمزەیش رازی بوو. جگە لە عەلی کاك مەسعود (سەعید) پەیامنێری حزبیش ئاگای لێ بووە. پەیامنێر سەعید پاش ماوەیەك بە عەلی گوتووە کە هەمزە دیسان چاوی بە ئینگلیزەکە کەوتووە و ئەمجارە عەلی ئاگادار نەکردووە، مەسعود داوا لە عەلی دەکا لای کەس نەڵێ کە مەسعود ئەم هەواڵەی داوەتێ.

لیژنەی کۆیە (کە من ئەوسا سەرۆك بووم) ناڕازیی خۆی لە خۆکێشانەوەی هەمزە دەربڕی، لیژنەی سلێمانیش ناڕازی بوو، لەو کاتەدا ناکۆکی لەنێوان ناوەندی و لیژنەی کۆیەدا هەبوو لەسەر ئەوەی ناوەندی لاوازە و ناتوانێ رۆژنامە و بەیاننامە دەربکا. لیژنەی کۆیە داوای کرد بڕیاری ناوەندی لەمەڕ هەمزەوە چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ حزب دەسبەجێ.

لیژنەی ناوەندی ناچار ما هەمزە بگێڕێتەوە و ناوەندییەکی نوێ دابمەزرێنێ، واتا مەکتەبێکی سیاسی نوێ لە هەمزە و عەلی عەبدوڵڵا و عەونی یوسف، هەمزە عەبدوڵڵاش لێپرسراوی یەکەم بێت.

(لەو کاتەدا هەمزە بە ئازادی لە سلێمانی دەژیا)، لە کۆبوونەوەیەکی تری لیژنەی ناوەندیدا بڕیار درا ئامێرەکانی حزب بدرێ بە هەمزە و دەسەڵاتیشی بدرێتێ کە کۆنگرە کۆبکاتەوە، بەڵام ساڵح روشدی و مستەفا کەریم ئامێرەکەیان نەدا، کە لە بەغدا لای فەیلییەکان بوو، بەم کارەیان بوونە هۆی لەناو چوونی ئامێری حزب، ئەمجا کەوتنە چاووراوی تێکدەرانە بە ئاشکرا کردنی نهێنییەکانی حزب لای جەماوەر لە بەغدا و شوێنەکانی تردا — لەکاتی ئیشکردنی لیژنەی ناوەندیی دووەم شاری هەولێر رێکخستنەکانی خۆی ساز کردەوە و پێوەندیی بە رێکخراوە جوتیارییەکانی ناوچەی باڵەکەوە کرد، کە حەیدەر محەمەدەمین لەوێ بوو — ئەندامی لیژنەی محەلی بەغدایە، کۆلیجی تەواو کردووە و دانەمەزرا پرۆگرامی حزبیشی بەتایپ چاپ کرا، گۆڕانکارییەکی کەمی تێدا کرا، بەیاننامەیەکیش بە تایپ بڵاو کرایەوە، کە هەمزە نووسیویەتی لە بارەی باری سیاسی دەوڵەتان و ناوخۆوە.

لە ساڵی (١٩٥٠) دا کۆنگرەی دووەمی حزب بەسترا، جگە لە نوێنەری رێکخراوەکانی حزب، برایم ئەحمەد جەلیل هۆشیاریش بانگ کران، کە تازە لە بەندیخانە دەرچوو بوون. کۆنگرەی دووەم لە بەغدا گیراو نوێنەرانی هەولێر و باڵەك و کۆیە و سلێمانی و هەڵەبجە بەغدا بەشدارییان تێدا کرد، ساڵح روشدی و مستەفا کەریمی برادەری نەهاتن هەرچەندە هاوڕێ برایم ئەحمەد تەقەلای دا بۆ هاتنیان. لە کۆنگرەدا لایەنگرانی هەمزە زۆرتر بوون، بەڵام هەمزە لەگەڵ برایم و عەلی عەبدوڵڵا رێککەوت، کەوا لیژنەیەکی ناەندی وا پێکبێنن لە ناکۆکی بە دوور بێت و ئەندامانی لیژنەی پێشووش نەبن بۆ ئەوەی رێکخراوەکان ساز کاتەوە و بڵاوکراوە دەربکات، هەروەها رێ خۆش بکا بۆ

کۆنگرەی سێیەم. ئەمجا هەمزە داوای لە من کرد — چونکە لە هەمووان زیاتر لایەنگری بووم — ئەوانی تریش رازی بکەم. من و هەمزە کەوتینە رازیکردنیان. تەنانەت کاتێ من بۆ لیژنەی ناوەندی هەڵبژاردرام ئەندامەتی خۆمم دا بە جەلیل هۆشیار بۆ ئەوەی مەرجی بێلایەنی لە ئاکۆکییەکاندا بهێنێتە جێ. ئا لەو کاتەدا ساڵح روشدی و مستەفا کەریم حزبێکی نوێیان پێکەوە ناو ناویان نا (حزبی دیموکراتی کوردی عێراق). واتە ئەم ئەفەندییانە پێیان وا بو، کە تەنیا گۆڕینی ناوی (پارتی — بە حزب) کە هەردووک وشە یەک واتایان هەیە هەموو ناواخنی حزبەکە دەگۆڕێ. ئەم گروپە پاش ساڵێك پوچایەوە و زیاتری ئەندامەکانی هاتنەوە ریزی پارتی. ساڵح خۆی تێکەڵاوی دەستەی قاعدە بوو دوو ساڵ زیندانی کرا. بەڵام لە زیندان لەگەڵ ئەوانیش تێکچوو دەریان کرد پاش ئەوەی دەستەی حەمید عوسمان سکرتێری ئێستای قاعیدە تیرو پڕیان لێدا. گوایە ئێستا لەگەڵ تاقمی (حزبی یەکێتی شیوعیەکان)دا کار دەکا.

بەڵام لیژنەی تازە کە لێپرسراوە یەکەمەکەی، هاوڕێ برایم ئەحمەد سکرتێری حزبە، لە پێشدا بە تایپ بەیانێکی لە بارەی کۆنگرەوە و یەکێکی لەبارەی سازکردنی ئەندامان و کۆکردنەوەی پیتاك بە کڕینی نامێر دەرکرد. بەیانێکی دورو درێژیش لەسەر (داوای خۆ بێلایەنگرتنی جەماوەر. کە حزبی وەتەنی دیموکراتی و هەندێ لە سیاسییەکانی عێراق) داوا دەکەن. لەم بەیانەدا لیژنەی ناوەندی بەگژ ئەم داواکردنی بێلایەنیدا چووە و داوا لە خەڵك دەکا کە بەشداری کاریگەریان ببێ لە پاراستنی ئاشتی دژی پرۆژەکانی شەڕدا. دەریشی بڕی کە حزبمان و هەموو خەڵکی کوردستان بێلایەن ناوەستن لەم لێکدانەی نێوان هێزی چاکە و خراپەدا. لەنێوان شەڕ و ئاشتیدا. بگرە بە قایمی شان بە شای یەکێتی سۆڤیەتی مەزن رادەوەستن. ئەگەر دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان دەست درێژی بکەن جاری شەڕ بدەن ئێمە چەك هەڵدەگرین

دژیان و لەژێر سەرکردایەتی سۆڤیەتدا شەڕ دەکەین، ئەم بەیانە دەنگێکی باشی دایەوە.

ئەم دەورەی سەرکردایەتیە هەر چەندە هەندێ کە لەبەریشی تێدا بوو لەلایەن سەرکردایەتییەوە، دیسان بە لێکدانەوەیەکی مارکسیانە ژمێردرا لە ئاستی کێشە گشتیەکاندا. هاوڕێ برایم روونی کردەوە، کە هەڵوێستی راست دەربارەی هەڵبژاردن و خستنە رووی داواکانی بورژوازییەت لەبەر ئەوەی ناتوانێ نوێنەری بگەیێنێتە پەرلەمان، ئاشکرای کرد کە هەڵوێستی ئێمە لەمەڕ هەڵبژاردن تەنیا سەرخستنی نوێنەر و شتی وا نییە، بگرە هەڵوێستمان لەم رووەوە بۆ گۆڕینی شەڕەکە بەرەو دژایەتیکردنی ئیستعمار و کۆنەپەرستان، بۆ ئەوەی پرۆژەکانی شەڕ و دەستدرێژی ریسوا بکرێ و دروشمە نیشتمانیەکان ئاشکرا بێن و جەماوەر ساز بکرێ دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و ئەم خەڵکە تێ بگەینرێ کە گۆڕینی بارودۆخی ئێستا بە هەڵبژاردن ناکرێ، بەڵکو هۆکارە شۆرشگێڕەکان ئەوەیان پێ دەکرێ. پاشان پەردە هەڵماڵین لەسەر خۆ تێ هەڵقورتاندنەکانی حکومەت و کۆنەپەرستی لەبەرامبەر جەماوەردا، بۆ حزبی دەرخست کەوا پشت تێکردن کاتێ راستەکە بزووتنەوەی نیشتمانی بەهێز بێت و شۆرش یان راپەڕینی چەکداری پێ گەیشتبێ. دەستەکانی بورجوازی و چەپەکان هەڵوێستی حزبمانیان بەلان بەرەو راست رەوی زانیبوو، کەچی حزبمان دەری خست ئەم هەڵوێستە راست و پاشتر هەموو لایەک دانیان بەوە دانا، کە هەڵوێستێکی راست بووە، جا لەسەر ئەم رێبازە حزبمان ساڵی ١٩٥٢ بەشداری هەڵبژاردنی کرد و نوێنەرەکەی هاوڕێ (مەسعود محەمەد) جەلیزادەی پارێزەر لە کۆیە سەرکەوت.

جگە لەوە لەم دەورە هەڵمەتێکی توند کرایە سەر ناپاکە کوردەکانی وەکو عەلی کەمال و ماجد و ئەوانی تر لە تاخمی یەکێتی دەستووری و ئوممەی ئیشتراکی کە هەردووکیان کۆنە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمن، لە زۆر شوێندا

رێکخراوەکانی حزب سازکرانەوە و رۆژنامەی ناوەندیمان بە کوردی دەرچوو رۆژنامەی (نداء کردستان) ماڤ بە زمانی عەرەبی دامەزراند. هەر لەم ماوەدا جیابوونەوەی هەمزە لە حزب روویدا پاش ئەوەی لە حزب دەرکرا، کورتەی رووداوەکە ئەوەیە لە هاوینی (١٩٥١)دا لە پرێکدا هەمزە گیرا و نێردرا بۆ تورکیا و هێرشێکی گرتنی پارتییەکان دەستی پێکرد، لەوانە هاوڕێ برایم ئەحمەد و عەلی عەبدوڵڵا و عومەر مستەفا و محەمەد حەبیب، و عەونی یوسف و جەلال تاڵەبانی و دەیانی تر لە هەولێر و سلێمانی و کۆیە و کەرکوک، پاشان دادگایەکی ساختە لە هەولێر داندرا و بێ ئەوەی محاکەمە بکرێن، بڕیار درا بە دوور خرانەوەمان، هاوڕێ برایم بۆ کەرکوک و هاوڕێیان عەلی عەبدوڵڵا و عومەر مستەفا سالح شەمس و من نێردراین بۆ موسڵ و ئەوانی تر بۆ عیمارە و رومادی، پاشان بەتێ هەڵچوونەوە (استئناف) ئەو بڕیارانە هەڵوەشانەوە و بەرەڵڵا کراین. بەڵام لەبارەی هەمزەوە، ئەو کاتەی من دوور خرابوومەوە بۆ موسڵ، نامەیەکم پێ گەیشت دەڵێ توانیویەتی لەدەست تورک رزگار ببێ و ئێستا لە زاخۆیە و دەیەوێ لە موسڵ جێگەیەکی بۆ پەیدا بکەم، منیش قسەم لەگەڵ برادەرانی موسڵدا کرد و جێیان بۆ پەیدا کرد، ئاگاداری ناوەندیم کرد و ئەوانیش رازی بوون، جا بانگم کرد و هات، حزب مەرجی بۆ هەمزە دانا کە دابنیشی نووسین و گوتار بنووسێ و بۆیان بنێرێ تا ئەوان چی بە باش بزانن بڵاوی بکەنەوە، ناوەندی ئەمجارە بۆیە گومانی لە هەمزە کرد، چونکە موتەسەریفی موسڵ سەعید قەزاز و مودیری پۆلیس ئاگەداری راکردنەکەی بوون لە تورکیا، جگە لەوە سەعید قەزاز لەسەر نامەی هەمزە خوشکەزایەکەی لەسەر ئیش دامەزراندبوو، هەمزە دەیویست بەرپرسی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوە بێت و وەڵامی نامەکانی حزب بداتەوە، واتە ببێتە دیکتاتۆری حزب، خێزانەکەیشی بهێنن بۆ لای، کە ئەو خێزانە گوماناوییەی کە ناوەندی

حزب دەیویست لێی دوور بێت. هاوڕێ برایم بەڵێنی دا لەسەر حسابی خۆی بەخێویان بکات، بەڵام هەمزە ئەوەی نەکرد و لە حزب دوورخرایەوە.
هەمزە لە دوای دەرکردن، ویستی حزب لەبەریەک دابڕێ و نامەی بۆ هەموو لایەک نارد، کە یەکەمیان من بووم، من چووم بۆ لای و ئامۆژگاریم کرد وانەکا، بەڵام بەقسەی نەکردم، لیژنەی سلێمانیش پشتی گرت چونکە ئەو لیژنەیە خۆی پرۆگرامی ناوەخۆی تێکدابوو بە دەرکردنی بەیانێک، کە لیژنەی ناوەندی بە ناپاکی تاوانبار کردبوو بەهۆی دواخستنی بڵاوکراوەکانیەوە. هەرچەندە لیژنەی ناوەندی ویستی تێیان بگەیەنێ کە حزب ئامێری نییە و ئێستا خەریکی کڕینە و داوای لێکردن دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن، بەڵام ئەوان لەسەر رای خۆیان سوور بوون، بۆیە ئەوانیش دەرکران و چوونە ریزی نارازییەکانەوە لەگەڵ هەمزەدا، ئا بەم پێیە دەستەی لێکدابڕاوی هەمزە عەبدوڵڵا پێکهات و بوو بە رێکخراوێک بەناوی (باڵی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق).
لە زستانی (١٩٥١-١٩٥٢) دا توانرا ئامێرەکە بکڕین و دای بنێین و لە ئەیلولی (١٩٥١) دا یەکەمین ژمارەی رزگای کورد پاش دوو ساڵ دواکەوتن بڵاوکرایەوە، کە لەو ماوەیەدا هەر چەندە ئامێریشیان هەبوو تاقمی هەمزە و ساڵح روشدی، نەیانتوانیبوو دەری بکەن.
حزب دەستی کرد بە رێکخستنەوەی ریزەکانی و هەوڵی چاککردنەوەی لایەنە رووخاوەکانی دا و لە نیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٥٢)دا توانی رێکخراوەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و پێنجوین و قەڵادزێ و رانیە و بەغدا و ئاکرێ و کەرکوک و هەولێر و باڵەک و شوێنەکانی سەر بەم شارانە وەک خۆی لێ بکاتەوە، رێکخراوی کۆیە بە ساغی مابووەوە. لە نیوەی دووەمی ساڵدا حزب توانی بەسەر لێک دابڕانەکەی تاخمی ساڵح روشدیدا زاڵ بێ و زۆر کەس رازی کرد بگەڕێنەوە. لەسەر ئەوە ساڵح روشدی هەڵوەشانی رێکخراوەکەی خۆی راگەیاند، ئەمجار حزب کەوتە تەقەلا لەگەڵ تاقمی هەمزەدا تا بگەڕێنەوە

ریزەکانی، لە پێشدا رازی بوون بگەڕێنەوە بە مەرجێ دەرکراوەکان بهێنرێنەوە ریزی حزب و لە کۆنگرەشدا بەشداربن، ئەمە قبولْ کرا، لێرەدا من کەوتبوومە نێوان ئەوان و حزب، کە خۆیان ناونابوو (ناوچەی ٢ سەر بە پارتی دیموکراتی کورد – عێراق)، بەڵام ئەم تاخمە لەسەر هاندنی هەمزە نوێنەری خۆیان نەنارد بۆ کۆنگرە (١٩٥٣)، کۆنگرەی سێیەم ساڵی ١٩٥٣.

بە درێژایی ئەم ماوەیە حزبمان توانی دروشمی خۆی روون بکاتەوە، کە بریتییە لە ماف چارەنووس بۆ گەلی کورد، لەگەڵ دروشمی یەکیەتی و برایەتی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا، تەنانەت تاخمی قاعیدەیش کە لە ساڵەکانی ١٩٤٦، ١٩٤٧، ١٩٤٨ دا سیاسەتیان دوژمنایەتی ئەم دروشمە بوو، حاشایان لە نەتەوایەتی کورد و بوونی کورد دەکرد و ئەندامەکانی بە گیانی کوسمۆ پۆلیتی پەروەردە کرابوون و گەورەترین دوژمنی بزووتنەوەی رزگاری کورد بوون، شۆرشی بارزان و حکومەتی دیموکراتی کوردستانیان بە پیلانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ناو دەبرد، لە ساڵی ١٩٥٢ ناچارمان ئەو دروشمە بەرز بکەنەوە و ماف جیابوونەوەشی لێ زیاد بکەن، کەچی ئێستا لەم دروشمەیان پاشگەز بوونەتەوە.

حزب سەرکەوتنێکی تریش بەدەست هێنا، کە پێوەندیی بە هاوڕێ دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم و ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە کرد، هەر لەم ماوەیەدا حزب داوای بەرەیەکی نیشتمانی دژ بە ئیمپریالیزمی کرد، زۆریشی هەوڵیدا بۆ جێگیر بوونی ئاشتی لە کوردستاندا و خەڵکی لە چۆنیەتی ئەم بزووتنەوەیە تێگەیاند، کە جەماوەر خەریك بوو بە هۆی تاخمی چەپڕەوی قاعیدە و لێی دوور دەکەوێتەوە.

لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٣دا کۆنگرەی سێیەمی حزب بەسترا، کە نوێنەرانی گشت رێکخراوەکانی بەشداریان کرد، ئەندامانی لیژنەی ناوەندیش هاتبوون، پاش گوێگرتن لە گوتاری هاوڕێ ئیبراهیم ئەحمەد لە بارەی

بارودۆخی ناوەخۆیی و دەرەوە و بایەخدان بە کادیری سەرکردایەتی و محەلی و پەیوەندیمان بە حزبەکانی ترەوە، کۆنگرە ئەم راپۆرتەی پەسەند کرد، ئەمجار هاتنە سەر دەسکاریی پەیڕەو و پرۆگرامی حزب و ناوەکەی، بە تێکڕایی بڕیار درا کە ناوەکەی ببێ بە (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق)، نەخشەیش بۆ گۆڕینی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی حزب کێشرا و ئەم کارەمایەوە بۆ ئەو لیژنە ناوەندییەی پاشتر هەڵدەبژێردێ. لیژنەیەکی ناوەندی هەڵبژێردرا کە ئەندامەکانی بەڵێنیاندا هەر کاتێ حزب داوایان لێ بکا خۆیان بشارنەوە، لیژنەکە بریتی بوو لە: هاوڕێ برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی، عومەر مستەفا و جەلیل هۆشیار (ئەندامانی مەکتەبی سیاسی)، عەلی عەبدوڵلا، نوری شاوەیس، جەل تاڵەبانی (ئەندام)، پاش ماوەیەك نوری ئەحمەد تەها لە بەندیخانە هاتە دەر و لیژنەی ناوەندی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دایاننا بە ئەندامی یەدەگ لە کۆمیتەی ناوەندی. ئەرکی ڕێکخستنەوەی لقەکان درا بە کۆمیتەی ناوەندی نوێ، کۆنگرە نەخشەی سیاسەتی خۆی بەرامبەر حزب و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان دیاری کرد و بڕیاردرا سڵاو بنێرێ بۆ مامۆستا عەزیز شەریف پارێزەری سکرتێری حزبی یەکیەتی شیوعیەکانی عێراق (ئێستا) و سەرۆکی حزبی شەعبی جاران، چونکە هەڵوێستێکی مەردانەی بووە بۆ کێشەی کورد و کتێبێکی زانیارانەی لەسەر کێشەی کوردی عێراق نووسیوە و بەرگری لە گەلی کورد کردووە بۆ دیار کردنی چارەنووسی بە مافی جیابوونەوەشەوە و بایەخی داوە بە گرینگیەتی بزووتنەوەی ڕزگاری کورد بەسەر کێشەی عێراق و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

گۆنگرە بڕیاریدا بە بانگکردنی هەموو حزب و دەستەو کەسانی نیشتمانی بۆ بەرەیەکی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزم و پیلانەکانی شەرو لە پێناوی مافە دیموکراسیەکان بۆ گەلانی عێراق.

لە بارەی هەمزەو تاخمەکەی بڕیاریدرا بە دەرکردنی هەمزە و ناوهێنانی بەهەوڵدان بۆ تێکدانی حزب و وەرچەرخان بەلای راستداو خاو خاوبوونەوە لە ئاستی حکومەتی عێراقدا و دەرچوون لە سیاسەتی حزب و بە تەنیایی پەیوەندیکردن بە ئینگلیزیەوە. بەلام ئەوانی لەگەڵیدابوون بڕیاردرا وەك ئەندام وەریان بگرنەوە نەك بەشێوەی گروپ.

پاش تەواو بوونی کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئامۆژگاری کۆنگرە بەرنامەی حزبی دانا، کە گرینگترین بەند تیایدا رونکردنەوەی پەیوەندی نێوان خەباتی کوردستان و عێراق، بە روونی بڕیاری لەسەر دیموکارسی گەلیدا، هەروەها چارەیەکی زانیاریانە بۆ کێشەی جوتیاران بێتە دانان، لەگەڵ روونکردنەوەی ئەوەی کە کێشەی نیشتمانی کوردو بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی بەشێکە لە کێشەی گشتی، کێشەی سۆسیالستی جیهانی، جزب ئامادەیی پیشانداکە بەرژەوەندی نیشتمانی کورد بەفیدا بکات، ئەگەر دژی بەرژەوەندییەکانی سوسیالستی جیهانی بوو، جگە لەو خالأنە، پێداویستیە کاتیەکانی کوردستانی عێراقیش خستەروو.

ئەم بەرنامەیەمان خستە بەردەم هاوڕێ دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم لە تاران و داوامان لێی کرد رای خۆی ورای هاوڕێیانی حزبی توودەپیشانبدا، وێنەکشمان نارد بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان تا ئەوانیش رای خۆیان دەرببرن، هاوڕێ دکتۆر جەعفەر رەخنەی لەسێ شت دەربڕیبوو:

١- گوتراوە کە ئێمە بەرژەوەندی نیشتمانی دەکەین بە قوربانی بەرژەوەندی سوسیالیزمی جیهانی، ئەگەر پێکەوە نەگونجێن، ئەم دروشمە ئەگەر راستیش بێت، پیشاندانی وا بەزەقی دەبێتە چەکێك بەدەست دوژمنەوە بۆ پەلامار‌دانمان.

٢- لەبەرنامەی حزبدا گوتراوە، زمانی کوردی بکرێ بە زمانی رەسمی (ئەمەتێ بینیەکە) ئەو داوای کردبوو ئەمە بکرێ بە بەندێکی سەرەکی لەبەرنامەدا.

٣- راستکردنەوەی هەڵەیەکی چاپ، کەوا دەگەیێنێ، سەرکردایەتی بەرەی گەلان، بریتییە لە یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتەکانی دیموکراتی میللی، لە کاتێکدا یەکێتی سۆڤیەت سەرکردەی بەرەی ئاشتی و دیموکراسییە.

پاش لێکۆڵینەوە لە تێبینەییەکانی دکتۆر دەعفەر، لیژنە بە گشتی پەسەندی کرد و ئەمەی بۆ هەموو هاورێیانی حزب روونکردەوە، ئەوەی من بزانم تا ئێستا کەس رەخنەی لە پێڕەوەکەمان نەگرتووە.

**کۆمیتەی ناوەندیمان ئەمانەشی کردووە:**

١- بانگکردنی حزبی (یەکێتی شیوعیەکان) بۆ بەرەیەکی یەگرتوو.

٢- بەشدار بوونی چالاکانە لە بزووتنەوەی ئاشتیدا، حزبمان باشترین دەوری هەبووە لە ریسوا کردنی ئەو بزووتنەوە ئاشتیەی تاخمی قاعیدە دروستیان کردبوو، بزووتنەوەی ئاشتی بەهۆی بەشداریکردنمان زۆر پەرەی سەند بەتایبەتی لە کوردستانی عێرقدا، کە زۆر کەسانی کۆمەڵایەتی هاتنە ناو، وەکو کاك ئەنوەر جاف (نوێنەری پێشووی هەڵەبجە)، حەمە زیاد ئاغا (نوێنەری پێشووی کۆیە)، مەسعود محەمەد (نوێنەری کۆیە)، قاسم مەلا (کوڕی مەلا ئەفەندی هەولێری)، ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی، کە خاوەن مولکێکی لاوە و ئەندامی حزبیشە، بە دەیانی تر لە پیاوانی ئایینی و کۆمەڵایەتی کوردستان، جا بەم پێیە هەندێ لە هاورێیانمان لە بزووتنەوەی ئاشتی لە عێراقدا بەرز بوونەوە، وەکو هاورێ برایم ئەحمەد کە خەڵاتی لایەنگرانی ئاشتی عێراقی وەرگرت و هاورێ نوری ئەحمەد تەها و مەسعود محەمەد (هەموویان ئەندامن لە لیژنەی نیشتمانی لایەنگرانی ئاشتی لە عێراقدا). لە سایەی حزبمان و لەژێر سەرکردایەتیدا لیژنەکانی لایەنگرانی ئاشتی لە سلێمانی و هەڵەبجە و قەڵادزێ و کۆیە و راینیە و کەرکوك و هەولێر دامەزرا.

٣- پێکەوەنانی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق، یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق، دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە جوتیاران بەناوی (نرکەی جوتیار) و ڕۆژنامەی قواتبیان و لاوان، بەناوی (خەباتی لاوان) و (یەکیەتی قوتابیانی کوردستان).

٤- ڕێکخستن و دروستکردنی ڕێکخراوی جوتیاران لە ناوچەی دزەیی و شارەزوور و مەخمور و پشدەر و مەرگە و ئاکرێ، (ئێستا خەریکی یەکیەتی جوتیارانی کوردستانی عێراق پێک بهێنین)، هەروەها هاوکاری نێوان جوتیارانی، کۆیە، ڕانیە، باڵەک فراون بووە. بۆ ڕێکخستنەوەی لیوای موسڵ (موسڵ، ئاکرێ، ئامێدی، بامەرنی) ئەو کاتەی لە نیشتمان دەرچووم خەریکی ڕێکخستنەوەی زاخۆ بووین. شەقڵاوە و حەبانییە و فەیلییەکانیش دەستی پێ کراوە و خەریکی سازکردنەوەی خانەقینیشین. لە کفریش چەند ئەندامێکی لێیە، لە ناوچەی شاربازێر و سلێمانیشدا لایەنگرانی زۆری حزب هەن لە جوتیار و خاوەن مولك و هەندێ لە هۆزەکان. (هەندێ هۆزی لایەنگری حزب هەن، کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا دەوریان هەبوو، ساڵی ١٩٥٤ ئاهەنگی پێشوازییەکی باشیان بۆ هاوڕێ برایم ئەحمەد دروست کرد، کە بە هەزاران خەڵك و بە سەدان سوارەی چەکداری تێدا بوو). حزب ڕێکخراوی لە پردێ پێکەوە ناوە، نەقابەی بۆ کرێکارانی شەمەندەفەری هەولێر - کەرکوك پێکەوە ناوە و ڕێکخراوی نوێی لە مەخمور و پێنجوین و عەین زالەدا دروست کردووە.

٥- بڵاوکراوەی (نداء کوردستان) دەستی پێ کردۆتەوە بە دەرچوون، ئێستا حزب ئەم ڕۆژنامانەی هەیە:

ڕزگاری (بەکوردی)، ڕۆژنامەی ناوەندییە، نداء کوردستان (بەعەرەبی)، نرکەی جوتیار، ڕێگای نوێ بۆ ڕۆشنبیران، بۆ ڕێکخراوی لاوان و قوتابیانیش ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیان هەیە.

٦- حزب زۆر دروشمی راستی روونکردۆتەوە، دەربارەی قۆناغی رزگاریی نیشتمانی و هەڵبژاردن و کێشەی دیموکراتی گەلی و کێشەی نەتەوایەتی لەناو تێکۆشەرانی کوردستانەوە و بگرە لەناو عەرەبە پێشکەوتووەکانیشدا.

٧- حزبمان لە هەولێ یەکگرتنەوەی بزووتنەوەی شیوعی عێراقییە، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە رێکخراوە شیوعیەکانەوە کردووە، کەسانی شیوعی و گروپە شیوعییەکانی عێراقیش دواندووە، ساڵێك پێش ئێستا بانگەوازێکی بۆ رێکخراوە شیوعییەکان نارد داوای لێکردن رازی بن بە گرتنی کۆنفرانسێك ئێمەیش تێدا بین بۆ چارەکردنی ناکۆکیەکان لەبەر رووناکی رێبازی مارکس - لینینی و لەژێر چاودێری حزبی تودە یان حزبی شیوعی سوریادا.

تاخمی - قاعیدە - وەلامی ئەم بانگەوازەی ئێمەیان نەداوەتەوە، بەلام لایەنەکانی تر پێی رازی بوون، حزبەکەمان بە راستی خەریکە بۆ یەکخستنی بزووتنەوەی شیوعی لە عێراقدا جۆرە پێوەندییەك دروست بکا وەکو پێوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حزبی تودەدا. واتا ئێمە و بزووتنەوەی شیوعی عێراقی یەکگرتووش وابین، جا ئەگەر یەکگرتنەکەیش سەرنەکەوێ با هیچ نەبێ جارێ بە رێگە راستدا برۆین.

٨- حزب بە پارەی خۆی دوو بەش لە کتێبی (ئەنتی دۆهرینگ)ی بە چاپ گەیاند، کە مامۆستای پارێزەر داود سایغ کردوویە بە عەرەبی، جاران پێشەوای دەستەی کاری شیوعی بوو، ئێستا دۆستی حزبمانە، حزب یارمەتی دادا و ئەویش کتێبی مارکسیان بۆ وەردەگێرێ.

٩- حزب پەیوەندی خۆی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستاندا بەهێز کردووە و ئێستاش بەهۆی هاورێ جەعفەرەوە لەگەڵ حزبی تودەدا خەریکە.

١٠- لەسەردەمی ئەرشەد عومەریدا، حزب لە سلێمانی و هە ڵەبجە و و کۆیە و رانیە و هەولێر و مەخمور چووە ناو هەڵبژاردنەوە، دۆستێکی حزب رەشید باجەلان، کە ئێستا لایەنگرە و جاران ئەندام بوو لە خانەقین خۆی پالاوت، هەر

لەو سەردەمەدا پاڵێوراوی حزب لە کۆیە (مەسعود محەمەد) بە پاکانە (بێ بەرهەڵست) هەڵبژاردرا، لە سلێمانی سەرکەوتنی هاوڕێ برایم ئەحمەد بێگومان بوو ئەگەر خۆتێ هەڵقورتاندنی زەق و ئاشکرا و گرتنی بە سەدان خەڵك نەبوایە، لەوەش زیاتر حکومەت مامۆستا برایمی گرت و بۆ شوێنێکی نادیاری برد تا هەڵبژاردنی ساختە بڕایەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێ برایم (٩٠٪)ی دەنگەکانی سلێمانی هێنابوو، هەروەها ئەو پاڵێوراوانەی ئێمە لایەنمان گرتبوون لە مەخمور و هەولێر هەڵەبجە دەرچوونیان بێگومان بوو ئەگەر تۆزێك ئازادی ببوایە، حزب لەژێر ئەم دروشمانەدا چووە ناو هەڵبژاردنەوە: پاراستنی ئاشتی، ڕێگرتن لە هاوپەیمانانی شەڕ، بەهێزکردنی دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، داننانی عێراق بە کۆماری چینی میللی و دەوڵەتەکانی دیموکراتی گەلی، هەڵوەشاندنەوەی پەیمانە ئیمپریالیزمیەکان، خۆماڵیکردنی نەوت، پەیڕەو کردنی دیموکراتی و باشکردنی ژیانی کرێکاران و جوتیاران و دابەشکردنی زەوی و زار.

حزب لە سەردەمی نوری سەعیدیش چووەتە ناو هەڵبژاردنەوە و بەربەرەکانی دەست تێ وەردانی حکومەتی کرد و فێڵ و دەسکارییەکانی ریسوا کرد بەتایبەتی لە سلێمانی و کۆیەدا.

١١- حزب زەماوەندی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٤ی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و کۆیە گرت، کە کران بە کۆبوونەوەی گەورە و بەوە هەزاران جوتیار و کرێکار و کاسب کارا و ڕۆشنبیر بەشداریان کرد و دروشمی نیشتمانی بەرزکرایەوە و گوتار خوێندرایەوە و لە بارەی داخوازییەکانی گەلەوە و بە دەیان کۆتری سپی هەڵدران بە ئاسماندا و سروودی نیشتمانی خوێندرایەوە.

١٢- حزب هەندێ کتێبی مارکسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی، هەندێ وردە کتێبیشمان بە کوردی لە بارەی ئاشتییەوە بە ئاشکرا چاپ کردووە.

١٣- خۆمان بۆ زەماوەندی وارشو سازکرد و دەستەیەکمان لە ئەندامانی یەکیتی لاوان نارد، هەندێکیان فریانەکەوتن.

١٤- حزب جۆرە پەیوەندییەکی بە کوردەکانی سوریا و کوردستانی تورکیا دروست کردووە.

١٥- کۆنگرە بڕیاریدا سەرکردە جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی سەرۆکی حزب بێت و هەروەها هەڵبژاردنی میرحاج نوێکرایەوە.

**پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزب:**

دوای کۆنگرەی سێیەم و لەسەر راسپاردەی ئەو کۆنگرەیە، کۆمیتەی ناوەندی نامەیەکی بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان نارد، داوای کرد کۆبوونەوەیەك لەنێوان نوێنەرایەتی هەردوو حزبدا بکرێ بۆ باشتر یەکتر ناسین و یارمەتی و گۆڕینەوەی زانستی و دەسگری و بڵاوکردنەوە. پاش ماوەیەك هەندێ لە هاوڕێیانی حزبی دیموکراتی کوردستان بەسەردانێکی خۆیان هاتن و هەندێ بەیاننامە و بڵاوکراوەیان هێنابوو، لەم کاتەدا نامەیەکی هاوڕێ دکتۆر جەعفەر هاتووە و دەڵێ هەندێ نامە و بڵاوکراوەی بۆ پارتی ناردووە و داوا دەکا ئەم شتانە بدرێت بە کۆمیتەی ناوەندی کەچی نەگەیشتوون و وەك پاشتر زانیمان لە کرماشان دواکەوتوون. لە نامەیەکی تردا کە هاوڕێ جەعفەر لەوەڵامی نامەی حزبدا نووسیویەتی، دەڵێ راپۆرتێکی لە بارەی چالاکییەکانی لەندەن و ئێرانەوە نووسیوە، داواش دەکا نوێنەرێکی حزب بنێردرێ بۆ ئێران تا پەیوەندی بە حزبی تودەوە بکا و داوای یارمەتی لێ بکا بۆ چارەکردنی ناکۆکییەکانمان لە گەلی شیوعیەکانی عێراقدا، جا ئەم راپۆرتە و هەندێ

بڵاوکراوەن کە نەگەیشتون. حزب بڕیاریدا نوێنەرێك بنێرێ بۆ ئێران و یەك لەو هاوڕێیانەی حزبی دیموکرات، کە هاتبوون (غەنی بلووریان) بوو، ماوەیەك بە میوانی حزبمان مایەوە لەگەڵ هاوڕێکانی دیکەی و پەیوەندی بە هاوڕێ برایمەوە کرد و راپۆرتێکی لەمەڕ باری عێراقەوە نووسی و ناردی بۆ ئێران، هەروەها بلووریان بەهۆی حزبمانەوە پەیوەندی بە رێکخراوە شیوعییەکانی عێراقەوە کرد، پەیوەندی نێوان ئێمە و حزبی دیموکراتی کوردستان بەهێزتر بوو نیزیکەی سێ سەد دینار یارمەتیمان دانێ. ماوەیەك لەمەو پێشیش مەکینەیەکی رۆینۆمان بۆ ناردبوون، لە کاتێ لێرە بوون تێکەڵاوی کێشەی ناکۆکی نێوان ئێمە و تاقمی هەمزەش بوو بوون. لە دانیشتنی پێکەوەماندا بڕیاری هەندێ شتماندا کە بگەڕێنەوە، بەڵام ئەو گروپەی هەمزە پاشتر پەشیمان بوونەوە، ئێمە پاشتریش نامەمان لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستاندا ئاڵ و گۆڕکرد و ئێستاش پەیوەندی پتەومان پێکەوە هەیە، بەڵام ناردنی هاوڕێیەکمان بۆ ئێران بەهۆی کودەتا ئیمپریالیزمی و کۆنەپەرستانەکەی زاهدی و تێکچوونی ناوەخۆی ئێرانەوە دواکەوت.

زستانی رابردوو یەکێ لە هاوڕێیانی حزبی تودە، کە دەچوو بۆ ئەورووپا هاتە بەغدا و بەهۆی ئەو ئادرێسەی لە تاران پێی درابوو لە بەغدا پەیوەندی بە حزبمانەوە کرد و پێش نووسی پەیڕەوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی پێ بوو لە بەغدا بۆ هەندێ لە هاوڕێیانمانی خوێندەوە کە یەکیانی من بووم، حزبمان بەپارە یارمەتی ئەو هاوڕێیەی داو چی یارمەتی داوا کردبوو دامانێ. بڕیار وابوو راپۆرتێك بەودا بۆ ئێوە بنێرین، ئەو راپۆرتە نووسراو درا بەمن، کە بیدەم بەو هاوڕێیەی ئەندامی حزبی تودەیە و بەڵێنی دابوو کە بیگەیەنێ، بەڵام من بەیانی ئەو رۆژەی دەبوایە بچم بۆ لای گیرام و نامەکەی نەگەیشتێ، ئەویش هەر ئەو رۆژە بەغدای بەجێ هێشت و راپۆرتەکە نەنێردرا.

جگە لەمە حزبمان نامەیەکی بۆ حزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا نارد بە کورتی باروذۆخی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراقدا روون کراوەتەوە، حزبمان پەیوەندییەکی لاوازی بە کوردی سوریا و کوردستانی تورکیاوە هەیە، هیوادارین ئەم پەیوەندییە بەم نزیکانە بەهێزتر بکرێ.

## بارودۆخی ئێستای حزبمان:

حزبمان دەسەڵاتێکی زۆری لەناو جەماوەردا هەیە لە کوردستانی عێراقدا وا خەریکە دەچێتە ناو لادێش و زیاتر بایەخ دەدا بە جوتیاران. سەرکردایەتی ناوەندیمان بەتایبەتی مەکتەبی سیاسی ئێستا زۆر بەهێزە، هاوڕێ برایم ئەحمەد رۆشنبیر و زانایە و باش لە مارکسی لینینی گەیشتووە، هەروەها هاوڕێ عەلی عەبدوڵڵا رۆشنبیرە و لەکاری رێکخستندا ورد و بە ئەزموونە، هاوڕێ عومەر مستەفاش لە کاری شۆرشگێڕیدا قارەمانە و رۆشنبیری باشە.

دروشمەکانی حزبمان زانستیانە و راستن، نەخشەی تێکۆشانمان راست و زانیارانەیە، بەڵام هەندێ کەمو کوڕیش هەیە، وەکو پشتگوێ خستنی بڵاوکراوەکان بە رێك و پێك و کەمتەرخەمی لە دروستکردنی کادیر. کۆمیتەی ناوەندی خۆیشی هەستی بەم ناتەواویانە کردووە و لە کۆبوونەوەی جەژنی قوربانداا، بڕیار درا چارەسەر بکرێن، حزبمان ناتەواوییەکی تریشی هەیە، کە بریتییە لە لاوازی پەیوەندیکردن بە دەرەوەدا، دروشمە راستەکانمان خەریکە وردە وردە خۆیان دەسەپێنن.

## بزووتنەوەی شیوعی لە عێراقدا و پەیوەندیمان لەگەڵیدا:

ئەو رێکخراوانەی لە عێراقدا کاردەکەن و رۆژنامە و چالاکییان هەیە سیانن:
یەکەم: حزبی شیوعی عێراق (تاخمی قاعیدە) کە بە ژمارە لەوانی تر بەهێزترە، (کە دەڵێم بە ژمارە مەبەستم رۆشنبیران و وردە بورژوازییە) چونکە ئەم

ڕێکخراوە کۆمونیستانە هێشتا نەیانتوانیوە بچنە ریزی کرێکاران و جوتیارانەوە، بزووتنەوەی کرێکارانیش هێجگار لاوازە، ئەوەیش بەهۆی لاریبوونەکانی تاخمی تێکدەری قاعیدە، کە بە جاریێ بزووتنەوەی کرێکارانی تێکدا. دروشمەکانی تاخمی قاعیدە چەسپاو نین و هەر جارە بەبارێکدا دەگۆڕین.

هەڵوێستی ئێستایان روون نییە لەسەر کێشە بناغەییەکان، وەکو کێشەی دیموکراتی گەلی، جوتیاران، کێشەی نەتەوایەتی، دروشمە تاکتیکییەکانیان زیاتری چەپڕەوانەیە، زۆریان تەقەلاّدا رەنگی کۆمونیستی لە بزووتنەوەی ئاشتی بدەن و رایکێشن بەرەو لادانە چەپڕە وییە ترسناکەکان، پێشتریش هەڵوێستیان لەگەڵ بزووتنەوەی لاوان و قوتابیان و کرێکاراندا هەروابوو، بەلاّم ستراتیژییەتەکەیان، جارێک بەیاننامەکەی فەهدی شەهید دەکەن بەڕابەری خۆیان، ئەو بەیانە لەم کێشانەدا لایەنی راستڕەوی گرتووە، کێشەی دەسەلاّت لە قۆناغی رزگاریدا، دەیەوێ لە پێناوی دیموکراتییەکی بورجوازیدا خەبات بکا، نەك دیموکراتی گەلی، لە بارەی کێشەی نەتەوایەتی کوردەوە، کورد بە کەمایەتی نەتەوەیی دادەنێن نەك بە نەتەوە، بۆیە داوا دەکەن کورد و عەرەب پێکەوە بن نەك وەکو دروشمی نەتەوەیی لینینی ماف چارەنووسیان ببێ، لە بارەی دەستوری عێراقیش داوای هەموارکردنی دەکەن، هەروەها دەربارەی کێشەکانی دیکەش.

بەلاّم هەڵوێستیان لە ئاستی یەکیەتی بزووتنەوەی کۆمونیستی، دوژمنایەتییەکی گوێرانەیە، هەڵوێستیان لە ئاست لایەنەکانی دیکە، بریتییە لە پەلاماردان و تاوانبار کردنی پیس و تورەکردن، هەر لایەنێك لە گەڵ ئەواندا نەبێ جاسووس و ناپاکە، وەکو عەزیز شەریف و هەمزە عەبدوڵلاّ و جەمال حەیدەری. ئەم دەستەی قاعیدەیە کەمی مابوو نابووت ببن و سەر بۆ دروشمی یەکیەتی شۆر بکەن، بەلاّم ئەوەی حزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا کردی زیندووی

کردنەوە، ئەو کردەوەیەی حزبی بەریتانی کارێکی سەرپێیی و کاڵ و کرچ و ناڕاست بوو، دانیان بە تاخمی قاعیدە ناو بانگیان کردن بۆ کۆنگرە و سلاّویشیان بۆ ناردن، ئەمە ئەوانی لەناو ریزی تێکۆشەراندا بەهێز کرد.

لەناو ریزەکانی دەستەی قاعیدە، گروپێك هەیە لەژێر سەرکردایەتی (نەژاد ئەحمەد) و مامۆستا (ئەدیب)، کە دوو ساڵ لە جێکوسلۆڤاکیا خوێندوویانە، ئەم گروپە بە هاوکاری حزبمان، هاوکاری لەگەڵ گروپی (یەکێتی شیوعیدا) دەکەن و زۆربەیان ئەندامە تێکەیشتووەکانی بەغدای تێدایە، ئەم تاخمە لایەنگری حزبمانە و دەیەوێ پەیوەندییەکی وەکو پەیوەندی نێوان حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبی تودە لە نێوانماندا دروست بکرێ، تاخمی قاعیدە لە باکووردا لاوازن، دەسەڵاتی لەناو قوتابیانی بەغدا هەیە، سەرۆکیان حەمید عوسمان.

دووەم: گروپی حزبی شیوعی (رایەت ئەلشەغیلە)، سەرۆکیان جەمال حەیدەریە، ئەمانە رێبازی راستی فەهدیان هەڵگرتووە، لە بارەی کێشەی کورد و جوتیاران و دیموکراتی گەلییەوە راستڕەون، ئەم رێکخراوە لە نەجەف و کەلابەلادا بەهێزە، لە سەرکردەکانیانن جەمال حەیدەری و هەمزە سەلمانە.

سێیەم: حزبی (یەکیەتی شیوعییەکان، رۆژنامەکەیان (النضال)ە، سەرکردەیان عەزیز شەریفە، ئەمانە لە باری رێکخستنەوە زۆر وردن و دروشمەکانیان لەسەر دیموکراتی گەلی و کێشەی جوتیاران و کێشەی کوردە وە راست و بە جێیە، بەلاّم دروشمیان لە بارەی کێشەی هەڵبژاردنەوە تەواو نییە، ئەمانە زیاتر لەناو کرێکاران، لەناو کرێکارانی موسڵ و کازمیە و بەسرەدا بەهێزن، بەلاّم لە ناو رۆشنبیران و قوتابیان لاوازن، ئەمانە پاشماوەی حزبی (شەعب) و ئەندامە دەرکراوەکانی قاعیدەن، کە هاتوونەتە ناویان، حزبمان پەیوەندی پتەوی بەم رێکخراوە هەیە و هاوبیرین لە بارەی بزووتنەوەی یەکێتی شیوعیەت لە

عێراقدا، وەکو دەزانین ئەم گروپە پەیوەندی بە حزبی شیوعی سوریا لوبنانەوە هەیە.

پەیوەندیمان بە رایەت ئەلشەغیلەوە خراپ نییە، هەرچەندە لە کێشە سەرکییەکاندا ناکۆکیمان هەیە، ئێمە دەمانەوێ بۆ لای یەکگرتنەوە رایانکێشین.

لەم دواییانەدا پەیوەندیمان بە تاقمی (قاعیدە) خراپە، هەرچەندە حزبمان هەوڵیدا، لێیان نزیک بێتەوە و لە هەڵبژاردنی سلێمانیدا هاوکاریمان کردن هەروەها لە بزووتنەوەی ئاشتیشدا. ویستمان بەرەو یەکگرتنەوە رایان کێشین، بەڵام هەروەکو جاران ناو بەناو پەلامارمان دەدەن و تاوانبارمان دەکەن حزبیشمان ناچارە بێ ئەوەی خۆی باوێتە شەڕی منداڵانەوە، بە ئاشکرا وەڵامیان بداتەوە، کردەوەی ئەم تاخمە نەخزمەتی گەلی عێراق دەکات و نەچینی تێگەیشتووی کرێکران، هەڵوێستیان تێکدەرانەیە بۆ سیاسەتی چینی کرێکار و بۆ سەندیکا و بزووتنەوەی ئاشتی و لاوان و قوتابیان، واتا زیان دەگەیەنن بە چینی کرێکار و جەماوەر. ئەمانە سیخوریشیان لەناو ریزەکاندا هەیە لە کەرکوك و سلێمانی و کۆیە و بەغدا. حکومەت قڕە و هەرایەکی زۆریان بۆ دروست دەکا، دایرەی لێکۆڵینەوەی دەزگای ئەمنی حکومەت، کردەوەی گروپەکانی دیکەش دەداتە پاڵ ئەمان.

هەنگاوی حزبمان بۆ یەکگرتنی بزووتنەوەی شیوعی، بریتییە لە پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوی (یەکێتی شیوعی)یەکان لەگەڵ ئەوانی لە قاعیدەدان و هەروەها لەگەڵ شیوعییە سەربەخۆکانی وەك (داو سانغ) و کەسانی دیکە. حزبمان بەر لە ساڵێك نامەیەکی بۆ ئەم سێ رێکخراوە نارد لە (قاعیدە و رایەتونیزال) و داوای لێکردن کۆنفرانسێکی هاوبەش ببەستن و لە ناکۆکیەکانیان بکۆڵنەوە لەبەر رۆشنایی مارکسی – لینینی و هەوڵدەن رێگای

راستیان بۆ بدۆزنەوە بە رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی.

هەردوو گروپی (راية الشغيلة) و (النضال) رازی بوون بەڵام قاعیدە وەڵامی نەدایەوە.

**هاوڕێیان: حزب داوای لێکردووم ئەم شتانەشتان لێ داوا بکەم:**

١- دروست کردنی پەیوەندی نێوانمان، پێویستە هۆی پەیوەندی رێك بخەن.

٢- یارمەتی حزبمان بدەن بە وەرگێڕانی کتێبە مارکسیەکان بۆ سەر زمانی کوردی، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندی حزب لەگەڵ دەرەوە، سەرەڕای پێگەیاندنی کادیری سەرکردایەتی لە دەرەوە.

٣- دەرکردنی بانگەواز و گوتار لە نووسینی سەرکردە مستەفا بارزانی، کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ورەی خەڵك و بزووتنەوەمان بەرەو پێش دەبات، بەتایبەتی لە باری ئێستا کە پروپاگەندەی ئیمپریالیزم لەناو کورددا زۆرە، وەکو ئەوانەی خوارەوە:

ماوەیەکە دایرەکانی جاسوسی ئەمەریکا بە چالاکییەوە خەریکن تا دەستو پێوەندی خۆیان لەناو کورددا بەهێز بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی چاو و راوی درۆ دژی یەکێتی سۆڤیەت لە رێی گوڤاری (پەیام)ی پیسەوە، کە بەشی پەیوەندی رۆشنبیری لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق دەری دەکات دژی بزووتنەوەی ئاشتی و هاوڕێیانمان هاوڕێ برایم ئەحمەد بەهۆی هەڵوێستی لەمەر بزووتنەوەی ئاشتییەوە، کەوتووەتە بەر ئەم پەلامارەوە.

دوو ساڵ لەمەو پێش یەکێك لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە پەیوەندی بە یەکێك لە سەرەك هۆزەکانەوە کردبوو، ئامادەیی ئەمەریکای پیشان دابوو بۆ یارمەتی بزووتنەوەی کورد و داوایان لێکردبوو پەیوەندی بکا بە هاوڕێ برایم، بەڵام حزب ئەمەی نەویست. ئەمساڵیش کونسڵخانەی ئەمەریکا لە کەرکوك چەند جارێك

ویستویەتی پەیوەندی بکا بە برایم ئەحمەد، بەڵام ئەو بەبێ ڕەزامەندی حزب کارەکەی ڕەتکردەوە.

حکومەتی ئەمەریکا پیاوانی باڵیۆزخانەکەی خۆی دەنێرێتە کوردستان تا دۆست و هاوکار پەیدا بکەن، باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش چەند جارێك سەری کوردستانی داوە، باڵیۆزخانەکەی ئەمەریکا پەیوەندی لەگەڵ شێخ عەلی و (نازانین جۆری ئەم پەیوەندییە چۆنە) زەید ئەحمەد عوسمان لە هەولێریدا هەیە، لە گەڕانیاندا قسە بە حزبمان دەڵێن و بە شیوعی ناو ئەبەن. جارێك باڵیۆزی ئەمەریکا لە شەقڵاوە لە ماڵی سدیق میران دەبێ، کە هەندێ پەرلەمانی پیاو ماقولیشی لێ بووە باڵیۆز گوتویەتی داوا بکەن لە قوتابخانەکان کوردی بخوێندرێ، یەکێك لە ئەندامای پەرلەمان گوتویەتی ئەمە ئەرکی پارتی دیموکراتە و کاری ئێمە نییە، باڵیۆز لە وەڵامدا دەڵێ پارتی دیموکرات حزبێکی کۆمۆنیستە و مەترسی بۆ کوردستان هەیە و لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمەریکا و ئینگلیز ناگونجێ.

حزبیشمان بەرامبەر بەمە، لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و گوتار و ڕۆژنامە و کۆبوونەوە و جەژن و هەڵبژاردنەکاندا و لەهەر هەلێکدا بۆی لوابێ پەلاماری ئیمپریالیزمی ئەمەریکای داوە و پرۆژە دوژمنکارییەکانی لە کۆریا و شوێنەکانی تری دونیادا ریسوا کردووە، بەتایبەتی دەوری ئەمەریکا بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی دیموکراتی ڕزگاری کوردستان لە ئێران. حزبمان پەیتا پەیتا پەلاماری سیاسەتە دوژمنکارانەکەی ئەمەریکا دەدات و بەردەوام ڕووکاری پاك و خاوێنی سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەتی ئاشتیخواز و لایەنگری ڕزگاری و بەختیاری گەلان ئاشکرا دەکات و دەوری سۆڤیەت لە هارینی فاشیستیدا دەردەخات، کە چۆن پارێزگاری ئاشتی و یارمەتی گەلانە بەتایبەتی بۆ کورد و کوردستان، حزبمان هەرگیزاو هەرگیز لە سیاسەتی لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت ڕانەوەستاوەو ماندوو نەبووە، زۆریش تەقەلا دەدا بۆ ئەوەی نێوان عێراق و سۆڤیەت بەهێز بکرێ، دروشمی بەهێز کردنی دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ

یەکێتی سۆڤیەت و داننان بە کۆماری چینی میللی و بە دیموکراتە میللیەکان زەقترین دروشمی حزبمان بووە.
ئیمپریالیزمی بەریتانیش بەهۆی (گیوی موکریانی)یەوە لە هەولێر رۆژنامەیەك دەردەکا بە ناوی (هەتاو) کە حەفتانە دەردەچێ، ئەم گۆڤارە لە پێشدا بڕیار وابوو کونسولی بەریتانیا لە موسڵ دەری بکاو حەمە سەعید کانیمارانی بیبا بەڕێوە و ناوی (دەنگی راستی) بێ، حزبمان زوو پێی زانی و ریسوای کرد.
پاشان بەڕێوەبری نەوتی کەرکوك پەیوەندی بە قاسمی مەلا ئەقەینیەوە کرد کە رۆژنامەیەك لە هەولێر دەربکا، کۆمپانیای نەوت و باڵیۆزخانە یارمەتی دەدەن، بەمەرجێ هەندێ گوتاری بابەتی تێدابێ، بەلأم قاسم نەیکرد.
ئێستا حکومەتی ئەمریکا خەریکە بەشێك لە بەرنامەی دەنگی ئەمەریکا، بە زمانی کوردی بلأو بکاتەوە، بەرنامەی کوردی لە رادیۆی بەغداشدا زیاد کراوە، ئێمە وای بە باش دەزانین کە بەشێکی کوردی لە رادیۆی مۆسکۆ بکرێتەوە یان ئێزگەیەکی وەکو ئێزگەی ئازەربایجان بێتە دانان.
هاوڕێیانی بەڕێز، لەم پەلە پەلییەدا هەر ئەوەندەم توانی بۆتان بنووسم کە حزب داوای لێ کردووم، ئێمە حەز دەکەین پەیوەندیمان پێتانەوە زیاد کەین تا راپۆرتی تێر و تەسەل ترتان لەمەر بارودۆخی خۆمانەوە بۆ بنێرین. حەز دەکەین تێبینی و بیروڕای خۆتان بۆ ئێمە بنێرن، کە زۆر پێویستمان پێی دەبێ، ئەم رستەیەش لە کۆتایی هەموو نامە حزبییەکانماندا دەنوسرێ:
ئیدی بۆ پێشەوە لەژێر سەرکردایەتی قارەمانی رزگاری کوردستان مستەفا بارزانیدا...

**جەلالەددین حیسامەددین تاڵەبانی**

**ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب و لێپرسراوی کاری قوتابیان**

**(پیرۆت)**

**مۆسکۆ ١٩٥٢/١٠/٨**

**١٠- بەڵگەنامەی ژمارە (١٠):**

**دەقی بڕیاری کۆنفرانسی (ماوەت) کە لە نێوان ٤-٩/نیسانی/١٩٦٤ بەستراوە، دەربارەی رووتکردنەوەی سەرۆکی پارتی (مستەفا بارزانی) لە دەسەڵاتەکانی**[٣٥٨]

**وێنەی بڕیارەکە**

**پێڕەوی پارتی و سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی**

لەبەر ئەوەی کە لەم دواییەدا مەلا مستەفا بارزانی کەوتوەتە دەرکردنی بیان و بڕیار بەناوی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، هەروەکو لە بڕیارەکانی سەرەوەشدا روونکراوەتەوە زۆربەی ئەو بڕیار و هەنگاوانەی نە لەگەڵ دەسکەوتی شۆڕشەو نە بۆ گەلەکەمان رێك ناکەون، بۆیە بە پێویستی ئەزانین کە سەرنجی هەموو ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگرانی پارتیمان رابکێشین بۆ پێڕە و پرۆگرامی پارتی کە لەبەر تیشکیان دەرئەکەوێ کەوا ئەم کردەوانەی مەلا مستەفا هەر وەکو پێچەوانەی ئامانجەکانی پارتین هەروەها لە دەسەڵاتی ئەویش بەدەرن چونکە بەپێی ماددەی (٢٢)ی پێڕەو سەرۆکی پارتی تەنها هەقی ئەوەی هەیە کە ئامۆژکاری و (توجیهات) پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسی بکات و بە هیچ جۆرێك هەقی وەرگرتنی بڕیار و دەرکردنی فەرمانی راستەوخۆی نییە، نە بۆ ئەندامان و نە بۆ رێکخراوەکانی پارتی، وە هەموو بڕیار و فەرمانێك ئەبێ لەلایەن کۆنگرێس یان کۆنفرانس یان کۆمیتەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسی یان لیژنەکانەوە بدرێت بەپێی سەرەتای سەرکردەیی گشتی (القیادة الجماعیة) و ناوەندێتی دیموکراتی (المرکزیة الدیمقراطیة).

بۆیە کۆنفرانس بڕیاریدا کە ئەو بڕیار و فەرمانانەی مەلا مستەفا داویەتی وەیان لەمەودوا ئەیدات بەناوی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەموویان پێچەوانەی پێڕەوی پارتین و داوا لە گشت رێکخراو و ئەندام و

پاڵێوراوانی پارتیمان و پێشمەرگەکانی لەشکری شۆرشگێری کوردستان نەکات کە گوێ نەدەنە ئەو بڕیار و فەرمانانە و بڕیار و فەرمان تەنیا لەو سەکردەییە وەربگرن کە بەپێی پێڕەو و خاوەن دەسەڵاتن لە بڕیاردان و فەرمان دەرکردندا کە ئەوانیش کۆنگریس و کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و لیژنەی لق و ناوچەکانن، هەریەکە بەپێی دەسەڵاتی دیاریکراوی خۆی.

هەروەها کۆنفرانس سەرنجی مەلا مستەفاش رادەکێشێت بۆ پەیرەوکردن و لەسەر رۆیشتنی پێرەوی ناوەوەی پارتی و قبوڵکردنی بڕیارەکانی ئەم کۆنفرانسە و بەرەسمی گەڕانەوە لەو فەرمان و بڕیارانەی کە کۆنفرانسەکەمان نارەزایی خۆی بەرامبەریان دەربڕیوە لەماوەی یەك (هەفتە)دا، وە لەمەو دواش بەهیچ جۆرێك ئیش و کار بە فەردی نەکات و لەپێڕەو دەرنەچێت.

**١١- بەڵگەنامەی ژمارە (١١):**

جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤ وە درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٧٠، کە بەیانی ١١ی ئازار دەرچوو، لەو هەل و مەرجەدا باڵی مەکتەبی سیاسی بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەیدا، دوای بەستنی کۆنگرە و گۆڕینی ناوی حزبەکەیان بۆ پارتی شۆرشگێری کوردستان، ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەی خۆ هەڵوەشاندنەوەکەیە بە زمانی عەرەبی[٣٥٩]:

ايها المواطنون الاعزاء لا يخفى ان بيان اذار التاريخي قد اوجد ظروفا جديدة في البلاد وان الاعتراف بالحكم الذاتي لكردستان العراق والاقرار بقيادة الحزب والبارزاني قد انتقل بالحركة الوطنية الكردية الى مرحلة اخرى، الامر الذي جعل احداث تغييرات جذرية في العلاقات بين القوى السياسية واطراف الحركة الوطنية الكردية امراً في غاية الاهمية، وكان عقد المؤتمر السابع لحزبنا في كانون الاول (١٩٧٠) لدراسة هذه التطورات والظروف بصورة عامة وتحديد علاقاتنا

بالحزب الديمقراطي الكردستاني بصورة خاصة. وان المؤتمر قد قبل مبدا الانضمام الى الحزب الديمقراطي الكردستاني كسبيل للقضاء على روح التفرقة وسد كافة الثغرات في صفوف شعبنا الكردي وتعزيز وحدة الحركة الوطنية الكردية التحررية التي تعتبر حجر الاساس في تحقيق وحدة القوى الثورية والتقدمية في نضالها من اجل كافة الحقوق والحريات الديمقراطية للشعب العراقي والحقوق القومية للشعب الكردي وضد الامبريالية والرجعية والصهيونية ومشاريعها العدوانية.

وكان المؤتمر قد قرر ارسال وفد الى مقر سيادة البارزاني لا بلاغه مقررات المؤتمر فاجتمع الوفد بقادة الحزب الديمقراطي الكردستاني وعلى راسهم البارزاني الذين رحبوا بمقررات حزبنا (وتداولوا) مع اعضاء الوفد البحث في الخطوات الواجب اتخاذها لتكوين وحدة حزبية متينة وشكلت لجنة عليا من ممثلي الحزبين تحت اشراف البارزاني نفسه للمباشرة بتنفيذ الاجراءات المتفق عليها والضامنة لتوحيد الحزبين على احسن وجه، فقامت اللجنة المذكورة يتنفيذ الاجراءات المتفق عليها والضامنة لتوحيد الحزبين على احسن وجه، فقامت اللجنة المذكورة بتفيذ واجباتها على الوجه المطلوب وتم توحيد جميع هيئات ومنظمات الحزبين، وعليه ولما لم يبق ما يستوجب الاحتفاظ بكيان مستقل للحزب الثوري الكوردستاني قررنا حل كافة منظماته والانضمام الى الحزب الديمقراطي الكردستاني بقيادة المناضل مصطفى البارزاني.

هذا وفي الوقت الذي نزف فيه هذه البشرى الى ابناء شعبنا الكردي نناشد جميع المخلصين من ابناء شعبنا العمل بجد واخلاص لكي تاتي هذه الوحدة التي كانت احدى امينات شعبنا العزيزة طوالي السنوات المنصرمة ثمارها المرجوة فتكون نهاية للاقتتال والمنازعات وفاتحة عهد جديد للنضال الموحد في سبيل تحقيق اهداف شعبنا وتنفيذ بيان ١١/اذار وصيانة الامن والاستقرار في كردستان والذود عن الجمهورية العراق وتمكين الحزب الديمقراطية الكردستاني

من انجاز المهام الملقاة على عاتقة كحزب تقدمي ثوري في البلاد للنضال من اجل ضمان الحقوق الديمقراطية للشعب العراقي والحقوق القومية للشعب الكردي والمساهمة في نضال الشعوب العربية ضد الامبريالية والصهيونية ومشاريعها العدوانية، كما وندعو اعضاء حزبنا الحزب الديمقراطي الكردستاني بقيادة المناضل مصطفى البارزاني الى النضال من اجل ترسيخ وتمتين هذه الوحدة اكثر فاكثر ويوماً بعد يوم، فانها ضمانة جميع انتصاراتنا.

الحزب الثوري الكردستاني

**١٢- بەڵگەنامەی ژمارە (١٢):**

**پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی (١٣) لە کانووی یەکەمی ٢٠١٠.**

**پرۆگرام**

**دەروازەی یەکەم – ناساندنی پارتی –**[٣٦٠]

**ماددەی -١- ناوی پارتی:** پارتی دیموکراتی کوردستان.

**ماددەی -٢- پێناسەی پارتی:** پارتێکی دیموکراتی نیشتمانییە، بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانی تاک و مافی نەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی تر هەیە لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا. لە پێناو بەدیهێنانیادا بەپێی پرۆگرامگەلێکی زانستی و بە ڕێگەی دیموکراسییانە و ئاشتیانەی سەرچاوە گرتوو لە ئەزموونەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی مێژووی نەتەوەیی کورد و کەلەپووری نیشتمانی و خەباتگێڕانەی بارزانی نەمر و تێدەکۆشێت و سوودیش لە ئەزموونی گەلان وەردەگرێت کە لەگەڵ واقیعی کوردستاندا دەگونجێن.

**دەروازەی دووەم – ئامانجەکانی پارتی–**

**بەشی یەکەم: ئامانجە نەتەوەییەکانی پارتی/**

**ماددەی (٣):** برەودان بە پتەوکردنی پێوەندی برایانە و پشتگیری و هاریکاریان لەگەڵ سەرجەم حزب و ڕێکخراوە دیموکرات و ئاشتیخوازەکان و ڕەوەندی کوردیدا، تا بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەدی بهێنرێت و کلتوری دیالۆگ و لێبوردەیی لەناو ماڵی کورددا بڵاو بێتەوە و پەنا بردن بۆ توندو تیژی حەرام بکرێ.

**ماددەی (٤):** کۆششکردن بۆ بەنێو دەوڵەتیکردنی سیاسییانەی دۆزی کورد لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکاندا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سیفەتی چاودێر لەو ڕێکخراوانەدا وەربگرێ بۆ ئەوەی داکۆکی لەمافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بکات.

**ماددەی (٥):** گەڕانەوەی هەموو ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو میکانیزمانەی لە ماددەی (١٤٠)ی دەستوری عێراقی فیدراڵدا هەن بەوەش سنووری هەرێم بچەسپێنرێ.

**ماددەی (٦):** داکۆکیکردن لە ماف هەموو ئەو کوردانەی لە ناوچەکانی تری عێراقدا نیشتەجێن وەکو بەشێکی دانەبڕاو لەگەڵی کورد، کار بکرێ بۆ هەرچی زیاتر پتەوکردن و بەردەوامیەتی پێوەندی کۆمەڵایەتی و کلتوری لەگەڵیاندا.

**بەشی دووەم: ئامانجە نیشتمانییەکانی پارتی/**

**ماددەی (٧):** کۆششکردنی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، یاسا و هاودەرفەتی تێدا فەراهەم بێ و هەمووان تێیدا لە سایەی دەسەڵاتێکی نیشتمانی دەستپاك و شەفافدا بژین و فرە حزبی و دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات جێبەجێ بکرێ.

**ماددەی (٨):** چەسپاندنی سیستەمی دیموکراتی پەرلەمانی فیدرالّی لە عێراقدا بە شێوەیەك هاولاّتیبوون تەواو بۆ عێراقیەکان گرەنتی بکات و شوێنگەی نێو دەولّەتی عێراق بپارێزێت و سەروەری و سەربەخۆیی زامن بکات.

**ماددەی (٩):** پاراستن و پەرەپێدانی هەموو ئەو دەستکەوت و ئیستحقاقە نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و کلتورییانەی بە خەباتێکی مێژوویی هاتوونەتە دی و لە بنەڕەتدا بەرهەمی خوێنی شەهیدانمان و قوربانیدانی کەلەکەمان و وەلاّمدەرەوەی ئیرادەیەکی ئازادانەی دلێر بوون.

**ماددەی (١٠):** چەسپاندن و پتەوکردنی یەکریزی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا و کارکردن بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو مەسەلە ناوخۆییانە بەپێی دەستور بدۆزرێتەوە، کە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدرالّدا هەلّپەسێنراون.

**ماددەی (١١):** پەرەپێدانی سیستەمی پەرلەمانی فیدرالی و مسۆگەرکردنی بەشداربوونی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە دامەزراوە دەستوورییەکاندا.

**ماددەی (١٢):** مسۆگەرکردنی بەشداریی گەلی کوردستان لە دروستکردن و وەرگرتنی بریاری سیاسی عێراقدا لە رێی بەشداری کردن لە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدرال.

**ماددەی (١٣):** رێزگرتن لە دەستوری فیدرالّ لە چوارچێوەی پەیرەوکردنی بەندەکانی و بەئەندازەی پێویستی خۆی بە پیرۆز بزانرێت کە دەربرینێکی راستەوخۆی ئیرادەی گەلی عێراقەو تەنیا گرەنتی مانەوەی یەکێتی گەل و خاکی عێراقە.

**ماددەی (١٤):** مسۆگەر کرنی مافە نەتەوەیی و کلتوری و ئیدارییەکانی تورکمان و کلدان و سریان و ئاشووری و ئەرمەن.

**ماددەی ١٥):** دابینکردنی ماف هەر پێکهاتەیەکی ئایینی و مەزهەبی (لە جێبەجێ کردنی سرووتە ئایینیەکانیان و دامەزراندنی ئەنجومەن) بۆ

پەرەپێدان و ڕێکخستنی کاروباری کلتووری و کۆمەڵایەتیەکانیان و گەشەپێدانیان لە هەرێمی کوردستاندا.

**ماددەی (١٦):** باشترین پێوەندی لەگەڵ ئەو حزبانەدا دروست بکرێ کە لە کوردستان و عێراقدا کار دەکەن و بڕوایان بە دەستور، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، فیدراڵی و برایەی نیشمانی هەیە و دان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورددا دەنێن.

**ماددەی (١٧):** چەسپاندنی پرەنسیپی پێکەوە ژیان و گیانی لێبووردەیی لەنێوان هەموو پیکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیەکانی گەلدا.

**ماددەی (١٨):** کارکردن لەسەر ڕێزگرتنی عێراق بۆ پێوەستبوونە نێو دەوڵەتییەکان و پیادەکردنی تێکڕای بەڵگەنامە و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی بەمافەکانی مرۆڤ و کەمایەتیەکان و مافی چارەنووس پێوەندن.

**بەشی سێیەم: ئامانجە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان/**

**ماددەی (١٩):** پتەوکردنی پێوەندی دۆستانە لەنێوان هەرێم و وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای پرەنسیپی بەرژوەندی هاوبەش و ڕێز لە یەکتر گرتن و دراوسێیەتی باش و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر و چارەسەر کردنی گیروگرفتەکان بەشێوازی ئاشتیانە و بەپێی بنەماکانی یاسای گشتی نێو دەوڵەتی.

**ماددەی (٢٠):** پابەندبوون بە ئامانج و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێزگرتن لە گشت ئەو پەیماننامە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتیانەی ناکۆک نین لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستاندا.

**ماددەی (٢١):** پشتگیری کردنی هەوڵەکانی وڵاتانی دۆست و هەموو ئەو ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییە حکومی و نا حکومییانەی بەشدارن لە ڕابوونی

سیاسی و ئابووری و کلتووری هەرێمی کوردستاندا و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە شێوازی ئاشتیانە و بەرێگەیەکی رەوا.
**ماددەی (٢٢):** بەرپاکردنی هەڵمەتێکی نێو دەوڵەتی بۆ هاندانی وڵاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی بۆ ئەوەی داکۆکی لەو گەلانە بکەن، کە تاوانی نێودەوڵەتیان بەرامبەر کراوە، پشتگیری کۆششەکانیان بکەن لەپێناوی سەربەخۆ بوونی سیاسی و گەشەکردی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری.
**ماددەی (٢٣):** بەهێزکردنی پێوەندی دۆستانە و هاریکاری لەگەڵ ئەو گەل و حزب و کەسایەتی و رێکخراوە نا حکومیانەی پشتگیری و هاوکاری گەلی کوردستان دەکەن.
**ماددەی (٢٤):** پشتگیری کردن و بەهێزکردنی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی هەوڵەکانی کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی جیهاندا بەپێی ئەوەی لە دەستووری ئێستای عێراقدا هاتووە، هەروەها زەمینەی هاندەرانە ساز بکرێ بۆ ئەو وڵاتانە تاوەکو کونسلگەی خۆیان لە هەرێمی کوردستاندا بکەنەوە و لە پێناوی پتەوکردنی پێوەندییەکان لەگەڵیاندا.
**ماددەی (٢٥):** وەرگرتنی سیفەتی چاودێر بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتمەندەکانیدا، کە مافی گەلی کورد لە ژیانێکی ئارام و دووچار نەبوونەوەی بە چەوسانەوە و جینۆساید مسۆگەر دەکات.
**ماددەی (٢٦):** بەهێزکردن و پەرەپێدانی پێوەندی هەرێم بە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، بە تایبەتیش لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆزینەوەی میکانیزم و شێوازی گونجاو بۆ بەشدارکردنی نوێنەرانی هەرێم لە کۆنگرە و

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمیسیۆن و ئاژانسە پسپۆڕییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

**ماددەی (٢٧): هەوڵدان بۆ کاراکردن و پاڵپشتیکردنی ماددی و مانەوەی ئۆرگانەکانی پارتی لە دەرەوەی وڵات، بەمەبەستی:**

١- دروستکردنی باشترین پێوەندی لەگەڵ ئەو پارتانەی کە لەو وڵاتانەدا کار دەکەن، بەتایبەتی ئەو پارتانەی، کە بڕوایان بە دیموکراسی و ماف مرۆڤە و دان بە ماف گەلی کورددا دەنێن لە دیاریکردنی ماف چارەنووسیدا.

٢- گرینگیدان و بەسەرکردنەوەی زیاتری ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە هەندەران.

٣- بینینی رۆڵی یارمەتیدەر بۆ نووسینگەکانی وێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی بەهێزکردنی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە و پێشکەشکردنی هاوکاری و کارگێری و مرۆیی بۆ رەوەندی کورد و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە دەروەدا.

## دەروازەی سێیەم

## پرەنسیپ و ستراتیجیەکانی پارتی

### بەشی یەکەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستەمی سیاسی و بنەماکانی حوکمڕانیدا.

لەبەر ئەوەی پارتی بڕوای بەوەیە کە دەبێت سیستەمی سیاسی گوزراشت لە ئیرادەی گەل بکات و کار بکات بۆ چەسپاندنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و هانیان بدات بۆ پێرەو کردنی رۆڵی ئیجابیان لە کارگەلێکی سیاسیدا، کە پشت ئەستوورن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، سەروەری یاسا، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و رۆڵی سەرەکی پارتیمان لە دروستکردن و

کارایبکردنی دامەزراوە دەستورییەکان و پاراستنیاندا، بۆیە پارتی کار دەکات لە پێناوی:

**ماددەی (٢٨):** پشتگیری کردنی دامەزراوە دەستوری و یاساییەکانی وەکو سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت و ئەنجومەنی دادوەری، کە بەدەستکەوتی مێژوویی گرینگ دادەنرێت و پێویستە لەسەر بنەمای پرەنسیپی سەروەری یاسا رۆڵی تەواوی خۆیان ببینن و ژیانی دەستوری و یاساییان بۆ دابین بکرێ.

**ماددەی (٢٩):** رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە بەڵگەنامە و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکاندا هاتووە و عێراق بەشێکە لێیان، پابەندە بە خستنە بواری جێبەجێ کردنیان لەسیستەمی یاسایی و ناوخۆیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٣٠):** گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێ و لەو ولە هەموو دەستە باڵاکانی هەرێم دروست ببن، لە بریاردانی چارەنووسیدا لە گشت بوارەکاندا خودان ئیرادەی باڵا بێت و ماف لەوەدا بۆ مسۆگەر بکرێت، کە هەموو دەسەڵاتێکی کردەنی لە ئاراستەکردنی سیاسەتی یاسادان و جێبەجێکردندا هەبێ.

**ماددەی (٣١):** گەلی هەرێمی کوردستان لە رێی ریفراندۆم و لە میکانیزمە دەستورییەکانەوە بریار لەمەسەلە چارەنووسسازەکانی هەرێم دەدات.

**ماددەی (٣٢):** پشتگیریکردنی پەرلەمان بۆ ئەوەی رۆڵی سەرەکی خۆی وەکو دامەزراوی یاسادانان و چاودێریکردن ببینێ، ئەرکی سەرشانی پارتیشە کە بایەخ بەم دامەزراوە بدات و بە هەموو شێوەیەك پشتگیری بکات و کادیری لێهاتوو، دەستپاك، پسپۆر و خاوەن شارەزایی لە بوارە جۆراو جۆرەکانی بە گوێرەی پێوەر بۆ کاندید بکات.

**ماددەی (٣٣):** پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی و بەرنامەکەیدا، کە متمانەی پەرلەمانی وەرگرتووە.

**ماددەی (٣٤):** ڕێزگرتن لە پرەنسیپی شەفافیەت و لێپرسینەوە و سزادان و دابینکردنی شەفافیەتی کاری حکومەت جا لە پێناوی بەرجەستە کردنی مافی هاولاتیان لە چاودێریکردنی دەسەلاتەکانی هەرێم، پارتی کار دەکات بۆ:

أ- مسۆگەرکردنی ئازادی دەستەکەوتنی زانیاری و ئاگادار بوون لە چالاکی حکومی و نا حکومی لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی یاسا.

ب- دەستوور و یاساکان ئەو ئامرازانە بۆ گەل فەراهەم بکەن کە بەهۆیانەوە شەفافیەت و لێپرسینەوە دروست دەبن و گەلیش دەتوانی چاودێری دەسەلاتەکانی هەرێم بکات.

**ماددەی (٣٥):** دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی و کلتوری و بەڕێوەبردن و خوێندن بۆ هەموو ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەژین و ڕێز لە هەست و نەریتەکانیان بگیرێ و تایبەتمەندییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیەکانیان بنرخێنرێن و کار بکرێ بۆ مسۆگەر کردنی نوێنەرایەتیا لە پەرلەماندا بە پێی ڕێژەی دانیشتوانیان و کار ئاسانی بۆ گەڕانەوەی پەراگەندەکانیان بۆ سەر زێدی خۆیان بکرێ.

**ماددەی (٣٦):** پابەند بوون بە بنەمای سەروەری یاسا و یەکسانی لە بەردەمیدا بەبێ ئەوەی جیاوازی بکرێ بەهۆی نەتەوە، ڕەگەز، ئایین و ئاینزا، یان پێگەی کۆمەلایەتی و سیاسییەوە.

**ماددەی (٣٧):**

أ- پابەند بوون بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان.

ب- بەدیهێنانی پرەنسیپی سەربەخۆیی دادوەری، کە جگە لە یاسا هیچ دەسەلاتێکی تری بەسەرەوە نییە.

**ماددەی (٣٨):** دەستەبەرکردنی ئازادی رۆژنامەوانی و ئازادی رادەربڕین و کارکردن بۆ ئەوەی ئامرازەکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببنە میکانیزمی کارا و بەرپرس بۆ داکۆکی کردن لە ماف و ئازادییەکانی گەلی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٣٩):** بەشداری کارا لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا مەرجدارە بە رێزگرتنی تەواو لە دەستوری عێراق و پابەندبوونی هەموو لایەنەکان بە جێبەجێ کردنی ماددە و بڕگەکانیەوە.

**ماددەی (٤٠):** بۆ بەرفراوانکردی پرەنسیپی بەشداریکردنی هاولاتیان لە حوکمرانیدا، پارتیمان کار دەکات بۆ جێبەجێ کردنی پرەنسیپی ریفراندۆم لەسەر ئەو یاسا بنەڕەتیانەی سروشتی دەستوریان هەیە.

**ماددەی (٤١):** کۆششکردن لەپێناوی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ قەدەغەکردنی جیاکاری بە هەموو شێوە و شێوازەکانیەوە و سزادانی هەر کەسێ بانگەشەی بۆ بکات یان پێرەو کردنی جیاکاری پردەپۆش دەکات.

**بەشی دووەم: لەبواری پەرەپێدانی سیستەمی دادوەریدا/**

لە بڕوا بوونی پارتی بە پرەنسیپ: دادوەری سەربەخۆ، جگە لە یاسا هیچ دەسەلاتێکی تری بە سەرەوە نییە و ولایەتی گشتیش هەر بۆ ئەوە و لە پێناوی ئەودا کە ئەرکە پیرۆزەکانی بیلایەنانە جێبەجێ بکات و لەنێوان داواکاراندا ماف بدات بە خاوەن ماف، پارتی کار دەکات لە پێناوی:

**ماددەی (٤٢):** رێزگرتن لە دادوەری و سەربەخۆ بوونی و دووپاتکردنەوەی هەموو ئەو زەمانەتە یاساییانەی لە گشت بوارەکاندا دەبێ لەو پێناوەدا هەبن.

**ماددەی (٤٣):** چاوخشاندنەوە بە سیستەمی داواکاری گشتیدا و کاراکردنی رۆلی لە پاراستنی کۆمەڵگەدا.

**ماددەی (٤٤):** ڕاهێنانی دادوەران و داواکارە گشتییەکان لە پەیمانگای دادوەریدا و کردنەوەی خولی گشتی و پسپۆڕانە لە بوارەکانی یاساو دادوەریدا لە پێناوی پەرەدان بە تواناکانی فەرمانبەران لە دەسەڵاتی دادوەریدا.

**ماددەی (٤٥):** بایەخدانی پێویست بە ئەنجومەنی شوراو دادوەری ئیداری و کاراکردنی ڕۆڵیان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەر شانیان.

**ماددەی (٤٦):** کارکردن بۆ مسۆگەرکردنی کارایی پارێزەران لەو ڕۆڵەدا کە لە دادگادا هەیانە.

**ماددەی (٤٧):** بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاسایی، کە دەبێتە هۆی ئەوەی دادگەکان ڕۆڵی سەرەکی ببینن لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان.

**بەشی سێیەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستەمی کارگێڕیدا:**

لەبەر ئەوەی کارگێڕی ڕۆڵ و بایەخی گەورەی هەیە لە هێنانەدیی گەشەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مرۆیی، لەم بارەوە پارتی کار دەکات بۆ.

**ماددەی (٤٨):** دامەزراندنی دەستەی باڵای پەرەپێدانی کارگێڕی لە کوردستان، ئەرکی ئەم دەستەیە لێکۆڵینەوەی بەردەوامە لەواقیعی کارگێڕی و دانانی سیستەمێکی هاوچەرخانە بۆی.

**ماددەی (٤٩):** دارشتنی ستراتیجێکی گونجاو بۆ سوود وەرگرتنی تەواو لە سامانی مرۆیی کوردستان و دۆزینەوەی دەرفەتی کار بە مەبەستی لەناوبردنی بێکاری و بێکاری دەمامککراو، کە هەر ئێستا دامەزراوەکانی دەوڵەت بە دەستییەوە دەناڵێنن، ئەمەش لە ڕێی:

أ- هاندانی کەرتی تایبەت بۆ کردنەوەی پرۆژەی بەرهەمهێنەر و چاوخشاندنەوە بە یاسای وەبەرهێنان، بەتایبەتی بە ئاراستەی کردنەوەی پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بایەخدانی زیاتر بە کرێکاری خۆماڵی.

ب- بایەخدان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ و بەرزکردنەوەی توانستی کارمەندان و کادیرانی کارگێڕی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، لە ڕێی کردنەوەی خولی بەردەوامی مەشق پێدانە، وەك ئامادە سازییەك بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی.

ماددەی (٥٠): بڵاوکردنەوەی کلتووری خزمەتکردنی هاوڵاتی لەناو دامەزراوەکانی حکومەتدا بە جۆرێك کە هەر کارمەندێکی ئەو دامەزراوانە لە فەلسەفەی کارگێڕی گشتی لەم بوارەدا تێ بگات کە بریتییە لەوەی هەموو وەزیفە و دەسەڵاتێك لە پێناوی حزمەتکردنی هاوڵاتیاندایە.

ماددەی (٥١): بەرجەستەکردنی شێوازی نامەرکەزی کارگێڕی و بەخشینی دەسەڵاتی پێویست بە دەسەڵاتە خۆجییەکانی. کە هاوکارتبێت لە خێراکردنی کاروبارەکانی. هەموو ئەمانە پێویستە بەشێوەیەك ڕێك بخرێن کە پەرتوبڵاوی لە ئامانجەکانی و تواناکاندادروست نەکەن و ڕێگەش نەدەن کە لە ئەرکەکاندا دووفاقی دروست ببێ.

مادەی (٥٢): دامەزراندنی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستاندا و کاراکردنی ڕۆڵی دیوانی چاودێری دارایی و کارکردنی بۆ ئەوەی یاسای تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو چەشنەکانی گەندەڵی دەربکرێ.

مادەی(٥٣): دووبارە ئەندازە دانانەوەی فەلسەفەو پەیکەری کارگێڕی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەشێوەیەك لەگەڵ ئەرکە هەنووکەییەکانی حکومەت بەرامبەر بە هاووڵاتیان بگونجێت و تێیدا کێشەکانی گەندەڵی کارگێڕی و زێدەڕۆیی ڕۆتین چارەسەر بکات و پرەنسیپی بەشداریکردن لە بڕیار فەراهەم بکات.

مادەی (٥٤) پێکهێنانی ئەنجومەنی خزمەتی گشتی لە پێناوی مسۆگەرکردنی یەکسانی دەرفەت لە کاروباری وەزیفی و دامەزراندن لە وەزیفە گشتیەکاندا.

**بەشی چوارەم: لە بواری پەرەپێدانی سیاسەتی ئابووری و داراییدا.**

پارتی بایەخێکی زۆر بە سیاسەتی ئابوری و دارایی دەدات، چونکە رۆلێکی گەورە لە پەرەسەندنی کۆمەلأیەتی و باشکردنی ئاستی گوزەرانی تاکەکان و خۆشگوزەرانی ئەواندا دەبینێ. لەم رووەوە پارتی هەولْ بۆ دانانی سیاسەتێکی ئابووری و دارایی دەدات، کە لەگەلْ ئەو گۆرانکارییانەی لە ئابوری جیهاندا روودەدەن بگونجێت و زیاتر خزمەت بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هەرێم بکات، بۆیە پارتی کاردەکات لە پێناوی.

**مادەی (٥٥)**: زەرورەتی سەر لەنوێ بیناکردنەوەی ئابوری عێراق لە سایەی سیستمێکی دیموکراسی فرەیی فیدرالْدا کە بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق و تایبەتیمەندییەکانی هەرێمی کوردستانلەبەرچاوبگرێ و سیاسەتێکی ئابوری و دارایی ئەوتۆ پەیرەوبکات، کە لەگەلْ لۆژیکی سەردەمدا رێ بکات و لەگەلْ ئەو گۆرانکارییانەدا بگونجێ، کە لە عێراقی نوێی دوای (٢٠٠٣) هاتوونەتە ئاراوە.

**مادەی (٥٦)**: جێبەجێکردنی سیستمێکی دادوەرانە بۆ دابەشکردکردنی داهاتە داراییەکانی سامانی نیشتمانی لە نێوان حکومەتی فیدرالْ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەمەش لە رێی دانانی یاسای سەرچاوە داراییەکان، کە کاولکردنی بە ئەنفالستانە و زۆرە ملێیانەی ئابوری کوردستان و ناوەرۆکی دەستووری عێراقی فیدرالْ لەبەرچاو بگرێ.

**مادەی (٥٧)**: حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی ئاشکراو شەفافی ئابوری و دارایی پیرەوبکات زامنی ئازادی چالاکی ئابوری بکات و پشتگیری بەرهەمی نیشتمانی و وپیشەسازی خۆمالْی بکات و هانیان بدات، هاوکات سەرلستی ئەو سیاسەتە دامەزراندنی ژێرخانی ئابوری کوردستان بێ.

**مادەی (٥٨)**: سوودوەرگرتنی تەواوەتی لەو کەشە ئارام و پارێزراوی هەرێمدا، بۆسەرمایە گوزاری، تا بەهۆیەوە سەرمایەی نیشتمانی و بیانی راکێشرێن و ئاراستەبکرێن بەرەو بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکالْی گەشت و گوزار.

هەروەها لە ڕێی دانانی نەخشەیەکی سەرمایەگوزاری گشتگیر، کە توانای هەبووەکان و پێویستە گشتیەکانی لەبەرچاو گرتبێ، پێویستە یاسای سەرمایە گوزاری و ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بەم کایەوە هەیە کاراو هەمواربکرێن تا رابوونێکی ئابووری بەرپابکرێ.

مادەی (٥٩): کاراکردن و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی پەیکەری کەرتی دارایی و بانکایەتی لە هەرێمداو کارکردن بۆ ئەوەی سەر لەنوێ متمانەی پێ بکرێتەوە، ئەمەش لەرێی دانانی سیاسەتێکی نیشتمانی دروست کە لەسەر بناغەی راکێشانی زیادی نەختینەو خشل و زیادی پاشەکەوت کاربکات و سیستمێکی بانکایەتی هاوچەرخ بۆ بانکە پسپۆریەکان لە هەرێمدا دابنێ و بیانبەستێتەوە بەبانکە جیهانیەکانەوەو هەروەها هەوڵ بدرێ سەرلەنوێ دامەزراوەکانی دڵنیایی (تەئمین) بەهەموو جۆرەکانیەوە دروست بکرێنەوە.

مادەی (٦٠): هانی دانانی کۆمپانیای پشکداری بدرێ و لە هەرێمدا کەشێکی لەبار بۆ ئەو مەبەستە دروست بکرێ، تا پاشەکەوتە بچووك و مامناوەندییەکان بەکاربهێنرێن و دەرفەتی کارو ئیشپێکردنی هێزی کاری ناوخۆ دروست ببێ و بازاڕی نەختینە لە هەرێمدا کارابێ.

مادەی (٦١): هەوڵدان لە پێناوی چاوخشاندنەوە بە هەموو یاساداراییەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی کە پێوەندییان بە سیاسەتی باجەوە هەیە، تا لەگەڵ گۆرانکارییە ئابورییەکانی ئێستادا بگونجێنرێنەوە.

مادەی (٦٢): چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری دەمامککراو، کە بووەتە قورسایی بەسەرشانی بودجەی گشتی هەرێم هەروەها خەرجییەکی یەکجار زۆری کارپێکردن و بەرخۆرایی لەسەر حسابی دابەزینی خەرجیەکانی سەرمایەگوزاری خستووەتە ئەستۆی بودجە.

**مادەی (٦٣)**: لە پێناوی پاراستنی پارەی گشتی و باش بەکارهێنانیدا، پێویستە لەرێی کارابوون و کاریگەری رۆڵی دیوانی چاودێری داراییەوە چالاکی و رۆڵی چاودێری دارایی کارا بکرێن.

**مادەی (٦٤)**: کارا کردنی یاسای پاراستنی ماف بەکاربەرو قەدەغەکردنی ئەوەی لەلایەن بەرهەم هێنەرو بازرگانانەوە ئیستغلالی بکرێ، هەروەها دەزگای پێوانەو کۆنترۆڵی جۆرایی بۆ هەموو کالاّ و خزمەتگوزاریەکان کارابکرێ و هاوکاری کۆمەڵەکانی پاراستنی مافەکانی بەکاربەربکرێ.

**مادەی (٦٥)**: دانانی یاسای ئازادی کێبەرکی و قەدەغەکردنی قۆرخکردن، هەروەها بازار بەپێی میکانیزمەهاوچەرخەکان رێکبخرێ و لەگەڵ سیاسەتە ئابووری و داراییەکانی هەرێم بگونجێنرێن.

**مادەی (٦٦)** چاوخشاندنەوە بە سیستمی خۆراك وەرگرتندا بۆ ئەوەی باشبوونی ئاستی گوزەرانی خاوەن دەرامەتە دیاریکراوەکان دەستەبەربێ.

**مادەی (٦٧)**: کردنەوەی حسابێکی تایبەت بەپشکی هەرێم لە داهاتەکانی فیدراڵ و پاشەکەوتکردنی بەشێکی بۆ بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوو.

**بەشی پێنجەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی پەروەردە و خوێندنی بالآدا.**

پارتی بە پێویستی دەزانێ فەلسەفەیەکی پەروەردەیی و فێرکردنی روون و ئاشکرا بۆ دارشتنی سیاسەتێکی نەتەوەیی نیشتمانی یەکگرتوو دابنرێ. تێروانینێکی نوێی هاوچەرخ تێدابێ بۆ چارەسەرکردنی ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی سیاسەتە پەروەردەییە رەگەزپەرست و شۆڤینیەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی، بۆیە پارتی کار دەکات لە پێناوی:

**مادەی (٦٨)**: هەڵسەنگاندن و راستکردنەوەی بەردەوامی پرۆگرامەکانی خوێندن، تا بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا و شارستانیەتدا وێك بێنەوە.

**مادەی (٦٩):** چەسپاندنی هەزری نەتەوەیی و نیشتمانی ئاوێتەکراو بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و لێبوردەیی و مافی مرۆڤ لە سیستەمی خوێندندا بۆ ئەوەی لە ڕێی ئاگابوون لە مێژوو جوگرافیای کوردستان و بایەخدان بە کەلەپورو کەلتووروزمان و شێوازەکانی کوردی و ئاین و مەزهەبەکانەوە ئینتما بۆ گەل و خاکی کوردستان پتەوتربێ.

**مادەی (٧٠) لە ڕێیدانانی بابەتەکانی:**

أ- جینوساید (ئەنفال، کۆمەڵکوژی، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی...).

ب- سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی (راگواستن، دەرکردن، تەعریب...).

لەناو پرۆگرامەکانی خوێندندا بۆ ئەوەی رۆڵەکانی گەلەکەمان بەو تاوانانەی، کە دەرهەق بە گەلەکەمان کراون ئاشنابن.

**مادەی (٧١):** پشتگیریکردنی بەردەوامی بایەخدان بە زمان و کەلتورەکانی تورکمان، عەرەب، کلدان سریان ئاشوری و ئەرمەن لە پرۆگرامە پەروەردەییە تایبەتەکانی خۆیاندا.

**مادەی (٧٢):** فراوانکردنی بەکارهێنانی زمانە بیانییەکان لە بوارەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵادا.

**مادەی (٧٣):** بیناکردنی کەسایەتی تاکی کوردستانی بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی سەربەخۆو متمانە بەخۆو بەرهەم هێنەری لە کۆمەڵدا هەبێ.

**مادەی (٧٤):** بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن ئەرکی پەروەردەیی و فێرکاری خۆیان جێبەجێ بکەن پێویستە لە ڕێی دابینکردنی ئاستێکی شایستە گوزەران و بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە بایەخیان پێ بدرێ.

**مادەی (٧٥):** بایەخێکی تایبەت بە زانکۆو پەیمانگاکان و مامۆستایان و کادیرە زانستیەکانیان بدرێ و سەربەخۆییان بپارێزرێ و ڕێزیان لێ بنرێت و دەست لە کاروباریان وەرنەدرێ.

**مادەی (٧٦):** شێوازی نامەرکەزی کارگێڕی لە هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە باڵاکاندا پەیڕەو بکرێ لە پێناوی کەمکردنەوەی ڕۆتین و دەستەبەرکردنی سەربەخۆییان بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

**مادەی (٧٧):** فەراهەمکردنی کەشی لەبار بۆ گەڕانەوەی توانا زانستیەکان بۆ هەرێمی کوردستان تا بەشداری لە کاروانی زانستیدا بکەن.

**مادەی (٧٨):** کارکردن بۆ وەرگرتنی زەمالە و نێردراو بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەندامانی دەستەی فێرکاری و قوتابیانی سەرکەوتوو، دابەشکردنی لەسەر بناغەی یەکسانی دەرفەت پێدان.

**مادەی (٧٩):** کارکردن بۆ دانانی کورسی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم بۆ قوتابیانی کوردی دەرەوەری هەرێم.

**مادەی (٨٠):** پەیرەوکردنی سیاسەتێکی روون و ئاشکرا لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵادا سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانەو پەیمانگا و زانکۆی حکومەتی و ئەهلی بەوانەشیانەوە کە ئێستا کاردەکەن و جەخت لەسەر جۆری ئەم دامەزراوانە بکرێتەوەو پێوەری هەڵسەنگاندنی بەردەوام و دەستەبەرکردنی جۆرایەتیان لەگەڵدا پەیرەو بکرێ .

**مادەی (٨١):** پەیڕەوکردنی پرەنسیپی جیانەکردنەوە لە نێوان رەگەزی نێرومێدا لە ئامرازەکانی خوێندن و روونکردنەوەی ناو کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندندا.

**مادەی (٨٢):** بایەخدان بە خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی و پەرەپێدانیان لە پێناوی راهێنانی کادیری مامناوەندی بۆ بەشداریکردن لە بیناکردن و پەرەپێدانی ئابوری وڵات کە لەگەڵ پێویستیەکانی بازاردا بگونجێ.

**بەشی شەشەم: لە بواری پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستیدا:**

توێژینەوەی زانستی رێگەیە بۆ پەرەپێدانی شارستانی و بیناکردنی قەوارەی کوردی، بۆیە پێویستە لە رێی هاندان زانایان و بیرمەندان و فراوانکردنی

ئەکادیمیای کوردستان و پەرەپێدانیەوە، وەکو ئەکەدیمیا هاوکوفەکانی لە جیهاندا، دەرفەتی دروستی بۆ برەخسێنرێ، بۆیە پارتی کار دەکات بۆ:

**مادەی (٨٣):** پشتگیریکردنی زانایان و داهێنەران لە رێی دەرکردنی یاسای چاودێریکردنی زانایان و داهێنەرانەوەو کردنەوەی سەنتەری داهێنانی زانستی لە هەرێمدا بە مەبەستی هاندانی داهێنەران و پێشکێشکردنی ئاسانکاری پێویست و دابینکردنی کەشی گونجاو بۆیان ودەرخستن تواناو داهێنانەکانیان هەروەها جێبەجێکردنی هزری داهێنان لە زەوینی واقعیدا.

**مادەی (٨٤):** پشتگیریکردنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی رەسەن لە رێی بایەخدان بە بنکەکانی توێژینەوە لە زانکۆکاندا و سازکردنی کۆرو کۆنگرەی زانستی جیهانی و سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانیان، هەروەها هاندانی توێژان بۆ ئەوەی توێژینەوەی پێوەندیدار بە پرسەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەنجام بدەن.

**مادەی (٨٥):** هاندانی بزاڤی وەرگێران لە هەرێمدا و کردنەوەی دەزگایەکی ئەکادیمی تایبەتمەند بۆ وەرگێرانی کتێب و سەرچاوە زانستیەکان و یاساکان بۆ زمانی کوردی و لەزمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر.

**مادەی (٨٦):** تەرخانکردنی برێکی گونجاو لە بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاڵپشتی و پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی.

**بەشی حەوتەم: لەبواری پەرەپێدانی سیستمی تەندروستیدا.**

بەهۆی گرینگی سیستمی تەندروستی و رۆڵی لە بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا، پارتی لەو بڕوایەدایە کە کار بکرێ بۆ:

**مادەی (٨٧):** زیاتر بایەخدان بە چاودێری تەندروستی بە هەموو جۆرەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردنەوە ئەمەش لە رێی دابینکردنی کەرەستەو کادیری نۆژداری و تەندروستی و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و زیاتر کردنەوەی نەخۆشخانەو بنکەکانی تەندروستی و عیادەی راوێژکاری و زامنکردنی

دابەشکردنی جوگرافیاییانەی عادیلانە، کە خزمەتگوزارییەکان بگەنەهەموو هاوڵاتیانی هەرێم.

**مادەی (٨٨):** بەرزکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لە رێی بەرنامەی جۆراوجۆرەوە لە دەزگاکانی راگەیاندن و پرۆگرامەکانی خوێندن و ئامرازەکانی تردا.

**مادەی (٨٩):** دروستکردن و پەرەپێدانی بنکەکانی راهێنان و چارەسەری سروشتی و سازکردنیان بە کەرەستەو ئامێری هاوچەرخ.

**مادەی (٩٠):** پەرەپێدانی پیشەسازی داوو دەرمان و کەرەستەکانی نۆژداری لە هەرێمدا بەپێی پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان و کاراکردنی رۆڵی دامەزراوەکانی جۆرایەتی داوو دەرمان و کەرەستە نۆژدارییە ناوخۆیی و هاوردەکان.

**مادەی (٩١):** دانانی سیستمێکی گشتگیری دڵنیایی و بەو دابینی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (٩٢):** چاوخشانەوە بە سیستمی تەندروستیداو بەو ئاراستەیە کە پێشکێشکردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی و مامەڵەی مرۆییانە لەگەڵ نەخۆشاندا مسۆگەر بکات.

**بەشی هەشتەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی کۆمەڵایەتیدا.**

لەو روانگەیەوە، کە کۆمەڵی کوردی بە گۆرانێکی کۆمەڵایەتی گەورەدا تێدەپەڕێ و بە پشتبەستن بەو گۆرانانەی لە بواری کۆمەڵایەتیدا روویانداو، پارتی هۆشیارانە کار دەکات لە پێناو جێبەجێ کردنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی پەرەسەندوو لە رێی جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپانە:

**مادەی (٩٣):** کارکردن لە پێناو دابینکردنی پێویستە سەرەکییەکانی تاک: ژیانێکی گونجاو (خۆراک، جلو بەرگ، خانوبەرە...) دەرفەتی کار، پەروەردە و خوێندن، چاودێری تەندروستی، ئازادی رادەربرین.

**مادەی (٩٤)**: دیموکراتیزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە ڕێی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خێزانی کوردستانی، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانینی تاك و ئاشناکردنی بە چەمك و زاراوەو پرەنسیپەکانی دیموکراسی.

**مادەی (٩٥)**: کاراکردنی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون لەناو کۆمەڵدا، لە ڕێی بەشداریکردنی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان شان بەشانی خێزان.

**مادەی (٩٦)**: کارکردن بە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی منداڵ، یەکسانی ژن و پیاو، ئازادی تاك، دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

**مادەی (٩٧)**: پاراستن و گەشەپێدانی کەلتوری کوردی لە پێناوی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کۆمەڵی کوردیدا.

**مادەی (٩٨)**: پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی و بەستانداردکردنی وەك مەرجێکی پێویست بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و یەکێتی نەتەوەیی کورد. هەروەها کاراکردنی پرۆسەی بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لەسەرتاسەری عێراقدا.

**مادەی (٩٩)**: مسۆگەرکردنی ژیانێکی بەختیارو ئارام بۆ منداڵان بەو پێیەی ئەوان سامانێکی کۆمەڵایەتین و دەبێت هەموو جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی و دەروونی لە دژیان قەدەغە بکرێ و ڕێگە نەدرێت بەکارپێکردنیان.

**(مادەی (١٠٠)**: سنووردانان بۆ هەژاری و چارەسەرکردنی ئەو ئاوازە کۆمەڵایەتیانەی لێی دەکەونەوە، ئەمەش لە ڕێی سەر لەنوێ چاوخشاندنەوە بە سیستمی چاودێری و دابینکردنی کۆمەڵایەتیدا.

**مادەی (١٠١)**: بایەخدان بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و مسۆگەر کردنی مافەکانیان، بەپێی پێوەرە مرۆییەکان وەکو ئەوەی لەبەڵگەنامە و ڕێککەوتننامە نێودەولەتیە تایبەتیەکاندا هەن.

**مادەی (١٠٢)**: چاوخشاندنەوە بەیاساکانی کاروریکخستنەوەی وەکو ئەوەی لەگەڵ گۆرانکارییە سیاسی و ئابورییەکانی هەرێمدا بگونجێن، ئەمەش لە رێی دانانی یاسایەکی نویٚ بۆ کار، کە چینی کرێکار لە کەرتی گشتی و تایبەتدا بگرێتەوە و لەبەرژەوەندی ئەواندا بێت.

(**مادەی (١٠٣)**: دانانی یاسایەکی نویٚ بۆ خانەنشینی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی بگونجیٚ لەگەڵ گۆرانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان.

**مادەی (١٠٤)**: دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ بەساڵاچووان و کردنەوەو پەرەپێدانی بنکەکانی سەرپەرشتی.

**مادەی (١٠٥)**: کاراکردنی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوانەی دەیانگرێتەوە.

**مادەی (١٠٦)**: کاراکردنی خزمەتگوزاری پێویست لە دامەزراوەکانی چاکسازیدا (بۆ نەوجەوانان و بەتەمەنەکان)و بایەخدان بە بارودۆخی گیراوان و کەس و کاریان و پۆلینکردنیان و دانانی بەرنامە بۆ راهێنانیان وەکو ئەوەی ئەندامی بە سوودن لە کۆمەڵدا.

**مادەی (١٠٧)**: کردنەوەی نووسینگەکانی کارپێکردنی حکومەتی بۆ دابینکردنی دەرفەتی کار بۆ بێکاران و دۆزینەوەی دەرفەتی راهێنانی ئەوانەی لە کارێکدا کارامەنین.

**بەشی نۆیەم: لە بواری پەرەپێدانی پێشمەرگەدا.**

لەوەتەی هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلولی مەزنەوەو بەدرێژایی ئەم مێژووە(پێشمەرگە) قەلغانی گەلی کوردستان و پارێزەری سنوورو سیمبولی خۆراگری بوون. لە سایەی قوربانیدانی زۆر و زەوەندی ئەوانەوە گەلەکەمان توانیویەتی لەبارو دۆخە جیاجیاکاندا بەرگری بکات و بەشێکی زۆری ئاواتەکانی بێنێتەدی، بۆیە پارتی رۆڵی ئەبەردانەو داستانە مەزنەکانی ئەوان لە کاروانی گەلەکەماندا بەرز دەنرخێنرێت، هەروەها رۆڵی ئێستایان لە

پاراستنی هەرێم و عێراق بە پێی ئەوەی بەشێکی گرینگی پێکهاتەی مەنزومەی بەرگری عێراقن بەشانازییەوە هەڵدەسەنگێنێ، پارتی لیبراوانەو بە جیدی کار دەکات لە پێناوی:

**مادەی (١٠٨):** پشتگیریکردنی کۆششەکانی وەزارەتی (پێشمەرگە) بۆ رێکخستن و یەکخستن و بە دامەزراوەیکردنی کاروبارەکانی پێشمەرگە، کە دەستەبەری بەرگریکردنە لە سنووری کوردستان و پاراستنی ماف و دەسکەوتەکان.

**مادەی (١٠٩):** بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی (پێشمەرگە) لە رێی یاساو رێسای تایبەت بەوانەوە.

**مادەی (١١٠):** بەرزکردنەوەی ئاستی مەشق و پرچەککردنی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی تواناو لێهاتوویی شەروانی پێشمەرگەو کردنەوەی کۆلیج و پەیمانگەی سەربازی و بنکەکانی توێژینەوەی پسپۆرانەی سەربازی و دامەزراندنی دەزگای سەربازی گونجاو لەگەڵ تەکنەلوجیای هاوچەرخدا.

**مادەی (١١١):** پشتگیریکردن و پەرەپێدانی دەزگای ئەیلول بۆ سەرپەرشتی و چاودێریکردنی پێشمەرگەکانی شۆرشی ئەیلوی مەزن و شۆرشی گولان وەکو نرخاندنی خەبات و قوربانیدانی ئەوان و بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموون و شارەزاییان و هاریکاریکردنی ماباتەکانیان کە دابینی کۆمەڵایەتی و تەندروستیان هەبێ.

**مادەبی (١١٢):** بایەخدان بەو پێشمەرگانەی لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا بەرکەوتوون و لە رێی یاسای تایبەت بەو بوارەو مافەکانیان مسۆگەر بکرێ.

**مادەی (١١٣):** رێزگرتن و نرخاندنی قوربانیدانی پێشمەرگەی شەهید و سەرپەرشتیکردنی ماباتەکانیان و دابینکردنی پێویستیەکانیان و ژیانێکی شایستە بۆیان.

**مادەی (١١٤):** بەشداریکردنی پێشمەرگە لە هاریکاریکردنی هێزەکانی بەرگری مەدنی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا.

**مادەی (١١٥):** ئاساندنی رۆڵەکانی گەلەکەمان بە خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگە و رۆڵیان لە دامەزراندن و جێگیر کردنی ئەو قەوارەیەی ئێستا هەیە لە هەرێمدا، ئەمەش لە رێی دانانی ئەم بابەتانە لەناو پرۆگرامی پەروەردەو خوێندندا، مۆنیمێنت و مۆزەخانەو بنکەی بەڵگەنامەکانی داستان و ئەبەردییەکانیان بکرێنەوەو پیرۆزی ناوی پێشمەرگە بپارێزرێ.

**مادەی (١١٦):** بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری هێزی پێشمەرگە بەو رادەیە کە ئاگایی تەواویان لە گۆرانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بێ و لاگیریان بۆ وڵات و نەتەوە قوڵتر بێتەوە.

**بەشی دەیەم: لە بواری پەرەپێدانی هێزەکانی پێوەندیدار بە ئاسایشی ناوخۆ.**

ئاسایش یەکێکە لە پێویستییە سەرەکیەکانی مرۆڤ و بە مانای ئەمانی ترس و بوونی دڵنیایی لەسەر ئاستی (تاك) و (کۆمەڵ)، بەو پێیەش پارتی بڕوای بەوە هەیە، کە هێزەکانی پێوەندیدار بە ئاسایشی ناوخۆ رۆڵێکی پڕ بایەخ و سەرەکی دەگێرن لە پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیان و ئازادیەکانیان و بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و سەروەری یاساو جێبەجێکردنی دادپەروەری و پاراستنو رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ، بۆیە پارتی کاردەکات بۆ:

**مادەی (١١٧):** بەرچاوروونی زیاتر لە رووی یاساییەوە بۆ پێناسەکردنی چەمکی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی تەوەرەکانی ئاسایشسو بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان و ئەو هەرەشانەی کە لەسەر ئەم بەرژەوەندییانە دەبن لەوانەش چالاکی سیخوری دژ بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و تیرۆرزم و توندرەوی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی وبڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان.

**مادەی (١١٨):** بایەخدانی زیاتر بەمەشق و راهێنان و بەهێزکردنی بەردەوامی تواناو شارەزایی ئەفسەرو کارمەندانی دامەزراوەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو ئاشناکردنیان بە میتۆدو شێوازی نوێی کاری پرۆفیشناڵانەی ئاسایش لە ڕێی پەرەپێدانی ناوەندەکانی مەشق و راهێنان و کردنەوەی خولی تایبەت و کۆرو سیمیناری بەردەوام لە بوارە تایبەتەکانی کاری ئاسایش.

**مادەی (١١٩):** باشترکردنی باری گوزەرانی ژینگەی کارکردن و دابینکردنی دەرماڵەی مەترسی و لەبەرچاوگرتنی هەستیاری کاری ئەفسەرو کارمەندانی هێزەکانی پێوەندیدار بە ئاسایشی ناوخۆ.

**مادەی (١٢٠):** گرینگیدانی زیارت بەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کارمەندانی پێوەندیدار بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە بوارە جیاجیاکانی پێوەندیدار بەکاری ئاسایش و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاساو بەورادەیەی لاگیرییان بۆ نیشتمان و نەتەوە قوولتر بکاتەوەو متمانەی هاوبەشی نێوان ئەوان و هاوڵاتیان بەهێزتر بکات.

**مادەی (١٢١):** بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای هاوچەرخ لە کاری دامەزراوەکانی هێزەکانی پێوەندیدار بە ئاسایشی ناوخۆو لە بوارەکانی پشکنین و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان و قەڵاچۆکردنی تیرۆرو سیخوری.

**بەشی یازدەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی کۆمیونیکەیشن (پێوەندیگرتن):**

لە ماوەی ساڵانی دواییدا کوردستان پەرەسەندنێکی بەرچاوی لە ئامرازە هاوچەرخەکانی پێوەندیدا بەخۆوە بینیوە، لەبەر بایەخی ئەم بابەتە، پارتی کار دەکات لە پێناوی:

**مادەی (١٢٢):** دانانی یاسا بۆ ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی پێوەندیگرتن و بەکارهێنانی ئامرازە هاوچەرخەکانی (ئەنتەرنێت، مۆبایل...) بە جۆرێک کە بەرژەوەندی لایەنە هاوبەشەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ و رەوشت بەرزانە

بەدی بهێنێتو نرخی گونجاو و جۆری باشی پێوەندی و چاودێرییەکی چۆنایەتی و سزادانی سەرپێچەکران مسۆگەر بکات.

**مادەی (١٢٣):** پابەندکردنی کۆمپانیاکانی پێوەندی، کە بازنەی گەیاندنیان بەرادەیەك فراوان بکەن، هەموو شارو گوندو دەڤەرێکی کوردستان و عێراق بگرێتەوە.

**مادەی (١٢٤):** پەرەپێدانی ویستگەکانی کەش و هەوا لە کوردستاندا بەجۆرێك، کە لەگەڵ پەرەسەندنە تەکنۆلجییەکان وبگونجێن و بایەخێکی تایبەتیش بە بنکەکانی ئاگابوون لە بوومەلەرزەو پێزانینی پێشوەخت بدرێ.

**بەشی دوازدەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی گواستنەوەو گەیاندندا.**

گواستنەوەو گەیاندن شادەماری ژیانی ئابوورین، جالەبەر ئەوەی کوردستانیش یەکێکە لە دەروازە نێو دەوڵەتیەکانی عێراق، بۆیە بە پێی ئەو گواستنەوەو گەیاندنە بایەخێکی تایبەتیان هەیە، پارتیمان لەم رووەوە کار دەکات بۆ:

**مادەی (١٢٥):** رێکخستنی تۆری گواستنەوەی گشتی بە میکانیزمی یاسایی (لەسەر بناغەی هاوچەرخانە)و فراوانکردنی بۆ ئەوەی بەشداربێ لە چارەسەرکردنی دیاردەی خنکانی هاتوچۆ.

**مادەی (١٢٦):** بایەخدان بە تۆری رێگەوبان وپردەکان و وپەرەپێدان و چاککردنەوەو هەموارکردنیان، بەتایبەتی ئەو رێگە ناوخۆو دەرەکییە سەرەکییانەی هەرێم بەوڵاتانی دراوسێو دەبەستنەوە، هەورەها تۆری رێگەی ئاسنین دابمەزرێ و فرۆکەخانەکان فراوان بکرێن.

**مادەی (١٢٧):** رێکخستنی هاوردەکردنی ئامرازەکانی گواستنەوە، بە گوێرەی پلان و بەرنامەیەکی دیراسەتکراو.

**مادەی (١٢٨):** هەمووارکردنی ئەو یاسایانەی هاتوچۆ، کە تایبەتن بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی جۆرە جیاجیاکانی ئامرازەکانی گواستنەوە چ گشتی چ تایبەتی بەجۆرێك، باشیەتی گواستنەوەو پاراستنی ژینگە مسۆگەر بکەن.

**مادەی (١٢٩):** بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هاتوچۆ لەناو هاوڵاتیاندا لە ڕێی دەزگاکانی راگەیاندن و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، وەرگرتنی ڕێوشوێنی کردەنی، کە سنوور بۆ ڕووداوە دلتەزێنەکانی هاتوچۆ دابنێن.

**مادەی (١٣٠):** پەرەپێدانی سیستمەکانی پۆستە لە کوردستاندا بە شێوەیەکی هاوچەرخانە.

**بەشی سێزدەم: لەبواری پەرەپێدانی سیستمی ژینگەدا:**

پاراستنی ژینگەو سەوزکردنەوەی خاکی کوردستانی جوان ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆییانەیە، بەسەرچاوە گرتن لە پرەنسیپی مسۆگەرکردنی ماف مرۆڤ کە لە ژینگەیەکی پاکژدا بژی، پارتی کار دەکات لە پێناوی:

**مادەی (١٣١):** جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتییانەی تایبەتن بە پاراستنی ژینگەو دوورخستنەوەی لە پیس بوون و قەتیسمانی گەرمایی و بەشداریکردنی هەرێم لەو کۆنگرە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیانەدا.

**مادەی (١٣٢):** ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی بەبیابانبوون و گەردەلوولی خۆڵاوی بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵداو لە ڕێی ڕێوشوێن و شێوازی زانستیانەوە.

**مادەی (١٣٣):** دۆزینەوەی دەڤەری پاراستن بۆ ڕووەك و ئاژەڵان و دانانی یاسای تایبەت بۆ ئەم بابەتە.

**مادەی (١٣٤):** بایەخدان بە دارستانە خۆرسکەکان و لەوەرگەو باخچەکان و پاراستنیان لە سووتان و بڕینەوەو کارکردن بۆ سەر لەنوێ دروستکردنەوەی

داپۆشینی رووەکی و راکێشانی پشتێنەی سەوز بە دەوری شارو شارۆچکەکاندا.

**مادەی (١٣٥):** خێراکردن لە پرۆسەی هەڵگرتنەوەی مین و پشتگیریکردنی هەوڵەناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەم بوارەداو هەرچی زیاتر فراوانکردنی کارەکانیان، هەروەها حکومەتی فیدراڵ پابەند بکرێ بەشداری بکات لەم پرۆسەیەدا.

**مادەی (١٣٦):** دانانی یاسای تایبەتی راوکردن، کە پاراستنی سامانی ئاژەڵ مسۆگەر دەکات و بڵاوکردنەوەی کەلتووری پارێزگاریکردنی ژینگە لە رێی دەزگاکانی راگەیاندن و دانانی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا و پشتگیریکردنی ئەو رێکخراوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن.

**مادەی (١٣٧):** بەکارهێنانی شێوازی زانستی و تەکنیکییە هاوچەرخەکان لە بواری چارەسەرکردنی پاشماوە و پاشەرۆکاندا بۆ ئەوەی سەر لەنوێ لە پرۆژە پیشەسازی و کشتوکالیەکاندا بەکاربهێنرێنەوە.

**بەشی چوارەم: لە بواری بایەخدان بە سامانە سروشتیەکاندا.**

پارتی کار دەکات بۆ بەکارهێنان و پارێزگاریکردن لە سامانە سروشتیەکان لە هەرێمی کوردستاندا) بۆ خزمەتی رۆڵەکانی ئێستاو داهاتوو. ئەمەش لە رێگەی:

**یەکەم: نەوت و گاز.**

**مادەی (١٣٨):** سووربوون لەسەر مافی دەستووری هەرێم لە بەرێوەبردنی کاروباری نەوت و گاز بە پێی ئەو میکانیزمە یاساییانەی پێوەندیداران بەگرێدانی گرێبەست و پێکهێنانی پەیکەری و سەرمایە گوزاری تایبەتمەند بەم بوارەوە، ئەمەش لە پێناوی هەرچی زیاتر قازانجی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کوردستانە.

**مادەی (١٣٩):** پەرەپێدنی بیرەکانی نەوت و گازو کارکردن بۆ دۆزینەوەی بیری نوێی و دەرهێنانی سامانەکەی.

**مادەی (١٤٠):** دامەزراندن و پەرەپێدانی پیشەسازی بەرهەمەکانی نەوت بۆ ئەوەی پێویستی هەرێم دابین بکات و زیادەکەیشی رەوانەی دەرەوە بکرێ.

**مادەی (١٤١):** هاندانی کردنەوەی پرۆژەی پیترۆکیمیاوی لە هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (١٤٢):** راهێنانی کادیری هونەری خۆماڵی بۆ کارکردن لە بواری نەوت و گازدا لە رێگەی خوێندن و راهێنان و مەشقی جۆراوجۆر لە ناوخۆو دەرەوەی هەرێم.

**مادەی (١٤٣):** کردنەوەی بنکەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە بواری نەوت و گازدا.

**مادەی (١٤٤):** راکێشانی تۆری بۆری ناوخۆیی بۆ گواستنەوەو دابەشکردنی گاز بۆ هەموو شارو شارۆچکەو دەڤەرەکان.

**دووەم کانزاکان:**

**مادەی (١٤٥):** کیۆماڵیکی جیۆلۆجیایی و تۆپۆگرافیایی سەرتاسەری هەرێم بکرێ بۆ دۆزینەوەی کانزا تا لە پێناوی بەرژەوەندی گەلی هەرێمدا بەکاربهێنرێ.

**مادەی (١٤٦):** پەرەپێدان و نوێکردنەوەی پیشەسازی کانزاو هاندانی کردنەوەی پرۆژەی نوێ لەم بوارەدا.

**مادەی (١٤٧):** رێکخستنی کاری هەڵکەندن و کانەکان، بە پێی یاساو رێسای تایبەت و پابەندبوون بە جێبەجێکردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی پێوەندیدار بە پاراستنی ژینگەو شوێنەوارەوە.

**سێیەم: سەرچاوەکانی ئاو:**

**مادەی (١٤٨):** رێزگرتن لە هەموو رێکەوتنامەو نەریتە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی بەکارهێنانی ئاوی هاوبەش و جێبەجێکردنیان بە جۆرێك مافی هەموو هاوبەشەکان مسۆگەر بکەن.

**مادەی (١٤٩):** بەکارهێنانی بەرهەمەکانی ئاو لە رووبارەکانی و باران بە باشترین شێوە، ئەوەش بە دروستکردنی بەنداو کە زیادکردنی رێژەی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی مسۆگەر بکەن و بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بواری کشتوکاڵ، گەشتوگوزار و گەشەپێدانی سامانی ماسی بەکاربهێنرێن.

**مادەی (١٥٠):** مسۆگەرکردنی مافی هەموو هاوڵاتیان لەدەستکەوتنی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە، ئەمەش لە رێی راکێشان و نوێکردنەوەی تۆرەکانی ئاوو بڵاوکردنەوەی کەلتوری کەم بەکارهێنانی ئاو.

**بەشی پازدەم: لە بواری پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانیدا.**

**یەکەم: کەرتی کشتوکاڵ.**

پارتی بەو چاوە دەڕوانێتە کشتوکاڵ، کە گرینگترین کەرتەکانی بەرهەمهێنانە، جا بۆ ئەوەی ئاسایش خۆراکی هەرێم بپارێزرێ، پارتی بایەخێکی یەکجار گەورە بە پەرەپێدانی ونوێکردنەوەو بە ئامێرکردنی و ئامادەکردنی هەموو پێویستییەکان و چارەسەرکردنی گشت ئەو کێشانە دەدات، کە رووبەرووی دەبنەوە. ئەمەش لە رێی دانانی پلانێکی ستراتیجییانە، کە ئەمانەی خوارەوە مسۆگەر بکات:

**مادەی (١٥١):** چاوخشاندنەوە بە هەموو ئەو یاسایانەی پێوەندیدارن بە کێشەکانی موڵکداری و مافی بەکارهێنانی زەوی بەشێوەیەك، کە ببێتە هۆکاری گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و ئاوەدانبوونەوەی گوندەکان لە رێگەی پەرلەمانی کوردستان.

**مادەی (١٥٢):** پەیرەوکردنی سیاسەتێکی ئەوتۆی نرخ لە بواری کشتوکاڵدا، کە هانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بدات و لە کێبەرکێ بیانی بیپارێزێ و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ پێدانی قەرزەو پێشکەشکردنی ئاسانکاریی پێویست بە جووتیاران.

**مادەی (١٥٣):** زیاتر بایەخدان و پەرەپێدانی خوێندنی زانستی کشتوکاڵی بۆ ئەوەی کادیری کشتوکاڵی زانستی بەشداربن لە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵیدا.

**مادەی (١٥٤):** دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەواوکارییەکان لە ناوچە کشتوکاڵییەکان و گوندەکان بەشێوەیەك هاندەر بێت بۆ بووژاندنەوەی هاوچەرخی گوندەکان و گەرانەوەی جووتیاران بۆیان.

**مادەی (١٥٥):** بایەخدان بە سامانی رووەك و ئاژەڵ و گەشەپێدان و زیادکردنی لە رێی کارکردن بۆ گۆرینی تەرزی نەریتانەی کشتوکاڵ و بەکارهێنانی سیستمی بەخێوکردنی ئاژەڵ و چاندنی رووەك بە شێوازی هاوچەرخ و پەرەسەندوو وەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتووی ئەم بوارە لە جیهاندا.

**مادەی (١٥٦):** دانانی پلانی پەرەسەندووی دیاریکراو لە رووی کاتەوە بۆ رێنوێنیکردنی جووتیاران لەپێناوی ئەوەدا، کە بایەخ بە بەرهەمهێنانی جۆری دیاریکراوی کشتوکاڵ و ئاژەڵ بدەن، کە بازار پێویستی پێیانە و گەشەی پیشەسازی کشتوکاڵ مسۆگەر دەکەن، لەچوارچێوەی پلانی ستراتیژی (٥)ساڵەی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**مادەی (١٥٧):** بە ئامێرکردنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و راهێنانی کادیری هونەری پێویست بۆ بەرێوەبردن و چاککردنەوەیان و رێنوێنیکردنی جوتیاران لە چۆنیەتی بەکارهێنانیدا لە رێگەی مەڵبەندەکانی رێنوێنی کشتوکاڵ.

**مادەی (١٥٨):** چێکردنی زەویوزاری کشتوکاڵی وخێراکردن لە پرۆسەی هەڵگرتنەوەی مین لە ڕێی فراوانکردنی ڕووبەری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان.

**مادەی (١٥٩):** بایەخدان بە لایەنی ڕاگەیاندن لە ڕێنوێنیکردنی جوتیاران و بڵاوکردنەوەی کلتوری کشتوکاڵیدا.

**مادەی (١٦٠):** برەودان بە بەشداریکردن لە پێشانگە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکاندا بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی کوردستانی بدۆزرێتەوە.

**مادەی (١٦١):** دروست کردنی بنکەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و چارەسەرکرنی نەخۆشی و ئافاتەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵان.

**مادەی (١٦٢):** پشتگیریکردن و هاندانی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی پەین و ئالیك و ئامێرەکانی کشتوکاڵ.

**مادەی (١٦٣):** پشتگیری یەکێتی جوتیارانی کوردستان و هاندانی چالاکیەکانی بۆ زیاتر خزمەتکردنی جووتیاران.

**دووەم: کەرتی پیشەسازی.**

**پارتی بایەخێکی تایبەت بە پیشەسازی دەدات و کار دەکات لەپێناوی:**

**مادەی (١٦٤):** پشتگیری کردنی کەرتی پیشەسازی تایبەت و هاندانی سەرمایە گوزاری پیشەسازی لە ڕێی دابینکردنی کەشی سەرمایە گوزاری گونجاو و پشت ئەستور بە یاسا و ڕێسای چالاککەر و پەرەپێدانی پیشەسازی نێستاو داهاتوو کە پێویستی بازاڕ دابین بکەن.

**مادەی (١٦٥):** پشتگیریکردن و هاندانی پرۆژە بچووك و گەورەکانی پیشەسازی، کە پشت بەو کەسەرتە سەرەتاییانە دەبەستن لەلای خۆمان دەست دەکەون و هاندانی بەرهەمی خۆماڵی بە جۆرێك، کە توانای کێبڕکێکردنی نرخ و جۆری کاڵا هاوردەکانی هەبێ.

**ماددەی (١٦٦): پشتگیری کردن و هاندانی پیشەسازی دەستکرد و پیشەوەری.**

**ماددەی (١٦٧): بایەخدان بە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و** چاککردنەوەیان و بەستنەوەی تۆڕەکانی و نوێکردنەوەیان بە جۆرێک کە پێویستی هەرێم دابین بکەن و هاوکات کار بکرێ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی وزەی نوێ.

**ماددەی (١٦٨): کارکردن بۆ پەیڕەوکردن و جێبەجێ کردنی پێوەرە نێو** دەوڵەتییەکان بۆ سەلامەتی پیشەسازی لە هەرێمدا و کارکردن بۆ دروستکردنی شاری پیشەسازی جۆراو جۆر بەپێی پلانێکی ستراتیژی.

**سێیەم: کەرتی بازرگانی.**

بازرگانی سەرچاوەیەکی ئابووری گرینگە، لە بووژاندنەوەی ئابووریدا بە شێوەیەکی کارا بشەداری دەکات، بۆیە پێویستە بایەخ بەم کەرتە بدرێ تا زیاتر ببووژێنرێتەوە و بزاوتی چالاکتر بکرێ، ئەمەش لە رێی:

**ماددەی (١٦٩): دامەزراندنی ناوچەی بازرگانی ئازاد لە هەرێمی کوردستاندا.**

**ماددەی (١٧٠): کاراکردن و پەرەپێدانی فەرمانگەی چاودێری بازرگانی و** بوونی هاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەپێناو ئاشکراکردنی بەدکاری و سزادانی بەدکاران بە شێوەیەکی یاسایی و بڵاوکردنەوەی کلتوری چاودێری بازرگانی.

**ماددەی (١٧١): کاراکردنی دەزگای پێوانەکردن و کۆنترۆڵی جۆرێتی و** پەیڕەوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان لەم بوارەدا بە گوێرەی خۆراك و داو و دەرمان و کەرەستەکانی نوژداری و ئامێرە کارەبایی و ئەلیکترۆنییەکان و هەموو شتومەکێك، کە لە ناوخۆ یان دەرەوەی هەرێم بەرهەم دەهێنرێت.

**ماددەی (١٧٢):** چاو خشاندنەوە بە هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی بە بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە پێوەندیدارن لەوانە: یاساکانی بازرگانی، کۆمپیاناکان، یەکێتی گشتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی، هاوردە کردن و هەناردە... تاد.

**ماددەی (١٧٣):** پەیڕەو کردنی سیاسەتگەلێکی بازرگانی گونجاو و پاڵپشتیکردنی بەرهەمە نیشتمانییەکان بۆ ئەوەی توانای کێبەرکێی هەبێت، بە جۆرێك هاوسەنگی لە تەرازووی بازرگانی و تەرازووی پێدراوەکان (کە کاریگەری نێگەتیڤیان هەیە) بێنێتە دی بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.

**بەشی شازدەم: لە بواری پەرەپێدانی بیناسازی و نشتەجێبووندا.**

بەسەرچاوە گرتن لە پرەنسیپی دابینکردنی خانووی گونجا و ماف هەموو هاوڵاتییەکە، پارتی کار دەکات بۆ:

**ماددەی (١٧٤):** سەر لەنوێ بیناکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکان بە شێوەیەکی هاوچەرخانە کە بەپێی دیزاینی هاوچەرخانە و پلانی دیراسەکراو و هەموو خزمەتگوزارییەکان پێ بگەیەنرێ.

**ماددەی (١٧٥):** چارەسەرکردنی تەنگژەی نیشتەجێبوون لە ڕێی هاندانی سەرمایەگوزاری، پشتگیریکردنی سندوقی نیشتەجێکردن و بانکی خانووبەرە بە باشتر ناساندنی نیشتەجێبوونی شاقوڵی لە شار و شارۆچکەکاندا، کە بەپێی مەرج و خەسڵەتی ئەندازەیی دورست کرابن و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین کرابێ.

**ماددەی (١٧٦):** چاوخشاندنەوە بە یاساکانی بەکرێدان بە جۆرێك کە هاوسەنگی لەنێوانی خاوەن ماڵ و کرێچیدا بەدی بهێنێت.

**ماددەی (١٧٧):** لە دروستکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبووندا مەرج و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی بوومە لەرزە و کارەساتە سروشتییەکانی تر لەبەرچاو بگیرێ.

**ماددەی (١٧٨):** پێشکێشکردنی ئاسانکاری و هاریکاری بۆ دابینکردنی خانووبەرەی گونجاو بۆ ئەوانەی داهاتیان دیاری کراوە، بۆ ئەو گەنجانەی تازە ماڵ پێك دێنن.

**ماددەی (١٧٩):** هاندانی کردنەوەی پرۆژەکانی کۆمەڵەی هاریکاری نیشتەجێ بوون و پشتگیریکردنی هەوڵەکانی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکانی ئەم بوارە.

**ماددەی (١٨٠):** دانانی سنوور بۆ فراوانبوونی بێ سەرو بەری کە لە شارەکاندا روو دەدات و پابەند بوون بە ماستەر پلانی شار و شارۆچکەکانەوە.

**ماددەی (١٨١):** پەیڕەوکردنی سیاسەتێك لە بیناکردندا، کە گونجانی کەرەستەکانی بیناکردن لەگەڵ کەشی جوگرافی ناوچەکاندا لەبەرچاو بگرێ.

**ماددەی (١٨٢):** لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان لەکاتی نەخشەدانانی پرۆژەکانی نیشتەجێ بووندا.

**بەشی هەڤدەم: لە بواری پەرەپێدانی شارەوانییەکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا.**

پارتی بایەخێکی تایبەت بە شارەوانییەکان دەدات، چونکە رۆڵیان لە پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا سەرەکییە، بۆیە پارتی کار دەکات بۆ:

**ماددەی (١٨٣):** چاوخشاندنەوەیەکی هاوچەرخانە بە سیستم و چەمکی شارەوانییەکاندا، کە دیاریکردنی دەسەڵاتە پێویستیەکان لە پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا بۆ هاوڵاتیان مسۆگەر بکات.

**ماددەی (١٨٤):** چاوخشاندنەوە بە ماستەر پلانی شار و شارۆچکەکان بەپێی پێوەرە زانستیە هاوچەرخەکان و بە جۆرێك کە لەگەڵ واقیعی مێژوویی شارەکاندا بگونجێت.

**ماددەی (١٨٥):** کارکردن بۆ پەرەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، لەپێناوی پاراستنی پاکژی و جوانیی نیشتەنییەکان و ژینگەی کوردستان و فروانکردنی دەڤەرە سەوزەکان.

**ماددەی (١٨٦):** کارکردن بۆ بلاوکردنەوەی کلتووری بەشاربوون و پاراستنی کەلەپوری خۆجێیی و تەرزی بیناسازی لە ناوچە دێرینەکاندا.

**بەشی هەژدەم: لە بواری پەرپێدانی گەشتوگوزاردا.**

گەشتوگوزار یەکێکە لە کەرتە نابووریە پڕ بایەخەکان، کوردستانیش ناوچەیەکە بنەماکانی گەشتیاری لە سروشت و شوێنەوارو ناسەواری نایینی تێدایە، بۆیە پارتی بۆ پەرەپێدانی ئەم بوارە کار دەکات بۆ:

**مادەی (١٨٧):** دانان و کارکردن بە پلانێکی ستراتیژی زانستی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (١٨٨):** پشتگیریکردن و هاندانی سەرمایە گوزاران، تا لە کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستاندا سەرمایە بخەنە گەر.

مادەی (١٨٩): ئامادەکردنی کادیری هونەری و پیشەیی پسپۆر لە بواری گەشتیاریدا.

**مادەی (١٩٠):** رووپێوکردن و پۆلینکردنی ناوچە گەشتیارییەکان لە هەرێمدا و سازکردنیان وەك سەرەتا بۆ بەکارهێنانیان.

**مادەی (١٩١):** بلاوکردنەوەی کەلتووری گەشتیاری لەناو هاولاتیاندا.

**مادەی (١٩٢):** گرنگیدان بە گەشتیاری شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکانی.

**بەشی نۆزدەم: لەبواری پەرەپێدانی راگەیاندندا.**

پارتی بڕوای بە ئازادی راگەیاندنە لە رێی هەموو کەناڵەکانی بینراو بیستراو ونووسراوو ئەلیکترۆنیەوە، هەروەها بایەخ و رۆڵی کاریگەری ئەم بوارە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو دەرخستنی راستییەکان و دیاریکردنی خاڵە

لاوازەکان لە کارایی دامەزراوەکانی حکومەت و غەیری حکوومەت و پێشنیارکردنی چارەسەرو چەسپاندنی بەهاکانی دیموکراسی و نیشتمان پەروەری و نەتەوەیی و پێوەندی راگەیاندنکاران لەگەڵ دەرەوەدا لەپێناوی روونکردنەوەی دۆزە رەواکانمان دووپات کاتەوە. بۆیە پارتی کار دەکات بۆ:

**مادەی (١٩٣):** کاراکردنی رۆڵی دەزگا جۆراو جۆرەکانی راگەیاندن و پەیرەوکردنی بابەتێتی و شەفافیەت و راستگۆیی رەخنەی بنیاتنەرانەو دوورکەوتنەوە لەناو زراندن و لەکەدار کردن.

**مادەی (١٩٤):** راگەیاندن ئازادە و بەرپرسە، ئازادی راگەیاندنیش دەستوور دەیسەلمێنێ و دەیپارێزی کە بە یاسا رێك خراوە.

**مادەی (١٩٥):** رێکخستنی کەرتی راگەیاندنی بینراو بیستراوو نووسراو و ئەلیکترۆنی بەشێوەیەك، کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی رادەبرین گونجاو بێ.

**مادەی (١٩٦):** پشتگیریکردن و بەهێزکردنی ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی پشت پێبەستراو لەسەر ئاستی جیهان.

**مادەی (١٩٧):** ئامادەکردنی کادیری راگەیاندنکاری پیشەیی پرۆفیشناڵ لەسەرجەم بوارەکانی راگەیاندندا.

**مادەی (١٩٨):** کاراکردنی رۆڵی راگەیاندنی پەروەردەیی لە پەروەردەکردنی منداڵان و لاواندا.

**مادەی (١٩٩):** دەرکردنی یاسایەك بۆ پاراستنی موڵکایەتی فیکری.

**بەشی بیستەم: لە بواری پەرەپێدانی کەلتوورو کەلەپووردا.**

پارتی بایەخێکی مەزن بە کەلتوور و کەلەپوری کوردی دەدات و کار دەکات لەپێناوی:

**مادەی (٢٠٠):** سەر لە نوێ ڕێکخستنەوە و پەرەپێدان و پشتگیریکردنی خانەکانی وەشاندن و چاپخانەکانی حزب.

**مادەی (٢٠١):** پەلەکردن لە دروستکردنی کتێبخانەی نیشتمانی و بنکەی پاراستنی بەڵگەنامەو دەستنووسە کوردییەکان و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی دەستنووسە دێرین و بە بەهاکان و ئەو بەڵگەنامە مێژووییانەی گوازراونەتەوە یان دزراون.

**مادەی (٢٠٢):** بایەخێکی یەکجار زۆر بدرێ بە بوژاندنەوەی کەلەپووری کوردی. ئەمەش لەرێی دروستکردنی مۆزەخانەی نیشتمانی کوردستانی، هەروەها کاراکردنی پرۆسەی گەڕان بەدوای شوێنەوارو زۆرکردنی ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ وەرگرتنەوەی شوێنەواری گوازراوەو دزراوەکان. گەڕاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ ئەو شوێنەوارو هونەرە و بەرهەمە ئەدەبییانەی ناسنامەی کوردییان لێ سەنراوەتەوە.

**مادەی (٢٠٣):** پەرەپێدانی مۆزەخانەی بارزانی نەمر. ناسەوارو کەلەپورو بەڵگەناو هەر شتێك پێوەندی بە ژیانی بارزانی نەمرەو تێکۆشانی هەڤاڵەکانی و کەلەپووری پارتی و شۆرش و ڕابوونەکانی گەلی کوردەوە هەبێ لەو مۆزەخانەیە بێت.

**مادەی (٢٠٤):** دانانی مۆنۆمێنت و کردنەوەی مۆزەخانە بۆ قوربانییانی جینۆساید و دروستکردنی سەنتەرو بنکە بۆ بە بەڵگەکردنی ئەو تاوانانە.

**مادەی (٢٠٥):** لەرێی پشتگیریکردنی ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانی شانۆکار و سینەماکار و شێوەکارو وێنەکێش و مۆمیکارو پەیکەرتاشانەوە ناسنامەی هونەری کوردستانی بەرچاو بخرێ.

**مادەی (٢٠٦):** پشتگیریکردنی هەموو هەوڵێکی ناوخۆیی و دەرەکی، کە دەیەوێت بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری بەرهەم بهێنێت، کە مێژوو کەلەپوور، نەبەردی و سەروەرییەکانی گەلەکەمان دەرببڕێت.

**بەشی بیست و یەکەم: لە بواری پەرەپێدانی کاروباری ئاینیدا.**

لە ئاراستەکردن و ڕێکخستنی پێوەندییە مرۆییەکاندا ئایین بە یەکێك لە پێویستییە سەرەکییەکانی ژیان هەژمار دەکرێ، بۆیە لەسەر بناغەی بڕوا بوون بە لێبووردەیی و پێکەوە ژیان و دووپاتکردنەوەی ئازادیی پەیڕەوکردنی بەهاو هەستی ئاینی و مەزهەبی، پارتی بایەخێکی سەرەکی بە ئاینەکان دەدات.

لەم چوارچێوەیەدا پارتی کار دەکات بۆ:

**مادەی (٢٠٧):** بایەخدان بە ئایینی ئیسلامی پیرۆز و تیشکخستنەسەر ڕۆڵی بەرچاو و کارامەی کورد لە بیناکردنی شارستانیەتی ئیسلامدا.

**مادەی (٢٠٨):** ڕێزگرتن لە زانایان و پیاوانی ئایینی و پێگەی کۆمەڵایەتیان و چاککردنی باری گوزەرانییان و دابینکردنی هەر شتێ، کە پێویستە بۆ جێبەجێ کردنی چالاکی ئایینی و نیشتمانییان، کە خزمەتی گەلەکەمان و پرۆسەی پێشکەوتنی دەکات و ڕێ دەگرێت لە بڵاوبوونەوەی هزری تیرۆر و تۆقاندن و توندڕۆیی.

**مادەی (٢٠٩):** پشتگیری و هاریکاریکردنی یەکێتی زانایانی ئیسلامی لە کوردستاندا بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەرکە ئایینی و نیشتمانییەکانی جێبەجێ بکات.

**مادەی (٢١٠):** پشتگیری و هاریکاریکردنی دەستەو ئەنجومەنی ئاینەکانی تر لە هەرێمی کوردستاندا.

**مادەی (٢١١):** هەوڵدان بۆ سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و پەرەپێدانی کۆلێژو پەیمانگەو قوتابخانە ئاینییەکان بەشێوەیەك، کە لەگەڵ سەردەمدا بگونجێن و ئەو مزگەوت و شێونە ئایینیانەی وێران کراون سەر لەنوێ بیناکرێنەوە.

**مادەی (٢١٢):** ڕێزگرتن لە هەست و نەریت و سرووتی گشت ئایین و ئاینزا و مەزهەبەکان و کارکردن بۆ پتەوکردنی گیانی لێبووردەیی ئایینی و

بڵاوکردنەوەی کەلتووری بریای و خۆشەویستی و هاریکاری و ڕیسواکردنی توندوتیژی و توندڕۆیی و دەمارگریی ئاینی.

**مادەی (٢١٣)**: پشتگیریکردن و هاندانی ئەو دامەزراوە و کۆربەندانەی داوای چاکسازی هاوچەرخانە لە ئاییندا دەکەن و داواکەشیان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا ناکۆک نینەو خزمەت بە دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکات.

**مادەی (٢١٤)**: چاککردنی سیستمی ئەوقاف، تا لەگەڵ گیانی سەردەم و خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی لە هەرێمدا دەگونجێنرێ.

**مادەی (٢١٥)**: مزگەوت و شوێنە ئایینیەکان پەیامی پیرۆزیان هەیە، نابێت بۆ کاری سیاسی بەکار بهێندرێت.

**بەشی بیست و دووەم: لە بواری ئافرەتان، قوتابیان، لاوان و وەرزشدا.**

یەکەم: پارتی بڕوای بەو ڕاستییە هەی کە ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەتی کوردستانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیاندا، هەر لە کۆنەوە تا هەنووکە، هیچی کەمتر نەبووە لە ڕۆڵی پیاوان، بۆیە پارتی کار دەکات بۆ:

**مادەی (٢١٦)**: ڕەخساندنی کەشی لەبار بۆ ئافرەتان تا لە ژیانی سیاسی و سەرکردایەتیکیدنی کۆمەڵدا بەشدار بن.

**مادەی (٢١٧)**: بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی سیستمی کۆتا بۆنەوەی لەم قۆناغەدا ئافرەتان پلەو پایەی سەرکردایەتی لە حزب و حکوومەتدا وەربگرن.

**مادەی (٢١٨)**: ڕەتکردنەوەی هەموو شێوەکانی جیاکاری ڕەگەزی کۆمەڵایەتی و گشت جۆرەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و پشت ئەستوورکردنی ئەم ڕەتکردنەوەیە بە یاساو ڕێسای پێویست.

**مادەی (٢١٩)**: دژایەتیکردنی ئەو دابونەریتە ناڕەوایانەی لەناو کۆمەڵی کوردستاندا بوونەتە کۆسپ لە بەردەم مافەکانی ئافرەتاندا.

**مادەی (٢٢٠):** هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان بە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوورییەکانیان، کە لە دەستوور و یاسا نیشتمانییەکان و بەڵگەو رێککەوتنامە نێو دەوڵەتییەکاندا هەن و لەگەڵ واقیعی کوردستاندا دەگونجێن.

**مادەی (٢٢١):** بڵاوکردنەوەی کەلتووری مافەکانی ئافرەتان و مسۆگەرکردنی سەلامەتی کۆمەڵایەتییان لە شوێنی کارکردندا و گرنگیدان بە دروستکردن و پەرەپێدانی سەنتەری پیشەیی تایبەت بە ئافرەتان.

**مادەی (٢٢٢):** پشتگیریکردنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و هاندانی چالاکییەکانی، کە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵدا پتەو دەکات.

**دووەم: قوتابیان**

قوتابیان توێژێکی گرینگ و هەستیارن لە کۆمەڵدا و رۆڵێکی کارایان لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا هەیە، لەبەرئەوەی سامانێکی نەتەوەیین و لە گشت شۆرش و راپەرینێکدا سەری رمن، بۆیە پێویستە لەرووی گەشەپێدان و پەروەردەکردنی زانستی و ئاکاری و جەستەییەوە بایەخێکی گەورەیان پێ بدرێ، لەم روانگەیەوە پارتی کاردەکات بۆ:

**مادەی (٢٢٣):** پاڵپشتیکردنی دانانی بەرنامەی زانستی پەرەسەندوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان.

**مادەی (٢٢٤):** رەخساندنی بواری گونجاو بۆ قوتابیە بەهرەمەندەکان بۆئەوەی توانای داهێنانیان بخەنەکار.

**مادەی (٢٢٥):** پشتگیری و سەرپەرشتیکردنی قوتابیان لە رۆڵەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوتابیانی جینۆساید.

**مادەی (٢٢٦):** باشترکردنی گوزەران و باری خوێندنی قوتابیان و دابینکردنی بەشی ناوخۆیی.

**مادەی (٢٢٧):** دانانی سیستمێکی نوێ بۆ وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان لەسەر بناغەی ئەوەی کە حەزی قوتابیان و توانی زانستییان و پێویستی بازاڕ لەبەرچاو بگرێ.

**مادەی (٢٢٨):** پشتگیریکردن و پەرەپێدانی ئەزموونی هەڵبژاردنی قوتابیان وەکو کردارێکی دیموکراسی لەپێناوی چەسپاندنی بەهای بەشداریی قوتابیان لە پرۆسەی خوێندندا.

**مادەی (٢٢٩):** پشتگیریکردنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و هاندانی چالاکییەکانی، کە پێگەی قوتابیان لە کۆمەڵدا بەهێز دەکات.

**سێیەم: لاوان:**

پارتی بڕوای بەوەیە، کە لاوانی کۆڵەگەو بزوێنەری سەرەکی کۆمەڵن و بە بازووی ئەوان داهاتووی کوردستان بنیات دەنرێ و شۆڕەی پۆڵاینی کوردستانن و لەبەر بایەخی گەورەی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە و لەبەر پێویستی کرێدانی نەوەکانی پێکەوە، پارتی کار دەکات بۆ:

**مادەی (٢٣٠):** گەشەپێدانی گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی لەلای لاوان و بڵاوکردنەوەی کەلتوری دیموکراسی و گیانی لێبوردەیی و ریسواکردنی توندوتیژی و دەمارگیری لەناویاندا.

**مادەی (٢٣١):** دانانی پرۆگرام و پلانی پەرەسەندوو بۆ گەشەپێدانی تواناکانی لاوان.

**مادەی (٢٣٢):** رەخساندنی دەرفەت بۆ لاوانی بەتوانا، تا پلەو پایەی سەرکردایەتیکردنی لەناو دامەزراوە حکومی و حزبیەکاندا وەرگرن.

**مادەی (٢٣٣):** بەدواداچوونی بەردەوام بۆ کێشەکانی لاوان وەک: بێکاری و خانووبەرە، ئاستی گوزەران، کۆچی هەرەمەکی...، ئەمەش لەرێی راپرسی و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستییەوە و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان.

**مادەی (٢٣٤):** بەدواداچوون و بایەخدان بە بارودۆخی لاوان لە هەندەران و پێوەندی گرتنی بێ پچڕان لەگەڵیاندا.

**مادەی (٢٣٥):** هۆشیار کردنەوەو پاراستنی لاوان لە مەترسیەکانی مادە هۆشبەرەکان و چارەسەرکردنی ئەوانەیان، کە پێی ئالوودەبوون، لەرێی چاوخشاندنەوە بەو یاسایانەدا، کە ئەم بوارە رێک دەخەن و سزای یاسایی توند بەرامبەر بازرگانان و ئەوانە بکرێ، کە بڵاوی دەکەنەوە.

**مادەی (٢٣٦):** کردنەوەی هەرچی زیاتری بنکەکانی رۆشنبیری، خۆشگوزەرانی، وەرزش و هونەر بۆ گەشەپێدانی توانای فیکری و جەستەیی و داهێنانی لاوان.

**مادەی (٢٣٧):** چەسپاندنی کولتوری کارکردن وەکو بەهایەکی باڵای کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵدا و پیرۆزی و بایەخی ئەم بەهایە لەبیناکردنی کەسایەتی لاواندا دووپات بکرێتەوە.

**مادەی (٢٣٨):** پشتگیریکردنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و هاندانی چالاکیەکانی، کە پێگەی لاوان لەناو کۆمەڵدا پتەو دەکات.

**چوارەم: وەرزش:**

ئەمڕۆ وەرزش پانتاییەکی یەکجار فراوانی لەسەرانسەری جیهان گرتووەو هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە و تایبەت نیە بە رەگەزو تەمەنی دیاریکراو، لەم بوارەدا پارتی کار دەکات بۆ:

**مادەی (٢٣٩):** بەرپاکردنی بەهاکانی برایی وەرزش و پەیرەوکردنی لەناو کۆمەڵدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەبێ جیاوازی رەگەزو تەمەن و ئایین.

**مادەی (٢٤٠):** هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتورو رۆشنبیری وەرزشکردن لە کۆمەڵی کوردستاندا، لە روانگەی وەرزش بۆهەمووانە، بەمەبەستی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بیر ساغ و لەشساغ.

**مادەی (٢٤١):** بۆ ئەوەی وەرزش ببێتە باڵیۆزی گەلی کوردستان لە جیهاندا پێویستە کار بکرێت بۆ پێگەیاندنی کادیری وەرزشی و بنیاتنانی ژێرخانی وەرزشی و ڕێزگرتن و پشتگیری مادی و مانەوەی لە دەستکەوتە وەرزشییەکان.

**مادەی (٢٤٢):** هەوڵدان بۆ شکاندنی ئاستەنگی کۆمەڵایەتی لەبەردەم هاتنی ئافرەت بۆ ناو بزاڤی وەرزش.

**مادەی (٢٤٣):** بایەخدان بە وەرزشی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان.

**مادەی (٢٤٤):** پشتگیریکردن و هاندانی هەڵبژاردنە وەرزشییە نیشتمانییە کوردستانیەکان لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاڵاو ئاوی کوردستان لە میهرەجانە وەرزشییە جیهانییەکاندا.

**بەشی بیست و سێیەم: لە بواری کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا.**

ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەییەکان: یەکێتی، سەندیکا، کۆمەڵە، ڕێکخراو، بنکە، سەنتەرو یانەکان... تاد ڕۆڵی مێژووییان لە خەباتی گەلەکەمان و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی و لە داکۆکیکردن لە ماف و بەرژەوەندیی ئەندامەکانیان و پتەوکردنی بنەما دیموکراسییەکاندا هەبووە و هەیە. لە بڕوابوونی پارتی بەم ڕۆڵە گرینگەی ئەم ڕێکخراوانەو ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی، کار دەکات بۆ کاراکردنی ئەو ڕۆڵە لەرێی:

**مادەی (٢٤٥):** پەیرەوکردنی پرەنسیپی دیموکراسی لە بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکانیان.

**مادەی (٢٤٦):** پشتگیریکردنی ئەو هەوڵانەی بۆ یەکگرتنی یەکێتی و کۆمەڵە پیشەییەکان لەسەر بناغەی یەك ڕێکخراو بۆ یەك کەرتی پیشەیی دەدرێن.

**مادەی (٢٤٧):** دروستکردن و پتەوکردنی پێوەندیی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوکوفەکانیان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان.

**مادەی (٢٤٨):** هاو ئاهەنگی لەنێوان رێکخراوە لێکچووەکاندا و بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.
**مادەی (٢٤٩):** پشتگیریکردنی بەشداربوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆنگرە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتییەکاندا.
**مادەی (٢٥٠):** بەهێزکردنی هەوڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە پیشەییەکانیان و قوڵکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا.
**مادەی (٢٥١):** بەهێزکردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو ئەلقەیەکی تری گەیەنەر لەنێوان حکومەت و هاوولاتیاندا و رەخساندنی زۆرینەی لەبار بۆ کاراکردنی رۆڵیان وەکو چاودێر بەسەر حکوومەتەوە.

**دەروازەی چوارەم:**
**-قوربانییانی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی-**
**"شالاوەکانی ئەنفال و راگواستن و کاولکردنی گوندەکان و بۆردومان بە چەکی کیمیاوی"**

ئەگەر بەخێرایی چاوێك بە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا بخشێنین قەوارەی ئەو وێرانکاری و دارمانی و کاولکارییە دەبینین کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا روویانداوە، لەپێشەوەی هەموشیان بواری مافەکانی مرۆڤی کورد، کە ئازارو نەهامەتی زۆری چەشتووە و ئەو زوڵمەی لێی کراوە تەنیا لەو ئاستەدا نەماوەتەوە، بەڵکو قووڵ بۆتەوە بۆ بوون و قەوارەو کۆڵەکەکانی ئەم گەلە و دواجار هەموو ئەو زوڵمە لە شالاوەکانی بۆردومانی کیمیاوی و کوشتار گەلەکانی ئەنفال و شالاوەکانی ئازاردان و راگوێزان و عەرەباندن و تواندنەوەی نەتەوەیی و جۆرەها تاوانی تر، کە هەموویان دەچنە خانەی کۆمەڵکوژی و جینوسایدەوە، هەر لەناوبردنی بە کۆمەڵی جەستەییەوە تا دەگات بە

لەناوبردنی کەلتووری، بەناڕاستەی جێبەجێکردنی سیاسەتی لەناوبردنی یەکجاریی گەلی کورد و دەرکێشانی رەگ و ریشەی لە خاکی ولأتەکەی، هەموو ئەمانە وایان کردووە پارتی ماندوونەناسانە کار بکات بۆ:

بەشی یەکەم: مافەکانی قوربانیان و خێزانەکانیان.

**مادەی (٢٥٢):** رێکخستنی هەڵمەتێکی نیشتمانی و جیهانی بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی دەیان هەزار لە رۆڵەکانی گەلەکەمان لە بارزانییەکان و فەیلییەکان و قوربانیانی شالأوە بەدناوەکانی ئەنفال لە گەرمیان و تێکڕای ناوچەکانی ترو زیندانیە سیاسییەکان و بێ سەرو شوێنیان، کە تا ئێستا کەس نازانێ چارەنووسیان چییەو قەرەبووکردنەوەی ئەو قورابنیانە و خانەوادەکانیان بەرامبەر ئەو زیانە مادی و مانەوەییانەی لێیان کەوتووە لەلایەن دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ.

**مادەی (٢٥٣):** بەرپرسیاریەتی (گێڕانەوە، قەربوو کردنەوە، رازیکردن) بکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لەپای ئەو زیانانەی بەهۆی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتییەوە لەسەر دەستی حکوومەتە زاڵمەکانی عێراق بەر رۆڵەکانی گەلەکەمان کەوتوون.

**مادەی (٢٥٤):** گەڕانەوەی هەموو راگوێزراوان و دەرکراوان بۆ ناوچە رەسەنەکانی خۆیان و بەرپرسیارێتی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی پێیان کەوتووە بەسەرلەنوێکردنەوەی گوند و گەڕەك خانوو بەرەکانیان و بکەوێتە ئەستۆی حکومەتی فیدڕاڵ.

**مادەی (٢٥٥):** هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ گەڕاندنەوەی کوردە فەیلییە راگوێزراوەکان و پێدانەوەی سامانی گواستراوەو نەگواستراوە بۆیان و قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیانانەی پێیان کەوتووە لەلایەن دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ و لابردنی سەرجەم ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دەخرێنە بەردەم گەڕانەوەی رەگەزنامەی عێراقی بۆیان.

مادەی (٢٥٦): راگرتنی هەموو ئەو هەولانەی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کۆمەلایەتی ئێزیدییەکان دەدرێن و لابردنی ئاسەواری هەموو ئەو کارو کردەوە رەگەزپەرستانەی لەم رووەوە دەرهەقیان کراوەو قەرەبووکردنەوەیان لە پای ئەو زیانە مادی و مانەوییانەی پێیان کەوتووە لەلایەن دەولەتی عێراقی فیدراڵ.

مادەی (٢٥٧): راگرتنی چەوساندنەوەو زولم و راگواستن و زەوتکردنی مولکی کوردی شەبەك، بەو پێیەی کە ئەوانە کارو کردەوەی رەگەزپەرستانەن و ئامانجیان گۆڕینی واقیعی دیموکراتی ناوچەکانیانە و دەبێت دەولەتی عێراقی فیدراڵ پابەند بکرێ بە قەرەبوو کردنەوەیان بەرامبەر ئەو زیانە مادی و مانەوییانەی لێیان کەوتووە.

مادەی (٢٥٨): هەوڵبدرێت بۆ پێدانی رەگەزنامەی عێراقی بۆ ئەو کوردانەی نیشتەجێی عێراقن، وەکو ئۆمەریان و گۆیان و ئیتر.

مادەی (٢٥٩): گەڕانەوەی ئەو رۆڵانەی گەلکەمان، کە لە پاش رێککەوتنامە نەگریسەکەی جەزائیر (١٩٧٥) لە ئێران بوونە پەناهەندە، ئەوانەشیان کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە تورکیا و ولآتانی تر بوونە پەنابەر، قەرەبووکردنەوەی مادی و مانەوییان لەلایەن دەولەتی عێراقی فیدراڵ بەرامبەر ئەو زیانانەی لەو سالانە لێیان کەوتووە.

مادەی (٢٦٠): بەرزراگرتنی یادی راپەڕینی مەزنی ئاداری ١٩٩١، هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی قوربانیانی راپەڕین و کۆرەوی ملیۆنی گەلەکەمان لەڕووی مادی و مانەوەییەوە لەلایەن دەولەتی عێراقی فیدراڵ.

مادەی (٢٦١): بەرزراگرتنی رۆڵی دلێرانە و سەربەرزانەی زیندانییە سیاسییەکان و قەرەبووکردنەوەی زیانە مادی و مانەوییەکانیان و دابینکردنی بژێوی شایستە بۆیان.

بەشی دووەم: سەبارەت بە یاسادانان.

**مادەی (٢٦٢)**: ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربكات كۆمەڵكوژییەكان بە تاوان بناسێنێ و سزای توووند بۆ ئەو كەسانە دابنێ، كە پێشێلكاری قوورسی بڕگەكانی ڕێكەوتننامە نێو دەوڵەتییەكانی قەدەغەكردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی دەكەن وەكو جێبەجێكردنی ئەو پابەندبوونەی لە مادەی (٥) ی ڕێككەوتننامەكەدا هەیە و هەموو ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەو ڕێكەوتتنامەیەدا پابەند دەكات دەبێت یاسای پێویست بۆ سزادانی ئەو كەسانە دەربكات كە ئەو پێشێلكارییانە دەكەن.

**مادەی (٢٦٣)**: ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربكات مافی قوربانیانی جینۆساید و تاوانەكانی دژی مرۆڤایەتی مسۆگەر بكات، بەجۆرێك یاساكە ئەم مافانەی خوارەوە بۆ قوربانیان و خانەوادەكانیان دەستەبەر بكات.

* مافەكانی بگێردرێتەوە.

* قەرەبووی مادی و مانەوەی بكرێنەوە.

* راهێنان (دابینكردنی چاودێری پزیشكی بەچارەسەركردنی نوژداری جەستەیی و دەروونیشەوە).

* رازیبوون (رەدی ئیعتباری قوربانیان و دان پێدانانی ئاشكرا بەو ئازارو زوڵمەی لێیان كراوە).

**مادەی (٢٦٤)**: ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربكات، بەرهەمهێنان و بەكارهێنان و عەمباركردنی چەكی كیمیاوی و بایۆلۆجی و هەموو جۆرەكانی چەكی قەدەغەكراو لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی حەرام بكات و بە توندی سزای ئەوانە بدات، كە ئەم یاسایە پێشێل دەكەن.

**مادەی (٢٦٥)**: ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربكات، نكوڵیكردن لەو كارو كردەوە تاوانكارییانەی (كۆمەڵكوژی، تاوانەكانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانەكانی جەنگ) كە لەسەر دەستی دەسەڵاتی زوڵم و زۆردار و دەرهەق بە

گشت گەلی عێراق و بەتایبەتیش دژی گەلی هەرێمی کوردستان کراون بە تاوان لەقەڵەم بدات.

**بەشی سێیەم: سەبارەت بە مەسەلەیەکی تر لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی.**

**مادەی (٢٦٦):** عێراق بچێتە ریزی سیستمی سەرەکی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتییەوە (سیستمی رۆما) لەپێناوی روونەدانەوەی تاوانی نێو دەوڵەتی بەرامبەر بە گەلی عێراق و بەتایبەتیش دەرهەق گەلی هەرێمی کوردستان.

**مادەی (٢٦٧):** پشتگیرکردنی ئەو هەوڵە نیشتمانی و نێو دەوڵەتییانەی لە ئارادان بۆ کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بۆردومانی کیمیاوی و ئاسەوارەکانی بەسەر گوند و شارەکانی کوردستانەوە.

**مادەی (٢٦٨):** دروستکردنی بنکەی نیشتمانی و مۆزەخانەی نێو دەوڵەتی تایبەت بە نووسینەوەو دیکومێنتکردنی ئەو بەڵگانەی دەیسەلمێنن تاوانی نێو دەوڵەتی دەرهەق رۆڵەکانی گەلی کوردستان ئەنجام دراوە.

**مادەی (٢٦٩):** دانانی رۆژی ١٦ی ئازار (رۆژی هەڵەبجە) بە رۆژێکی جیهانی بۆ حەرامکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

**مادەی (٢٧٠):** راوەدونانی یاسایی و دادوەریی هەموو بەرپرسان، حکوومەتەکانی، کۆمپانیاو کەسەکان، کە نەخشەیان بۆ تاوانە نێو دەوڵتییەکان لە دژی گەلەکەمانی کێشاوە، یان بەشدارییان تێدا کردووە، یان هانیانی داون، یان جێبەجێیانکردوون.

**مادەی (٢٧١):** بە هەموو شێوەو توانایەك هەوڵی جیدی و بەردەوام بدرێت، تاوەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بروا بهێنێ و دان بنێ بە جینۆسایدکردنی گەلی کوردو دڵنیایی بدات و جەخت بکاتەوە کە جارێکی تر ئەو تاوانە بەرامبەر بە کورد ناکرێنەوە.

## پەیڕەوی ناوخۆ
## بەشی یەکەم

**(چەند پێناسەیەکی بنەڕەتی)**

**مادەی (١): پێناسەی پارتی لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە.**

پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی دیموکراتی نیشتمانییە، لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی ئەو تێکۆشەرە دیموکراتخوازانە پێکهاتووە، کە هاو ئامانجی و هاو بڕوایی بە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی کۆی کردوونەتەوە و لە ریزەکانی پێشەوەی جەماوەردا بۆ بەدیهێنانی ستراتیژی پارتی خەبات دەکەن، ئەویش بەپێی نەخشەو پلانێکی واقیع بینینانە، کە لە مێژووی نەتەوەی کوردو ئەزموونەکانی بزاڤە رزگاریخوازەکەی و کەلەپووری نیشتمانی و خەباتکارانەی بارزانی نەمرەوە سەرچاوە دەگرێ و سوودیش لە ئەزموونی گەلان دەبینێ بە جۆرێك، کە لەگەڵ واقیعی هەرێمی کوردستان و هیواو ئاواتەکانی گەلەکەیدا بگونجێ.

**مادەی (٢): ناوی پارتی و کورتکراوی ناو:**

بە زمانی کوردی: پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ك)

بەرێنووسی لاتینی **(P.D.K) Partîya Dêmokrata Kurdistanê**

بە زمانی ئینگلیزی: **K.D.P. Kurdistan Democratic Party**

بە زمانی عەرەبی: الحزب الديموقراطي الكوردستاني (ح.د.ك).

**مادەی (٣)**: دروشم و هێمای پارتی.

**وێنەی دروشمەکەی**

**مادەی (٤): ئاڵای پارتی**: رەنگی ئاڵاکە زەردە، لە ناوەڕاستیدا و لەنێو بازنەیەکی سووردا کورتکراوەی ناوی پارتی (pdk) نووسراوە.

**مادەی (٥): زمانحاڵی پارتی:** پێکدێت لەدوو رۆژنامەی ناوەندی (خەبات) بە زمانی کوردی و (التآخي) بە زمانی عەرەبی، هەروەها ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی تایبەت بە خۆی دەبێت.

**بەشی دووەم**

**(پرەنسیپە رێکخراوەییەکانی پارتی)**

**مادەی (٦):** پارتی لەسەر ئەم پرەنسیپە رێکخراوەییانەی خوارەوە دامەزراوە:

١-پەیڕەوکردنی پرەنسیپی دەنگدانی نهێنی بۆ هەڵبژاردنی لیژنەکانی پارتی.

٢-ئۆرگانەکانی خوارەوە بۆ بڕیار و رێنوێنییەکانی ئۆرگانەکانی سەرەوە گوێڕایەڵ دەبن، کەمینە بڕیارەکانی زۆرینە قبوڵ و جێبەجێ دەکات بەڵام مافی رادەربڕین و سەرنجدانی هەیە و لە کۆنووسدا تۆمار دەکرێ.

٣-ئەو بڕیارانەی لە دەسەڵاتی ئۆرگان و لیژنە و رێکخراوەکاندان، تاکە کەس بۆی نییە بڕیاریان لەبارەوە بدات، بەڵام دەبێ پرەنسیپی بەرپرسیاری تاکە کەسیش پێشێل نەکرێت.

٤-پەیڕەوکردنی پرەنسیپی راوێژ و راگۆڕینەوە لەنێو ئۆرگانەکانی پارتیدا.

٥-رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن لەنێو ئۆرگانەکانی پارتیدا پەیڕەو دەکرێ نەك لە دەرەوە، هەروەها دەبێت دوور بێت لەتانەو تەشەرە و خراپگۆریی.

٦-پابەندبوون بە پرەنسیپ یەکسانی دەرفەت.

**بەشی سێیەم**

**(هاتنە نێو پارتی)**

**مادی (٧): پاڵاوتن**

**یەکەم:** رێوشوێن و مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ هاتنە نێو ریزەکانی پارتییەوە. پاڵێوراو دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێت.

١- بڕوای بە پرەنسیپە گشتییەکان پارتی هەبێ و تەمەنی لە شازدە ساڵ کەمتر نەبێ.

٢- ناوبانگی پاك و رەفتاری شیاو بێت.

٣- فۆرمی تایبەت بە هاتنە نێو ریزەکانی پارتییەوە پڕ بکاتەوە.

٤- فۆرمە پڕکراوەکە لەرێی بنکەی رێکخستنەوە بە راسپاردەوە بۆ لیژنەی رێکخراو بەرز دەکرێتەوە، بۆئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت.

٥- ئەگەر داواکە رەتکرایەوە، داواکار دەتوانی لای لیژنەی ناوچە نارەزایی دەربڕێ، دوا بڕیاریش لەم بارەوە بۆ لیژنەی ناوچەیە.

٦- ئەگەر داواکەی پەسەندکرا، لە یەکێك لە بنکەکانی تایبەت بە پاڵێوراواندا رێکدەخرێت و هەموو ئەو مافانەی دەبێت کە بە پێی پەیڕەو ئەندامان هەیانە، جگە لە مافی خۆ پاڵاوتن بۆ بەرپرسیاریەتی و بەشداریکردن لە دەنگدان.

٧- بەشدار دەبێت لە خولی ئامادەکردنی ئەندامان.

**دووەم: ئەرك و مافەکانی پاڵێوراو:**

ا- ئەرکەکان:

١- دەبێ بە بەردەوام بەشداری کۆبوونەوەکان بکات.

٢- دەبێ لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ مێژووی خەباتی پارتی تێ بگات.

٣- دەبێ نهێنیەکانی پارتی بپارێزێ.

٤- دەبێ ئابوونەی مانگانە بدات.

٥- دەبێ بەشداری لە چالاکییەکانی پارتی و کۆڕوکۆبوونەوە گشتییەکاندا بکات، کە لە جێی نیشتەجێبوون و شوێنی کارکردنیدا دەبەسترێ.

٦- دەبێ ئەدەبیاتی پارتی بخوێنێتەوە.

ب- مافەکان:

١- مافی رادەربڕین و تێبینی و پێشنیاز و پرسیارکردنی هەیە.

٢- مافی بەشداربوونی لە خولەکانی ئامادەسازی و مەشقی تایبەت بە پاڵێوراوان هەیە.

**مادەی (٨): ئەندامیەتی:**

**یەکەم: مەرجەکانی ئەندامیەتی:**

١- بە لایەنی کەمەوە دەبێ شەش مانگ پاڵێوراو بوو بێت.

٢- پێداویستییەکانی ماوەی پاڵێوراویەتی سەرکەوتووانە تەواو کردبێت.

٣- تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

٤- دەبێ لە یەکێك لە بنکە یاخود لیژنەکانی پارتیدا خۆی رێکخستبێت.

٥- دەبێ بە بەردەوامی ئابوونەوە بدات.

٦- بە تاوانەکانی کۆکوژی و دژ بە مرۆڤایەتی تاوانبار نەکرا بێت.

٧- نابێ بە کرێگیراو یان سیخور یان ئەندامی رێکخراوێکی تێکدەر بێت.

دووەم: ئەرك و مافەکانی ئەندام:

**ا- ئەرکەکان:**

١- کار دەکات بۆ بەدیهێنانی پرۆگرامی پارتی و بەجیهێنانی بڕیارەکانی بەپێی پەیرەوی ناوخۆ.

٢- دەبێ پابەندی دیسپلینی پارتایەتی بێت و پارێزگاری لە یەکێتی فیکری و رێکخراوەیی پارتی بکات و پارێزەری نهێنییەکانی بێت.

٣- کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و سیاسی خۆی بکات تا بتوانێ رۆڵی پێشەنگانەی خۆی لە هۆشیارکردنەوەو پێشخستنی کۆمەڵدا ببینێت.

٤- دەبێ پێوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەر توندوتۆڵ بێت و رێزی بەهاو باوەرەکانی تێکرای چین و توێژەکانی کۆمەڵ بگرێت، دەبێ داکۆکیکارانە سیاسەتی پارتی لەبارەی دۆزە جۆراوجۆرەکانەوە بۆ خەڵك روون بکاتەوەو هاوکات گرفتەکانی خەڵکیش بە پارتی بگەیەنێت بۆ چارەسەرکردنیان.

٥- دەبێ بایەخێکی تایبەت بە لایەنگران و دۆستانی پارتی بدات و پێوەندییان لەگەڵ پتەو بکات و هانیان بدات تا بێنە ریزی پارتییەوە.

٦- هەركات شوێنی نیشتەجێبوون یاخۆ كارەكەی گۆڕا، دەبێ پارتی ئاگەدار بكاتەوە.

ب- مافەكان: ئەندام ئەم مافانەی خوارەوەی هەیە:

١- رادەربڕین و تێبینیدان و پێشنیازكردن لەبارەی سیاسەتی پارتییەوە لە چوارچێوەی رێكخستنەكانیدا.

٢-خۆ پاڵاوتن و هەڵبژاردن لە هەموو ئۆرگانەكانی پارتیدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٣-داواكردنی هاوكاری لەپارتی لەكاتی پێویستیدا و وەرگرتنی یارمەتی لەكاتی زیان لێكەوتنی مادی یان مانەوی بەهۆی خەباتی پارتایەتییەوە.

٤- دەربڕینی نارەزایەتی لەبەردەم لایەنی بەرزتر لەكاتی توشبوونی بەهەر سزایەكی حزبی.

٥- بۆی هەیە دەست لەپارتی بكێشێتەوە.

**مادەی (٩): كادیر:**

**یەكەم: پێناسەی كادیر**

كادیر ئەو ئەندامە كاراو هەڵسوراوەیە، كە تواناو چالاكییەكانی خۆی بۆ خزمەتی پارتی تەرخان دەكات، بەرپرسیاری و ئەركەكانیشی بەپێی سیستمێكی‌تایبەت لەلایەن ئەنجوومەنی سەركردایەتییەوە پێ دەسپێردرێ.

**دووەم: مەرجەكانی:**

١- دەبێ ماوەی ئەندامیەتی لە پارتیدا لە پێنج ساڵ كەمتر نەبێت.

٢- دەبێ دەرچووی یەك لە خولەكانی ئامۆژگا یان ئەكادیمیای حزبی بێت، یان بە لایەنی كەمەوە ئەندامی كارگێری یەكێك لە لیژنە رێكخستنەكان بێت.

٣- دەبێ لە ئەندامە دیارو نمونەییەكان بێت لەڕووی فیكری و رەفتارو پیادەكارییەوە.

٤- دەبێ توانـاو چـالاکییەکانی لـە یـەکێك لـە ڕێکخـراوو ئۆرگانـەکانی پارتیـدا تەرخان بکات.

**سێیەم: ماف و ئەرکەکانی:**

١- مووچـەیەکی دەبێـت، کـە بگونجێـت لەگـەڵ خزمـەت و پلـەو پایـە و ئەرکەکانیدا، ئەمەش لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەوە بەپێی سیستمێك ڕێك دەخرێت.

٢- لـەکاتی پەککەوتـەیی و پیربوونـدا پـارتی لای لێدەکاتـەوە، هـەروەها ئـاوڕ لـە میراتگرە شەرعییەکانی، یان ئەوانەی بەخێوی کردون دەداتەوە.

٣- دەبێ هۆشیار و لە ڕووداوەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگەکەی بە ئاگا بێت و هەمیشە ڕۆشنبیری و توانستە مرۆییەکانی خۆی گەشە پێ بدات.

٤- دەبێ ئەڵقەی پێوەندی نێوان پارتی و جەماوەر بێت لەو ناوچەیەی کاری تێدا دەکات، یان لە سنووری بەرپرسیارییە حزبیەکەیدا.

٥- هەر ماف و ئەرکێکی تر، کە لە پەیڕەوی تایبەت بە کادیراندا هاتووە.

**بەشی چوارەم**

**پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پارتی**

بنیـات و پێکهاتـەی پـارتی لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە بـەم جـۆرە دەبێـت: بنکـە، لیژنـەی ڕێکخـراو، لیژنـەی ناوچـە، لیژنـەی لـق، ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی پارێزگـا، ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی، جێگـری سـەرۆك، سـەرۆك، کـۆنفرانس و کـۆنگرە. وەك چـۆن لـەم هێلکارییـەی خـوارەوە دا دیـاریکراوە. ئـەم پێکهاتەیـە بەپێی پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی ماددەی شەشەمی ئەم پەیڕەوە دارێژراوە.


کۆنگرە
کۆنفرانس
سەرۆک
جێگری سەرۆک
ئەنجومەنی سەرکردایەتی
(مەکتەبی سیاسی)
ئەنجومەنی شارەزایان
ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا
دەستەی چاودێری و بەدواداچوون
لیژنەی لق
لیژنەی ناوچە
لیژنەی ڕێکخراو
بنکە

رێکخستنەکانی پارتی ئەرك و دەسەڵاتەکانیان.

ماددەی (١٠): بنکە.

یەکەم: پێناسەی بنکە.

ناوکەی بنچینەی رێکخستنەکانی پارتییە لە پانتاییەکی جوگرافی یان پیشەیی دیاریکراو، بنکەی جەماوەری پارتییە و سەرچاوەی شەرعیەت و دەسەڵاتەکانیەتی.

دووەم: پێکهاتەی بنکە:

بنکە پێك دێت لە (١٠-١٠٠) ئەندام لە ناوچەیەکی جوگرافیایی (گەرەك یان گوند)یان پیشەیی دیاریکراودا، بەرپرس و هەردوو جێگرەکەی لەلایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێن و لەلایەن لیژنەی رێکخراو پەسەند دەکرێن، بەرپرسیاری لە بنکەدا هاوکارانە دەبێت.

سێیەم: ئەرکەکای بنکە.

١- بەپێی رێنوێنیەکانی پارتی کار بۆ بەدیهێنانی ئامانج و پرەنسیپەکانی پارتی دەکات.

٢- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەندامان بە شێوەیەکی بەردەوام و ئاشنا کردنیان بە ئەدەبیاتی پارتی و رۆشنبیرکردنیان.

٣- بەلایەنی کەمەوە مانگی جارێك بە سەرۆکایەتی بەرپرسی بنکە یان جێگرەکەی کۆ دەبێتەوە و دەتوانێ بەپێی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئەندامەکانی بکات.

٤- ئەرکی پارتایەتی بەسەر ئەندامانـدا دابەش دەکات و چاودێری چۆنیەتی جێبەجێکردنیان دەکات.

٥- جەماوەر بەلای پارتیدا رادەکێشێت و داکۆکی کارانە بیرو باوەڕەکانی پارتیمان بۆ روون دەکاتەوە و ئەدەبیاتی پارتی بەناویاندا بلاو دەکاتەوە.

٦- داواكاری و راوبۆچوون و گرفت و تێبینیەكانی هاوڵاتیان بە پێشنیاز بۆ ئۆرگانە باڵاكانی پارتی بەرز دەكاتەوە.

٧- ئۆرگانە باڵاكانی پارتی لە كێشە و رووداوەكانی سنووری چالاكی خۆی ئاگادار دەكاتەوە.

٨- ئابوونەی ئەندامان كۆ دەكاتەوە.

٩- بنكەكانی پاڵێوراوان پێك دەهێنێت و سەرپەرشتیان دەكات و پاڵێوراوان بە بیرو باوەڕی پارتی رۆشنبیر دەكات.

١٠- كۆنووسی كۆبوونەوەكان و راپۆرتی چالاكیەكان و ئابوونەی مانگانە بۆ لیژنەی رێكخراو بەرز دەكاتەوە.

**چوارەم: دەسەڵاتەكانی بنكە.**

١- فۆرمەكانی پاڵاوتن بۆ هاتنە نێو ریزی پارتی دەبینێ و رای لەسەر دەدات و بۆ ئۆرگانە باڵاكانیان بەرزی دەكاتەوە.

٢- راسپاردەی بەخشینی مافی ئەندامیەتی بەو پاڵێوراوانەی مەرجەكانیان تێدایە بۆ ئۆرگانە باڵاكان بەرز دەكاتەوە.

٣- لە سنووری جوگرافی یان پیشییەكەی خۆیدا بنكەی پاڵێوراوان دروست دەكات.

٤- سەرنجی ئەو پاڵێوراوانە رادەكێشێ كە ئەركەكانیان جێبەجێ ناكەن.

٥- راسپاردە بۆ لیژنەی رێكخراو بەرز دەكاتەوە بۆ رێزلێنانی ئەندامانی نمونەیی.

٦- راسپاردە بۆ لیژنەی رێكخراو بەرز دەكاتەوە بۆ سزادانی ئەندام لەو بارانەی سزادان پێویست بێت.

٧- داوا كاری و نامەكانی ئەندام و پاڵێوراوان دەبینێ و بۆ لیژنەی رێكخراو یان بەرز دەكاتەوە.

**ماددەی (١١): لیژنەی ڕێکخراو.**

**یەکەم: پێناسەی لیژنەی ڕێکخراو.**

یەکەیەکی ڕێکخراوەیی پارتییە، سەرپەرشتی (١٠ – ٢٠) بنکە دەکات لە ناوچەیەکی جوگرافی یان پیشەیی دیاریکراودا بە جۆرێک ژمارەی ئەندامەکانی لە (١٥٠) ئەندام کەمتر نەبێ و لە (١٠٠٠) ئەندام زیاتر نەبێ.

**دووەم: پێکهاتەی لیژنەی ڕێکخراو.**

پێک دێت لە دەستەی کارگێڕ و بەرپرسانی بنەکەکانی سەر بە ڕێکخراوەکە، سێ ئەندام خۆ تەرخانکردوو یان نیمچە خۆ تەرخانکردوو لەگەڵ دوو ئەندامی یەدەگ، هەڵدەبژێردرێ و دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردراو لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا بەرپرسی ڕێکخراو هەڵدەبژێرن، ئەندامانی دەستەی پێشووی دەستەی کارگێڕی بۆیان هەیە لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیاندا دووبارە خۆیان بپاڵێونەوە.

**سێیەم: ئەرکەکانی لیژنەی ڕێکخراو.**

١- سەرکردایەتی و ڕێنوێنی بنکەکانی سەر بە ڕێکخراو دەکات و چالاکییەکانیان هەڵدەسەنگێنێ.

٢- چالاکیيە جەماوەرییەکانی سنووری ناوچە جوگرافیاییەکەی خۆی ڕێک دەخات.

٣- ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە لیژنەی ناوچە پێی دەسپێرێت.

٤- بەلایەنی کەمەوە مانگانە یەک کۆبوونەوەی ئاسایی دەکات، بەرپرسی ڕێکخراو دەتوانی لەکاتی پێویستدا کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئەندامانی لیژنە بکات.

٥- کۆنووسی کۆبوونەوەکان و ڕاپۆرتی چالاکیەکان و ئابوونەی مانگانە بۆ لیژنەی ناوچە بەرز دەکاتەوە.

٦- پێویستە بە خێرایی لیژنەی ناوچە لە رووداو و کێشەکانی سنوورەکەی ئاگادار بکاتەوە و رای خۆی لە باریانەوە بدات و پێش نیازی پێویستیش بۆ چارەسەرکردنیان بخاتە روو.

٧- لە سنووره جوگرافیایی و پیشەییەکەی خۆیدا هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.

٨- بە نووسراو وەڵامی راپۆرتی بنەکەکانی دەداتەوە.

٩- تۆمارەکانی رێکخستن و دارایی و ئەرشیفی کارگێڕی رێك دەخات.

١٠- تۆماری ئامار رێك دەخات و بەلایەنی کەمەوە سێ مانگ جارێك نوێی دەکاتەوە.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی لیژنەی رێکخراو:**

١- رای خۆی لەسەر داواکارییەکانی هاتنە نێو ریزی پارتی دەنووسێ و بۆ لیژنەی ناوچەی بەرز دەکاتەوە.

٢- بەپێی سیستەمی دیسپلینی پارتایەتی، کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە، دەسەڵاتی هەیە سزای ئەندامەکانی بدات.

٣- دەتوانێ بنکەی نوێ لە سنووره جوگرافیایی و پیشەییەکەی خۆیدا بەپێی پێویست زیاد بکات.

٤- راسپاردە بۆ لیژنەی ناوچە بەرز دەکاتەوە بۆ رێزلێنان لە کادیر و ئەندامە نموونەییەکان.

٥- نامە و نووسراوەکانی بنکەکان دەبینێ و لێیان دەکۆڵێتەوە و ئەوەی بە پێویستی بزانێ بۆ لیژنەی ناوچەی بەرز دەکاتەوە.

**ماددەی (١٢): لیژنەی ناوچە.**

**یەکەم: پێناسەی لیژنەی ناوچە.**

لیژنەیەکە نوێنەرایەتی پارتی دەکات و سەرکردایەتی چالاکییەکان دەکات لە ناوچەیەکی جوگرافیایی (قەزا یان ناحیە)یان پیشەیی دیاریکراودا، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا دیاری دەکات، (٤-١٢) رێکخراو لەخۆ دەگرێت.

**دووەم: پێکهاتەی لیژنەی ناوچە.**

أ- لیژنەی ناوچە پێکدێت لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕ و بەرپرسانی رێکخراوەکانی سەر بە ناوچە.

ب- (٥-٧) ئەندامی خۆ تەرخانکردوو یان نیمچە خۆ تەرخانکردوو لەگەڵ دوو ئەندامی یەدەگ لەنێو ئەندامانی دەستەی کارگێڕی رێکخراوەکان بەسەرپەرشتی لیژنەی هەڵبژاردنی پسپۆر، بۆ دەستەی کارگێڕی هەڵدەبژێری، دەستەی کارگێڕی هەڵبـژێردراو لەیەکەمین کۆبوونەوەیدا، بەرپرسی ناوچە هەڵدەبژێرن.

ج- ئەندامانی پێشووی دەستەی لیژنە بۆیان هەیە لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیاندا دووبارە خۆیان بپاڵێونەوە.

**سێیەم: ئەرکەکانی لیژنەی ناوچە.**

١- سەرکردایەتی و رێنوێنی رێکخراوەکانی دەکات و چالاکییەکانیان هەڵدەسەنگێنێ.

٢- بەلایەنی کەمەوە مانگانە جارێک کۆدەبێتەوە و ئەگەر پێویست بوو بەرپرسی ناوچە بۆی هەیە کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئەندامانی لیژنە بکات، یان لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیژنە کۆدەبێتەوە.

٣- بەلایەنی کەمەوە سێ مانگ جارێک کۆبوونەوەی فراوان بەدەستەی کارگێڕی رێکخراوەکانی دەکات.

٤- بە نووسراو وەڵامی راپۆرت و پرسیاری رێکخراوەکانی دەداتەوە.

٥- بەرنامەی چالاکییە جەماوەرییەکان لە سنووری ناوچە جوگرافیاییەکەیدا دادەڕێژێ.

٦- ئەو ئەرکانەی جێبەجێ دەکات کە لیژنەی لق پێی دەسپێرێ.

٧- کۆنووسی کۆبوونەوەکان و راپۆرتی چالاکییەکان و ئابوونەی مانگانە بۆ لیژنەی لق بەرز دەکاتەوە.

٨- ئەوەندەی بکرێ بە خێرایی لیژنەی لق لە رووداو و کێشەکانی ناوچە جوگرافیاییەکەی ئاگادار دەکاتەوە و رای خۆی لەسەر دەدات و پێش نیازی پێویستیش بۆ چارەسەرکردنیان دەخاتە ڕوو.

٩- هاوکاری و هاو ئاهەنگی لەگەڵ پارتەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوچە جوگرافیەکەیدا دەکات.

١٠- تۆمارەکانی رێکخستن و دارایی و ئەرشیفی کارگێڕی رێك دەخات.

١١- خول بۆ پاڵێوراوان دەکاتەوە و ئامادەیان دەکات بۆ ئەندامیەتی پارتی.

١٢- هەر ئەرکێکی تر، کە لەم پەیڕەوەدا هاتووە و جێبەجێ کردنی پرۆگرامی پارتی دەیخوازێ، یان لەلایەن لیژنەی لقەوە پێی دەسپێردرێت.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی لیژنەی ناوچە.**

١- داواکاری پاڵێوراوان بۆ هاتنە نێو ریزی پارتی دەبینێ و هەڵیان دەسەنگێنێ.

٢- شەرەفی ئەندامیەتی بە پاڵێوراوە شایستەکان لە رێورەسمێکی تایبەتدا دەبەخشێ.

٣- بەراوێژ لەگەڵ لیژنەی لق و تەنیا لە بارەی رووداو و کێشەکانی سنووری ناوچە جوگرافییەکەی خۆی بۆی هەیە بەیاننامە دەربکات.

٤- بەپێی سیستەمی دیسپلینی پارتایەتی، کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوە هاتووە دەسەڵاتی سزادانی ئەندامەکانی هەیە.

٥- دەتوانێ راسپاردە بۆ لیژنەی لق بەرز بکاتەوە سەبارەت بە یادکردن یان بەیەکەوە لکاندن یان هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوەکان بەپێی پێویست و لە سنووری ناوچە جوگرافیاییەکەی خۆیدا.

٦- دەتوانێ راسپاردە بۆ لیژنەی لق بەرز بکاتەوە لە بارەی رێزلێنان لە ئەندامانی لیژنەی ناوچە و رێکخراوەکان و کادیران و ئەندامانی نموونەییەوە لە سنوورەکەی خۆیدا.

٧- بینینی نووسراو و راپۆرتی رێکخراوەکان و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنیان و بەرزکردنەوەی ئەوەی بە پێویستی دەزانێت بۆ لیژنەی لق.

٨- بۆی هەیە لای دەستەی چاودێری و بەدواداچوون نارەزایی دەربڕێ بەرامبەر بەو سزایانەی لق بەسەریدا دەسەپێنێ.

**ماددەی (١٣): لیژنەی لق.**

**یەکەم: پێناسەی لیژنەی لق:**

لیژنەیەکە نوێنەرایەتی پارتی دەکات و سەرکردایەتی چالاکییەکانی دەکات لە ناوچەیەکی جوگرافیدا (قەزایەک یان کۆمەڵە قەزایەک) کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری دەکات و لیژنەی ناوچەکانی سنوورەکەی دەگرێتە خۆی.

**دووەم: پێکهاتەی لیژنەی لق.**

أ- پێکدێت لە دەستەی کارگێڕ و بەرپرسانی لیژنە ناوچەکانی سنوورەکەی و بەرپرسێکی دەبێت، کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە دیاری دەکرێت.

ب- دەستەی کارگێڕی لق لە (٦-٧) ئەندامی خۆ تەرخانکردوو پێك دێت، کە لەنێوان دەستەی کارگێڕی لیژنەی ناوچەکانی سەر بە لق هەڵدەبژێردرێت بە سەرپەرشتی لیژنەی پسپۆری هەڵبژاردنەکان و بۆ ماوەیەك، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی دیاری دەکات.

ج- ئەندامانی پێشووی لق بۆیان هەیە لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیاندا دووبارە خۆ بپاڵێونەوە.

د- ئەگەر بە هەر هۆكارێك جێگەی ئەندامێك یان زیاتر لە ئەندامێكی دەستەی كارگێڕی بەتاڵ بوو، لیژنەی لق بەپێی بڕگەی (ب)ی سەرەوە جێگە بەتاڵەكان پڕ دەكاتەوە.

هـ- ئەندامانی دەستەی كارگێڕ دەبنە بەرپرسی مەكتەبەكانی لق، كە ئەنجومەنی سەركردایەتی دیارییان دەكات.

سێیەم: ئەركەكانی لیژنەی لق.

١- سەركردایەتی چالاكییەكانی لیژنە ناوچەكان و مەكتەبەكانی سەر بە لق دەكات.

٢- مانگانە كۆبوونەوە دەكات بە بەشداری تێكڕای ئەندامەكانی.

٣- بەلای كەمەوە سێ مانگ جارێك كۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ دەستەی كارگێڕی لیژنە ناوچەكان و مەكتەبەكانی دەكات.

٤- بە نووسراو وەڵامی نووسراو و راپۆرتەكانی لیژنە ناوچەكان و مەكتەبەكانی سەر بە لق دەداتەوە.

٥- كۆنووسشی كۆبوونەوە و راپۆرتی چالاكییەكان وئابوونەی مانگانە بۆ ئەنجومەنی سەركردایەتی پارێزگا بەرز دەكاتەوە

٦- لێكۆڵینەوە و پێشنیاز لە بارەی پرس و رووداوی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووریەكانی سنووری جوگرافیاییەكەیەوە گەڵاڵە دەكات بۆ پێشكەشكردنیان لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتیدا.

٧- سیاسەتێكی گشتی بۆ چالاكییە جەماوەرییەكانی سنووری ناوچە جوگرافییەكەی دادەڕێژێت.

٨- ئەو ئەركانە جێبەجێ دەكات كە ئەنجومەنی سەركردایەتی پارێزگا پێی دەسپێرێت.

٩- ئەوەندەی دەکرێ بە خێرایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا لە رووداو و کێشەکانی ناوچە جوگرافییەکەی ئاگادار دەکاتەوە و رای خۆی لەباریانەوە دەدات و پێش نیاز بۆ چارەسەرکردنیان دەخاتە روو.

١٠- هاوئاهەنگی و هاوکاری و پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ پارتەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نێوەندە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچە جوگرافیاییەکەی.

١١- رێکخستنی تۆمارەکانی رێکخستن و دارایی و ئەرشیفی کارگێڕی.

١٢- رێکخستنی خولی رۆشنبیری بۆ ئەندامانی پارتی و سازدانی کۆڕ و ئەلقەی دیراسی پسپۆر بە شێوەیەکی بەردەوام.

١٣- بەدواداچوونی ئاستی پابەندی لیژنە ناوچەکان بە پەیڕەوی ناوخۆ و جێبەجێ کردنی پرۆگرامی پارتی.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی لیژنەی لق.**

١- دەرکردنی بەیاننامە لە بارەی پرس و رووداوەکانی ناوچە جوگرافیاییەکەی خۆیەوە بە راوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا.

٢- پیادەکردنی دەسەڵاتی سزادانی ئەندامانی لق و لیژنەی ناوچە و رێکخراوەکان بەپێی سیستەمی دیسپلینی پارتایەتی کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە.

٣- بەرزکردنەوەی راسپاردە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا بۆ زیادکردن یان بەیەکەوە لکاندن یان هەڵوەشاندنەوەی رێکخراو و لیژنە ناوچەکانی سنوری ناوچە جوگرافیاییەکەی خۆی بەپێی پێویست.

٤- رێزلێنان لە رێکخراو و لیژنە ناوچەو مەکتەبەکان و کادیر و ئەندامە نمونەییەکانی سنوورەکەی خۆی.

٥- مامەڵەکردن لەگەڵ داواکاری و نووسراوی لیژنە ناوچەکان و مەکتەبەکان و بەرزکردنەوەی ئەوەی بە پێویستی دەزانێت بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا.
٦- بەپێی پێویست و بە ئاگەداری ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا، دەتوانێ جێگۆڕکێ بە کادیرەکانی بکات لەنێوان لیژنە ناوچە و مەکتەبەکانی سنورەکەیدا.

**ماددەی (١٤): ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا.**

**یەکەم:**

* ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆی هەیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاکان دابمەزرێنێت.
* ئەنجومەنێکی سەرکردایەتییە، بەرپرسە لە تێکڕای کاروبارەکای پارتایەتی لە سنووری پارێزگاکەیدا، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی سەرۆکایەتی دەکات و ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یاریدەدەری دەبێت و بەرپرسانی لقەکانی سنووری پارێزگاکە دەگرێتە خۆی.

**دووەم: پێکهاتەی ئەنجومەن:**

ئەنجومەن لەم مەکتەب و دەزگا و دەستانەی خوارەوە پێکدێت کە ئەرکی بەڕێوەبردنیان لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە بەکادیرانی پێشکەوتووی پارتی دەسپێردرێت.
- مەکتەبی ڕێکخستن، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، مەکتەبی پەیوەندییەکان، ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، دەزگای هەڵبژاردن، مەکتەبی کارگێڕی و دارایی.

**سێیەم: ئەرکەکانی ئەنجومەن:**

١- بەرنامە رێژی بۆ پیادەکردنی سیاسەت و بەرنامی پارتی بەرەچاوکردنی تایبەتمەندی هەر پارێزگایەك و بەشداریکردن لە دارشتنی سیاسەتە ستراتیژییەکانی پارتیدا لە رێگەی دەربڕینی راو بۆچوون و پێش نیازەوە.

٢- هەڵسەنگاندی کاری لقەکانی سنووری پارێزگا و پشتگیری چالاکیەکانیان بۆ بەهێزکردنی رێکخستنەکان و راستکردنەوەی کارەکانیان هەر کات پێویست بوو.

٣- پێگەیاندن و ئامادەکردنی کادیری لێوەشاوەی پێویست بەپێی تایبەتمەندی و پێداویستی ناوچەکە.

٤- پێشخستن و چالاککردنی راگەیاندنی پارتی بەپێی تایبەتمەندی پارێزگا.

٥- وەڵامدانەوەی کۆنووسەکان و نووسراوی لقەکان.

٦- ئەنجوومەن مانگانە جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدات، بەپێی پێویستیش کۆدەبێتەوە.

٧- هەر سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەی فراوان ئەنجام دەدات کە گشت ئەندامانی دەستەی لقەکان و بەرپرسی لیژنە ناوچەکانی سنوورەکەی تێدا بەشدار دەبن.

٨- کۆنووسی کۆبوونەوەکان بۆ مەکتەبی سیاسی بەرز دەکاتەوە.

٩- بۆ هاو ئاهەنگی دروستکردن لەگەڵ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی حزب لە پارێزگاکەی خۆی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆ دەبێتەوە.

١٠- ئەرك و راسپاردەکانی، کە لە مەکتەبی سیاسییەوە پێی راسپێردراون جێبەجێ دەکات.

١١- راپەڕاندنی هەر ئەرکێك، کە لەم پەیڕەو و پرۆگرامەدا هاتووە، یان لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە پێی دەسپێردرێت.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن:**

١- هەڵسەنگاندنی کاندیدەکانی لقەکانی سنووری بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەرزکردنەوەیان بۆ مەکتەبی سیاسی.

٢- لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی کاندیدی لقەکان بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانییەکان.

٣- دروستکردن یان تێکەڵکردن یان هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی رێکخراو و ناوچەکان لەسەر پێشنیاری لقەکانی سنووری پارێزگا.

٤- پێش نیاز کردن بۆ مەکتەبی سیاسی بۆ دروست کردن یان هەڵوەشاندنەوەی لقەکان لە سنووری پارێزگاکەی.

٥- بەرزکردنەوەی راسپاردە بۆ مەکتەبی سیاسی لە بارەی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی لیژنەی لقەکای سنوورەکە.

٦- پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی رێکخراو و لیژنەی ناوچەکانی سنوورەکە.

٧- رێزلێنان لە هەوڵ و ماندووبوونی کادیر و ئەندامە نمونەییەکان.

٨- بەرزکردنەویە راسپاردە بۆ مەکتەبی سیاسی بۆ رێزلێنانی ئەندامانی پارتی و کەسایەتی و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشبیرییەکانی پارێزگاکە بەرامبەر هەوڵ و ماندووبوونی کەموێنەییان لەسەر ئاستی پارێزگادا.

٩- دامەزراندنی دەستەیەکی راوێژکاری لەشارەزایانی بوارە جیاجیاکان.

١٠- پیادەکردنی دەسەڵاتی سزادانی ئەندامان بەپێی سیستەمی دیسپلینی پارتایەتی کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیرەوەدا هاتووە.

**ماددەی (١٥): ئەنجومەنی شارەزایان:**

**یەکەم: پێناسەی ئەنجومەنی شارەزایان.**

یەکەیەکی ڕێکخراوەییە لە نێو پێکهاتەی پارتیدا و سەر بە سەرۆکایەتییە، پێکدێت لە کادیرانی پێشکەوتوو یان ئەوانەی پێشتر پلەی بەرپرسیارییان لە پارتی، پەرلەمان، حکومەتدا هەبووە.

**دووەم: پێکهاتەی ئەنجومەنی شارەزایان:**

پێکدێت لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری سیاسی، ئابووری، یاسایی، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی، تێکۆشەرە دێرینەکانی بواری دیکە، ژمارەیان لە (٢٥) ئەندام کەمتر نەبێ و لەلایەن سەرکردایەتی پارتیەوە دەستیشان دەکرێن.

**سێیەم: کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی شارەزایان:**

ئەنجومەن مانگانە جارێك، یان بەپێی پێویست کۆدەبێتەوە.

**چوارەم: ئەرکەکانی ئەنجومەنی شارەزایان:**

١- ڕاسپاردە و ڕاوێژکارەکانی دەداتە سەرۆکایەتی پارتی.

٢- پێش نیاز دەداتە سەرکردایەتی لە بارەی پرسە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کارگێڕییەکان و هەر پرسێکی تر.

٣- ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات، کە سەرکردایەتی پێی دەسپێردرێت.

**ماددەی (١٦): دەستەی چاودێری و بەدواداچوون:**

**یەکەم: پێناسەی دەستە:**

دەستەیەکی باڵای پارتییە، پێوەندیدارە بە دڵنیابوون لەوەی، کە تاچەند هەنگاو و ڕێو شوێنە حزبییەکان بە دروستی بەڕێوە دەچن و تاچەند پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی جێبەجێ دەکرێن. هاوکات ئەم دەستەیە ئەرکی دەستنیشانکردنی هەر لادانێکە لە پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی پارتی و پیادە کردنی دادپەروەری پارتایەتی لەنێوان

ئەندامانـدا، هـەروەها دڵنیا بوون لـەوەی مامەڵـەی دروست بـە موڵك و سامانی پارتییەوە دەکرێت.

**دووەم: پێکهاتەی دەستە:**

دەستە لە (٧-١١) ئەندام پێکدێت، ئەنـدامێکی مەکتـەبی سیاسی سـەرۆکایەتی دەکـات و ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی دوو لـە ئەنـدامانی و چـەند کـادیرێکی پێشکەوتووری پـارتی بـۆ دەستنیشان دەکـات و لەلایـەن سـەرۆکی پارتییـەوە پەسند دەکرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ، کە دەکرێ یەك جار نوێ بکرێتەوە.

**سێیەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستە:**

ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی بـە سیستەمێکی تایبـەت ئـەرك و دەسـەڵاتەکانی ئـەم دەستەیە دیاری دەکات.

**ماددەی (١٧): ئەنجومەنی سەرکردایەتی:**

**یەکەم: پێناسەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی:**

بـەرزترین دەسـتەی راپەڕاندنـە لـە مـاوەی نێـوان دوو کـۆنگرەدا، سـەرکردایەتی پـارتی دەکـات لـە رووی رێکخراوەیـی سیاسـی و فیکرییـەوە بـەرەو بـەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ.

**دووەم: پێکهاتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی:**

١- ئـەنجوەنی سـەرکردایەتی پێکـدێت لـە (٥١) ئەنـدام و (٩) ئەنـدام یـەدەگ، بـە دەنگـدانی نهـێنی لەلایـەن کـۆنگرەوە هەڵدەبـژێردرێن، تێکـڕای ئەنـدامانی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی چ وەك ئەنجوومـەن چ وەك تاکەکـەس لەبـەردەم کـۆنفرانس یـان کـۆنگرەدا راسـتەوخۆ بەرپرسـیارن لـە جێبـەجێکردنی سیاسەتەکانی پارتی و ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە.

٢- دەبێ کۆتای ئافرەتان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا لە (١٠٪) کەمتر نەبێ.

٣- ئەگـەر بـە هـەر هۆیـەك جێگـەی ئەندامێکی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی چۆڵ بوو، ئەندامێکی یەدەگ جێی دەگرێتەوە.

**سێیەم: مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی:**

١- دەبێ (١٠) ساڵی بەردەوام بەسەر ئەندامییەتیدا لەنێو پارتیدا تێپەڕی بێت.

٢- دەبێ ئەندامێکی کارا و رابردوو پاك بێت.

٣- دەبێ کەسێکی پێشەنگ بێت لە رەفتاردا و خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی تێدا بێ و ئەرك و پلە و پایەی سەرکردایەتی وەرگرتبێ.

٤- نابێ لەو کەسانە بێت کە پێشتر لە ریزی لایەنێکی دژ بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، یاخود دەزگا سەرکوتکەر و تیرۆریستیەکاندا بوو بێت یان هاوکاری کردبن.

٥- دەبێ خاوەن فیکری ئازاد و دیموکراسیخواز بێت.

٦- نابێ لەو کەسانە بێ کە پێشتر بەتاوانی شەرەف سزادرابێت.

**چوارەم: ئەرکەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی:**

١- هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا.

٢- دارشتنی سیاسەت و بەرنامەی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتی و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان.

٣- دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی لەسەر هەموو رووداو و پێشهاتەکان.

٤- پیادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامی پارتی و بریاردانی کۆنفرانس و کۆنگرە لە هەموو ئاستەکانی پارتیدا.

٥- پتەوکردنی یەکریزی پارتی و پاراستنی نهێنییەکانی.

٦- پارێزگاریکردنی موڵك و سامانی پارتی و وەبەرهێنان و رێکخستنی داهات و خەرجییەکانی.

٧- بەرنامە رێژی بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی کادیرانی پارتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ئاگایی تیۆری و سیاسییان.

٨- دارشتنی سیاسەتی گشتی راگەیاندنی پارتی و بەڕێوەبردن و رێنوێنیکردنی بەپێی رێبازێکی دیاریکراو و دابینکردنی پێداویستییەکانی و بەدواداچوونی.

٩- وردبوونەوە لە رەخنە و پێش نیاز و پرسیار و سکاڵای ئەندامان و رێکخستنەکانی پارتی و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

١٠- ئامادەکردنی راپۆرتی گشتی بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە.

١١- دیاریکردنی پانتایی جوگرافیایی و سنووری چالاکی لیژنەی لقەکان.

١٢- دیاریکردنی کات و شوێنی بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرە و دیاریکردنی رێژەی نوێنەرایەتی تیایاندا.

١٣- بانگەواز بۆ بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرە بە شێوەی نائاسایی لەسەر داوای:

أ- زۆرینەی ئەندامانی پارتی لە رێی رێکخستنەکانیەوە.

ب- دوو لە سێی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

١٤- ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەر سێ مانگ جارێك کۆ دەبێتەوزە، بۆی هەیە بەپێی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی بکات، رێژەی یاسایی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێ، بڕیارەکانی بە زۆرینەی سادە و دەردەچن و دەبێ هەموو ئۆرگانەکانی پارتی پێیانەوە پابەند بن.

١٥- ئەنجومەنی سەرکردایەتی ساڵی جارێك کۆبوونەوەی فراوان دەکات، تیایدا سەرباری ئەندامانی یەدەگ ستافی لقەکان و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاکان و بەرپرس و ستافی مەکتەب و دەزگا و دەستەکانی حزب ئامادە دەبن.

١٦- هەر ئەرکێکی تر کە لەم پەیڕەوەدا هاتبێ و بۆ پیادەکردنی پرۆگرامی پارتی پێویست بێت، یان لەلایەن کۆنگرە رابسپێرێ.

١٧- دارشتن سیستەمی تایبەت بە کادیران و ئەکادیمیای حزبی و مەکتەبەکان و دەزگا و دەستەو ناوەندە سەرەکییەکان و هەر ئۆرگان و دەستەیەکی دی، کە لەم پەیڕەوەدا هاتبێ و دەسەڵاتی درابێتە ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دەستەکانی خوارەوە.

**پێنجەم: دەسەڵاتەکای ئەنجومەنی سەرکردایەتی:**

١- دیاریکردنی ئەرك و کارەکانی مەکتەبی سیاسی و هەڵسەنگاندنی کار راپەڕاندنی.

٢- پێدانی بەشێك لە دەسەڵاتەکای بە مەکتەبی سیاسی و لەنێو ئەو دەسەڵاتانەشدا دامەزراندن یان لێکدان یان هەڵوەشاندنەوەی مەکتەب و دەزگا پسپۆرییەکان.

٣- ستاندنەوەی متمانە لە یەك یەکی ئەندامان یان کۆی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە زۆرینەی دەنگی دوو لە سێی ئەندامان.

٤- گرتنە بەری هەر رێ و شوێنێکی پێویست کە یەکڕیزی پارتی و راستکردنەوەی رەوشی رێکخراوەیی و پاککردنەوەی پارتی لە رەوتی زیانبەخش بە یەکیەتی ریزەکانی بخوازێ، بە مەرجێك پێشت دەستەی چاودێری و بەدواداچوون لێکۆڵینەوەی لەو حاڵەتەدا کردبێ، ئەوانەی ئەم رێو شوێنانە دەیانگرێتەوە بۆیان هەیە لەلای کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی نارەزایی دەربڕن.

٥- سەپاندنی سزای گونجاو بە سەر ئەندامەکانیدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و بە زۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامەکان.

٦- ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی رەفتارێکی ئەو تۆی کرد کە بە هۆیەوە شیاوی دەکردن بێت لە پارتی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە دەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێ ئەندامەکانی بۆی هەیە بەرپرسیاری لێ وەربگرێتەوە

و ئەندامێتی هەڵپەسێرێت و بیداتە کۆنفرانس، یان کۆنگرە تا سزای پێویست بدرێت.

٧- دەرچوواندی رێوێنی و ئاراستەکاری تایبەت بە رێکخستنەکانی پارتی لە دەرەوە.

٨- دەرچوواندی رێنوێنی تایبەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی ئەندامانی پارتە سیاسییەکانی تر لە ریزەکانی پارتیدا.

٩- وردبوونەوە لە داواکاری کادیرانی پارتە سیاسییەکان بۆ هاتنە نێو ریزی پارتییەوە.

١٠- سەرنجدانی داواکاری ئەو کادیرانەی ماوەیەک وازیان لە پارتی هێناوە و داوای گەڕانەوە دەکەن.

١١- رەزامەدی لەسەر هاتن و تێکەڵبوونی پارت و رێکخراوی سیاسی کوردستانی لەگەڵ پارتیدا.

١٢- هەڵوەشاندنەویە بریارەکانی ئەنجومەن و لیژنەکانی خوارتر.

١٣- دامەزراندن یان بەیەکەوە لکاندن یان هەڵوەشادنەوەی لیژنەی لقەکان و لیژنە ناوچەکانی رێکخراوەکان بەپێی پێویست.

١٤- بەستنی رێککەوتننامە و یاداشتنامەی لەیەک گەیشتن لەگەڵ پارت و رێکخراوە نێوخۆیی و ناوچەیی و نێو دەوڵەتییەکان.

١٥- دارشتنی بەرنامەی پارتی بۆ هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی هەرێم و عێراقدا.

١٦- دەستنیشانکردنی ئەندامانی دەستەی چاودێری و بەدواداچوون.

١٧- دۆزینەوەی شێوازی رێکخراوەیی نوێ بەپێی پێشهاتەکان و بە گوێرەی هەلومەرج دەیخوازێت.

١٨- دیاریکردنی رێژەی هەڵبژاردن بۆ نوێنەرانی کۆنگرە و دیاریکردنی ناوی کادیرانی پێشکەوتوو بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە.

**شەشەم: مافەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی:**

١- مافەکانی کادیری پارتی هەیە لە پاڵ ئەو مافانەی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاری بۆ دەدات.

٢- لەکاتی زیندانیکردن یان بزربوونی بەهۆی خەباتی سیاسییەوە، ئەندامیەتی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا بەردەوام دەبێت.

**مادەی (١٨): مەکتەبی سیاسی:**

**یەکەم: پێناسەی مەکتەبی سیاسی:**

دەستەیەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە و ڕێگە پێدراوە لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکان و هاو ئاهەنگی لەنێوان ئۆرگانەکان و ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی پارتی.

**دووەم: پێکهاتی مەکتەبی سیاسی:**

١- مەکتەبی سیاسی لە (١٥-١٧) ئەندام پێک دێت، یاریدەدەری سەرۆکی پارتی و جێگرەکەی دەدەن هەر یەکێك لە بواری کاری خۆیدا، هاوبەشن لە بەرپرسیاریەتیدا لەگەڵ سەرۆك و جێگرەکەیدا.

٢- مەکتەبی سیاسی لەنێو ئەندامەکانیدا سکرتێرێك بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانە و هاو ئاهەنگی لەنێوان ئۆرگانەکان و ئامادەکاری کۆبوونەوەی ڕۆژانە و دەورییەکان و ئەندامانی تر هاوکاری دەکەن.

٣- سکرتێر و چەند ئەندامێك خۆیان بۆ کاری پارتایەتی تەرخان دەکەن و دەبنە کارگێڕی مەکتەبی سیاسی.

**سێیەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سیاسی:**

١- ئەم مەکتەب و دەزگا و دەستانەی خوارەوە دادەمەزرێنێ و بەپێی سیستەمێکی تایبەتی ئەرکەکانیان دیاری دەکات:

- مەکتەبی ڕێکخستن (بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی بەشێك دەبێ لە ئەرکەکانی ئەم مەکتەبە).

- سەتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی.
- دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن.
- مەکتەبی پەیوەندییەکان.
- دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.
- دەزگای هەڵبژاردن.
- مەکتەبی کارگێری و دارایی.

٢- بڕیارەکای نێوان دوو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی جێبەجێ دەکات و کاری رۆژانەی پارتی رادەپەڕێنێ.

٣- کات و شوێنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری دەکات و خشتەی کاری کۆبوونەوەکان ئامادە دەکات.

٤- کادیر و پێداویستی بۆ ئەنجومەن و مەکتەب و دەزگاکانی پارتی دابین دەکات.

٥- بە بەردەوامی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی کارکردنی کادیران و نوێنەرەکانی پارتی دەکات، کە ئەرکی پەرلەمانی و حکومیان پێ سپێردراوە.

**ماددەی (١٩): جێگری سەرۆك:**

١- لەلایەن سەرۆکەوە دەپاڵێورێ و لەلایەن کۆنگرەوە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت.

٢- یارمەتی سەرۆك دەدات لە هەموو کارەکانی پارتیدا.

٣- ئەو ئەرك و دەسەڵاتانە پیادە دەکات، کە سەرۆك پێی دەسپێردرێت.

٤- سەرپەرشتی فراکسیۆنی پارتی دەکات لە پەرلەمان و حکومەت لەسەر هەردوو ئاستی هەرێم و عێراق و بەدواداچوون بۆ کارەکانیان دەکا.

٥- سەرپەرشتی کاری ئۆرگانەکانی پارتی دەکات بە هاو ئاهەنگی و هاوکاری هاوبەش لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا.

٦- بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەکات و لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکدا، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکان دەکات.

٧- نووسینگەیەکی تایبەی و کۆمەڵێك راوێژکاری دەبن بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی.

٨- لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك، جێگەی دەگرێتەوە.

**ماددەی (٢٠): سەرۆکی پارتی:**

١- سەرۆکایەتی پارتی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەکات، زامنی یەکیەتی ریزەکانی پارتی و بەرنامە سیاسی و فیکرییەکەیەتی و سەرپەرشتیاری بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکات، راستەوخۆ لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت.

٢- سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی، کۆبوونەوە فراوانەکان و کۆنفرانس دەکات.

٣- لەهەر دەنگدانێکدا لە ئۆرگانەکانی پارتی لە برگەی (٢) لەسەرەوە ناویان هاتووە، دەنگەکان یەکسان بوون، دەنگی سەرۆك یەکلایی کەرەوەیە.

٤- دەتوانێت لەکاتی پێویستدا بانگهێشتن بۆ بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانس بکات.

٥- رەزامەندی و ئیمزاکردنی هەموو نووسراو و رێنوێنییە گرینگەکانی پارتی (بۆی هەیە جێگرەکەی یان یەك لە یاریدەدەرەکانی بۆ ئەو کارە سەرپشك بکات).

٦- سەرۆك مەکتەبێکی دەبێت پێکهاتە و ئەرکەکانی بەسیستەمێکی تایبەت رێك دەخرێن.

٧- سەرۆك راوێژکار لە بوارە جیاجیایەکاندا بۆ خۆی دەست نیشان دەکات.

**ماددەی (٢١): کۆنفرانس:**

**یەکەم: کۆنفرانسی خۆجێیی:**

١- لقەکان دوو ساڵ جارێك کۆفرانسی خۆ جێی ئاسایی دەبەستن، یاخود لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لەسەر ئاستی لق یان دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیژنە ناوچەکانی سەر بەو لقە دەبەسترێت، بە رەزامەندی مەکتەبی سیاسی و لەژێر چاودێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگادا.

٢- لیژنە ناوچەکان دوو ساڵ جارێك کۆنفرانسی خۆجێیی ئاسایی دەبەستن، یاخود لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لەسەر ئاستی رێکخراوەکان یان دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیژنەی رێکخراوەکان دەبەسترێت بە رەزامەندی مەکتەبی سیاسی و لەژێر چاودێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا و لقدا.

٣- کۆنفرانسی خۆ جێیی کاردەکات بۆ دارشتنی بەرنامە کارێکی زەمەنی گونجاو بۆ کارا کردنی چالاکی پارتایەتی و پتەوکردنی پێوەندییە جەماوەرییەکان و چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان بەپێی پەیرەوی ناوخۆ.

**دووەم: کۆنفرانسی گشتی:**

١- لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی یاخۆ دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیژنە ناوچەکان لە کاتی روودانی گۆڕانکاری سیاسی گرینگدا، یان لە حاڵەتی پێویستدا، کە بخوازێ کۆنفرانسی گشتی دەبەسترێت.

٢- کۆنفرانسی گشتی پێکدێ لە سەرۆك و جێگرەکە و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و یەدەگ و مەکتەبەکان و دەزگا سەرەکییەکان و ئەندامانی لیژنەی لقەکان و کادیرای پێشکەوتوو کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەستنیشانیان دەکات.

**سێیەم: ئەرکەکانی کۆنفرانسی گشتی:**

ا- گوێگرتن لە راپۆرتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و گفتوگۆ لەسەر کردن و پەسەند کردنی.

ب- دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی لە گۆڕانکاری و پێشهاتتە نوێیەکاندا.

ج- بینین و مامەڵە کردن لەگەڵ سکاڵا و ناڕەزاییەکانی ئەندامانی کۆنفرانس.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی کۆنفرانسی گشتی:**

ا- هەڵسەنگاندنی ئاستی کاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی پاش لێکۆڵینەوەی دادپەروەرانە.

ب- لادانی ئەندامانی کەمتەرخەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە مەرجێك کۆی ژمارەی لادراوان بە یەکجار یان چەند جارێك لە سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی زیاتر نەبن.

ج- هەمووارکردنی پێکهاتەی رێکخراوەیی پارتی ئەگەر پێویست بێت.

د- بانگ هێشتن بۆ بەستنی کۆنگرە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی بەشداران لە ماوەیەکدا، کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێت و ئامادە کردنی هەلومەرجی لەبار بۆ بەستنی کۆنگرەکە.

**ماددەی (٢٢): کۆنگرە:**

**یەکەم: پێناسەی کۆنگرە:**

بالاترین دەسەڵاتە لە پارتیدا.

**دووەم: پێکهاتەی کۆنگرە:**

پێکدێت لە سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەندامانی یەدەگ و ئەندامانی هەردوو لیژنەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە و لیژنەی ئیدارە و ئامادەکاری کۆنگرە و نوێنەرە هەڵبژاردراوەکانی سەرجەم رێکخراوەکانی پارتی بەو رێژەیەی، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری کردووە.

**سێیەم: بەستنی کۆنگرە:**

١- تەمەنی یاسایی نێوان دوو کۆنگرە چوار ساڵ دەبێت، لە حاڵەتی زۆر پێویستدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی مافی درێژکردنەوەی تەنیا یەك ساڵ تەمەنی یاسایی کۆنگرەی هەیە.

٢- کۆنگرەی نائاسایی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا دەبەسترێت:

أ- بانگهێشتنی سەرۆکی پارتی بەپێی ماددەی (٢٠)ی ئەم پەیڕەوە.

ب- داواکردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی بەپێی ماددەی (١٧)ی بڕگەی (چوارەم - ١٣ - ب)ی ئەم پەیڕەوە.

ج- بانگهێشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامانی پارتی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیان بە پێی ماددەی (١٧) بڕگە (چوارەم - ١٣ - أ)ی ئەم پەیڕەوە.

د- بانگهێشتنی کۆنفرانسی گشتی لەسەر داوای دوو لەسەر سێی بەشداران بەپێی ماددە (٢١) بڕگە (چوارەم - د)ی پەیڕەو.

**چوارەم: ئەرکەکانی کۆنگرە:**

١- گوێگرتن لە ڕاپۆرتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و گفتوگۆ لەسەرکردن و پەسەند کردنی.

٢- هەڵسەنگاندنی کارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا و لێپێچینەوە و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی.

٣- لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی.

٤- داڕشتنی سیاسەتی گشتی پارتی (ستراتیژی و تەکتیکی) و دیاریکردنی ئاراستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی و گوتارە سیاسییەکەی و دانانی بەرنامە و میکانیزم لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاراستانەدا.

٥- وردبوونەوە لە سکاڵا و ناڕەزاییەکانی نوێنەرانی کۆنگرە و کار لەسەر کردنیان.

**پێنجەم: دەسەڵاتەکانی کۆنگرە:**

١- هەڵبـژاردنی سـەرۆکی پـارتی و جێگرەکـەی و ئەنـدامانی ئەنجوومـەنی سەرکردایەتی و ئەندامانی یەدەگی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

٢- بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێویست هەر پاڵێوراوێك متمانەی (٢٥٪)ی دەنگەکانی دروستی ئەندامانی کۆنگرە مسۆگەر بکات، ئەگەر ژمارەی تـەواوی ئەنـدامانی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی بـەپێی ڕێـژەی دیـاریکراو پێـك نـەهات، ئـەوا گـەرێکی تـری هەڵبـژاردن دەکرێـت و تـەنیا دوو ئەوەنـدەی ئـەو ژمارەی کە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی ماوە، بەپێی ڕێزبەندی دەنگەکان ماف خۆ کاندیدکردنیان هەیە و سەرکەوتن بە زۆرینەی سادە دەبێت.

٣- هەڵوەشـاندنەوەی پـارتی یـان گـۆڕینی ناوەکـەی یـان هەڵپەسـاردنی چالاکیەکانی یاخود یەکگرتنی لەگەڵ حزبێکی تردا.

٤- پەسند کردن یان هەموارکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ.

**بەشی پێنجەم**

**لیژنە و دەستەکانی کۆنگرە**

**ماددەی (٢٣): لیژنەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە:**

**یەکەم: پێناسەی لیژنە:**

لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە، بە هاو ئاهەنگی لقەکان، بە ڕەچاوکردنی ژمـارەی ئەنـدامانی سـنوری لقەکـە بـۆ سەرپەرشـتی هەڵبژاردنـەکانی نوێنـەرانی کۆنگرە پێك دەهێنرێت.

**دووەم: پێکهاتەی لیژنە:**

١- لـە کـادیرێکی پێشکەوتوو پێکـدێت، کـە بـە شـارەزایی پارتایـەتی و سـەر ڕاستی و خۆنەویستی ناسراون.

٢- ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەرپرس و یاردەدەر و ژمارەی ئەندامەکانی دیاری دەکات.

٣- ئەندامانی لیژنە بۆیان نییە خۆ بۆ ئەندامییەتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەلبژێرن.

٤- لیژنە بۆی هەیە لیژنەی لاوەکی بەپێی پێویست و بە رەزامەندی مەکتەبی سیاسی پێك بێنێت.

**سێیەم: ئەرکەکانی لیژنە:**

١- ئامادەکردن و سەرپەرشتی هەلبژاردنەکانی نوێنەرایەتی کۆنگرە بەپێی ئەو لیستانەی لەلایەن مەکتەبی رێکخستنەوە ئامادە کراون و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکرداریەتیدا پەسند کراون.

٢- پابەند بوون بە جێبەجێکردنی بڕیار و رێنوێنییەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەبارەی کۆنگرەوە.

٣- ئامادەکردنی ناسنامە و لیستی ایبەت بەناو ژمارەی نوێنەران.

٤- ئامادەکردنی راپۆرتێکی گشتگیر لەبارەی ئەنجامی هەلبژاردنەکان و تێبینییەکان لەسەر چۆنیەتی بەرێوەچوون.

**ماددەی (٢٤): لیژنەی ئیدارە و ئامادەکاری کۆنگرە:**

**یەکەم: پێناسەی لیژنە:**

١- پێکدێت لە کۆمەلێك کادیری پێشکەوتووی بە توانا لەم بوارەدا.

٢- ئەنجومەنی سەرکردایتی بەرپرس و یاریدەدەر و ژمارەی ئەندامەکانی دیاری دەکات.

٣- ئەندامانی لیژنەی ئیدارە و ئامادەکاری بۆیان نییە خۆیان بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بپالێون.

**سێیەم: ئەرکەکانی لیژنە:**

١- دەستنیشانکردنی شوێنی بەستنی کۆنگرە.

٢- پێکهێنانی لیژنە پسپۆڕییەکان بۆ کاروبارەکانی کۆنگرە.

٣- هاوئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بۆ دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی کۆنگرە.

**ماددەی (٢٥): دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە:**

١- دەستەیەکە بە درێژایی ماوەی کۆنگرە کە سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە دەکات، لە یەکەم دانیشتنیدا و لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت.

٢- دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە سیستەمێکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان دادەنێ، کە ڕێو شوێن و شێوازی ڕێکخستنی گفتوگۆکان لەخۆ دەگرێت.

٣- ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بۆیان نییە خۆیان بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بپاڵێون.

٤- هەموو بەڵگە نامەکانی کۆنگرە و بڕیار و ڕاسپاردەکانی دوای تەواوبوونی کۆنگرە دەداتە ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

٥- بەپێی ڕێو شوێنی گونجاو و یاسایی و بەسوود وەرگرت لە تەکنۆلۆژیای نوێ، پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی بە چاودێری دادوەران سەرپەرشتی دەکات.

**بەشی شەشەم**

**هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی پارتی و نوێنەرانی کۆنگرە**

**ماددەی (٢٦): هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی پارتی:**

هەڵبژاردنی ئۆرگانەکی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئەنجام دەدرێ، واتە: بنکە، لیژنە، ڕێکخراو، لیژنەی ناوچە، لیژنەی لق، هەر ئۆرگانە و لە بازنەکەی خۆیدا.

**ماددەی (٢٧): هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە:**

هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت.

١- لیژنەی ڕێکخراو بە بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێت بەپێی ئەو ڕێژەیەی، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری دەکات.

٢- ئەندامانی ناوچە و لق و مەکتەبەکان و دەستەو دەزگاکانی تری پارتی بۆیان هەیە لە سنووری یەك لە لیژنە ڕێکخراوەکاندا خۆیان بپاڵێون.

**بەشی حەوتەم**

**دارایی پارتی**

**ماددەی (٢٨): دارایی پارتی.**

**١- دارایی پارتی بریتییە لە:**

أ- ئابوونەی مانگانە، کە مەکتەبی سیاسی ڕێژەکەی و چۆنیەتی وەرگرتنی دیاری دەکات.

ب- بەخشینی حکومەت.

ج- کۆمەك و پیتاك.

د- قازانجی چاپەمەنییەکانی پارتی.

هـ- داهاتی چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتییەکان کە حزب ئەنجامیان دەدات.

و- قازانجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە پارتی ئەنجامیان دەدات.

٢- پێویستە هەموو ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی پارتی تۆماری تایبەت بە داهات و خەرجیان هەبێت بەپێی نەریت و ڕێساکانی ژمێریاری بەرکار بەشێوەیەکی روون و لەژێر چاودێری داراییشدا بن.

٣- مەکتەبی سیاسی ئەسرییەی ڕێکخراو و ئۆرگانەکان دیاری دەکات و ڕێنوێنی پێویستیش لەبارەی چۆنیەی خەرج کردنیەوە دەر دەکات.

**بەشی هەشتەم**

**سیستەمی دیسپلینی پارتایەتی**

ئامانج لە هەموو سزاکان راستکردنەوەی رەفتار و پەروەردەکردنی گیانی دیسپلین و کاری بە کۆمەڵە لای ئەندامان، هەروەها لە پێناو پیادەکردنی پەیرەوی ناوخۆ و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پارتییە بە شێوەیەکی دروست.

**ماددەی (٢٩):**

سزادانی لەسەر هەر کارێك یان پابەند بوون بە هەر کارێك تەنیا بەپێی ئەم پەیرەوە دەبێت و پێویستە لە پەیرەودا هاتبێت کە ئەو هەڵسوکەوتە سەرپێچییە.

**ماددەی (٣٠): ئەوانەی سەرپێچی لە پەیرەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پارتایەتی دەکەن، بە پێی جۆر و ئاستی سەرپێچییەکان دەکەونە بەر لێپرسینەوە، سزاکان لە سووکەوە بۆ قورس ئەمانەی خوارەوەن:**

**یەکەم: سەرنج راکێشان:**

ئەم سزایە لە دەسەڵاتی هەموو ئۆرگانەکانی پارتیدایە و بەسەر ئەندامەکانیدا دەیسەپێنێ، ئەگەر یەك لەم سەرپێچیانەی خوارەوەیان کرد:

١- ئەگەر بەبێ پاساوێکی رەوا سێ مانگ لەسەر یەك لە کۆبوونەوەدا ئامادەنەبوو.

٢- ئەگەر بەبێ پاساوێکی رەوا سێ مانگ لەسەر یەك ئابوونەی نەدا.

٣- ئەگەر ئەو ئەرك و فەرمانانەی جێبەجێ نەکرد کە پێی دەسپێردرێت.

٤- ئەگەر بێ مەبەست خەمساردییەکی واند.

**دووەم: ئاگەدار کردنەوە** - ئەم سزایە لە دەسەڵاتی هەموو ئۆرگانەکانی پارتیدایە و بەسەر ئەندامانداا دەیسەپێنێ، ئەگەر سزای سەرنج راکێشان دادی نەدا و ئەو سەرپێچیانەی دووبارە کردەوە کە پێشتر بە هۆیانەوە سەرنجی راکێشرا.

**سێیەم: ئینزار** – بێجگە لە بنکە، ئەم سزایە لە دەسەڵاتی هەموو ئۆرگانەکای پارتی دایە و بەسەر ئەندامدا دەسەپێ، ئەگەر سزای سەرنج راکێشان و ئاگەدار کردنەوە دادی نەداو ئەو سەرپێچیانەی دووبارە کردەوە.

**چوارەم: سڕ کردن** – لە دەسەڵاتی لیژنەی ناوچە و ئۆرگانەکانی باڵاتر دایە و بەسەر ئەندامە سەر پێچیکارەکانی ئۆرگانەکانی نزمتردا دەسەپێنرێت لەم بارانەی خوارەوەدا:

١– ئەگەر سزا سوکترەکان دادی نەدا.

٢– بە ئەنقەست ئەو ئەندامە بەکارە حزبییەکانی هەڵنەستا.

٣– ئەگەر لەو رێوێنیانە لایدا کە بەپێی پەیرەوی ناوخۆ دەرچوونە و ئەو بریارانەی جێبەجێ نەکرد کە لەسەرکردایەتی پارتییەوە دەرچوون.

٤– ئەگەر رەفتارێکی نواند، کە زیان بە بنەما رێکخراوەییەکان یان بە ناوبانگی رێکخراوەیی و پارتی گەیاند.

**پێنجەم: دابەزاندی پلەی پارتایەتی:**

ئەم سزایە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە دەسەپێنرێت ئەگەر هاتوو ئەندامی سزادراو لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا یان ئەندامی لیژنەی لق بوو، بەڵام ئەگەر پلەی ئەندامی سزا دراو لەوە نزمتر بوو، ئەوا سزاکە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاوە دەسەپێنرێت، ئەویش لەم بارانەی خوارەوە:

١– ئەگەر سزا سووکترەکان سوودیان نەبوو.

٢– کەمتەرخەمییەکەی بووە مایەی شکست لە بەجیهێنانی ئەرکە پێ سەپێردراوەکاندا.

٣– بەردەوام بوو لە رەفتاری زیانبەخش بە پارتی.

**شەشەم: لادان.**

**یەکەم: سزای لادان لەلایەن لیژنەی لقەوە دەسەپێنرێ و لەم بارانەی خوارەوەدا:**

١- ئەگەر سزاکانی سووکتر بێ سوود بوون.

٢- نەمانی مەرجێك یان چەند مەرجێکی ئەندامیەتی.

٣- ئەگەر سەلمێنرا، کە ئەو ئەندامە چووەتە ریزی رێکخراوێکی سیاسی ترەوە.

٤- دەرچوون لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی پارتی.

٥- بانگەواز بۆ دروستکردنی دەستەگەری لەنێو پارتیدا، یاخود هەستان بە کاری ئەوتۆ کە زیان بە ناوبانگی پارتی بگەیەنێت.

٦- ناوزڕاندنی سەرکردایەتی.

دووەم: ئەندامی لادراو ئەندامیەتی بۆ ناگێڕدرێتەوە، تاکو داوایەکی نووسراو پێشکێش دەکات، گەڕاندنەوەکەش بە بڕیارێك دەبێت لەو ئۆرگانەوە، کە پێشتر لادراوە و لەبڕیارەکەدا هۆکاری گەڕاندنەوەی روون دەکاتەوە، بەمەرجێك بەلایەنی کەمەوە ساڵێك بەسەر دەرکردنیدا تێپەڕی بێت.

**حەوتەم: دەرکردن.**

أ- ئەم سزایە لەلایەن لیژنەی لقەوە دەسەپێنرێت و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا پەسەندی دەکا، لەم بارنەی خوارەوە:

١- ئەگەر سزا سوکترەکان بی سوود بوو.

٢- دەرچوون لە هێڵی فیکری و سیاسی پارتی.

٣- دوو فاقی لە پابەند بوونی پارتایەتیدا.

٤- پێوەندی دەرەکی بە هەر رێکخراوێك یا حزبێك یان دەستەیەکی نا نیشتمانی.

٥- خستنە ڕوو بڵاوکردنەوەی بیروڕای دژ بە ئاسایشی نەتوەییان.

ب- ئەندامی دەکراو ئەندامیەتی بۆ ناگێڕدرێتەوە تا سێ ساڵ بەسەر دەرکردنیدا تێ دەپەڕێت، ئەوساش دەبێت تکا نامەیەك بنووسێت و باسی هۆکارەکانی سەرپێچییەکەی بکات، ئەوجا تکانامەکەی بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەنێردرێت تا قسەی لەسەر بکرێت.

**ماددەی (٣١):** دەکرێ بەبێ رەچاوکردنی ریزبەندی سزاکان لە سوکەوە بۆ قورس، بەپێی پێویست سزای گونجاو بدرێت بە مەرجێك لەگەڵ قەبارەی سەرپێچییەکەی بگونجێت و لەلایەن ئەو ئۆرگانەوە بدرێت، کە دەسەڵاتی سەپاندنی ئەو سزایە هەیە.

**ماددەی (٣٢):** لە سەپاندنی سزاکانی ئەم پەیرەوەدا دەبێ رەچاوی ئەوە بکرێت کە سزا بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ئوسولی دەبێت لە رێی لیژنەیەکی پێکهێنراو بۆ ئەو مەبەستە.

**ماددەی (٣٣):** لە کاتی وەرگرتنی سزاکە و تا ماوەی مانگێك ئەندامی سزادراو بە سزاکانی سەرەوە، بۆی هەیە لای دەستەی چاودێری و بەدواداچوون نارەزایی دەرببرێت.

## ١٣- بەڵگەنامەی ژمارە (١٣):

## یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ١/حوزەیرانی/١٩٧٥ [٣٦١]

جاءت اتفاقية (٦ اذار ١٩٧٥) الخيانية بين الحكومتين العراقية والايرانية دليلاً جديداً على عجز البورجوازية البيروقراطية العراقية (الشوفينية بطبيعتها) عن حل القضية الكردية حلاً ديمقراطياً عادلاً مثلما اكدت الاحداث التي اعقبتها عجز القيادة العشائرية والبورجوازية اليمينية المساومة وفشلها في قيادة الحركة القومية التحررية للشعب الكردي.

واثبتت مجدداً ان الدوائر الاستعمارية وعلى راسها الامبريالية الامريكية والرجعية الغاضبة لارض كردستان وفي مقمتها الحكومة الايرانية ليست الا

اعداء الداء للشعب الكردي ولسائر شعوب المنطقة لاتريد لها الا الاستعباد والحرمان من جميع الحقوق القومية والديمقراطية ولا تضمرلها سوا الغدر والشرمهما تفتت في الخداع والتضليل وبرعت في حبك الرسائل وتدبير اللعب الدبلوماسية ومهما تسترت بالبراقع المزركشة.

لقد سطعت من جديد في سماء كردستان – كنجمة هادية – الحقيقة التاريخية التي طالما بشربها التيار التقدمي الكردستاني حقيقة ان تحرير الشعب الكردي من المظالم الاستعمارية والاظطهاد القومي والاستغلال الطبقي لايتم مطلقاً دو الاستناد الى النضال الجماهيري الثوري المتلاحم مع نضال الجماهير الشعبية العربية في جبهة وطنية متحدة ضد الاستعمار والصهيونية والدكتاتورية كما برزت من خلال الوقائع والاحداث انه لا بد من ان تتكاتف القوى الثورية الكردستانية مع سائر القوى التقدمية والقومية اليسارية في العراق لانجاز مهام الثورة الوطنية الديمقراطية التي يواجهها شعبنا العراقي بقوميتيه العربية والكردية واقلياته، هذه المهام التي يتصدرها:

اولاً: تحرير العراق الناجز من ربقة قيود الاستعمار الجديد، الاقتصادية والسياسية.

ثانياً: انهاء الحكم الدكتاتوري الدموي.

ثالثاً: ايجاد السلطة الوطنية الديمقراطية الائتلافية القادرة على توفير الديمقراطية للشعب العراقي باسره.

رابعاً: اقرار حق الشعب الكردي في الحكم الذاتي الحقيقي ضمن جمهورية عيراقية مستقلة.

خامساً: اجراء الاصلاح الزراعي الجذري لصالح جماهير الفلاحين وتصنيع البلاد واستقلال ثروتها النفطية والمعدنية لتطوير المجتمع العراقي ومن ثم تهيئة مستلزمات الانتقال الى البناء الاشترالي.

وتحقيق هذه المهام الخمسة قادر على وضع العراق على درب النضال العربي العادل ضد الامبريالية والصهيونية والرجعية وتعبئة طاقات العراق الهائلة وزجها في معركة المصير التي تخوضها الامة العربية ضد الصهيونية والامبريالية.

ان تنازل الدكتاتورية الحاكمة في بغداد عن حقوق العراق المشروعة في شط العرب وتسليمها باحتلال النظام الشاهنشاهي الرجعي المتحالف مع الامبريالية لعربستان والجزر العربية الخليجية، (وبعدوانه) على الشعب العربي في الخليج وتآمره لاجهاض النظام التقدمي في اليمن الديمقراطية الشعبية وقبولها السير في موكب الدول الرجعية الضالعة في ركب الامبريالية واستعدادها لتوقيع معاهدة استعمارية عسكرية جديدة تحت ستار (أمن الخليج) خلافاً لارادة الشعب العراقي والمصالح الحيوية للامة العربية ان ذلك كله يثبت ان البورجوازية البيروقراطية العراقية – العاجزة تاريخياً عن حماية الاستقلال الوطني، قد اختارت طريق نوري السعيد لقمع الحركة القومية الكردية، وتنصلت نهائياً عن التزاماتها للشعب العراقي والقومية الكردية بايجاد الحل الديمقراطي للقضية الكردية، والثمن الباهظ الذي دفعته ديكتاتورية بغداد للرجعية الايرانية وحليفتها الامبريالية الامريكية لقاء استحصال موافقتها على اخضاع العشائرية للمخطط الامبريالي الشاهنشاهي – الشوفيني وانهاء الثورة الكردية كان سيادة العراق والمصالح الحيوية للامة العربية، لولم يكن لحكام العراق هدف من وراء ذلك سوى البقاء على دست الحكم واستغلاله لصالحهم مهما كلف الامر غالياً.

لقد فضحت الوقائع التي اعقبت التحالف (الحكم الثوري التقديمي جداً) مع النظام الشاهنشاهي الرجعي طبيعة الدكتاتورية اليمينية المتسلطة في العراق جوهر سياستها الشوفينية تجاه القضية الكردية التي يتمثل في تهجير مئات الالوف من العمال والفلاحين والمثقفين الاكراد في مناطق (مندلي – خاقين – كركوك – شيخان – عين زالة – سنجار) اولاً وتفريغ الحكم الذاتي من محتواه

ومضمونه الحقيقي ثانياً ومنع الشعب الكردي عن المساهمة في الحكم المركزي والمحلي ثالثا وتفتيت الحركة القومية الكردية وسحق قواتها المسلحة رابعاً.

ولم يكن الاعتراف اللفظي بالحكم الذاتي الذي جاء تحت ضغط الاحداث ونضالات شعبنا في اذار (١٩٧٠) الاستارا لتغطية الجوهر الرخيص للسياسة الشوفيية حيال القضية الكردية كما لم يكن اصدار قانون الحكم الذاتي الممسوخ في اذار (١٩٧٤) الاستاراً التغطية حرب الابادة الوحشية التي شنتها الطغمة الحاكمة ضد شعب كوردستان العراق والتي ازيلت فيها المئات من القوى وابيد الالوف من السكان الامنين.

ان مواصلة الحكم الدكتاتوري في العراق لسياسة التحالف مع النظام الشاهنشاهي والتودد والتقرب من الامبريالية الاميركية والتعاون مع الرجعيات العربية وسكوته المطبق عن المؤامرات الاستعمارية والنصفوية التي تدبر ضد الخليج العربي والثورة الفلسطينية ومواصلة الارهاب والاغتيال ضد الحركات الوطنية والديمقراطية والقومية في العراق ومواصلة السياسة الشوفينية ضد القومية الكردية، ان ذلك كله يشكل المؤشرات الحقيقة على اتجاه سيره الحثيث نحو الارتماء التام في احضان المخطط الامبريالي - الرجعي المعادي للامة العربية وللشعب الكردي ولسائر شعوب المنطقة وهذا مما يكشف جوهره الحقيقي ويظهر هويته الحقيقية ويحدد نهجة الرجعي وبالتالي فان النضال ضد الدكتاتورية التي تعيد العراق الى عهد حلف بغداد المتسترة خلف شعارات براقة ومتخفية وراء لافتات خداعة واجب وطني وقومي مفروض على جميع القوى المحبة للوطن والحريصة على تقدم الشعب العراقي واستقلاله الوطني وحقه في الديمقراطية وفي مقدمتها العناصر والتيارات التقدية الكردستانية التي يتعرض شعبها الى سياسة شوفينية رعناء تهدد بالقضاء على القومية الكردية، خاصة وان الدكتاتورية قد اعادت احكام الطوق الاستعماري السعيدي المثلث القديم

في اعناق الشعب الكردي بتحالفها مع الرجعية الشاهنشاهية والفاشية الطورانية ضد حركته التحررية والديمقراطية.

واذا كان القيادة العشائرية البرجوازية اليمينية للحركة القومية الكردية قدر ضخت لمشيئة الامبرالية والرجعية الشاهنشاهية في انهاء الثورة الكردية وفضلت عار الانهزامية ومذلة الهروب من كردستان على شرف الاستبسال ومجد المقاومة في ارض الوطن الا ان شعبنا مصمم على مواصلة النضال الثوري حتى يتحقق الهدف الاساس المتبلور في الشعار المعروف (الديمقراطية للعراق والحكم الذاتي الكردستان) رغم الصعوبات والتعقيدات التي تواجه مناضليه البواسل ومهما كانت الظروف والاحوال السيئة.

واننا اذ نتشرف بالاعلان عن تصميم مناضلي شعبنا على مواصلة النضال الثوري المنظم في صفوف الجماهير الشعبية ضمن اتحاد وطني كردستاني نؤكد من جديد على النهج الجماهيري الثوري الذي نسير عليه في كفاحنا المشترك مع القوى القومية والتقدمية العربية في العراق ضد الاميريالية والصهيونية والدكتاتورية وعلى رفضنا القاطع للاتجاهات الانعزالية القومية واليمينية الاتكالية مع شجبنا الشديد للاساليب العشائرية والبورجوازية اليمينية والرجعية في النضال الوطني وندعوات التعاون والتودد من الاواسط الرجعية المشبوهة.

اننا عاقدون العزم على مواصلة النضال الثوري الطويل الامد بالاعتماد على قوى شعبنا الخلاقة اساساً وبالتعاون الوثيق والتلاحم الكفاحي الجاد مع القوى التقدمية والعربية وبرؤيا واضحة وادراك عميق لحقيقة ان الاميريالية الصهيونية والرجعيات الشاهنشاهية والطورانية والعربية الشوفينية والرجعية الكردية العميلة تعتبر العدو الرئيسية الاولى لحركة شعبنا الكردي التحررية، نشن ضدها النضال المتواصل والدؤوب دون المساومة او تهاون او تاجيل، بينما تعتبر قوى الثورة العربية وحركات التحرر الوطني في العالم الثالث والقوى

الاشتراكية والعمالية والثورية في العالم حليفتنا الرئيسية، لذلك نسعى لاقامة امتن علاقات التضامن والتعاون وتعزيز تلاحمنا الكفاحي معها.

اننا نؤكد تضامننا الكفاحي ودعمنا المطلق للامة العربية في نضالها المجيد الذي يمتاز باهمية تاريخية عظمى في الثورة العالمية المعاصرة من اجل تحرر وتوحيد الامة العربية على اسس تقدمية وديمقراطية وفي نضالها المشروع لتحرير فلسطين من الاستعمار الاستيطاني الصهيوني واقامة الدولة الديمقراطية الفلسطينية، ونؤكد تضامننا النضالي ومساندتنا التامة لنضال الشعب الكردي في كردستان تركيا وكردستان ايران ضد الطورانية والرجعية الشاهنشاهية ومن اجل تحقيق التحرر الوطني الديمقراطي الناجز في هذين البلدين واستحصال حق شعبنا الكردي في تقرير المصير بشكل الذي ترغب فيه جماهيره ان الاتحاد الوطني الكردستاني الذي يسعى لتنظيم قوى الثورة الكردية الوطنية الديمقراطية بشكل اتحاد وطني ديمقراطي يسمح بتعايش التيارات التقدمية واتحادها النضالي المتين تحت قيادة الطليعة الثورة الكردستانية التي ستتولد حتماً، يبعث بتحياته النضالية الحارة الى الثورة الفلسطينية المجيدة ويشد من ازرها والى الثورة الشعبية في ظفار واريتريا والى مناضل شعبنا الكردي في كردستان تركيا وايران وسائر انحاء كردستان والى القوى التقدمية الثورة في ايران وتركيا للاعراب عن تضامننا النضالي معها.

ان الاتحاد الوطني الكردستاني المؤمن بان الحركة القومية للشعب الكردي، حركة تاريخية موضوعية لاينتهي نضالها التحرري الا بتحقيق جميع اهدافها القومية والديمقراطية سيواصل الكفاح لتنظيم جميع العناصر والهيئات التقدمية والثورية الكردستانية وتعبئة جماهير شعبنا لمواصلة المسيرة الثورية التي بداتها جماهير شعبنا الكردي لتحقيق الديمقراطية في العراق والحكم الذاتي الحقيقي لكردستان ولمساندة نضالات جماهير امتنا الكردية في سائد انحاء كردستان من اجل حقوقها القومية الديمقراطية.

يا جماهير شعبنا الكردي، ايها المناضلون والتقدميون الواعون:
ان التفافكم حول راية الاتحاد الوطني الكردستاني وانتظامكم في صفوفه لمواصلة النضال الثوري المنظم هو الرد الحاسم على المؤامرة الاستعمارية – الشاهنشاهية – الشوفينية العراقية للقضاء على الثورة الكردية خصوصاً وحركة شعبنا الكردي عموماً، كما هو التعبير المنطقي المطلوب عن غضبكم واستنكاركم لانهزامية القيادة العشائرية وافلاسها السياسي والعسكري والفكري ورضوخها لمشيئة الامبريالية والرجعية الايرانية في انهاء الثورة الكردية التي قدمت جماهير شعبنا في سبيل انتصارها بكرم وسخاء مالا يحصى ولا يعد من التضحيات والفداء.

الهيئة المؤسسة
للاتحاد الوطني الكردستاني
١/حزيران/١٩٧٥

**١٤- بەڵگەنامەی ژمارە (١٤):**

**دەقی بەیاننامەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان[٢٦٢]**

**ئەی گەلی عێراقی تێکۆشەر**

**ئەی گەلی کوردستانی نەبەز**

گەلی کورد ئیمڕۆ بە ناسکترین و پڕ مەترسی ترین قۆناغی خەباتیاتی ئەوپەڕی روو بە ڕووی گەورەترین مسئولیەتی مێژووی بۆتەوە، کە پێویستە زۆر ژیرانە و نەبەزانە خۆی لێ رزگار بکات، ئەم رۆژە رەش کارەساتە گەورەیەی دوچاری هاتووین، سیاسەتی شۆڤینیە سولتەی دیکتاتۆری بەعس دەکەن بە خراپترین شێوەی رەگەز پەرستانی ئەیانەوێ هەمو نیشتمانەکەمان لەنا بەرن.

ئەی گەلی کوردی قارەمان:

سەرکردایەتی بەعس هەر لە سەرەتای هاتنە سەر حکومیەوە هەتا وەکو ئێستاش وای پیشان ئەدات کە گوایە پێشکەوتن خوازە و بڕوای تەوای بە ماف گەلی کورد هەیە و ئەیەوێ بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەری مسئلەی کورد بکات کەچی هەمیشە سیاسەتی پیلانی گێڕی و دوشمنایەتی گرتۆتە بەر و لەناوبردنی کورد و وێران کردنی کوردستان، هەرگیز هەلی لەدەست خۆی نەداوە بۆ هێرش هێنان و پەلاماردان... کە درەندەتریان پەلاماردانەکەی (١٩٧٤) بوو بەڵام هەر کە بۆی دەرکەوت سەرکەوتو نابێ بەسەر بزووتنەوەی گەلەکەمان کەوتە سەو داو سوکایەتی لەگەڵ کۆنە پەرستی ئێران و بەستراە بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە دژی بزووتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کورد و لە دەستدانی بەشێکی زۆر لە ئەرزی عێراق (شط العرب) پشت کردن لە بزووتنەوەی ئازادی خوازانەی رۆژهەڵاتی ناەڕاست و بەرەی گەلانی دونیا، بەوەی چۆکی تسلیم بوونی بۆ ئێراندا رێککەوتننامەکەی جەزائیری مۆرکرد، کە ئەبوایە لە جیاتی ئەو چۆك دادانە بکەوتایە گفتوگۆ لەگەڵ کورد دانی بنایا بە هەموو مافە نەتەوایەتییەکانیاو بە شێوەیەکی مەبدەئیانە بی سەلمێنێ وەچارەسەرێکی علمیانەی بنەڕەتی بکردایە کە هیچ نەبێ لە بەیاننامەکەی ١١/ئازاری ١٩٧٠ کەمتر نەبوایە بەڵام لە جیاتی ئەو چارەسەرە علمیانە تەنها یاسایەکی فرو فێڵانەی بڵاوکردەوە کە گوایە گەلی کوردی عەفو کردەوە داوای گەڕانەوەی ئەکات و پەیمان ئەدات کە هەر کەسە بە تەوای بخاتە جێگای خۆی بەشی زۆری بەشدارانی شۆرش بە ناچاری دوای هەرەس هێنانەکە پێشوازییەکی گەرمیان لە یاسا ساختەکەی کرد و بە دڵێکی پاکەوە بە هیوایەکی زۆرەوە گەڕانەوە بۆ خاکی نیشمان بەڵام بەعس هەر دەست بەجێ بە پێچەوانەی یاسا و پەیمانەکانی خۆی جولایەوە بە گیانێکی لە خۆبایی شۆڤێنی و سەرکەوتوانەوە کەوتە گیانی گەلەکەمان بە ئیعدام کردنی کۆمەڵێك

لەو گیراوانەی کە لەکاتی خۆیا لەسەر پشتیوانی شۆرشەکەمان حوکم درابوون و ناردنی بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە گەڕابوونەوە ولات بۆ خواری عێراق لەوێ نیشتەجێ کران بەبێ ئەوەی ژیانێکی کولە مەرگیشیان بۆمسۆگەر بکرێ، هەروەها دەستی کرد بە گواستنەوەی زۆربەی فەرمانبەر و موچە خۆر و کرێکاران بۆخوارووی عێراق تەنانەت هێندیکیان لەوانە بوون کە هەمیشە پشتگیری سیاسەتی میریشیان کردبوو کەوتنە چۆل کردن و گۆڕینی ناوی مێژوو جوغرافی هەندێ لە دێهات و شارەکانی کوردستان بە نیشەجێ کردنی عشائیری عربی تیایا بە شێوەی (المستوطنات)... وەکو ئەو سیاسەتە گلاوەی سهیۆنەکان (زایۆنیزم) بەرامبەر گەلی عەرەبی فەلەستینی قارەمان گرتوویەتی بەر، سەرکردایەتی دیکتاتۆریەکەی ئەوسای شۆرشی کوردیش بەر پرسیارە بەرامبەر دەست پێ کردنەوەی شەڕی (١٩٧٤) وە خۆ بەستنەوە بە تەواوەتی... کۆنە پەرستەوە بەتایبەتی ئەو... لە دوای ڕێککەوتنی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێران دەرنەکەوێت نەك هەر نەیتوانیە رابەری خەباتی چەکدارانی گەلەکەمان بکات و بریار لەسەر بەرگری بدات وە بگرە نەشی هێشت پێشمەرگە شۆرشگێرەکان بەرهەڵستی ئەو هەل و مەرجە بکەن وە خۆیان ڕێك خەن لە پێنای رزگاری کوردستان وبەدی هێنانی ئاواتەکانی گەلی کورداو بەرز و گیان خۆڕاگرتنی و بەرگری کردنیان چرای... بەسەر پێشمەرگە و چەکدارانی شۆرش لەگەڵ خۆیان پەل کێش بکەن بۆ ئێران بە خۆیان و... گێرانە وەیان بەستنەوە ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی سەرکردایەتی... نابووە... بەهەرەس هێنانی شۆرش ئەویش بە تەواوەتی روخاو مەیدانی خەباتی چۆڵ کرد و سەرکردەکان هەڵاتن و میللەتیان بەو حاڵەوە بەرەلا کرد بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگایەکی بۆ دیاری بکەن بەتایبەتی لەو کاتە ناسکە و پر مەترسیەدا کە لەو کاتە زیاتر گەلەکەمان پێویستی بە کۆکردنەوە و راستکردن و رابەری هەبوو. سەبارەت بەمە بەشی زۆری ئەندامە

شۆڕشگێڕ و پێشکەتنخوازەکان وە لەکاتی کەوتنە چالاکی یەکگرتن یەکدی دیتن و ئاڵوگۆری بیروڕا و بە هیوای چارەسەرکردن وەزع و دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ بەرکردی کردن لەو پاشا گەردانییە لەگەڵ.... دوو چار کردبو دەبوو رابەری کردنی نەتەوەکەکان بەتایبەتی دوای تەواوبوونی دەوری مێژوویی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجامی کۆوبونەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامە پێشکەوتووە شۆڕشگێڕە بە تواناکانی تێدا بەشداربوونی لێکدانەوە و هەل.... باری سیاسی وابوونی... کوردستان بەتایبەتی ژمارە باری عێراقی بەرەو بەگشتی وەکو بیروڕای هەموو لایەك هاتە سەر ئەوە بۆ دامەزراندنی حزبێکی پێشرەو کە تەنها ئارەزوو خواستی جەماوەرە... بەڵکو هەڵگرتنی تیۆرێکی زانیاریانەیە کە بیر لە بەرژەوەندی بەشی هەرە زۆری چینە زەحمەتکێشان کاتی لە ئەنجامی کاری... مێژوویی حزبی ئەگرێت زۆر... مژدەی دامەزراندنی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان) پێ رادەگەیەنێ بۆ ئەوەی بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەڵسێت لە رابەری کردنی خەباتی سەختی ئەم سەردەمە نالەبارەی کوردستان لە مەیدانی بەرگری کردن و پارێزگاری کردنی کورد و کوردستان لە عێراقێکی سۆسیالیست دا بزووتنەوەکەمان بزوتنەوەی کرێکار و جوتیار و شێرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانە لەسەر رێبازی پێشکەوتوانە علمیانە خەبات ئەکات بۆ گەیاندنی گەلەکەمان بە مافی چارەنووس... بزووتنەوەکەمان جولانەوەی ئازادیخازانی گەلی کورد، بەشێکە لە جولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی دونیا کە دوا رۆژ و چارەنووسیان بەیەکەوە بەستراوە وە لە هەمان کاتدا بزووتنەوەکەمان تێ ئەکۆشێ لە پێناوی:

* یەکگرتنی هەموو رێکخراوو هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان لە بەرەیەکی کوردستانیدا.

* پتەوکردن و بەهێزکردنی برایەتی عەرەب و کورد و تورکمان و کەمە نەتەوایەتییەکان.

* بەهێز کردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هێزە نیشتمانییە پێشکەوتووەکانی عێراقی و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی راستەقینە بۆ دەستە بەرکردنی مافەکانی گەلی عێراق.
* بەستنی پەیوەندی (هاوکاری) لەگەڵ حزب و هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب لەژێر بناغەی ماف چارەنووسی گەلانی ژێر دەستە.
* بەهێزکردنی پەیوەندی هاوکاری لەگەڵ بەرەی سۆسیالست بۆ پشتگیری خەباتی گەلانی ژێر دەستەی دونیا و لەباربردنی ئیمپریالیزی رژێمی سەرمایەداری.
* بەهێز کردنی پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ هەموو حزب و رێکخراوە دیموکراتیەکانی پێشکەوتنخوازانی پارتەکانی کوردستان.
* پشتگیری تەواو خەباتی گەلی عەرەبی فەلەستینی قارەمان دەکەین بۆ بەدەستهێنانی ماف چارەی خۆنووسی خۆی.
* بزووتنەوەکەمان لە کاتێکدا کە شانازی ئەکات بەگیانی لەخۆ بوردنی و کۆڵ نەدان خۆڕاگری نەتەوەکەمان لە هەمان کات داوا دەکا لە هەموو رۆڵەکانی کورد کە چالاکانە خەبات بکەن بۆ خۆش کردنی گری تێکۆشان دژی سیاسەتی رەگەز پەرست.... و پوچەڵکردنی پیلانە گلاوەکانی.
نەری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان، نەمان و سەرشۆری بۆ دوشمنانی گەلان و داگیرکەران.

**لیژنەی ئامادەیی**

**بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان**

**ئابی/١٩٧٦**

## ١٥- بەڵگەنامیە ژمار (١٥):

## پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی - یەکێتی نیشتمانی کوردستان - پەسەند کراوی کۆنگرەی (٣) لە ساڵی (٢٠١٠) پرۆگرامی (ی.ن.ك)[٢٦٣]

### (١) قۆناغی گوزەر

کوردستانی عێراق، بە قۆناغێکی ئیداری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتوری هەستیاردا تێپەڕ دەبێت: کە قۆناغی گواستنەوەیە و هێشتا بنەماکانی ئابووری، ڕێزبەندی چینایەتی و ئاراستەو روناکبیریەکانی، تەواو پێکنەهاتوون بەو پێیەش هیشتا ململانێی نێوان تێزە جۆراو جۆرەکان، بۆ فۆرمیلای قۆناغەکە بە گەرمی لە ئارادیە، جیهانگیریش بە لایەگەش و خامۆشەکانیەوە، تێزە زاڵەکەیە و بەشێك لە بنەماکانی لە کوردستاندا چەسپیون.

ئەم قۆناغە گوزەرەی بونیادنانی ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستاندا، پێچەوانەی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان، کە کوردستان داگیر و دابەشکرا، هەروەها جیاواز لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی، کە هیچ مافێکی دیموکراسی بە کوردستان ڕەوا نەبینراو کۆماری رۆژهەڵاتی کردستانیشیان خستە ناو بەرداشی سەرەتاکانی ڕێککەوتنی جەمسەرەکانی جەنگی سارد و لە سەردەمی جەنگی ساردیشدا، هیچ نەتەوە و نیشتمانێك لە رۆژهەڵاتدا، لەسەر دەستی جەمسەرەکانی رۆژئاواوا رۆژهەڵاتدا، بە ئەندازەی نەتەوەی کورد، دوچاری کارەسات نەکرا، هەتا زەق زەق لەبەردەم رۆژهەڵات و رۆژئاوای جیهاندا جەنگی لەناوبردنی نەتەوەی کورد گەیەندرایە جەنگی جینۆساید و کیمیاباران.

ئەزموونی ئێستای کوردستان، پێچەوانەی تەواوی سەردەمەکانی دیکە کەوتۆتە سەردەمی جیهانگیری و لەم سەردەمەشدا یەکەمین جارە سەرەتاکای شەپۆلی دیموکراسی لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات دەکات. بۆ یەکەمین جاریشە

لایەنە گەشەکانی سەردەمەکە، هاوئاهەنگە لەگەڵ ستراتیژی رزگاری دیموکراسی کورد و کوردستان، بۆیە کوردستانی عێراق کە بەشێکە لە عێراق وەك دەوڵەتێکی فرەنەتەوە و فرە ئایین و فرە مەزهەب، لەسەر بناغەی فیدراڵی و دیموکراسی و پەرلەمانی بناغەکانی بنیادنانەوەی دارێژراوەتەوە، بەڵام لە گرتنەبەری ئاراستەیەکی تەواو سەربەخۆ، لە بنیادنانی کۆمەڵێکی ئەوتۆدا کە بەرجەستەکەری چەمکی (دەوڵەت – نەتەوە) بێت، ئازاد و دەستکراوە نییە، چونکە ئەو رێگەیە بۆ کوردستانی عێراق، بە دەیان رێگری سیاسی و دەستووری بەستراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە رەوتی گەشەکردنی هەمەلایەنە و سەبەرخۆیی کوردستان، کارێکی سەخت و دژوار بێت و سەرەنجام نەشتوانرێ پێناسەیەکی تەواو سەربەخۆی بۆ بکرێت.

لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە، جیاوازییە چینایەتییەکانی کوردستانی عێراق، لەژێر کاریگەری ئابووری بازاڕ و رەوتی جیهانگیری خێرا پەرەسەندوودا، سەرەتای بنەماکانی رێز بەندییەکی چینایەتی نوێی هێناوەتە ئاراوە و بەمەش پێکهاتنی بنەما سەرەتاییەکانی چینی ناڤین، بۆتە جومگەیەکی گرنگی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان. لەمەشەوە، لەناو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێی کوردەواریدا، بزووتنەوەیەکی روانگە نوێی کرێکاریش، لەسەر بنەمای خەباتی پیشەیی و سەندیکایی و ریفۆرمی هاوچەرخ هەتا دێت پەرە دەسێنێت، هەرچەندە ئەو جیاوازییە چینایەتییانە، خەسڵەتی کۆمەڵێکن، هێشتا بە تەواوی وەك کۆمەڵێکی پێناسەکراوی سەربەخۆ نەخەملیوون، چینەکان و جیاوازی ململانێکانیان لە هەڵکشان و داکشاندان، بۆیە لانی کەم دەتوانین بڵێین: لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەتەواوی نەخەملیبوون. بەڵام ئەم نە خەملینانە بۆتە هۆی شاردنەوەی کەلێنەکانی نێوان چینەکان و بەرژەوەندییە ناکۆکەکانیان. ئەو کەلێنە چینایەتیانەش سەرەڕای پێویستییە ئابوورییە مێژووییەکەی، هەر لە ئێستاوە لەبەردەم بونیادنانی کۆمەڵێکی

ئاسوودە و خۆشگوزەران و سوودمەند بە ئاشتی کۆمەڵایەتی، کە یەکسانی دەرفەتی چونیەك برەخسێنێت بوونەتە رێگر.

(٢) رزگاری کوردستان

لەلایەکی ترەوە، کوردستانی عێراق لە رووی سیاسییەوە خاوەنی بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازە، وەك خەباتی نیشتمانێکی داگیر و دابەشکراوی لەمافە دیموکراسییەکانی زەوتکراو، کە بەشێك لە ئامانجەکانی وەدیهاتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئامانجی ئەو تۆ ماون، کە وەدی نەهاتنیان لەمەودای دووردا، سەرکەوتنی بزووتنەوەکە و تایبەتمەندێتی سیاسی و ئابووری هەر بەشێکی کوردستان، هەتا رادەیەك چەمکی کارپێکراوی ئێمەش، بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی و دیموکراسی بباتەوە ژێر پرسیار. دیارە لە هەمان کاتیشدا ئەم تایبەتمەندیەش بە نۆرەی خۆی ستراتیژ و سیاسەتی یەکێتی، لە ستراتیژ و سیاسەتی گەلێ لایەنی سیاسی دیکە، لە بەشەکانی کوردستان جیا دەکاتەوە، گەرچی لەوەش دڵنیاین کە ئێنتیما بۆ نیشتمان و نەتەوە هێشتا لە ئێنتیما بۆ چەمکی رزگاری جیانەبێتەوە، هێشتا بزووتنەوەی رزگاری لە کوردستانی عێراق پێویستی بە درێژە پێدانی خەباتی دەستووری و شارستانی هەیە. هاوکات تەواو نەبوونی ئەرکەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە کوردستانی عێراقدا، تاکە مەترسی نییە لەسەر بزووتنەوەکە، بەڵکو بارودۆخ و ئایندەی عێراق و هەلومەرجی ناوچەکەش، کە دواجار کوردستان لە هاوکێشە دژوارەکەیدا بەهێزەوە ئامادەیە، مەترسی دیکەن لەبەرامبەر ئایندەی بزووتنەوەکە و پرۆسەی دیموکراسیش لە ناوچەکەدا.

هێشتا لە کوردستاندا، نە لە رووی واقعیەوە و نە لە رووی تیۆریشەوە، لەبەر ئەم قۆناغە گوزەرەی دیموکراسی و رێزبەندییە چینایەتییە هێشتا نەخەملیووە، رەوتە سۆسیۆسیاسییەکان بە تەواوی هەڵاوێرد نەبوون، کە ئەمە

تەنیا بە هەلومەرجەکانی قۆناغی کواستنەوە بۆ مۆدێرنێتە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و بە هەلومەرجە کلتووری و ئابووری و سیاسییە ناوخۆکەشەوە بەندە، رەنگە هەلومەرجی سیاسی قۆناغی رزگاریخوازی ئەو فاکتەرە کاریگەرە بێت، کە سنوورەکانی جیاوازی چینایەتی و ململانێی چینایەتی نێوان چینە هێشتا تەواو نەخەلمیوەکان لە رووی ئابووری، کلتوری سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەوە لە ئاشتیدا هێشتبێتەوە، یاخود ململانێکانی نێوانیان بە نەرمی بەرێوە بچێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە، لە داهاتوودا تاو نەتاوێ ململانێی چینایەتییەکان توندتر رووبەرووی یەکتر ببنەوە، ئەوساش کۆمەڵ لە ئەنگێزەی تەواو نەکردنی ئەرکی رزگاریخوازییەوە بە شێوەیەکی کاتی بگوازێتەوە بۆ ئەنگیزە کۆمەڵایەتییەکان.

لە رووی ئابووریشەوە، کوردستان ئێستا لە قۆناغی ئەش و نما کردندایە، ئەونەش و نماکردنەش تەنیا زادەی قۆناغەکە نییە، بەڵکو دەکرێت بگوترێت پرۆسەی کۆڵەکەبوونی سەرمایەشە، لە قۆناغی گواستنەوەدا، بێ ئەوەی زەمینەیەکی بابەتی ئابووری و یاسایی بۆ بەگەرخستنی ئەو سەرمایە خۆماڵییە ئامادەکرابێت، تا بەشدارییەکی کاراتر لە مامەڵە داراییەکانی ناوچەکە و دنیادا بکات. واتە نەبوونی ئەو زەمینەیە هەتا رادەیەك رێگرە لەبەردەم بەشداربوونی کارای سەرمایەی کەڵەکەبووی ناوخۆ، لە پرۆسەکانی گەشەپێدانی ئابووری و گۆڕینی کەناڵەکانی داهاتی کوردستان، کە هاوکاری حکومەت لە بەڕێوەبردنی پرۆسیسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بکات. لێرەوە سەرمایەی کەڵەکە بوو، دەتوانێت باشتر ئەرکە ئابوورییەکانی جێبەجێ بکات و کاراتر لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری و وەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لە رێی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی داهاتی با چ بەشدار بێت، بۆ ئەمەش پێویستە سیستەمی باج گونجاوتر رێك بخرێتەوە. بەجۆرێك کە ئەو سیستەمە باج، هەمیشە بە قازانجی کەمکردنەوەی نێوان سامانی سەرمایەدارە گەورەکان

و کرێکاران و ڕەنجدەراندا بێ و جیاوازە چینایەتییە چەوسێنەرەکان هەنگاو بە هەنگاو، کەمتر بکرێتەوە.

**(٣) سەردەمەکانی ستەمکاری**

پتر لە هەفتا ساڵ، سیاسەتی لایەنە براوەکانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان، هەروەها لە سایەی جەنگی سارددا، کوردستانی عێراقی کردبووە بەشێك لە دەوڵەتێکی بێ بنەمای نەوتۆ، کە تەواوی ئەو حەفتا ساڵە و بەتایبەت لە دوای دووەمین هاتنە سەرکاری حزبی بەعس (حزبی بعسی عەرەبی ئیشتراکی) لە تەمموزی ١٩٦٨دا، بەخێرایی، یان لەسەرخۆیی، بە سیاسەتی چەواشەکاری، بەشەر و کوشتو بڕ و تیرۆر و جینۆساید، یان بە مانوری سیاسی، بەردەوام دەوڵەتی عێراق، ستراتیژی تواندنەوەی نەتەوەی کوردی کردبووە ئامانج و پێی وابوو کە تەنیا بەهۆی تواندنەوەی ئەو نەتەوەیەوە، ئەتوانێت دەوڵەتێك پێکبهێنێت، کە بتوانێت سەرۆکایەتی عەرەب بکات. نۆهەمین کۆنگرەی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی، بە ڕاشکاوی دیدی ئەو حزبەی سەبارەت بەو نەتەوانەی ئەوان وتەنی کە لە (نیشتمانی عەرەبدا) دەژین بە کوردیشەوە، ساغ کردووە و کردبووی بە ستراتیژی حزبە ناسیۆنالیستە هاوچەشنەکانی بەعس.

ئەو ستراتیژە شۆڤێنیە وایکردبوو، کە دەوڵەتی عێراق تەنیا دەوڵەتێکی پۆلیسی خوێنڕێژ نەبێت، بەڵکو بنەما ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانی لەسەر ڕەگی فاشیزم ڕوابوو، کە ئەو بنەمایانە سەرەنجام قەتل و عامی هەڵەبجە و ڕاگواستن و ئەنفالی لێکەوتەوە. ئەنفال تەنیا بنەماکانی بەرگری پێشمەرگانەی لە کوردستاندا هەڵنەتەکاند، بەڵکو ڕەوتی پەرەسەندن و گۆڕانکاری ناو کۆمەڵیشی هەڵگێڕاو داگێرا، بەتایبەت لە دوای ئەنفالەکان، کە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان و بەشێك لە شارو چارۆچکەکانی وێرانکرد، هاوڵاتیانیش دووچاری ئۆردوگانشینی و بڵاوبوونەوە بە گەڕەك و کۆڵانی

شارەکاندا کرد. ئەگەر راپەڕین، چەند سالێک دوابکەوتایە، یان هەر رووی نەدابایە، ئەوا بێگومان ئێستا باسکردن بە کۆمەڵی کوردستانی، قسەو باسێکی تر دەبوو.

ئەو ئاڵ و گۆڕانەی کە لە ماوەی نزیک بەسێ ساڵ لە ئەنفالەوە تا راپەڕین، لە ئاستی کۆمەڵدا روویدا، کاریگەرییان بەسەر رەوتی گەشەکردنی کوردەواریدا ترسناک بوو، کە هێشتا شیکردنەوەی زانستی پێویستی بۆ نەکراوە. ئەوەی دەشێت بە خێرایی لێرەدا باس بکرێت ئەوەیە، ئەو ئاڵوگۆڕانە بە جۆرێک کەوتنەوە کە گەشەکردنی کۆمەڵی دووچاری جۆرێک لە شێواندن کرد، کە ئاراستەی گەشەکردنە کە ئاڵۆز و پڕ گرێ و گوڵ بوو. رووداوەکانی دوای راپەڕین و دواتریش شەڕی ناوخۆ بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردو لەپاڵ ئاڵۆزی ساسیدا، ئاڵۆزی کۆمەڵایەتیش ببوە سیمای کۆمەڵ لەو قۆناغەدا. تا لە دوای رووخانی رژێمی سەدام و پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی عێراق، ئەم دەوڵەتە بە پێچەوانەی سەرەتای دورستبوونی لە ساڵی (١٩٢١) لە سایەی ئەو بارودۆخە هەمە جۆرەی لە دوای (٢٠٠٣)دا لە جیهان و ناوچەکە و عێراق هاتەدی، کوردستان کە ئەو ساو ئێستاش، بەشە هەرە ئارام و پێشکەوتووەکەی دەوڵەتی عێراقە، بە شێوەیەکی رێژەیی بەرچاو، ئارامی و دڵنیایی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە خۆوە بینی، کە بووە هۆی ئەوەی بنەماکانی چینایەتی تارادەیەک شێواوی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی پێشوو برەوێنێتەوە و نەخشەی چینایەتی کۆمەڵ باشتر خۆی بنوێنێت، بە جۆرێک کە لە حەوت ساڵی رابردوودا گۆڕانی بنەڕەتی لە پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردستاندا روویداوە، ئێستا چینەکانی هەتا رادەیەک لە یەکتر جیا ئەکرێنەوە و بەو جۆرەش بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیش دەرکەوتوترن. هەرچەندە هێشتا ئەو چینانە ئامانجەکانیان بەو ئەندازەیە روون نین، تا تەعبیر لەو سنوورانە بکەن کە لەنێوان چینەکاندا روو لە دروست بوونێکی دیارتر و سەر بەخۆترن. بەڵام

چینی ناڤین بە حوکمی بازاری ئازاد و ئازادی ئاوێتە بوون بە بازارەکانی ناوچەکە و دەرەوە، هەروەها بە حوکمی سەرەتاکانی سیستەمی بانکی و متمانەی بانکەکان بە سەرمایەدارانی کوردستان و هۆ گەلێکی ئابووری دیکە، لە رووی ژمارەوە، چەکەرە کردنی چینایەتی بەرچاوەترە و خەریکە وردە وردە کاریگەری بەسەر ژیانی کۆمەلأیەتی، سیاسی و ئابووری کوردستانەوە بەجێ دەهێلێت. بێگومان لە ئایندەشدا وەرچەرخانی هەمەلایەنی شارستانیەتی سەرمایەداری بەدیدێنن.

## (٤) جیهانگیری و کاریگەری کۆمەلأیەتی

سەردەمی گلۆبالیزەیشنە، لەم سەردەمەدا، ئەگەر لە جیهانی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، چینی ناڤین هەتا رادەیەك لە بەرامبەر مۆنۆپۆلە جیهانگیرەکاندا زیان بەخش بێت، ئەوا لە ولأتانی وەکو کوردستاندا، بەرژەوەندییە جیهانییەکان و پەرەسەندنی سەرمایە بۆ ولأتانی دواکەوتوو، بەتایبەتی لە هەزارەی سێیەمدا، هەتا رادەیەکی دیار، لەگەلْ بەرژەوەندی چینی ناڤینی تازە چەکەرەکردوودا، هاوبەرژەوەندە. ئەمە جگە لەوەی، ئەم چینە، بەپێی لۆژیکی گۆرانکاری سەردەمەکە و پێویستی سەرمایەداری پەرە سەندوی رۆژئاوا، بە بازاری سەرمایەدای تازە نشونما کردووی رۆژهەلأت، چینی ناڤین، هەم لە بازاری ئازاددا جێگەی تۆکمەی هەیە و هەم لەناو ئەزموونی نیشمانی و دیموکراسی کوردستانیشدا، لەناو کۆمەلْدا هێشتا ناکۆکی بنچینەیی نییە. چونکە هێشتا ئەرکە رزگاریخوازیەکەو، پرۆسە دیموکراسییە تازە بونیات نراوەکە، هەروەها ژێرخانی بازاری ئازادی کوردستان، پێویستییەکی مێژوویی بە چینی ناڤین هەیە و ئەم چینە دەبێ رەهەندی ئابووری و سیاسی مێژوویی خۆی تەواو بکات.

چینی ناڤینی کوردستان، ئێستا چینێکە لە بازاری کوردستان و ناوچەکە و جیهانیشدا چاپوکە، سەنگی ئابووری و کۆمەلأیەتی تایبەتی هەیە، بۆیە،

دەتوانێت زۆر مەسەلە بەلادا بخات، بەتایبەت لە سیستەمێکی دیموکراتیدا، هەر بۆیە ئەو چینە بۆتە جێ تەماعی هێزە پێشکەوتنخواز و هێزە کۆنسەرفاتیڤەکانی کوردستان، نەبوونی سەقامگیری، بونی فەزای ململانێ و هەڵچوون و داچوونی نرخی شمەك و بازاری ئازاد، لە رووی بابەتییەوە بۆ ئەو دۆخە ئابووریە و ئەو ریز بەندییە چینایەتییە دەگەڕێتەوە. ئەمەش مانای وایە، لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو چینە سەرهەڵداوە پڕ جوڵەترین چینەکانی کوردستان دەبێت.

بە تایبەت لە چەند ساڵی داهاتوودا نهێنی جووڵەی ئەو چینەش، لەوەدایە، کە هێزەکانی نوێبوونەوە لە هەناوی ئەو چینەدان. بەڵام ئەو چینەبێ مەترسیش نییە، چونکە چینەکە ئەگەرچی قورساییەکی کۆمەڵایەتی فراوانی هەیە، بەڵام رایەڵێکی کۆمەڵایەتی و تیۆرێکی یەکگرتووی نییە، چونکە لە چەند توێژێك پێکدێت و جیاوازی داهات لەنێوان توێژە باڵاکەی لەگەڵ توێژی هەرە خوارەوەیدا، جیاوازییەکی زۆرە، بە واتایەکی دیکە، ئەو چینە جارێ چینێکی سەقامگیر و یەکانگیر نییە. هەرچەندیش بەشێك لە قورسایی یەکێتی نیشمانی کوردستان لەم قۆناغەدا، لەناو ئەو چینەدایە، چونکە ئەم چینە، هەم بۆ ژێرخانی ئابووری و هەم بۆرسەکانی چینایەتی، هاوکات بۆ پێشکەوتی کۆمەڵایەتیش، هەروەها بۆ مامانی لەدایکبوونی گۆڕانکارییە گەورەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیاش، بەڵکو بۆ داهێنان و داهێنراوی هزر و ئەقڵ و ئەندێشەش گرنگە، بەڵام لەگەڵ ئەو راستیانەشدا لە ئێستا و بۆ ئایندەش، پێویستە یەکێتی وریای سەنگ و کاریگەری و مافەکانی کرێکاران و رەنجدەرانیش بێ کەنەبنە پێخوری بەرژەوەندی تەسکی چەوساندنەوەی چینایەتی.

لە ئەمرۆی کوردستاندا، داشکاندنەوە بەلای ئەو چینەدا، داشکاندنە بەلای کاراکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی پێشکەوتن و نوێبوونەوەدا. واتە پارێزگاریکردن

لە پانتایی کۆمەڵایەتی و دیموگرافی ئەو چینە، بۆ ئەم قۆناغە و بۆ تەواوکردنی پرۆسەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، تێزێکی پێشکەوتنخوازی کۆمەڵایەتییە، چونکە هەر گۆڕانێک بە ئاقاری بەرتەسک بوونەوەی ئەو چینە، بە مانای فراوانبوونی توێژە نەدار و هەژارەکانە. هەروەکو رۆژهەڵاتی ئەوروپا، توێژە نەدار و هەژارەکانیش، وەک وتمان لە هەبوونی بەرفراوانی چین ناڤیندا بە هۆی چالاکی بازاڕ و فراوانی کۆمپانیا و بواری کاری هەمە جۆرەوە، خەڵکە هەژار و نەدارەکە، ئاستی ژیان و بیمەی کۆمەڵایەتیان باشتر دەبێ و کەمترینیان بە هەژاری دەمێنێتەوە ئەویش بەوانەن کە دەکەونە ژێر هێڵی هەژاری یان برسییەتییەوە، ئەوانیش ئەو کەسانەن، کە بێکار یان نیمچە بێکارن نیمچە بێکارن و هەروەکو بێکاری ژیان دەبەنە سەر و ناتوانن داهاتێکی ئەوتۆی مانگانە پەیدا بکەن، کە لەگەڵ ئاستەکانی داهاتی تاک لە کوردستاندا، یان لەگەڵ ستانداردی جیهانی، کە بانکی دەولی بۆ بەسەر و هێڵی هەژاری دیاری دەکات، یەکبگرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی، لە روانگەی مێژوویی قۆناغەکەشەوە، رێگە گرتن لە پەرەسەندنی چینی ناڤین کە ئەرکە ئابوورییەکانی قۆناغەکەی هێشتا نەبریووە، لە روانگەی زانستی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، دەچێتە خانەی کۆنەپەرستیەوە.

## (٥) پاشماوەی خێڵەکێتی

گروپە کۆمەڵایەتییەکانی وەک عەشیرەت تایفە، خێڵ و هۆز، گەرچی هێشتا وەک پێکهاتەیەک پاشماوەکانیان خۆی دەنوێنێت، بەڵام لەسەر قەوارەی سیستەمی دەرەبەگایەتی خۆی نەماوەتەوە و لەبەر زۆر هۆ، پاشماوەیان خۆ نواندنێکی رەواڵەتیە. یەکێک لەو هۆیانە، نەمانی هیچ بنەمایەک ئابووری دەرەبەگایەتییە هۆیەکی تریش ئەوەیە کە وردە وردە یاسا سەروەرتر بووە و تاکەکانی عەشیرەت، بۆ خۆپاراستن و سەر و ماڵ پاراستن، پێویستیان بەو گرێبەستە

کۆمەلایەتییە دەرەبەگیەی جاران نەماوە، یان کەمتر بۆتەوە. ئەگەرچی رەگەزی خوێنیش هێشتا وەکو خۆی ماوەتوە.

هۆیەکی تریش ئەوەیە، کە بەپێی پێشکەوتنی سەرمایەداری و سەربەخۆیی ئابووری تاك و ئیمکانیەتی ئەوەی تاکەکانی عەشیرەتیش داهاتی سەربەخۆیی خۆیان لە دەرەوەی هەر پەیوەندییەکی ئابووری دەرەبەگایەتی هەبێ، ئەوا تاکگەرایی، وەك دەرهاوێشتەیەکی سەرمایەداری لەناو رۆڵەکانی عەشیرەتەکانیشدا، وەك دامەزراوەیەکی کۆمەلآیەتی، تارادەیەکی باشتر کردووە. دیارە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی ئیجابی و جێی سەرنجە، کە دەبێت یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەك هێزێکی سۆسیال دیموکرات لەسەری بووە ستێت و بەسۆنگەی وەرچەرخانێکی گرنگی ژیانی کۆمەلآیەتی کوردستانی بداتە قەڵەم و رێگە نەدات، هیچ هەلومەرجێکی سیاسی بۆ سەرلەنوێ بوژاندنەوەی سەرخانی دامەزراوەی عەشیرەت بێتە ئاراوە و بسەپێنرێتەوە.

## (٦) سۆسیال – دیموکراتی کوردستانی

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و کۆمەلآیەتی هەرێمی کوردستان، عێراق، ناوچەکە جیهان و تێگەیشتنمان لە بونیادی سۆسیۆ سیاسی کۆمەڵی کوردستان، ئەوا یەکێتی نیشتمانی کوردستان بریتییە لە:

**پێناسە:** پێویستە لەبەر رۆشنایی ئەو لێکدانەوە تیۆری، سیاسی، کۆمەلآیەتی، ئابووری و کلتورییەی سەرەوە و بە لەبەرچاو گرتنی رەگی مێژوویی، وەك رێبازێکی لەخۆ نوێکردنەوە، ی.ن.ك بەمجۆرەی خوارەوە پێناسەی بکەینەوە:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبێکی سۆسیال دیموکراتی گەلی کوردستانی عێراقە، لە پێشەوەدا نوێنەری کرێکاران و رەنجدەرانی بیرو بازوی کۆمەڵ، تێدەکۆشێت لە پێناو تەواو کردنی ئەرکەکانی رزگاری نیشتمانی و سیستەمی دیموکراسی سکۆلار، بنیادنانی کۆمەڵی مەدەنی پێشکەوتووی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای دونیادا، کە درێژەی خەباتە ئەپساوەکەی بگاتە

وەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەی، تا بتوانێت تەبا لەگەڵ بنەماڵەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هاوسەنگ، کە خۆی لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی تاک، یەکسانی ژن و پیاو، یەکسانی لە بەردەم یاسادا ببینێتەوە، هاوکات خەبات دەکات بۆ: دابینکردنی یەکسانی لە دەرفەتەکانی کار، نەشونما کردنی سەربەخۆیی تاک، نەهێشتنی چەوساندنەوە، بنەبڕی هەڵاوێردی رەگەزی و چینایەتی و نەتەوایەتی.

لەلایەکی ترەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە حزبێکی کوردستانیە و مەیدانی کارکردنی کوردستانی عێراق و تەواوی عێراقیش دەگرێتەوە، ئەرکێکی دیکەی لە ئەستۆدایە، کە دابڕاو نییە لە ئەرکەکانی تری کوردایەتی، ئەویش تێکۆشانە بۆ چەسپاندنی کۆماری عێراقی دیموکراتی فیدرالی و پەرلەمانی، کە بنەماکانی لە چوارچێوەی دەستوردا جێگیر بووە، چونکە مەیدانی عێراقیش بە بەشێك لەو مەیدانە سەرەکییە دەزانێت کە تیایدا بەرگری لە دەسکەوتە دیموکراسییەکانی گەلانی عێراق و گەلی کوردستان دەکات، تا بنەماکانی هاوڵاتی بوون لە عێراقدا نەبنە بنەمای سڕینەوەی ئەو جیاوازییانەی (تماین) کە لە دەوڵەتە فرە نەتەوە و فرە ئایین و فرە مەزهەبیەکاندا هەن، بەڵکو ببنە بنەمای هاوڵاتیبوونێکی جێگیر، لەسەر بنەمای مافە مەدەنییە هاوچەرخەکان.

تەواوی ئەو لێکدانەوەی سەرەوە، وەك لێکدانەوەیەکی هەمە لایەن، لە هەمان کاتدا لێکدانەوەیەکی یەك پاکێجی، دەتوانێت ببێتە بنەمای جیهانبینی سۆسیال دیموکراتانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەك رێکخراوێکی دیموکراتی رزگاریخوازی کوردستانی، کە سۆسیالیزم بە مەودا دیموکراتییەکان و دیموکراتیش بە رەهەندە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەبەستێتەوە زەمینەکانی گواستنەوەیەکی بێ هەژانی کۆمەڵایەتی زیانبەخش، بۆ سۆسیالیزم، لە ئایندەی دووردا وەدی دێنێت.

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان تێدەکۆشێت بۆ:**

**ا- ئامانجە گشتییەکان:**

١- ئاشتی، دیموکراتی، ئازادی، لێبوردەیی، چەسپاندنی بنەماکانی ئابووری بازاڕ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی، سەروەری یاسا، مافی هاولاتیبوون، کۆمەڵی مەدەنی، مافی چارەنووس، سیستەمی سکولار، ئازادی ویژدان، هاوکاری و پێکەوەژیانی گەلان بە ئاشتی و ئارامی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ماف و ئیرادەی یەکتر و پاراستنی ژینگە. هاوکات لە دژی دیکتاتۆری، جەنگ، داگیرکردن، چەوساندنەوە، هەژاری، گەندەڵی، هەڵاوێردی: نەتەوەیی، ڕەگەزیی، ئایینی، مەزهەبی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، شۆفینزم، کۆنەپەرستی و تیرۆریزم تێدەکۆشێت.

٢- پابەندبوون بە جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و تێکڕای ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ.

٣- بەدیهێنانی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان بە شێوازێکی دیموکراسیانە.

٤- پاراستن و گەشەپێدانی سیستەمی دیموکراتی و فیدرالی و پەرلەمانی عێراق.

٥- گەڕاندنەوەی کەرکوک، خانەقین، شەنگال، مەخمور، مەندەلی، بەدرە و جەسان و سەرجەم ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٦- جێبەجێ کردنی سەرجەم مافە یاسایی و دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان کە لە دەستووری عێراقدا چەسپێنراون.

٧- پابەند بوون و پشتیوانی کردن لە مافە دەستوورییەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکانی وەک (تورکمان، عەرەب، ئەرمەن، کلدوئاشووری) وە ئایینی و مەزهەبیەکانی وەک (ئێزیدی، مەسیحی، صائیبەی مەندانی، کاکەیی و شەبەک) لە کوردستان و عێراقدا.

٨- پیادەکردنی پەرنسیپ و جیهانبینی سۆسیال دیموکرات لە کۆمەڵگە، لەپێناو بنیات نانی کۆمەڵێکی مۆدێرن و خۆشگوزەران.

٩- چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش لە کوردستان و عێراقدا بەتایبەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە گشتی لەسەر بنەمای دراوسێتی دۆستانە و بەرژەوەندی هاوبەش و بە ئاشتی پێکەوە ژیانی گەلان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان.

١٠- جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیانەی کە پەیوەستن بە نەهێشتنی چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی.

١١- ناساندنی کۆمەڵکوژییەکانی ئەنفال و کیمیاباران وەک تاوانی جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی لە کوردستاندا، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووانی.

١٢- کارئاسانی کردن بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ئەو هاوڵاتیە کوردانەی کە لە پارچەکانی تری کوردستانەوە هاتوون و لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەژین. بە ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ خۆیان و ماڵ و منداڵیان. هەروەها دابین کردنی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بۆیان، لەگەڵ هاوکاری کردنیان بۆ چالاکی هونەری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی... تاد.

١٣- ڕەخساندنی دەرفەتی سیاسی و ئابووری کلتوری بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەبێ جیاوازی، تاوەکو تاکەکانی کۆمەڵ بتوانن ئامانجە سەرەکیەکانی خۆیان بۆ دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەران بەرهەم دەهێنن.

١٤- گەشەدان بە کەسایەتی مرۆڤی کورد وەکو هاوڵاتیەک کە خاوەنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە لە کۆمەڵێکی مەدەنی و دیموکراتدا.

١٥- پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و ململانێی سەرجەم ئایین و مەزهەبەکان و ڕێزگرتنیان بۆ ئەمەش هەوڵ دەدات بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسی لەسەر بنەماکانی دیموکراسیەت و سکولار.

١٦- پشتیوانی کردن لە خەباتی سیاسی گەلی کوردستان لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەریەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانەی گونجاو لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەدا، بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان.

١٧- پاککردنەوەی هەموو ئەو ناوچانەی کە بە (مین) چێنراون و تەقاندنەوە و نەهێشتنی کاریگەری ئەو تەقەمەنیانەی کە پاشماوەی جەنگن هاوکات هەوڵ بدرێ بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە بەهۆی مینەوە زیان لێ کەوتوون.

١٨- هەوڵدانی بەردەوام بۆ چاکسازی ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەی ئابووری لە هەموو بوارەکاندا.

١٩- ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان و سڕینەوەی ئاسەواری شەڕی نەگریسی ناوخۆ و چارەسەرکردنی کێشەکانی لە ڕووی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە.

٢٠- تێکۆشان بۆ نەهێشتنی چەکی کۆمەڵکوژ و پشتگیری کردنی ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیانەی کە هەوڵی بنبڕکردنی ئەو جۆرە چەکانە دەدات.

٢١- بەرز ڕاگرتنی خەباتی زیندانیانی سیاسی و هەوڵدان بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووانیان لەژیانی خۆیان و منداڵانیان لە چوارچێوەی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) دابین بکرێت.

٢٢- ڕێکخستنی ژیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندی نێوان حزب و حکومەت، دەبێت بە شێوەیەکی مۆدێرنی وا ڕێکبخرێت کە لەگەڵ پێداویستییە هەنوکەییەکانی کۆمەڵی کوردستاندا بگونجێت.

٢٣- هەوڵدان بۆ پشتیوانی کردن لە رەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان، بۆ گەڕاندنەوە بۆ ناو خەڵك، تا لە ریفراندۆمێکی گشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بتوانێت متمانەی زۆرینە بەدەست بهێنێت.

**ب- ئامانجە سیاسیەکان:**

١- تەواو کردنی پرۆسەی جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێ کردن، دادوەری و پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، هەروەها چەسپاندنی دەسەڵاتی چوارەمیش کە دەسەڵاتی میدیایە، کە بخرێتە خزمەتی ئازادی و دیموکراسی راستەقینەوە.

٢- پابەند بوون بە بنەما دیموکراسیەکانی دەستەودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، لە هەموو ئاستەکان لە کوردستاندا.

٣- رەخساندنی زەمینەی یاسایی ژیانی دیموکراتی و مەدەنی بە دابین کردنی ئازادی ئایین مەزهەب بیرورا میدیا هاتوچۆ نیشتەجێبوون ئازادی خۆ رێکخستنی سیاسی سەندیکایی دیموکراتی پێکهێنانی رێکخراوی ناحکومی.

٤- دەستەبەرکردنی ئازادی نارەزایی دەربڕین وەك (مانگرتن، رێپێوان و خۆپیشاندان) بۆ سەرجەم چین و توێژ و تاکەکانی کۆمەڵ و رێکخستنی لە چوارچێوەی یاسادا.

٥- رەچاوکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان، لە بەستنی هەر جۆرە هاوپەیمانیەکی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی دا.

**دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی:**

چارەسەر نەکردنی دیموکراسیانەی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان لە عێراقدا، هەر لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە لە (١٩٢١)دا کێشەیەکی سەرەکی و فاکتەرێکی سەقامگیر نەبوونی ئەم دەوڵەتە بووە. بۆیە لەو ساوە روخانی رژێمی سەددام حسێن لە ٢٠٠٣/٤/٩دا چارەسەرنەکردنی

کێشەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان هۆکارێکی بنەڕەتی بشێوی و ئاڵۆزی عێراق و پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم وڵاتە بووە.

بۆیە ستراتیژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان لە عێراقدا، لە هەموو قۆناغەکاندا، تێزێکی دیموکراتیانە بووە، کە لە بەرامبەردا دەسەڵاتدارانی عێراق هەمیشە ستراتیژیەکی نا دیموکراتیانەیان گرتۆتە بەر.

ئامانجی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، لەسەر دەستی (ی.ن.ك)دا گۆڕانی ریشەیی بەسەردا هات، لە (ئۆتۆنۆمی راستەقینە) وە گۆڕا بۆ بەدەستهێنانی ماڤ چارەی خۆنووسین، لە دوای راپەڕینیشەوە ستراتیژی ماڤ چارەنوس لە پەرلەمانی کوردستان بووە بڕیارێکی مێژوویی لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی لە عێراقدا. هاوکات دوای روخانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس، لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، ئەم مافە چەسپێنرا.

(ی.ن.ك) بڕوای وایە، کە ئەو چارەسەرە دیموکراتییە بۆ عێراق و بۆ کوردستان چارەسەرێکی گونجاوە. بۆیە لەم قۆناغەدا پاراستن و گەشەپێدانی سیستەمی فیدرالی عێراق، بە ئامانجێکی ستراتیژی خۆی دەزانێت و جێبەجێ کردنی مافە دەستورییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، بەمەرجێك پاشەکشە نەکردنی سیستەمەکە و گرەنتی بەردەوام بوونی ئەم گرێبەستە دەستورییە دەزانێت، کە لەنێوان کورد و لایەنە نەتەوەیی و مەزهەبەکانی تری عێراقدا هەیە. دیارە ئەمەش دەستەبەری سەرەکی سەقامگیری ئاسایش و پێکەوەژیان و ئاشتییە لە عێراق و ناوچەکەدا.

**ج- ئامانجە ئابوورییەکان:**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، زەمینە سازی دەکات بۆ رەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ پرۆسەی گواستنەوە بۆ سیستەمی ئابووری بازاڕ، بە

جۆرێك ئەو سیستەمە بە یاسا رێك بخرێت، بۆ ئەوەی بە پلان و بەرنامە، ئابووری هەرێمی کوردستان لەو كێشە و گرفتانەی بەدەستییەوە دەناڵێنی، چارەسەر بكات و ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆ هاولاتیانی کوردستان، دیارە ئەم پرۆسەی گواستنەوەیەش پێویست بە ئیرادەیەكی سیاسی بەهێز و دەركردنی چەندین یاسا و هەمواركردنی یاساكانی ترە. تاوەكو بەهۆیەوە ژینگەیەكی لەبار بۆ بەرەوپێشبردنی كەرتە ئابوری و بازرگانیەكانی هەرێمی كوردستان برەخسێنێت.

**یەكەم: كەرتی كشتوكاڵ/**

بە ئامانجی پەرەپێدانی بواری كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستاندا، بەجۆرێك كە بتوانێت هاوسەنگی بازرگانی و ئابوری لە نێوان ئابوری كشتوكاڵ و باقی بوارەكانی بێنێتە كایەو ئەمەش بكرێتە دەستەبەری ئاسایشی خۆراك، هەر ئەمەش وادەكات داهاتی جوتیار بە پێی پێویستیەكانی ژیان و بازار، قۆناغ بە قۆناغ ئەش و نما بكات. ئەم ئامانجانەش بە پلانی كلاسیكی كشتوكاڵی نایەتەدی، بەڵكو پێویستی بە پلان و نەخشەی هاوچەرخی كشتوكاڵییە بۆ ئەوەی بە چەندایەتیەكی پێویستی جوتیاران لە بواری كشتوكاڵ، چۆنایەتی بەروبومی كشتوكاڵ فەراهەم بكرێت، ئەم چەندایەتیە پێویستەی ژمارەی جوتیارانیش بۆ چۆنایەتی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵ، بە دانانی بنەمایەكی ئابوری هاوچەرخی كشتوكاڵ دێتە دی، هەڵبەتە ئەم بنەمایەش بە بڵاوكردنەوەی تەكنەلۆژیای كشتوكاڵ، پرۆژەی نوێی چەشنی ئاودێری، پشتیوانی دارایی پێویست بۆ جوتیارو كێلگەی نوێو ماڵی كشتوكاڵی شوشەییە. واتا: پێویستە پلانی ستراتیژی نوێی ئەوتۆ هەبێ، جوتیارو ئەرزو موڵكداری كشتوكاڵ و بەروبوم، تەنها پشت بە ژمارەی زۆری جوتیاران نەبەستێ بەڵكو بە پلانی زانستی بۆ دەستەبەری بەرهەمی كشتوكاڵ، نەك هەر

پێویستیەکانی ناوخۆ، بەڵکو بۆ هەناردەش، دابین بکرێ. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەش تێدەکۆشین لە پێناوی:

١- دارشتنی سیاسەتێکی تۆکمە بە پشتبەستن بە داتاو ئامارو زانیاری، کە پرەنسیپەکانی ئابوری بازاڕ رەچاو بکات و کەرتی تایبەت رۆڵی دیار لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەدا بگێرێت و زەمینەیەکی لەباریش بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی برەخسێنێت.

٢- چارەسەرکردنی تەشریعی و یاسایی کێشە کشتوکاڵیەکان و پاراستنی مافی جوتیاران و بەروبوومی کشتوکاڵی لە کورستاندا و کێشەی خاوەندارێتی زەوی.

٣- سوود وەرگرتنی تەواو لەسەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان لە رێگەی دارشتنی ستراتیژێکی هاوچەرخ بۆ سوود وەرگرتن لە دەرامەتە ئاوییەکانی (سەرزەوی و ژێر زەوی) بە دروستکردنی بەنداوی (گەورە و بچووك) و هەڵبەستنی (کەناڵ و جۆگە)ی ئاودێران و پاراستن و پەرەپێدانی ئەوانەی کە دروستکراون، بۆ زیادکردنی رووبەری زەوی بەراو و کەمکردنەوەی پشت بەستنی جوتیاران بە ئاوی باران.

٤- بە میکانیزمەکردنی بوارەکانی کشتوکاڵ و بەپیشەسازی کردنی کەرتی کشتوکاڵی لە رێگەی هاوردنی تازەترین بەرهەمەکانی تەکنەلۆجیای کشتوکاڵی، کردنەوەی وەرشە، تاقیگە، فراوانکردنی و گەشەپێدانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، گرێدانی ناوچەکانی بەرهەمهێنان بەیەکەوە و بەناوەندەکانی بازاڕەوە.

٥- گرینگیدان بە بانگی کشتوکاڵی لە رێگەی زیادکردنی تەمویلکردنی ئەو بانکانەی هەرێم و دەرکردنی رێنمایی پێویست کە ئاسانکاری زیاتر بۆ هاوکاریکردنی پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ پێشکەش بکات.

٦- هاندانی بەرفراوانکردنی یەکەی بەرهەمهێنان و دەربازبوون لە رووبەری بچووک بە دامەزراندنی کۆمپانیای کشتوکاڵی تایبەت.

٧- گرێدانی بەرنامەکانی خوێندنی زانکۆ، پەیمانگا، ئامادەییە کشتوکاڵییەکان و پزیشکی ڤێتێرنەری بە بازاڕی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێکی باش بۆ راکێشانی خوێندکاران و پەرەپێدان بە کەرتی کشتوکاڵ.

٨- ئاراستەکردنی جوتیاران و وەبەرهێنەرانی کشتوکاڵ و پشتیوانی کردنیان لەبەرهەمهێنانی کالاً ستراتیژییەکان.

٩- کۆنترۆڵکردن و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ نەخۆشییە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، واتە ئەو نەخۆشیانەی کە لە ئاژەڵەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ و تەندروستی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە.

١٠- گەشەپێدان و هاندانی پیشەی ئاژەڵداری لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە بەخێوکردنی ئاژەڵ وەك یەکەیەکی ئابووری هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بەستنەوەی جوتیاران و گوندنشینان بە خاکەکەیەوە.

١١- بایەخدان بە پەروەردەکردنی زانستیانەی بواری پەلەوەریی، هەنگ، ئاوەزێلی بەخێوکردنی ماسی...

١٢- پەرەپێدان و زیادکردنی بواری باخچەکانی گوڵفرۆشی، نەمامچاندن...هتد.

١٣- کردنەوە و فراوانکردنی نەخۆشخانەکانی ڤێتێرنەری بە دابینکردنی هەموو کەلوپەلێك، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی ئەو نەخۆشیانەی کە تووشی ئاژەڵ دەبن و زیان بە سامانی نەتەوایەتیمان دەگەیەنن.

١٤- پاراستنی دارستانە سروشتییەکانی کوردستان و ڕێگەگرتن لە ڕاوکردنی ئەو باڵندە و گیاندارانەی کە لە کوردستاندا ئەمڕۆ هەرەشەی قڕکردنیان لێ دەکرێت.

**دووەم: کەرتی پیشەسازی وزە/**

بە ئامانجی پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی، کە بەجۆرێك بتوانێت دەستەبەری دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکان بکات لەبەرهەمی (بەکاربردن) و (بەرهەمداری) و هاوکات بەشداری کارای لە پێکهاتەی داهاتی نیشتمانیدا و ڕۆڵی دیاری لە ڕەخساندنی دەرفەتەکانی کاردا هەبێت، ئەوا (ی.ن.ك) هەوڵدەدات بۆ:

١- دارشتنی سیاسەتێکی پیشەسازی، بە هاوکاری کەرتی تایبەت بۆ نوێکردنەوەی کارگەکان و دامەزراندنی کارگەی نوێ، بەتایبەت ئەوانەی کە پشت بە کەرەستەی خاوی ناوخۆ دەبەستن.

٢- گەشەپێدان بە بانگی پیشەسازی بۆ ئەوەی هاوکاری زیاتری سەرمایەگوزاری پیشەسازی بکات.

٣- برەو دان بە ناوەندەکانی توێژینەوە و پەرەپێدانی پیشەسازی.

٤- دابینکردنی سەرچاوەکانی وزە (کارەبا و سوتەمەنی) بۆ چالاکییە بەرهەمدارییە پیشەسازییەکان.

٥- بایەخدان بە کردنەوەی پەیمانگە و کۆلێژی تایبەت بە پیشەسازی بە هەموو بەشەکانیەوە، کە بتوانێت پێویستییە مرۆییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکات.

٦- گەشەپێدان و پاراستنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوخۆ لە ڕێگەی یاساو سیاسەتە ئابوورییەکانەوە.

٧- هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی تۆکمە بۆ ئەو کارگە و کۆمپانیانەی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، تا رەچاوی تەواوی پاراستنی رێنماییە ژینگەییەکان بکەن.

٨- کرنگیدان بە پیشەسازی نەوت و بەرهەمەکانی لە کوردستان، تا ببێتە پاڵپشتێکی ئابووری گەورە بۆ حکومەتی هەرێم و گەلی کوردستان.

٩- بایەخدان بە سەرچاوە سروشتییەکانی وەك (نەوت و کانزاکان) و رۆماڵ کردنیان تا بە تەواوی گەنجینەی ئەو سەرمایە دەستنیشان بکرێت.

١٠- سوود وەرگرتن لە سامانە سروشتییەکان بۆ بەرهەمهێنانی سەرچاوەکانی وزە، بۆ ئەمەش دەبێت بایەخی تایبەت بەو سەرچاوانەی وزە بدرێت کە توانای خۆ نویێ کردنەوەیان هەیە.

**سێیەم: کەرتی دارایی/**

١- هەوڵدان بۆ فرە سەرچاوەکردنی داهاتەکانی هەرێم، لە رێگەی هەمەرەنگ کردنی چالاکیە بەرهەمدارەکان و پەرەدان بە سەچاوەکانی تری داهات.

٢- هەوڵدان بۆ گونجاندن لەنێوان هەردوو ئامانجی چارەسەرکردنی بێکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی بەهەمداری دەستی کاری هەرێم، لە رێگەی گرنگیدان بە گەشەپێدانی مرۆیی و بەهێزکردنی توانا زانستی و تەکنەلۆجیاکانیان.

٣- هێنانەدی (خودبژێوی) لە هەردوو بواری بەکاربردن و بەرهەمداریدا بە دوو پاتکردنەوەی ئەوەی کە دەبێت بەپێی بەرهەمە شیاوی خۆماڵی ، بەرهەمداری ناوخۆیی جێی بەرهەمی بیانی بگرێتەوە، ئەویش بە کەمکردنەوەی رێژەی هاوردە، تا ئەو ئەندازەی زەمینەی گەشەپێدانێکی سەربەخۆ دابین دەکات.

٤- نوێکردنەوەی شێوازە تەکنۆلۆجیا پەیڕەوکراوەکان لە کەرتە بەرهەمدارەکان، بەتایبەتی لە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا، بە جۆرێك کە بەرهەمی خۆماڵی توانای کێبڕکێی لە بازاڕەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا هەبێت.

٥- هەوڵدان بۆ هەمواركردنەوەی یاساكانی باج لە هەرێمی كوردستان بە جۆرێكی وا، كە بتوانێت بەشێوەیەكی دیار رۆڵی لە رێكخستنی ئابووری و دابینكردنی دادوەری كۆمەڵایەتی لە كوردستاندا هەبێت.

٦- دامەزراندن و پەرەپێدانی سیستەمی بانكی لە هەرێمی كوردستان بە شێوازێكی مۆدێرن، كە توانای دابینكردنی هەموو خزمەتگوزارییە داراییەكانی هەبێت لە گشت بوارەكان. هەروەها هۆكارێكی كاریگەر بێت، بەدەست حكومەتی هەرێمەوە بۆ راگرتنی بالأنسی دارایی و ئابووری لە كوردستاندا. لە هەمان كاتدا، دەستە بەركردنی متمانەی دارایی لە بانكەكانی جیهاندا بۆ بانكەكانی كوردستان.

**چوارەم: كەرتی كارگێڕی/**

**یەكێتی نیشتمانی كوردستان هەوڵ دەدات بۆ:**

١- دابینكردنی سەركەوتنی كارگێڕی ئابووری و گەیشتن بە حكومرانی دیموكراتی مۆدێرن.

٢- كاركردن بە سیستەمی لامەركەزی ئیداری بۆ ئەوەی زۆرترین بوار بۆ دانیشتوانی ناوچە جیاوازەكانی هەرێمی كوردستان برەخسێنرێت، بۆ بەشداریكردن لە دارشتنی پلان و بەرنامەی پەرەپێدانی ناوچەكانی خۆیان بەتایبەت ناوچەكانی كەنار.

٣- دیاری كردنی كەسانی شارەزا و پسپۆر و رێكخستنی رەفتاری بەڕێوەبەر و بەرپرسە كارگێڕییەكان بەپێی رێساكانی رەفتار و بەها ئەخلاقییەكانی ئەو دامەزراوانەی كە بەڕێوەی دەبەن.

٤- وەلانانی هەموو چەشنە واسیتە و مەحسوبیەتێك و هاوكات بۆ ئەوەی كارەكانمان لە بەڕێوەبردنی دام و دەزگا حكومییەكاندا بەمۆدێرنی بڕوات بەڕێوە، ئەوا دەبێت لە دامەزراندندا پێداویستی تەكنیكی ناوەندەكانی ئیدارە لەبەر چاو بگرین و لێهاتوویی و شارەزایی و دڵسۆزی بكەینە تاكە پێوەر.

٥- دارشتنی سیاسەتێکی کارگێری روون لە دامەزراوەکان و پێوەرەکانی (لێپێچینەوە و شەفافیەت) بەپشت بەستن بە (ئەندیکەینەرەکانی – المؤشرات) پێوانەی ئەدائی ئیداری جێبەجێ بکەین.

٦- ناوەندی گەشەپێدانی کارگێری بۆ راهێنان و مەشق پێکردنی کارمەندان بە شێوەیەکی هاوچەرخ بکرێتەوە. بۆ ئەوەی توانا کارگێرییەکانی حکومەتی هەرێم تا ئاستێکی باش بەرز بکرێتەوە.

٧- کارکردن بە سیستەمی یەك پەنجەرە و کەمکردنەوەی بیروکراسی و پیادەکردنی سیستەمێکی مۆدێرنی حوکمرانی.

٨- بەرجەستەکردنی سیستەمێکی کارای کارگێری و دارایی لە کوردستان، بە گوێرەی یاسا.

**پێنجەم: کەرتی تایبەت/**

یەکێك لە میکانیزمە گرنگەکانی پرۆسەی گواستنەوە بۆ ئابووری بازار، پێویستی بە هاندانی کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی تواناکانیەتی بۆ زیادکردنی تواناکانی رۆڵی ئەو کەرتە لە ئابووری هەرێمدا، لەم بارەوە یەکێتی هەوڵ دەدات:

١- رەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان بە هەموارکردنی زۆرێك لەو یاسا پەیرەو کراوانەی ئێستای هەرێم، کە بونەتە کۆسپ لەبەردەم باش بەرێوەچوونی چالاکییە ئابوورییەکان، وەك یاساکانی (کار، تۆمارکردنی موڵکایەتی، پێدانی قەرز، بەکرێدان و پێدانی مۆڵەت...هتد) هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزاری.

٢- دادپەروەری لە پێدانی دەرفەتی یەکسان بۆ کارەکتەرەکانی کەرتی تایبەت، وە رەخساندنی دەرفەتێکی لەبار بۆ کێبرکێی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، هەروەها لەنێوان پارێزگا و قەزاو ناحیەکانی هەرێم بۆ زیاتر پێشکەشکردنی کارەکانیان.

٣- بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە دارشتنی پلان و سیاسەتە ئابوورییەکاندا، بۆ ئەوەی ئەو کەرتە باشتر لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا رۆڵ بگێرێت.

٤- پەرەدان بە سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەشداری کارای لە پێشکەش کردنی ئاسانکاری زیاتر بۆ کەرتی تایبەت هەبێت و پێوەندی توند و تۆڵ لەگەڵ بانکە عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بنیاد بنێت.

**شەشەم: پرۆژەی بچووک/**

لەبەر ئەوەی پرۆژەی بچووک و مامناوەندی بەسەرچاوەیەکی دیاری رەخساندنی دەرفەتی کار و بەگەڕخستنی سەرمایەی گچکە و بەرەو پێشبردنی ئاستی بەرهەمهێنان دەژمێردرێت، ئەوا (ی.ن.ک) هەوڵ دەدات بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی تایبەت بەو پرۆژانە، کە ئەرکی دارشتنی پلان و بەرنامە و سیاسەتی بەرەو پێشبردنیان بگرێتە ئەستۆ. هەروەها پێویستە سندوقێکی قەرزدان بۆ ئەو خاوەن پرۆژانە بکرێتەوە، تاوەکو ئاستی بەرهەمداری پرۆژەکانیان بەرزتر بکەنەوە و ژمارەیەکی زیاتری دەرفەتی کار بۆ هاوڵاتیان برەخسێنێت.

**حەوتەم: گەشت و گوزار/**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پشتگیری لە دارشتنی ستراتیژێکی گەشتوگوزاری پێشکەوتوو بەهاوکاری کەرتی تایبەت بۆ پەرەپێدان بە ناوچە گەشتیارییەکان و هاوکات بونیاتنانی شار و کۆمەڵگەی گەشتوگوزاری دەکات، بە یەکێك لە کارە گرنگە هەنوکەییەکانی خۆی دەزانێت. بۆیە لەم پێناوەدا بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ بوژاندنەوەی ناوچە شوێنەوارە مێژوویی و ئاینییەکان، تا پەرەدان بە کلتوری گەشتوگوزاری لە کوردستاندا لەلایەکەوە

ببێتە ناوەندێك بۆ خزمەتکردنی چالاکی ئابووری و لەلایەکی تریشەوە خزمەت بە پرۆسەی گەشەپێدانی کلتوری و گەشتوگوزاری بکات.

**هەشتەم: ژینگە/**

هەوڵدان بۆ دارشتنی سیاسەتێکی بەرنامە دارێژراو بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم و پابەندبوون بە پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵە ئیقلیمی و نێودوڵەتییەکانی تایبەت بە ژینگە و دانانی دیسپلین بۆ دابینکردنی سەلامەتی و چاودێری کردنی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە کە کاری ئێستاو داهاتووی (ی.ن.ك)ە. هاوکات هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی چەکە کۆمەڵکوژ و کیمیاوییە بەکارهاتووەکان و پاککردنەوەی کێڵگەکانی کوردستان لە مین و پاشماوەی ئەو چەك و تەقەمەنیانەی کە ژینگەی هەرێمیان پیس کردووە، تا پاراستن و پەرەپێدانی ژینگەی کوردستان ببێتە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی.

**نۆیەم: بەگژداچوونەوەی گەندەڵی/**

بەرپاکردنی هەڵمەتێکی نیشتمانی هەمە لایەن و هۆشیارکردنەوە و دانانی پلانی هەمە لایەنە بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لە هەموو ئاست و بوارەکاندا بەتایبەتی (حزبی، حکومی، کەرتی تایبەت، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی...) لە گرتنەبەری رێوشوێنێکی یاساییانە لە هەمبەر ئەو کێشەیە و هەوڵدان بۆ پابەندکردنی حکومەت بەرێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و لەبەرامبەردا شەفافیەت لەسەرجەم ئەو بوار و ئاستانەدا ببێتە سیمای هەرە دیاری حکومەت و کۆمەڵی کوردی بە چالاککردن و یەکخستنی دەزگاکانی چاودێری دارایی و دامەزراندنی دەستەی نەزاهە و کاراکردنی دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی لە کوردستاندا.

**د- ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان:**

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئەو رایەڵانەی کە تەماسی نێوان رەگەزەکانی کۆمەڵە لە (نێرو مێ، خێزان) کە بنچینەترین خانەی کۆمەڵن، توندو تۆڵتر دەکات، گرنگیەکی لە رادەبەدەری لە ژیانی سیاسی و کەش تەندروستی کۆمەڵدا هەیە. بۆیە (ی.ن.ك) وەك هێزێکی سیاسی کە بە هیوای ئایندەی ئەم گەلە بە کەناری ئارامی بگەیەنێت، ئەوا خەبات دەکات بۆ:

١- رەخساندنی دەرفەت و زەمینەی یاسایی و ئابووری بۆ نەهێشتنی بێکاری، چونکە بێکاری وەك فاکتەرێکی سەرەکی، هەژاری بە دەرئەنجامی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە دەزانێت کە رووبەرووی کۆمەڵ دەبنەوە.

٢- دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ لەگەڵ بازاڕ و رێژەی هەڵئاوسان بۆ ئەوانەی کە کەم دەرامەتن لە هاوڵاتیانی بێکار، پەککەوتە، خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، بەساڵاچوان و ئەوانەی کە بەهۆی بارودۆخێکی نائاسایی کارکردنەوە دووچاری پەك کەوتەیی بوون. ئەمەش بە هەموارکردنەوەی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی.

٣- چاوخشاندنەوە بە سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ خولقاندنی زەمینەی لەبار، بۆ سەرلەنوێ تێکەڵکردنەوەی زیندانیان بە کۆمەڵ و هاوکات دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندییە خێزانییەکانیان.

٤- هەوڵدان بۆ پاراستن و بەهێزکردن و گەشەکردنی ماف منداڵان و گەنجان لەنێو کۆمەڵی کوردستاندا لە رێگەی جێبەجێ کردنی هەموو رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بەو مافانە و دابینکردنی بەرنامە و پرۆژەی تایبەت بۆ ئەم مەبەستانە.

٥- بەهرەمەندبونی منداڵە تازە لەدایك بووەکان، تا تەمەنی شانزە ساڵ بە بیمەیەکی مانگانەی تایبەت بە ناوی بیمەی منداڵان.

٦- چاوخشاندنەوە بە یاسای خانەنشینی لە کوردستاندا، بە شێوەیەك کە ژیانێکی شایستە بۆ خانەنشین کراوان دابین بکات. بەمەرجێك سەرجەم خانەنیشینان لێی سوودمەند بن و دەرفەت بۆ هێزی کاری نوێ برەخسێنێت.

٧- کردنەوەی سەنتەری پاراستن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژنانی کوردستان لە شار و شارۆچکەکاندا.

٨- بەرپاکردنی هەڵمەتێکی نیشتمانی بەردەوام بۆ وشیارکردنەوە و ئامادەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ، بۆ پشتکردنە ئەو کلتورە کۆنە پارێزەی کە ژنی لە کۆمەڵدا پەراوێز خستووە و قبوڵکردن و پێشوازی کردن لە تێروانین بۆ مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو لە سەرجەم کایە یاسایی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکاندا. ئەمەش بە پتەوکردنی ئابووری ژنان و دامەزراندنیان لە کەرتی تایبەت و گشتیدا فەراهەم دەبێ.

١٠- بنەبڕکردنی ماددەی هۆشبەر لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای توند لە بەرامبەر هێنان و بردن و بەکارهێنانی ئەو ماددەیەدا.

**یەکەم: گەشەپێدانی مرۆیی.**

(ی.ن.ك) بڕوای تەواوی بەوە هەیە، کە پرسی سەرچاوە مرۆییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری، گەورەترین و دیارترین تەحەدایە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، وەك وەرگۆڕانێکی بنەڕەتی لە پرۆسەی پلانـدانان بۆ ئایندەی گەشەپێدانی ئابووری، بۆ گەیشتن بەوەش (ی.ن.ك) هەوڵی دابینکردنی ئەم هۆکارانە دەدات:

١- گرتنەبەری سیاسەتی گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان، کە ڕواڵەت و ئامانجەکانی بە روونی دیاری بن و لەگەڵ سیاسەتە گشتییەکاندا گونجاو بێت و لەگەڵ پلانی گەشەپێداندا بێتەوە، کە خاسیەت و سیما دیارەکانی کۆمەڵی

لەبەرچاو گرتبێ و ببێتە دەروازەیەك بۆ هێنانەدی ئامانجەكانی پرۆسەی گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەكانی كوردستان، بەوەی یەكێكە لە پێكهاتە سەرەكییەكانی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوورییە، مەبەستی بەرزكردنەوەی ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان و دابینكردنی پێداویستیە هەنوكەیی و داهاتووەكانی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان.

٢- زیاد كردنی رۆڵی پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆیی لەگەڵلە كردنی رواڵەتەكانی پرۆسەی گەشەپێدانی هەمە لایەن كە داخوازییە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانی هاوڵاتیان بەدیبهێنێت و بەوەی كە ئەو پرۆسەیە، چوارچێوەیەكە بۆ هۆشیاركردنەوە بەو پرسانەی كە بە پرۆسەی پێشكەوتنەوە پەیوەستن.

٣- پەرەپێدانی سیستەمی خوێندن، راهێنان، مەشق پێكردن و دابینكردنی چوارچێوەیەكی دامەزراوەیی، كە بەردەوام بوون و فراوانكردنی دابین بكات وەك بەرنامەیەكی نیشتمانی لەگەڵ بەرنامەكانی تری گەشەكردنی هەرێمدا گرێدراو بێت.

٤- تەرخانكردنی بودجەی زیاتر بۆ بەرنامەی گەشەپێدانی مرۆیی لە هەرێم.

٥- هەماهەنگی كردنی هەمەلایەن لەنێوان سیاسەتی دانیشتوان و سیاسەتەكانی بەگەرخستنی هێزی كار و سیاسەتەكانی خوێندن و ستراتیژی گەشەپێدان.

٦- پێكهێنانی دامەزراوەیەك بۆ سەرپەرشتیكردنی بەرنامەكانی گەشەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی كە ئەركی جێبەجێكردن و بەدواداچوونی ئەو پرۆسەیە بكات، هەروەها هەماهەنگی لەنێوان ئەو بەرنامە و بەرنامەكانی تری گەشەپێداندا بكات بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی ئەدائی جێكردنی ئەو پرۆسەیە.

**دووەم: لاوان.**

لاوان سەرمایەی هەرە گەورەی بە نرخی کۆمەڵ و داهاتووی کوردستانن، لەو روانگەیەوە لە پێناو ئایندەیەکی گەش و شایستەدا (ی.ن.ك) خەبات دەکات بۆ:

١- دۆزینەوەی هەلی کار و ئامادەکردنیان بۆ بازاڕی کار و خستنەگەڕی بەهرە و تواناکانیان، لەناوخۆ و دەرەوەدا.

٢- رەخساندنی هەلومەرجی فراوان بۆ پەرەپێدانی ئازادانەی توانا و بەهرەکانی لاوان، گەشەپێدانی کەسێتی کۆمەڵایەتی و خۆدۆزینەوەیان لە بوارە جیاجیاکانی چالاکییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتوری، پەروەردە، خوێندن و وەرزشییەکان، لە رێی کردنەوەی دەرفەتەکانی بەشداربوونی لاوان لەسەرجەم کایەکاندا.

٣- دابینکردنی زەمینەی یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی سەربەست بۆ لاوانی کوڕ و کچ لە پێکهێنانی خێزان و نیشتەجێ بووندا.

٤- دروستکردنی کەشی ئازاد و فەراهەم کردنی پانتاییەکانی ئازادی، تا لاوان بتوانن بە شێوەیەکی ئەکتیڤ بەشداری لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و روناکبیریدا بکەن.

٥- گەشەپێدان و زیاد کردنی سەنتەرەکانی راهێنان و پێگەیاندنی لاوان لە هەرێمی کوردستاندا و دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی نێوان لاوانی کوردستان و بەستنەوەیان بە لاوانی ناوچەکە و جیهانەوە.

٦- پراکتیك کردنی میکانیزمەکانی مۆدێرن لە پێکهێنانی رێکخراوەکانی لاواندا، تا بتوانن بە ئازادانە گوزارشت لە بیروبۆچوون و پێداویستییە پیشەییەکانی خۆیان بکەن.

٧- پەروەردە کردنی لاوان بە گیانێکی سەردەمیانە بۆ زیاتر خۆشەویستی خاك و بەهێزکردنی ئینتمای نیشتمانیان.

**سێیەم: وەرزش.**

ئەمڕۆ لە کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا وەرزش ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەیە، چونکە گەلانی تازە ڕزگاربوو لە وڵاتانی دواکەوتوودا، دەتوانن لە ڕێگەی چالاکییە وەرزشیەکانیەوە هەم توانای وەرزشیان و هەم خۆیان بە گەلانی دونیا بناسێنن و هەم پرسی ڕەوای خۆیان بگەیەننە لای گەلان و وڵاتانی پێشکەوتوو. بۆ ئەم مەبەستەش (ی.ن.ك) هەوڵ دەدات بۆ:

١- هۆشیارکردنەوەی لاوان و گەنجانی وڵات بۆ بەردەوام بوونیان لە چالاکی وەرزشی و پێشکەش کردنی نمونەی بەرز و باڵا لەو بوارەدا.

٢- دامەزراندنی یانەی وەرزشی تایبەت بە بوارە جیاوازەکانی وەرزش لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا.

٣- بونیادنانی ژێرخانی وەرزشی لە شارەکاندا، وەك یاریگا و مەلەوانگە و هۆڵی داخراو.

٤- دامەزراندنی چەند بنکەیەکی تەندروستی و وەرزشی بۆ چارەسەری سروشتی و نەشتەرگەری وەرزشی لە شارە گەورەکاندا.

٥- دابینکردنی بودجەیەکی گونجاو بۆ یانە و یەکێتیە وەرزشیەکان بۆ ئەنجامدانی کاری وەرزشی.

٦- دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی وەرزشی بۆ گرنگی دان بە ڕۆڵی وەرزش لە کوردستاندا.

٧- دابینکردنی توانای دارایی بۆ هێنانی ڕاهێنەری پسپۆر و ڕاهێنانی تیپەکان بە نوێترین بنەماکانی پەروەردەی وەرزشی.

**چوارەم: ژنان.**

ژنان لە کوردەواریدا، لە هەردوو ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، هاوکاتیش بە یەکێك لە جومگە سەرەکیەکانی کۆمەڵی کوردستان دادەنرێن. بۆیە هەر هێزێکی سیاسی بیەوێ ئاسنامەی مۆدێرنی

خۆی نیشانی رای گشتی و کۆمەڵانی خەڵك بدات، ئەوا دەبێت کەیسی ژنان لەناو بەرنامەی سیاسی و فەلسەفەی کارکردنی خۆیدا، جێگای شایستەی هەبێت. جا بەو پێیەی (ی.ن.ك) هێزێکی سیاسی پێشکەوتن خوازە و هەڵگری جیهانبینی سۆسیال دیموکراتە، ئەوا بۆ دەستەبەر کردن و بەدیهێنانی مافە سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و کلتورییەکانی ژنان خەبات دەکات بۆ:

١- سازکردنی زەمینەی کۆمەلأیەتی، یاسایی، ئابووری و روناکبیری، تا ژنان بتوانن ئازادانە مومارەسەی مافە سیاسی و مەدەنەیەکانی خۆیان بکەن.

٢- رەخساندنی کەشی ئابووری شیاو، تا ژنان بتوانن بەهۆی سەلیقە و توانای کارکردنی خۆیانەوە، ببنە خاوەنی دارایی خۆیان و لە رووی ئابوورییەوە سەربەست بن.

٣- دژایەتیکردنی هەر جۆرە ئایدیا و ئایدۆلۆژییەك، کە بانگەشە بۆ بەکەم سەیرکردن، یان بچووك کردنەوەی ژنان لە کۆمەڵ دەکات.

٤- بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و رۆشنبیری لەنێو کۆمەڵدا، بۆ گەیشتن بە یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە رووی ئەرکەکان و مافەکانەوە لە هەموو بوارەکاندا و نەهێشتنی ستەمی مێژوویی لە دژی ژنانی کوردستان لە رێگەی یاسای گونجاو و قەدەغەکردنی هەموو جۆرە توندو تیژییەك دژی ژنان.

**پێنجەم: پەروەردە و خوێندن.**

١- هەوڵدان بۆ گەشەپێدان و مۆدێرنەکردنی بەردەوامی سیستەمی پەروەردە، فێرکردن و خوێندنی بالأ، پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن، گۆڕینی سەراپای فەلسەفەی پەروەردە بۆ تەواوی خوێندنگاکان بۆ ئەوەی لەگەڵ پەرەسەندنە زانستیەکانی جیهاندا بگونجێ و هاوکات وەلأمی پێداویستیەکانی کۆمەڵ و ئەرکە زانستیەکان بداتەوە.

٢- پابەندبوون بە سیستەمی خوێندنی تەوزیمی بۆ مندالأنی کوردستان، تا تەواوکردنی قۆناغی بنەڕەتی.

٣- هەوڵدان بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی پەروەدە و خوێندن لە هەموو ئاستەکاندا، هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی، زیادکردنی بەرچاوی ژمارەی خوێندنگەکان و کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابی لە پۆلەکاندا و دابینکردنی بەشی ناوخۆیی گونجاو و ئامرازی هاتوچۆ، بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە گوندەکانی خۆیان قوناغی ئامادەیی لێ نییە.

٤- گەشەپێدانی زانکۆکانی کوردستان بە حکومی و ئەهلیەوە و پاراستنی سەربەخۆییان لە رووی ئەکادیمی، دارایی، کارگێرییەوەو بایەخدان بە لێکۆڵینەوە زانستیەکان.

٥- بایەخدان بە خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی لە رووی چۆنایەتییەوە، بە شێوەیەك کە لەگەڵ توانا و پێداویستییەکانی بازاڕی کار گونجاو بێت.

٦- گرنگیدان بە وزە و ئەقلی نوێی کادیرانی ئەکادیمی، ئەویش بە هاندانی کۆچی پێچەوانەی پسپۆران و خاوەن بڕوانامە باڵاکان لە دەرەوە بۆ ناوەوەی هەرێم.

٧- دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ رێگە گرتن لە دیاردەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئەویش بە دانانی پلانی زانستی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا.

٨- هەوڵدان بۆ دابینکردنی کورسی و زەمالەی خوێندن لە وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ خوێندکارانی گەلی کوردستان و کارئاسانیکردنی بۆیان. بەتایبەت لە بواری زانستی سروشتیدا.

٩- کردنەوەی پەیمانگەی تایبەت بە فێربوونی زمانی کوردی، بۆ ئەو کەسە بیانیانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن و دەژین.

**شەشەم: تەندروستی.**

١- رێکخستنەوەی هاوچەرخانەی سیستەمی تەندروستی بە جۆرێك خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و بیمەی تەندروستی بۆ هەموو هاوڵاتیانی

کوردستان دەستەبەر بکات، بە شێوەیەك لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان بگونجێت، بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچە جیا جیاکانداو رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی ژنان و منالآن.
٢- چاودێریکردنی تەندروستی و یارمەتیدانی ژنانی دووگیان و دوورخستنەوەیان لە کاری قورس.
٣- گەشەپێدانی نەخۆشخانەکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەی تر بۆ چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکان لە کۆمەڵی کوردستاندا.
٤- کوالیتی کۆنترۆڵکردنی هاوردەی کەرەستە پزیشکیەکان لە دەرمان و سەرجەم پێداویستییە تەندروستیەکانی ناو هەرێم.
٥- گرینگیدان بە کردنەوەی خولی راهێنان و پەرەپێدان بە توانا پزیشکیەکان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان و هاوکات هەوڵدان بۆ هێنانی پزیشکی پسپۆڕ و شارەزا لە سەرجەم بوارە تەندروستییەکاندا بۆ نەخۆشخانەی کوردستان.
٦- کردنەوەی کۆمەڵگەی پزیشکی لە شار و شارۆچکەکاندا.
٧- هەوڵدان بۆ رێکخستەوەی نەخۆشخانە نەهلیەکان و عیادە پزیشکیەکان، بە چەشنێ لەگەڵ باری دارایی داهاتی تاکی کوردستاندا بگونجێ.
٨- بایەخ پێدان و فراوانکردنی نەخۆشخانە تایبەت بە منداڵان بە جۆرێك کە بتوانێت خزمەتی بەرچاو بە تەندروستی منالآنی گەلی کوردستان بکات.

**حەوتەم: نیشتەجێ بوون:**

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان تێدەکۆشێت بۆ:**

١- چارەسەرکردنی کێشەکانی بواری نیشتەجێ بوون، بەتایبەت بۆ هاولآتیانی کەم دەرامەت و پێداچوونەوە و هەموارکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە لە بواری نیشتەجێ بووندا کاریان پێ دەکرێت ورێکخستنەوەیان بە شێوازێك لە بەرژەوەندی گشتی دابێت.

٢- هاندانی وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی نیشتەجێکردن و دروستکردنی شوقە و خانووی نیشتەجێ بوون بۆ هاولاَتیان لە شار و گوندەکانی کوردستان، بە شێوەیەك بکرێتە ئەرکی سەرەکی تا گرفتی نیشتەجێ بوون چارەسەر بکرێت.

٣- شار، شارۆچکە، شارەدێ و گوندەکان بە شێوازێك پەرە پێدەدرێت کە خزمەتگوزاری و پێداویستیە هەمە لایەنەکانی ژیانی هاوچەرخیان بۆ دابین بکرێت، بە شێوەیەك کە بۆ ژیان و کار ببێتە جێگەی بایەخ و سەرنجی هاولاَتیان.

٤- چارەسەرکردنی نیشتەجێبوونی پێشمەرگە، کەم ئەندامانی شۆرش، زیندانیە سیاسییەکان، کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان.

٥- بە خاوەندارێتی کردنی شوێنی نیشتەجێبوون لە کەرتی حکومیەکاندا، بۆ ئەو مووچە خۆرانەی کرێچی حکومەتن ئەویش بەوەی دەبێت حکومەتی هەرێم کرێی مانگانەی موچە خۆرە کرێچییەکان بە بڕی تێچوونی ئەو خانوانە بخەملێنێ و حساب بکات.

**هەشتەم: بواری کلتوری.**

١- گەشەپێدانی بزووتنەوەی کلتوری و دامەزراندنی ناوەندێکی زانستی تایبەت بە ئامانجی نزیك کردنەوەی شێوازەکانی زمانی کوردی، تا ببێتە هەولێکی سەرەتایی بۆ دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی و هاوکات پەرەپێدانی کۆڕی زانیاری کوردی.

٢- دابینکردنی زەمینەی لەبار بۆ گەشەپێدانی بوارە جیاجیاکانی میدیا، هونەرە جوانەکان، سینەما، ئەدەب و نووسینی کوردی.

٣- کۆکردنەوە و بلاَوکردنەوەی فۆلکلۆر، کەلەپوری کوردی و پاراستنی ئەرشیفی نوسراوی گەلەکەمان لە فەوتان و لەناوچوون.

٤- گرنگیدان و ڕێزگرتن لە کلتور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی سەرجەم ئەو نەتەوە (تورکمان، عەرەب، کلد و ئاشووری) ئایین و مەزهەبانەی (مەسیحی، ئێزدی، صائیبەی مەندانی، شەبەك، کاکەیی) کە لە کوردستان دەژین.

٥- کوردستان جێگەیەکی شارستانیە، هەروەك لە بەڵگە شوێنەوارەکان سەلمێنراوە، بۆیە پێویستە بایەخ بە شوێنەوارەکانی کوردستان بدرێت و مۆزەخانەیەکی نیشتمانی لە پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکرێت.

**نۆیەم: کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران.**

١- کارکردن بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی شایستە بە کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانی شۆڕش، قوربانیانی ئەنفال، کیمیاباران و هەوڵدان بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووانی ئەو کارەساتە.

٢- چاودێریکردن و گرنگیدان بە منداڵانی شەهیدانی شۆڕش و قوربانیانی ئەنفال، کیمیاباران و کارئاسانی کردن بۆ تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.

٣- زیندوو ڕاگرتنی ناو و یادەوەری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران بە شێوازی جۆراو جۆر لە پەروەردە و پێگەیاندندا.

٤- هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان.

٥- درێژەدان بە هەڵمەتی گەڕان بە دوای چارەنووسی ئەنفالکراوەکان و هێناوەوەی رووفاتە پیرۆزەکانیان بۆزێدی باو و باپیرانیان.

٦- هەوڵدان بۆ بە جینۆساید ناساندنی کەیسی ئەنفال لە هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا.

**دەیەم: زیندانییە سیاسییەکان.**

١- بۆ چارەسری یەکجارەکی کێشەی زیندانیانی سیاسی داوا کارین بە یاسای ژمارە (٤) سالی (٢٠٠٦)ی دەرچووی پەرلەمانی عێراق، تایبەت بە زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت. بە هەمان ماف و ئیمتیازاتەوە وەك ئەوەی لە یاساکەدا هاتووە کە زیندانی سیاسی کورد هیچی کەمتر نییە لە زیندانی سیاسی پارێزگاکانی تری عێراق.

٢- زیادکردنی ماددەیەکی تایبەت بە زیندانیانی سیاسی کوردستان لە دەستوری ئامادەکراوی هەرێمی کوردستان تابوونی توێژی زیندانی سیاسی بسەلمێنێت و حکومەتی هەرێم پابەند بکات بە قەرەبووی زیندانیە سیاسییەکان و چاودێری خۆیان و منداڵەکانیان بگرێتە ئەستۆ وەك چۆن لە دەستوری عێراقدا هاتووە.

٣- پێدانی مەدالیای رێزلێنان بە زیندانیانی سیاسی کوردستان کە جەنابی سکرتێری گشتی رەزامەندی لەسەر دابوو.

٤- هەژمارکردن و یەکسان کردنی خەباتی زیندانی سیاسی، خەباتی پێشمەرگەی سەنگەر، کەم ئەندامی سەنگەر و شەهیدی سەنگەر لە رووی ماف و ئیمتیازاتەوە.

٥- پێدانی سلفەی تایبەت بە زیندانی سیاسی وەك پێشمەرگە دێرینەکانی (ی.ن.ك).

٦- هاوکاری پێویست دابین بکرێ بۆ زیندانیانی سیاسی و منداڵەکانیان کە لە کۆلێژە ئەهلیەکان دەخوێنن.

٧- دابینکردن و پێدان و سەرفکردنی بودجەی زیندانە سیاسیەکان بەپێی ئەو بودجەیەی کە لە عێراق بۆ زیندانیانی سیاسی عێراق و کوردستان دیاریکراوە.

٨- چارەسەرکردنی زیندانیانی سیاسی نەخۆش لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لەسەر حسابی حکومەت.

**یانزەم: کەم ئەندامانی سەنگەر و زیندانیانی سیاسی و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.**

١- جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٣٤)ی تایبەت بە خانەنشینکردنی (کەم ئەندامانی سەنگەر) کە لە ساڵی (٢٠٠٧) دەرچووەو لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پەسەندکراوە. بەڵام تا ئێستا لەلایەن حکومەت جێبەجێ نەکراوە.

٢- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کەم ئەندامانی سەنگەر لە وەزارەتی پێشمەرگە.

٣- بەخشینی مەدالیای ڕێزلێنان بۆ کەم ئەندامانی سەنگەرو ڕێکخستنی هەیبەت و ئیمتیازات بەپێی یاسا.

٤- دابینکردنی زەمالەی خوێندن بۆ کەم ئەندامانی سەنگەر و کور و کچیان، سەرفکردنی پارە بۆ خوێندن بۆیان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات بەپێی مەرجەکانی خوێندن.

٥- پێدانی زەوی بەکەم ئەندامانی سەنگەرو ئەوانەی تا ئێستا زەویان وەرنەگرتووە.

٦- دروستکردنی چەند کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوونی تایبەت بەکەم ئەندامانی سەنگەر کە پێداویستی کەم ئەندامانی تێدا ڕەچاو بکرێت لەشارو شارۆچکەکان.

٧- چارەسەرکردنی تەواوی کەم ئەندامانی سەنگەرو ئەوانەی بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی چارەسەر نەکراون لەناوەوە یان لە دەرەوەی وڵات.

٨- هاوکاریگرنی تەواوی کەم ئەندامانی سەنگەر بۆ کڕینی داو ودەرمانی پێویست بۆ ئەوانەی کە تووشی نەخۆشی درێژخایەن بوون کە مانگانە مووچەکەیان بەش داوودەرمان ناکات.

٩- ریزلێنانی رەمزی لە کەم ئەندامانی سەنگەرو زیندانیە سیاسیەکان بەدروستکردنی پەیکەرو ناونانی شوێنە گشتیەکان، وەك پارك، شەقام، باخچە، هتد) بەناویانەوە.

١٠- داواکارین مووچەی کەم ئەندامی سەنگەر ریگر نەبێت لەبەردەم مووچەی کارکردن لەدام و دەزگاکانی حکومی و حزبی بەپێی ئستحقاقی دامەراندنیان لە حکومەتدا.

١١- کردنەوەی چەند سەنتەرێکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و خۆشگوزەرانی و پیشەیی لەشارو شاروچکەکان بە مەبەستی گەرانەوەی کەم ئەندامان بۆ ناو کۆمەڵ و ژیانی ئاسایی.

١٢- لە بواری خزمەت گوزاری رەچاوی هەلومەرجی کەم ئەندامان بکرێت لە بورای پرۆژەی گشتی و تایبەت بۆ پێدانی مولەتی بیناسازی و دروستکردنی رێگای تایبەت بە عەرەبانەو دابینکردنی پاسی تایبەت بە گواستنەوەو هەندێ خزمەتگوزاری.

١٣- دابینکردنی سەرجەم پێداویستیە تەندروستیەکانی کەم ئەندامان بە خۆرایی وەك (عەرەبانە، دارشەقە، پەلی دەستکرد).

١٤- دەرکردنی رێنمایی بۆ ئاسان کردنی ئیشو کارەکانی کەم ئەندامان لەدام و دەزگاکانی حکومەت لە کاتی سەردانیاندا.

١٥- رەخساندنی دەرفەت بۆ کەم ئەندامانی سەنگەر بۆ دەرەوەی ولآت بۆ هەر بۆنەیەك کە پێویست بکات.

١٦- هەلبدرێت بۆ دەرکردنی یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دابینکردنی پشتیوانی یاسایی بۆ ئەو کەم ئەندامانەی سەنگەر کە تووشی کێشەی کۆمەلآیەتی بوون لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەرکی حزبی و پێشمەرگایەتیدا.

١٧- دیاریکردنی رۆژێك بە ناوی رۆژی کەم ئەندامانی سەنگەر.

١٨- پێدانی قەرزی وەبەرهێنانی درێژخایەن و بێ سوود وەرگرتن لە بانکەکانی حکومەتی هەرێم بەکەم ئەندامانی سەنگەر.

١٩- کردنەوەی فرۆشگای تایبەت بە کەم ئەندامانی سەنگەر لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان بە نرخێکی گونجاو و بەقستی مانگانە.

٢٠- کردنەوەی مۆزەخانەیەکی تایبەت بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کەم ئەندامانی سەنگەر لە شۆرشی نوێ و تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانیان.

٢١- پێدانی سەرجەم ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامی سەنگەر بە وارسی لە دوای کۆچکردنی.

٢٢- سەرفکردنی موچەیەکی شایستە بۆ بەخێوکردنی ئەو کەم ئەندامانەی کە رێژەکەیان (١٠٠٪) بۆ ئەوەی بتوانن لە ئاست خزمەتی کەم ئەندامان‌دا بن بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان.

٢٣- هاوکاری هاوسەرگیری بۆ کوڕ و کچی کەم ئەندامانی سەنگەر بکرێت لە کاتی پرۆسەی هاوسەرگیری.

٢٤- دابینکردنی شوێنێکی حەوانەوەی گونجاو بۆ ئەو کەم ئەندامانەی کە بێ جێگاو رێگان وە ناتوانن خۆیان بەخێ بکەن.

٢٥- هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئوتۆمبێل بە پێی پێداویستی و جۆری کەم ئەندامی بۆ سەرجەم کەم ئەندامانی سەنگەر.

٢٦- کردنەوەی پرۆژەی وەبەرهێنان بۆ سوود وەرگرتن لەتوانا مرۆییەکانی کەم ئەندامان بۆ سوود گەیاندن بە ئابووری وڵات.

## پەیڕەوی ناوخۆ

### یەکەم

**پرەنسیپە گشتیەکان**

**مادەی (١):**

١- ناو: یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە کورت کراوەی (ی.ن.ک)ە.

٢- سنووری هەڵسوڕان و چالاکی: هەرێمی کوردستان، ناوچەدابڕاوەکان، ناوچەکانی عێراقی فیدراڵ و دەرەوەی وڵات.

**مادەی (٢):**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان حزبێکی سۆسیال دیموکراتە، خەبات دەکات بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و پتەوکردنی بەهای ئازادی، دیموکراسی، هاوڵاتی بوون، مافی مرۆڤ، مافی چارەنووس، بڕوای هەیە بە کلتوری یەکسانی و لێبوردەیی.

١- دروشمەکانی: ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەنووس، دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

٢- ئارم: دەستێکی گوڵی لالە (مێلاقە)و چڵە زەیتون و گوڵە گەنمێکی بەرزکردۆتەوە.

٣- سروودی مەشخەڵان سرودی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

**مادەی (٣):**

پەیڕەوی ناوخۆ بالاترین دەستوری کاری رێکخراوەیی (ی.ن.ک)ە، ئەندام و ئۆرگانەکان لەهەر پلەیەك دابن، دەبێت پێوەی پابەند بن.

**مادەی(٤):** لە کۆمیتە تا ئاستی سەرکردایەتی لە هەموو ئۆرگانەکاندا رێژەی ژن بەلای کەمەوە لە (٢٠٪)بێت.

**مادەی (٥):**

**١- کۆبونەوەی ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) ڕێژەی یاسایی وەردەگرێت بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەها (٥٠ +١).**

**٢- جگە لەو مادانەی کە دەقێکی دیاریکراو ڕێژەیەکی جیاوازی بۆ دیاریکردووە، لە ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك)دا دەنگدان بە زۆرینەی سادەی دەنگەکان دەبێت.**

**دووەم (ئەندامێتی)**

**مادەی (٦):**

**١- هەر هاوڵاتییەکی کوردستان، ناوچەکانی تری عێراقی فیدراڵ و دەرەوەی وڵات، کە باوەڕی بە پرۆگرام و پەیڕەوی (ی.ن.ك) هەبێت دەتوانێت ببێت بە ئەندام.**

**٢- ڕێکخستن و ئەندامێتی لەسەر بنچینەی جوگرافی، پیشەیی یان ناوەندی هەڵبژاردن دەبێت. هەر ئەندامێك لە کاتی کواستنەوەیان ئالوگۆری شوێنی نیشتەجێ بوون، یاخود شوێنی پیشەیی دەتوانێت داوا لە ئۆرگانەکانەکەی بکات بگوازرێتەوە.**

**مادەی (٧): مەرجەکانی ئەندامێتی.**

**١- ئەندام تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت و هەر هاوڵاتیەك لە (١٥) ساڵییەوە لە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی سەر بە (ی.ن.ك) وەردەگیرێت.**

**٢- داوایەك بە نووسراو پێشکەش بکات.**

**٣- پابەندی پەیڕەوبێت و بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرام تێبکۆشێت.**

**٤- لە ئۆرگانێکی (ی.ن.ك) دا چالاکی بنوێنێت.**

**٥- ناوبانگی باش بێت و لانی کەمی هۆشیاری و نیشتمانی هەبێت**

**٦- ئابوونە بدات.**

**مادەی (٨): مافەکانی ئەندام**

١- هەموو ئەندامێك ماڤ هەیە لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات و خۆی بۆ ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) بپالێوێت.

٢- پرسیارو پێشنیارکردن و ڕەخنە گرتن لەهەر ئەندام و ئۆرگانێکی (ی.ن.ك) بە زارەکی یاخود بە نووسین و لە هەر مەسەلەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی و دارایدا لە ڕێگەی ئۆرگانەکانی خۆیەوە لەچوار چێوەی (ی.ن.ك)دا.

٣- هەموو ئەندامێکی بەهرەمەند، لە بوارەکانی نوسین و هونەری وەرزشیدا، لە کاتی پێویستدا ماڤ خۆیەتی داوای هاوکاری و پشتیوانی لە (ی.ن.ك) بکات.

٤- هەموو ئەندامێکی یەکێتی لە کاتی نەخۆشی، لێقەومان، کارەسات و ڕووداوی ناخۆشی چاوەڕوان نەکراودا، بۆی هەیە داوای کۆمەکی مادی لە (ی.ن.ك) بکات.

٥- هەموو ئەو ئەندامانەی کادری پیشەیین، موچەی مانگانەیان بەپێی سروشتی کارەکانیان دەدرێتێ، هەموو مافێکیان بەپێی ڕەچاوکردنی یەکسانی بۆ دابین دەکرێت و لە سونگەی تەمەن و نەخۆشییەوە خانەنشین دەکرێن.

٦- ئەو ئەندامانەی کە ساڵانێکی زۆرە ئەندامن و خزمەتێکی زۆری (ی.ن.ك) یان کردووە، بەپێی بەرنامەیەکی تایبەت کە کۆمیتەی سەرکردایەتی لێی بەرپرسیارە، لە ڕووی مادی و مەعنەوەییەوە ڕێزیان دەگیرێت.

٧- ئەندام ماڤ بەرگری لە خۆکردنی هەیە.

**مادەی (٩): ئەرکەکانی ئەندام**

١- دڵسۆزانە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی (ی.ن.ك) تێبکۆشێت.

٢- یەکێتی ڕیزەکانی ناو (ی.ن.ك) بپارێزێت.

٣- دژی دەستەگەری و ناوچەگەری و هۆزگەری بێت.

٤- هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری، سیاسی و نەتەوەیی خۆی بدات.

٥- نهێنیەکانی (ی.ن.ك) بپارێزێت و ڕاستیەکانی لێ نەشارێتەوە.

٦- بەرگری لەبەرنامەو سیاسەتی (ی.ن.ك) و سەروەریەکانی بکات.

٧- بەرژەوەندی (ی.ن.ك) بخاتە سەرووی بەرژەوەندی خۆیەوەو بەرژەوەندی گەل و نیشتمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە رابگرێت.

٨- هەوڵبدات دۆست و لایەنگرو دەنگدەر بۆ (ی.ن. ك) پەیدا بکات.

٩- پارێزگاری لە سەروەری یاساو مافەکانی مرۆڤ و ژینگە بە ئەرکی خۆی بزانێت.

١٠- دەبێت هەموو ئەندامێك مانگانە ئابوونەی ئەندامیەتی بدات و مەکتەبی رێکخستن ریسای تایبەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی دەردەکات.

**لە دەستدانی ئەندامێتی و سزادان**

مادەی (١٠): ئەندام لە ئەندامێتی (ی.ن.ك) دەکەوێت بە هۆی: مردن، وازهێنان، یان دەرکردنەوە

**مادەی (١١) سزادان و جۆرەکانی:**

١- سەرنج راکێشان: کۆمیتە و مەڵبەندەکان لە سنوری چالاکی خۆیان، هەریەك بە پێی ئاستی خۆی لە کاتی پێویستدا، دەتوانن بە نووسراو سەرنجی هەر ئەندامێك رابکێشن کە کەمتەرخەمی و پێشێلکاری لەکارکردندا کردبێت، یاخود کارێکی وای کردبێت کە شیاوی ئەو سزایە بێت.

٢- هەڵپەساردن: لەکاتی بەردەوام بوونی ئەندام لەسەرکەمتەرخەمی و پێشێلکاری لەدوای سەرنج راکێشانی و لەسەر پێشنیازی مەڵبەند، مەکتەبی رێکخستن دەتوانێت بریاری هەڵپەساردنی بۆ ماوەی (٣-٦) مانگ دەربکات.

٣- پلەداگرتن: دوای سەرنج راکێشان و هەڵپەساردن لە کاتی بەردەوام بوونی ئەندام لەسەر پێشێلکاریەکانی، بەپێی قەبارەی پێشێلکاریەکە، مەڵبەند پێشنیار دەکات و مەکتەبی رێکخستن دەتوانێت بریاری پلەداگرتن بدات.

٤- دەرکردن: هۆیەکانی دەرکردن:

**ئەندام لەم بارانەدا دەردەکرێت:**

١- کارکردن دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان.

٢- پەیوەندیکردن بەهەر لایەنێکی تری سیاسی.

٣- کارکردن دژ بە سیاسەتی (ی.ن.ك) و هەوڵدان بۆ تێکدانی ریزەکانی

٤- بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بخاتە سەرووی بەرژەوەندییەکانی (ی.ن.ك)

٥- درکاندنی نهێنییەکانی (ی.ن.ك).

٦- کارکردن دژ بە پاڵێوراوان و بەرنامەی (ی.ن.ك) لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

٧- لە پەیرەو وپرۆگرامی (ی.ن.ك)لابدات.

٨- هەر ئەندامێك لەهەر پلەیەکدابێت تاوانێکی تاوانی ئابڕوبەری سەلمێنراو بە بریارێکی دادگایی ئەنجام بدات مافی ئەندامێتی لێ دەسەندرێتەوە.

**مادەی (١٢):** بریاری دەرکردن لە کۆمیتەی سەرکردایەتی دەردەچێت.

**مادەی (١٣):**

١- ئەگەر ئەندام سزادانەکەی بەلاوە رەوا نەبوو، مافی داوای لێکۆڵینەوەی هەیە لەلای ئۆرگانەکانی سەروتری خۆی و کۆمسیۆنی سکالاو لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی ناوەند.

٢- هەر ئەندامێك کە پێشتر وازی لە (ی.ن.ك) هێنابێت، یان مافی ئەندامێتی لەدەستدابێت، جگە لەوانەی تاوانی ئابڕوبەرانەیان ئەنجام دابێت، مافی داواکردنەوەی ئەندامێتیان هەیە.

**سێیەم: کۆنگرە**

**مادەی (١٤):** کۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتی (ی.ن.ك)ە کەهەر (٣) ساڵ جارێك دەبەسترێت و کۆنگرەی داهاتوو پێویستە لە مانگی (٢٠١٣/١٠) داببەسترێت.

**مادەی (١٥):** نابێت لەهەربارێکدا کۆی گشتی ئەندامانی کۆنگرە لە (١٠٠٠) ئەندام تێپەر بکات، کە بریتین لە:

ا- نوێنەرانی ڕێکخستن کە بە هەلبژاردن دەبێت، بە پێی ئەو ڕێژەیەی کە بۆیان دیاری دەکرێت.

ب- ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند.

ج- ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی.

د- ئەندامانی مەکتەب و دەزگا و پێشمەرگەکانی (١٩٧٦)، پێشمەرگە دێرینەکان، زیندانە سیاسییەکان، ڕێکخستنە دێرینەکان، پارتیزانەکان کەم ئەندامان بەبێ هەڵبژاردن دەبنە ئەندام بەپێی ئەو ڕیژەیەی بۆیان دیاری دەکرێت.

ه- سکرتێری گشتی بەراوێژ لەگەڵ کۆمیتەی سەرکردایەتی (١٢٠) ئەندامی کۆنگرە دیاری دەکات.

و- لانی کەم لە (٢٠٪) ڕێژەی ئەندامانی کۆنگرە لە ژنان پێکدێت.

ز- کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری ڕێژەیەك لە ئەندامانی کۆنگرە دیاریدەکات بۆ فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق وولآتانی دەرەوەو وەزیرەکان و باڵیۆزو دام و دەزگا حکومیەکان و ڕێکخراوەکانی تر.

ح- هەموو ئەندامانی تر لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەبێت.

**مادەی (١٦):**

(١٠٠) چاودێر لە کەسانی پسپۆری یواری جیاجیا دەکرێت بانگهێشت بکرێن بە بریاری سکرتێری گشتی و بەراوێژ لەگەڵ کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆ راوێژکردنی کاروبارەکانی کۆنگرە، کە ماڤ دەنگدانیان نابێت.

**مادەی (١٧):**

١- کۆمسیۆنێك بە ناوی کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بە بریای کۆمیتەی سەرکردایەتی پێکدەهێنرێت.

٢- شەش مانگ بەر لە کۆنگرە، کۆمسیۆنی بالای ئامادەکاری بە هاوکاری لەگەڵ دەزگای هەڵبژاردن، ئامادەکاری پێویست دەکات.

٣- کۆمسیۆنی باڵای کۆنگرە ئامادەکاری و دەزگای هەڵبژاردن بەرپرسن لە ئەنجامدانی کاری پێداچوونەوەی لیستی ناوی ئەندامانی هەڵبژێردراو و دەستنیشانکراوی کۆنگرە بەپێی پێوانە دیاریکراوەکان لە پەیرەودا.

**مادەی (١٨):** لەبەر هەر هۆیەك کۆنگرە لە کاتی خۆی نەکرا ببەستیرێت، تەنها پلینیۆم دەتوانێت بۆ ماوەی (٦- ٣) مانگ بۆ یەك جار کۆنگرە دوابخات. لەکاتی نەبەستنی کۆنگرە لەوماوەیەدا سەرکردایەتی شەرعیەتی لەدەست دەدات.

**مادەی (١٩):**

١- ئەگەر زیاتر لەنیوەی سەرجەمی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە ئامادەی کۆنگرەبوون، کۆنگرە رەوایی پێویست وەردەگرێت.

٢- پەسەندکردنی راپۆرت و بڕیاردان لە کۆنگرەدا بە زۆرینەی سادە دەبێت.

**مادەی (٢٠):** ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە.

١- هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی.

٢- هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند.

٣- هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی راپۆرتی گشتی سکرتێری گشتی.

٤- پێداچوونەوەو دەستکاری کردن و پەسەندکردنی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ.

٥- هەڵسەنگاندنی سیاسەتی (ی.ن.ك) لە نێوان دوو کۆنگرەدا و بڕیاردان لەسەر سیاسەتی نویێ بۆچەسپاندنی رێبازی یەکێتی.

٦- تاوتوێکردنی ئەو مەسەلانەی کە کۆنگرە بە پێویستی دەزانێت بریاریان لەسەر دەدات.

٧- بڕیاردان لەسەر سکالا و پێشنیازە پێشکەشکراوەکان.

٨- هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی حکومەت.

٩- دەرکردنی راگەیاندنی کۆتایی.

**مادەی (٢١): کۆنگرەی نا ئاسایی**

١- کۆنگرەی نائاسایی لەوکاتەدا دەبەسترێت کە قەیرانێك یان رووداوێکی گرنگ دێتە پێشەوە.

٢- لەسەر داوای سکرتێری گشتی یان ٣/٤ی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یان ٣/٤ ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند کۆنگرەی نائاسایی دەبەسترێت.

٣- لانی کەم مانگێك پێش بەستنی کۆنگرەی نائاسایی، کاتی بەستنی کۆنگرە دیاری دەکرێت.

٤- کۆنگرەی نائاسایی هەمان دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی ئاسایی هەیە.

٥- ئەندامانی کۆنگرەی ئاسایی پێشو دەبنە ئەندامانی کۆنگرەی نائاسایی.

**مادەی (٢٢): کۆبوونەوەی فراوان (پلینیۆم).**

١- بەمەبەستی پێداچوونەوەی کاروبارەکانی (ی.ن.ك) وەرگرتنی بیروڕای زۆرترین ژمارەی ئەندامانی لێپرسراوولەسەر داوای سکرتێری گشتی یان ٢/٣ ی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یان ٢/٣ ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند دەبەسترێت.

٢- بەشدارانی پلینیۆم پێکدێت لە سکرتێری گشتی، کۆمیتەی سەکردایەتی، ئەنجومەنی ناوەند، ئەندامانی مەکتەب، دەزگاکان و ئەنجومەنی مەڵبەندەکان.

٣- هەموو دەسەڵاتێکی کۆنگرەی هەیە جگە لە: گۆڕینی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆو سکرتێری گشتی.

٤- دەتوانێت ١/٣ ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند بگۆڕێت.

**چوارەم / پێکهاتەی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی)**

**مادەی (٢٣):** کۆمیتەی سەرکردایەتی پێکدێت لە سکرتێری گشتی و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

**مادەی (٢٤): سکرتێری گشتی راستەوخۆ لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێت.**

**مادەی (٢٥): مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سکرتێری گشتی.**

١- تەمەنی لە (٤٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- ناوو ناوبانگی سەنگین بێت و شارەزا بێت لە جیهانی سیاسەتداو خزمەتی گەل و نیشتمان و یەکێتی کردبێت.

٣- لانی کەم ماوەی (١٠) ساڵ ئەندامی (ی.ن.ك)بووبێت.

**مادەی (٢٦): هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی.**

١- ئەگەر تەنها یەك کاندید هەبوو بۆ پۆستی سکرتێری گشتی، راستەوخۆ دەبێت بە سکرتێری گشتی.

٢- ئەگەر دوو کاندید یان پتر هەبوو بۆ ئەو پۆستە، بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێت، ئەگەر هەر کامێکیان زۆرینەی رەهای بەدەست نەهێنا، (٢) کاندید لەوانەی زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە دەچنەوە هەڵبژاردن و ئەوەی زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت دادەنرێت بە براوە.

**مادەی (٢٧): ئەرك و دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی.**

١- بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بڕیارو سیاسەتەکانی (ی.ن.ك).

٢- لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی جێگیر بۆخۆی دیاری دەکات و دەتوانێت بەشێك لە دەسەڵاتەکانی پێبدات.

٣- کاندیدەکانی دەستەی کارگێر پێشنیار دەکات بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی.

٤- نوێنەرایەتی (ی.ن.ك) لە گشت کۆڕو کۆبوونەوە سیاسییەکاندا دەکات.

٥- فەرمانی دانانی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و لێپرسراوانی دەزگاکان لە پۆستەکانیان دەردەکات.

٦- بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەو ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

٧- سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەکات.

٨- لێدوان بە ناوی (ی.ن.ك) ەوە دەدات.

٩- ئەندامێکی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە وتەبێژی کۆمیتەی سەرکردایەتی دیاری دەکات.

١٠- بەرپرسە لە رێکخستنی کاروباری دارایی، داهات، سەرپەرشتی کردنی دەزگای چاودێری دارایی و دەزگا تایبەتەکان.

١١- لەکاتی وەك یەکی دەنگدا لە کۆمیتەی سەرکردایەتی، سکرتێری گشتی لەهەر لایەك بوو، ئەو لایەنە بە زۆرینە دادەنرێت.

١٢- سەرپەرشتی سەرجەم پەیوەندییە کوردستانی و نیشتمانی و نێونەتەوەییەکان دەکات.

١٣- بۆی هەبێت ئەجومەنێکی راوێژکار دابنێت لە (٥) کەس.

١٤- راپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرە و پلینیۆم ئامادەدەکات.

**مادەی (٢٨):**

١- لە کاتی لەکارنەمانی گشتی بەهەر هۆیەك بێت، لەماوەی (٢) مانگدا دەبێت کۆنگرەی نائاسایی ببەسترێت.

٢- جێگری سکرتێری گشتی تا بەستنی کۆنگرەی نائاسایی ئەرکەکانی سکرتێری گشتی جێبەجێ دەکات.

**مادەی (٢٩): کۆمیتەی سەرکردایەتی.**

١- کۆنگرە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی کە پێکدێت لە (٥٠) ئەندام هەڵدەبژێرێت، لەوانە (٤٥) ئەندام بە سکرتێری گشتییەوە هەڵدەبژێردرێت و لە (٥) ئەندامیان لەسەر داوای سکرتێری گشتی کۆمیتەی سەرکردایەتی دیارییان دەکات. هەروەها کۆنگرە (٥) ئەندامی یەدەگ (احتیاط) بەپێی ڕیزبەندی دەنگەکانیان دیاری دەکات.

٢- لە (٢٠٪)ی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی ژن دەبن.

٣- خۆ کاندیدکردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بەشێوەی تاك دەبێت.

مادەی (٣٠) کاندیدی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

١- تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- ناوبانگی باش و پاکبێت، خوێندەواری و هۆشیاری سیاسی لە ئاستێکی گونجاودا بێت.

٣- هاوکاری رژێمی پێشوی نەکردبێت.

**مادەی (٣١):** هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە زۆرینەی دەنگ دەبێت.

**مادەی (٣٢): ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی:**

١- کۆمیتەی سەرکردایەتی لە بواری جێبەجێکردنی ئەرکەکانی (ی.ن.ك) لە نێوان دوو کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە.

٢- جێبەجێکردن و بەدواداچوونی بریارو راسپاردەکانی نێوان دوو کۆنگرە.

٣- دارشتنی سیاسەتی گشتی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) لەگەڵ لایەنەکانی تردا.

٤- دانانی بەرنامەو پلانی پێویست بۆ بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا و چۆنیەتی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکان.

٥- دامەزراندنی بۆردێکی راوێژکاری لە کەسانی پسپۆرو شارەزا بۆ سوود وەرگرتن لە تواناکانیان لەکاتی پێویستدا.

٦- دانانی بودجەی ساڵانە بۆ مەکتەب و دەزگاکانی بەپێی تواناو پێویست.

٧- دیاریکردنی پەیوەندی نێوان حزب و حکومەت.

٨- جگە لەم دەسەڵاتانەی سەرەوە، کۆمیەتی سەرکردایەتی ئەو دەسەڵاتانەی تر بەرێوە دەبات کە لە پەیرەوێی دراوە.

**مادەی (٣٣):**

١- کۆمیتـەی سـەرکردایەتی دوو مـانگ جارێـک کۆبوونـەوەی ئاسـایی خـۆی دەکات.

٢- لەسـەر بانگهێشتی سکرتێری گشتی یـان لەسـەر داوای لانـی کـەم نیـوەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەتوانێت کۆبوونەوەی نائاسایی بکات.

**مادەی (٣٤):** ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆیان نیە دەسەڵاتی خۆیان بۆ هیچ چالاکییەکی بازرگانی بۆ بەدەست هێنانی قازانجی مـادی بەکاربهێنن، یـان لە هەر چالاکییەکی بازرگانی یان هەر پرۆژەیەکی ئابووری ببنە شەریك.

**مـادەی (٣٥):** ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی بـە ڕێـژەی ٣/٢ ی دەنگـی ئەنـدامانی دەتوانێت هـەر ئەندامێکی هەڵپەسێرێت کە پێشێلکاری لـە پـەیرەوی نـاوخۆی (ی.ن.ك) و پەیرەوی کاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا بکات.

**مادەی (٣٦): مەکتەبی سیاسی.**

١- پێکهاتـە: مەکتـەبی سیاسـی پێکـدێت لـە (٩-١١) ئەنـدامی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی کـە سـکرتێری گـشتی کاندیـدیان دەکـات و کۆمیتـەی سەرکردایەتی دەنگیان بۆ دەدات.

٢- ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

أ- جێبەجێکردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا.

ب- سەرپەرشـتیکردنی ئۆرگانـەکانی حـزب، نەخـشەدانان بـۆ پەرەپێـدان و هەڵـسەنگاندنی ئۆرگانـەکان لـە ڕووی ڕێکخراوەیـی، سیاسـی فیکـری و جەماوەرییەوە.

ج- پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) لەگەڵ لایەنەکانی تردا.

د- سکرتاریەتێك لە (٧) کەس بە سەرپەرشتی ئەندامێکی سەرکردایەتی، بۆ پەیگیری کاروباری بۆستەو بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی و ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) پێکدێنێ.

٣- دەستەی کارگێر:

أ- سکرتێری گشتی (٣) ئەندامی مەکتەبی سیاسی دیاری دەکات بۆ پێکهێنانی دەستەی کارگێر، کە یەکێکیان دەبێتە لێپرسراو، بۆ جێبەجێکردن و چاودێریکردنی بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی و ڕاپەراندنی کاری ڕۆژانەی مەکتەبی سیاسی.

ب- کارگێر نابێت هیچ پۆستێکی تر وەربگرێت.

**پێنجەم (ئەنجومەنی ناوەند)**

**مادەی (٣٧): پێکهاتەی ئەنجومەن.**

١-ئەنجومەنی ناوەند پێکدێت لە (١٠١) ئەندام، کە (٨١) ئەندامیان بە هەڵبژاردن دەبێت و (٢٠) ئەندامیان لەلایەن سکرتێری گشتیەوە دیاری دەکرێن، بەرەچاوکردنی ناوچە جیاجیاکان و پێوانەکانی کەسایەتی و پسپۆری شارەزا.

٢- نابێت ڕێژەی ژنان لە ئەنجومەنی ناوەندا لە (٢٠٪) کەمتر بێت.

٣- ئەنجومەنی ناوەند لە نێو ئەندامەکانیدا سکرتێرێك و دوو جێگرو بڕیاردەرێك هەڵدەبژێرێت.

٤- نابێت تەمەنی سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند لە (٤٠) کەمتر بێت.

٥- نابێت تەمەنی ئەندامانی ناوەند لە (٢٥) ساڵ کەمتر بێت.

٦- نابێت سکرتێرو سکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەند هیچ پۆستێکی تریان هەبێت.

٧- نابێت ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند لە هیچ ئۆرگان و دەزگایەکی تری (ی.ن.ك) بەرپرسیارێتیان هەبێت.

**مادەی (٣٨): سکرتێری ئەنجوومەنی ناوەند پەیوەندی ئۆرگانی راستەوخۆی لەگەڵ سکرتێری گشتیدا دەبێت و لەسەر داوای سکرتێری گشتی و لە کاتی پێویستدا دەتوانێت بەشداری کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بکات.**

**مادەی (٣٩): ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ناوەند.**

**١- ئەرکی چاودرێریکردنی هەڵسورانی ئیش و کاری ئۆرگانەکان و دەرکردنی رێسای تایبەت بە چۆنیەتی رێکخستنی کاروباری لە ئەستۆدایە.**

**٢- پەیرەوی کار بۆخۆی دادەنێت.**

**٣- هیچ ئەندامێك بەبێ رەزامەندی ئەنجومەنی ناوەند نابێت بە ئەندام مەکتەب.**

**٤- بە زۆرینەی دەنگ، دەتوانێت لە کاتی پێویستدا هەر ئەندام مەکتەبێك هەڵپەسێرێت یان لە کار بخات.**

**٥- بۆی هەیە بە نوسراو داوای روونکردنەوە لەسەر هەر مەسەلەیەك لەهەر ئۆرگانێك بکات و هەروەها لە چوارچێوەی ئۆرگانەکانیدا بۆی هەیە نوێنەر بۆ هەر ئۆرگانێك بنێرێت.**

**٦- لەسەر داوای ٣/٢ی ئەندامانی، لێپرسراوی هەر ئۆرگانێك بۆ پرسیارکردن و لێپێچینەوە بانگهێشت دەکات.**

**٧- ئەو رێککەوتنە گرنگانەی کە پەیوەندیان بە مەسەلە نەتەوەییە چارەنوسسازەکان و بەرژەوەندی بالآی (ی.ن.ك) و هاوپەیمانیەتی هەڵبژاردنەوە هەیە، کە کۆمیتەی سەرکردایەتی بە شێوەیەکی سەرەتایی ئیمزایان دەکات، پاش رەزمانەدی ٣/٢ی ئەنجومەنی ناوەند کاریان پێ دەکرێت.**

**٨- پەسەند کردنی لیستی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکان و ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانی و ئەنجومەنە خۆجێییەکان.**

**٩- پەسەندکردنی پەیرەوی کاری مەکتەب و دەزگاکان.**

**ماددەی (٤٠):** هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی ناوەند، لە چوارچێوەی پەیڕەوی کاری ئەنجومەندا، ئازادیی تەواوی رادەربڕینی هیە لە سۆنگەی راوو و بۆچوونەکانیەوە و هیچ لێپرسراوەتیەکی لەناو ئەنجومەن ناکەوێتە سەر شان.

**ماددەی (٤١):**

١- لەکاتی پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك) و پەیڕەوی کاری ئەنجومەنی ناوەند، لەلایەن سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەت و هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی ناوەند، بە زۆرینەی دەنگی ٣/٢ی ئەندامانی ئەنجومەن ئەندامێتی لە ئەنجومەندا هەڵدەپەسێردرێت.

٢- لەکاتی پەیدابوونی بۆشایی لە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند بە زۆربەی دەنگ لەو کەسانەی لە کۆنگرەدا دەنگیان هێناوە شوێنەکان پڕ دەکەنەوە.

**ماددەی (٤٢):**

ئەم کۆمسیۆنانەی خوارەوە، سەر بە ئەنجومەنی ناوەند دەبن و راپۆرتی وەرزییان دەبێت:

١- کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ.

٢- کۆمسیۆنی دەست پاکی.

٣- کۆمسیۆنی سکالاَ و لێکۆڵینەوە.

٤- کۆمسیۆنی پەیڕەوی ناوخۆ.

٥- ئەنجومەنی ناوەند بۆی هەیە بەپێی پێویست کۆمسیۆن پسپۆر دابمەزرێنێت.

**ماددەی (٤٣):**

کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ پێکدێت لە (٥-٧) ئەندام و ئەرکی چاودێریکردنی رەوشی مافی مرۆڤ لە نێو ئۆرگانەکاندا دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی (٤٤):**

کۆمسیۆنی دەستپاکی پێکدێت لە (٥-٧) ئەندام و ئەرکی چاودێری خراپ بەکارهێنانی پۆستەکانە بۆ بەرژەوەندی تایبەت دەگرێتە ئەستۆ و سوود لە راپۆرتەکانی چاودێری دارایی و لیژنەی لێکۆڵینەوە وەردەگرێت.

**ماددەی (٤٥):**

کۆمسیۆنی سکاڵا و لێکۆڵینەوە پێکدێت لە (٣) ئەندامی یاسایی شارەزا و ئەرکی بریتییە لە:

١- یەکلاکردنەو و بڕیاردان لە کێشە و سکاڵاکانی ئەندامان.

٢- لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەو کێشانەی کە کۆمیتەی سەرکردایەتی، یان ئەنجومەنی ناوەند، یا وەکو مەکتەب و دەزگاکان بۆی بەرز دەکەنەوە.

**ماددەی (٤٦):**

کۆمسیۆنی پەیڕەوی ناوخۆ پێکدێت لە (٥) ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند و ئەرکی بریتییە دەبێت لە:

١- چاودێریکردنی رادەی گوجانی بڕیار و رێسا پەیڕەوکراوەکان لەگەڵ ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک).

٢- شیکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ دەگرێتە ئەستۆ.

٣- نووسینەوەی رەشنوسی پەیڕەوی پێشنیار کراو بۆ کۆنگرەی داهاتوو.

٤- چاودێریکردنی رەوشی کاروباری ئۆرگانەکان و بەدواداچوونی ئیش و کارەکانیان و لێکۆڵینەوە لە کەم و کورتییەکانیان.

**شەشەم: مەکتەب و دەزگاکان.**

**ماددەی (٤٧): مەکتەب و دەزگاکان:**

١- مەکتەبی رێکخستن.

٢- مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی.

٣- مەکتەبی چاودێری دارایی.

٤- مەکتەبی ڕێکخراوەیی دیموکراتیەکان.

٥- مەکتەبی شەهیدان.

٦- دەزگای خزمەتی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینییەکان.

٧- مەکتەبی پەیوەندییە گشتیەکان.

٨- دەزگای هەڵبژاردن.

٩- مەکتەبی ڕاگەیاندن.

١٠- مەکتەبی چاودێری و بەدواداچوون.

١١- مەکتەبی کۆمەڵایەتی.

١٢- ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

**ماددەی (٤٨):**

١- لێپرسراوی مەکتەب و دەزگاکان ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەبن.

٢- لێپرسراوی مەکتەب لە کاتی پێویستدا یەکێك لە ئەندام مەکتەبەکان وەك یاریدەدەر دیاری دەکات بۆ هاوکاری کردنی خۆی.

٣- نابێت لێپرسراوی مەکتەب و دەزگاکان هیچ کارێکی تریان هەبێت.

٤- لێپرسراوانی مەکەتەب و دەزگاکان لەبەردەم دەستەی کارگێڕدا بەرپرسیارن.

٥- هەر مەکتەبێك و دەزگایەك پرۆژەی پەیڕەوی کار بۆ خۆی کە گونجاو بێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆدا دادەنێت و پێویسە لەلایەن ئەنجومەنی ناوەندەوە پەسەند بکرێت.

٦- هەر مەکتەبێك و دەزگایەك، بۆ تاوتوێکردنی ئەرکەکانی و دانانی نەخشەی گونجاو بۆ پێش خستنی دام و دەزگاکانی، کۆنفرانسی ساڵانە دەبەستێت.

٧- ئەگەر لێپرسراوی مەکتەبێك، یان دەزگایەك، دەستی لە کار کێشایەوە دەست لە کار کێشانەوەکەی پەسەند کرا، تا ئەو کاتەی کۆمیتەی

سەرکردایەتی لێپرسراوێکی تازە بۆ مەکتەب و یان دەزگاکە دادەنێت، یاریدەدەرەکەی کارەکان بەڕێوە دەبات.

٨- هرە مەکتەب و دەزگایەك دەتوانێت ئەنجومەنێك پێکبهێنێت.

٩- هەر مەکتەبێك بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا راوێژکار دابنێت.

**ماددەی (٤٩):**

١- مەکتەب یان دەزگا پێکدێت لە چەند ئەندامێك کە لێپرسراوی مەکتەب دەیانپاڵێوێت وە پێی بواری پسپۆری.

٢- پاڵاوتنی هەر ئەندامێك بۆ پۆستی ئەندام مەکتەب یا دەزگا بە نوسراوێك دەبێت کە لێپرسراوەکەی ئاراستەی ئەنجومەنی ناوەندی دەکات بۆ وەرگرتنی رەزامەندی.

٣- لەکاتێکدا ئەنجومەنی ناوەند پاڵاوتنەکەی رەتکردەوە، مەکتەبەکە یان دەزگاکە بۆی هەیە داواکە دووبارە بکاتەوە.

٤- ئەگەر ئەنجومەن بۆ جاری دووەم داواکەی رەتکردەوە بڕیارەکەی ئەنجومەن پلەی کۆتایی و وەردەگرێت.

**ماددەی (٥٠): مەکتەبی رێکخستن:**

١- مەکتەبی رێکخستن بەرزترین دەسەڵاتی رێکخستنە و ئەرکی بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی رێکخستن و دانانی نەخشەی گشتی رێکخستن دەگرێتە ئەستۆ و پێکدێت لە (٩) ئەندام لەوانە (٢) یان ژن دەبن.

٢- ئۆرگانەکانی مەکتەبی رێکخستن بریتین لە (مەڵبەند، کۆمیتە، کەرت یان بازنەی جوگرافی، هەروەها هەر ئۆرگانێکی تر کە مەکتەبی رێکخستن بەپێویستی بزانێت.

٣- بەشەکانی مەکتەبی رێکخستن پێك دێن لە رێکخستن، چاودێری و هەڵسەنگاندن، ئامار، بەڕێوەبردن و دارایی، راگەیاندن و رووناکبیری.

**ماددەی (٥١): ئەرك و دەسەلاّتەكانی.**

١- ڕێبەرایەتیكردنی ڕاستەوخۆی ڕێكخستنەكان لە ڕووی ڕێكخراوەیی، سیاسی و چالاكییە جەماوەرییەكان.

٢- هەڵسەگاندنی ڕێكخستنەكان لە هەموو ڕوویەكەوە.

٣- پێشنیاركردنی كردنەوەی مەڵبەندی نوێ و یەكخستنەوەی مەڵبەندەكان بۆ كۆمیتەی سەركردایەتی.

٤- دەركردنی ڕێنمایی پێویست بۆ چۆنیەتی پێكهێنانی كۆمیتە و كەرت و بازنەكان، یان هەر ئۆرگانێكی پێویستی تر.

٥- پۆلینكردنی ئەندامان بەپێی پلە و ئەركەكانیان.

**ماددەی (٥٢): ئەنجومەنی مەڵبەند.**

١- ئەنجومەنی مەڵبەند بەرزترین دەسەلاّتە لە مەڵبەنددا ئەركی جێبەجێ كردنی نەخشەی گشتی ڕێكخستن و چالاكییەكانی (ی.ن.ك) بەڕێوە دەبات.

٢- ئەنجومەن پێكدێت لە لێپرسراو + جێگر + كارگێڕەكان + بەرپرسی كۆمیتەكان، جگە لە لێپرسراوی مەڵبەند (ئەندامی سەركردایەتی دەبێت) هەموویان لە كۆنفرانسی مەڵبەند هەڵدەبژێر درێن.

٣- لێپرسراوی مەڵبەند بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی كاروباری ڕێكخستن لە سنووری دەسەلاّتی مەڵبەند و دانانی بەرنامەی پێویست بۆ پێشخستنی ئەركەكانی مەڵبەند لە ڕووی ڕێكخراوەیی، سیاسی، فیكری، جەماوەری و ڕووناكبیرییەوە.

٤- مەڵبەند لە سنوری چالاكی خۆیدا نوێنەرایەتی (ی.ن.ك) دەكات.

٥- دەستەی كارگێڕی پێكدێت لە (٧) ئەندام و دەبێت (٢)یان ژن بن بە زۆربنەی دەنگ لە كۆنفرانسی مەڵبەند هەڵدەبژێردرێت.

٦- مەڵبەند پێكدێت لەم بەشانە (ڕێكخستن، چاودێری و هەڵسەنگاندن، بەڕێوەبردن و دارایی، ئامار، پەیوەندییەكان، ڕووناكبیری و ڕاگەیاندن).

٧- مەڵبەند دەتوانێت پێشنیاری کردنەوەی کۆمیتە و کەرتی نویٚ بۆ مەکتەبی ڕێکخستن بکات.

**ماددەی (٥٣): کۆمیتە.**

١- کۆمیتە پێک دێت لە چەند کەرتێک یان لە چەند بازنەیەک و ئەرکەکەی سەرپەرشتی چالاکییەکانی (ی.ن.ک)ە لەسنووری خۆیدا.

٢- کۆمیتە دەتوانێت پێشنیاری کردنەوەی کەرت و بازنەی نویٚ بۆ مەڵبەند بکات.

٣- ئەنجومەنی کۆمیتە پێك دێت لە لێپرسراوێك و دوو کارگێڕ و لێپرسراوانی کەرتەکان یان بازنەکان کە بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٥٤): مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی.**

١- مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی پێکدێت لە (٧) ئەندام و سەرپەرشتی کاروباری ئیداری دارایی و ئابووری یەکێتی دەکات.

٢- ئەرکی دامەزراندن و پەرەپێدانی پرۆژەی ئابووری و سەرچاوەی داهاتە بۆ (ی.ن.ك).

٣-پێویستە ئاگاداری سەرجەم داهات و سەرفی (ی.ن.ك) بێت لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

٤- لە مانگی کانوونی یەکەمدا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی پێشکەش بە سکرتێری گشتی دەکات و نوسخەیەك لەو ڕاپۆرتە دەداتە کۆمیتەی سەرکردایەتی.

**ماددەی (٥٥): دەزگای چاودێری دارایی.**

١- دەزگای چاودێری دارایی پێکدێت لە (٧) ئەدام دەزگا بە لێپرسراوە کەیەوە کە خەڵکی پسپۆڕن لەو بوارەدا.

٢- چاودێری چۆنیەتی داهات و خەرج دەکات لە گشت ئۆرگان و مەکتەب و دەزگاکانی (ی.ن.ك).

٣- پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سکرتێری گشتی (ی.ن.ك)ەوە دەبێت.

٤- راپۆرتی وەرزی و ساڵانە پێشکەش بە سکرتێری گشتی دەکات.

**ماددەی (٥٦): مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان:**

١- مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان پێکدێت لە (٧) ئەندام.

٢- ئەرکی سەرپەرشتی کردنی رێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکان دەگرێتە ئەستۆ.

٣- هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراو و سەندیکا و رێکخراوە ناحکومییەکان، دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دروست دەکات.

٤- لە ئەندامانی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان و لێپرسراوانی رێکخراوە پیشەییەکان و ناوەندە دیموکراتیەکان ئەنجومەنێك بە ناوی ئەنجومەنی رێکخراوەکان پێکدەهێنێت و هەر (٣) مانگ جارێك بە سەرپەرشتی لێپرسراوی مەکتەب کۆ دەبێتەوە و لە کاروباری تایبەت بە رێکخراوەکان دەکۆڵێتەوە.

٥- لە سنووری جوگرافی هەڵسورانی لقەکانی رێکخراوەکاندا، کە کەمتر نەبن لە (٦) لق، ناوەندی رێکخراوە دیموکراتیەکان پێك دەهێنێت.

٦- ناوەند هەماهەنگی دیموکراسی تەواو لەگەڵ مەڵبەند و کۆمیتەکاندا دروست دەکات.

**ماددەی (٥٧): مەکتەبی شەهیدان.**

١- مەکتەبی شەهیدان پێکدێت لە (٧) ئەندام.

٢- ئەرکی سەرپەرشتی کردنی کاروباری پەیوەند بە شەهیدانە.

٣- ئەرکی دابین کردنی مافەکانی شەهیدانە بەپێی ئەو یاسا و رێسایانەی کە لە دامو دەزگاکانی (ی.ن.ك) و حکومەتدا دیاری کراوە.

٤- بەرنامە بۆ راگرتنی سەروەری و یادی شەهیدان و تۆمارکردنی مێژووی خەباتیان دادەرێژێ و پلانی جێبەجێکردنیان دادەنێت.

٥- بەشێکی تایبەت دەکاتەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروبار و پێداویستییەکای نەوەکانی شەهیدان، کە لەلایەن نەوەکانی شەهیدان خۆیانەوە سەرپەرشتی دەرێت.

**ماددەی (٥٨): دەزگای حزمەتی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان.**

١- دەزگای خزمەتی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان پێکدێت لە (٥-٧) ئەندام دەزگا.

٢- پێشکەشکردنی خزمەت و رێزلێنانی پێویست و شایستە بە پێشمەرگە و رێکخستنی دێرین و زیندانە سیاسییەکان.

٣- بەدواداچوونی داخوازییەکانیان لەمەر دابینکردن و جێبەجێ کردنی مافەکانیان بەپێی یاسا و رێنماییەکان و رەچاوکردنی یەکسانی.

٤- داکۆکیکردن لە سەروەری و بەرهەمی خەبات و تێکۆشانیان.

٥- پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان، بە حوکمی خەباتیان لە هەر دەزگایەکدا بن لەکاتی پێشێلکردنی مافە یاساییەکانیان، مافی خۆیانە لە رێگەی ئەم دەزگایەوە بەرگری لەخۆیان بکەن.

**ماددەی (٥٩): مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان.**

١- مەکتەبی پەیوندییە گشتییەکان پێکدێت لە (٩) ئەندام مەکتەب.

٢- مەکتەبی پەیوەندییەکان ئەرکی رێکخستن و پەرەپێدانی پەیوەندی (ی.ن.ك) لەگەڵ سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ولآتانی دەرەوە دەگرێتە ئەستۆ.

٣- لەچەند بەشێك پێکدێت و هەر بەشێك ئەندام مەکتەبێك سەرپەرشتی دەکات.

**ماددەی (٦٠): دەزگای هەڵبژاردن.**

١- دەزگای هەڵبژاردن پێکدێت لە (٥-٧) ئەندام، ئامادەکاری و سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بە هەموو قۆناغەکانیەوە دەکات، کە بریتین لە ئامادەکردنی

لیستی دەنگدەران و پاڵێوراوان، راگەیاندنی پرنسیپ و ریساکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، رێکخستن پرۆسەی دەنگدان، جیاکردنەوەی دەنگەکان، وردبوونوە لە تانە و سکالاّکان و راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن.

٢- دەزگای هەڵبژاردن، سەرپەرشتی هەموو ئەو هەڵبژاردنانە دەکات کە لە دەستوری عێراق و یاساکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان ئاماژەیان بۆ کراوە، لەگەڵ هەموو هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی (ی.ن.ك) و رێکخراوە دیموکراسییەکان و هەموو قۆناغەکانیەوە.

٣- دەزگای هەڵبژاردن، لە پەیرەوی کاری خۆیدا ئەو بەش و ئەرکانە دیاری دەکات کە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردندا لە کۆنگرە پەسەند کرا.

**ماددەی (٦١):** دەبێت کۆمیتەی سەرکردایەتی لە رووی تەکنیکی و داراییەوە هەموو پێداویستیەکانی کارکردنی دەزگای هەڵبژاردن فەراهەم بکات، هەموو پێداویستییەکی راهێنان لە دەرەوە و ناوەوە وڵات بۆ پێگەیاندنی کادیرەکانی ئەم دەزگایە دابین بکات.

**ماددەی (٦٢): مەکتەبی راگەیاندن.**

١- مەکتەبی راگەیاندن پێکدێت لە (٧) ئەندام.

٢- مەکتەبی راگەیاندن ئەرکی گەیاندنی بیروبۆچوونەکانی یەکێتی و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و کلتوری لێبوردەیی (تسامح) و ماف مرۆڤ و دیموکراسی، بە جۆرێك کە گیانی تەبایی و نیشتمان سەروەری و هەستی هاولاّتی بوون و سەقامگیر بوون دەکات، لە رێی هۆیە خوێندرا و بیستراو بینراوەکانی راگەیاندنەوە دەگرێتە ئەستۆ.

٣- سەپەرشتی دەزگا ناوەندییەکانی راگەیاندن دەکات.

٤- رەوایی بە جیاوازییەکانی یەکێتی لەگەڵ لایەنەکانی تر لەناو رای گشتیدا دەدات.

٥- ستراتیژی عەدالەتی کۆمەلاّیەتی رۆشن دەکاتەوە.

**ماددەی (٦٣): مەکتەبی چاودێری و بەدواداچوون.**

١- مەکتەبی چاودێری و بەدواداچوون پێکدێت لە (٧) ئەندام مەکتەب.

٢- ئەرکی چاودێریکردنی رەوشی کاروباری ئۆرگانەکان و بەداوداچوونی ئیش و کارەکانیان دەگرێتە ئەستۆ.

٣- لە کەموکوڕی ئۆرگانەکان دەکۆڵێتەوە و راپۆرت لەو بارەوە ئامادە دەکات و بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرز دەکاتەوە.

**ماددەی (٦٤): مەکتەبی کۆمەڵایەتی.**

١- مەکتەبی کۆمەڵایەتی پێکدێت لە (٥-٧) ئەندام و ئەندامێکی کۆمیتەی سەرکردایەتی لێپرسراوی دەبێت.

٢- هەوڵ دەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بە مەرجی رەچاوکردنی چەسپاندنی حوکمی یاسا و رێگرتن لە هەر سەرپێچییەك لە بنەماکانی یاسا.

**ماددەی (٦٥): ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندی کادیران.**

پێکهاتە و ئەرکەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندی کادیران:

١- ئەم ئەکادیمیایە بەپێی پێویست پێکدێت لە چەند کادیرێکی شارەزا و پسپۆر.

٢- کردنەوەی خول لە بواری جیاجیادا بۆ کادیرانی (ی.ن.ك) لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

٣- رێکخستنی ئەرشیف و دۆکیومێنت کردنی مێژووی (ی.ن.ك).

٤- دەرکردنی گۆڤارێکی فکری.

٥- بایەخدا بە توێژینەوە و بیرو رۆشنبیری هاوچەرخ و سازکردنی کۆڕ و کۆنفرانس.

٦- ئامادەکردی لێکۆڵینەوەی ناو بەناو دەربارەی ڕووداوەکانی ناوچەکە، جیهان و ئاراستەکانی رای گشتی خۆماڵی کە تایبەتە بە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئۆرگانەکان.

**ماددەی (٦٦): بنەما گواستراوەکان (الاحكام الانتقالية).**

دەربارەی پەیکەری ڕێکخستنی مەڵبەندەکان، دەسەڵات دەدرێتە مەکتەبی ڕێکخستن و کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆ دانانی پەیکەرێکی گونجاو لە ماوەی (٦) مانگی داهاتوودا، بەرەچاوکردنی شارەکان و قەزاو ناوچە دابڕاوەکان و شوێنە جیا جیاکانی تر.

**ماددەی (٦٧):**

هەر بڕیارێک، یان بڕگەیەک لە بڕیارەکانی ئۆرگان و مەکتەب و دەزگاکانی پێشووتر، لەگەڵ ئەم پەیڕەوەدا گونجاو نەبێت کاری پێ ناکرێت.

**ماددەی (٦٨):**

ئەم پرۆگرام و پەیڕەوە ناوخۆییە لەبەر ئەوەی پەسەندکراوی سێیەمین کۆنگرەیە جێبجێ دەکرێت.

**١٦- بەڵگەنامەی ژمارە (١٦):**

**پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**

**بەشی یەکەم: پرۆگرام.**

**ماددەی یەکەم: ناو و پێناسە.**

**١- ناو:** یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

**٢- پێناسە:** یەکگرتوو حزبێکی ئیسلامی ئیشتمانییە تێدەکۆشێت لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی گەشە سەندو و دەسەڵاتێکی عادیلانەدا.

**ماددەی دووەم:**

شوێن: کوردستان – عێراق.

**ماددەی سێیەم:**

ئارم و دروشم.

١- ئارم: هیلالێك دوو دەستی لێكهەلپێكراوی گرتۆتە خۆ و چیایەك بەفر لوتكەكەی داپۆشیوە.

٢- وشەكانی دروشم، ئازادی، برایەتی ، دادپەروەری.

**ماددەی چوارەم: بنەما گشتییەكان.**

١- بنەما و بەها ئیسلامییە نەگۆڕەكان و بەها مرۆییە چەسپاوەكان، سەرچاوەی كاری سیاسین.

٢- حزمەتكردنی بە مرۆڤ و پاراستنی ڕێز و ئازادی و مافەكانی (بێ هەلاوێركردن) ئەركێكی سەركیانە و جارنامە جیهانییەكانی مافەكانی مرۆڤ بە دەستكەوتێكی مرۆڤایەتی دەزانین.

٣- هاوڵاتی چاك و پەروەردەكراو، بەردی بناغەی هەر چاكسازی و پەرەپێدان و گۆڕانكارییەكە لە كۆمەڵگەدا.

٤- كورد نەتەوەیەكی سەربەخۆیە، ناسنامەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەشێكە لە ئوممەتی ئیسلامی، مافی خۆیەتی كە چارەنووسی خۆی دیاری بكا و ئەندامێكی سەربەخۆی كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دامەزراوەكانی بێت.

٥- گەلی كوردستان یەك خێزانە. بێ جیاوازی و لەپێشتری و هەڵاوێرن كوردستانیش نیشتمانی هەمووانە، ژوانی پێكەوە ژیانی سەرجەم نەتەوە و خاوەن ئایین و ئاینزاكانە، داهات و سامانە سروشتییەكانی پشكی هەموویانی تێدایە.

٦- چاکسازی بنەڕەتی بواری سیاسی و کارگێڕی و ئابووری، کاراکردنی ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری، پاراستنی سەربەخۆیی دادگاکان، گەرەنتی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و چارەسەری گەندەڵین.

٧- بەشداری کارای ئافرەت لە کاری سیاسی و چاکسازی کۆمەڵایەتی و چەسپاندی ڕۆڵی تەواوکاری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، شان بەشانی پیاوان.

٨- سازکردنی زەمینەی گونجاو بۆ گەشەدان بە لێهاتنەکانی لاوان و کاراکردنی بەهرە و تواناکانیان، بەو پێیەی سامانی مرۆیی ئێستا و بەردی بناغەی داهاتوون.

٩- مێژووی ئیسلام و کلتوری ئیسلامی، ئەزموونی مرۆیی سنوردان بەکات و بە شوێنی خۆیان، سوود لێوەرگرتنیان بەندە بەرادەی گونجاوی و وەڵامدانەوەیان بۆ پێویستی و پێشهاتەکانی سەردەم بە گوێرەی تێگەیشتنی (مەقاصد) یانە بۆ ئیسلام.

١٠- بەهێزکردنی ڕۆڵی چاکسازییانەی مزگەوت و پێگەی زانایانی ئیسلام و پاراستنی ماف و پێشەنگی کۆمەڵایەتیان.

١١- گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، فرەیی سیاسی، دەستاو دەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، جێگیرکردنی سیستەمی پەرلەمانی، چەسپاندنی بنەما دیموکراسیەکان، بیلایەنی حکومەت، بناغەی ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسین.

١٢- حوکمرانی ڕاشد و دادەگەرانە، ئامانجێکی ئیسلامی و پێویستیەکی ژیانە، بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتییەکانی هاوڵاتیان.

**ماددەی پێنجەم: ئامانجەکان.**

١- کارکردن بۆ بەدەستووری کردنی ژیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێگای هەموارکردنەوەی ڕەشنوسی دەستوری هەرێم، بە سازانی نیشتمانی و

پەسەند کردنی بە جۆرێك كە بناغە بۆ سیستەمێکی دیموکراسی پەرلەمانی دادپەروەر دابرێژرێت و ماف و ئازادییە تاکە کەسی و گشتییەکان و مافەکانی مرۆڤ و لامەرکەزی کارگێڕی بچەسپێنت و پارێزگای لە ئاسنامەی ئیسلامی زۆرینەی کۆمەڵگە بکات.

٢- تێکۆشان لە پێناو پاراستنی مافە دەستوورییەکان و بەدیهێنانی سەرجەم مافەکانی گەلی کوردستان و بەرگری کردن لە کێشەی کورد و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی تەوژمی ئیسلامی ناوچەکە و ناوەندە جۆراو جۆرەکان بۆ کێشەکە و چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی عادیلانە.

٣- هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی سنووری هەرێمی کوردستان.

٤- کارکردن لە پێناو دامەزراندنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەنێوان گەلی کورد و گەلانی دراوسێ، بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و ئاشتی لە ڕێی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و دۆزینەوەی فۆرمی نوێی بەیەکەوە ژیان.

٥- پشتگیریکردنی کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان، لەپێناو بەدەست هێنانی مافەکانیان و چارەسەری کێشەکەیان بە ڕێگای ئاشتی و دیموکراسی.

٦- پشتگیریکردنی مافە سیاسی و مەدەنی و نەتەوایەتی و ئایینییەکانی نەتەوەی تورکمان و کلد و ئاشوور و یەزیدی و سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی تری گەلی کوردستان.

٧- کارکردن لەپێناو بە نیشتمانی کردن و بێ لایەنی کردنی دام و دەزگا نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان، لە بەرامبەر پێکهاتە و هێز و تەوژمەکان و کۆتایی هێنان بە تێکەڵاوی و باڵا دەستی حزبی بە سەریاندا.

٨- ڕەتکردنەوەی باڵا دەستی مەزهەبی و نەتەوەیی لە عێراقی نوێدا، تێکۆشان لە پێناو سڕینەوەی ئاسەواری کلتوری و دیکتاتۆرییەت و بڵاوکردنەوەی

رۆشنبیری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە و ئارەزوو مەندانەی نێوان پێکهاتەکانی.

٩- کارکردن بۆ بەدیهێنانی چاکسازی بنەڕەتی هەمە لایەنە و قەڵاچۆکردنی دیاردە گەندەڵی، لێ پێچینەوەی یاسایی لە گەندەلکاران، کاراکردنی رۆڵی چاودێری پەرلەمان و داوا کاری گشتی و دیوای چاودێری دارایی و پێکهێنانی دەزگایەکی نیشتمانی بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی.

١٠- کارکردن لەپێناو دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات و سامان لە هەرێمی کوردستاندا و بەدیهێنانی دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

١١- هەوڵدان بۆ چەسپاندنی سەرەتایی تاکێتی سزاکان (فردیە العقوبە) و سەربەخۆیی و بێ لایەنی دادگاکان و یەکسانی هاولاتیان لەبەردەم یاسا و یاسا سەروەری.

١٢- هاندان و پشتگیری کردنی میدیای ئازاد و رۆژنامەگەری ئەهلی و پشتیوانی کردن لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاراکردنی رۆڵیان لە بەشداری کردن لە گەلاڵە کردنی پرۆژەی یاساکان و چاودێری دام و دەزگاکان و قوڵکردنەوەی گیانی دیموکراسی و فرە حزبی و لێبوردەیی لە کۆمەڵگەدا.

١٣- بەرگریکردن لە ماف توێژە هەژار و کەم دەستەکانی کۆمەڵگە و خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان لە دابینکردنی لانی کەمی ژیانێکی ئابڕومەندانە بۆیان (تاهیل)، کردنەوەیان و هەوڵدان بۆ دەستە بەرکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هاولاتیانی کوردستان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران لەلایەن حکومەتەوە.

١٤- کارکردن لەسەر چاکسازی کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی نەریتە دواکەوتووەکان و دیاردەی بەهەڵە تێگەیشتن لە هەندێ دەقی ئاینی، پشتیوانیکردن لە بەشداری سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی زیاتری ئافرەتان و مافە شەرعی و

سیاسییەکانیان و کۆتایی هێنان بە ستەمی کۆمەڵایەتی دژیان و هەوڵدان بە گۆڕینی هەر یاساو دۆخێك کە پێچەوانەی کەرامەتی خوا پێداویانە.

١٥- بەرگریکردن لە بەهاکانی خێزان و دژایەتی کردنی توند و تیژی خێزانی و پارێزگاری یاسایی و ماددی و مەعنەوی حکومەت لێی و پارێزگاری کردن لە مافەکانی منداڵ.

١٦- هەوڵدان بۆ چاکسازی پەروەردیی لە دام و دەزگا پەروەردەییەکانی هەرێم و ئەولەویەت پێدانی لە بودجەی هەرێمدا و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەیی قوتابی و بەرز راگرتنی پیشەی مامۆستایەتی و خوڵقاندنی کەشێکی پەروەردەیی گونجاو لە ناوەندەکانی خوێندندا.

١٧- هەوڵدان بۆ دارشتنی فەلسەفەیەکی نوێی پەروەردە لە هەرێمدا، کە پێویستیەکانی نوێبوونەوەی مەنهەجی زانستی دابین بکات و لەگەڵ بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردستانیشدا گونجاو بێت.

١٨- کارکردن لەپێناو بەهێزکردنی ئینتمای نیشمانی لاوان و قوڵکردنەوەی بەشداری سیاسییان و پاراستنیان لەلادان و ماددە بێهۆشکەرەکان و دارشتنی سیاسەتێکی نیشتمانی بۆ وەڵامدانەوە بخواست و چاوەڕوانیەکانیان و گەشەدان بە تواناکان.

١٩- کارکردن لەپێناو دارشتنی سیاسەتێکی ئابووری نیشتمانی و نەتەوەیی روون و پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری و بەهێزکردنی کەرتی کشتوکاڵی و بوژاندنەوە و پارێزگاری کردن لە هەرێمی خۆماڵی و کۆتایی هێنان بە چاوانخوازی لە هەندێ کەرتی ئابووری و لابردنی کۆت و بەندەکانی سەر کەرتی تایبەت و پەیرەوکردنی سیاسەتی بازاڕی ئازاد لەگەڵ پاراستنی ماف کرێکار و بەکاربەر و سەرمایەی ناوخۆیی و پشتیوانی توێژە کەمدەستەکان.

٢٠- پشتگیری کردنی بزاڤی نوێکردنەوە و تیۆریزەکردنی فکری ئیسلامی و دیالۆگی نێوان ئاراستە فکری و سیاسییەکانی کوردستان و نووسەر و رۆشنبیرانی حزب.

٢١- بانگەشەکردن بۆ بوژاندنەوە و دەست پێوەگرتنی زیاتری بەها ئیسلامییەکان لە ژیانی تاکە کەسی و کۆمەڵگەدا پەرەدان بە گیانی چاکە خوازی و بیری میانڕەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا.

**بەشی دووەم: پەیڕەوی ناوخۆ.**

**ماددەی شەشەم: پابەند بوون بەم پەیڕەوە.**

١- ئەم پەیڕەوە دەستوری کارو چالاکی و پەیوەندی نێوان سەرجەم دامەزراوە و دەزگا و رێکخستنەکانی حزبە، پێویستە ئەندامان لە هەموو پلە و ئاستێکدا پێوەی پابەند بن.

٢- گەرەنتی کردنی بوونی خوشکان لە سەرجەم ئۆرگان و مەکتەب و دەزگاکانی حزبدا، بەو مەرجەی لە (٢٠٪) کەمتر نەبێت لەو ناوەندانەی، کە خوشك بەپێی مەرجەکان هەن.

**ماددەی حەوتەم:** کۆبوونەوەی دامەزراوە و یەکەکانی حزب، بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەها (٥٠ + ١)ی ئەو ئەندامانەی کۆبوونەوەکە دەیانگرێتەوە، دانپیانراو دەبێت.

**ماددەی هەشتەم:** ئەندامێتی و مەرجەکانی:

هەموو هاوڵاتیەکی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ماف بوونە ئەندامی حزبیان هەیە بێ جیاکاری، بەمەرجی:

١- تەمەنی لە ١٦ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- بنەما و ئامانجەکانی حزب قبوڵ بکات و پابەندی بەهاو رەوشتی بەرز بێت.

٣- ئەندام نەبێت لە هیچ لایەنێکی تری سیاسیدا.

٤- لەلایەن دوو ئەندامی حزبەوە پشتگیری بکرێت.

٥- داوا نامەیەك پێشکەش بکات و فۆرمی تایبەت بە ئەندامێتی پڕ بکاتەوە و واژووی لەسەر بکات.

**ماددەی نۆهەم: کۆنگرە.**

یەکەم: بەرزترین دەسەڵاتە لە حزبدا، خولی ئاسایی ٤ ساڵ جارێکە.

دووەم: پێك دێت لە:

١- ئەندامە دامەزرێنەرەکان.

٢- ئەمینداری گشتی و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دەستەی باڵای بەدواداچوون و ئەنجوومەنی راوێژکاری لەو خولەدا.

٣- بەرپرسی دەزگا ناوەندی و مەڵبەندەکان.

٤- کارگێرانی مەکتەب و دەزگاکان بەپێی پەیرەوی ناوخۆی حزب.

٥- بەرپرس و نوێنەری هەڵبژێراوی دەزگا و سەنتەر و رێکخراوەکان.

٦- ئەندامە هەڵبژێردراوەکان لە بازنەکانی هەڵبژاردندا.

٧- ئەندامانی خاوەن پلە تایبەتەکان لە پەرلەمان و حکومەتدا لە خولی خۆیاندا.

٨- ئەو ئەندامانەی لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتیەوە دەپاڵێورێن، بە مەرجێك لە (٥٪) کۆی ئەندامانی کۆنگرە زیاتر نەبێت.

سێیەم: مەرجی ئەندامێتی: ماوەی هاتن بۆ ناو حزب لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

چوارەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە.

١- خستنە رووی راپۆرتی گشتی حزب.

٢- پەسەند کردنی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ و ستراتیژی حزب.

٣- هەڵبژاردنی ئەمینداری گشتی لەنێو ئەنداماندا، بە زۆرینەی ٣/٢ دەنگ.

٤- هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی باڵای بەدواداچوون بە زۆرینەی سادەی دەنگ.

٥- هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەنێو ئەندامانیدا، بە زۆرینەی سادەی دەنگ.

٦- هەڵوەشاندنەوە یان یەکگرتن لەگەڵ حزبێکی دی بەزۆرینەی (٣/٢)ی دەنگی ئەندامانی.

٧- بڕیارەکان بە زۆرینەی رەهای دەنگ (٥٠ + ١) دەبێت.

**ماددەی دەهەم: کۆنفرانس:**

یەکەم: کۆبوونەوەیەکی فراوانە لەنێوان دوو کۆنگرەدا دەبەسترێت.

دووەم: پێکدێت لە: ئەمینداری گشتی و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دەستەی باڵای بەداوادچوون و ئەنجومەنی راوێژکاری و بەرپرسی مەکتەب و دەزگا ناوەندی و مەڵبەند و لقەکان، کارگێڕانی مەکتەب و دەزگا و مەڵبەند و سکرتاریەت و سەنتەر و لقە رێکخراوەییەکان بە رێژەی (٥٠٪) نوێنەرانی لق و دەستە پیشەیی و راگەیاندنکاران، پلە تایبەتەکان لە خولی خۆیاندا.

سێیەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

١- پیاچوونەوە و هەڵسەگاندنی کارو چالاکی و هەڵوێستە سیاسیەکانی حزب لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا.

٢- ئاراستەکردنی راسپاردەی پێویست لە هەردوو بواری سیاسی و کار و چالاکی ناوخۆیی گشت ئۆرگانەکانی حزبدا بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ ماوەی داهاتوو.

**ماددەی یازدەهەم: ئەمینداری گشتی.**

یەکەم: بەرپرسی یەکەمە لە حزبدا، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەکات.

دووەم: مەرجەکان.

١- بەلای کەمەوە دوو خولی ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی تەواو کردبێت.

٢- ماق گرتنە دەستی پۆستی ئەمینداری گشتی تەنها دوو خولی یەك لەدوای یەکە.

٣- تەمەنی لە (٤٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

٤- لە حاڵەتی خاڵی بوونی پۆستی ئەمینداری گشتی، یان روودانی هەر هۆکارێك کە رێگر بێت لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی، لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دەستەی باڵای بەدواداچووندا بە (٣/٢)ی دەنگەکانیان کەسێك بۆ ئەو پۆستە هەڵدەبژێرن بەوەکالەت، بەو مەرجەی ماوەکەی لە ساڵێك زیاتر نەبێت.

سێیەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

١- نوێنەرایەتی کردنی حزب و لێدوان بەناویەوە لە چوار چێوەی سیاسەتی گشتی حزبدا.

٢- بانگهێشتکردن بۆ کۆبوونەوە نائاساییەکانی هەرسێ ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و دەستەی باڵای بەدواداچوون.

٣- سەرپەرشتیکردنی گشتی بەڕێوەچوونی کارەکانی هەردوو دامەزراوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی.

٤- واژووکردن لەسەر فۆرمی ئەندامێتی و سزای دەرکردن لە حزب.

٥- بانگکردن و لێپرسینەوەی ئەندامان و دامەزراوە و دەزگاکان و بەرپرسەکانیان لە کاتی پێویستدا.

٦- مانگانە لەگەڵ ئەنجومەنی سەرۆکایەتیدا کۆدەبێتەوە.

٧- بۆی هەیە لە کۆبوونەوەی هەر دەزگایەك بەشدار بێت لە گشت ئاستەکاندا، جگە لە دەستەی چاودێری.

**ماددەی نۆزدەهەم: یاریدەدەری ئەمینداری گشتی:**

یەکەم: ئەمینداری گشتی دوو یاریدەدەری دەبێت کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەنێو ئەندامانیدا هەڵیان دەبژێرێت.

دووەم هاوکاری ئەمینداری گشتی دەکەن لە راپەڕاندنی ئەرکەکانیدا لە هەردوو بواری:

١- کاروباری ناوخۆی حزب.

٢- سەرپەرشتی کاروباری نوێنەرایەتی حزب لە ئەنجومەنەکان و پۆست و پلەتایبەت و حکومەیەکاندا.

سێیەم: بەشداری کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکەن بە حوکمی پۆستەکانیان.

چوارەم: مەرجە یاریدەدەر خولێکی سەرکردایەتی بینیبێت.

**ماددەی سیازدەهەم: ئەنجومەنی سەرکردایەتی.**

یەکەم: بەرزترین دەسەڵاتە لە حزبدا لە نێوان دوو کۆنگرەدا بۆ پلانданان و دیاریکردنی سیاسەتی گشتی حزب.

دووەم: پێك دێت لە: (٣٥) ئەندام و (٢) ئەندامی یەدەگ، کە لەلایەن کۆنگرەی گشتییەوە، بە رەچاوکردنی نوێنەرایەتی دەڤەرەکان و پاراستنی هاوسەنگی هەڵدەبژێرین.

سێیەم: مەرجەکانی ئەندامێتی:

١- تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- ماوەی هاتنی بۆ حزب لە (٩) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- خاوەن دیدێکی سیاسی و رۆشنبیرییەکی ئیسلامی و ئەزموونێکی کرداری و توانایەکی سەرکردانە بێت.

**چوارەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی:**

١- هەڵبژاردنی سەرۆکێك بۆ خۆی لەنێو ئەندامەکانیدا بە زۆرینەی رەها (٥٠ + ١)ی دەنگی ئەندامانی یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لەماوەی هەفتەیەکدا.

٢- هەڵبژاردنی راز گرێك لە نێو ئەندامانیدا بە زۆرینەی سادەی دەنگەکان لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە ماوەی هەفتەیەکدا.

٣- هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە زۆرینەی رەها (٥٠ + ١)ی دەنگی ئەندامانی لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە ماوەی هەفتەیەکدا.

٤- هەڵبژاردنی دوو یاریدەدەر بۆ ئەمینداری گشتی بە زۆرینەی رەها (٥٠ + ١)ی دەنگی ئەندامانی لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە ماوەی هەفتەیەکدا.

٥- هەڵبژاردنی بەرپرسی مەڵبەند و مەکتەب و دەزگا ناوەندییەکان لەنێوان ئەندامانیدا و دەنگدان لەسەر ئەو بەرپرسانەی کە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی نین و لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە دەپاڵێورێن.

٦- پێکهێنانی لیژنەی کاتی بە مەبەستی راپەراندنی ئەرك و راسپاردەیەکی تایبەت.

٧- بریاردان لەسەر بەشداریکردن، یان بەشداری نەکردن لە کابینەی حکومەتدا، بە راوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی دەڤەر و مەڵبەنەدەکان.

٨- دیاریکردنی پاڵێوراوان بۆ ئەندامێتی پەرلەمان و پۆستە وەزارییەکان و پلە تایبەتەکان بە راوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی دەڤەر و مەڵبەنەدەکاندا.

٩- دەستنیشانکردن و بریاردانی هەڵوێستە سیاسییەکان لە بەرامبەر کێشە گرنگەکاندا بە (٢/٣)ی دەنگ و بە راوێژ لگەڵ مەڵبەنەدەکاندا.

١٠- پەندکردنی هاوپەیمانیەتی سیاسی لەگەڵ حزب و هێزە سیاسییەکاندا بە (٢/٣)ی دەنگ بە راوێژ لەگەڵ مەڵبەندەکان.

١١- پەسەند کدرنی بودجەی حزب.

١٢- ئامادە و پێشکەشکردنی رەشنووسی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ، بۆ کۆنگرەی گشتی بە راوێژ لەگەڵ مەکتەب و دەزگا و سەرکردایەتی دەڤەرەکاندا.

١٣- بانگهێشت کردن بۆ گرێدانی کۆنگرەی نائاسایی لەسەر داوای (٢/٣)ی ئەندامانی.

١٤- بانگهێشت کردن بۆ گرێدانی کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجومەن لەسەر داوای (٣/٢)ی ئەندامانی.

١٥- هەڵپەساردنی ئەندامێتی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە (٣/٢)ی ئەندامانی.

١٦- ڕەزامەندی لەسەر کردنەوەی مەڵبەندی نوێ.

١٧- پرسینەوە لەگەڵ ئەمینداری گشتی و هەردوو یاریدەدەرەکانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

١٨- بۆی هەیە کۆنگرە دوابخات بە ڕەزامەندی (٣/٢)ی ئەندامانی بۆ ماوەیەك کە لەیەك ساڵ زیاتر نەبێت.

١٩- ڕەزامەندی لەسەر لائحەی مەکتەب و دەزگاکان.

٢٠- تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی مەکتەب و دەزگاو مەڵبەندەکان.

٢١- دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری.

٢٢- دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەرپرسانی (دوو دەزگا سەرەکییەکە) و یاریدەدەرەکانی ئەمیندار و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسانی مەڵبەند و مەکتەب و دەزگاکانی، لە یەکەم کۆبوونەوەیدا دوای کۆنفرانس.

٢٣- ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەڕێژەی (٣/٢)ی دەنگەکانی بۆی هەیە بەپێی زەرورەت هەندێ دەزگا و ئۆرگان دەمج بکات، یان بیوەستێنێ، یان دایمەزرێنێ.

**پێنجەم: کۆبوونەوەی ئاساییەکان وەرزین و کۆبوونەوەکانیش یاسایی دەبن بە ئامادەبوونی (٣/٢)ی ئەندامانی.**

**ماددەی چوارەم: سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.**

**یەکەم:** سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەندا بە زۆرینەی ڕەها (٥٠ +١)ی دەنگی ئەندامانی لە نێو خۆیاندا هەڵدەبژێردرێت.

**دووەم:** بە لانی کەم خولێکی (ئەندامێتی) لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی تەواو کردبێت.

**سێیەم:** ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی:

١- ئامادەکردنی کارنامەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە راوێژ لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا.

٢- ئاگادار کردنەوەی ئەندامانی ئەنجومەن بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکاندا.

٣- سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەکات.

٤- سەرپەرشتی لیژنە تایبەتەکانی سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەکات.

٥- پرسینەوە لە جێبەجێکردنی بڕیار و راسپاردەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

٦- دەسەڵاتی خەرجی دارایی هەیە لە چوارچێوەی بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەنجومەن.

**ماددەی پانزەهەم: دەسەڵاتی بەدواداچوون.**

**یەکەم:** دەزگایەکی باڵای بەدواداچوون و دادوەریی و چاودێریکردنی کارو چالاکی و پرسە ناوخۆییەکانی حزبە، تەواوی مافی ئەم دەستەیە و سەرکردایەتی هاوتایە.

**دووەم مەرجی ئەندامێتی:**

١- تەمەنی لە (٤٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- ماوەی هاتنی بۆ نێو حزب لە (٩) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- خولێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بینیبێت، یان خاوەنی ئەزمون و پسپۆری بێت لە یەکێك لە بوارەکانی تایبەت بە کاری ئەم دەستەیە.

**سێیەم: پێك دێت لە.**

١- (١١) ئەندام کە لەلایەن کۆنگرەی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن.

٢- سەرۆکی دەستە بە دەنگدانی نهێنی لەنێو ئەندامانیدا هەڵدەبژێردرێت.

٣- دەستەی کارگێڕی لەنێو ئەندامانیدا پێك دەهێنن.

**چوارەم: کۆبوونەوە ئاساییەکانی مانگانە دەبن.**

**پێنجەم: ئەرکەکانی دەستە:**

١- بەدواداچوونی بڕیار و ڕاسپاردەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و کۆنفرانسەکان.

٢- داکۆکیکردن لە مافەکانی ئەندامان و بەدواداچوون و پرسینەوە لە سکالاکانیان.

٣- سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی حزب.

٤- دادوەری کردن لە کێشە ناوخۆییەکانی حزب.

٥- پەسەند کردنی وازنامەی ئەمینداری گشتی و ئەندامانی سەرکردایەتی.

٦- ڕاپۆرتی نیو ساڵانەی پێشکەش بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەکات و بڕیارەکانی مولزیمە.

٧- چاودێری کردنی پابەند بوونی ئەندامان و دەزگا ڕێکخراوەکانی حزب بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و ستراتیژییەت و ڕێبازی گشتی حزبەوە.

**ماددەی شانزەهەم: مەکتەبی سیاسی.**

**یەکەم:** دەزگایەکی ڕاپەراندنە بۆ بڕیار و ڕاسپارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، سەرپەرشتی کارە گشتییەکانی حزب دەکات، لە بەردەم ئەنجومەنی سەرکردایەتی لێپرسراوە.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- (١٢) ئەندام کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتیەوە هەڵدەبژێردرێن لە یەکەم کۆبوونەوەیدا لە دوای (٧) ڕۆژ لە تەواوبوونی کۆنگرە.

٢- مافی ئەندامیەتی پۆستی مەکتەبی سیاسی تەنها دوو خولی یەك لەدوای یەکە.

**سێیەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی.**

١- جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لە گشت مەکتەب و دەزگاو دامەزراوەکانی حزبدا.

٢- بانگهێشتکردنی بۆ کۆبوونەوە نائاساییەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە کاتی پێویستدا.

٣- دەرکردنی بەیاننامە و هەڵوێستەکان.

٤- ئەندامەکانی بۆیان هەیە بە ناوی حزبەوە لێدوان بدەن لە بارەی هەڵوێست و بڕیارەکانیەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی حزبدا.

٥- پاڵاوتنی ئەو بەرپرس مەڵبەندانەی، کە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی نین بە راوێژ لەگەڵ مەڵبەندەکاندا.

٦- رەزامەندیدان لەسەر سەرفکردن بۆ چالاکییەکانی حزب و وەبەرهێنانی پارەکانی.

٧- دانان و گۆڕینی ئەندامانی مەکتەبەکان بە راوێژ لەگەڵ مەکتەبە پەیوەندیدارەکاندا.

٨- بڕیارەکانی بە زۆرینەی رەها (٥٠ + ١) دەنگەکانی دەبێت.

٩- لەگەڵ مەکتەب و مەڵبەند و دەزگاکاندا بە پێی لائیحەی ناوخۆیی مەکتەب کۆ دەبێتەوە.

١٠- دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بە گوێرەی لا ئیحەی ناوخۆیی مەکتەب دەستنیشان دەکرێت.

**چوارەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی مانگانەیە و دانیشتنەکانی بە ئامادەبوونی (٢/٣)ی ئەندامانی یاسایی دەبن.

**ماددەی حەڤدەهەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەڤەرەکان.

**یەکەم:** ئەنجومەنێکی باڵای حزبە، لەسەر ئاستی پارێزگایەك یان زیاتر، سەرپەرشتی گشت کاروبارەکانی حزب لە سنووری خۆیدا لە ئەستۆ دەگرێت.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- بەرپرسی ئەنجومەن، کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سنووری دەڤەرەکە دەبێت.

٢- ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەسەر ئاستی دەڤەرەکەدا.

٣- بەرپرسی مەڵبەند و مەکتەب و دەزگاکان و ناوەندەکانی سنووری دەڤەرەکە.

٤- بەرپرسی فراکسۆنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا و بەرپرسی شارەوانییەکان و پلە تایبەتەکانن.

**سێیەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی:**

١- دانانی بەرنامە و میکانیزمی جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی حزب لەناوچەکەدا.

٢- جێبەجێکردنی بڕیار و راسپاردەکانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەب و دەزگا ناوەندییەکان، لەسەر ئاستی دەڤەرەکە.

٣- پەسەند کردنی (مصادقة) لەسەر پاڵێوراوانی ئەنجومەنی پارێزگا و سەرپەرشتی و هاوکاریکردنیان.

٤- هەڵسەنگاندنی کارو ئەدای مەڵبەند ناوەندەکانی سنووری دەڤەرەکە و پشتیوانی و هاوکاری چالاکییەکانیان، لە ماوەی شەش مانگ جارێکدا.

٥- بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە سنووری دەڤەرەکەدا.

٦- گرێدانی کۆبوونەوەی فراوانی شەش مانگ جارێك لەگەڵ ئەندامانی مەڵبەند و ناوەندەکانی سنووری دەڤەرەکە.

٧- بەرزکردنەوەی راپۆرت و کۆنووسی مانگانەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بۆ مەکتەبی سیاسی.

**چوارەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی مانگانەیە.

**ماددەی هەژدەهەم: دەستەی راوێژکاری.**

**یەکەم:** دەستەیەکی راوێژکارییە بۆ پێشکەشکردنی راسپاردە و پێشنیار بۆ دەزگا باڵاکانی یەکگرتوو.

**دووەم:** ئەندامانی ئەم دەستەیە لە هەردوو ئاستەکەیدا لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەستنیشان دەکرێن.

**سێیەم:** پێك دێت لە.

١- ئەندامانی دامەزرێنەری حزب.

٢- ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە خولەکانی پێشوویدا.

٣- خاوەن پلە تایبەتەکانی خولەکانی پێشوو.

**چوارەم: بە گوێرەی پسپۆری و شوێنی نیشتەجێبوون دەستەی راوێژکاری دابەش دەکرێن بەسەر دوو ئاستدا:**

١- دەستەی راوێژکاری باڵا کە ژمارە و کەسەکانیان لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە دیاری دەکرێت.

٢- ئاستی سەرکردایەتی پارێزگاکان.

**پێنجەم:** بەرپرسی یەکەمی دەستەی راوێژکاری لە کۆبوونەوەی ستاف هەردوو ئاستەکەدا بە زۆرینەی رەهای دەنگ (٥٠ +١) هەڵدەبژێردرێن.

**شەشەم:** بەرپرسی یەکەم لە ستاف پارێزگاکان دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی پارێزگا.

**ماددەی نۆزدەهەم: ئەنجومەنی سەرۆکایەتی:**

یەکەم: چوار چێوەیەکی کۆکردنەوەی بەرپرسانی دەزگا و دامەزراوە باڵاکانی حزبە بە مەبەستی هەماهەنگی و گفتوگۆ کردن دەربارەی بریار و هەڵوێستەکانی حزب و یەکخستنیان.

دووەم پێك دێت لە:

١- ئەمینداری گشتی و دوو یاردەدەرەکەی.

٢- سەرۆکی دەستەی باڵای بەدواداچوون و دادوەری و چاودێری.

٣- سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

٤- سەرۆکی سەرکردایەتی پارێزگاکان.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی مانگانە دەبێت.

**ماددەی بیستەم: مەکتەبی رێکخستن:**

**یەکەم:** ئەو دەزگایە یە کە سەرپەرشتی کاروباری پەروەردە و پێگەیاندن و رێکخستن و ئامار و رۆشنبیری و هۆشیاری لە حزبدا دەکات.

**دووەم: پێک دێت لە:**

١- بەرپرسی مەکتەب.

٢- (٤) جێگر بۆ بەرپرسی ناوەندەکان.

٣- (٦) کارگێر.

٤- (٤) کارگێر بۆ ناوەندەکان.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی وەرزین.

**چوارەم:** بۆی هەیە لقی نوێ، لە دوای رەزامەندی مەکتەبی سیاسی بکاتەوە.

**پێنجەم:** شەش مانگ جارێک لەگەڵ بەرپرسی مەڵبەندەکان کۆدەبێتەوە.

**ماددەی بیست و یەکەم: مەکتەبی هەڵبژاردن.**

**یەکەم:** ئەو مەکتەبەیە، کە هەڵدەستێت بە پلان دانان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستەبەرکردنی پێداویستییە هونەری و یاساییەکانی.

**دووەم: پێک دێت لە:**

١- بەرپرسی مەکتەب.

٢- (٥) پێنج کارگێر.

٣- ستاڤ راوێژکاری.

٤- نوێنەری حزب لە پارێزگاکان بۆ کاروباری کۆمسیۆن.

**سێیەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی.**

١- هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و هەر دامەزراوەیەکی تری فەرمی پەیوەندیدار بە پرۆسەی هەڵبژاردن.

٢- داڕشتنی بەرنامە و پلانی هەڵمەندی هەڵبژاردن بە هاوکاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی و سەرکردایەتی دەڤەرەکان.

٣- ئامادەکردنی ئامار و راپرسی و داتای پەیوەست بە هەڵبژاردنەکان.

٤- دانانی بەرنامەی مەشق و راهێنان بۆ نوێنەر و چاودێر و پاڵێوراوان، بە سوود وەرگرتن لە رێکخراوە نێودەوڵەتی و پسپۆرییەکانی بواری هەڵبژاردندا.

٥- توێژینەوە لەسەر دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن پاش ئەنجامدانی پرۆسەکە.

**چوارەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی کارگێڕانی مەکتەب مانگانەیە و کۆبوونەوە فراوانەکانی وەرزین.

**ماددەی بیست و دووهەم: مەکتەبی بانگەوازی گشتی.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە، کە سەرپەرشتی کاروباری بانگەوازی گشتی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و رۆشنبیری ئیسلامی دەکات.

**دووەم:** پێك دێت لە:

١- بەرپرسی مەکتەب.

٢- (٤-٥) کارگێڕ.

٣- (٣) ئەندام بۆ کاروباری ناوەندەکان.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی وەرزین.

**چوارەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی.**

١- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئیسلامی لەناو جەماوەردا.

٢- بایەخدان بە رەمزە دەعەویەکان و هاوکاریکردنیان.

٣- کردنەوەی خولی راهێنان و مەشقکردن بە مەبەستی پێگەیاندنی بانگخوازانی نوێ و پەرەدان بە تواناکانیان.

٤- سەرپەرشتی کردنی گشت ئەو دامەزراوە و دەزگایانەی، کە کارەکانیان سروشتێکی دەعەوی هەیە وەك (گروپە دەعەویەکان، سەنتەرەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بە بواری بانگەواز...هتد).

٥- بایەخدان بە گوتاری دەعەوی و ئاراستەکردنی بەشێوەیەکی زانستیانە.

**ماددەی بیست و سێیەم: مەکتەبی راگەیاندن.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە، کە سەرپەرشتی گشت دەزگاکانی راگەیاندنی حزب دەکات.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- لێپرسراوی مەکتەب.

٢- (٢-٣) کارگێڕ.

٣- (٢-٤) کارگێڕی ناوەند.

٤- دەستەی راوێژکاری.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی وەرزین.

**ماددەی بیست و چوارەم: مەکتەبی پەیوەندییەکان.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە کە کە سەرپەرشتی رێکخستنی کاروباری پەیوەندییە سیاسییە نیشتمانییەکانی حزب دەکات.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- لێپرسراوی مەکتەب.

٢- (٣-٤) کارگێڕ.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی وەرزین.

**ماددەی بیست و پێنجەم: مەکتەبی رێکخراوە پیشەییەکان.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە کە سەرپەرشتی کاروباری دەستە پیشەییەکان و کۆمەڵە و رێکخراوە پەیوەندیدارەکان دەکات.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- لێپرسراوی مەکتەب.

٢- ئەندامانی مەکتەب، کە پێکدێن لە:

أ- (٣) ئەندام وەك کارگێڕی بەشەکانی مەکتەب.

ب- بەرپرسی ناوەندەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان.

ج- بەرپرسی رێکخراوە ناوەندییەکان.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی وەرزین.

**ماددەی بیست و شەشەم: مەکتەبی کارگێڕی و دارایی.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە کە سەرپەرشتی رێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لە گشت ئۆرگانەکانی حزبدا دەکات.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- لێپرسراوی مەکتەب.

٢- لێپرسراوی یەکە کارگێرییەکان.

٣- (٣) کارگێڕ.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکان وەرزین.

**چوارەم:** سەرچاوەدانی دارایی.

١- بەخشین لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانەوە.

٢- هەر یارمەتیەکی بێ مەرج.

٣- قازانجی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی تایبەت بە حزب.

٤- ئەو سامانانەی لەسەر حزب (وقف) دەکرێن.

٥- بودجەی حکومەت بەپێی یاسای حزبەکان.

٦- ئەو برە پارەیەی، کە لە ئەندامە خاوەن پلە تایبەتەکان دەربڕدرێت، بەو رێژەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری دەکات.

**ماددەی بیست و حەوتەم: مەکتەبی کاروباری خوشکان.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە، کە کاروباری تایبەت بە خوشکان دەگرێتە ئەستۆ.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- بەرپرسی مەکتەب.

٢- دوو کارگێڕ.

**سێیەم:** کارو چالاکییەکانی لە ڕێی هاریکاری لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکاندا ئەنجام دەدات.

**چوارەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی وەرزین.

**ماددەی بیست و هەشتەم: مەکتەبی زانایان وزانستە شەرعیەکان.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە، کە تایبەتە بە کاروباری زانایان و زانستە شەرعییەکان.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- لێپرسراوی مەکتەب.

٢- (٥-٧) کارگێڕ.

٣- (٣) ناوەندی هەیە بۆ هەریەکەیان (٣) کارگێڕ.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکان وەرزین.

**ماددەی بیست و نۆیەم: مەکتەبی کاروباری قوتابیان و لاوان.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە، کە سەرجەم کاروباری تایبەت بە قوتابیان و لاوان لە ئەستۆ دەگرێت.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- بەرپرسی مەکتەب.

٢- (٤) کارگێڕ.

**سێیەم:** کارو چالاکییەکانی لەڕێی هاریکاری لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکاندا ئەنجام دەدات.

**چوارەم:** کۆبوونـەوە ئاسـاییەکانی مـانگی جارێکـە و کۆبوونـەوە فراوانـەکانی وەرزین.

**ماددەی سییەم: مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی.**

**یەکەم:** دەزگایـەکی تایبەتـە بە کاروبـاری کۆمەڵایـەتی، لە بوارەکـانی هۆشیاری کۆمەڵایـەتی و کاروبـاری خێـزان و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، لـە نـاوخۆی حزب و کۆمەڵگەدا.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- بەرپرسی مەکتەب.

٢- (٣-٤) کارگێڕ.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی وەرزین.

**ماددەی سی و یەکەم: دەزگای وەرزش.**

**یەکـەم:** ئـەو دەزگایەیـە کـە سەرپەرشـتی کاروبـاری یانـە و بنکـە و تیپـە وەرزشیەکان دەکات.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- بەرپرسی دەزگا.

٢- (٢-٣) کارگێڕ.

**سێیەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی وەرزین.

**ماددەی سی و دووەم: دەزگای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.**

**یەکـەم:** ئـەو دەزگایەیـە کـە سەرپەرشـتی کاروبـاری مامۆسـتایانی زانکـۆ و پەیمانگەکان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی دەکات.

**دووەم:** ئامـادەکردن و پێـشکەش کردنـی راپـۆرت و پـێش نیـار و پـرۆژە، دەربارەی هەستیار و پێشهات و رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بە دام و دەزگای بڕیاری حزب.

**سێیەم: پێك دێت لە:**

١- بەرپرسی دەزگا.

٢- (٢) کارگێڕ.

٣- دەستەیەکی بالاّ کە سەرپەرشتی لق و بوارە پەیوەندیدارەکانی کاری دەزگا دەکات.

**چوارەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی وەرزین.

**ماددەی سی و سێیەم: ناوەند**

**یەکەم:** ئۆرگانێکی حزبە لەسەر ئاستی دەڤەرەکان لەسەر داوای مەکتەب و دەزگای پەیوەندیدار، بە راوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی دەڤەر و بە رەزامەندی مەکتەبی سیاسی دەکرێتەوە. ئەرکی جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەی مەکتەب و دەزگاکەیەتی لە سنووری دەڤەرەکەدا.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- بەرپرسی ناوەند.

٢- (٢-٤) کارگێڕ.

**سێیەم:** کۆبوونەوەکانی مانگانەیە، یان (٢) مانگ جارێك لەگەڵ بەشەکانی مەڵبەندا.

**ماددەی سی و چوارەم: مەڵبەند.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە، کە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی کاروباری حزب و رێکخستنەکانی لە ئەستۆ دەگرێت لە سنووری چالاکییەکانیدا.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- لێپرسراوی مەڵبەند.

٢- (١) یاریدەدەر.

٣- (٨-١٠) کارگێڕ.

٤- بەرپرسی لقەکان.

٥- ئەنجومەنی مەڵبەند، ئەندامەکانی لە یەکەم کۆبوونەوەی پاش هەڵبژاردنی کابینەی مەڵبەندا دەستنیشان دەکرێن.

**سێیەم:** بەشەکانی مەڵبەند کارەکانیان لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەکانەوە ڕادەپەڕێنن.

**چوارەم:** کۆبوونەوەی کابینەی مەڵبەند هەفتانە و کۆبوونەوە گشتییە ئاساییەکانی دوو مانگ جارێك دەبێت.

**پێنجەم:** بۆی هەیە ناوچەی ڕێکخستنی نوێ بکاتەوە لە سنووری مەڵبەندەکەی دا پاش ڕەزامەندی مەکتەبی ڕێکخستن.

**ماددەی سی و پێنجەم: لق.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە، کە بەڕێوەبردن و کاروباری حزب لە ئەستۆ دەگرێت لە سنووری کار و چالاکیەکانی دا.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- لێپرسراوی لق.

٢- یاریدەدەری لق (بەپێی پێویست).

٣- (٣-٨) کارگێڕی بەشەکان.

٤- لێپرسراوی ناوچەکان.

٥- ئەنجومەنی لق.

**سێیەم:** بەشەکانی لق کارەکانیان لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەکانەوە ڕادەپەڕێنن.

**چوارەم:** کۆبوونەوە ئاساییەکانی هەفتانە و کۆبوونەوەی فراوانی مانگانەیە.

**ماددەی سی و شەشەم: ناوچە.**

**یەکەم:** ئەو دەزگایەیە کە بەڕێوەبردنی کاروباری پەروەردە و ڕێکخستنی (ئوسرەکان) لە سنووری ناوچەکەدا لە ئەستۆ دەگرێت.

**دووەم: پێك دێت لە:**

١- لێپرسراوی ناوچە.

٢- (٢) کارگێڕ بۆ ئەو ناوچانەی بارەگای تایبەتیان هەیە.

٣- لێپرسراو ئوسرەکان و ئەلقەکان.

**سێیەم:** کۆبوونەوەی ئاساییەکانی (١٥) رۆژ جارێکە.

**ماددەی سی و حەوتەم: ئوسرە.**

**یەکەم:** یەکەم ئەلقەی رێکخستنە لە حیزبدا.

**دووەم:** کۆبوونەوەکانی (١٠) رۆژ جارێکە.

**ماددەی سی و هەشتەم: پلەکانی ئەندامێتی.**

**پلەی یەکەم:** ئەندامی پاڵێوراو، ئەو کەسەیە کە هاتۆتە نێو ریزەکانی حزب و فۆرمی ئەندامێتی پڕ کردۆتەوە.

**پلەی دووەم:** ئەندامی رێکخراو:

ئەو کەسەیە کە قۆناغی پاڵێوراو بە سەرکەوتوویی دەبڕێت و لە چالاکییە گشتییەکاندا بەشدار دەبێت.

**پلەی سێیەم: ئەندامی کارا:**

ئەو کەسەیە کە قۆناغی رێکخراو بە سەرکەوتوویی دەبڕێ و شیاو بێت بۆ لە ئەستۆ گرتنی لێپرسراویەتی لەناو حزبدا.

**ماددەی سی و نۆیەم: ئەرکەکانی ئەندام:**

١- هەوڵدان بۆ خزمەت کردنی گەل و نیشتمان و پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی و نەتەوەیی.

٢- کارکردن لەسەر خۆ راهێنان و پەروەردە کردن بەپێی پرۆگرامی حزب.

٣- کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرنامەی سیاسی حزب.

٤- پاراستنی نهێنییەکانی حزب.

٥- هەوڵدان بۆ هێنانی ئەندام و لایەنگر بۆ حزب.

٦- جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی پابەند بوون بە بڕیار و ڕێنماییەکانی حزب.

٧- ئابوونەی دارایی بدات.

**ماددەی چل: مافەکانی ئەندام.**

١- مافی هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتنی هەیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حزب.

٢- مافی ڕادەربڕین و پێشنیارکردن و ڕەخنەی بنیادنەر و ئامۆژگاری کردنی گشت ئەندامان و دەزگاکانی حزبی هەیە.

٣- مافی سکاڵا کردن و داکۆکی لەخۆ کردن.

٤- مافی دابینکردنی ئاستێکی بژێوی گونجاو، ئەگەر خۆی یەکلا کردبێتەوە بۆ کاری حزبی.

٥- مافی دابینکردنی سێ لەسەر چواری ئیمتیازاتی ماددی بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و ئەمینداری گشتی و دەستەی باڵای بەدواداچوون لە کاتی نەبوونی سەرچاوەی داهاتی گونجاودا.

**ماددەی چل و یەکەم: سزاکان.**

١- ئاگادار کردنەوە (التنبيه).

٢- وریا کردنەوە (الانذار).

٣- سەرکۆنە کردن (التوبيخ).

٤- هەڵپەساردنی ئەندامیەتی (تعليق العضوية).

٥- دەرکردن (الفصل).

**ماددەی چل و دووەم: لەدەستدانی ئەندامێتی.**

١- دەست کێشانەوە لە حزب.

٢- دەرکردن.

**ماددەی چل و سێیەم: هەڵوەشاندنەوەی حزب.**

لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی حزبدا، سامانی گواستراوە و نەگواستراوە دەدرێتە حزبێکی هاوشێوەی، یان لایەنێکی خێرخواز، کە ئەندامانی دامەزرێنەر و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەو خولەدا دیاری دەکەن.

**ستراتیجیەتی کاری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو:**

١- گەشەدان بە دەستکەوتە دەستوریەکانی گەلی کوردستان لە فیدراڵیەتەوە بۆ مافی چارەی خۆنووسین و هەوڵدان بۆ بە دەوڵەت بوون.

٢- بەرەو پێشبردنی کاری ئیسلامی میانڕەو و پرۆژەی هاوکاری ئیسلامی و کارا کردنی بواری کاری بانگخوازی لە ڕێی دامەزراندنی مەدەنی و جەماوەریەکانەوە.

٣- بەدەست هێنانی پشتیوانی هێزە ئیسلامییەکان، بە قازانجی چارەسەری دۆزی گەلی کوردستان.

٤- دامەزراوەیی کردنی پرۆسەی چاکسازی ریشەیی هەمە لایەن لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

٥- داکۆکیکردن بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتی هەرێمی کوردستان بەسەر هەموو ناوچەکاندا.

٦- بەرجەستە کردنی کۆمەڵگەیەکی گەشە سەندوو، بە چەسپاندنی بەها باڵاکان و قوڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان.

٧- پەروەردە و پێگەیاندنی تاکی کارا، بەپێی بنەما گشتییەکان و ئامانجە دیاریکراوەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەککرتووی ئیسلامی کوردستان.

١٧-بەلگەنامەی ژمارە (١٧):

پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان-عیراق

پەسنکراوی کۆنگرەی دووەم/٢٠١٠

بەشی یەکەم

بنەماگشتیەکان

مادەی/١ ناو: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان-عیراق

الجماعه الاسلامية الكوردستانية-العراق[٣٦٥]

Kurdistan Islamic komal-iraq

ماددەی/٢ پێناسە: پارتێکی ئیسلامییە، بۆ پیادەکردنی بەرنامەی ئیسلام لەکوردستان و عێراقداو چەسپاندنی مافەرەواکانی گەلی کوردستان تێدەکۆشێ.

ماددەی/٣ دروشم: ئایەتی ( وما ارسلناك إلا رحمة للعالمين) الانبياء/١٠٧

ماددەی/٤ ئارم پێك دێت لە:

١- بازنەیەک کەنیشانەی بەردەوامی و نوێ بوونەوەیە بەرەنگی پرتەقاڵی.

٢- مانگێك کەهێمای ڕووناکی و پەیامی ئیسلامە.

٣- وشەی یەکتاپەرستی ٤- ناوی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.

ماددەی/٥-: ئاڵا- ڕەنگی پرتەقاڵی بێت، بەخەتی (ثلث) بەرەنگی ڕەش لەسەری بنوسرێت:

لا اله إلاالله محمد رسول الله.

بەشی دووەم

دەسەڵاتەکان

ماددەی/٦- کۆنگرە: بەرزترین دەسەڵاتە و لەکاتی ئاسایی هەرچوار ساڵێك دەبەسترێت.

پێکهاتەی ئەندامانی کۆنگرە بریتین لە:

١- ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی شوراو کارگێری مەکتەبو دەزگاو سکرتاریەتو مەڵبەندەکان.

٢- ژمارەیەکی دیاریکراو کەلەکۆنفرانسە ناوچەیەکان هەڵدەبژێردرێن بەپێی ئەو رێژەیەی کەلەلایەن سەرکردایتیەوە دیاری دەکرێت.

**مەرجی ئەندام کۆنگرە:**

١- پلەی حزبی رەچاو بکرێت.

٢- بەلای کەمەوە بەبێ دابران (٥) ساڵ بەسەر پەیوەندیدا تێپەر بوبێت، جگە لەو کەسانەی کە بەئاستێکی بەرز لەپارتێکی تردا بوون‌و پەیوەندییان کردووە بەکۆمەڵی ئیسلامیەوە.

٣- پێش کۆنگرە پێویستە کۆبونەوەی گشتی‌و کۆنفرانسی ناوچەییەکان بۆدیاری کردنی ئەندامانی کۆنگرەو کارەکانی تر ئەنجام بدرێن.

**ئەرك‌و دەسەڵات:**

١- پەسندکردنی پەیرەوی ناوخۆ.

٢- پەسەندکردنی راپۆرتی هەلسەنگاندن.

٣- پەسەندکردنی راپۆرتی سیاسی

٤- ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن:أ-هەڵبژاردنی پێشەوا:ب- هەڵبژاردنی ئەمیر:ج- هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی.

**مادەی/٧- کۆنفرانس:**

١- لەدوای کۆنگرە- دووەمین دەسەڵاتەو لەکاتی ئاساییدا لەنێوان دووکۆنگرەدا جارێك دەبەسترێت.

٢- لەکاتی نائاساییدا لەسەر بریاری پێشەوا یان امیر یان زۆرینەی سەرکردایەتی دەبەسترێت.

٣- ئەندامانی کۆنفرانس، جگە لەئەندامانی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی شوراو، لەنوێنەرانی مەکتەب‌و مەڵبەندو سکرتاریەت‌و دەزگاکان پێکدێت:

**ئەرك و دەسەلات:**

١-یەکگرتن لەگەڵ حزبی دیکەدا

٢- هەموارکردنی پەیرەوی ناوخۆ.

٣-لادانی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەرکی خۆی بەجێ نەهێناوە یان مەرجی ئەندامێتی لەدەست داوە.

٤-هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی ئۆرگانەکان.

**ماددەی /٨- ئەنجومەنی سەرکردایەتی:**

بەرزترین دەسەڵاتی بریاردانە لەچوارچێوەی پەیرەو بریارەکانی کۆنگرەدا، هەڵدەستی بەلێپرسینەوەو چاودێری و پەسندکردنی بودجەو پلانەکان، ئەندامانی لەلایەن کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن و پالێوراوانی سەرکردایەتی بەشێوەیەکی بازنەیی بەسەر سنووری مەڵبەندەکان دابەش دەکرێن بەپێی رێژەی ئەو ئەندامانەی بەشداربوون لەکۆنفرانسە ناوچەییەکان، هەروەها سیستمی کۆتا بۆخوشکان پەیرەو دەکرێت بەرێژەی لە ١٠٪.

مەرجەکانی ئەندامی سەرکردایەتی:

١-تەمەنی لە ٢٥ساڵ کەمتر نەبێت.

٢-وێرای رۆشنبیری ئیسلامی، پسپۆری و شارەزای لەیەکێك لەبوارەکانی پەروەردە،سیاسەت، ئیدارە..هتد) هەبێت.

٣-خزمەتی لەنێوکاری ئیسلامدا (٧) ساڵ کەمترنەبێت.

٤-پە یماننامەی پالێوراوی ئیمزابکات.

**ئەرك و دەسەلات.**

١-ئەنجومەنی هەڵبژێردراو (٥) رۆژ دوای کۆنگرە، یەکەم کۆبونەوەی خۆی گرێ دەدات و کارگێرێك بۆسەرپەرشتی کاروبارەکانی هەڵدەبژێرێت بەومەرجەی پلەی سەرکردایەتی بێت.

٢- لەماوەی (١٥) رۆژدا کۆبونەوەی دووەم ئەنجام دەدات بۆئەنجامدانی تەشکیلاتی نویٔ

٣- هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو دیاریکردنی ژمارەیان.

٤- بەستنی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی مانگی یجارێك.

٥- گرێدانی کۆبونەوەی نائاسایی لەسەرداوای پێشەوا یان ئەمیر یان کارگێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی یان (٣/١)ی ئەندامانی.

٦- بەدەنگی (٥/٤) ئەندامانی سەرکردایەتی (٣١ ئەندامەکە) پەیرەوی نێوخۆی کۆمەڵ هەموار دەکریٔو ماددەو برگەی لیٔ زیادو کەم دەکریٔ.

٧- دانانی پرۆژەی کۆنگرەی داهاتوو، وەدیاریکردنی لیژنەی ئامادەکارو بەرێوەبردنی کۆنگرە بەومەرجەی ئەندامانی لیژنە پالێوراوی سەرکردایەتی بن.

٨- دابین کردنی داهاتو پەسەندکردنی بودجەی ئۆرگانەکان.

٩- دەرنەچونی لێدوانو رەفتاری ئەندامانی سەرکردایەتی، لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتیو بەرنامەو کارنامەکان.

١٠- پەسەندکردنی بریاری دامەزراندنو هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵاوکردنی مەکتەبو مەڵبەندو دەزگاو رێکخراوەکان.

١١- هەڵپەساردنو تەجمیدکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی بە (٤/٣) دەنگەکان.

١٢- هەڵسەنگاندنی نەخشەوکارەکانی مەکتەبی سیاسیو ئۆرگانەکان.

١٣- دیاریکردنی هێلەگشتیەکانی سیاسەتی کۆمەڵ.

١٤- بریاردانی بەستنی (کۆنگرە)ی نائاسایی بە (٣/٢) دەنگەکان.

١٥- دانانو لادان گواستنەوەی بەرپرسی مەکتەبو دەزگاو مەڵبەندەکان.

١٦- پەسندکردنی تەشکیلاتی ئۆرگانەکان.

١٧- بریاردان لەمەسەلەچارەنوسازە گرنگەکان پاش راپرسی بەئەندامانی ئەنجوومەنی شوراو مەکتەبو دەزگاو سکرتاریەتو مەڵبەندەکان.

١٨-داوای روونکردنەوەو لێپرسنەوە لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی یان بەرپرسی مەکتەب و مەڵبەندەکان.

١٩- پەسندکردنی پالێوراوان بۆ پۆستەحکومی و پەرلەمانی و ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەراوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی شورا.

٢٠- ئەو ئەندام سەرکردایەتیەی پۆستی حکومی یان پەرلەمانی وەردەگرێت ،سەرکردایەتی چاو بەپۆستە حزبیەکەیاندا دەگێرێتەوە.

٢١- ئەندامانی یەدەکی سەرکردایەتی بۆهەندێك کۆبوونەوەی تایبەت بانگێشت دەکرێن و دەنگیشیان وەك دەنگی ئەندامانی سەرکردایەتیە.

٢٢- لەدوای کۆنفرانسی ئاسایی پێداچوونەوە بەتەشکیلاتدا دەکاتەوە.

ماددەی/٩- ئەنجوومەنی شورا: پێکهاتەی ئەنجومەن:-

ئەنجومەنی شورا پێکدێت لەدەرچووی کۆنگرەکانی کۆمەڵ ( کەئێستا سەرکردایەتی نین) لەگەڵ ئەو کەسانەی خوارەوە کەئەندامن لەکۆمەڵی ئیسلامی بەدەنگی (٥/٤)ی ئەندامانی سەرکردایەتی:

**یەکەم:** ئەندامانی پێشووی سەرکردایەتی بزووتنەوەکانی (بزووتنەوە، راپەرین، یەکبوون، کۆمەڵ).

**دووەم:** ئەندام پەرلەمان و وەزیر کەسەرکردایەتی نین (ئەوانەی خانەنشین و لەکارن).

**سێیەم:** سکرتێری حزبەئیسلامیەکان کەپەیوەندی دەکەن بەکۆمەڵ.

**چوارەم:** یەك نوێنەر لەنەتەوەکانی عەرەب و تورکمان).

**پێنجەم:** کەسی پسپۆر کەهەڵگری بروانامەی دکتۆرابێت یان ماستەر لەهەریەك لەبوارەکانی (یاسا، رامیاری، راگەیاندن، پلان دانان و کارگێری و هەربوارێکی تر کەسەرکردایەتی دیاری بکات).ئەنجومەن چەند کەسێکیان کاندید دەکات بۆسەرکردایەتی بۆدیاری کردنی یەکێکیان **لەوبوارەدا**.

**ئەرکەکانی:**

١-بەدواداچوون بۆراسپاردەو بریارو سکالاکانی کۆنگرەو کۆنفرانسەکان دەکات.

٢-هەلدەستێت بەپێکهێنانی چەند لیژنەیەکی بەردەوام بۆکارەکانی و بۆیهەیە سودمەندبێت لەکەسانی شارەزاو پسپۆر.

٣-چاودێرکردنی پابەندبوون بەپەیرەو کارنامەکان.

٤-بۆمەسەلە چارەنوس سازەکانی سەرکردایەتی راوێژیان پێدەکات.

٥-بەدواداچوون بکات لەرەوتی سیاسی حزب.

٦-ئەنجومەنکە دەستەیەکی (کارگێری) لەنێوخۆیان دیاری دەکەن بۆراپەراندنی کاروبارەکانیان.

٧-ئامادەکردنی پرۆژە بۆسەرکردایەتی لەبوارە جیاجیاکاندا.

٨-لەیەکەم کۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا سەرۆکێك بۆخۆی دەست نیشان دەکات.

**ماددەی/١٠ پێشەوا:**

**ئەرك و ماف:**

١-سەرپەرشتی کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی دەکات.

٢-رۆلی کاریگەر لەبەستن و پتەوکردنی پەیوەدییە سیاسی و کۆمەلایەتیەکاندا دەبینێت.

٣-رێنمایی و ئامۆژگاری پێویست بەهەموو ئاستەکان دەدات.

٤-بریاری بەستنی کۆنفرانس و کۆبونەوەی نائاسایی سەرکردایەتی دەدات.

٥-یەکریزی و یەکهەلوێستی لەنێو ئەندامانداد دەپارێزرێت.

٦-لەکاتی ئامادەنەبوونیدا کەسێك بۆراپەراندنی کارەکانی دیاری دەکات.

٧-دلسۆزی بۆ بنوێنرێت و گوێرایەلی بۆ بکرێت.

٨-سەرجەم ئۆرگانەکان بەسەردەکاتەوە.

٩-سکرتێرێك بۆخۆی دیاری دەکات بۆ راپەراندنی کارەکانی.

١٠-سەرپەرشتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی بابەتە شەرعیەکان دەکات.

١١-لەبۆنە ئاینیی و کۆمەلآیەتیەکاندا نوێنەرایەتی کۆمەڵ دەکات.

١٢- لەرادەی پابەندبوونی ئەندامان دەپێچێتەوە.

١٣-سەرپەرشتی کاروباری زانایانی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات.

**ماددەی/١١ ئەمیر:**

**ئەرك و ماف:**

١-سەرپەرشتی سەرجەم ئۆرگانەکانی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات.

٢-بەسەرکردنەوەی ئۆرگانەکان و کۆبوونەوە لەگەلیان و موتابەعەکردنیان بەشێوەیەکی وەرزی.

٣-چاودێری و لێپرسینەوەو نرخاندنی هەمووئاستەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەئالۆزەکان.

٤-ئیمزاکردنی رێکەوتنامە ستراتیژیەکان پاش لێکۆڵینەوەو رەزامەندی ئەنجوومونی سەرکردایەتی.

٥-لەکاتی نایاساییدا بریاری بەستنی کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆبونەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەدات.

٦-هەڵسەنگاندنی نەخشەو کارەکانی مەکتەبی سیاسی و ئۆرگانەکان.

٧-لێپێچینەوە لەرادەی پابەندبوونی ئەندامان.

٨-نوێنەرایەتی کردن و لێدوان بەناوی کۆمەڵی ئیسلامییەوە بەرەچاوکردنی بەرژەوەندی باڵای حزب.

٩-مەکتەبێك بۆراپەراندنی کارەکانی پێکدەهێنێت.

١٠-مافی لێپرسینەوەو هەڵسەنگاندن و نرخاندنی کاری ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی هەیە.

١١-بەپێی پێویست و بەراوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی راوێژکاری پسپۆروکار لەبوارە جیاجیاکاندا بۆخۆی دادەنێت.

١٢- لەکاتی ئامادەنەبوونیدا، کەسێك دیاری دەکات بۆراپەراندنی کارەکانی.

ماددەی:١٢/ مەکتەبی سیاسی.

بەرزترین دەسەڵاتی راپەراندنە کارگێرییەکی دەبێت و کارەکان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن و سەرکردایەتی کارنامەکەیانی پەسەند دەکات.

**ئەرك و ماف:**

١-(١٥)رۆژ جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازدەدات.

٢-بەپێی بریارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی سەرپەرشتی و رێنمایی سەرجەم ئۆرگانەکان دەکات.

٣- بەرانبەر بەمەسەلەو رووداوە هەنووکەییەکان (جگە لەمەسەلە چارەنوس سازەکان) هەڵوێست وەردەگرێت.

٤- بریاری کۆبوونەوەی نایاسایی سەرکردایەتی دەدات.

٥- پەسەندکردن و هەموارکردنی کارنامەکان.

٦- جێبەجێکردن و بەدواداچوونی بریارەکانی ئونجوومەنی سەرکردایەتی.

٧- لیژنە بۆراپەراندنی کارو چارەسەرکردنی پێکدێنێت.

٨- کاری ئۆرگانەکان هەڵدەسەنگێنێ و دەیاننرخێنێ.

٩- دیاریکردنی و وەفد و نوێنەرەکان بۆدەرەوەی وولات بەهەماهەنگی لەگەڵ کارگێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

١٠- رێکخستنی پەیوەندیەکانی حزب لەگەڵ پارت و رێکخراوو حکومەتدا.

١١- پێشنیارکردنی وتەبێژێکی فەرمی حزب و پەسەندکردنی لەلایەن سەرکردایەتی.

١٢- دەرکردنی بەیاننامەو دەرخستنی هەڵوێستی سیاسی کۆمەڵ لەرووداوەکان.

١٣- مەکتەبی سیاسی نوێنەرایەتی کۆمەڵ دەکات لەبەردەم دادگاکانی کوردستان و عیراقدا.

**ماددەی:١٣/ کارگێری مەکتەبی سیاسی:**

پێکدێت لەپێنج دامەزراوەکە هەرئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی یەکێك لەم دامەزراوانەی خوارەوە دەکات بەپێی ئەو کارنامەیەی کەسەرکردایەتی پەسەندی دەکات.

دامەزراوەکان: ١- دامەزراوی رێکخستنی مەڵبەندەکان.٢- دامەزراوی مەکتەب و دەزگاکان.

٣-دامەزراوی کارگێری و دارایی.٤- دامەزراوی رێکخراوەکان.

٥- دامەزراوی کاروبارو حکومەت و پەرلەمان.

**بەشی سێیەم: ئۆرگانەکان-**

ماددەی:١٤/ مەکتەبەکان پێکدێت لە : مەکتەبی ئەمیر ٢- مەکتەبی زانایان و بانگ خوازان.

ماددەی:١٥/ دەزگاکان پێکدێت لە:

١- ئیدارەی مەکتەبی سیاسی ٢- دارایی گشتی ٣- دەزگای رۆژنامەنوسی و بڵاوکردنەوەی ئاوەز.

٤- دەستەی دادوەری و فەتوا.٥- دەزگای پلان و توێژینەوەو پێگەیاندن ٦- کەناڵی ئاسمانی پەیام.

٧- ناوەندی هەڵبژاردن ٨- پەیوەندییەکانی نێوخۆ ٩- پەیوەندییەکانی دەرەوە ١٠- رێکخەری کاروباری کۆمەڵ لەکۆماری ئیسلامی ئێران.

**ماددەی:١٦/ مەڵبەند.**

بەرزترین دەسەڵاتە لەسنوری جوگرافی خۆیداو بەپێی هەڵ و مەرجی سیاسی و شوێنی جوگرافی و ژمارەی ئەندامانی دادەمەزرێت.

بەشەکانی مەڵبەند:

١- کارگێری ڕێکخستن ٢- پەیوەندییەسیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ٣- کارگێری و دارایی.

٤- ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان ٥- ناوەندی کۆمەڵایەتی ٦- هەڵبژاردن و ڕاگەیاندن.

٧- پەروەردەو نەوجەوانان.

ئاستەکانی ڕێکخستن. أ ناوچە ب- ڕێکخراو ج - پۆل.

ماددەی: ١٧/ ئەنجومەنی ڕاوێژکاری مەڵبەند.

ئەنجومەنێکی ڕاوێژکارییە بۆبەهێزکردن و پشتگیری کردنی مەڵبەندەکان پێکدێت لەئەندامانی کۆنگرەی سنووری مەڵبەندەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی مەڵبەند.

**ئەرك و دەسەڵات:**

١- دوومانگ جارێك کۆبوونەوەی ئەنجام دەدات.

٢-پابەند دەبن بەخشتەی دەوامیان لەمەڵبەند.

٣- لەنێوخۆیاندا بڕیاردەر هەڵدەبژێرن.

٤-بەرپرسی مەڵبەند سەرپەرشتیان دەکات.

٥- ئەم ئەنجومەنە هەڵدەستێت بەهەڵبژاردنی کارگێرانی مەڵبەندی سنوری خۆیان بەو ڕێژەیەی دیاری کراوە.

بەشی چوارەم: ئەندامێتی

**ماددەی: ١٨/ مەرجەکانی بەئەندام بوون:**

وێرای مەرجە یاساییەکان ئەم مەرجانەی خوارەوەش بۆئەندام بوون پێویستن:

١-فەرزە شەرعیەکان جێ بەجێ بکات و خۆی لەقەدەغەکراوەکان بپارێزێت.

٢-تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت.

٣-لەهیچ ڕێکخراوێکی سیاسە دیکەدا کارنەکات.

٤-ئاکارو هەڵسوکەوتی پەسندبێت.

٥-بەبەرنامەو پەیرەوی نێوخۆوە پابەند بێت.

٦-ئابوونەی ئەندامێتی بدات.

ماددەی ١٩/ ئەرکەکانی ئەندامێتی.

١-دڵسۆزانە بۆهێنانەدی ئامانجەکان کاربکات.

٢-هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ئیمانی و روناکبیری و زانستی خۆی بدات.

٣-بەرژەوەندی کۆمەڵ بخاتە سەرووی بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە.

٤-بەبریارو رێنماییەکانی سەرووی خۆیەوە پابەندبێت.

ماددەی ٢٠/ مافەکانی ئەندامێتی:

١-پێشنیاز ٢- سکالاٌ ٣- بەرگری لەخۆکردن لەکاتی لێپرسینەوەدا.

٤-دەنگ دان و دەنگ پێدران بەمەرجەکانی خۆیان.

٥-بەپێی ئاستی خۆی ئاگادارکرانی لەبارودۆخی نێوخۆ.

٦-گرنگی پێدانی لەرووی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری.

٧-بەپێی مەرجەکان پلەی خۆی پێبدرێت.

٨-لەکاتی پێویستدا، بەپێی توانا بەدەمەوەچوونی یارمەتیدانی خۆی و خێزانی.

٩-بەرگریکردن و بەدەمەوەچوونی بەپێی توانا لەکاتی هەرکێشەیەک کەدێتەرێی بەتایبەت لەسەر حزب.

١٠دەست لەکارکێشانەوە دوای دیاری کردنی هۆیەکانی.

١١-مۆڵەت وەرگرتن ٢- ئاسنامەی هەبێت.

ماددەی ٢١/ پاداشت:

پاداشتی ئەندامی لێهاتوو کارابەم شێوانەی خوارەوە دەدرێتەوە:

١- سوپاس و پێزانین ٢- خەڵاتکردن ٣- پلە بەرزکردنەوە.

ماددەی ٢٢/ سزا، بەم شێوەی خوارەوە سزای ئەندامی کەمتەرخەم دەدرێ:

١- سەرنج راكێشان ٢- سەرزەنشت ٣- گواستنەوە ٤- سرکردن (تجمید)
٥- پلەداگرتن ٦-دەرکردن.

ماددەی ٢٣/ لەدەستدانی ئەندامێتی ، لەم حاڵەتانە دەبێت.

١- دەرکردن ٢- وازهێنان ٣- لەدەستدانی مەرجەکانی ئەندامێتی.

## بەشی پێنجەم

### مادەی:٢٤/ڕێککاری حزبی:

١-لەسەرجەم ئۆرگانەکاندا راوێژکردن بناغەی بڕیاردانە.

٢-بڕیارەکان لەهەمووئاستەکاندا لەکاتی یەکسانی دەنگەکان، ئەو رایەی دەنگی بەرپرس لەگەلیەیەکلاکەرەوەیە.

٣-کۆبوونەوەکان بەئامادەبوونی (نیوە+١) رەسمیەتی خۆیان وەردەگرن.

٤-هەموو ئەو ئۆرگانانەی کەلەم پەیرەوەدا ناویان هاتوە پێویستە کاروباریان بەکارنامە رێکخرێت بەر لەتەشکیل کردنیان.

٥-هەر ئۆرگانێك بەهەلبژاردن پێکبێت پێویستە بەلانی کەم ١٠٪ی ئەندامانی خوشکان بن.

٦-خوشکان وەکو برایان مافی خۆیانە ببنە ئەندام لەرێکخستن و هەرئۆرگانێکی تری کۆمەڵ

٧-لامەرکەزی ئیداریو دارایی بنەمای کارەو بەکارنامە رێکدەخرێت.

٨-بۆ سوود وەرگرتن لەتوانا ئەکادیمیەکان (لێژنەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی) ومەکتەبەکانو دەزگاکانو ئەمیری کۆمەڵ بۆیان هەیە راوێژکار بۆخۆیان دابنێن لەخاوەن بروانامەی بەرزو بۆراپەراندنی کاروبارەکانیان.

٩-ئەو برگەو مادانەی کەپەسند کراون بەپێی سیاسەتی داراییو توانای کۆمەڵی ئیسلامی جێ بەجێ دەکرێت.

١٠- هەموو ئەو رێژانە (٢/٣، ٣/٤، ٤/٥/ ٠٠٠ هتد) دانران لەکۆی (٣١)ئەندام سەرکردایەتیەکەیە نەك ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی ئامادەبوو.

١١-تەشکیل کردنی ئۆرگانەکان بەهەڵبژاردن دەبێت تاریژەی (٨٠٪) و (٢٠٪) لەلایەن مەکتەبی سیاسی بەتەعین دیاری دەکرێت.
١٢- کۆمەڵی ئیسلامی دەتوانرێت مولك و ماڵی گواستراوە بکرێت و بفرۆشرێت.

**١٨- بەڵگەنامەی ژمارە (١٨).**

پەیرەوی ناوخۆو بەرنامەی حزبی شیوعی کوردستان- عیراق[٢٦٦]
پەسند کراوی کۆنگرەی پێنجەم/٢٠١٢
پەیرەوی ناوخۆ
پرینسیپەکانی ڕێکخستنی حزب

**ماددەی یەکەم: حزب:**

حزبی شیوعی کوردستان- عیراق، یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی ئەو تێکۆشەرانەیە کە مارکسیزم ڕێ نیشاندەریانەو سوود لەکەلەپوری پێشکەوتنخوازی گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی وەردەگرن، هەموو تواناکانیان بۆگەل و نیشتمان و مافی بریاردانی چارەنوسی و دۆزی چینی کرێکارو ڕەنجدەران و کۆمەڵگەی کوردستان تەرخان دەکەن و لەپێناو پێشکەوتن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزمدا تێدەکۆشن. حزب ڕێکخستن و ژیانی نێو خۆی و چالاکیەکانی لەسەر ئەم پرنسیپانەی خوارەوە دادەڕێژرێت:
١- کۆمیتەی ناوەندی حزب ناوەندی سەرکردایەتی حزبەو بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لەکۆنگرەدا هەڵدەبژێر دێت لەنێوان دووکۆنگرەدا بالاترین دەستەی جێبەجێکردنە.
٢- یەکێتی پێوەدانەکەی فیکری و یەکێتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی لەسەر بنچینەیەکی دیموکراسی لەچوار چێوەی بەرنامەو پێرەوی ناوخۆدا دادەڕێژرێت، کەیەکێتی ئیرادەو کارو ڕێکخستنە.

٣-بریاری حزبی بەزۆرینەی دەنگ دەدرێت و کەمینە بریارەکانی جێبەجێ دەکات و ئازادە لەبەردەم سەرچاوە حزبیەکاندا رای خۆی دەرببرێت، دەتوانێ بیرو بۆچونی سیاسی و فیکری خۆی لەراگەیاندندا بلاوبکاتەوەو لەبواری رێکخستنیش بۆچوونەکانی خۆی لەبلاوکراوەی ناوخۆیی حزبدا بلاو بکاتەوە.

٤- دەستەکانی خوارەوە بریاری دەستەبالاکان جێبەجێ دەکەن و مافیانە داوای چاوگێرانەوە بەو بریارانەدا بکەن.

٥- راپۆرت گۆرینەوە لەنێوان دەستە حزبیەکانی سەرەوەو خوارەوەدا پەیرەو دەکرێت.

٦- بەشداریکردنی کارای ئەندامانی حزب لەبریاردانی کاروباری ناوخۆی حزب و دارشتنی سیاسەتیدا.

٧- دەستە سەرکردایەتیەکان لەکاتی لێکۆڵینەوەی ئەوبابەتە گرنگانەی کەپەیوەندییان بەچارەنووس و سیاسەتی حزبەوە هەیە، پێویستە رای گشتی حزب وەربگرن.

٨- ئازادی رادەربرین و ئاڵ و گۆرکردنی بیرورای جۆراوجۆر لەنێورێکخراوو دەستە حزبیەکان و گویگرتن لەو بیرو رایانەو سوود لێوەرگرتنیان.

٩- هەڵبژاردنی هەموو دەستە سەرکردایەتیەکان لەخوارەوە بۆسەرەوە لەرێگای دەنگدانی نهێنی دەبێت دانان لەبارێکی نائاسایدا سنووردارەو، بەرەزامەندی دەستەی سەرووتر دەبێت.

١٠- پەیرەو کردنی پرەنسیپی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ لەلایەن گشت رێکخراوەکانی حزبەوە لەگەڵ دەست نیشانکردنی بەرپرسی تاکەکەسی

١١- پەیرەوکردنی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن.

**ماددەی دووەم: پێکهاتەی حزب.**

١-ئەندامێتی لەحزبدا: هەموو هاوولاتیەکی کوردستانی یان لەکوردستاندانیشتە جێبێت بۆی هەیە ببێتە ئەندامی حزب، پێویستە داوایەك

بەومەبەستە پێشکەش بکات، بەڵام تارێکخراوی بنچینەیی بەتەواوی لەخۆی و تەزکییەکەی دڵنیا و رازی نەبێت، بەپاڵێوراو دانانرێت.

**٢-پاڵاوتن:**

أ- ماوەی پاڵاوتن بۆهەر هاونیشتمانییەك (٦) مانگە.

ب- رێکخراوی بنچینەیی دەتوانێ تەنیا یەکجار بۆماوەی (٣) مانگ ماوەی پاڵاوتن درێژبکاتەوە.

هـ- ئەگەر لەوماوەی لەخاڵەکانی (أ-ب) ئاماژەی بۆکراوە، پاڵێوراو نەیسەلماند شایەنی ئەندامێتی حزبە، رێکخراوی بنچینەیی بەئاگاداری دەستەی سەرووتری، بۆی هەیە پاڵاوتنەکەی هەڵوەشێنێتەوە.

د- پاش تەواوبوونی ماوەی پاڵاوتن، پاڵێوراو مافی داواکردنی شەرەفی ئەندامێتی هەیە.

و- پاڵێوراو لەماوەی پاڵاوتنیدا هەموو مافەکانی ئەندامی حزبی هەیە، جگە لەمافی دەنگدان و خۆکاندیدکردن بۆدەستە حزبییەکان. دەبێ پاڵێوراو لەوماوەیەدا ئەرکەکانی ئەندامی حزب راپەرێنێ.

٣-کۆمیتەکانی خوارەوە لەناردنی راپۆرت بۆ کۆمیتەی (پارێزگای- محلی) لەمەر تەواوکردنی ماوەی پاڵاوتن و پێش نیازەکانی بۆبەخشینی ئەندامێتی بەرپرسن.

٤- مەرجەکانی بوون بەئەندام:

هەموو هاوڵاتیەك کە تەمەنی گەیشتە (١٨) ساڵ بۆی هەیە ببێتە ئەندامی حزب بەمەرجێك:

أ- بەرنامەی حزب پەسند بکات و بە پەیرەوی ناوخۆی پابەند بێت.

ب- لەرێکخراوی حزبدا کاربکات

جـ- ئابوونەی بریاردراوی مانگانە بدات.

مادەی سێیەم/ ئەرکەکان و مافەکانی ئەندامی حزب.

أ‌-ئەركەكانی ئەندامی حزب:

١-سیاسەت و بڕیارەكانی حزب جێبەجێ بكات و پرەنسیپەكانی ڕێكخستن پێڕەو بكات و یەكێتی حزب بپارێزێت.

٢- هەوڵی پێگەیشتنی ڕێبازی حزب بدات و داكۆكی لێبكات، بەتەنگ بەرەو پێشەوەبردنی ئاستی فیكری و ڕۆشنبیری گشتی خۆیەوەبێت، هەروەها شارەزایی خۆی لەمێژووی حزب و چینی كرێكاری كوردستان و عێراق و بزوتنەوەی نیشتمانی و پێشكەوتنخوازەكانی جیهانی فراوان بكات.

٣- پێویستە قسەو كرداری یەك بێت و لەتێكۆشاندا نموونەیی بێت. لەژیانی حزبی و كۆمەڵایەتیدا دیموكراسیانە ڕەفتار بكات و بۆكاری خۆبەخش ئامادەبێت.

٤- ئاسایش و نهێنی حزب بپارێزێ، ڕاستیەكان نەشێوێنێ و لەحزب نەیانشارێتەوە.

٥- ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن بەگیانێكی بابەتییانە پێڕەوبكات.

٦- پەیوەندی خۆی لەگەڵ جەماوەردا پتەوبكات و گوێیان لێبگرێ و سیاسەت و ئامانجەكانی حزبیان بۆڕوون بكاتەوە، دیاردە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان بەحزب بگەیەنێت و هەوڵی بڵاوكردنەوەی بیروڕای دیموكراسی و سۆسیالیزم بدات.

٧- لەكاتی جێهێشتنی شوێنی كارو نیشتەجێبوونی خۆی ڕێكخراوەكەی ئاگاداربكاتەوە.

ب- مافەكانی ئەندامی حزب:

١- هەموو ئەندامان لەحزبدا یەكسانن، شوێنی حزبییان بەگوێرەی ئەركەكانیان دیار دەكرێت

٢- لە دارشتنی سیاسەتی حزب و چاودێری جێبەجێ كردنیدا بەشداری بكات.

٣-بۆی هەیە رەخنە لەهەر دەستەو ئەندامێکی حزب بگرێت و پێشنیازو تێبینەکانی خۆی پێشکەش بەدەستەکەی خۆی یان هەردەستەیەکی حزبی سەرووتر بکات.

٤- بۆی هەیە خۆی بۆدەستە حزبیەکان بپاڵێوێ و هەڵبژێرێ.

٥- لە هەموو لێپرسینەوەیەکی حزبیدا ئامادەبێت، مەگەر بەهۆیەکی تایبەتییەوە بۆی نەگونجێ ئامادەبێت، مافی ئەوەشی هەیە بەرامبەر هەربریارێك کەدەرحەقی وەرگیراوە لای دەستەباڵاکان نارەزایی خۆی دەربرێت.

٦-ئەندامێتی ئەو هاورێیانەی لەرووی تەمەن و تەندروستیەوە توانای راپەراندنی کارە حزبیەکانیان نییە، پارێزراوە.

٧- مافی وەرگرتنی زانیاری لەکارو چالاکیەکانی حزب هەیە.

**ماددەی: چوارەم/ وازهێنان لەحزب.**

١-ئەندامی حزب بۆی هەیە واز لەحزب بهێنێ و رێکخراوەکەشی دەبێ بەدەستەی سەرووی خۆی رابگەیەنێت.

٢-هەر ئەندامێکی حزب لەهەر ئاستێکدابێت، بەبێ هۆیەکی رەوا چوارمانگ پێوەندی لەگەڵ رێکخراوەکەی نەمێنێ، چوار مانگیش لەسەر یەك ئابوونە نەدات، پێویستە ئاگادار بکرێتەوە. لەحاڵەتی بەردەوامبوونی پچرانی پێوەندی و نەدانی ئابونەوە بەدەستکیشاوە لەقەڵەم دەدرێ و پێویستە رێکخراوەکەی بەفەرمی ئاگاداری بکاتەوە.

٣-رێکخراوە بنچینەییەکان و ئەندامانی حزب بۆیان هەیە پێشنیاز بۆگەرانەوەی ئەندامی وازهێنراو بۆ رێزەکانی حزب بکەن. رەزامەندی و گەرانەوە لەلایەن (کۆمیتەی پارێزگا- محلی) بریار دەدرێت.

ماددەی: پێنجەم- بریارەکانی پاراستنی دیسپلینی حزبی.

١-لەكاتی پێشێلكردنی پێڕەوی ناوخۆدا، ئەندام لەڕێكخراوەكەی خۆیدا دووچاری لێپرسینەوە دەبێت، ڕێكخراوەكەشی بڕیاری دیسپلینی حزبی پێویست وەردەگرێت، كەبریتین لە:
ووریاكردنەوە، بەلاوەنان لەلێژنە حزبییەكان، ئینزار، وەرگرتنەوەی ئەندامێتی).
٢-وەرگرتنەوەی ئەندامێتی حزب توندترین بڕیاری دیسپلینی حزبییەو لەوكاتەوە جێبەجێ دەكرێت كە ( دوو لەسەر سێی) ژمارەی ئەندامانی ئەودەستەیەی بڕیار لەسەر دراوكاری تێدادەكات بڕیاری لەسەر بدەن لەلایەن دەستەی باڵاترەوە ئەو بڕیارە پەسند بكرێت.
٣-بڕیاری وەرگرتنەوەی ئەندامێتی ئەندامانی كۆمیتەی پارێزگاو محەلییەكان، كۆمیتەی ناوەندی پەسەندی دەكات، بڕیاری وەرگرتنەوەی ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی بە (٣/٢)ی ژمارەی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی وەردەگیرێ و بەنامەیەكی ناوخۆیی ڕێكخراوەكانی لێ ئاگادار دەكرێتەوەو لەراپۆرتی متمانەی كۆنگرەدا ئاماژەی پێدەكرێت.
٤-لەكار راگرتنی ئەندام یان یەكێك لەدەستەكانی حزب، كردارێكی كاتییەو لەلایەن دەستەیەكی حزبییەوە بۆ پاراستن و لێپرسینەوە یان هەرحاڵەتێكی دیكەی لەوجۆرە، بەناچاری پیادە دەكرێ و پاش كۆتایی هاتنی هۆیەكانی، كۆتایی پێدێت.
٥-دەستە حزبییەكان بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانیان بۆیان هەیە هەرئەندامێكی دەستەكەی كەئەركەكانی بەچاكی رانەپەرێنێ، لەئەندامێتی دەستەكە بخات، ئەمەش پاش ڕەزامەندی دەستەی سەروتر.

(ڕێكخراوەكانی حزب و دەستە سەركردایەتییەكانیان)

ماددەی: شەشەم/ ١- ڕێكخراوە بنچینەییەكانی حزب:

١-ڕێکخراوە بنچینەییەکان لەسەر بنەمای یەکە ئیدارییەکان و پڕۆژەکانی کارکردن و دامەزراوەکانی خوێندن و شوێنی نیشتە جێبوون، تایبەتمەندی و لێزانی لەناو جەماوەردا پێکدەهێنرێن.

٢-هەر ڕێکخراوێکی بنچینەیی لە (٣) هاوڕێ و زیاتر پێکدێت. ئەو ڕێکخراوانەی ژمارەیان لە (١٢) ئەندام کەمتر بێت و نەتوانێ مەکتەب هەڵبژێرێ، یاریدەدەری سکرتێر هەڵدەبژێرێت. لەڕێکخراوە فراوانەکان لەپاڵ سکرتێردا، مەکتەبێك بۆ ڕاپەراندن و بەدواداچوونی کارەکان هەڵدەبژێردرێن.

**ب-ماف ئەرکەکانی ڕێکخراوەیی بنچینەیی:**

١- لێتێگەیشتن و بەشداریکردنی چالاکانە لەنەخشەکێشانی سیاسەتی حزب و بڵاوکردنەوەی لەناو جەماوەردا، گوێگرتن لەبیرو ڕاو پێشنیازیان و بەرزکردنەوەیان بۆدەستەکانی سەرەوە.

٢-ڕێکخستنی بەرنامەی ڕۆشنبیری بۆفێربوونی هزری مارکسیزم پێشکەوتخوازو ئەزموونی حزبمان و بزووتنەوەی کرێکاری و نیشتمانی بەگشتی و ئەوچەمکە نوێیانەی لەئارادان.

٣- ڕێکخستن و سازدانی جەماوەر بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانیان.

٤-گەیاندنی بڵاوکراوەکانی حزب بەزۆرترین جەماوەر لەسنوری چالاکیەکانی خۆیدا، هاوبەشی کردن و دەوڵەمەندکردنی بەبابەت و نووسینی بەپێزبۆیان.

٥- پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی ڕێکخراوەکەو بەهێزکردنی یەکێتییەکەی لەسەر بنەمای دیموکراسی و دابەشکردنی ئیش و کارو بەرزکردنەوەی هۆشمەندی، پێرەوکردنی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن و هاندانی گیانی دەست پێشخەری لەنێو ئەندامەکانیدا.

٦- ئەنجامدانی کۆبونەوەی بەرنامەیی و بەرزکردنەوەی کۆنوس و ڕاپۆرتەکان سەبارەت بەچالاکی و بەرنامەی تایبەت و دارایی بۆدەستەی سەرووتر.

٧-وەر گرتنی داوای پالاوتن و پیشنیارکردنی ئەندامێتی و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت و زانیاری پێویست لەمەر ئەو داوایانە بۆدەستەی سەرووتر.

**ماددەی: حەوتەم/ کۆمیتەی ڕێکخستن:-**

١-بەمەبەستی سەرکردایەتیکردن و سەرپەرشتیکردنی کاری حزب لەسنووری هەرقەزایەکدا، لەکۆنفرانسی کۆمیتەی ڕێکخستنی ئەو سنوورە، دەستەیەك بەناوی کۆمیتەی ڕێکخستن هەڵدەبژێرێت.

٢-کۆنفرانسی کۆمیتەی ڕێکخستن:

أ-کۆنفرانسی ڕێکخستنەکان لەتێکرای ئەندامانی سنووری هەرقەزایەك، یان لەنوێنەرە هەڵبژێر دراوەکانیان پێکدێت هەردوو ساڵ جارێك دەبەسترێت.

ب- لەکۆنفرانسدا ڕاپۆرتی گشتی کارو چالاکی کۆمیتەی ڕێکخستن تاوتوێدەکرێت و نوێنەران بۆ کۆنفرانسی (پارێزگا- محلی) و ئەندامانی کۆمیتەی ڕێکخستن هەڵدەبژێردرێت.

٣-ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ڕێکحستن بەپێی هێزی ڕێکخراوەیی بێت.

٤-کۆمیتەی ڕێکخستن لەناو ئەندامانیدا سکرتێرو جێگری و مەکتەبێك هەڵدەبژێرێت و کاروباری ڕێکخراوەکە لەنێوان کۆبوونەوەکانیدا بەڕێوەدەبات و لەبەردەم کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی)دا بەرپرسیارەو ڕاپۆرتی بۆبەرز دەکاتەوە.

**ماددەی: هەشتەم/ کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی).**

١-کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی)هەموو هاوڕێیان و ڕێکخراوەکانی حزب لەسنووری کاروچالاکیەکانیدا دەگرێتەوە.

٢- ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەکە بەپێی هێزی ڕێکخراوەیی و ئەرکەکانیان، هەرچوار ساڵ جارێك لەکۆنفرانسی کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی)دا هەڵدەبژێردرێت. ئەندامانی کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی) بۆیان هەیە بۆسێ خولی هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەك خۆیان بۆ کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی) هەڵبژێرن.

٣- کۆنفرانسی کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی):

أ- کۆنفرانسی کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی) لەئەندامانی کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی)و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی ڕێکخستنەکان پێکدێت و هەردووسالْ جارێك دەبەسترێت.

ب- لەکۆنفرانسدا ڕاپۆرتی گشتی کاروچالاکی کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی) تاوتویْ دەکرێت‌و نوێنەرانی کۆنگرەی حزب‌و ئەندامانی کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی) هەرچوار سالْ جارێك هەڵدەبژێردرێت.

ج- کۆنفرانسی کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی) بەسەرپەرشتی کۆمیتەی ناوەندی‌و ئامادەبوونی نوێنەری کۆمیتەی چاودێری ناوەندی دەبێت.

٤- لەبەر تایبەتمەندی هەریەك لەنەتەوەکانی (کلدو ئاشوری‌و سریانی‌و تورکمان‌و عەرەب) مافی دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت تاکۆمیتەی محەلیان هەیە.

٥- کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی) دەستەی باڵاو ڕاپەرینی کاروباری ڕێکخراوەکەیەولەماوەی نێوان چوارساڵدا نوێنەری حزبە لەسنوری دەسەڵاتیداو بەرامبەر کۆنفرانسی (پارێزگا-محەلی)و کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسە، بڕیارەکانی کۆنفرانس (پارێزگا-محەلی)و دەستەباڵاکانی حزب جیْ بەجیْ دەکات. ڕاپۆرتی پێویست سەبارەت بەچالاکی خۆی‌و چالاکی ئەندامانی کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی)و کۆمیتەی ڕێکخستنەکان‌و پێش خستنیان لەبوارە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بەکاروباری دارایی خۆی پێشکەش بەهەردوو لایەن دەکات.

٦- لەناو ئەندامەکانیداو لەکۆبوونەوەی تەواوی خۆیدا سکرتێرو جێگری‌و مەکتەبێك هەڵدەبژێرێت.

٧- مەکتەبی کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی) لەبەردەم کۆمیتەی (پارێزگا-محەلی)دا بەرپرسە و ڕاپۆرتی گشتی‌و چالاکییەکان لەنێوان دووکۆبوونەوەدا ئامادە دەکات.

٨-پلانی خۆرۆشنبیرکردن بەمارکسیزمو بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی حزب ڕێکدەخاتو کار بۆبەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەندامانی حزب دەکات. هەروەها بەپێی پێویستەکانی کاری حزب بایەخ بەئامادەکردنو پەروەردەکردنی کادیری حزب دەدات.

٩-لەپێناو چەسپاندنی ڕێکخستنی حزبدا تێدەکۆشیو چالاکی ڕێکخراوەکانی حزب لەسنوری کاریدا ڕێکدەخاتو سەرپەرشتی فراوانبونیان دەکات.

١٠-هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندی حزب لەگەڵ جەماوەرو کاریگەری لەڕێکخراوە سەندیکاییو پیشوییو هونەریو ...هتد دەدات، لەسەر سەربەخۆییو مۆرکی جەماوەریو دیموکراسییانەیان شێلگیرەو سەرپەرشتی چالاکی ئەندامانی حزب لەو ڕێکخراوانەدا دەکاتو پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبو لایەنەدۆستەکاندا پتەو دەکات.

١١-مافی بەخشینی ئەندامێتی هەیە بەو هاوڕێیانەی داوا پێشکەش دەکەن. ئەمەش بەکۆی دوو لەسەر سێی (٢/٣) ئەندامانی کۆمیتەی (پارێزگای محلی) دەبێت.

**دەستەی باڵاکانی حزب:**

**<u>ماددەی نۆیەم</u>/ کۆنگرە:**

١-کۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتەو (٤) ساڵ جارێ دەبەسترێت.

٢-کۆنگرە لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمیتەی و چاودێری ناوەندیو نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی کۆمیتەی (پارێزگای محلی)یەکانو نوێنەرانی دەستە پسپۆرییە ناوندییەکان پێکدێت. کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە هەندێ پسپۆڕو کەسایەتی حزبی ناودار بۆکۆنگرە بانگبکات، بەمەرجێك ڕێژەکەیان لە(١٠٪)ی ئەندامانی کۆنگرە زیاتر نەبێ.

ئەرکەکانی کۆنگرە:

أ-هەمموارکردنو بڕیاردانی بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی حزب.

ب- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بەڵگەنامەکان و دارشتنی سیاسەتی گشتی و سیاسەتی رێکخراویی و دارایی حزب.

جـ- پەسەندکردنی ژمارەی ئەندامانی هەردووکۆمیتەی ناوەندی و چاودێری ناوەندی و هەڵبـژاردنی کۆمیتـەی ناوەنـدی و کۆمیتـەی چـاودێری ناوەنـدی لەیەککاتدا.

د- ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە سێ خولی هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەك خۆی بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرێت.

هـ- ئەندامانی کۆمیتـەی چاودێری ناوەنـدی بـۆی هەیـە سێ خـولی هەڵبـژاردنی یەك لەدوای یەك خۆی بۆکۆمیتەی چاودێری هەڵبژێرێت.

<u>ماددەی دەیەم</u>: کۆمیتەی ناوەندی.

١-کۆمیتـــەی ناوەنـــدی بـــەرزترین دەســـتەی ســـەرکردایەتییەو راپەرێنـــەری کاروبارەکانی حزبە لەماوەی نێوان دووگۆنگرەدا، لەکارو چالاکیەکانی بەرامبەر کۆنگرە بەرپرسە.

٢-کۆمیتـەی ناوەنـدی لەیەکـەم کۆبونەوەیـدا سـکرتێرو جێگـری و مەکتـەبی سیاسی هەڵدەبژێرێت.

٣-مەکتـەبی سیاسـی ئـەرکی جێبـەجێکردنی بریارەکـانی کۆمیتـەی ناوەنـدی لەئەستۆدایەو راپۆرتی رێـك و پێـك دەربـارەی کـارو چـالاکییەکانی پێشکەش بەکۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەکات.

٤-ســکرتێر، ســەرکردایەتی کۆبونــەوەکانی کۆمیتــەی ناوەنــدی و مەکتــەبی سیاسـی و سەرپەرشـتی ئامـادەکردنی راپۆرتـەکان بۆکۆبونـەوەکانی کۆمیتـەی ناوەنــدی دەکــات. لێپرســـراوی یەکەمـــە لەرێکخســـتن و بـــەرێوەبردنی کاروبارەکانیداو لەبەردەم کۆمیتـەی ناوەندیـدا بەرپرسەو لەبەردەم رای گشتی نوێنەرایەتی حزب دەکا.

٥-كۆميتەی ناوەندی بریارەكانی كۆنگرە جێبەجێدەكات. بۆئەو مەبەستەش نەخشەی گونجاو دادەنێتو راپۆرت دەربارەی ئاكامو رەوتی جێبەجێكردنی ئەوچالاكیانە پێشكەش بەكۆنگرەو رێكخراوەكانی حزب دەكات.

٦-بەپێی بریارەكانی كۆنگرە رێبازی گشتیو سیاسەتو هەڵوێستەكانی حزب دەست نیشان دەكاتو كار بۆ ئامادەكردنو رێكخستنی هێزی حزبو جەماوەر دەكات.

٧-بڵاوكردنەوەو دەوڵەمەندكردنو جێبەجێكردنی داهێنەرانەی ماركسیزم كاردەكات، هەرلەسەر ئەمبنچینەیەش سیاسەتی گشتی حزب جێبەجێدەكات. ئەندامانی حزبو جەماوەر بەگیانی نیشتمانیو نێو نەتەوەییو دیموكراسیو برایەتی نێوان گەلان پەروەردەكات.

٨-هەوڵ بۆپتەوكردنی یەكێتی سیاسیو رێكخراوەیی حزبو یەكێتی پێودانگەفكرییەكانی دەدات، بنەمای دیموكراسییانەو ئەونەركانەی بۆپاراستنیو توندوتۆڵی حزب پێویست مسۆگەردەكاتو هەوڵی بەهێز كردنو فراوانكردنی رێكخراوەكانی دەدات.

٩-لیژنەو مەكتەبەكانی ناوەندی پسپۆری پێكدەهێنێت.

١٠-دیاریكردنی سیاسەتی داراییو راگەیاندنی حزب سەربەرشتی جێبەجێكردنیانو دەست نیشان كردنی شێوازی رێكخستنی گونجاو بۆئەندامانی حزب لەدەرەوەی ولات ئەنجام دەدات.

١١- ئامادەكاری پێویست بۆبەستنی كۆنگرە لەكاتی دیاریكراوی خۆیدا دەكاتو بۆی هەیە بەپەسند كردنی دوولەسەر سێی ئەندامانی كاتی كۆنگرە پێش بخاتو كۆنگرەی ناكاو سازبكات، هەروەها بۆی هەیە لەكاتی پێویستدا كۆنفرانسی حزبی سەبارەت بەبابەتێكی دیاریكراو رێك بخات.

١٢- كۆميتەی ناوەندی (٣) مانگ جارێك كۆدەبێتەوەو لەكاتی پێویستیشدا دەتوانێ كۆبونەوەی فراوانی ئەنجام بداتو كادیری پەیوەندار بانگ بكات.

**ماددەی: پانزەهەم/ کۆمیتەی چاودێری ناوەندی.**

١-کۆمیتەی چاودێری ناوەندی. لەبەدواداچوونی چۆنێتی پیادەکردنی سیاسەتی حزبو بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆ بەرپرسەو چاودێری چالاکییەدارایی و ڕێکخراوەییەکان دەکات.

٢-لەسکالاو نارەزایی و کێشە حزبییەکان دەکۆڵێتەوەو راپۆرت لەبارەیانەوە بەکۆمیتەی ناوەندی دەدات.

٣-سەبارەت بەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروبارو پێشنیازەکانی، بەراپۆرتی دەوری کۆمیتەی ناوەندی ئاگادار دەکاتەوە. لەبەردەم کۆنگرەشدا بەرپرسەو راپۆرت پێشکەشدەکات.

٤-لەنێو ئەندامەکانی خۆیدا سکرتێرو جێگر هەڵدەبژێرێت.

٥-سکرتێری کۆمیتەی چاودێری ناوەندی لەکۆبونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا ئامادەدەبێتو بۆی هەیە لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی یان داوای کۆمیتەی چاودێری بۆکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بانگ بکرێت.

**ماددەی: دوانزدیەم: کاروباری دارایی حزب.**

دارایی حزب لەئابوونەوەو پیتاکی ئەندامانی حزبو دۆستو لایەنگرانی، لەدەستکەوتی رۆژنامەو گۆڤارو چاپکراوەکانی حزبو لەداهاتی چالاکییە جۆراو جۆرەکانو بودجەی دیاریکراوی حکومەتی هەرێم پێکدێت.

**ماددەی: سێنزدەهەم:**

پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی کوردستان-عێراق-، حزبی شیوعی عێراق:

١-پەیوەست بەپێکهاتەی نوێی دەوڵەتی عێراق، کەلەسەر بنەمای فدرالییە، پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی کوردستانو حزبی شیوعی عێراق لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چینایەتیو نیشتمانیو ناسنامەی فیکری هاوبەشو گیانی نێو نەتەوەییو تێکۆشانی هاوبەش لەچوارچێوەی وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، بونیادنراوە.

٢-حزبـی شـیوعی کوردسـتان لەنەخـشاندی سیاسـەت و پلانـەکانی و پراکتیزەکردنیانـدا لەگـشت بوارەکـان و پرسەکاندا،سـەربەخۆیە، بەرنامـەو پێرەوی ناوخۆیی لەسەر بنەمای شیکردنەوەی زانستیانەی واقعی کۆمەڵگەی کوردستان و پێداویستیەکانی دادەرێژرێت.

٣- حزبـی شـیوعی کوردسـتان هـەموو ئەنـدامان و رێکخراوەکـانی لەهـەرێمی کوردستان و دەرەوەدا دەگرێتە خۆی.

٤- میکـانیزمی نوێنەرایـەتیکردنی حزبـی شـیوعی کوردسـتان لـەکۆنگرەو سەرکردایەتی حزبـی شـیوعی عێـراقدا، بەرێکـەوتنی نێـوان هـەردوو کۆمیتـەی ناوەندی دەبێت

**بەرنامەی حزبی شیوعی کوردستان**

**پێشەکی:**

حزبی شیوعی کوردستان وەك گوزارشتێك لەتێکۆشانی نیشتمانی دیموکراسـی و چینایەتی شیوعییەکانی کوردستان، لەناوەراستی سەدەی بیستەم بەپەرەسەندنی شێوازو جۆرەکـانی کـاری رێکخـستن، وەك درێـژە پێـدانی رێکخـراوی هـەرێمی کوردسـتانی حزبـی شـیوعی عێـراق، لـەحوزەیرانی (١٩٩٣)دا حزبـی شـیوعی کوردستان- عێراق راگەیەنرا.

حزب بەپشت بەستن بەشرۆڤە کردنی واقعی کوردستان بەهـەموو رەهەندەکانیەوە، لەبـەر رۆشـنایی مارکسیزم بەسوود وەرگـرتن لەئـەزموونی چـەپ و دیموکراسـی خوازان و خەباتی جەماوەرو دەرئەنجامی کەلەپوری تێکۆشانی مرۆڤایەتی لـەپێناو ئـازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بەرنامەی خۆی دادەرێـژێ و سیاسـەتی خـۆی دادەنێ و گوزارشت لەگوتاری سیاسییانەی دەکات.

حزبی شیوعی کوردستان لەپێناو مافی بریـاردانی چارەنووسـی گـەلی کوردستان و یەکسانی مافەکانی لـەنێوان پێکهاتـەی نەتەوەییـەکانی کوردستان و سەرانسەری

عێراقدا تێدەکۆشێت، لەقۆناغی ئەمرۆدا فیدرالیزم بەگونجاوترین ڕێگەچارە بۆڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ دەزانێ و بەئامرازێکی نزیککەرەوەی بڕیاردانی مافی چارەنووسی گەلی کوردستانی دەزانێت.

حزب لەبەڕێوەبردنی دەسەڵات لەعێراق و کوردستاندا بۆ بەدیهێنانی چەمکی (حکومەتی باش/ الحكم الرشيد) تێدەکۆشێ، ئەمەش بەمانای دابەشکردن و بەڕێوەبردنی داهاتی وڵات و لەڕوانگەی چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و کاراکردنی بەشداری هاووڵاتی و سەروەری یاساو ڕوونی و بەدەنگهاتن و دادپەروەری و ئەنجامدانی کارەکان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و کارابوون و بەرپرسبوون بەرامبەر بەگەل و بوونی دیدی ستراتیژی لە پلاندانانەدا. ئەم ئاراستەیە پێویستی بەبنیاتنانی سیستەمی سیاسیە لەسەر بنەمای دیموکراسی و فرەحزبی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و بەشداری بەکۆمەڵی هاووڵاتیان لەدروستکردنی بڕیاری سیاسی و کاروباری ژیانیان و ڕێزگرتنی بنەماکانی هاووڵاتیبوون و ئازادییە گشتیەکان و پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ، ڕێزگرتنی تایبەتمەندییە کەلتورییەکانی هەموو پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەکان.

حزب لەپرۆژەی خۆیدا بۆئەنجامدانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، تێکۆشانیی نیشتمانی دیموکراسی خۆی دەبەستێتەوە بەخەباتی لەپێناوی ئەنجامدانی گەشەپێدانی مرۆیی بەردەوام بەمانای فراوانکردنی هەلی گونجاو بۆتێکرایی هاووڵاتیان لەکۆمەڵگەداو جەختکردن لەگەشەپێدانی یەکسانیانەی ژن و پیاو لەم پرۆسەیەداو بایەخدانی زیاتر بەهەژاران و توێژە پەراوێز خراوەکان و پاراستنی هەلی ژیانی گونجاو بۆ نەوەی داهاتوو پاراستنی سیستەمی ژینگە. لەسایەی ئەم گەشە پێدانەدا تەنها گەشەی ئابوری مەبەست نییە، بەڵکو لەتەک ئەوەدا ئەنجامدانی گەشەی مرۆیی کەبوارەکانی تواناسازی وهاوکاری و عەدالەت و بەردەوامبوون و ئاسایش بگرێتەوە، هەروەها کار بۆبنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاراو دابینکردنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بیمەی تەندروستی و تۆڕی

بیمەکۆمەڵایەتییەکان‌و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران‌و جوتیاران‌و رۆشنبیران‌و کەم دەرامەتەکان‌و توێژە پەراوێزکراوەکان بکرێت، رەخساندنی زەمینەی لەبار بۆبەشداری ئافرەت لەناوەندەکانی بریارو گرنگیدان بەبەشداری لاوان لە پرۆسەی گۆرانکاریدا.

حزب بۆگەشەپێدانی چەمکی هاوولاتی کوردستانی کارا تێکۆدەکۆشی بەجۆرێك کەهاوولاتی چالاکانە لەپرۆسەی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی لەرێگەی بەشداری‌و کارتێکردن لەناوەندەکانی بریار لەدەسەڵاتدا بەشداربێت‌و توانای دەربرین‌و کاری مەدەنییانەی لەبەردەمدا فراوانتربێت.

حزب بەشێکە لەبزافی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان‌و باوەری بەمافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان لەهەموو بەشەکانی نیشتمانیدا هەیە، بەمافی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی یەکگرتووشەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەل هێزەکانی ئەم بزاڤە لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا لەسەر بنەمای هاوکاری‌و رەچاو کردنی تایبەتمەندی‌و تێکۆشان لەپێناو دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بنیات دەنێت. هەوڵ بۆبەهێزکردنی رایەڵەکانی تێکۆشان لەگەڵ حزبە چەپ‌و دیموکرات‌و پێشکەوتن خوازەکانی عێراق‌و ناوچەکە، لەسەر بنەمای تێکۆشانی هاوبەش لەپێناو دیموکراسی‌و ئازادی‌و ئاشتی دەدات.

حزب تێگەیشتنی خۆی دەربارەی سۆسیالیزم لەسەر بنەمای فراوانکردنی دیموکراسی‌و هەژماردنی سۆسیالیزم بە پرۆسەیەکی ژیانی‌و گەشەسەندووی داهاتوو نوێخوازانە بەپێی نوێبوونەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی‌و شێوازی دابینکردنیان بنیات دەنێت. پرۆسەیەکی بەردەوام کەپلە بەپلە لەبەر بنەمای داهێنان‌و هەڵبژاردنی جەماوەرو بەهێزکردنی توانستی بەرهەمهێنەرانی ئازادو هێزی کار بنیات بنرێ، ئەمەش پێویستی بەبەرزکردنەوەی ئاستی تێکۆشان دژبەنایەکسانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و دابەشکردنی نایەکسانی سامان‌و

کەموکورییەکانی دیکەی سەرمایەداری کەلەسەر چاو چنۆکی‌و چەوساندنەوەو بونیات نراوە هەیە.

حزبی شیوعی کوردستان بەشێکە لەبزاڤی دیموکراسی چەپ‌وسۆشیالیستی نوێخواز لەجیهانداو بۆدامەزراندنی سیستەمێکی جیهانی نوی‌و رەوا تێدەکۆشێ کەلەسەر بنەمای رەتکردنەوەی سەروەری تاک جەمسەری‌و رووبەروو بونەوەی پرۆژەکانی لیبرالیزمی نوێ کەلەهەردوو ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتیدا، دەست کەوتەکانی رەنجدەرانی بەفیرۆ دەداو، تۆری پاراستن‌و بیمەی کۆمەڵایەتی لەدەستدەداو، هەژاری‌و جیاکاری فراواندەکات، بنیات بنرێ.

حزب دژ بەبیرۆکەی شەری پێشینەو دەستەوەشاندنی خۆپاریزەرانەیەو بۆوەستان لەرووی خراپە کارییەکانی جیهانگیری سەرمایەداری‌و ئاراستەکردنی دەست کەوتەکانی پەرەسەندنی زانستی‌و تەکنۆلۆژی لەهەموو بوارەکاندا بۆخزمەت کردنی مرۆڤایەتی کاردەکات.

**حزبی شیوعی کوردستان، تێدەکۆشی لە پێناو:**

**-لەبواری سیاسیدا:**

١- تەواوکردن‌و چەسپاندنی سیستەمی دیموکراتی پەرلەمانی لەعێراق‌و کوردستاندا، بەپێی بنەما دەستورییەکان کەزامنی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەری بکات.

٢- تەواوکردن‌و بریاردانی دەستوری هەرێمی کوردستان بەوپێیەی کەگەل سەرچاوەی دەسەڵات‌و بناغەی رەوابوونیەتی، لەسەر بنەماکانی دیموکراسی‌و ئازادی سیاسی‌و چەسپاندنی مافەکانی هاووڵاتیبوون‌و رێزگرتن لەماف‌و ئازادییەکانی مرۆڤ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بێت‌و زامنی پێکەوژیانی ئاشتیانەی پێکهاتە فرەییەکەی هەرێم بێت.

٣- دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی فیدراڵ بەپشت بەستن بەوەی کە کورد دووەمین نەتەوەیە لەعێراقدا.

٤- دارشتنی سیاسەتێکی کاریگەرانە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی ئیداریو دارایی، دەستکەوتی نارەوا، بڕیاردانی بەپێی یاساو دامەزراندنی دەزگای دەست پاکی (نزاهە)و ئەنجومەنی راژە لەهەرێمداو چاککردنی چاودێری دارایی و دەستەی مافەکانی مرۆڤ لەهەرێم، دانانی میکانیزمی چاودێری جەماوەری لەرێگای بینینو ئاگادار بوون لەزانیاری پێویستو سەربەخۆیی داواکاری گشتی.

٥- دیاریکردنی سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستانو پاراستنی بەپشت بەستن بەراستیە مێژوویی و جوگرافیاییەکانو گێرانەوەی ناوچە دابینکراوەکان بۆسەر هەرێمو جێبەجێکردنی بەندەکانی ماددەی (١٤٠)ی دەستوری عێراق.

٦- ڕێکخستنی ژیانی سیاسی لەهەرێمدا، بەپێی یاسای حزبەکان، چالاککردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەرەوشە گشتیەکاندا.

**لەبواری مافی نەتەوەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەکان:**

١- زامنی بڕیاردانی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان لەدەستوردا بکرێت کەکۆمەڵگەیەکی فرەیی نەتەوەیی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەو هەموان لەم نیشتمانەدا لەمافو ئەرك یەكسانو هاوبەشن.

٢- رێزگرتنو رەچاوکردنی تایبەتمەندی نەتەوەکانی تورکمانو کلدانو سریانو ئاشوریو عەرەبو ئەرمەنو تایبەتمەندی ئایینی مەسیحیو سابینەی مەندائیو ئێزدیو کاکەییەکانو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ترو پاراستنی مافیان لەپێرەوکردنی باوەڕیانو پێشخستنی کلتورو رۆشنبیرانیان.

٣- زامنی بەشداری ئەونەتەوەو پێکهاتە نەتەوەییانە بەپێی رێژەی دانیشتوانیان لە بەرێوەبردنی کاروباری وڵاتو حوکمرانییە خۆجێیەکاندا، تاگەیشتن بەمافی ئۆتۆنۆمی.

**<u>سیاسەتی ئابووری- کۆمەڵایەتی:</u>**

١- دارشتنی سیاسەتی ئابوری هەرێم لەسەر بنەمای پلانی پێنج ساڵیو دانانی بودجەی ساڵانە لەسەر پێداویستی ئەو پلانەو رەچاوکردنی گەشەپێدانی

بەردەوامو هاوسەنگی بەرهەم هێنەکان، بایەخدان بەکشتوکاڵو گەشتو گوزارو پیشەسازیو بازرگانی پرۆژەی خزمەت گوزارییە گشتیەکان.

٢- گەشەپێدانی کەرتی حکومی بەرهەم هێنەرو پەیرەو کردنی پرەنسیپی فرەیی لەبواری خاوەندارێتی بەرەچاوکردنی ریفۆرمی کارگێریو لێهاتوویی و لێپرسینەوە.

٣-زامنی رۆڵی حکومەت لەپرۆژەگرنگو سەرەکییەکاندا بەتایبەت سەرچاوەکانی وزەو خوێندنو تەندروستیو پیشەسازیو نەوتو وزەی کارەباو نیشتەجێکردنو رێگاو بانو هاندنی سەرمایەی نیشتمانی لەکەرتەکانی هەرەوەزیو تێکەڵاودا.

٤- هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستاندا، بەجۆرێك کەخاوەندارێتی زەویو سامانە سروشتیەکانی کوردستان بپارێزێتو هاندەری وەبەرهێنەری بیانیو لەچوارچێوەی بەرژەوەندی نیشتمانی بێتو پێرەوی روونیو ئاشکرایی ئابوری بکات.

٥- رێگریکردنی مونۆپۆڵو بەتایبەتی بێگانەکان کاراکردنی کۆنترۆڵی جۆریو بریاردانی تەعریفەی گومرگیو پاراستنی مافی بەکاربەرو چاودێری جەماوەری فراوان بکرێت

٦- دارشتنی پلانی گونجاو بۆچارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، بەتایبەت بۆ چینو توێژە هەژارو کەمدەرامەتەکان، لەرێگەی قەرزی درێژخایەنو هەموارکردنەوەی یاسای بەکرێدان بەشێوەیەك لەبەرژەوەندی زەحمەتکێشاندا بێت.

٧- پێداچوونەوە بەسیستەمی داراییو رۆڵی بانگ لەهەرێمداو بوونی بانکی بیانیو زامنکردنی متمانەیان پێشس دەست بەکاربوونیان.

٨- چاکسازی لەسیستەمی تەندروستیو زامنکردن لەبیمەی تەندروستیداو بایەخدان بەنەخۆشخانە گشتیەکانو بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی بەجۆرێك لەگەڵ پێداویستی خەڵك بەگشتیو کەمدەرامەتەکاندا بگونجێو چاودێری راستەوخۆی حکومەت بەسەر بازرگانی دەرماندا بکرێت.

٩-ڕێکخستنەوەی هۆیەکانی گواستنەوە ئاسمانیو ئاسنینو سەرزەوی بەشێوەیەك کەکار ئاسانی بۆهاتووچۆی نێوخۆیو دەرەکی بکاتو قەرەبالغیو کارەسات کەم بکاتەوە.

١٠- بڕیاردانو جێبەجێکردنی سیاسەتی بەکار خستن بەمەبەستی کەمکردنەوەو نەهێشتنی بێکاری کارکردنی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتیو زەمانەتی ژیانو بیمەی بێکاری.

١١- ئەنجامدانی سەرژمێری گشتیو بایەخدان بەبانکی زانیاری بەسوود وەرگرتن لەپێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا.

١٢- هەموارکردنەوەی یاساکانی خزمەتگوزاری بۆبنەماڵەی شەهیدانی سەنگەرو هاوولاتیو پێشمەرگەو زیندانیانی سیاسیو تێکۆشەرانی دێرینو کەم ئەندامانو قوربانیانی ئەنفالو کیمابارانو خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان کەلەگەڵ هەولو مەرجیو ژیانو بازاردا گونجاوبێت. نەهێشتنی جیاوازو بایەخدان بەتوێژە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە لەدابینکردنی خزمەتگوزاری.

**لەبواری کارو مافەکانی کرێکاران:**

لەهەموارکردنەوەی یاسای کار، یاسای خانە نشینیو بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران کەبەپێی یاساو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەکاربێت، کەزامنی مافەکانی کرێکاران لەرووی ئازادی کارکردنو ڕێکخراوبوونو یەکسانیو بیمەی کۆمەڵایەتیو بیمەی تەندروستیو کرێی یەکسان بەپێی کارو شارەزاییو مافەکانی خانەنشین بکات. دیارکردنی سەعاتی کارکردن بە (٣٦) کاتژمێر لەهەفتەیەکدا بێتو ئەم یاسایە هەموو کرێکاران بەکەرتی گشتیو تایبەتەوە بگرێتەوە، هەروەها کرێکارە بیانییەکانی ناو هەرێم بەکرێکارانی بیناسازیو سەرشەقام.

٢-بایەخدانو کردنەوەی سەنتەرەکانی ڕاهێنانی کرێکاران بۆرۆشنبیریو کۆمەڵایەتی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانو پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانو پەرەدان بەحەزو بەهرەکانیان.

٣-پابەندی پاراستنی سەربەخۆیی سەندیکاکان لەرێگەی هەڵبژاردنی ئازادانەی کرێکارانەوە، بەشداریان لەهەموو ئەو لیژنانەی کەلەشوێنی کارو پرۆژەکانەوە پێکدەهێنرێن

٤- دامەزراندنی (دادگای کار) بۆیەکلاکردنەوەی کێشەو گرفتی پەیوەست بەیاسای کارو کێشەکانی کرێکارانەوە

**- لەبواری کشتوکاڵو مافەکانی جوتیاراندا.**

١- دەرکردنی یاسای کشتوکاڵی سەردەمیانە کەچارەسەری کێشەی پەیوەست بەخاوەندارێتی زەوییە کشتوکاڵییەکانو مافی جوتیاران بکاتو هاندەری گەرانەوەی جوتیاران بێت بۆ گوندەکانیان.

٢- کۆمەککردنی جوتیاران لەرێگەی کردنەوەی بازاری گەورەو هاوچەرخ بۆ ساغکردنەوەی بەروو بوومی جوتیارانو وەرزێران. دابینکردنی پێویستە سەرەکییەکانی جوتیاران لەرووی شوێنو رێگاو بانو کارەباو خزمەت گوزاری بۆ گوندەکانیان لەتۆو پەینی کیمیاویو دروستکردنی بەنداوو کەرستەی نوێیەکانی پەرەدان بەکشتوکاڵو ئاودێری لەلایەن حکومەتەوە، دانانی پلانی ساڵانە بۆ لەناوبردنی نەخۆشیە کشتوکاڵیەکانو نەخۆشیەکانی سامانی ئاژەڵی.

٣- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆرێکخستنەوەی یەکێتی جوتیاران لەسەر بنەمای پیشەییو نوێنەرایەتی لەبنکەکانەوە.

پشتگیریو هاندانی بانکە کشتوکاڵییەکانو چالاکترکردنی رۆڵیان.

٤-پشتگیریو هاندانی بانکە کشتوکاڵییەکانو چالاککردنی رۆڵیان.

**- لەبواری مافەکانی ئافرەتانو منداڵان:**

١- پەیرەوکردنی سیاسەتی یەکسانی جەندەریو پابەندی دەسەڵاتی هەرێم بەهەموو ئەو بەڵگە نامەی نێو دەوڵەتییانەی کەمافی یەکسانی ئافرەت لەهەموو بوارەکاندا زامن دەکات.

٢- هەموار کردنەوەی یاسای باری کەسێتی کەبەجۆرێك بێن سەلمێنەری یەکسانی نێوان ژنو پیاوبێت.

٣- پشتگیری دەسەڵات بۆهەموو ئەو کۆڕو کۆمەڵ و ڕێکخراوانەی کەبۆ داکۆکیکردن و خزمەت بەدۆزی یەکسانی ئافرەت دامەزراون و یاریدەدەری پارێزگاری و گەشەسەندن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئافرەتانن.

٤- پێرەو کردنی ڕێژەیەکی شیاو لەسەرجەم دام و دەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا، بۆبەشداری ژنان و ڕێکخستنبەپێی یاسا.

٥- یەکسانی لەبکارخستن و کرێ بۆئافرەتانی کرێکارو بەشدارییان لەپرۆسەی بەرهەم هێناندا، لە هەردوو بواری پیشەسازی و کشتوکاڵیدا.

٦- دابینکردنی هەموو پێداویستەکانی ژیان و خوێندن و فێربوون بۆمنداڵان لەقۆناغەکانی دایەنگەو باخچەی ساوایانەوە تاتەواوکردنی قۆناغی منداڵیتی لەلایەن حکومەتەوە.

٧- پێرەوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بەچاودێری منداڵان و نەوجەوانان.

٨- دارشتنی پلانێکی درێژخایەن بەمەبەستی پەروەردەی منداڵان لەقۆناغەکانی داینگەو باخچەی ساوایان و سوود وەرگرتن لەئەزمونی گەلان، بۆدروستکردنی بناغەیەکی پتەو لەبەرامبەر ئەو شێواندنە کۆمەڵایەتییەی کەروو بەرووی کۆمەڵگەکەمان بوەتەوە.

**- لەبواری پەروەردەو فێرکردن:**

١- پێداچونەوە بەسیستەمی پەروەردەیی و پرۆگرامی خوێندن بەپێی پەرەسەندنەکانی بواری زانست و گەشەی کۆمەڵگە، بەسوود وەرگرتن لەئەزموونە پێشکەوتووەکان لەجیهاندا و قەدەغەکردنی بەحزبکردن و بەئایینیکردنی سیستەمی پەروەردەیی.

٢- دارشتنی پلانی زانستی بۆدانانی زمانی ستانداری کوردی، بەرچاوکردنی تایبەتمەدییەکانی شێوازی دایك بۆهەر ناوچەیەك و زامنکردنی خوێندن بۆرۆڵەکانی نەتەوەکانی تری کوردستان بەزمانی خۆیان و پەرەدان بە بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی خوێندنی تورکمانی و سریانی- پەرەدان

بەخوێندنی هەردوو زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی لەقۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا.

٣-دروستکردنی زیاتری باڵەخانەی خوێندن بۆسەرجەم ناوچەکانی کوردستان.

٤-بایەخی تەواو بەزانکۆو پەیمانگە حکومییەکان بدرێت. پەرەدان بەئاستە زانستییەکانیان بەپێی فۆرمە جیهانییەکان و رەخساندنی بواری گونجاو بۆزانکۆ ئەهلییەکان لەژێر چاودێری دەزگا فەرمییەکانی خوێندنی باڵادا، کەدووربێت لەئامانجی بازرگانی و پاراستنی رێزی زانکۆ.

٥- خوێندن بۆسەرجەم هاووڵاتیان تاقۆناغی نۆی بنەرەتی ئیلزامی بێت.

٦- پاراستنی مافەکانی مامۆستایان بۆهەردوو قۆناغەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستیان لەرێگەی خولی زانستیەوە.

٧- بایەخی تەواو بەوانەکانی وەرزش و پەروەردەی نیشتمانی و مافی مرۆڤو جینوسایدی گەلەکەمان و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆبەستنەوە بەپرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لەنێو ئەم توێژەرەداو رێکخستنی چالاکی جۆراوجۆری هونەری و وەرزشی و خولی پەروەردەیی.

٨- رەخساندنی هەلی یەکسان بۆقوتابیانی پێشکەوتوو لەزانکۆکانی نێوخۆیی و دەرەوەی وڵات لە خوێندنی باڵادا، بایەخی زیاتر بەکتێبخانە کوردییەکان لەبواری زانستی و فێرکاریدا.

-لەبواری رۆشنبیری و هونەردا:

١-رێزگرتن لەفرە فیکری و فرەیی لەبواری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، کرانەوە لەسەر سەرچاوە رۆشنبیرییەکانی جیهان.

٢- بنیاتنانی کەلتوری مەدەنی عەقلانییەت و رووناکبیری کراوە بەرامبەر عەقلییەتی توندوتیژی و سرینەوەی ئەویترو بڵاوکردنەوەی گیانی پێکەوە ژیان و بەخشین لەنێو هاووڵاتیاندا.

٣-رێزگرتن لەهێماکانی رۆشنبیری و هونەرو نوسەرو رۆژنامەنووس و داهێنەران و سەرجەم کاریگەرانی بواری رۆشنبیری و رەخساندنی هەلی زیاتر بۆ

داهێنان‌و پاراستنی مافەکانیان‌و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر. لەرووی کتێبخانەو سینەماو هۆڵی ئامادەکراو بۆنمایش‌و چالاکیەکانیان، بوار رەخساندن بۆ گروپە سەربەستە هونەرییەکان.

٤- پاراستنی ئاسەوارە دێرینەکان‌و بایەخدان بەمۆزەخانەکان.

- **لەبواری وەرزش‌و لاواندا:**

١-بایەخدان بەبەرهەمی داهێنەرانەی لاوان‌و پشتگیری‌و هاوکاریکردنیان بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

٢- پشتیوانی لەرێکخراوەکانی لاوان‌و هەوڵدان بۆیەکخستنی چالاکیان‌و پشتگیری مادییان‌و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری‌و خۆبەستنەوە بەگەل‌و نیشتمانەوە.

٣- رەخساندنی بواری یەکسانی کارو هاوکاری ماددی بۆپێکەوەنانی خێزان‌و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون.

٤- هاندانی چالاکی وەرزشی بۆهەمووئاستەکان، بەمەبەستی بایەخدانی تەندروستی‌و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری‌و خۆشەویستی‌و گوێرایەڵی‌و رێزگرتن.

٥- رەخساندنی هەلومەرجی یەکسان بۆهەموو چالاکوانی وەرزشی‌و دوورخستنەوەی وەرزش لە پاوانکردنی حزبی‌و سیاسی.

٦- بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریکردن لەچالاکیە هەرێمایەتی‌و نێودەوڵەتییەکان لەرێگەی پێشخستنی تواناکان‌و رێکخستنی یاری دۆستانە بۆپتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ گەلانی تردا.

٧-زیاد کردنی شوێنە وەرزشییەکان لەهۆڵ‌و مەلەوانگەو پێداویستەکانی ترو بەرزکردنەوەی جۆرایەتی ئەو شوێنانەو پەیمانگاو کۆلێژە وەرزشیەکان.

- **لەبواری ژینگە:**

١- بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری ژینگەیی لەقۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییەوە بۆسەرجەم قۆناغەکان‌و بایەخپێدانی لەکەناڵەکانی راگەیاندن، لێپرسینەوە

لەهەموو پێشێلکارانی ڕێنماییە ژینگەییەکان و هاندانی ڕێکخراوەکانی ئەم بوارەو پاراستنی سامانی ئاو.

٢- دارشتنی پلانێکی زانستی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو پیسبوونە ژینگەییەی کەناوچەکەو هەرێمی گرتۆتەوە لەڕێگەی زیادکردنی سەوزایی دار ڕواندن بەهەموو شێوەکانییەوە، پاراستنی دارستان و دەریاچەکان و چارەسەرکردنی شوێنەوارەکانی چەکی کیمیاوی و پابەند بوون بەڕێکەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان.

**-لەبارەی پێشمەرگەو هێزی ئاسایشی ناوخۆدا.**

١- بەنیشتمانکردنی ئەم هێزانە لەڕێگەی یەکخستنی لەژێر یەك ناوەندی فەرماندەیی و دوور خستنەوەیان لەهەر دەستێوەردان و وابەستیەکی حزبی.

٢- دابینکردنی موچەی شیاو کەلەگەڵ هەلو مەرجی ژیان و بازاردا گونجاوبێت، پێداویستییە لۆجستی سەربازییەکانیان لەبەرگریکردن لەسنورەکانی کوردستان و پاراستنی ئاسایشی نێو خۆیدا دابین بکرێت.

٣- پەروەردەکردن و مەشقی بەردەوام بۆبەرزکردنەوەی شارەزایی و گیانی ئامادەیی و بەرگری کردن لەهەر دەستتێوەردانێکی دەرەکی.

**لەبواری یەکێتی نەتەوەیی:**

١- مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆگەلی کوردستان لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا بەمافی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆوە، ئەمەش لەڕێگەی هەماهەنگی نێوان هێزە کوردستانییەکان بۆ دارشتنی ستراتیژێکی کوردستانی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

٢- پتەوکردنی پێوەندی خەباتگێرانە لەگەل سەرجەم پەلەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان و ڕێزگرتن لەتایبەتمەندێتی هەرپارچەیەك.

**- لەبواری پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێوەدەوڵەتییەکان.**

١- بنیاتنانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەسەروەری نیشتمانی عێراق و دەست تێوەردانی لەکاروباری یەکترو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.

٢- پەرەپێدانی پێوەندی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی لەگەڵ دەوروبەری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای هاوشانی و ڕێزگرتن لەماف و سەروەری یەکتر و ڕاکێشانی دۆستایەتی و پشتیوانیان بۆمافەکانمان.

٣- پیشتگیری لەخەباتی رەوای گەلان لەدیارکردنی چارەنووسی خۆیان و گۆرانکاری دیموکراسیانەو دژبەشەر لەپێناوی ئاشتی و پێکەوەژیاندا.

٤- بەهێزکردنی رۆڵی دەزگا نێودەوڵەتییە مرۆییەکان، بەتایبەت نەتەوەیەکگرتووەکان و پشتیوانی لەهەوڵەکانی سەقامگیری ئاسایشی جیهانی و دامەزراندنی سیستەمێکی هاوسەنگ و هاوکاری نێوان گەلان و پاراستنی مافەکانیان.

٥- پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ حزبە شیوعی و چەپ و سۆسیالستەکانی جیهان.

# پەراوێزەکان

## پەراوێزەکان

١- د. أسامة الغزالي حرب- الاحزاب السياسية في العالم الثالث- عالم المعرفة- دولة الكويت- ص١٠.

٢- اسعد مفرح وأخرون- موسوعة عالم السياسة-جـ ٢٤- منشورات دار نوبلس- ط٢ بيروت/ ١١-٢.ص٣٠

د. رياض هادي عزيز- المشكلات السياسية في العالم الثالث- ط٢ سنة ١٩٩٩.ص١٥

دەولەتی عوسمانی: تەماشای ( المنجد في اللغة والاعلام- بيروت/١٩٨٦) بکە لاپەرە /٤٥٧ هۆزێکی گەورەی تورك بوون، لەناوەراستی ئاسیاوە کۆچیان کردووە، سالی ١٣٢٦لە ئەنادول میرنشینێکیان دامەزراند، پاشان دەسەلاتیان فراوان بووەو زۆربەی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی لەژێردەستیان بوو، سالی ١٩٢٤ کۆتایی بەسیتمی دەولەتی عوسمانی هاتو تورکیای ئەمرۆ لەجێگای دامەزرا.

٣- د. عبدالجبار أحمد عبدالله- العالم الثالث بين الوحدة الوطنية والديموقراطية-ط١- بغداد- سنة/٢٠١٠.ص١٢٣.

د. عبد الزهرة مكطوف الجوراني- الفكر السياسي في المشرق العربي دار الشؤن الثقافية العامة- بغداد-ط١ سنة/٢٠٠١ص١٧

٤-د. عبد الزهرة مكطوف الجورانی-سەرچاوەی پێشو. ص٣٩

٥-د. عبدالوهاب الكيالى وآخرون- موسوعة السياسة-جـ١ . ط١- بيروت- ١٩٩٩ ص١٧٥.

د. محمد عبد الشفيع- قضية التصنيع في أطار النظام العالمي الجديد. دار الوحدة- بيروت (١٩٨١) ص١٦٣.

د. عبد الزهرة مكطوف الجورانی- سەرچاوەی پێشوو-ص١٣٧

٦- د. أسامة الغزالی حرب- سەرچاوەی پێشوو ص٤٦.

٧- عبدالوهاب الكيالي واخرون- سەرچاوەی پێشوو-ص٧٧٢.
٨-د. أسامة الغزالي حرب- سەرچاوەی پێشوو ص٤٩.
٩- ماهر عزیز- گۆڤاری توێژینەوە- ژمارە (٤) تشرینی یەکەم/٢٠٠٨/ هەولێر. ل٥٦.
١٠-د. عبد الكريم احمد- القومية المذاهب السياسية- القاهرة/١٩٧٠-ص٤٤
١١- مستەفا محمد کریم- گۆڤاری مێژوو- ژمارە (١٩) سالی پێنجەم-٢٠١١- هەولێر-ل١٧٩.
١٢-اسعد مفرح وآخرون- موسوعة عالم السياسة- سەچاوەی پێشو.ص١١٤.جزء٣.
د. رياض هادي عزيز المشكلات السياسية- سەرچاوە پێشو.ص٢٨٠.
-حزبی سیاسی.تەماشای-د.عبدالوهاب الكيالي و كامل زهيري بکە (الموسوعه السياسيه)ص٢٢٨.بریتیە لەکۆمەڵە کەسانێك، هەڵگری یەك بیرو باوەرو ئاراستەی سیاسی و بنەمای هاوبەش. هەوڵدەدەن بۆبەدیهێنانی ئەوئامانجانەی باوەریان پێی هەیە، بەپێی چەند رێساو بنەمایەکی رێکخراوەیی پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکات، هەروەها شێوازی کارکردنیان.
١٣-عبدالسلام بروارى- أثر التغيير الاجتماعي على الاحزاب الكوردستانية- هەولێر- ط/١/٢٠١٣ص٢٩
١٤-د. اسامة الغزالي حرب- سەرچاوەی پێشوو.ص٩٨.
د. رياض هادي عزيز- سەرچاوەی پێشو-ص٢٥٤.
١٥- د. عبد الزهرة مكطوف- سەرچاوەی پێشو-ص١٦٤.
-تورکە یەکگرتووخوازەکان: تەماشای (تاريخ تركيا المعاصر) بکە، نووسینی کۆمەڵە توێژەرێکی سۆڤیەتی. ل١٤.سلیمانی ٢٠٠٧.
(حزبی _ئیتحادو تەرەقی) لەسالانی نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەدا دامەزرا، رابەرایەتی چینی بورژوازی و تورکە لاوەکانی دەکرد، دژ بەدەسەلاتی

ئۆتۆکرانی سوڵتانەکانی عوسمانی و بەدیهێنانی چاکسازی. سەرەتا هەوڵیاندا لاینگری سیاسی نەتەوەکانی سنوری دەوڵەتی عوسمانی بەدەست بێنن، ساڵی، (١٩٠٨) دوای گەیشتنیان بەدەسەلات، بریاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی پاشایەتی دەستوریاندا، بەڵام پشتیان لەماف و داواکانی گەلانی دیکەکرد.

١٦- سایت (الحقول): http: llwww.alhoukoul. com larti cle 12599

١٧-د. أسامه الغزالی حرب- سەرچاوەی پێشو-ص٥٥

١٨- د. أحسان محمد الحسن- موسوعة علم الاجتماع- الدار العربية للموسوعات- بيروت- ط١٩٩٩.ص٢٥٩.

١٩- محمد فاتح- گۆڤاری کەلتور-ی.ن.ك./ ژمارە (٨) ساڵی سێییەم، ٢٠١٢.ل١٢٩.

٢٠-د. أسامه الغزالی حرب- سەرچاوەی پێشو-ص١٤٩.

٢١- عبدالكريم احمد- سەرچاوەی پێشو-ص٣٢٠.

٢٢- د. حامد محمود عيسى- المشكلة الكردية في الشرق الاوسط- مكتبة مدبولي- القاهرة /١٩٩٢ ص١٣.

٢٣- ئەحمەد حمەد ئەمین- دۆزی کورد لەچەند باسێکی مێژوویدا- چاپی ٢٠٠٨/١ هەولێر-ل٩.

٢٤- عبدالرزاق عبدالرحمن- تێروانینێك بۆدۆزی کورد- چاپی ٢٠٠١/١- سلیمانی -ل٦.

- شەڕی چاڵدێران: تەماشای ( المنجد في اللغة والاعلام) بکە چاپی بەیروت /١٩٨٦ لاپەرە: ٢٠٦ - چاپی/٢١.

شەڕێکی گەورەبوو لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان (سەلیمی یەکەم) و دەوڵەتی سەفەوی لەسەردەمی شا ئیسماعیل، ساڵی (١٥١٤)ز، لەناوچەی کوردستانی رۆژهەڵات، تیایدا عوسمانیەکان سەرکەوتن.

-عبدالرحمن قاسملۆ: ( تەماشای رۆژژمێری هاوسەر بکە سالی ٢٠٠٤).
لەمانگی کانونی یەکەمی /١٩٣٠ لەدۆلی قاسملو لەدایك بووە لەناوچەی ورمی، خوێندنی دکتۆرای تەواوکردووە. سالی (١٩٧٣) بووە بەسکرتیری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
سالی (١٩٧٨) گەراوەتەوە کوردستان، خەریکی کاری رێکخراوەیی بووە رابەرایەتیخەباتی چەکداری کردووە لەدوای (١٩٧٩) وە، لەرۆژی ١٣/تەموزی/١٩٨٩ لەشاری ڤییەنا لەولاتی نەمسا بەپیلانێکی بیانی شەهید کراوە.
٢٥- عبدالرحمن قاسملۆ- كوردستان والاكراد-ط١-١٩٧٠- بيروت-ص٤٤.
٢٦- علي تتر توفيق- الحياة السياسية في كردستان (١٩٠٨-١٩٢٧) ترجمة- تحسين ابراهيم الدوسكي- ط١/٢٠٠٧- دهوك. ص٣٤.
٢٧- علي تتر توفيق- سەرچاوەی پێشوو.ص٤٠
- مدحت پاشا: بروانە ( المنجد في اللغة والاعلام- سەرچاوەی پێشوو).
کاربەدەستێکی بالای دەولەتی عوسمانی بوو، لەنێوان سالانی (١٨٢٢-١٨٨٤) ژیاوە.
ماوەیەك والی ناوچەی بەغدا بوو، پشتگیری ژیانی دەستوریو چالاکسازی کردووە لەناو بەندیخانەدا کوژراوە.
٢٨- د. فاضل رسول- كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الاوسط- ترجمة غسان نعمان، منشورات الاتحاد الوطني الكردستاني. سنة الطبع/٢٠٠٨- السليمانية-ص٤٤.
٢٩-د. عبدالله عەلیاوەیی- کوردستان لەسەردەمی دەولەتی عوسمانیدا- چاپی ٣، سالی ٢٠٠٤-هەولێر-ل١٠٣.
- شیخ عوبەیدوللای نەهری. تەماشایd. عبدالله عەلیاوەیی بکە سەرچاوەی سەرەوە.ل١٢٠ لەدایکبووی سالی (١٨٣٠) لەگوندی (نەهری) ناوچەی

شەمزینانی کوردستانی باکور. رابەرایەتی شۆرشێکی گەورەی کوردی کردووە بەهیوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەنێوان ساڵانی (١٨٨٠-١٨٨٣)، پاشای بەدیل گیراوەو دوورخراوەتە بۆ ناوچەی حیجاز لەعەرەبستانی سعودی، لەوێ کۆچی دوایی کردوە.

٣٠-علی تتر توفیق- سەرچاوەی پێشوو-ل٤٥.

٣١ -علی تتر توفیق- سەرچاوەی پێشوو-ل٥٤.

٣٢- سلیمان صنعان سعید- گۆڤاری مێژوو- ژمارە (١٨) ساڵی پێنجەم،٢٠١١- هەولێر-ت١٢٣.

٣٣- هیوا عزیز سعید ناسیو نالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩)ی.ن.ك، سلیمانی ساڵی ٢٠٠٣،ل٢٠.

د. خالدة أبلال الجبوري- التحليل التاريخي للبنية السياسية للاحزاب السياسة (١٩٤٦-١٩٥٨)ط/١/٢٠١٢- دمشق-ض١٥.

- سیڤەر، لۆزان، سایکس،بیکو، ( تەماشای.د. حامد محمود عیسی) بکە المشكلة الكردية في الشرق الاوسط-ص٥٩-٦٤.

**سیڤەر:**

رێککەوتنێك بوو،لەنێوان دەوڵەتانی سەرکەوتوو لەجەنگی جیهانی یەکەم، لەشاری سیڤەری فەرەنسا لە ١٠/ئابی/١٩٢٠ ئیمزای لەسەر کراوە. بەپێی بەندەکانی (٦٢،٦٣،٦٤)ی ئەو رێککەوتنە کوردستانی باکور، مافی سەربەخۆیی دەبێت .

لۆزان:

رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی بوو لە ١٤ حوزیرانی /١٩٢٣ لەشاری لۆزان بەستراوە،

ئاکامەکانی ئەو ڕێککەوتنە کۆماری تورکیا دەسەڵاتی بەسەر هەموو خاکی دەبی! ( بەوجۆرەی ئێستا)، لەم ڕێککەوتنە هیچ باسیك بۆ پرسی کورد نەهاتووە کە لەڕێککەوتنی سیڤەر باسی هات.

سایکس بیکۆ ڕێککەوتنێکی نهێنییە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و فەرەنسا لەساڵی ١٦/ئایار/١٩١٦ ئیمزای لەسەر کراوە، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ناوچەکانی: کوردستانی عیراق و سوریا و ئوردن، فەلەستین،لوبنان. لەنێوان ئەودوولایەنەدابەش دەکرێت

٣٤-فەرید ئەسەسەرد. ئەتلسی سیاسی هەرێمی کوردستان (١٩١٤-٢٠٠٥) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان- سلیمانی/٢٠١٠-ل٦.

٣٥- مهدی محمد قادر- هەولێر لەنێوان ساڵی (١٩٢٦-١٩٣٩) نامەی دکتۆرا چاپ نەکراوە. سالی ٢٠١١ل٢٨.

- شێخ محمود حەفید. تەماشای (موسوعه الاحزاب العراقیه)ی د. حسن لطیف الزبیدی. بکە ل٣٧١.

شێخ محمود لەدایك بووی سالآنی (١٨٨٠یان١٨٨١، یاخود ١٨٨٤) وەلەشاری سلێمانی، تێکۆشاوە لەپێناو سەربەخۆیی کوردو دامەزراندی دەوڵەتی کورد، دژایەتی ئینگلیزی کردووە، لەشەردا برینداربووەو بەدیل گیراوەو بۆ وڵاتی هیندستان دوور خراوەتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان، ساڵی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کردووە،.

٣٦- د. عزیز شەمزینی- جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان- وەرگێرانی فەرید ئەسەسەرد- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلیمانی ٢٠٠٦ ل١٥٨.

- بەلشەفێك: تەماشای (موسوعة السیاسیة)ی د. عبدالوهاب الكیالي و كامل زەهیری بکە لاپەرە/٤٦١.

لەساڵی (١٩٠٣) لەمیانەی بەستنی دووەم کۆنگرەی حزبی سۆشیالیستی روسیا، بەهۆی ململانێی ناوخۆ لەسەر چەند خاڵێکی پەیرەوی ناوخۆ، حزب بوو بەدوو بەش: بەلشەفێك، واتە زۆرینەی بەسەرکردایەتی لینین، هەروەها مەنشەفێك، واتە کەمایەتی، ئەم ململانێیە درێژەی کێشا تاساڵی (١٩١٧) کاتی سەرکەوتنی شۆرشی روس و گرتنی دەسەڵات بەدەست لەلایەن بەلشەفێکەوە.

٣٧- د. کاظم حبیب- لمحات من نضال حرکة التحرر الوطني للشعب الکردي في کردستان العراق- دار ئاراس هەولێر، ط٢/٢٠٠٥/ل٢٢٤.

٣٨-محمد عبدالله کاکەسور، رۆڵی سیاسی و کەلتوری ئەفسەرانی کورد، لەبزافی کوردایەتی کوردستانی باشوردا، (١٩٢١-١٩٤٥)، سەنتەری برایەتی هەولێر، چاپی ١ /٢٠٠٠ ل١٧-١٨.

٣٩- حنابطاطور- العراق- الکتاب الاول- ترجمة عفیف الرزاز، ط١/٢٠٠٥.ص٩٩.

٤٠- د. عبد الزهرة مکطوف الجوراني- سەرچاوەی پێشوو-ص١٩٣

٤١-د. عزیز شەمزینی- سەرچاوەی پێشو-ل٣٣.

٤٢- جەلیل جلیلي، م.س. لازارین وآخرون- الحرکة الکردیة في العصر الحدیث- ترجمة عبدي حاجي، ط٢/٢٠١٢- دهۆك. ل١٤٤.

٤٣- د. فاضل عزیز- کوردستان و السیاسة السوفیتیة.. سەرچاوەی پێشوو. ص٦١.

٤٤- هیوا عزیز سعید-رەنگدانەوەی بیری لیبرالی لەباشووری کوردستان (١٩٠٠-١٩٥٨)- چاپی١ ساڵی ٢٠٠٦-سلیماني- وەزارەتی رۆشنبیری- ل١٤٦.

٤٥-د. عامر حسن فیاض- جذور الفکر الدیموقراطي في العراق الحدیث- دار الشؤن الثقافیة العامة-بغداد-ط١ سنة ٢٠٠٢-ص١٣٩.

٤٦- جەلیل جلیلي، م.س. لازاریف- سەرچاوەی پێشوو-ص١٢٤.

د. ئاکۆ عبدالکریم شوانی -شاری سلیمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) مەڵبەندی کورد لۆجی چاپی ١ ساڵی ٢٠٠٨ سلیمانی ل٢٣٢.

٤٧- کۆمەڵەو ڕێکخراوی کوردییەکان (١٩١٨-١٩٣٣) لەبەڵگە نامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنسادا، بەرگی یەکەم- وەرگێرانی لەفەرنسیەوە،د. نەجاتی عبدللا- بنکەی ژین-سلیمانی-٢٠٠٧-ل١٧-١٩.

-ئینتلجنسیا تەماشای (معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية)بکە ل٢٢٣.

intelligentisia ، پوختەی توێژی ڕۆشنبیرانە، خاوەن خەسلەتو پێوەری تایبەتن، کاریگەریان بەسەر بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی ناوکۆمەڵگەدا هەیە.

٤٨-د. مکرم طالبانی- مراحل تطور الحركة القومية الكردية- المجلد الأول- مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- سليمانية - ٢٠٠٩ص٨٦

-سمکۆ شکاک: تەماشای ڕۆژژمێری هاوسەر بکە، بۆساڵی (٢٠٠٤). سمایل ئاغای کوری محەمەد ئاغایە، لەخۆرئاوای دەریاچەی ورمێ لەدایك بووە.( ساڵەکەی نەزانراوە). بەسەرۆکایەتی سمکۆ لەرۆژهەڵاتی کوردستان ڕاپەرینێکی چەکداری سەری هەڵداوە، لەساڵی (١٩١٩-تا ١٩٢٢). بەشێکی گەورەی ناوچەکەیان کەوتە ژێر دەست، ساڵی ١٩٢٣ سەردانی شێخ مەحمودی حەفیدی کردووە لەسلیمانی، لەرۆژی ٢١/حوزیرانی/١٩٣٠بەپیلانی ڕژێمی ئێران کوژراوە.

٤٩- عبدالرحمن کریم درویش، گۆڤاری ڕێبازی نوێ- ژمارە (٤٧) حوزیرانی/٢٠٠٨- ی.ن.ك (مەکتەبی ڕێکخستن).

٥٠- جمال فتح الله طيب- کۆیە (١٩١٨-١٩٥٨) چاپی ٢-٢٠٠٨- هەولێر- ل١٠٨.

٥١- طاهر ئەحمەد حەوێزی- مێژووی کۆیە- بەرگی دووەم- بەشی یەکەم- بەغدا ساڵی ١٩٨٣-ل١٤٣.

٥٢-چاو پێکەوتن لەگەڵ مامۆستا کاظم عمر دەباغ- هەولێر-٢/ئابی/٢٠١٣.

٥٣- فيصل الدباغ- اضواء على كتاب- الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن (١٩٠٨-١٩٥٨) ط١٩٩٧/١ اربيل. ص٥٧.

٥٤- رفيق حلمی، یاداشت کوردستانی عیراق و شۆرشەکانی شێخ مەحمود- بەشی یەکەم و بەشی دووەم- بەغداد-١٩٥٦-ل٣٢٩-٣٥٢.

٥٥-علی تتر توفیق- الحياة السياسية في كردستان- سەرچاوەی پێشوو ل٢١٣.

٥٦-کەریم شارەزا، ئینسکۆپیدیای هەولێر، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٩، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان-لاپەرە-١٩٠٦.

٥٧-ئەحمەد خواجە- چیم دی- شۆرشەکانی شێخ مەحمودی نەمر- دەزگای ئاراس-هەولێر چاپی دووەم/٢٠١٣-ل٥٠-٥٥.

٥٨-نیزام الدين گلی- گۆڤاری سەنتەری برایەتی- ژمارە (٢١) ٢٠٠١، هەولێر ل١٧٧.

٥٩-ئەحمەد باوەر- کوردستان و چالاکی کۆمەڵەو رێکخراوە کوردییەکان لەساڵانی ئینتیدابی بەریتانیدا (١٩٢٠-١٩٣٢). چاپی ١٩٩٨/١-سلیمانی-ل١٣.

٦٠-ئەحمەد خواجە-چیم دی- سەرچاوەی پێشوو-ل٧٢.

٦١ رەفیق حلمی- یاداشت- سەرچاوەی پێشوو-ل٥١٦.

٦٢-د. عبدالستار طاهر شريف- الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية- في نصف قرن (١٩٠٨-١٩٥٨) ط٢٠٠٧/٢ سليماني/ص١٣٢.

٦٣-علي تتر توفيق-الحياة السياسية- سەرچاوەی پێشوو-ل٢٥٧.

٦٤-عبدالرزاق الحسني-تاريخ الاحزاب العراقية-ط١٩٨٠/١ بيروت.ص٧٧،ص٨٣.

٦٥- ئەحمەد حمد ئەمین- رەواندوز- توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە (١٩١٨-١٩٣٩) چاپی دووەم-٢٠٠٨-ل١٢٨.

٦٦-د. سروة أسعد صابر-كوردستان الجنوبية (١٩٢٦-١٩٣٩). ط١/٢٠٠٦- السليمانية ص٣٤٥.

٦٧-طار احمد حويزي- سەرچاوەی پێشوو-ل١٦٤.

٦٨- د. سروة اسعد صابر- سەرچاوەی پێشوو-ل٣٥٠.

- نوري السعيد: تەماشای (موسوعه الاحزاب العراقيه) نووسین د. حسن لطيف بکە. لاپەرە/٤١٣.

( نوری السعید)لەدایك بووی سالی (١٨٨٨) لەشاری بەغداد، ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپای عوسمانی بوو، دوای جەنگی جیهانی یەکەم سوپای عوسمانی بەجیٚ هێشتو پەیوەندی بەسوپاکەی (فیصل کوری حسین)شەریفی مەککەکرد- دواتر گەراوەتەوە عێراقو بەشداری لەژیانی سیاسی کردوە، ژمارەی (١٤) جار بۆتە سەرۆك وەزیرانی عێراق، لەرووداوەکانی شۆرشی١٤/ تەموزی /١٩٥٨ کوژرا.

جەعفەر ئەبو التمن: تەماشای (موسوعة الاحزاب العراقية)بکە لاپەرە (٢٠٥) سەرکردەیەکی گەورەی (بزوتنەوەی نیشتمانی عیراقی) بوو لەسەرتای دامەزراندنی دەولەتی عیراقی، لەدایك بووی سالی (١٨٨١)ی شاری بەغدایە، بەشداری لەشۆرشی سالی بیست کردووە، بەشداری ژیانی سیاسی کردووەو بووە بەوەزیر لەسەردەمی مەلیك (فەیسەلی یەکەم) چەند جارێك زیندانی کراوە، سالی ١٩٤٥ کۆچی دوایی کردووە.

٦٩- ئەحمەد خواجە-چیم دی- سەرچاوەی پێشوو-ل٢٤٧.

٧٠-مهدی محمد قادر-ئینسکلۆپیدیای هەولێر- سەرچاوەی پێشوو-ل١٥٨٩.

٧١-فیصل الدباغ- سەرچاوەی پێشوو-ل٦١.

٧٢-هێرۆ محمد ابراهیم-گۆڤاری مێژوو-ژماره (١٤) سالی چوارەم (٢٠١٠) هەولێر.ل٥٩.
٧٣-د.سروة اسعد صابر- سەرچاوەی پێشوو-ل٣٣٤.
٧٤- مهدي محمد قادر-ئیسکلوپیدیای هەولێر-سەرچاەی پێشوو ل١٥٩٠
٧٥- د.سروة اسعد صابر- سەرچاوەی پێشوو-ل٣٣٦.
٧٦-علی تتر توفیق- الحیاة السیاسیة-سەرچاەی پێشوو ل٢٦٥.
٧٧- د.سروة اسعد صابر- سەرچاوەی پێشوو-ل٣٣٦.
٧٨- د.سروة اسعد صابر- سەرچاوەی پێشوو-ل٣٤٣-٣٤٥.
٧٩-مهدي محمد قادر-ئینسکلوپیدیای هەولێر-سەرچاەی پێشوو ل١٥٨٩.
٨٠-هیوا عزیز سەعید خۆیبون-ژ.ك-هیوا- مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) سلیمانی/٢٠٠٦.ل١٤-١٦.
-شێخ سعید پیران، _ تەماشای رۆژژمێری هاوسەربکه سالّی ٢٠٠٤).
-شێخ سەعید کوری شێخ مەحمود، سالی (١٨٦٤) لەدایك بووه لەگوندی (کلّدار) رابەری شۆرشی کوردبووه سالی ١٩٢٥، لەکوردستانی باکور. لەمێژووی/٩/حوزیرانی ١٩٢٥، لەگەلّ (٢٧) هەڤاڵی شۆرشگێری دیکه لەسێداره دراوه.
٨١- ئاکۆ عبدالکریم شوانی-شاری سلیمانی (١٩١٨-١٩٣٢)- چاپی ٢٠٠٢/١ سایمانی-ل٢٢١.
٨٢- د. اسماعیل شکور رسول-اربیل- دراسة تاریخیة في دورها الفکري والسیاسي (١٩٣٩-١٩٥٨) بنکەی رۆشنبیری، شەهید رێباز، سلیمانی ٢٠٠٥-ل١٢٨.
٨٣- جمال فتح الله طیب- کۆیه-سەرچاەی پێشوو ل١١٦.
٨٤-د. عبدالرحمن قاسملو، کوردستان وکورد-وەرگێرانی عبدالله حسن زاده-هەولێر، چاپی ٢-٢٠٠٦.ل٦١.

٨٥-ئەحمەد حمد ئەمین نۆمەر-رەواندوز--سەرچاەی پێشوو ل١٢٦.

٨٦- د.سروة اسعد صابر- سەرچاوەی پێشوو-ل٣٥١-٣٥٣.

٨٧- مهدی محمد قادر-ئیسکلوپیدیای هەولێر-سەرچاەی پێشوو ل١٥٩٠.

٨٨- ئەحمەد حمد ئەمین ئومەر- رەواندوز- سەرچاەی پێشوو ل١٣٦.

٨٩-پارتی دیموکراتی کوردستان- رۆژنامەی خەبات-ژمارە (٤٣٦٠) لە ١٠/تەموزی/٢٠١٣.

٩٠- د.سروة اسعد صابر- سەرچاوەی پێشوو-ل٣٥٤.

٩١-ئەحمەد باوەر- سەرچاوەی پێشوو-ل٤٦-٤٩.

٩٢- مهدی محمد قادر-ئیسکلوپیدیای هەولێر-سەرچاەی پێشوو ل١٥٨٥.

-نازی-سەرچاوە (موسوعەی جودی)مەسعود عبدالخالق- بەشی یەکەم ل٦٤٠.

بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی سۆشیالستی نەژاد پەرست بوو، لەئەڵمانیا سەری هەڵدا. وشەی نازی، کورتکراوەی دووبرگەی یەکەمی ناوی پارتی کرێکاری سۆشیالیستی نەتەوەی ئەڵمانی بوو.

٩٣- ئەحمەد حمد ئەمین نۆمەر -سەرچاەی پێشوو ل١٣٨

ئەحمەد باوەر- سەرچاوەی پێشوو-ل٤٣، مهدي محمد قادر، سەرچاوەی پێشوو ل١٥٨٦.

٩٤- مهدی محمد قادر- ئیسکلوپیدیای - هەولێر-سەرچاەی پێشوو ل١٥٩٠.

٩٥- جمال فتح الله طیب- سەرچاەی پێشوو -ل١١٠-١١١.

٩٦-ئاکۆ عبدالکریم شوانی-شاری سلیمانی(١٩٣٢-١٩٤٥) سلیمانی چ١/٢٠٠٨ ل١٥٨.

٩٧- مهدی محمد قادر- هەولێر لەنێوان سالآنی (١٩٢٦-١٩٣٩)-سەرچاەی پێشوو ل١٦٩.

٩٨-دلشاد محمود عبدالرحمن- ئیسماعیل حەقی شاوەیس- (١٨٩٤-١٩٧٦) وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر، چاپی ١-٢٠٠٤،ل٨٧.

ئاكۆ عبدالكریم شوانی-شاری سلیمانی(١٩٣٢-١٩٤٥) سەرچاوەی پێشوو ل١٦٢

٩٩-فؤاد علی احمد- الاتصال السیاسي في الاحزاب الكوردیة- رسالة ماجستیر- جامعة السلیمانیة- غیر مطبوع-٢٠٠٨-ص١٥

١٠٠- فؤاد علی احمد- سەرچاوەی پێشوو-ل٦٣.

١٠١-د. حسن لطیف الزبیدی- موسوعة الاحزاب العراقیة، مؤسسة المعارف للمطبوعات- بیروت سنة/٢٠٠٧-ص٢٠٩

١٠٢-عبدالله ئاگرین. گۆڤاری (k21) ژمارە (٢-٣) سالی ٢٠٠٨، هەولێر.ل٨٧-٩٥.

هەروەها، د. اسماعیل شكر رسول، اربیل، سەرچاوەی پێشوو.ص١٣٣، هەروەها، گریست كۆجیرا-كورد- لەسەدەی نۆزدەو بیستەمدا- چاپی شەشەم،٢٠١١ ل١٧٧، لەگەل، فیصل الدباغ- سەرچاوەی پێشوو،ل٦٤.

١٠٣- تەماشای ئەم سەرچاوانە بكە.

د. مكرم طالبانی، سەرچاوەی پێشوو-ل٨٨، د. سروە أسعد صابر، سەرچاوەی پێشوو-ص٣٦٧ ئەحمەد حمد ئەمین- رەواندوز- سەرچاوەی پێشوول١٥٠، د. عبدالستار طاهر شریف- سەرچاوەی پێشووص١٣٨/ فیصل الدباغ- سەرچاوەی پێشووص٦٧، ئاكۆ عبدالكریم شوانی- سەرچاوەی پێشوول١٧٢.

١٠٤- عمر علي شریف، استذكارات عن تاریخ الكرد الحدیث- مؤسسة الشفق الثقافیة - كركوك ط١-٢٠٠٥-ص٢٠٦.

١٠٥-عبدالسلام بروارى- أثر التغیر- سەرچاوەی پێشوو،ص٦٤.

١٠٦مهدی محمد قادر پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق (١٩٤٥-١٩٥٨). سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان-سلیمانی/٢٠٠٥.ل٤٣.

١٠٧- د. اسماعیل شكور رسول-اربیل- سەرچاوەی پێشوو-ص١٨١-١٨٢.

١٠٨- ئەحمەد حمد ئەمین- رەواندوز- سەرچاوەی پێشووص١٥٢.

١٠٩-د. نەجاتی عبدوللا- گۆڤاری واتە، ژمارە (٢٨) ساڵی ٢٠١٣-دەزگای ئاراس ل٦١.

١١٠-صالح حیدری. مختارات من مذكرات صالح الحیدري-ط٢-٢٠٠٤-سلیمانی-ص٢٦

١١١- د. نەجاتی عبدوللا- گۆڤاری واتە- سەرچاوەی پێشوو.ل٦١.

١١٢- د. مكرم طالبانی- مراحل تطور- سەرچاوەی پێشوو-ص٩٠.

١١٣-هیوا عزیزسەعید- خۆیبون هیوا-ژ.ك- سەرچاوەی پێشوو.ل٤٧.

١١٤- هەڵبین محمد امین مزوری- حزب هیوا-ط١،٢٠٠١، ص٥٨.

١١٥- عمر علی شریف- أستذكارات- سەرچاوەی پێشوو،ص٢٠٦.

١١٦-د. مكرم طالبانی- مراحل تطور- سەرچاوەی پێشوو.ص٩٠.

١١٧- هیوا عزیزسەعید- خۆیبون-ژ.ك- هیوا- سەرچاوەی پێشو-ل٤٨

١١٨- د. ئاكۆ عبدالكریم شوانی- سلیمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) سەرچاوەی پێشوو.ل١٧٦-١٧٧.

١١٩-تاریق جامباز- ئینسكوپیدیای هەولێر - سەرچاوەی پێشوو-ل١٦٣١. هەروەها.سروة اسعد صابر- كوردستان الجنوبیە- سەرچاوەی پێشوو-ل٣٧١.

١٢٠- د. عبدالستار طاهر شریف- سەرچاوەی پێشوو-ص١٣٨.

١٢١- د.سروة اسعد صابر - سەرچاوەی پێشوو-ص٣٧١.

١٢٢-جمال فتح الله طیب-كۆیە- سەرچاوەی پێشوو-ص١٤٤. كەریم شارەزا، ئینسكوپیدیای هەولێر - سەرچاوەی پێشوول١٩٠٨.

١٢٣ ئەحمەد حمد ئەمین– رەواندوز– سەرچاوەی پێشوول٣٧١.

١٢٤– د.سروة اسعد صابر – سەرچاوەی پێشوو–ص٣٧٢، صالح حیدری–مذکرات– سەرچاوەی پێشوو–ص٢٧.

١٢٥–بروانە ئەم سەرچاوانە.

د. نجاتی عەبدوللا– گۆڤاری واتە– سەرچاوەی پێشوو–ل٦٢.

هیوا عزیز سەعید– خۆیبون–هیوا–ژ.ک– سەرچاوەی پێشوو–ل٦٢.

ئەحمەد حمد ئەمین– رەواندوز– سەرچاوەی پێشوول١٥٧.

د. اسماعیل شکر رسول–اربیل– سەرچاوەی پێشووص١٤٠.

تاریق جامباز– گۆڤاری سەنتەری برایەتی–ژمارە (١) سالی ١٩٩٧– هەولێر– بابەت حزبی هیوا لەهەولێر.ل٢٥.

١٢٦–د. عزیز شمزینی– سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٣،د. نجاتی عەبدوللا، گۆڤاری واتە سەرچاوەی پێشوول٦٥، جمال فتح الله طیب– کۆیە– سەرچاوەی پێشوول١١٥.

– ژ.ک: تەماشای (خۆیبون– هیوا– ژ.ک) هیوا عەزیز سەعید بکە–ل٦٨. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کورتکراوەی (ژ.ک)، لە ١٦/ئابی/١٩٤٢دامەزرا. یەکەم کۆبوونەوەی لەسابلاغ بووە بەئامادەبوونی نزیکەی (١٠) کەسایەتی، لەوانە: عبدالرەحمان ئیمامی، حسێن فروهەر، عەبدولرەحمان زەبیحی، قادری مودەریسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەمەدی ئەسحابی، عەبدولرحمانی کیانی، سدیقی حیدری، قاسمی قادری، ملاعبدوللای داودی.

١٢٧– د. نجاتی عبدوللا– گۆڤاری واتە– سەرچاوەی پێشوول٦٦.

١٢٨– جمال فتح الله طیب– کۆیە– سەرچاوەی پێشوول١١٦.

١٢٩– هیوا عزیز سعید–خۆیبون– هیوا–ژ.ک– سەرچاوەی پێشوول٥٤.

١٣٠–د. نجاتی عبدەللا– گۆڤاری واتە– سەرچاوەی پێشوول٦٤.

-راپەرینەکانی بارزانی: (تەماشای- المشكلة الكردية في الشرق الاوسط) د. حامد محمود عيسى بكه. مكتبه مدبولی/١٩٩٢-القاهرة.

زەنجیرە راپەرینێکی چەکداری بوو، ناوچەی بارزان و دەورووبەری گرتۆتەوە، ئامانجەکانی نیشتمانی نەتەوایەتی بوو، درێژەی کێشاوە لە ١٩٣١-١٩٤٥، بەم شێوەی خوارەوە:

راپەرینی یەکەمی بارزان لە ١٢/تەموزی/١٩٣١ تا ١٤/ئازاری/١٩٣٢ بە سەرکردایەتی شیخ ئەحمەدی بارزانی.

راپەرینی دووەمی بارزان لە ١٩٤٣-١٩٤٥. بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی.

١٣١- مسعود بارزانی-بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد- بەرگی یەکەم- هەولێر ٢٠١٢.ل١١٨ هەروەها، عەلی عەبدوللاّ- پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق- تابەستنی کۆنگرەی سێیەم - ئەیلول ١٩٦٨-ل٢٠.

١٣٢-عەلی عبدوللاّ- سەرچاوەی پێشوول٢٠-٢١.

د. عبدالستار حمد شريف- سەرچاوەی پێشووص١٥٠.

د. عزیز شەمزینی- جولانەوەی رزگاری- سەرچاوەی پێشوو-ل٢٦٥.

١٣٣- فيصل الدباغ- سەرچاوەی پێشووص٧٩-٨٠.

١٣٤-صالح الحيدری- سەرچاوەی پێشووص١٣٤.

١٣٥- هیوا عزیز سەعید- خۆیبون- هیوا ژ.ك- سەرچاوەی پێشوو-ل٦٠-.

١٣٦-د. عزیز شەمزینی- سەرچاوەی پێشوو-ل-٢٦٥.

١٣٧-د. عبدالستا طاهر شريف- سەرچاوەی پێشوو-ل-١٥٢.

١٣٨-عمر علی شريف- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠٨.

١٣٩-گریس کۆجیرا- کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەمدا- سەرچاوەی پێشوول١٩٧.

١٤٠-شوان محمد امین- گۆڤاری مێژوو - ژمارە١١، سالّی پێنجەم، ٢٠١١، هەولێر، ل٣٨.

١٤١- هیوا عزیز سەعید- خۆیبون- هیوا ژ.ك- سەرچاوەی پێشوول٧٧.

١٤٢- شوان محمد امین- سەرچاوەی پێشوول٤٠.

١٤٣- د. ئاكۆ عبدالكریم شوانی- سلیمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) سەرچاوەی پێشوول٢٢١.

١٤٤-د. كاظم حبیب- لمحات من نضال حركة التحریر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق- دار ئاراس للطباعة والنشر-ط٢/٢٠٠٥/اربیل. ص٢٤٥.

١٤٥-د. عبدالستار طاهر شریف- سەرچاوەی پێشووص١٥٩.

١٤٦-ب- هەوراز- حزبی شۆڕش و ڕزگاری لەكوردستانی باشور- ئایاری ١٩٩٣-ل١٠-١١. هەروەها- صالح الحیدري- سەرچاوەی پێشووص٢٧٢.

١٤٧-مهدی محمد قادر پێشهاتە سیاسیەكان- سەرچاوەی پێشوول٩٩-١٠٠.

١٤٨- مهدی محمد قادر پێشهاتە سیاسیەكان- سەرچاوەی پێشوول١٠٢.

- هەروەها د. عبدالستار طاهر شریف- سەرچاوەی پێشوو-ل١٨١،د.ئاكۆ عبدالكریم شوانی سلیمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) سەرچاوەی پێشوول٢٢٤.

١٤٩- علی عبدوللا- سەرچاوەی پێشوول٢٧، هەروەها د. ئاكو عبدالكریم شوانی، شاري سلیمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) سەرچاوەی پێشوول٢٢٥

١٥٠- صالح حیدري. مذكرات، سەرچاوەی پێشووص٨٠.

١٥١-ب- هەوراز- حزبی شۆڕشی و ڕزگاری- سەرچاوەی پێشوول٢٢.

هەروەها- صالح الحیدري- مذكرات- سەرچاوەی پێشووص٨٤/٨٥.

١٥٢- علی عبدوللا- مێژووی پارتی- سەرچاوەی پێشوول٣٠.

١٥٣- مهدی محمد قادر-پێشهاتە سیاسیەكان- سەرچاوەی پێشوول١٢٩.

د. ئاكۆ عبدالكریم شوانی- سلیمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) سەرچاوەی پێشوول٢٢٨.

١٥٤-د. اسماعیل شكر رسول-اربیل- سەرچاوەی پێشووص٢٥٩.

١٥٥- صالح الحیدري- مذكرات- سەرچاوەی پێشووص٩٧.

١٥٦- د. ئاکۆ عبدالکریم شوانی- شاری سلیمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) سەرچاوەی پێشوول٢٢٧.

١٥٧- صالح الحیدری- مذکرات- سەرچاوەی پێشووص٨٨-٩٢.

ب هەوراز- سەرچاوەی پێشوول٢٤.

- توفیق السویدی: (تەماشای موسوعة الاحزاب) د. حسن لطیف الزبیدی بکە ص٤١٧.

سیاسەتمەدارێکی سەردەمی پاشایەتیە لەعێراق، ساڵی (١٨٩٢لەشاری بغدا لەدایك بووە، ئاراستەیەکی ناسیونالستی عەرەبی هەبووە، سێ جار سەرۆکی حکومەتی عیراق بووە، لەساڵانی (١٩٢٩)و(١٩٤٦)و(١٩٥٠). ساڵی ١٩٦٨ لەشاری بەیروت کۆچی دوایی کردووە.

١٥٨- د. مکرم طالبانی- مراحل الحرکة القومیة الکردیة- سەرچاوەی پێشوول١٢١.

١٥٩- د. ئاکۆ عبدالکریم شوانی- شاری سلیمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) سەرچاوەی پێشوول١٩٧.

١٦٠- علی عبدوللا-مێژووی پارتی- سەرچاوەی پێشوول٢٤-٢٥.

-خالد بەگداش: تەماشای (حزبو رێکخراوە مارکسیەکان لەجیهانی عەرەب)بکە نووسینی محمد فاتح لاپەرە/٣١٦.

ناوبراو لە (١٩١٢) لەشاری دیمەشق (پایتەختی سوریا) لەدایك بووە، لە ١٩٣٠ وەئەندامی حزبی شیوعی سوری بووە، ساڵی ١٩٣٥ بوو بەسکرتێری حزب تا سەرەتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، لە ١٩٥٤ بووە بەئەندامی پەرلەمانی سوریو ساڵی ١٩٧٧ وەزیر لەحکومەتی سوریا، لەتەموزی /١٩٩٥ کۆچی دوایی کردووە.

١٦١- علی عبدوللا-مێژووی پارتی- سەرچاوەی پێشوول٤٢، هەروەها مهدی محمد قادر سەرچاوەی پێشوول١١٦.

-لیژنەی ئازادی- تەماشای (حزبو ریکخراوە سیاسیە عیراقیەکان)نووسین محمد فاتح،ل١٠٢ بکە:
لیژنەیەك بوو، پیکهاتبوو لە ( مستەفابارزانی، محمد قودسی، جەلال ئەمین، مستەفا خۆشناوعزەت عبدالعزیز، عبدالحمید باقر، شیخ سلیمان بارزانی، میرحاج أحمد، مامند مسیح، بۆراپەراندنی کاروباری شۆرش لەسالی ١٩٤٥، ئەم لیژنەیە بریاری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردیاندا لەشاری مهاباد سالی ١٩٤٦.
١٦٢- صالح حیدری. مذکرات - سەرچاوەی پیشوول ص٤٦.
-قازی محمد، (رۆژ ژمیری هاوسەر، خاوەنی هۆشیار فتاح- سالی ٢٠٠٤).
سالی (١٨٩٣)ز لەشاری مهاباد لەبنەمالەیەکی ئاینی لەدایك بووە، دەستیکی بالای هەبووە لەدامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانو پەرەپیدانی کۆمەلەی (ژ.ك).
لە ١٦/کانونی دووەمی ١٩٤٥ بووە بەسەرۆك کۆماری مەهاباد، لە ١٥ کانونی یەکەمی /١٩٤٦ بەهۆی هیرشی سوپای ئیرانو تیکشکانی کۆماری مەهاباد، قازی محمد دەگیریٔ ولە رۆژی ٣١/ئازاری ١٩٤٧ لەگۆرەپانی چوارچرای شاری مەهاباد لەسیداری دراوە.
١٦٣- صالح الحیدري - مذکرات - سەرچاوەی پیشووص٤٦-٤٧.
١٦٤- علی عبدوللا-میژووی پارتی- سەرچاوەی پیشوول٤٩.
١٦٥- علی عبدوللا-میژووی پارتی- سەرچاوەی پیشوول٤٩
١٦٦- علی عبدوللا-میژووی پارتی- سەرچاوەی پیشوول١٢٢.
١٦٧-مهدی محمد - پیشهاتەکان- سەرچاوەی پیشوول١٢٤.
١٦٨- پارتی دیموکراتی کوردستان- پرۆگرامو پەیرەوی ناوخۆ- پەسەندکراوی کۆنگرەی (١٣) سالی ٢٠١٠ ماددەی (٢).

١٦٩- پارتی دیموکراتی کوردستان- پرۆگرامو پەیرەوی ناوخۆ- سەرچاوەی پێشوو- بەشی چوارەم.

١٧٠-مسعو بارزاني- البارزاني والحركة التحريرية- سەرچاوەی پێشوو- جـ١-ص١٨٧.

١٧١- حبيب محمد كريم- تاريخ الحزب الديموقراطي الكردستاني-العراق- (١٩٤٦-١٩٩٣) طـ١-١٩٩٨- دهوك ص٣٥، هەروەها عەلی عبدوللا- مێژووی پارتی سەرچاوەی پێشوول٧٠.

١٧٢- مسعو بارزاني- البارزاني والحركة التحررية- سەرچاوەی پێشوو-جـ٣- ص١٤٤، ص٨٨٧،ص٢٥٣.

١٧٣-گریس کۆجیرا- بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو ویستی سەربەخۆیی- وەرگێرانی- حەسەن رەستکار، چاپی١ سالی ٢٠١٢،ل٦٣.

١٧٤- حبيب محمد كريم- تاريخ الحزب الديمقراطي- سەرچاوە پێشوو ص١٢١.

١٧٥- علی عبدوللا-مێژووی پارتی- سەرچاوەی پێشوول١٥٢.

١٧٦- حبيب محمد كريم- تاريخ الحزب الديمقراطي- سەرچاوە پێشوو ص٥٦.

١٧٧- مهدی محمد قادر پێشهاتەکان- سەرچاوەی پێشوول١٣٣.

١٧٨- د. مكرم طالباني- مراحل تطور الحركة - سەرچاوەی پێشووص١٢٤- ص١٣٣.

١٧٩- مسعو بارزاني- البارزاني والحركة التحررية- سەرچاوەی پێشوو- بەرگی٢-ص٧١.

١٨٠- حبيب محمد كريم- تاريخ الحزب الديموقراطي - سەرچاوەی پێشوو- ص٥٦.

١٨١- مسعو بارزانی- البارزانی والحركة التحررية- سەرچاوەی پێشوو- ،ص١٣٣، هەروەها، رفیق رحمان مام خول، مستەفا بارزانی- رۆڵ و هەڵوێستی لەپێشهاتە سیاسیەکاندا (١٩٥٨-١٩٧٠)، چاپی٢، ساڵی ٢٠١٣ هەولێر- لاپەرە/١٤٩.

١٨٢-مسعود بارزانی- البارزانی والحركة التحررية-سەرچاوەی پێشو- ص١٣٧

١٨٣-د. واحد عمر محیدین- دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد (١٩٢١-١٩٦٨) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان- سلیمانی ٢٠٠٦-ل٢٢٠. هەروەها، شازین هێرش، نزار محمد- بەڵگەنامە- باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی بارزانی- چاپی١ ساڵی ٢٠٠٣-سلیمانی/ل١٣٤.

١٨٤-ایوب بارزانی - الحركة التحررية الكوردية وصراع القوى الاقليمية والدولية. (١٩٥٨-١٩٧٥). دار نشر حقايق المشرق- جنيف سويسرا،ط٣/٢٠١٣-ص٢٧٥.

١٨٥- مسعو بارزانی- البارزانی والحركة التحررية- سەرچاوەی پێشوو- ج٣،ص١٤٤.

١٨٦- د. مكرك طالبانی - مراحل تطور الحركة- سەرچاوەی پێشوول١٢٣.

١٨٧- مهدی محمد قادر-پێشهاتەکان- سەرچاوەی پێشوول١٠٠٢.

١٨٨- د. مكرك طالبانی - مراحل تطور الحركة- سەرچاوەی پێشوول١٢٣.

١٨٩- د. کاظم حبيب- لمحات من نضال حركة التحرر - سەرچاوەی پێشوول٢٤٧.

١٩٠- مسعو بارزانی- البارزانی والحركة التحررية- سەرچاوەی پێشوو- بەرگی دووەم.ص٧٨.

١٩١- د. کاظم حبيب- لمحات من نضال - سەرچاوەی پێشووص٢٨١.

١٩٢-فرهاد محمد احمد- جريدة خەبات- النظال-(١٩٥٩-١٩٦١)دراسة تاريخية.ط١-٢٠٠٨-دهوك - ص٩٠،ص١٢٧.

-عبد الكريم قاسم ، سەرچاوە ( موسوعة الاحزاب العراقية) د. حسن لطيف الزبيدي.ص٤٨٧ ساڵی١٩١٤ لەشاری بەغدا لەدایك بووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازی بەغدایە، پلەی لەناو سوپا گەیشتە (زەعیم)، رابەرایەتی بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخوازی کردوە، لە ١٤/تەموزی/١٩٥٨ سەرکردایەتی شرۆشی کردو رژێمی پاشایەتی گۆری بۆکۆماری، سەرۆك وەزیرانی عیراق بوو تارۆژی ٨/شوباتی /١٩٦٣ لەکودەتایەکی سەربازی کوژرا.

-عبدوالسلام عارف (سەرچاوەی پێشوول٤٥٣).

لەدایك بووی ١٩٢١ی شاری رومادییە، لەناو سوپای عیراق پلەی گەیشتە (عەقید) بەشداری لەبزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخوازی کردووە. کەسی دووەم بوون لەدوای عبدوالکریم قاسم، بەهۆی ململانێی نێوانیان دوورخرایەوە، دوای کودەتای ١٩٦٣ بوو بە سەرۆك کۆماری عیراق تا ساڵی ١٩٦٦ لەرووداوی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکەی کوژرا.

**احمد حسن بكر : (سەرچاوەی پێشوول٢٤٤).**

لەساڵی ١٩١٤ لەشاری تکریت لەدایك بووە، پلەی سەربازی لەناوسوپای عیراق- عەقید- بوو، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس بوو، ساڵی ١٩٦٣ دوای کودەتاکە بووە سەرۆك وەزیران، لەدوای کودەتای ١٧/تەموز/١٩٦٨ بوو بەسەرۆك کۆمار تا ساڵی ١٩٧٩، لە ساڵی ١٩٨٢ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

صدام حسين: (سەرچاوەی پێشوول٣٦٧).

ساڵی ١٩٣٧ لەگوندی عۆجەی پاریزگای سەلاحەدین لەدایك بووە، ساڵی (١٩٥٧)بووە بەئەندامی حزبی بەعس، ساڵی ١٩٥٩ بەشداری کردووە لەهەوڵی کوشتنی عبدالكريم قاسم لەناو شاری بەغدا- ساڵی ١٩٦٣ بەشداری لەکودەتاکە کردووە، ساڵی ١٩٦٨ دوای سەرکەوتنیان لەکودەتای ١٧/تەموزی/١٩٦٨ بووە بەجێگری (احمد حسن بكر). ساڵی ١٩٧٩ بووە سەرۆك کۆماری عیراق تا مانگی نیسانی ٢٠٠٣، پاشان دەسگیر کراوە لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاو دوای دادگایی کردنی لەبەغدا بریاری لەسێدارەدانی لەسەر جێ بەجێکراوە لە ٢٠/کانونی یەکەمی/٢٠٠٦. ناوبراو بەدرێژایی دەسەڵاتی پیاوێکی دیکتاتۆرو خوێن ڕێژ بووە.

١٩٣-د. واحد عومەر محیدین- دانوسانەکانی- سەرچاوەی پێشو.

١٩٤-حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديموقراطي- سەرچاوەی پێشوو.ص١٩٦. هەروەها بیرەوەری بارزانی نەمر-چاپخانەی سەلاحەدین- هەولێر- لێژنەی سەرپەرشتی ڤیستیڤاڵی ساڵی ١٩٩٢، ڕەفیق ڕەحمان مام خول- سەرچاوەی پێشوول٥٩-٤٠.

١٩٥- پارتی دیموکراتی کوردستان- پرۆگرامو پەیرەوی ناوخۆ- سەرچاوەی پێشوو.

١٩٦-تەماشای سەرچاوەکانی.

عادل مراد- مجله الروافد- العدد٣ حزيران-٢٠٠٨-بغداد بكە، هەروەها نەوشیروان مستەفا ئەمین- لەکەناری دانوبەوە بۆخری ناوزەنگ (١٩٧٥-١٩٧٨) چاپی ٢ ساڵی (١٩٩٧)ل٤٢-٤٣. عبدالرزاق فەیلی- گۆڤاری کەلتور- ژمارە (٨) کانونی یەکەمی-٢٠١٢ساڵی سێیەم- سلیمانی- چاوپێکەوتن ل١٥٣.

١٩٧-مەسعود عبدالخالق-ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان-چاپی ١ ساڵی ٢٠١٢ هەولیر ل١١٨.

١٩٨-د. عبد الوهاب حمەرشید- التحول الديموقراطي والمجتمع المدني- دار المدى-ط١/٢٠٠٣ سوريا-ص٥٦.

فەرهاد محمد- ثقافة الحكم وبناء الديموقراطية- ترجمة بهاء الدين جلال مصطفى - وزارة الثقافة والشباب أربيل -ط١/٢٠١١ص٢١٠.

١٩٩-مەلا بەختیار- چۆن چەپکێکو کام مێژووی کۆمەڵە- بەرگی یەکەم-چ ١-٢٠١٢-سلیمانی ل٩٤.

٢٠٠- مەلا بەختیار- سەرچاوەی پێشوو-ل٧٥.

- تیوری مارکسی- لینینی: (تەماشای، (معجم الشيوعية العلمية)، دار التقدم موسكو-١٩٨٥،ص٣٥٤)بكە.

راڤەکردنێکی زانستیانەیە، چەند تێروانینێکی فەلسەفیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسییانەیە. رێبازێکە دەربارەی زانینی جیهانو گۆرانکارییەکانی، دەربارەی یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگەو سروشتو بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی، دەربارەی شێوازەکانی گۆرانی شۆرشگێرانەی سیستەمە چەوسێنەرەکانو دامەزراندنی کۆمۆنیستی.

-رێککەوتنی جەزائیر: تەماشای- فەرهەنگی مێژووی کورد-- نووسین مایکل گەنتەر. وەرگێرانی مامکاک-چ١، هەولێر/٢٠٠٧،ل١٤٣.بکە:

لە٦/ئازاری/١٩٧٥، عێراق و ئێران لەجەزائیر پەیماننامەیەکیان مۆرکردو بەپێی ڕێکەوتنەکە، لەبەرانبەر پێکەوە بەکار هێنانی روباری (شط العرب)، ئێران هەموجۆرە یارمەتیەکی لەشۆرشی کورد بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی بری، بۆیە شۆرشەکە هەرەسی هێنا.

٢٠١-ابراهیم جلال- چەپکێك لەمێژووی کۆمەڵ- چاپی٢- سلیمانی ٢٠١٢- ل٢٢.
٢٠٢-مەلا بەختیار. سەرچاوەی پێشوو-ل٩٣
٢٠٣-کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان- پەیرەوی ناوخۆ-ساڵی ١٩٨٠-بەندی ٧.
٢٠٤- چاوپێکەوتنێك لەگەل م. عثمان دەشتی- هەولێر. حوزیرانی ٢٠١٢.
٢٠٥-ئەحمەد حمد ئەمین- گۆڤاری کەلتور - ژمارە (٩) نیسانی/٢٠١٣، ی.ن.ك سلیمانی-ل ٢٠٦.
٢٠٦- د.سەرور عبدالرحمن- تاریخ الاتحاد الوطني الكردستاني (١٩٧٥-١٩٧٦). ج١ ط١/٢٠١١ اربیل ص١٤٢.
٢٠٧-بەهرۆز گەلاڵی- رەسول مامەند (٥٠ ساڵ تەمەن و ٣٣ساڵ خەبات). چ٢/١٩٩٨ سلیمانی ل٢٤٩.
٢٠٨-محمد شاکەلی-لەبزوتنەوە بۆحزبی سۆشیالست- کۆمەڵەی رۆشنبیری کەرکوك-چ١/٢٠١٢-ل٢٤٩
٢٠٩-بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان- پرۆژەی پرۆگرام-١٩٧٨-بەندی ١٢.
٢١٠- سەلام عبدالکریم- ژیانی سیاسی لەباشوری کوردستان (١٩٧٥-١٩٩١) چ١/٢٠١١.ل٢٨١.
٢١١- فەرید ئەسەسەرد. ئنسکلۆپیدیای (ی.ن.ك)- چ١/٢٠١٣-ل٢٥٦.
٢١٢-رەهبەر سەید ئیبراهیم- رزگاری (دەنگی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان) بنکەی ژین- سلێمانی-٢٠١١-ل١٣-١٧.

٢١٣-یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان- پەیرەوی ناوخۆ- بڵاوکردنەوەی ( رزگاری)- لێکۆڵینەوەی رەهبەر سەید ابراهیم- بنکەی ژین ٢٠١١، سلیمانی.
٢١٤- یەکێتی تیشتمانی کوردستان- پرۆگرامو پەیرەوی ناوخۆ- پەسندکراوی کۆنگرەی-(١،٢،٣).
٢١٥-سەلام عبدالکریم- سەرچاوەی پێشوو-ل٧١-٧٧.
٢١٦-مەلا بەختیار-کام مێژوو- سەرچاوەی پێشوو-ل٨٩.
٢١٧-مەسعود عبد الخالق-ناسنامەی- سەرچاوەی پێشوو-ل١٣٤.
٢١٨- فرهاد محمد- سەرچاوەی پێشوو-ل١٤٢.
٢١٩-مكتب الفكر والتوعية-الاتحاد الوطني الكردستاني-حوار فضائية العراقية مع جلال طالباني- السليمانية-سنة٢٠٠٨.
٢٢٠-د. خالد يوسف خالد- الزعيم الوطني الكردستاني- جلال طالباني- مكتب الفكر والتوعية، الاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية-٢٠٠٦- ص١٢.
٢٢١- مەسعود عبد الخالق-ناسنامەی- سەرچاوەی پێشوو-ل١٥٥.
٢٢٢- الحزب الشيوعي العراقي- وثائق المؤتمر الوطني الخامس تشرين الاول /١٩٩٣-ص٢٤.
٢٢٣-حنا بطاطو-الكتاب الثاني (الحزب الشيوعي)- ترجمة عفيف الرزاز- ط١/٢٠٠٦.
٢٢٤-يوسف حنا يوسف ( ابوحكمت)- مذكرات- وزارة الثقافة والشباب- اربيل-ط١/١/٢٠٠١ص١٥٣-١٦٤.
٢٢٥-کەریم احمد- رێرەوی تێکۆشان- وەرگێران-جەلال دەباغ- سلیمانی- ٢٠٠٦-ص٣٥٢-٣٤٦.
٢٢٦-حزبی شیوعی کوردستان -پەیرەوی ناوخۆو بەرنامەی حزب-پەسند کراوی کۆنگرەی پێنجەم لەتەموزی/٢٠١٢.

٢٢٧- حزبی شیوعی کوردستان- سەرچاوەی پێشوو- مادەی-١-
٢٢٨- حزبی شیوعی کوردستان- سەرچاوەی پێشوو- پێشەکی بەرنامەکە.
٢٢٩-د.عبدالفتاح على البوتانى-الاسلام السياسي في اقليم كردستان-العراق- ملاحظات وانطباعات تاريخية وسياسية-ط١-دهوك-٢٠١٢-ص٤١-٤٥.
٢٣٠--د.عبد الغني عماد-الحركات الاسلامية في الوطن العربي- مركز دراسات الحدة العربية- ط١-٢٠١٣-بيروت-ص٢٧٣.
-(اخوان المسلمين)، سەرچاوە: موسوعة الاحزاب العراقية-د حسن لطيف الزبيري.ص٢١٦.
بزوتنەوەیەکی سەلەفی چاکسازی خوازە، سالی ١٩٢٨، بۆیەکەم لەولاتی میسر دامەزراوە- لەسەردەستی (حسن البنا) سالی ١٩٤٨ ڕێکخستنەکانی لەعێراق گەشەیان کردوو، لەسەرکردە یەکەمەکان: عبدالله نعمة)محمد محمود صواف، تحسين عبدالقادر الفخري، علي فاطن، عبدالرحمن الشيخلي، منيب الدروبي، عبدالغني شنداله، محمد فرج السامرائي.
-سەلەفی : سەرچاوە( الحركات الاسلامية في الوطن العربي) د. عبدالغني عماد ص٩٥٧.
سەلەفیەت لەرووی زمانەوە بەمانای گەرانەوە بۆرەفتارو باوەری ئەوکەسانەدێت کەپێشتر ژیاون لەسەردەمی سێ سەدەی یەکەمی ئیسلامی.
سەلەفیە کۆمەڵە بیروباوەرو بۆچونێکە، لەهەموو ناوچەو ولاتانی ئیسلامیو عەرەبی پەیرەوکاریان هەیە، ئامانجیان گەرانەوەیە بۆهەمان شێوازی سەردەمە سەرەتاییەکانی ئیسلامو پابەندبوون بەوردەقە بنچینەییانەی ئیسلام.
٢٣١-د. ايمان عبدالحميد الدباغ- الاخوان المسلمين في العراق (١٩٥٩-١٩٧١)- دار المأمون النشر والتوزيع- ط١-٢٠١١-ص٢٦٣-٢٧٢.
٢٣٢- سایتی www.albasrah-net

٢٣٣- سەرچاوەکان:
مەسعود عبدالخالق، ناسنامەی.. سەرچاوەی پێشوو.ل٣٣٥-٣٤٣.
سابق ویکبیدیا- الموسوعة الحرة.
اركان حمد امين زرداري- نشأة وتطور الجمعيات والاحزاب ؟ السياسية الكوردية في العراق-ط١/٢٠٠٩-ص١٥٩.
د. هادي محمود التوظيف السياسي للفكر الديني- مؤسسة موكريان للبحوث والنشر ط١، اربيل-٢٠٠٨-ص١٦٤.
چاو پێکەتن لەگەڵ مامۆستا نامق نانەکەلی لەرۆژی ٣٠/تشرینی دووەم/٢٠١٣، لەشاری هەولێر.
٢٣٤-د. هادی محمود- التوظيف السياسي- سەرچاوەی پێشوو-ص١٥٨.
هەنگاو رەسول- روانگەو رەخنە- پاشکۆی رۆژنامەی-چاودێر-ژمارە-(١٦٧) لە ٢/ئەیلولی/٢٠١٣.
چاو پێکەتن لەگەڵ مامۆستا نامق نانەکەلی لەرۆژی ٣٠/تشرینی دووەم/٢٠١٣.
٢٣٥- عمر علی غفور-١٦ ساڵ لەنێو یەکگرتووی ئیسلامی- چاپی١/٢٠١٣ هەولێر-ل١٢.
٢٣٦-فەیسەل سلیمان محمد- پێگەی پارتە سیاسیە ئیسلامیەکانی کوردستانی عیراق لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن (١٩٩٢-٢٠٠٥) بەڕێوەبەرایەتی چاپو پڵاوکردنەوە/سلیمانی-٢٠١٢-ل٥٥.
٢٣٧-یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان- پرۆگرامو پەیرەوی ناوخۆ- پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەم- مانگی ئایاری/٢٠١٢.
٢٣٨- مەسعود عبدالخالق- ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان- سەرچاوەی پێشوو-ل٣٥٢.
٢٣٩- مەسعود عبدالخالق- سەرچاوەی پێشوو-ل٣٦٨.
٢٤٠- د. هادی محمود- التوظيف السياسي- سەرچاوەی پێشوو-ص١٧١.

٢٤١- ڕێکەوت اسماعیل- گۆڤاری کەوانە-ژمارە(١) تەموزی/٢٠١١ سلیمانی- ل٣٩.

٢٤٢-د. عبدالفتاح علي البوتاني- الاسلام السياسي- سەرچاوەی پێشوو- ص١٥٤.

٢٤٣-فەرید ئەسەسەرد-ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك- سەرچاوەی پێشوو-ل١٠.

٢٤٤-جمال بابان-أعلام الكرد-جزء (٢) ط٢٠١٢/٢-مطبعة اراس- هەولێر ص٤٢.

٢٤٥- جمال بابان- سەرچاوەی پێشوو-ص١٠.

٢٤٦-هۆشیار قەفتان-ڕۆژژمێری هاوسەر-سالی ٢٠٠٢-چاپخانەی حسام- بغداد.

٢٤٧- هۆشیار قەفتان-ڕۆژژمێری هاوسەر-سالی١٩٩٨- چاپخانەی حسام- بغداد.

٢٤٨-هاشم عاصم کاکەیی-دیوان و یاداشتی شیخ ئەحمەد شاکەلی- وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان-چاپی (٥)-٢٠١٣.

٢٤٩-میر بەسری- ناودارانی کورد- وەرگێرانی عبدالخالق علاء الدين- چاپی ٢-٢٠٠٩ هەولێر.ل٢١٦.

٢٥٠- جمال بابان-أعلام الكرد-جزء١- سەرچاوەی پێشوو-ص٦٦.

٢٥١-هۆشیار قەفتان- ڕۆژژمێری هاوسەر- سالی ٢٠٠٢- بغداد چاپخانەی حوسام.

٢٥٢- هۆشیار قەفتان - ڕۆژژمێری هاوسەر - سالی ١٩٩٩، چاپخانەی سالم - بەغداد.

٢٥٣- تەماشای ئەم سەرچاوانەبکە.

جەمال بابان-أعلام الكرد-ج١- سەرچاوەی پێشوو-ص٩٦.

میر بەسری- سەرچاوەی پێشوو-ص٧٢.

٢٥٤-فەرید ئەسەسەرد- ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ل٣٠.

٢٥٥- هۆشیار قەفتان- رۆژژمێری هاوسەر- سالی ٢٠٠٤- چاپخانەی حوسام بغداد.

٢٥٦- جەمال بابان-أعلام الکرد-ج٢- سەرچاوەی پێشوو-ص٣٣.

٢٥٧- جەمال بابان-أعلام الکرد-ج١- سەرچاوەی پێشوو-ص٨٤.

٢٥٨- فەرید ئەسەسەرد-ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ل٤٩.

٢٥٩-سەرچاوەکان:

هۆشیار قەفتان- رۆژژمێری هاوسەر- سالی ٢٠٠٢- بغداد چاپخانەی حوسام.

جەمال بابان-أعلام الکرد-ج١- سەرچاوەی پێشوو-ص١٢٠.

٢٦٠- د.حسن لطیف الزبیدي - موسوعە الاحزاب العراقیە- سەرچاوەی پێشوو-ص٥٣٧.

٢٦١- جەمال بابان-أعلام الکرد-ج١- سەرچاوەی پێشوو-ص٢٤٣.

٢٦٢- فەرید ئەسەسەرد-ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ل٧٢.

٢٦٣- کەریم شارەزا گۆڤاری K21 - ژمارەی(١) سالی ٢٠٠٨ هەولێرل١٦٨.

٢٦٤- جەمال بابان-أعلام الکرد-ج١- سەرچاوەی پێشوو-ص١٤٥.

٢٦٥-سەرچاوەکان:

هۆشیار قەفتان رۆژژمێری هاوسەر سالی/٢٠٠٢-بغداد- چاپخانەی حسام.

کەریم شارەزا گۆڤاری K21 - ژمارەی(٧) سالی ٢٠١٠ هەولێر.

٢٦٦- کەریم شارەزا گۆڤاری K21 - ژمارەی(٤) سالی ٢٠٠٨ هەولێرل٢٦٤.

٢٦٧- جەمال بابان-أعلام الکرد-ج٢- سەرچاوەی پێشوو-ص٩٤.

٢٦٨-حبیب کریم- تاریخ الحزب الدیموقراطي الکردستاني- سەرچاوەی پێشوو.

٢٦٩- فەرید ئەسەسەرد- ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ص٩٢.

٢٧٠-جمال بابان-أعلام الکرد-ج١ -سەرچاوەی پێشوو-ص١٧١.

٢٧١-عەلائەدین سوجادی-مێژووی ئەدەبی کوردی-چاپی ٢ سالی ١٩٧١-بەغدا ل٥٩٩.

جمال بابان-أعلام الكرد-جـ١ -سەرچاوەی پێشوو-ل١٧١.

٢٧٢- فەرید ئەسەسەرد- ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ص٩٢.

٢٧٣- کەمال محیدین- هەفتەنامەی بەدرخان-ژمارە/١٢٣-٨/ئابی/٢٠٠٩.

٢٧٤-میر بەسری- ناودارانی کورد -سەرچاوەی پێشوو-ل١٤١.

٢٧٥- جمال بابان-أعلام الكرد-جـ١ -سەرچاوەی پێشوو-ص٢٠٠.

٢٧٦- رێبوار رەمەزان عبدوللا- لەچوارشەهیدانی رێگای نیشتمانەوە-چاپی١ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان- هەولێر-٢٠١١-ل٨٣.

٢٧٧- فەرید ئەسەسەرد- ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ل١٢٧.

٢٧٨- جمال بابان-أعلام الكرد-جـ٢ -سەرچاوەی پێشوو-ص١٨٤.

٢٧٩- جمال بابان-أعلام الكرد-جـ٢ -سەرچاوەی پێشوو-ص١٨٨.

٢٨٠- جمال بابان-أعلام الكرد-جـ٢ -سەرچاوەی پێشوو-ص٢٢٩.

میر بەسری- ناودارانی کورد- سەرچاوەی پێشوول١٢٤.

٢٨١- جمال بابان-أعلام الكرد-جـ٢ -سەرچاوەی پێشوو-ص١٩٧.

٢٨٢- فەرید ئەسەسەرد- ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ل١٥٥.

٢٨٣- هیوا سید سلیم کوری شەهید-لەرۆژی ٢٠/تشرینی دووەمی/٢٠١٣، هەولێر.

٢٨٤-بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (شێروان شێرەوەندی) لەرۆژی ٢/تشرینی دووەمی/٢٠١٣-کەلار.

٢٨٥محمد عبدالکریم سۆڵەیی-ئارامو بزوتنەوەی شۆرشگێری کورد-چاپی١/٢٠٠٧-سلیمانی- ل١٧-١٩.

شاسوار جەلال-هەڵبژاردەکان ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ی.ن.ك/سلیمانی/٢٠١٢-ل٩.

٢٨٦- فەرید ئەسەسەد- ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ل١٦.
٢٨٧- جمال بابان-سەرچاوەی پێشو-ص٢٥٥.
٢٨٨- کەریم شارەزا گۆڤاری K21 - ژمارەی(٧) سالی ٢٠١٠ هەولێرل٣٠٧.
٢٨٩- هۆشیار قەفتان- رۆژژمێری هاوسەر- سالی ١٩٩٨- چاپخانەی حوسام بغداد.
٢٩٠- جمال بابان-ج٢-سەرچاوەی پێشو-ص٢٥٥ هەروەها صالح حیدری- مذکرات-ط٢/ سەرچاوەی پێشو-ص٢-٣.
٢٩١- جمال بابان -سەرچاوەی پێشو-ص٢٣١.
زۆران صالح الیوسفي- صالح الیوسفي- (١٩١٨-١٩٨١) ط١ سنة ٢٠٠٩- دهوك
٢٩٢- جمال بابان-ج٢-سەرچاوەی پێشو-ص٢٣٣.
٢٩٣- د.حسن لطیف الزبیدی - موسوعه الاحزاب - سەرچاوەی پێشوو- ص٢٤٥.
٢٩٤- کەریم شارەزا، ئینسکۆپیدیای هەولێر، بەرگی (١٠) سەرچاوەی پێشو- ل٤٤٣٣.
٢٩٥- جمال بابان-ج١-سەرچاوەی پێشو-ص٣١٦.
٢٩٦- جمال بابان-ج٢-سەرچاوەی پێشو-ص٢٩٥.
٢٩٧- کەریم شارەزا گۆڤاری K21 - ژمارەی(٧) سالی ٢٠١٠ هەولێرل٣١٣.
٢٩٨- کەریم شارەزا گۆڤاری K21 - ژمارەی(٤) سالی ٢٠٠٩ هەولێرل٢٥٧.
٢٩٩- فەرید ئەسەسەرد- ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ل١٩٩.
٣٠٠- جمال بابان-ج٢-سەرچاوەی پێشو-ص٣٢٠.
٣٠١- کەریم شارەزا، ئینسکۆپیدیای هەولێر، - سەرچاوەی پێشو-ل٤٥٣١.
٣٠٢- کەریم شارەزا گۆڤاری K21 - ژمارە-(٧) سالی ٢٠١٠ هەولێرل٣,٥.
٣٠٣- سایتی و یکیپیدیا الموسوعة الحرة.

٣٠٤-مستەفا عسکری - گۆڤاری K21 - ژمارە-(١-٣) سالی ٢٠١٢ هەولێرل١٢٦، هەروەها - فەرید ئەسەسەرد - ئینسکلوپیدیای (ی.ن.ك)، ل٢٠٣.

٣٠٥-برزۆ عەلی هەژار-شەهیدی سەرکردە عەلی هەژار- بەرگی یەکەم-١٩٩٣- چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر.

٣٠٦ کەریم شارەزا، ئینسکۆپیدیای هەولێر، - سەرچاوەی پێشو-ل٤٥٦٢.

فەرید ئەسەسەرد- ئینسکۆپیدیای (ی.ن.ك) سەرچاوەی پێشوو ل١٨٩.

٣٠٧- کەریم شارەزا گۆڤاری K21 - ژمارە-(٤) سالی ٢٠٠٩ هەولێرل٢٥٩

٣٠٨-رۆژنامەی خەبات-ژمارە-٤٣٧٦-لە ١/ئابی/٢٠١٣.

٣٠٩-کەریم ئەحمەد- رێرەوی تێکۆشان- سەرچاوەی پێشوو- هەروەها- حنا بطاطو العراق (الحزب الشیوعي)سەرچاوەی پێشو-ص٣٣٨.

٣١٠-ئیسماعیل تەنیا- کاردۆ گەلاڵی- چاپی یەکەم-١٩٧٧-هەولێر.

٣١١- کەریم شارەزا، ئینسکۆپیدیای هەولێر، - سەرچاوەی پێشو- بەرگی ١٠-ل٤٥٥٣.

٣١٢- جمال بابان-جـ١-سەرچاوەی پێشو-ص٤٢٩.

٣١٣- جمال بابان- جـ١- سەرچاوەی پێشوو-ص٤٦٠.

٣١٤- جمال بابان-جـ١-سەرچاوەی پێشو-ص٤٥٨.

٣١٥- رشید الخیون- لاهوت السیاسة-الاحزاب والحرکات الدینیة في العراق- ط١/٢٠٠٩ بغداد ص٣١٥.

٣١٦- کەریم شارەزا گۆڤاری K21 - ژمارە-(٤) سالی ٢٠٠٩ هەولێرل٢٦٣.

٣١٧- هۆشیار قەفتان- رۆژژمێری هاوسەر- سالی ٢٠٠٠- چاپخانەی سالم بغداد.

٣١٨- فەرید ئەسەسەرد- ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ل٢٦٩.

٣١٩- سەروەر سالەیی- رۆژنامەی هەوال-کەرکوك-ژمارە (٥١٣) لە ١٦/ئازاری/٢٠١٣.

٣٢٠- د.حسن لطیف الزبیدی - موسوعة الاحزاب العراقیة- سەرچاوەی پێشوو-ص٤٥٨.

٣٢١- جمال بابان- سەرچاوەی پێشوو-ص٤١٨.

٣٢٢- هۆشیار قەفتان- رۆژژمێری هاوسەر- سالی ٢٠٠٠- چاپخانەی سالم بغداد.

٣٢٣- هۆشیار قەفتان- رۆژژمێری هاوسەر- سالی ٢٠٠٤- چاپخانەی سالم بغداد.

٣٢٤- جمال بابان-ج١-سەرچاوەی پێشو-ص٥٧٩.

٣٢٥-رۆژنامەی خەبات-هەولێر،ژمارە (٤٣٦٠)لە ١/تەموزی/٢٠١٣.

٣٢٦- جمال بابان-ج٢-سەرچاوەی پێشو-ص٤٧٤.

٣٢٧- هۆشیار قەفتان- رۆژژمێری هاوسەر- سالی ٢٠٠٢- چاپخانەی سالم بغداد.

٣٢٨- هۆشیار قەفتان- رۆژژمێری هاوسەر- سالی ٢٠٠١- چاپخانەی سالم بغداد.

جمال بابان-ج١-سەرچاوەی پێشو-ص٥٦٧.

٣٢٩- کەریم شارەزا، ئینسکۆپیدیای هەولێر، - سەرچاوەی پێشو- بەرگی ١٠-ل٤٣٧٤.

٣٣٠- جمال بابان-ج١-سەرچاوەی پێشو-ص٤٩٨.

٣٣١- فەرید ئەسەسەرد- ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ل٢٧٨.

٣٣٢- جمال بابان-ج١-سەرچاوەی پێشو-ص٥٨٤.

٣٣٣-د. حسن لطيف الزبيدي موسوعة- سەرچاوەی پێشوو-ص٤٦٠

٣٣٤- صالح حيدرى-مذكرات-سەرچاوەی پێشو-ص٣٤.

٣٣٥- کەریم شارەزا گۆڤاری K21 - ژمارە-(٤) سالی ٢٠٠٩ هەولێرل٢٦٠.

٣٣٦- هۆشیار قەفتان- ڕۆژژمێری هاوسەر- سالی ٢٠٠٧- چاپخانەی سالم بغداد.

٣٣٧-سەعد هەورامی-ڕۆژنامەی هەولێر-ژمارە(١٧٧٥) لە ١٦/تشرینی دووەمی/٢٠١٣.

٣٣٨- جمال بابان-ج٢-سەرچاوەی پێشو-ص١٥٠.

٣٣٩- هەڵگورد عبدالوهاب ئینسکۆپیدیای هەولێر- سەرچاوەی پێشوو.ل٤٤٩٠

٣٤٠- فەرید ئەسەسەرد- ئینسکۆپیدیای ی.ن.ك. سەرچاوەی پێشوو-ل٣١١.

٣٤١- جمال بابان-ج١-سەرچاوەی پێشو-ص٦١٧.

٣٤٢- يوسف حنا يوسف-مذكرات-سەرچاوەی پێشوو.

٣٤٣- ممتاز حیدری- گۆڤاری K21 - ژمارە-(٤) سالی ٢٠٠٩ هەولێر.

٣٤٤-شوان محمد ئەمین خۆشناو-گۆڤاری مێژوو-ژمارە(٢٨)٢٠١٣ هەولێر-ل٢١٥.

٣٤٥-رشید خیون-لاهوت السیاسیة- سەرچاوەی پێشوو-ص٣٧١.

٣٤٦-فەیسەل دەباغ- گۆڤاری K21 - ژمارە-(١) سالی ٢٠٠٨ هەولێرل١٥.

٣٤٧-د. نەجات عەبدوللا- کۆمەڵەو رێکخراوە کوردییەکان (١٩١٨-١٩٣٣) لەبەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاو فرانسادا. وەرگێرانی- د. نەجات عەبدەللا بەرگی یەکەم-سلیمانی ٢٠٠٧- لاپەرەکانی (١٧٥-١٩٠).

٣٤٨-ئەحمەد باوەر- سەرچاوەی پێشوول١٢.

٣٤٩-هێرۆ محمد ابراهیم- گۆڤاری مێژوو- ژمارە (١١) سالی ٢٠١٠ هەولێر-ل٥٧١.

٣٥٠-ئەحمەد باوەر- سەرچاوەی پێشوو-ل٦٠-٦٢.

٣٥١- هێرۆ محمد ابراهیم- سەرچاوەی پێشوو.

٣٥٢- ئەحمەد باوەر- سەرچاوەی پێشوو-ل٤٨.

٣٥٣- صالح حیدری-مذکرات-سەرچاوەی پێشو-ص٢٧٢.

٣٥٤- صالح حیدری-مذکرات-سەرچاوەی پێشو-ص٤٠٤.

٣٥٥-شوان محەمەد ئەمین خۆشناو- گۆڤاری مێژوو- ژمارە (١٠) سالی ٢٠٠٩ هەولێر-ل٤٥٤.

٣٥٦-رێبوار رەمەزان عەبدوللا- شەهیدانی- سەرچاوەی پێشوو-ل١٠٩.

٣٥٧- مسعود بارزانی-بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد- بەرگی یەکەم(١٩٣١-١٩٥٨)- هەولێر ٢٠١٢.ل٤٤٧.

٣٥٨-شازین هێرش‌و نزار محمد- بەڵگەنامە- پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٦٤-١٩٧٠) بەرگی دووەم - چاپی١/٢٠٠٣ سلیمانی.ل٤٣.

٣٥٩- مسعود بارزانی-بەرگی سێیەم- سەرچاوەی پێشو-ل٥٧١.

٣٦٠-پارتی دیموکراتی کوردستان- پرۆگرام‌و پەیرەوی ناوخۆ- پەسندکراوی کۆنگرەی ١٣/ لەمانگی کانوونی یەکەمی/٢٠١٠.

٣٦١-د. سەروەر عبدالرحمان- تاریخ الاتحاد الوطني الكردستاني- سەرچاوەی پێشوو ل٣١٠.

٣٦٢- د. سەروەر عبدالرحمان- سەرچاوەی پێشوو ل٣١٨.

٣٦٣-یەکێتی نیشتمانی کوردستان-پرۆگرام‌و پەیرەوی ناوخۆ- پەسەند کراوی کۆنگرەی سێیم (٢٠١٠).

٣٦٤-یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- پرۆگرام‌و پەیرەوی ناوخۆ- سەرچاوەی پێشوو.

٣٦٥- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان- پەیرەوی ناوخۆ-پەسندکراوی کۆنگرەی دووەم/٢٠١٠.

٣٦٦-حزبی شیوعی کوردستان-پەیرەوو بەرنامەی حزب- پەسندکراوی کۆنگرەی پێنجەم.ساڵی-٢٠١٢

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

**یەکەم:**

**کتێبەکان**

**کتێبە عەرەبییەکان:**

١- موسوعة عالم السياسة-أسعد مفرح وآخرون- دار نوبلس-ط٢-٢٠١١-بيروت

٢- موسوعة السياسة-د. عبدالوهاب الكيالي وآخرون- المؤسسة العربية للدراسات والنشر-ط١-بيروت-١٩٩٩.

٣- موسوعة علم الاجتماع-د.أحسان محمد الحسن-الدار العربية للموسوعات-ط١-بيروت-١٩٩٩.

٤- موسوعة الاحزاب العراقية- د. حسن لطيف الزبيدى- بيروت-٢٠٠٧.

٥- الموسوعة السياسية- د. محمد عبدالوهاب الكيالى- كامل زهيري- المؤسسة العربية للدراسات والنشر-ط١-بيروت-١٩٧٠.

٦- معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية-أحمد زكي بدوي- مكتبة لبنان- بيروت-١٩٨٦.

٧- معجم الشيوعية العلمية- دار التقدم- موسكو-ط١-١٩٨٦.

٨- المنجد في اللغة والاعلام- دار المشرق- بيروت-ط٢١ ١٩٨٦.

٩- الاحزاب السياسية في العالم الثالث. أسامة الغزالي حرب- سلسلة عالم المعرفة- الكويت.

١٠-المشكلات السياسية في العالم الثالث- د. رياض هادي عزيز-ط٢-١٩٨٩.

١١- العالم الثالث بين الوحدة الوطنية و الديموقراطية-د. عبدالجبار أحمد عبدالله-ط١- بغداد-٢٠١٠.

١٢- الفكر السياسي في المشرق العربي -د. عبد الزهرة مكطوف الجوراني- دار الشؤن الثقافية العامة- بغداد-ط١-٢٠٠١.
١٣-قضية التصنيع في أطار النظام العالمي الجديد-د. محمد عبدالشفيع- دار الوحدة- بيروت-١٩٨١.
١٤- القومية المذاهب السياسية-د. عبدالكريم أحمد- القاهرة-١٩٧٠.
١٥- اثر التغير الاجتماعي على الاحزاب الكوردستانية- عبدالسلام بەرواری- أربيل ط١-٢٠١٣.
١٦- المشكلة الكردية في الشرق الاوسط-د. حامد محمود عيسى- مكتبة مدبولي- القاهرة-١٩٩٢.
١٧-الحياة السياسية في كردستان (١٩٠٨-١٩٢٧)- علي تتر توفيق- ترجمة تحسين ابراهيم الدوسكي-ط١-دهوك- ٢٠٠٧.
١٨-كردستان والسيلسة السوڤيتيه في الشرق الاوسط- د. فاضل رسول- ترجمة غسان نعمان- مطبوعات الاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية-٢٠٠٨.
١٩-لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق- د. كاظم حبيب- دار ئاراس- اربيل-ط٢-٢٠٠٥.
٢٠-التحليل التاريخي للبنية، السياسة للاحزاب العراقية (١٩٤٦-١٩٥٨)- د. خالدة بلال الجبوري- محاكاة للدراسات والنشروالتوزيع- سورية-ط١- ٢٠١٢.
٢١-العراق حنا اطاطو- ٣اجزاء-ترجمة عفيف الزراز-ط١-٢٠٠٥
٢٢- الحركة الكردية فى العصر الحديث-جليل جليلى-م.س لازاريف واخرون- ترجمة عبدى حاجى-ط٢-دهوك-٢٠١٢.
٢٣-جذو والفكر الديموقراطي في العراق الحديث - د. عامر حسن فياض-- دار الشؤن الثقافية- بغداد-ط١-٢٠٠٢.

٢٤-مراحل تطور الحركة القومية الكردية- د. مكرم طالباني- المجلد الأول- مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- سليمانية - ٢٠٠٩.

٢٥-الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن (١٩٠٨-١٩٥٨)- د. عبد الستار طاهر شريف-ط٢-السليمانية-٢٠٠٧.

٢٦-اضواء على كتاب- الجمعيات و المنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن (١٩٠٨-١٩٥٨) فيصل الدباغ-ط١- اربيل- ١٩٩٧.

٢٧- تاريخ الاحزاب العراقية-عبد الرزاق الحسني-ط١-بيروت ١٩٨٠.

٢٨- كردستان الجنوبية- (١٩٢٦-١٩٣٩)د. سروة اسعد صابر-ط١- السليمانية-٢٠٠٦.

٢٩- اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي (١٩٣٩-١٩٥٨). د. اسماعيل شكر رسول-بنكەی رۆشنبیری-السليمانية-٢٠٠٨.

٣٠-الاتصال السياسي في الاحزاب الكوردية- فؤاد علي احمد (رسالة ماجستير) غير مطبوع جامعة السليمانية ط١-٢٠٠٥.

٣١-استذكارات عن تاريخ الكرد الحديث- عمر علي شريف- مؤسسة الشفق الثقافية- كركوك-ط١-٢٠٠٥.

٣٢-مختارات من مذكرات صالح الحيدري-ط٢-السليمانية-٢٠٠٤.

٣٣- حزب هيوا- هەلبين محمد امين مزوري- ط١-٢٠٠٨.

٣٤-تاريخ الحزب الديموقراطي الكردستاني- العراق- (١٩٤٦-١٩٩٣) حبيب محمد كريم ط١- دهوك- ١٩٩٨.

٣٥- الحركة التحريرية الكردية وصراع القوى الاقليمية والدولية (١٩٥٨-١٩٧٥) ايوب بارزاني- دار نشر حقائق المشرق- جنيف- سويسرا-ط٣- ٢٠١٣.

٣٦- التحول الديموقراطي والمجتمع المدني- د. عبد الوهاب حمة رەشيد- دار المدى- سوريا -ط١-٢٠٠٣

٣٧- ثقافة الحكم وبناء الديموقراطية- فرهاد محمد- ترجمة بهاء الدين جلال مصطفى- وزارة الثقافة والشباب-ط١، اربيل-٢٠١١.

٣٨- تاريخ الاتحاد الوطني الكردستاني (١٩٧٥-١٩٧٦). د.سرور عبدالرحمن- ج١ ط اربيل -/٢٠١١ .

٣٩- حوار فضائية العراقية- مع جلال الطالباني-مكتب الفكر والتوعية- للاتحاد الوطني الكردستان- سليمانية-٢٠٠٧.

٤٠-الزعيم الوطني-جلال طالباني- خالد يونس خالد- مكتب الفكر والتوعية - للاتحاد الوطني الكردستاني سليمانية-٢٠٠٦.

٤١-مذكرات يوسف حنا يوسف( ابو حكمت) وزارة الثقافة والشباب- اربيل- ٢٠٠١.

٤٢- الاسلام السياسي في اقليم كردستان- العراق- ملاحظات وانطباعات تاريخية وسياسية- د. عبد الغني علي البوتاني- ط١- دهوك- ٢٠١٢.

٤٣- الحركات الاسلامية في الوطن العربي-د. عبد الغني عماد- مركز دراسات الوحدة العربية- ط١- بيروت-٢٠١٣.

٤٤- الاخوان المسلمين في العراق (١٩٥٩-١٩٧١). د. ايمان عبد الحميد الدباغ- دار المأمون للنشر والتوزيع-ط١-٢٠١١.

٤٥-نشأة وتطور الجمعيات والاحزاب والتيارات السياسية الكوردية في العراق - اركان حمد امين زرداري -ط١-٢٠٠٩.

٤٦- التوظيف السياسي للفكر الديني- د. هادي محمود- مؤسسة موكريان للبحوث والنشر-ط١- اربيل-٢٠٠٨.

٤٧- اعلام الكرد- د. جمال بابان- جزء،٢،١، مطبعة ئاراس، اربيل-ط٢- ٢٠١٢.

٤٨-لاهوت السياسة (الاحزاب والحركات الدينية في العراق) رشيد الخيون- بغداد ط١-٢٠٠٩.

٤٩- مسعود بارزاني- البارزاني والحركة التحررية الكردية- الجزء الثالث- اربيل-٢٠٠٢.

٥٠- تاريخ تركيا المعاصر- كۆمەڵە توێژەرێکی سۆڤیەتی- السليمانية- ٢٠٠٧.

٥١-كردستان والاكراد- عبدالرحمن قاسملو-ط١- بيروت-١٩٧٠.

٥٢- صالح يوسفي (١٩١٨-١٩٨١) زۆران صالح اليوسفي- ط١-دهوك- ٢٠٠٩.

**کتێبە کوردییەکان:**

١-ئینسکۆپیدیای هەولێر- سەرپەرشتی د. عەبدوللا عەلیاوەیی- چاپی١- دەزگای بەدرخان- هەولێر٢٠٠٩.

٢- ئینسکۆپیدیای- یەکێتی نیشتمانی کوردستان- سەرپەرشتی- فەرید ئەسەسەرد- چاپی ١ بەرگی ١- سلێمانی-٢٠١٣.

٣- مەوسوعەی جودی- مەسعود عبدالخالق- بەشی یەکەم- چاپی ١- هەولێر-٢٠٠٨.

٤- فەرهەنگی مێژووی کورد. مایکل گەنتەر- وەرگێرانی- مامکاك- چاپی ١- هەولیر سالی/٢٠٠٧.

٥- حزب و رێکخراوە مارکسیەکان لەجیهانی عەرەبیدا- محمد فاتح- چاپی ١- هەولێر-٢٠١٣.

٦- ئەتلەسی سیاسی هەرێمی کوردستان (١٩١٤-٢٠٠٥) فەرید ئەسەسەرد- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلیمانی-٢٠١٠.

٧- شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، ئاکۆ عبدالکریم شوانی- چاپی ٢-سلیمانی-٢٠٠٢.

٨- کوردستا و کورد - عبدالرحمن قاسملۆ- وەرگێڕانی عەبدوللا حسن زادە- چاپی ٢- هەولێر-٢٠٠٦.
٩- ئیسماعیل حەقی شاویس (١٨٩٤-١٩٧٦) دڵشاد محمود عبدالرحمن، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان- چاپی ١ هەولێر ٢٠٠٤.
١٠- کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەمدا، گریس کۆجیرا- وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف- چاپی ٦-٢٠١١.
١١- پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق (١٩٤٥-١٩٥٨)، مهدی محمد قادر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلیمانی- ٢٠٠٥.
١٢- مسعود بارزانی-بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد- بەرگی١-٢- دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠١٢
١٣- پارتی دیموکراتی کوردستان تا کۆنگرەی سێیەم- عەلی عەبدەللا- ئەیلول ١٩٦٨.
١٤- حزب شۆرشی و رزگاری لە کوردستانی باشور،-ب- هەوراز- ئایاری- ١٩٩٣.
١٥- بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو ویستی سەربەخۆیی- گریسن کۆجیرا- وەرگێرانی: حسن رەستگار، چاپی ٢٠١٣/١.
١٦- مستەفا بارزانی- رۆڵ و هەڵوێستی لەپێشهاتە سیاسیەکاندا (١٩٥٨-١٩٧٠)، رەفیق رەحمان مام خول چاپی٢، هەولێر- ٢٠١٣.
١٧-دانوستانەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ( ١٩٢١-١٩٦٨). د. واحد عمر محیدین- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلیمانی- ٢٠٠٦.
١٨- بەڵگەنامە پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٦٤-١٩٧٠) شازین هێرش و نزار محمد، بەرگی دووەم- چاپی ١-سلیمانی-٢٠٠٣.

١٩-بەڵگە نامە-باڵی مەکتەبی سیاسیو باڵی بارزانی- شازین هێرشو نزار محمد- بەرگی یەکەم- چاپی ١- سلیمانی-٢٠٠٣.
٢٠- بیرەوەری بارزانی نەمر- لیژنەی سەرپەرشتی ڤیستیڤاڵ- چاپخانەی صلاح الدین- هەولێر- ١٩٩٢.
٢١- لەکەناری دانوبەوە بۆخری ناوزەنگ (١٩٧٥-١٩٧٨) نەوشیروان مستەفا ئەمین- چاپی ١٩٩٧/٢.
٢٢- ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان- مەسعود عبدالخالق--چاپی ١ - هەولیر ٢٠١٢.
٢٣- چۆن چەپکێکو کام مێژووی کۆمەڵە- مەلا بەختیار- بەرگی یەکەم- چاپی ١ سلیمانی/٢٠١٢.
٢٤-چەپکێك لەمێژووی کۆمەڵە- ئیبراهیم جەلال- چاپی ٢-سلیمانی ٢٠١٢.
٢٥- رەسول مامەند (٥٠ ساڵ تەمەنو ٣٣ساڵ خەبات). بەهرۆز گەلاڵی- چاپی ٢ سلیمانی ١٩٩٨.
٢٦- لەبزوتنەوە بۆحزبی سۆشیالست-محمد شاکەلی- چاپی ١-٢٠١٢ کۆمەڵەی رۆشنبیری کەرکوك.
٢٧-ژیانی سیاسی لەباشوری کوردستان (١٩٧٥-١٩٩١)- سەلام عبدالکریم- چاپی ١-٢٠١١.
٢٨- دۆزی کورد لەچەند باسێکی مێژوویدا- ئەحمەد حمد ئەمین- چاپی ١- هەولێر-٢٠٠٨.
٢٩- تێروانینێك بۆدۆزی کورد- عبد الرزاق عبدالرحمن- چاپی ١- سلێمانی ٢٠٠١.
٣٠-کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا- د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی- چاپی ٣- هەولێر- ساڵی ٢٠٠٤.

٣١-ناسیونالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩) هیوا عەزیز سەعید- مەکتەبی بیرو هۆشیاری ی.ن.ك- سلێمانی- ٢٠٠٣.

٣٢- هەولێر لەنێوان سالانی (١٩٢٦-١٩٣٩) مهدی محمد قادر- نامەی دکتۆرا- چاپی نەکراوە- سالی ٢٠١١.

٣٣- جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان-د. عەزیز شەمزینی- وەگێرانی- فەرید ئەسەسەرد- سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی- چاپی ٤- سلێمانی ٢٠٠٦.

٣٤-رۆلی سیاسی و کەلتوری ئەفسەرانی کورد لەبزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشوردا (١٩٢١-١٩٤٥) محمد عبدالله کاکە سوور- سەنتەری برایەتی- هەولێر- چاپی ١-٢٠٠٠.

٣٥- شاری سلیمانی (١٩٣٢-١٩٤٥). د. ئاکۆ عبدالکریم شوانی- مەلبەندی کورد لۆجی- چاپی ١ سلێمانی /٢٠٠٨.

٣٦- رەنگدانەوەی بیری لیبرالی لەباشوری کوردستان (١٩٠٠-١٩٥٨) هیوا عەزیز سەعید چاپی ١ سلیمانی-٢٠٠٦.

٣٧- کۆمەلەی رێکخراوە کوردییەکان (١٩١٨-١٩٣٣) لەبەلگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فەرەنسادا. بەرگی یەکەم- وەرگێرانی بۆزمانی کوردی- د. نەجاتی عەبدوللا بنکەی ژین-سلیمانی-٢٠٠٧.

٣٨- کۆیە (١٩١٨-١٩٥٨) جمال فتح الله طیب- چاپی ٢- هەولێر-٢٠٠٨.

٣٩-مێژووی کۆیە- طاهر ئەحمەد حەوێزی- بەرگی دووەم- چاپخانەی نمیر- بەغدا- سالی ١٩٨٣.

٤٠-یاداشت- کوردستانی عیراق و شۆرشەکانی شێخ مەحمود-رەفیق حلمی- بەشی- (٢،١) بەغدا- ١٩٥٦.

٤١-چیم دی (شۆرشەکانی شێخ مەحمودی نەمر) ئەحمەد خواجە- دەزگای ئاراس- هەولێر چاپی ٢-٢٠١٣.

٤٢- کوردستان و چالاکی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان، لەساڵانی ئینتیدابی بەریتانیا (١٩٢٠-١٩٣٩) ئەحمەد باوەر- چاپی٢- هەولێر- ٢٠٠٨.

٤٣- ڕەواندوز- ئەحمەد حەمەد ئەمین- توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسیە (١٩١٨-١٩٣٩) چاپی٢- هەولێر-٢٠٠٨.

٤٤- خۆیبون- هیوا -ژ.ك- هیوا عەزیز سەعید- مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) سلیمانی/٢٠٠٦.

٤٥- ڕزگاری (دەنگی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان) ڕەهبەر سەید ئیبراهیم- بنکەی ژین- سلیمانی ٢٠١١.

٤٦- ڕێرەوی تێکۆشان- کەریم ئەحمەد- وەرگێرانی جەلال دەباغ- سلیمانی- ٢٠٠٦.

٤٧-١٦ ساڵ لەنێو یەکگرتووی ئیسلامی- عمر علی غفور- چاپی ١- هەولێر-٢٠٠٦.

٤٨- پێگەی پارتە سیاسییە ئیسلامیەکانی کوردستان- عیراق، لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن (١٩٩٢-٢٠٠٥) فەیسەل سلیمان محمد-سلیمانی-٢٠١٢.

٤٩-دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەد شاکەلی- ئامادەکردنی- هاشم عاصم کاکەیی- چاپی/٥ ساڵی/٢٠١٢.

٥٠-ناودارانی کورد- میر بەسری- وەرگێرانی عبدالخالق علاء الدین- چاپی ٢-هەولێر-٢٠٠٩.

٥١-مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەدین سوجادی- چاپی ٢ بەغداد-١٩٧١.

٥٢- لەچوار شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە-ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا- چاپی ١ هەولێر- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان- ساڵی ٢٠١١.

٥٣- ئارام و بزوتنەوەی شۆڕشگێری کورد- محمد عبدالکریم سۆلەین- چاپی ١ سلیمانی/٢٠٠٧.

٥٤-هەڵبــژاردەکان- شاســوار جــەلال- ئــەکادیمیای هۆشــیاری وپێگەیانــدنی کادیران- چاپی١ سلیمانی-٢٠١٢.

٥٥- شەهید سەرکردە علی هەژار- بررۆ عەلی هەژار- بەرگی یەکەم- ١٩٩٣- هەولێر.

٥٦-کاردۆ گەلاڵی- ئیسماعیل تەنیا- چاپی یەکەم- ١٩٩٧ هەولێر.

**دووەم: گۆڤارەکان**

١-گۆڤاری K21 ، سەرنووسـەرەکەی (ممتـاز حەیـدەری) لەهـەولێر دەردەچـێ، ژمارەکانی:

ژمارە ١ ساڵی ٢٠٠٨.

ژمارە ٣،٢ ساڵی ٢٠٠٨.

ژمارە ٤ ساڵی ٢٠٠٩.

ژمارە ٤ ساڵی ٢٠٠٩.

ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠٠٩.

ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٠.

ژمارە ١١ ساڵی ٢٠١٢.

ژمارە ١٣/١ ساڵی ٢٠١٢.

٢- گۆڤــاری مێــژوو، گۆڤــارێکی مێــژووی وەرزییــە- کۆمەڵــەی رۆشــنبیری مێـژوویی کوردسـتان دەری دەکـات، سەرنووسـەری د. محمـد عەبـدوڵڵا کاکـە سوور، لەشاری هەولێر.

ژمارە ١٤ ساڵی ٢٠١٠.

ژمارە ١٨ ساڵی ٢٠١١.

ژمارە ١٩ ساڵی ٢٠١١.

ژمارە ٢٨ ساڵی ٢٠١٣.

٣- گۆڤاری کەلتور، گۆڤارێکی وەرزییە، ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران لەسلێمانی دەریدەکات، سەرنووسەر فەرید ئەسەسەرد.

ژمارە -٨ کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢.

ژمارە ٩ نیسانی ساڵی ٢٠١٣.

٤- گۆڤاری کەوانە، رۆشنبیری سیاسی گشتی مانگانەیە، سەرنوسەری مەعتەسەم نجم الدين لەشاری سلیمانی.

ژمارە -١ی- تەموزی ٢٠١١.

٥- گۆڤاری سەنتەری برایەتی، سەرنووسەری فەرهاد عەونی- هەولێر.

ژمارە -١ی- سالی ١٩٩٧.

ژمارە -٢١ی- سالی ٢٠٠١.

٦-گۆڤاری رێبازی نوێ ژمارە (٤٧)ی حوزەیرانی سالی ٢٠٠٨- بەشی روناکبیری مەکتەبی رێکخستنی ی.ن.ك. لەسلیمانی.

٧-گۆڤاری- الرافد- العدد الثالث- حزيران ٢٠٠٨- مركز تنظيمات بغداد للاتحاد الوطني الكردستاني.

٨-گۆڤاری توێژینەوە- ژمارەی (٤)ت١/٢٠٠٥- هەولیر.

٩-گۆڤاری واتە ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١٣ دەزگای ئاراس- هەولێر.

**سێیەم رۆژ ژمێر:**

رۆژژمێری هاوسەر خاوەنەکەی/ هۆشیار قەفتان- چاپکراوی- بەغدا- ساڵانی ١٩٩٨-١٩٩٩-٢٠٠٠-٢٠٠٢-٢٠٠٤-٢٠٠٧.

**چوارەم چاوپێکەوتن:**

١- چاوپێکەتن لەگەڵ مامۆستا عوسمان دەشتی- هەولێر، لە ١٢/حوزیرانی/٢٠١٢.

٢- چاوپێکەتن لەگەڵ مامۆستا کاظم عمر دباغ- هەولێر لە ٢٠/ئەیلولی/٢٠١٣.
٣- چاوپێکەتن لەگەڵ مامۆستا نامق نانەکەلی- هەولێر، لە ٣٠/تشرینی دووەمی/٢٠١٣.
٤- چاوپێکەتن لەگەڵ کاك هیوا سید سلیم- هەولێر، لە ٢٠/تشرینی دووەمی/٢٠١٣.
٥- چاوپێکەتن لەگەڵ کوری خوالێخۆشبوو شێروان شێروەندی لەرۆژی ٢، تشرینی دووەم/٢٠١٣.

پێنجەم: بەڵگەنامەکان
١- حزبی شیوعی کوردستان- پەیرەو پرۆگرامی حزب، کۆنگرەی پێنجەم-٢٠١٢.
٢- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان- پەیرەوی ناوخۆ- کۆنگرەی دووەم-٢٠١٠.
٣- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان- پرۆگرامی پەیرەوی ناوخۆ- کۆنگرەی سێیەم-٢٠١٠.
٤- یەکێتی نیشتمانی کوردستان-پرۆگرامی پەیرەوی ناوخۆ- پەسندکراوی گۆنگرەکانی یەکەم،دووەم-سێیەم.
٥- پارتی دیموکراتی کوردستان- پرۆگرامی پەیرەوی ناوخۆ- کۆنگرە سێزدە/٢٠١٠.
٦- یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان- پەیرەوی ناوخۆ- ساڵی ١٩٨٢.
٧- کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان- پەیرەوی ناوخۆ-١٩٨٠.
٨- بزوتنەوە سۆسیالیستی کوردستان-پرۆژەی پرۆگرام-١٩٧٨.

٩- الحزب الشيعي العراقي- وثائق المؤتمر الوطني الخامس- تشرين الاول/١٩٩٣.

**شەشەم: رۆژنامەکان:**

١- رۆژنامەی خەبات- پارتی دیموکراتی کوردستان- ژمارە (٤٣٦٠) لە ١٠/تەموز/٢٠١٣

٢- رۆژنامەی خەبات- پارتی دیموکراتی کوردستان- ژمارە (٢٦٣) لە ١٤/تەموز /١٩٦٠.

٣- رۆژنامەی خەبات- النضال- مجلد- لسنوات (١٩٥٩-١٩٦١).

٤- رۆژنامەی هەولێر- ژمارە (١٧٧٥) لە ١٦/ت٢/٢٠١٣- هەولێر

٥- رۆژنامەی چاودێر- پاشکۆ- روانگەورەختە- ژمارە (١٦٧) لە ٢/ئەیلول/٢٠١٣.

٦-رۆژنامەی هەواڵ- ژمارە (٥١٣) لە ١٦/ئازاری/٢٠١٣ کەرکوك.

٧- رۆژنامەی کوردستانی نوێ- ژمارە (٥٢٠٦) لە ١٧/ حوزیرانی/٢٠١٠- سلیمانی.

٨- حەفتەنامەی (بەدرخان) ژمارە (١٢٣) لە ٨ی ئابی/٢٠٠٩ – هەولێر.

حەوتەم: سیاسەتەکان:

١- سایتی ویکیپیدیا- الموسوعة الحرة.

٢- سایتی www.albasrah-net

٣- سایتی – الحقول- http: llwww.alhoukoul.com

## بەشێك لە بەرهەمەكانی نووسەر

**یەكەم: نووسین**

* فەرهەنگی كادیر 2004
* رۆشنبیری و رۆشنبیری حزبایەتی 2005
* رامان لە ئایدۆلۆژیاكان 2009
* حزبی سیاسی و تیۆری رێكخستن 2010
* سەركردایەتی لەنێوان تیۆر و پراكتیكدا 2010
* ناسیۆنالیزم و سیاسەت 2012
* حزب و رێكخراوە سیاسییە عێراقییەكان 2012
* حزب و رێكخراوە ماركسییەكان لە جیهانی عەرەبیدا 2013
* پانۆرامای بەهاری عەرەب 2013

**دووەم: وەرگێڕان**

* بەكارهێنانی دەسەلات لە جیهانی عەرەبیدا 2005
* بەڕێوەبردنی كۆبوونەوەكان 2007
* بەڕێوەبردنی گۆڕانكاری 2008
* بەرەنگارییەكان و ئامادەكردنی سەركردایەتییەكانی ئاینده 2008
* پارتە سیاسییەكان و چاكسازی 2009
* گۆڕانی كۆمەلایەتی و رۆشنبیری 2011
* حزبە سیاسییەكان لە نیشتمانی عەرەبیدا 2012

چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین